حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلیجی زمان

# فەزاسازیی لە ڕۆمانی کوردیدا

## کرمانجی خواروو (٢٠٠٥-٢٠١٠)

نامەیەکە

**پەخشان عەلی ئەحمەد**

پێشکەشی کۆلیجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی
بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت:

**پ.ی.د.تاهیر محەمەد عەلی**

(٢٧٢٠)ی کوردیی (٢٠٢٠)ی زایینی

ئەم تێزە بە ناونیشانی (**فەزاسازیی لە ڕۆمانی کوردیدا، کرمانجی خواروو ٢٠٠٥-٢٠١٠**)، لەلایەن خوێندکار (**پەخشان عەلی ئەحمەد**)ەوە بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

**ناو: پ.ی.د. تاهیر محەمەد عەلی**

**ڕۆژ:    /    /٢٠٢٠**

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**ناو: پ.ی.د. کاروان عومەر قادر**

**سەرۆکی بەشی کوردی**

**ڕۆژ:    /    /٢٠٢٠**

## پێشکەشە بە.............

گیانی پاکی میهرەبانترین دایکی دونیا، دایکی هەمیشە لە یادم، کە بۆ خۆی نەژیا، بەڵکو لە پێناوی خۆشی منداڵەکانیدا ژیا.

## سوپاس و پێزانین بۆ:

- بەڕێـــز (پ.ی.د. تـــاهیر مـــحەمەد عەلـــی)، کە بە دڵســـۆزیی و لێبووردەییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ.
- ســـەرۆکایەتی زانکـــۆی ســـلێمانی و ڕاگرایەتـــی کـــۆلیجی زمـــان و سەرۆکایەتی بەشی کوردی بەتایبەتی بەڕێز (پ.ی.د. کاروان عـومەر قادر) سەرۆکی بەشی کوردی.
- هاوسەر و هاوڕێم (پ.د.مـحەمەد تاتـانی)، منـداڵەکانم (بـاران، بینـا، ئاڤار) دڵنیـام گەر سـۆز و خۆشەویسـتی و هانـدانی ئەوان نەبـووایە نەمدەتوانی بەردەوام بم.
- کارمەندانی کتێبخانەی کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت، کە هەمیشە لە پێدانی سەرچاوە هاوکارم بوون.
- هەردوو بەڕێزان (پ.د. نزار شوکر) و (م.تاژان عمر)، کە ماندووبوون بە وەرگێڕانـی پـوختەی لێکـۆڵینەوەکە بـۆ سـەر زمـانی عەرەبـی و ئینگلیزی.
- هەموو ئەوانەی تەنانەت بە وشەیەکیش هاوکارم بوون.

# پێڕست


| ژ.لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١- ٣ | پێشەکی |
| ٤ - ٥٦ | **بەشی یەکەم: سەرەتایەک سەبارەت بە فەزای رۆمان.** |
| ٤ | **- زاراوەو چەمکی فەزا.** |
| ٤ | - زاراوەی فەزا. |
| ٦ | **- چەمکی فەلسەفی و هزریی فەزا.** |
| ٦ | - چەمکی فەزا لای میلینیەکان. |
| ٩ | - چەمکی فەزا لای فیساگۆرییەکان. |
| ١٣ | - چەمکی فەزا لای ئەفلاتون و ئەرستۆ. |
| ١٥ | - چەمکی فەزا لە سەدەی شانزەو دواتردا. |
| ١٩ | **- چەمکی فەزا لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکاندا.** |
| ٢٨ | - چەمکی فەزا لە رۆماندا. |
| ٣١ | **- تەکنیکی کات و شوێن لەگەڵ تەکنیکی فەزای ڕۆمان.** |
| ٣١ | هاوسەنگی نێوان کات و فەزا. |
| ٤٢ | جیاکاری لەنێوان فەزاو شوێن و پانتاییدا. |
| ٥٧ - ١١٧ | **بەشی دووەم: فەزا وەک هاوتای شوێن، یان فەزای جوگرافی لە رۆمانی کوردیدا.** |
| ٥٧ | **- فەزا وەک هاوتای شوێن، یان فەزای جوگرافی.** |
| ٦٠ | **- فەزای گێڕانەوەیی لە نێوان دژەکاندا.** |

| | |
|---|---|
| - فەزای (وەستاو/جوڵاو). | ٧٦ |
| - فەزای (باو/ نامۆ). | ٨٤ |
| - فەزای (کراوە/ داخراو). | ٩٧ |
| - فەزای (ئاوەدان/خامۆش). | ١١٠ |
| **بەشی سێیەم: فەزای دەق لە ڕۆمانی کوردیدا.** | ١١٨ - ١٦٤ |
| **- فەزای دەق.** | ١١٨ |
| **- فەزای چاپ.** | ١٢١ |
| - بەرگ | ١٢١ |
| - ناونیشان | ١٣١ |
| - دابەشکردن و ڕێکخستنی بەشەکان | ١٤٢ |
| - پێشەکی | ١٤٨ |
| - پێشکەش | ١٤٩ |
| **- فەزای نوسین** | ١٥١ |
| - جۆری نوسین (ستونی و ئاسۆیی) | ١٥١ |
| - نوسینی ستونی | ١٥١ |
| - نوسینی ئاسۆیی | ١٥٥ |
| - دابەشکردنی سپێتی و ڕەشێتی سەر لاپەڕە. | ١٥٩ |
| **بەشی چوارەم: فەزای بینین لە ڕۆمانی کوردیدا.** | ١٦٥ - ٢٠١ |
| **- فەزای بینین.** | ١٦٥ |
| **- پەیوەندی نێوان وەگێڕ و بینین.** | ١٦٦ |
| **- جۆرەکانی فەزای بینین.** | ١٧٠ |
| - فەزای بینینی هاوتای شتەکان. | ١٧٢ |
| - فەزای بینینی نزیک لە شتەکان. | ١٨١ |
| - فەزای بینینی دوور لە شتەکان. | ١٩٣ |

| | |
|---|---|
| ئەنجامەکان | ٢٠٢ |
| پاشکۆ | ٢٠٥ |
| سەرچاوەکان | ٢٠٨ |
| خلاصة البحث | ٢١٨ |
| ABSTRACT | ٢١٩ |
| | |

# پێشەکی

## ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

فەزا یەکێکە لەو پایە سەرەکییانەی ڕۆمانی لەسەر بنیاتدەنرێت و گرنگییەکەشی بە رادەیەکە، کە قورسایی ڕۆمانەکە هەڵدەگرێت، چونکە فەزا دەمانخاتە ناوکەشی ڕۆمان و وامان لێدەکات بە تامەزرۆییەوە دوای ڕووداوەکان و سروشت و میزاجی کارەکتەرەکانی ڕۆمان و چارەنوسیان بکەوین و پێشبینیی کۆتاییەکان بکەین، هەروەها هەست بە جوانیی گێڕانەوەکەش بکەین، لەبەر هەموو ئەمانە، (فەزا)مان کرد بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان بە ناونیشانی (فەزاسازیی لە ڕۆمانی کوردیدا - کرمانجی خواروو "٢٠٠٥-٢٠١٠").

## سنوور و بواری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکە ڕۆمانی کوردی لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠١٠) دەگرێتەوە، بەڵام لەبەر زۆری ڕۆمانەکان، وەک لە پاشکۆدا ئاماژەمان بە زۆربەیان داوە، بۆ هەر ساڵێک ڕۆمانێکمان هەڵبژاردووە، لەبەرئەوەی نووسەری ڕۆمانەکان و ڕووداوی ناو ڕۆمانەکان جیاوازن، ئەمەش وایکردووە کەش و فەزای ڕۆمانەکان جیاواز بێت، هەر بۆیە ئەوانەی هەڵمان بژاردووە زیاتر گونجاون بۆ ئەوەی لە ڕووی فەزاوە کاریان لەسەر بکرێت، ڕۆمانەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

١. ژن، ڕێواس ئەحمەد، ٢٠٠٥.
٢. سنورداشێک لە بیابان، سەدرەدین محێدین کەلۆڕیی، ٢٠٠٦.
٣. گرەوی بەختی هەڵاڵە، دواڕۆژەکانی ژیانی باڵندەیەکی کۆچەر، عەتا نەهایی، ٢٠٠٧.
٤. گۆڕە درەوشاوەکان، حسام بەرزنجی، ٢٠٠٨.
٥. ساباتێک لە مێژەڵۆک، محمد رشید فەتاح، ٢٠٠٩.
٦. جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، بەختیار عەلی، ٢٠١٠.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لەبەرئەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، پێشتر لێکۆڵەران زیاتر روویان کردبووە گرنگیدان و تەرکیزکردنە سەر ڕەگەزەکانی تری وەک ڕەهەندە ئایدۆلۆژییەکانی دەقی ڕۆمان و کات و شوێن و کارەکتەر و گفتوگۆ و ڕووداو و ...هتد، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوە زانستیانەی، کە پەیوەستن بە فەزا زۆر زۆر کەمن و تەنانەت هیچ نامەیەکی ماستەر یان تێزێکی دکتۆرا لەسەر ئەم بابەتە نەنوسراوە، هەرچەندە فەزا وەک چەمکێک کەم بایەختر نییە لە پێکهێنەرەکانی تری دەق (کات، شوێن، ڕووداو، کارەکتەر،

دیالۆگ،...هتد)، بـۆیە بەباشمان زانی، کە بابەتێکی لەم شێوەیە هەڵبژێرین و لێی بکۆڵینەوە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت کەلێنێک لە کتێبخانەی ئەدەبی کوردی پڕ بکەینەوەو خوێنەری کوردی پێ ئاشنا بکەین. هیوادارین هەنگاوێکمان هەڵێنابێت بۆ ئەوەی لێکۆڵەرانی دوای ئێمە کەم و کوڕیەکانی ئێمە پڕبکەنەوەو زیاتر لەسەری بنوسن، ئەوەی ئێمە بۆمان نەکرا ئەوان تەواوی بکەن.

### گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوە لە فەزای ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا بابەتێکی تازەیەو زۆر بە کەمی ئاوڕی لێدراوەتەوە، بۆیە گرفتی سەرەکیمان بە دەگمەن دەستکەوتنی سەرچاوەی کوردی بوو، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی، کە کاتێکی زۆر تەرخان بکەین بۆ وەرگێڕانی دەقەکان لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزییەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەوڵی ئەوەمان داوە، کە ئەم بۆچوونە لە لای خوێنەر بڕەوێنینەوە، کە فەزا جیاوازە لە شوێن و تایبەتمەندی تابیەت بە خۆی هەیە، ئەمەش گرفتێکی دیاری کارکردنمان بوو، هەروەها گرفتێکی تری لێکۆڵینەوەکەمان هەڵبژاردنی چەند ڕۆمانێک بوو لە کۆی ئەو ژمارە زۆرەی، کە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥- ٢٠١٠)دا چاپکرابوون، وەک لە لیستی پاشکۆدا ئاماژەیان پێکراوە.

### ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لە لێکۆڵینەوەکەماندا سودمان لە ڕیبازی وەسفی - شیکاریی وەرگرتووە، بۆ خستنەڕووی لایەنی تیۆرییەکە سوودمان لە ڕێبازی وەسفی وەرگرتووە، بۆ لایەنی پراکتیکیش سوودمان لە ڕێبازی شیکاریی وەرگرتووە بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی دەقەکان.

### بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە چوار بەش پێک دێت. لە بەشی یەکەمدا، کە بەشێکی تیۆرییە و بە ناونیشانی (سەرەتایەک سەبارەت بە فەزای ڕۆمان)ە، لەم بابەتانە دواوین: زاراوەی فەزا، چەمکی فەلسەفی فەزا لای میلینیەکان تا دەگاتە سەدەی شانزەهەم و دواتریش، چەمکی فەزا لە ڕۆماندا، پاشان باسمان لە هاوسەنگی نێوان کات و فەزا کردووەو دواتریش ئەو جیاکارییانەمان باس کردووە، کە لە نێوان فەزا و شوێن و پانتاییدا هەیە.

بەشی دووەم، کە بەشێکی پراکتیکییە و بە ناونیشانی(فەزا وەک هاوتای شوێن، یان فەزای جوگرافی لە ڕۆمانی کوردیدا)یە، دوای باسکردنی فەزا وەک هاوتای شوێن یان فەزای جوگرافی،

باسمان لە چەند جۆرێک لە فەزای گێڕانەوەیی لە نێوان دژەکان کردووە، وەک: فەزای وەستاو و جوڵاو، فەزای باو و نامۆ، فەزای کراوە و داخراو، لەگەڵ فەزای ئاوەدان و خامۆش، بە نموونەی ئەو ڕۆمانانەی، کە کارمان لەسەر کردوون.

لە بەشی سێیەمیشدا، کە بەشێکی پراکتیکییە، بە ناونیشانی (فەزای دەق لە ڕۆمانی کوردیدا)یە، لە سەرەتای ئەم بەشەدا لە فەزای دەق دواوین، دواتر باسمان لەو دوو جۆرە فەزایە کردووە، کە فەزای دەق پێک دەهێنن، ئەوانیش بریتین لە: فەزای چاپ و فەزای نوسین. لە فەزای چاپدا لەم بابەتانە دواوین: (بەرگ، ناونیشان، دابەشکردن و ڕێکخستنی بەشەکان، پێشەکی و پێشکەش)، لە فەزای نوسینیشدا لەمانە دواوین: جۆری نووسین، کە نوسینی ستونی و ئاسۆییە دەگرێتەوە، لەگەڵ دابەشکردنی سپێتی و ڕەشێتی سەر لاپەڕەکە، پاشان پراکتیزەمان کردووە بەسەر ئەو ڕۆمانانەی، کە وەک نموونە وەرمانگرتوون.

بەشی چوارەمیش، کە بەشێکی پراکتیکییە بە ناونیشانی (فەزای بینین لە ڕۆمانی کوردیدا)یە، تێیدا باسمان لە فەزای بینین کردووە، دواتر لە پەیوەندی نێوان وەگێڕ و بینین دواوین، هەروەها لە کۆتاییدا لە جۆرەکانی فەزای بینین دواوین، کە بریتین لە: فەزای بینینی هاوتای شتەکان، فەزای بینینی نزیک لە شتەکان، فەزای بینینی دوور لە شتەکان، ئەویش بە پشتبەستن بە نموونەی ئەو ڕۆمانانەی، کە کارمان لەسەر کردوون.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان خستۆتە ڕوو، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێی گەیشتووین، لەگەڵ ریزبەندکردنی ئەو سەرچاوانەی، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودمان لێوەرگرتوون.

# بەشی یەکەم

## سەرەتایەک سەبارەت بە فەزای ڕۆمان

### ـ زاراوەو چەمکی فەزا.

### ـ زاراوەی فەزا:

هەر زاراوەیەک ڕووبەرێکی دیاریکراو دەگرێت، لە ناو ئەو بوارەی بۆی دادەنرێت، (فەزا)ش یەکێکە لەو زاراوانەی، کە لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبیدا هاتوەتە ناو زمانی کوردیەوەو لە وشەی (فضاء)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. ئەگەر سەیری فەرهەنگە عەرەبیەکان بکەین وشەی (فضاء) لەڕوانگەی فەرهەنگنوسەکانەوە کۆمەڵێک واتای هەیە، ئەمەش پەیوەندی بە بینین و تێڕوانیانەوە هەیە بۆ وشەکە، واتە هەریەکەیان لە روانگەی تایبەتی خۆیەوە لێکی داوەتەوە. (فەیروز ئەبادی) لە فەرهەنگی (المحیط)دا وشەی فەزای بە واتای: فراوانی زەوی، یان مەودای گۆڕەپان یان پانتاییەکی زەویی لێکداوەتەوە[1]، بەڵام لە (معجم المقاییس في اللغة)دا زاراوەی فەزا دەلالەت لە فراوانی لە شتێک یان فراوانی لە فەزایەکدا دەکات: شوێنێکی فراوان، لەمەوە فەزا بریتییە لە شوێنێکی فراوان...[2]، لای رازیش لە (مختار الصحاح)دا فەزا بە مانای "گۆڕەپان یان پانتاییەک لە زەوی هاتووە"[3].

ئەمانە هەندێک لە واتاکانی فەزان لە زمانی عەرەبی و فەرهەنگە عەرەبییەکانداو لە ڕێگەیانەوە ئەوە دەردەکەوێت واتای سەرەکیی فەزا بریتییە لە: شوینێکی فراوان لە زەویدا، بەڵام گرنگە ئەوە لامان روون بێت کە وشەی فەزا زۆر واتای هەیە، جگە لەوەی سیفەتی فراوانی و ئیستیوایی دەگەیەنێت، (ابن منظور) سیفەتی سێهەمی بۆ زیاد دەکات، کە بریتییە لە بۆشایی و بەتاڵی، وەک دەڵێت: "فەزایەکی فراوانی بەتاڵ لە زەوی"[4]. بیابانیش ـ بە هۆی فراوانی و بەتاڵی و ئیستیوابوونی ـ ئەم ناوەی هەیە، (ابن منظور)یش ئەمە پشتراست دەکاتەوەو دەڵێت: "بیابانیش فەزایە"[5]، هەموو ئەمانە لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا واتای فەزان وەک وشەیەک، بەڵام لە رووی

---

(١) بڕوانە: الفیروز آبادي، القاموس المحیط، ط٢، دار الکتب العلمیة، بیروت، ٢٠٠٧، ص١٣٢٧.

(٢) بڕوانە: احمد بن فارس بن زکریا، معجم مقاییس اللغة، تحقیق: د.عبدالسلام هارون، المجلد٤، ط١، دار الجیل، بیروت، ١٩٩١، ص٥٠٨.

(٣) محمد بن أبي بکر الرازي، مختار الصحاح، ضبط: مصطفی دیب، ط٤، دار الهدی، بیروت،١٩٩٠، ص٣٢٣.

(٤) ابن منظور، لسان عرب، ط١، ج١٥، دار صادر، بیروت،١٩٩٧، ص١٥٧.

(٥) سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

زاراوەییەوە یەکێکە لە زاراوە رەخنەییەکان، کە لەم دواییانەدا چووەتە ناو جیهانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە ئەدەبییەکانەوەو لە هەندێک هونەری ئەدەبیدا بووەتە ڕەگەزێکی حەتمی، بۆیە ناتوانرێت لە کاتی لێکۆڵینەوە لە شانۆ و بەرهەمی گێڕانەوەئامێزدا پشتگوێ بخرێت، بوونی ئەم ڕەگەزەو پەیوەندیی بە هونەرێتیی ئەدەبەوە مایەی سەرسوڕمان نییە، چونکە ڕەگەزێکی ئیستاتیکییە لە پێکهاتەی بەرهەمی ئەدەبیدا، کە مۆرکی خۆی بە کارەکتەر و بوونەوەرەکانەوە دەلکێنێت.

لە فەرهەنگە رۆژئاواییەکانیشدا ئەو وشەیەی بەرامبەر (فەزا)یە بریتییە لە (Espace) یان (Space)، ئەم وشەیە بووەتە زاراوەیەک لە زاراوە رەخنەییە هاوچەرخەکان، ئەم وشەیە (Space) لە وشەی (spatium)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بە مانای مەودا یان درێژی هاتووە(١)، لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Space) وەک هاوواتای فەزا بەکار دێت، بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بریتییە لە: "بۆشایی یان پانتاییەکی بەکارنەهاتوو لەنێوان دوو شت یان زیاتردا، یاخود لە نێوان دوو خاڵ یان زیاتردا"(٢)، بەڵام لە فەرهەنگی لاروس (Larousse)دا هاتووە: مەبەست لە (Espace) درێژبوونەیەکی ناڕوون (مبهم)ەو هەموو شتێک دەگرێتەوەو دەوری دەدات(٣). لە فەرهەنگە رۆژئاواییەکاندا سەرەڕای جیاوازییان لە واتای فەزا لە هەندێک وردەکاریدا، بەڵام هەموویان لەوەدا هاوڕان کە (فەزا) وەک زاراوەیەک دەلالەت و سیمایەکی هەیە، کە زۆر دوور نییە لە فەرهەنگە عەرەبییەکانەوە، لەوانە: درێژبوونەوە، بەتاڵی، فراوانی و ...هتد.

هەندێک لە رەخنەگرە عەرەبەکان وشەی (الفضاء) رەتدەکەنەوەو ناوێکی تری بۆ دادەنێن، وەک (عبد الملک مرتاض) کردوویەتی و زاراوەیەکی تری بەکارهێناوە، کە بریتییە لە پانتایی (الحیز)، چونکە لە روانگەی تایبەتی خۆیەوە وای بۆ دەچێت چەمکی یەکەم بەراورد بە پانتایی (الحیز) کەم و کورتە، چونکە پێویستە فەزا واتاکەی بەناو بەتاڵیی و بۆشاییدا رۆبچێت، بەڵام پانتایی (الحیز) لای ئێمە (مەبەستی عەرەبە) واتاکەی بەرەو تۆبۆگرافیا و کێش و قورسایی و قەبارەو شێوە دەچێت، لە کاتێکدا ئەو شوێنەی ئێمە دەمانەوێت لە بەرهەمی ڕۆماندا لەسەری بوەستین و بەدواداچوونی بۆ بکەین تەنها لەسەر چەمکی پانتایی (الحیز)ی جوگرافی دامەزراوە(٤).

هـــەروەها (مـــاری ئیلیاس و حەنان قەساب حسێن) لـــە فـــەرهەنگە شانۆییەکەیاندا (مفاهیم ومصطلحات المسرح وفنون العرض) بەم جۆرە ناساندوویانە: "وشەی espace ی فەرەنسی و space ی ئینگلیزی لە وشەی spatium ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای مەودا و درێژبوونەوەی

---

(١) بڕوانە: www.etymonline.com

(2) John Andrew Simpson, The Oxford English dictionary, Clarendon press, edition 2, 2008, p1137.

(٣) بڕوانە: Larousse,VVE, France, 2001,p: 155

(٤) بڕوانە: عبدالملك مرتاض، في نظرية الرواية، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، ١٩٩٨، ص١٤١.

بێسنوور دێت، هەروەها بە واتای بۆشاییەکی جیاکەرەوە بە چەمکە شوێنی و زەمەنییەکەی وشەکە دێت، لە زمانی عەرەبیدا ئەم وشەیە بە فەزا (الفضاء)، یان بۆشایی (الفراغ) یان بوار (المجال) یان پانتایی (الحیز) وەردەگێڕرێت"[1]. کەچی لە (المعجم الفلسفي)دا پەیوەست دەکرێت بە گەردون و بە بەشێک لێی دادەنرێت "فەزا بەشێکە لە گەردوون، کە لە دەرەوەی کایەی ئێمەدایە، کە تیایدا چڕیی جۆرەکان زۆر کەمترە بەراورد بە سەر زەوی"[2].

## ـ چەمکی فەلسەفی و هزریی فەزا.

فەزا ئەو جیهانە فراوانەیە کە تیایدا بوونەوەرەکان و شتەکان و کردارەکان ڕێک دەخرێن، مرۆڤ چەند لەگەڵ کاتدا کارلێک بکات ئەوەندەش لەگەڵ فەزادا کارلێک دەکات، تەنانەت دەتوانین بڵێین: مێژووی مرۆڤ لە بنەمادا بریتییە لە کارلێکەکانی لەگەڵ فەزادا. فەزا دەچێتە ناو ژیانی مرۆڤەوەو لە هەر شوێنێکدا بێت هەست بە بوونی فەزا دەکات و دەوری دەدات، ڕوو لە هەر کوێیەک بکات سێبەری فەزای هەر بەسەرەوەیە، فەزا لەناو مرۆڤ و لەگەڵ مرۆڤدا دەژی، لەم گەردوونەدا هیچ شتێک لە فەزا دابڕاو نییەو لێی ڕزگار نەبووە ، هیچ بوونەوەرێکیش نییە فەزا لە خۆی نەگرتبێت و دەوری نەدابێت، لەوانەیە هەر ئەمەش وای لە حەسەن نەجمی کردبێت ئەو دەربڕینەی (گابریل گارسیا) بخوازێت کە دەڵێت: "مرۆڤ نەک دابڕاو نییە لە فەزاکەی، بەڵکو خودی فەزایە"[3]. لەبەرئەوەی فەزا پەیوەندییەکی بنچینەیی هەیە بە فەلسەفەوە، بۆیە لێرەدا ڕاوبۆچوونی کۆمەڵێک فەیلەسوف لەو بارەوە وەردەگرین، سەرەتاش لە فەیلەسوفەکانی قوتابخانەی میلینیەکانەوە دەست پێدەکەین:

## ـ چەمکی فەزا لای میلینیەکان.

سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە لە فەزای ڕۆمان بۆ مشتومڕە فەلسەفیەکانی نێوان ئەغریقی و ڕۆمانیەکان بەتایبەتی بۆ میلینی (ئایۆنی) و فیساگۆرسیەکان دەربارەی چییەتی فەزاو کات دەگەڕێتەوە. لە هەموو کتێبەکانی فەلسەفەدا نووسراوە فەلسەفە بە (تالیس) دەست پێدەکات، تالیس (٦٢٤-٥٥٠ پ.ز.) یەکەم فەیلەسوف بووە، کە پڕاکتیک و لێکۆڵینەوەی قوڵی سروشتی پێکەوە گرێداوە

(١) ماري إلياس، حنان قصاب حسين، المعجم المسرحي "مفاهيم ومصطلحات المسرح وفنون العرض"، ط١، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت، لبنان، ١٩٩٧، ص٣٣٧-٣٣٨.

(٢) جميل صليبا، المعجم الفلسفي، ط٣، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٧٣، ص٤١٢.

(٣) حسن نجمي، شعرية الفضاء "المتخيل والهوية في الرواية العربية"، ط١، المركز الثقافي العربي، بيروت،٢٠٠٠، ص٤٠.

له بازرگانییه‌که‌یدا زۆر زانیاری کۆکردۆته‌وه‌، که‌ڵکی له‌ زانستی بابلی و میسرییه‌کان وه‌رگرتووه‌، به‌ڵام خۆی دوای پێشبینییه‌که‌ی له‌ ڕۆژگیرانه‌که‌ی ٢٨ی ئایاری ساڵی ٥٨٥ پ.ز دا ناوبانگی ده‌رکردوه‌.

بۆچوون و باری سه‌رنجی زیاتر مه‌تریالیستانه بووه‌، ڕای وا بووه‌ هه‌موو شت له‌ مه‌تریالێکی شێداره‌وه‌، یاخود له‌ ئاوه‌وه‌ په‌یدابووه‌، گه‌یشته‌ ئه‌و بڕوایه‌ی، که‌ ئاو ماده‌ی سه‌ره‌کییه‌ له‌ گه‌ردوون، به‌هۆی ئه‌وه‌ی ماده‌یه‌کی هه‌ستپێکراو و به‌رجه‌سته‌یه‌، بۆیه‌ به‌ بناغه‌ی دروستبونی گه‌ردونی داده‌نێت، چونکه‌ به‌شێکی زه‌وی ئاوه‌،  هه‌روه‌ها له‌ جه‌سته‌ی مرۆڤ، گیانله‌به‌ر، ڕووه‌ک و له‌ قوڵایی ده‌ریادا هه‌یه‌. جگه‌ له‌وه‌ (تالیس) له‌سه‌ر ئه‌و بنه‌مایه‌ ئاوی به‌ ماده‌ی بنه‌ڕه‌تی هه‌موو شته‌کان داناوه‌، چونکه‌ له‌و باوه‌ڕه‌دا بوو ئاو کاتێک ببێت به‌ هه‌ڵم ده‌بێته‌ هه‌واو کاتێک خه‌ست ببێته‌وه‌ ده‌بێته‌ به‌ردو خاک واته‌ ده‌چێته‌ دۆخی ڕه‌قییه‌وه‌، ئه‌و له‌و باوه‌ڕه‌دا بوو که‌ ژیان له‌شێ دروست ده‌بێت، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌م هۆیانه‌ (تالیس) ئاو به‌ دامه‌زرێنه‌ری فه‌زای هه‌ستپێکراو داده‌نێت، که‌واته‌ به‌ لای (تالیس)ه‌وه‌ "ئاو، یان شێ بریتییه‌ له‌ ژیان، نه‌بوونیشی بریتییه‌ له‌ مردن"[١].

ئانکسیمانده‌رس (٦١٠- ٥٤٧ پ.ز.)، که‌ خوێندکاری (تالیس) بووه‌، دژی بۆچونه‌که‌ی (تالیس) بووه‌، که‌ ئاوی به‌ بناغه‌ی دروستبوونی گه‌ردوون داناوه‌، ئه‌م بۆچوونێکی تری هه‌بووه‌ بۆ فه‌زا به‌وه‌ی بێ کۆتایی و بێ سنووره‌، هه‌روه‌ها نه‌خشه‌ی جیهانی کێشاوه‌، که‌ ئه‌مه‌ش مانای گرنگیدانی به‌ فه‌زا ده‌گه‌یه‌نێت. هه‌ستپێکراوی (تالیس)ی بۆ فه‌زا ره‌تکرده‌وه‌و به‌رامبه‌ر به‌مه‌ به‌ هه‌ستپێنه‌کراو ناوی ده‌برد، ده‌یووت: مه‌تریال سنووری بۆ نییه‌، لای وابوو له‌ دروستبوونی گێتیدا، له‌ پێشدا هه‌وا و ئاو ئینجا ئه‌ستێره‌و وشکانی دروست بووه‌، به‌ بۆچوونی ئه‌و، که‌ ئاژه‌ڵ دروست بووه‌ پێستی دڕکاوی هه‌بووه‌، که‌ هاته‌ سه‌ر وشکانی ئه‌و پێسته‌ی فڕێ داوه‌، سه‌ره‌تا مرۆڤ له‌ ناو سکی ماسیدا ژیاوه‌، که‌ گه‌وره‌ ده‌بوون ئینجا ده‌هاتنه‌ ده‌ره‌وه‌ بۆ سه‌ر وشکانی و ئه‌وسا شێوه‌و ڕوخساریان ده‌گۆڕا، لای وابوو هه‌وا سه‌رچاوه‌ی ژیان و دیارده‌ ده‌روونیه‌کانه‌[٢]، به‌مه‌ش ناکۆکی که‌وته‌ نێوان مامۆستا و خوێندکاره‌که‌ی و کاریگه‌ریی له‌سه‌ر فه‌یله‌سوفه‌کانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ دروست کردووه‌.

(ئانکسیمانده‌رس) بۆ سه‌لماندنی ئه‌وه‌ی، که‌ هه‌وێن و بنچینه‌ی هه‌موو مادده‌کان ئاو نییه‌، ده‌یگووت: ئه‌گه‌ر یه‌کێک له‌م هه‌وێنانه‌ هه‌وێنێکی بنچینه‌یی و سه‌ره‌کی بێت، ئه‌وا هه‌وێنه‌کانی تر داگیر ده‌کات، بۆیه‌ ئه‌م هه‌وێنه‌ ئاشکرایانه‌ دژ به‌ یه‌کن: هه‌وا سارده‌و ئاویش شێداره‌و ئاگریش گه‌رمه‌، که‌واته‌ ئه‌گه‌ر یه‌کێک له‌مانه‌ بێسنوور بوایه‌ تا ئێستا ئه‌وانی تری له‌خۆ گرتبوو. هه‌روه‌ها وای ده‌بینی ئاو گونجاو نییه‌ بۆ ئه‌وه‌ی ببێته‌ بنه‌مای یه‌که‌م، چونکه‌  ئه‌سته‌مه‌  بێگیان (سارد) بگۆڕێت بۆ شل به‌

(١) أحمد أمين، زكي نجيب محمود، قصة الفلسفة اليونانية، ط٢، مطبعة دارالكتب المصرية، القاهرة ،١٩٣٥، ص٢٢.

(٢) بڕوانه‌: حسين حرب، الفكر اليوناني قبل الافلاطون، سلسلة الفكر اليوناني، دارالفارابي، بيروت، ١٩٧٩، ص٢٨.

گەرمی، "گەرم و سارد" پێش ئەون، هەروەها ناکرێت بنەمای یەکەم دیاریکراو بێت، ئەگەر واش تێنەگەین کە شتە جیاوازەکان لەوەوە پێک هاتوون، ئەو "مادەی یەکەمی بە ناکۆتا ناونا، وتی بە دوو واتا ناکۆتایە: لە ڕووی چۆنیەتییەوە، واتە دیاریکراو نییە، لە ڕووی چەندێتیشەوە، واتە بێ سنورە"[(١)]، کەواتە بەلای ئەم فەیلەسوفانەوە فەزا بێ سنورە، نە سەرەتای هەیە و نەکۆتایی.

ئانکسیمینس (٥٨٨ ـ ٥٢٤ پ.ز.) دوایین فەیلەسوفە لە سێ فەیلەسوفەکەی مەڵتیا، ئەمیش وەک (تالیس) وای دەبینی بنەمای یەکەم، کە شتەکان لێوەی دەرچوون، دەبێت بنەمایەکی دیاریکراو بێت و شێوەیەکی دیاریکراویشی هەبێت، ئەم بنەمایەش بریتییە لە هەوا، بە بۆچونی ئەم دەبێت ئاو فۆرمێکی چڕکراوەی هەوا بێت کاتێکیش ئاو زیاتر چڕ دەبێتەوە ئەوا دەبێتە خاک، هـەرچی ئاگریشە ئەوا دۆخێکی روونکراوەی هەوایە، بە واتا بـەلای (ئانکسیمینس)ەوە ئاو و ئاگر و خاک لە هەواوە دروست دەبن، ئەو پێی وابوو ڕۆح هەوایە، ئاگریش هەوایە و خەست بۆتەوە. لەوانەیە ئەوەی وای لێ کردبێت بەرەو ئەوە بچێت، کە هەوا بنەمای یەکەمە، گرنگیی هەوا بێت بۆ بوونەوەرە زیندووەکان، چونکە هەناسەدان و ژیان پەیوەندییەکی بەهێزیان بە یەکەوە هەیە، ژیانی بوونەوەرەکان لە هەواوە دروست دەبێت و هەروەک هەناسە فەرمان بەسەر جەستەدا دەکات بەهەمان شێوەش هەوا بەسەر جیهاندا فەرمانڕەوایی دەکات، خودی هەناسەش بریتییە لە هەوا یان هەڵم. لەبەر ئەمە (ئانکسیمێنس) دەڵێت: "وەک چۆن هەناسە کە هەوایە رامان دەگرێت، بەهەمان شێوە هەناسەدان و هەوا دەوری هەموو جیهانیان داوە"[(٢)]، کەواتە بەبۆچوونی ئەم ڕۆحی مرۆڤ وەک هەر شتێکی تر لە هەوا پێکهاتووە. لێرەدا ڕێی تێدەچێت (ئانکسیمینیس) هەناسەی مرۆڤ، کە بەڵگەی زیندوێتییە، بە شێوەی ڕۆح ئەژمار کردبێت، (ئانکسیمینیس) یەکەم پرنسیپی ماددی یەکسان دەکات بە قەوارەیەکی خودایی، واتا بەلایەوە هەوا گوزارشتی خودایە، کە لەشوێندا ناکۆتایەو لە کاتدا ئەزەلیی و (هەمیشەیی)ەو لە جوڵەیەکی سەرمەدیدایە.

### ـ چەمکی فەزا لای فیساگۆرییەکان.

ئەگەر فەلسەفەی میلینی چەمکی فەزای کورت کردبێتەوە لە مادەیەکی سەرەکیدا، کە پێکهێنەری گەردوونە چی هەستپێکراو بێت یان هەستپێنەکراو، ئەوا بۆچوونی فیساگۆرییەکان

(١) يوسف كرم، تاريخ الفلسفة اليونانية، ط١، دار القلم للطباعة والنشروالتوزيع، لبنان، ١٩٩٠، ص٢٥.

(٢) بڕوانە: د. أحمد فؤاد الأهواني، فجرالفلسفة اليونانية قبل سقراط، ط١، دار إحياء الكتب العربية عيسى البابي الحلبي وشركاه، ١٩٥٤، ص٥٦.

جۆرێکە لە فەزاگەری لەناو تیۆرەکانیاندا سەبارەت بە ژمارەکان، کە بە رای ئەوان ڕەگەزە یەکەمینەکانی گەردوونن، لای ئەوان ژمارە جەوهەری بوون و حەقیقەکەیەتی[١].

(فیساگۆرس) زیاتر وەکو ماتماتیکزانێک ناوبانگی دەرکردووە تا وەک فەیلەسوفێک، هاوکێشەی سێگۆشەی گۆشە وەستاو هەڵگری ناوی فیساگۆرسە، هەرچەندە بەهۆی ئەم تیۆریەوە ناوبانگێکی مەزنی پەیدا کردووە، بەڵام لە راستیدا ئەم بیردۆزە لەلایەن ماتماتیکزانی هیندی (بودایانا) لە ساڵی (٨٠٠ پ.ز)و بەر لە ئەمیش لە لایەن میسرییەکانەوە خراوەتە ڕوو، هەروەک ئەمە بۆ بابلییەکانیش زانراو بووە، بەڵام پێدەچێت فیساگۆرس ئەم تیۆریەی لە زەمینەی پراکتیکدا سەلماندبێت. (فیساگۆرس) بە رادەیەکی مەزن بە (تالیس) و (ئانکسیماندەرس) کاریگەر بووە هەر بەهۆی ئەمانەیشەوە بووە، کە خولیای ماتماتیک و ئەستیرەناسی لەناخیدا چەکەرەی کردووە، قوتابخانەیەکی دامەزراند. (فیساگۆرس) وەک (ئانکسیمنیس) باوەڕی بەوە هەبوو جیهان لەناو قووڵایی هەوای ناکۆتادا نووقم بووە. دەڵێن (بترۆنیۆس)، کە لە کۆنترین فیساگۆرسیەکانە، وەک زۆرێک لە مەلەتیەکان بڕوای بە فرەگەردوونی هەبووە[٢]. یەکێک لە فیساگۆرسییەکان، کە ئەرخیتاسە (٤٢٨ـ ٢٤٧ پ.ز.) بە دوو پێشنیازی تر بەشداریی کرد، کە بریتین لە: "جیاوازی هەیە لە نێوان شوێن و فەزادا، ئەمەی دواییان (واتە فەزا) جیاوازە لە مادەو سەربەخۆیە لێی"[٣].

رایەکی تر دەبینین جیاوازە لە فیساگۆرسییەکان و لایەنگری هزری میلینییەکانە، کە (هیراکلیتس) (٥٣٥-٤٧٥ پ.ز.) پێشکەشی دەکات، ئەویش ئەوەیە ئاگر مادەی سەرەکییە. (هیراکلیتس) کە بە یەکەم فەیلەسوفی قوتابخانەی فیساگۆرسەکان دادەنرێت، (ئاگر)ی بەسەرچاوەو بنەرەتی هەموو شتێک دادەنا، ئاگر بنەچەی هەموو ماددەیەکە، بەهۆی ئاگرەوە شتەکان دێنە بوون و لەناو دەچن، ئاگر خۆیشی هێمای گۆڕانی بەردەوامە، چونکە ئاگر ماددەیەک دەگۆڕێت بۆ ماددەیەکی تر بێ ئەوەی ببێتە ماددەکە خۆی، بەڵام ئاگر لای (هیراکلیتس) نابێتە نێوەندێک لەو نێوەندە فیزیکیە گەورانە، وەک هاوتای پێگەی دەریایی یان کەش وهەوا، کە رەشەبای تێدا لەدایک دەبێت، بەڵکو ئاگر هەمیشە زیندووە.

بەلای (هیراکلیتس)ەوە دروستبوونی هەموو شتێک لە مەتریالەوەیە، ئەم جیهانە بۆ هەمووان یەک شتە، نەخواکان دروستیان کردووەو نە مرۆڤەکان، بەڵکو تەنیا یەک ئاگری نەمر هەبووەو ئێستاش هەر هەیە و هەمیشەش دەمێنێتەوە، ئەم ئاگرە هەندێکی بەردەوام گەشە دەکات و هەندێکی

(١) بڕوانە: أحمد أمين، زكي نجيب محمود، قصة الفلسفة اليونانية، ص٣٠-٣١.

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦-٦٦ .

(3) Max Jammer, concepts of space: the history of Theories of space in Physics, Cambridge, Mass: Harvard University Press, 1969, P10.

تری دەکوژێتەوە. هەروەها خاوەنی تیۆرێکە، کە تیایدا دەڵێت: هەموو شتێک لە بزووتن و گۆڕاندایە و دەکرێت شتەکان تێیدا بە شێنەیی بگۆڕدرێن، وەک ئەوەی چۆن هەموو شتێک بە ئاڵتون دەگۆڕدرێتەوە، لە دونیادا دەبێت بەردەوام چاوەڕوانی گۆڕان بیت، گۆڕانی بەردەوامیش شتێکە، کە (هیراکلیتس) بڕوای پێی هەبوو، ئەو وەکو هێزێکی بگۆر سەیری ئاگری دەکرد نەک وەکو ڕەگەزێکی لەنێوبەر. ئەم گۆڕانەش لە شتەکاندا هەر بەڕێکەوت نییە، بەڵکو (هیراکلیتس) هەموو شتێکی گەردوون بەو پێیە شیدەکاتەوە، کە مەحکومە بە یاسای گۆڕان، هەموو شتێک جوڵاوە، گۆڕاوە، لە ڕەوتە ناجێگیرەکاندا خۆی پێک دەهێنێتەوە، جێگیری بە نەمان و نەبوون دادەنرێت، چونکە گۆڕان ململانێیە لەنێوان ڕەگەز و دژەکاندا، بوون هیچ نییە جگە لە مردنێک کە لەناو دەچێت و نامێنێت، چاکەش هیچ نییە جگە لە خراپەیەک کە لەناو دەچێت[١].

یەکێکی تر لەو چەمکانەی (هیراکلیتس) لێیدواوە (یەکێتی دژەکانە)، ئەو وەکو ئانکسیماندەرس هاوسەنگیی گەردوونی لە ململانێی توخمەکانی ئاو و ئاگر و هەوا و خاکدا دەبینی، یەکێتی دژەکان مانای ئەوەیە دژەکان ناتوانن بە بێ یەک هەبن، شەو بێ ڕۆژ، چاکە بێ خراپەو زستان بێ هاوین نابن. ئەو پێی وابوو جیهان شتێک نییە جگە لە کارلێکی دژەکان و خوداش خودی دژەکانە، بە بڕوای هیراکلیتس خودا شتێکە هەموو جیهان دەگرێتەوە، خودا خۆی لە گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی سروشت و ناوەڕۆکە دژەکاندا دەخاتە ڕوو.

پارمەنیدس (٤٨٠ پ.ز.) دامەزرێنەری قوتابخانەی لالیتی، ئەم تیۆرانەی ڕەت کردەوەو وای دادەنا گەردوون ڕەهایەکی تاکەو تیۆری تاکایەتیی (بوون) بەڕێوەی دەبات، جوڵەو و گۆڕانیش بەلای ئەوەوە تەنها دوو وەهمن. تیۆرەکەی پارمەندیس لە شیعرێکدا بە ناونیشانی (سەبارەت بە سروشت) شیکراوەتەوە، پارمەندیس هەستەکانی بە فریودەر دەزانی و تەواوی ئەو شتە هەستپێکراوانەی بە هۆی ئەوەی کە فریودەرو خەیاڵین تاوانبار دەکرد. تاکە حەقیقەت زاتی "تاکایەتی"یە کە ناکۆتاو هەستپێنەکراوە، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەوەی لە فەلسەفەی (هیراکلیتس)دا هاتووە، کۆی دژەکان نییە، چونکە هیچ دژێک بوونی نییە. بۆ نموونە وا دیارە کە پارمەندیس بیری لەوە کردۆتەوە کە "سارد" تەنیا بە واتای "شتێک کە گەرم نەبێت"و "تاریک" بە واتای "نا ڕووناک" دێت، (تاکایەتی) لای پارمەندیس بەو شێوە نییە، کە ئێمە وێنای خوای پێ دەکەین، بەڵکو ئەو بە بوونێکی ماددی و بەربڵاوی زانیوە، چونکە وەکو گۆیەک ناوی دەبات[٢]. لای ئەو شتێک نییە بە ناوی گۆڕانەوە، چونکە

---

(١) بڕوانە: د.علی سامي النشار وآخرون، هيراقليطس فيلسوف التغير وأثره في الفكر الفلسفي، ط١، دارالمعارف، القاهرة ، ١٩٦٩، ص٦٢-٦٧.

(٢) بڕوانە: ميشلين سوفاج، برميندس، ترجمة: د. بشارة صارجي، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، لبنان، ١٩٨١، ص٣٨-٣٩ .

ئەو پێی وایە، کە هیچ شتێک گۆڕانی بەسەردا نایەت، تەنانەت ئەو وتەیەی ڕەتکردەوە سەبارەت بە جوڵە و گۆڕان بوون، کە ئایۆنییەکان دەریانبڕی بوو. لە بەرامبەر جوڵەی (بوون)دا لای ئایۆنییەکان، ئەم باسی جێگیریی (بوون)ی دەکرد، ئەو قسەیەی ڕەتکردەوە، کە باس لە جوڵانی (بوون) دەکات و جەختی لە جێگیربوونی کردەوە، چونکە باسکردنی گۆڕان واتە گواستنەوەو چوون لە بوونەوە بۆ نەبوون.

دوای ئەمان (ئەمبادۆقلیس) دێت بە یەکێک لەو فەیلەسوفانە دادەنرێت، کە سوودێکی زۆری لە بیروبۆچوونی فەیلەسوفەکانی پێش خۆی بینیوە، بە لای (ئەمبادۆقلیس)ەوە "بنچینەی شتەکان بەزۆری ڕاستەقینەن و هەروەها هیچ شتێک گۆڕانی بەسەردا نایەت، بەڵکو جێگیرن"[1]. لێرەدا مەبەستی ئەمبادۆقلیس ئەوەیە جەوهەری شتەکان هەرگیز لەنێو ناچێت، چونکە ئەوەی ئێمە پێمانوایە مەرگ یاخود نەبوونە، ئەوا لە ڕاستیدا شوێنگۆرکێ یا شێوەگۆڕانی توخمەکانە، بەم پێیە ژیان ئەبەدی و نەمرە، نە لە نەبوونەوە دێتە بوون نە بە مەرگیش کۆتایی دێت، چونکە شیاو نییە شتێک لە هیچەوە پەیدابێت، یا شتێک کە بوونی هەیە لەناوبچێت، واتە کۆتایی بوون عەدەم نییە، بەڵکو بارێکی ڕاگوزەرییە لەمیانەیەوە بوونێک دەگۆڕێت بۆ بوونێکی تر. کەواتە (ئەمبادۆقلیس) توانی پشتگیری بۆچوونەکەی (پارمەندیس) بکات بە وەرگرتنی بیرۆکەی بەردەوامی ڕەگەزە یەکەمینەکان و نەگۆڕانیان، ئەو چوار ڕەگەزە سەرەکی و یەکەمینەش بریتین لە: (خاک، هەوا، ئاگر، ئاو)، کە هیچ یەکێک لەم ڕەگەزانە ناگۆڕێت و نابێت بە ڕەگەزەکەی تر، بەڵکو هەموو ئەو مادە جۆراوجۆرانەی لە سروشتدا دەیانبینین لەو چوار ڕەگەزە سەرەکیە پێکهاتوون. بۆ ئەمە لەوانەیە سەرنجی سووتانی داری دابێت، کە ئەوەی قرچە قرچی دێت دەرچوونی ئاوەکەیە، ئەویش بەشێوەی دووکەڵ بەرزدەبێتەوە هەواکەیە، بێگومان ئاگرەکەش بەئاسانی دەبینرێت، هەرچی خۆڵەمێشەکەیشە ئەوا خاکەکەیە، بەمەش (ئەمبادۆقلیس) هەوڵی گونجان دەدات لە نێوان (هیراکلیتس) و (پارمەنیدس)دا، ئەمەش بە وەرگرتنی بیرۆکەی بەردەوامی، چونکە لای ئەو بەردەوامی بەستراوە بە بارودۆخێکی دیاریکراوەوە.

گرنگترین نوسراوەکانی (ئەمبادۆقلیس) بریتین لە (دەربارەی سروشت) و (پاکبوونەوە)، کە بەشێکی زۆریان تا ئێستا ماونەتەوە، (ئەمبادۆقلیس) گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە جووڵە و گۆڕانکاری لەراستیدا هەن و هەروەها ڕاستەقینە شتێکی نەگۆڕە، بەمەش ڕەوایەتی بەخشییە هەردوو قوتابخانەی (هیراکلیتس) و (پارمەنیدس) و ئاوێتەی یەکتری کردن و لە چەمکێکدا کۆی کردنەوە. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، (ئەمبادۆقلیس) بڕوای وابوو گەردوون لە چوار توخم پێکهاتووە، بەڵام ئەو شتێکی تری خستە سەر و گوتی ئەم توخمانە بەهۆی هێزی (خۆشەویستی) یاخود هارمۆنیا

(١) يوسف كرم، تاريخ الفلسفة اليونانية، ص٣٥.

له یەکتری نزیک دەبنەوەو یەکتری رادەکێشن، بەڵام هێزی رق یاخود ناتەبا هێزێکی کەرتکەرەو شتەکان لەیەکتری جیا دەکاتەوە، بەگوێرەی (ئەمبادۆقلیس) هەموو ماددەیەک بە شێوەیەکی خوولی دەکشێت و پاشان دێتەوە یەک، لەژێر هێزی خۆشەویستیشدا هەمووشتێک یەکدەگرێت تاوەکو تەنها (یەک)دەمێنیتەوە.

دوای (ئەمبادۆقلیس) ئەناکساگۆراس دێت، ساڵی (٥٠٠ پ. ز) لە کلازۆمینیای ئاسیای بچوک لە دایک بووە. (ئەناکساگۆراس) لەگەڵ ئەو بۆچونەی ئیلیاییەکان کۆک بوو، کە دەیانگووت ئەوەی هەیە نە دێتە بوون و نەدەشفەوتێ، لەگەڵ (ئەمبادۆقلیس)یشدا هاوڕابوو لەوەدا، کە ئەوەی دێتە بوون و لە ناو دەچێت تەنها یەکگرتن و هەڵوەشانەوەی توخمە بنەڕەتییەکانە، بەڵام بیرۆکەی رق (شەڕ) و خۆشەویستی(تەبایی)ی (ئەمبادۆقلیس)ی رەتکردەوە، بەڵکو ئەو وای دەبینی هەموو شتێک بەشێوەیەکی ناکۆتا دابەشکراوە، تەنانەت بچوکترین بەشی ماددەش بەشێک لە هەر توخمێک لە خۆدەگرێت.

(ئەناکساگۆراس) دەیگووت بەفر هەردوو دژ رەنگی (رەش و سپی) تێدایە، بەڵام دەرکەوتنی بە سپی لەبەر ئەوەیە کە سپی تێیدا زاڵە، هەروەها قژ وەکو ماددەیەک، تەنها لە توخمی قژ پێک نایەت، بەڵکو لە توخمی تریش پێک دێت، کاتێک گەشە دەکات بە هۆی ئەو خواردنانەوە دەبێت، کە دەیخۆین، نەک بە هۆی خواردنی قژەوە. هەر بۆیە هەرشتێک پشکێکی دیاریکراوی لە هەموو شتێک تێدایە، جیاوازییەکان لە فۆرمی ماددەکاندا بەهۆی پشکی جیاوازی توخمە پێکهێنەرەکانەوەیە، چونکە ئەو پێیوابوو پرۆسەی کردە، کە بەهۆیەوە ماددەکان دروست دەبن، جیابوونەوەیە، جیهانی ماددی لە "یەک"ەوە دروست دەبێت، کە هەموو شتێک دەگرێتەوەو لە رێگەی دابەشبوونی بەردەوامەوە خۆی دەئافرێنێت، ئەم پرۆسەیەش لەلایەن عەقڵەوە کۆنترۆل دەکرێت، چونکە بە بۆچوونی ئەم عەقڵ شتێکی ناکۆتا و خۆ زاڵە، واتە لەگەڵ هیچ شتێک تێکەڵ نابێت، بەڵکو خۆی تەنها بۆ خۆیەتی، پاکترین و باشترین شتێکە زانیاری لەبارەی هەموو شتێکەوە هەیە، هەروەک گەورەترین هێزیشی هەیەو دەتوانێت بەسەر هەموو شتێکی گەورەو بچووکدا زاڵببێت[1].

تیمایۆس (٣٤٨پ.ز) ئەستێرەناسێکی فیساگۆرسیە، دەڵێت: "ڕەگەزە ڕاستەقینەکانی جیهانی ماددی خاک و هەواو ئاگر و ئاو نین، بەڵکو ڕەگەزە ڕاستەقینەکان بریتین لە دوو جۆر سێگۆشەی گۆشە وەستاو: یەکێکیان سێگۆشەیەکە، کە نیوەی چوارگۆشەیە، ئەوی تریان سێگۆشەیەکە، کە نیوەی سێگۆشەیەکی سێ لایەکسانە. لە سەرەتادا هەموو شتێک تێکەڵاو بووەو ڕەگەزە جۆراوجۆرەکان پێش ئەوەی ڕێکوپێکی وەرگرن و جیهان دروست بکەن، لە چەند شوێنێکی جۆراوجۆردا پەرش و

(1) https://carlgibranarticles.blogspot.com/2018/08/blog-post_17.html

بڵاوبوون"[١]، کەواتە پێش ڕێکخستنی گەردوون، هەر یەکە لە ڕەگەزەکان لە نێو فەزای جیاواز و تایبەتمەندا بوون و لە دژی یەکتر هەڵوێستیان وەردەگرت، بەڵام دوای ئەوەی، کە خودا بە جوانترین و باشترین شێوە پێکەوەیان دەلکێنێت، گۆڕانکاری بەسەر هەڵوێستیاندا دێت، کەواتە ئەم دوو سێگۆشەیە جوانترین شێوەکانن، بۆیە خواوەند لە دروستکردنی گەردووندا بەکاری هێناون.

## ـ چەمکی فەزا لای ئەفلاتون و ئەرستۆ:

(ئەفلاتۆن)ی گەورە فەیلەسوفی یۆنانی پێیوابوو ئەو ڕەگەزانەی خاوەنی بونیادێکی فەزایین سنوردارن و بەم جۆرەن: ئەوەی پێی دەڵێین ئاو ئەگەر چڕ بوویەوە دەبێت بە گڵ و بەرد، ئەگەر جوڵا دەبێت بە هەوا و با، هەواش ئەگەر گڕی گرت دەگۆڕێت بۆ ئاگر، ئاگریش ئەگەر چووە یەک و کوژایەوە دەبێتەوە بە هەوا، هەوا ئەگەر چڕبوویەوە دەبێت بە هەورو تەم، هەورو تەمیش ئەگەر چڕبوونەوە دەبن بە ئاو، بەم جۆرە تا کۆتایی شتەکان دەجولێن و گەردیلەکانیان بەپێی هاوشێوەییان لە فۆرمدا یەکدەگرن.

بەم جۆرە هەر چوار ڕەگەزەکە دروست بوون: ئاگر، هەوا، ئاو، گڵ. ئاگر لە گەردیلەی قوچەکی پێکهاتووە، چوار ڕووەو وەک نوکی تیر وایە، بۆیە خێراترین و کاریگەرترین تەنە، هەوا لە گەردیلەی هەشت پاڵو، واتە لە دوو قوچەک پێکهاتووە، ئاویش لە گەردیلەی بیست پاڵو پێکهاتووە، هەروەها لەبەرئەوەی گڵ قورسترین تەنە بۆیە لە گەردیلەی هەشت پاڵو پێکهاتووە[٢]. کەواتە بە بۆچوونی (ئەفلاتۆن) گڵ بەم فۆڕمە شەش پاڵووییەی گەردیلەکانییەوە نەبزۆکترینی چوار ڕەگەزەکەیەو بەمەش چەسپترین بناغەیە، هەر بۆیە لای (ئەفلاتۆن) چوار ڕەگەزە سەرەکییەکە سنوردارن و بە پێی یەکگرتنی گەردیلەکان و جوڵانی شتەکان لەسەر شێوەیان فەزایەک دروست دەکەن. هەرچەندە لە بۆچوونەکەی (ئەفلاتۆن)دا هیچ شتێکی عەقڵانی نادۆزینەوە، بەوەی کە شێوەی ئەندازەیی بدرێت بە پێکهاتە وردەکانی ڕەگەزە سروشتییەکان، بەڵام (ئەرستۆ) بەشێوەیەکی لۆژیکیتر ئەمەی یەکلایی کردووەتەوەو لەڕووی تیۆرییەوە جیاکاریی کردووە لەنێوان شوێن و فەزادا، کەچی تێگەکەی لەکاتی پراکتیزەکردندا کێشەی تێ دەکەوێت، چونکە وای دادەنێت ئەگەر شوێن سنوری دەوری بابەتی ناوەڕۆکەکە بێت، ئەوا فەزا سنوری ناوەکییە بۆ دەفری ناوەڕۆکەکە. (ئەرستۆ) لە میانەی ئەم پێناسەیەوە شوێن دەکات بە دیواری دەرەکی، فەزاش سنوری ناوەوەی دیوارەکەی ناوەوەیە، ئەو وای

---

(١) أفلاطون، طيماوس، ضمن مجموعة محاورات أفلاطون، ترجمة: شوقي تمراز، الأهلية للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٤، ص٤٤٤.

(٢) بڕوانە: ئەفلاتوون، سەرجەم بەرهەمەکانی ئەفلاتوون، وەرگێڕانی: عیمران هاواری، ب١، چ١، بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١١، ل٢٣٢٠-٢٣٢٤.

دەبینێت شوێن نامێنێت، بەڵام فەزا هەرگیز لەناو ناچێت، کارەکتەر هەمیشە فەزایەکی دیاریکراو داگیر دەکات، بەڵام هەمیشە هەمان شوێن داگیر ناکات. لەم وتەیەدا ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت فەزا لە سەرووی ئاستی مادییەوەیەو دەچێتە ئاستی مەعنەوی و دەروونیی مرۆڤەوە، کەچی شوێن ئەو شتە مادییە دەنوێنێت، کە دەوری مرۆڤی داوەو ئێستا تیایدایە، بەڵام لەوانەیە کاتێکی تر تیایدا نەبێت.

ئەنجامی کۆتایی (ئەرستۆ) ئەوەیە فەزای گەردوون کۆتادارەو ناوەندەکەی زەوییە، ئەو لە روانگەیەکی مادی و پراگماتییەوە سەیری فەزا دەکات، ئەمەش بە پێچەوانەی (ئەفلاتۆن)ەوەیە کە تێڕوانینێکی تراندستاڵییانەی هەبوو بۆ فەزا، ئەگەر لای (ئەفلاتۆن) شێوەو مادە دابڕاو بن، ئەوا لای (ئەرستۆ) یەکن، چونکە (ئەرستۆ) بە تەواوی باوەڕی وایە، کە لە حەقیقەت و لە زەیندا بوون بەستراوە بە مادەوە، چەند هەوڵ بدەین ناتوانین بەدەر لە گۆشت و ئێسقان وێنای مرۆڤ بکەین ، هەموو ئەوەی مادییە جوڵاوە، جوڵەش واتای گواستنەوە نییە لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر، بەڵکو واتای گۆڕان و بەردەوامییە، گۆڕانیش دەکرێت لەم حاڵەتانەدا بێت:

١- لە نەبوونەوە بۆ بوون ــ گەردوون.
٢- لە بوونەوە بۆ نەبوون ــ خراپە.
٣- لە بوونەوە بۆ بوون ـ گواستنەوەی شتەکان لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر، واتە جوڵە.[١]

بە لای (ئەرستۆ)وە گەردوون و خراپە ئێستایین، چونکە هیچ ناوەڕاستێک لە دوو لاکانیانەوە نییە، جـوڵەش، کە گواستنەوەی شتەکان دەگرێتەوە لـە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر، دەچێتە ناو کاتەوە. جوڵەش لای ئەو لە سێ گوتەزادا روودەدات، کە بریتین لە: چۆنێتی و چەندێتی و شوێن، جوڵەی روونیش راستەوخۆ بەستراوە بە شوێنەوەو بەبێ شوێن جوڵە نابێت، هەندێک پاشکۆش دەخاتە ڕوو، کە لە زەینی جەماوەردا بەستراون بە جوڵەوەو بریتین لە: ناکۆتا و شوێن و بەتاڵایی و کات[٢]. لە رێگەی ئەم هەڵسەنگاندنە (ئەرستۆ)ییەوە بە تەواوی ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە جیاکارییەک هەیە، ئەگەرچی جیاکارییەکی سەرەتاییە لەنێوان شوێن وەک پێکهاتەیەکی مادی و بەتاڵاییدا، کە نوێنەری فەزایە، شوێنیش دەکات بە دوو جۆرەوە: شوێنی هاوبەش کە جەستەیەک یان زیاتری تێدایە، شوێنی تایبەتی کە یەکەم جار هەموو جەستەیەک تیایدایە. واتای شوێنی تایبەتی، ئەوەیە یەکەم جار جەستەی تێدایە، شوێنی دەرەوەی جەستەش جیاوازە لێی، چونکە جەستە دەجوڵێت و

(١) مصطفی غالب، أرسطو، دار مکتبة الهلال، بیروت، ١٩٨٨، ص٣٥.

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦-٦٧.

شوێنەکان دەگۆڕێت، (ئەرستۆ) لەمەوە پێناسەی شوێن دەکات و بە رووتەختێک دایدەنێت، کە قووڵیی نییە وا باسی دەکات، کە درێژی و پانی هەیە بەبێ قوڵی.

پاشان باس لە بەتاڵایی دەکات و وای لێ تێدەگەین لای ئەو جۆرێکە لە شوێن، بەتاڵاییش "درێژبوونەوەیەکی بەتاڵە لە هەموو جەستەیەک تەنانەت لە هەواش"[1]. (ئەرستۆ) بە تەواوی جیاوازی ناکات لەنێوان شوێن و بەتاڵایدا، ئەو پەلە دەکات لەوەی هەردووکیان بخاتە ژێر یەک کێڵگەی چەمکییەوە، کە دیاریکردنەکەی بە وێناکردن دەگۆڕێت و دەڵێت: "بەتاڵایی و پڕی و شوێن یەک شتن و بە وێناکردن جیاوازن"[2]، دواتریش جەخت لەوە دەکاتەوە بەتاڵایی سیفەتی ئەستەمێتی هەیەو نەبووە، ئەمەش دەمانبات بۆ بێسنووریی فەزا ، لە کۆتاییدا دەڵێین ئەم تێڕوانینانە دواتر رێگەیان خۆشکرد بۆ گەیشتن بە کۆمەڵە چەمکێک لەبارەی هەردوو زاراوەی فەزا/شوێنەوە.

(ئەفلاتون) وای کرد چەمکی فەزاو مادە ببن بە پنتی سەرەکیی فەلسەفەی ئەورووپی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، بەڵام (ئەرستۆ) لە رووی تیۆرییەوە وای دادەنا جیاکردنەوەی شوێن و فەزا کارێکی جەوهەرییە، بەڵام کاتێک دەخرێتە بواری جێبەجێکرنەوە رووبەڕووی ناڕوونی دەبێتەوە، پێیوایە شوێن سنوری دەوری ناوەڕۆکە، فەزاش سنوری ناوەوەی ئەو ناوەڕۆکەیە، بە واتایەکی تر شوێن فەزا لەخۆ دەگرێت. هەروەها باوەڕی وایە شوێن گۆڕاوە، بەڵام فەزا جێگیرە، کارەکتەر هەمیشە فەزایەک داگیر دەکات، بەڵام هەمیشە هەمان شوێن داگیر ناکات، سەبارەت بە (ئەفلاتۆن)یش شێوەو مادە دابڕاون لەیەک، بەڵام لای (ئەرستۆ) یەک شتن[3].

## ـ چەمکی فەزا لە سەدەی شانزەو دواتردا.

لەسەدەی شانزدەدا ئەو گفتوگۆیە سەری هەڵدا، کە ئایا فەزا رەهایە یاخود رێژەییە؟ ئەمەش لەوەدا دەرکەوت، کە بە تیۆری عەقڵانی ناسراوە و (دیکارت) پێشنیازی کردو یەکەم بیرمەندی نوێیە، کە دەستەواژەی "جیهانی ماددی و جوڵە"ی لە لا دەرکەوت بە خاوێنی، وێنەیەکی ماددی ڕووت بۆ گەردون، کە بەتاڵ بوو لە رەگەزەکانی فیساگۆرسی و ئەفلاتونی و سروشتگەرایی. (دیکارت) بەو جۆرە وێنای گەردونی کرد، کە بریتیە لە درێژبونەوەیەکی ماددیی کۆتانەهاتوی جوڵەدار، پێکهاتە و بەشەکانی بە پێی یاساکانی هۆکاریی کە بونەتە سەرچاوەی کێشەی گەردونی بە هەسارەکانی و ئەستێرەکانی و تیشکەکانییەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین (دیکارت) ئەو کەسە بوو، کە دەقی پڕۆژەی

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

(٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠-٧١.

ماددیی نوێی شکاند و داهێنەری دەستەواژەی "جیهانی ماددی و جوڵە" بوو. گەردونەکەی (دیکارت)، دیار و ئاشکرا بوو، لە خاڵی دەستپێک و هاتنی یاساکانی سروشتی بزۆکیەوە، کە هاتنەکەی بەردەوام و دوایی نەهاتوە دەست پێدەکات، هەروەها وای دەبینێت بۆشایی گەردون شتێکی مەحاڵە و جیاوازی نییە لەنێوان تەن و فەزادا. جیاکارییەکەی (ئەرستۆ)شی لەنێوان شوێن و فەزادا کورتکردەوە بۆ ئەوەی، کە تەنها جیاکاریی هزرە، وەک چۆن درێژبوونەوە (درێژی و پانی و قوڵی) تەنها دیاریکراوێکی فەزایانەیە، بەمەش لای (دیکارت) درێژبوونەوە جەوهەری ماددەیە[1]، بەم پێیە لای (دیکارت) فەزا بریتییە: لە بڵاوبوونەوە، یان درێژبوونەوە لە هەرسێ ڕەهەندی (درێژی و پانی و قوڵی)دا.

لەم بۆچوونەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی هیچ نیشانەیەکی روون نییە بۆ جیاکردنەوەی شوێن لە فەزا، چونکە ئەوەی (ئەرستۆ) پێشکەشی کرد تەنها تیۆریکردنێکی هزرییە و لە چەند چەمکێکی زاراوەییدا بەرجەستە دەبێت، ئەو جیاکارییەش زیاتر بەرجەستەکردنێکی وێناکراوە وەک لەوەی بە کردەیی هەبێت، رەهەندەکانی درێژی و پانی و قوڵی تەنها مەسافەی وەهمین، چونکە شوێن و فەزا بەناویەکداچوون و ناتوانین جیایان بکەینەوە، هەر بۆیە ناکرێت بەبێ شوێن بە تەنها لە چەمکی فەزا بدوێین، چونکە فەزا و شوێن بەبێ یەکتری دەرناکەون.

لەمەوە بیرۆکەی رێژەیی سەری هەڵدا، ئەوەتا (لایبینتز) دەڵێت: "وەک کات ، فەزا تەنها بە شتێکی رێژەیی دادەنێم"[2]، هەروەها کاتی بە چەمکێکی خودی داناوە، بۆیە پێی وایە، کە تەنیا لەناو هۆشی مرۆڤدا هەیە. ئەگەر (لایبینتز) بەم شێوەیە گوزارشتی لە کات کردبێت، بێگومان هەردوو چەمکی فەزا و شوێن لای ئەو بەپێی مەرجی ئامادەییان دیاری دەکرێن، چونکە ئەو وا سەیری فەزا دەکات، کە کۆمەڵێک شوێنە، پێکهاتنی بیرۆکەکانیش لەبارەی فەزا و شوێنەوە لە رێگەی حەقیقەتی پەیوەندییە بەناویەکداچووەکانی نێوانیانەوە دەبێت، حەقیقەتیش لە هەریەکێکیاندا بە تەنها دەرناکەوێت بەڵکو لە پێکەوەبەسترانی (شوێن ـ فەزا)دا دەردەکەوێت، واتە ئەو بارودۆخانە دروست دەبێت، کە لەبارەی شوێن و فەزاوە چەمکمان پێ دەدەن، بەبێ ئەم بارودۆخانە بە هیچ جۆرێک ناتوانرێت جیاوازی بکرێت لەنێوان شوێن و فەزادا، یان با بڵێین ناتوانرێت چەمکی رێژەیی بە دوو زاراوەکە بدرێت، هەروەک چۆن کارێکی گرنگ دێتە ناو ئەمەوە، کە بەو کارە فەزا یان شوێن یان کات دێنە بوون، کات ناتوانێت شوێنی خۆی لە سیستەمی بارودۆخەکاندا وەربگرێت، چونکە بەبێ شتەکان

---

(١) بڕوانە: رینیە دیکارت، التأملات في الفلسفة الأولى، ترجمة: د.عثمان أمين، المركز القومي للترجمة، القاهرة،٢٠٠٩، ص٨٦.

(٢) غوتفريد فيلهلم ليبنتز، المونادولوجيا، ترجمة: ألبير نصري نادر، ط١، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠١٥، ص٤٧.

و خودەکان شتێک نییە ئەو کاتەو تەنانەت فەزا و شوێنیش بەرجەستە بکات، پەیوەندیی بەناویەکداچووی نێوان هەردوو چەمکی شوێن و فەزاش لێرەدایە.

لێرەدا تیۆری رەها هەیە، کە (نیوتن) دایڕشت، پوختەکەی ئەوەیە کات و فەزای رێژەیی چەند رەهەندێکی پێوانەیی کات و فەزای رەهان، دەکرێت بە جۆرێک شییان بکەینەوە، کە بەردەوامی و مەسافەن، کات لە رێگەی سستەمی بەدوای یەکداهاتنەوە دیاری دەکرێت، فەزاش لە رێگەی بارودۆخ (الوضع)ەوە. کات و فەزای رێژەیی، واتە ئەو دوو پێوەرەی بەدوای یەکداهاتنی شوێن و جوڵە تەنها چەندێتیی پێوراوی فەزا یاخود کاتی رێژەیین[1]، بەڵام لای (جۆن لۆک) فەزا ماوەی نێوان دوو پنت دەنوێنێت، بەڵام شوێن بریتییە لە پەیوەندیی ماوە لە نێوان دوو پنت یاخود زیاتردا. بە پێی ئەم بۆچوونەی (لۆک) فەزا تەنها ماوەی نێوان دوو پنت دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی شوێن دەگۆڕێت بۆیە پەیوەندییەکە لە نێوان دوو پنت یان زیاتر دەگرێتەوە. هەروەها (لۆک) جیاوازیی کردووە لە نێوان تەنی رەق و فەزادا لەو رووەوەی بە درێژبوونەوە (الامتداد) و بەردەوامی(الديمومة) جیا دەکرێنەوە، بەلای ئەوەوە کات لە خۆیدا درێژبوونەوەیەکی لەناوچووەو لە کۆتاییدا لەسەر فەزا دەوەستێت[2]، کەواتە (لۆک) فەزا هەر پەیوەست ناکات بە شوێنەوە بەڵکو پەیوەستیشی دەکات بە کاتەوە، چونکە ماوە بە کات دەپێورێت، واتە ماوەی نێوان هەردوو پنتەکە بە کات دەپێورێت.

(ئەمانۆیل کانت)یش لە کتێبی (نقد العقل المحض ١٧٨١)دا پاڵپشتیی تیۆری رەهای فەزا دەکات و دەڵێت: "فەزا... سوسەکردن (حدس)ێکی پەتییە"[3]، واتە فەزا بە مەرجی خودیی هەستکردن بە خودی مرۆڤ دادەنێت، چونکە جگە لە مرۆڤ هیچ شتێکی تر ناتوانێت خاوەنی سوسەکردن (حدس) بێت، بەمەش کاتی لە تێڕامان و هۆشی مرۆڤی جیانەکردۆتەوە. لێرەدا خاڵێکی گرنگ روون دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە فەزا تەنها لە رێگەی خودێکی جوڵێنەری زیندووەوە دەژی، کە بیردەکاتەوەو دەبینێت و دووری و ماوەکان دەپێوێت و بارودۆخەکان هەڵدەسەنگێنێت و کاریگەر دەبێت پێیان، هەروەها پێیوایە ئەگەر مرۆڤ هەستەکانی نەمێنن، ئەوا پەیوەندیی نێوان شتەکان و کاتیش نامێنێت، نەک هەر ئەمە بەڵکو خودی کاتیش نامێنێت. هەر خودێک رای خۆی بەرامبەر هەموو ئەمانە دەردەبڕێت و بەمەش لە فەزایەکی دیاریکراودا دەژی، کە چەمکەکەی لای ئەو جیاوازە لە چەمکی فەزا لای خودێکی تر، بۆ نموونە ئەو کەسانەی، کە دووچاری نەخۆشی (بیرچوونەوە) دەبن،

(١) بڕوانە: د.طالب ناهي الخفاجي، النسبية بين نيوتن وانشتاين، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٨، ص٤-٥ .

(٢) بڕوانە: جون لوك، من فلاسفة الانجليز في العصر الحديث، فاروق عبدالمعطي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت،١٩٩٣، ص١٤١.

(٣) عما نوئيل كنط، نقد العقل المحض، ترجمة: موسى وهبة، مركز الانهاء القومي، لبنان، ١٩٨٨، ص٦٢.

فەزای ڕاستەقینە لەدەست دەدەن و لە فەزایەکی دیکەدا دەژین، ئەوەش لە ڕێگەی گوتار و گوفتاریانەوە هەستی پێدەکرێت.

لێرەدا بنەمای سوسەگەری (الحدسیة) دێتە ناوەوە، ئەم بیرۆکەیەش لە تیۆری خولقاندنی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆماندا لای ڕۆماننوس بووە بە کارێکی یەکلاکەرەوە، ئەم فەزا ترانستنداله وا دەکات شتەکان بینە بابەتی دەرەکی سەبارەت بە ئێمە، بە دەربڕینێکی تر، پەیوەندیی کەس بە گەردوونەوە بەتەواوی لەسەر فەزا وەستاوە. بەهەمان شێوە کاتیش ڕەهایە، بەڵام نە کات و نە فەزا لەسەر هیچ شتێک نەوەستاون بەمەبەستی سەپاندنی بوونی خۆیان، چونکە هەردووکیان پێشترن، بەم جۆرە (کانت) لە هزری سەدەی بیستدا بە ڕوونی ئەوەی دامەزراند، کە پێی دەوترێت ڕەگەزێکی هونەریی ناوەندی، ئەمەش وەسفێکی گرنگە لەوەدا، کە فەزا لە ڕێگەی ئێستاییەوە جیا دەکرێتەوە، لە کاتێکدا کات لە ڕێگەی بەدوای یەکداهاتنەوە جیا دەکرێتەوە، هەروەها وا دادەنرێت بەشەکانی هێڵ بەشێوەیەکی ئێستایی جیا دەکرێنەوە، ئەوا بەشەکانی کات لە ڕێگەی بەدوای یەکدا هاتنەوە جیا دەکرێنەوە. ئەمەش دواتر نزیک دەبێتەوە لەوەی (هێنری لۆفیفەر) تایبەت بە فەزا پێشکەشی دەکات و وا باسی فەزا دەکات شتێکە ناتوانین بیگرین، چونکە شتێکی مادی نییە بەو شێوەیەی شوێن بەرجەستەی دەکات، بەڵکو لەسەر شتە مادییەکان بنیاتدەنرێت بۆ ئەوەی شتی تر لەخۆ بگرێت، کە زۆر لە سەرووی شێوەوەیە، واتە درێژدەبێتەوە بۆ قوڵاییەکان و لە فەزادا ئەزموونی مرۆیی بەرجەستە دەبێت، چونکە فەزا بریتییە لە پانتایی ژیان و پوختەی ئەزموون و کۆی چوارچێوەکانی شوێن و کات و ڕووداو و...هتد.[1] هەروەها (بیرتراند راسل)یش بە هەمان شێوەی (کانت)، کات بە هۆشی مرۆڤەوە دەبەستێتەوە و نکوڵی لە هەبوونی کاتی رابردوو و ئێستاو داهاتوو دەکات و دەڵێت :"ئەمانە کۆمەڵە سیفاتێکن پەیوەندیان بە خودی مرۆڤەوە هەیە، دەنا لە بنەمادا بوونیان نییە"[2].

هەروەها تیۆرە زانستییە نوێکانیش لە پێناسەی فەزادا پشتیان بەستووە بە بیرۆکەی فەزای نائەندازەیی، لێرەدا باسی ڕێژەیی فەزا دەکەن لای (ئەلبێر میچلین) ساڵی ١٨٨١ و (ئەلبێر ئەنشتاین)، کە بە مەزنترین زانای سەدەی بیستەم دادەنرێت و لە ساڵی ١٩٠٥ "چەمکی ڕێژەیی کاتی سەلماندووە"[3]. تیۆری ڕێژەیی (ئەنشتاین) ئەوەی سەلماندووە، کە کات و شوێن دوو دیاردەی ڕێژەیین، ڕێژەیی بوونیشیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە "پێوانی کات کاریگەر دەبێت بە ڕێژەیی

---

(١) بڕوانە:
Henri Lefebvre,State, space,world: selected essays,Translated by: Gerald Moore, Minneapolis, University of Minnesota press, 2009, p.181.

(٢) د.شكري السعدي، قضايا الحدث في اللسانيات وفلسفة اللغة، ط١، الدار التونسية للكتاب، تونس، ٢٠١٦، ص٨٢.

(٣) د.محمد عبدالرحمن مرحبا، اينشتين والنظرية النسبية، ط١، منشورات مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٨٢، ص١٨٦.

جوڵانەوە لە شوێندا و پێوانی پانتاییش کاریگەر دەبێت بە کاتی تایبەتی هەر بینەرێک"[١]، بەمەش ئەو پەیوەندییەی لە نێوان فەزاو کاتدا هەیە پەیوەندییەکی رووت نییە ، بەڵکو بەیەکداچوونێکی دوولایەنەیە .

(هێرمان مینکۆفسکی)ش رایەکی تری هەیەو وای داناوە فەزا وەک کات لەناوچووەو دەڵێت: "بەم جۆرە فەزا لە خۆیداو هەروەها کاتیش مەحکومن بە لەناوچوون، مرۆڤیش تەنها لەناو کاتدا دەتوانێت سەرنجی شوێن بدات، کاتیش لەناو شوێندایە"[٢]، ئەو بەمە نکوڵی لە بوونی رەهای فەزا دەکات، (کات ـ فەزا) خاوەنی فەزایەکی چوار رەهەندیین، رەهەندی چوارەمی لە شوێندایە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم جیهانە دارشتە(صیغة)یەکی کاتیی نییە، هانی ئەوەی داوە گەڕان بەدوای سروشتی فەزای زماندا لەناو رۆماندا ئەنجام بدرێت[٣]. کەواتە بەلای(مینکۆفسکی)یەوە کات مەودای چوارەمی شوێنە، بەڵام لای (ئەنشتاین) کات مەودای چوارەمی شوێن پێک ناهێنێ، بەڵکو شوێن تەنیا سێ مەودای هەیە، کە بریتین لە درێژی پانی و بەرزی. هەر ئەم تیۆرەی(مینکۆفسکی) بوو وای لە هەندێک لێکۆڵەری وەک (جیرار جینێت) کرد روو بکەنە لێکۆڵینەوە لە لایەنی فەزاییانەی زمان و وای دابنێن گرنگترین ڕووی جیاکەرەوەی بەرهەمی ئەدەبییە، زمانیش رەهەندی چوارەمی ڕۆمان پێک دەهێنێت، وەک چۆن کات بە رەهەندی چوارەم دادەنرێت سەبارەت بە فەزا بەگشتی، لەلایەکی تریشەوە زمان هێڵێکی کاتی دەنوێنێت.

## ـ چەمکی فەزا لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکاندا:

دەرکەوتنی زاراوەی فەزا لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا شتیکی تازەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی پێشتر رەخنەگرو لێکۆڵەرەکان روویان کردبووە گرنگیدان و تیشک خستنە سەر ڕەگەزەکانی تری وەک رەهەندە ئایدۆلۆجییەکانی دەقی ڕۆمان و کات و کارەکتەرو گفتوگۆو ڕووداو و ...هتد، بۆیە ئەو توێژینەوانەی پەیوەستن بە لێکۆڵینەوەی فەزا لە گێڕانەوەدا توێژینەوەی نوێن. فەزا یەکێکە لەو زاراوە رەخنەییانەی لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە لە لێکۆڵینەوە رەخنەییەکانی رۆژئاوادا گرنگییەکی زۆری پێدراو رەواجی پەیدا کرد، بەتایبەتی قوتابخانەی ئەڵمانی لە رێگەی رەخنەگرەکانییەوە گرنگییەکی زۆری بەم زاراوەیەدا، چونکە کردیانە چەمکێک، کە کەم بایەختر نییە

(١) بول كوديرك، النسبية ، ترجمة: مصطفى الرقى، ط١، منشورات عويدات، بيروت- لبنان، ١٩٧١، ص١٦.

(2) Hermann Minkowski, Space and Time, Translated by: Fritz Lewertoff and Vesselin Petkov, Minkowski Institute Press, Canada, 2012, p. 30.

(٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠-٣٢ .

لە پێکهێنەرەکانی تری دەق ( کات، شوێن، ڕووداو، کارەکتەر، دیالۆگ، رەهەندە ئایدیۆلۆجییەکان...)، ئەمەش بە پشتبەستن بە کتێبە تیۆرییەکان و لێکۆڵینەوەو توێژینەوە پسپۆڕییەکان.

لە نێوان ئەو رەخنەگرانەشدا هـ . مایەر (H.Meyer)و هەروەها کتێبەکانی هێنری میتەران (Henry Mitterrand)یش، رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە نزیککردنەوەی بنەما ئیستاتیکییەکانی چەمکی فەزا بەو پێیەی زاراوەیەکی رەخنەیی نوێیەو هاوشانی لێکۆڵینەوە رەخنەییە نوێکانی رۆژئاوایە، بە تایبەتی ئەو لێکۆڵینەوە رەخنەییانەی کاریان لەسەر ئەوە کردووە کە چەمکی فەزا یەکەیەکی سەرەکییە لە یەکەکانی کاری ئەدەبی و هونەری، ئەمەش پاڵی بە توێژەرە فەرەنسییەکانەوە نا لە سالآنی شەستەکان و حەفتاکاندا تیشک بخەنە سەر لێکۆڵینەوەی چەمکی فەزا بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی بە مەبەستی بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی لە ناو لێکۆڵەراندا، یان بۆئەوەی سەرنجی خوێنەر و بایەخپێدەران رابکێشێت بە مەبەستی ئەوەی بزانن چییە؟ ئەو لێکۆڵەرانەش بریتی بوون لـە (جۆرج پۆلی و گیلبەرت دۆران و رۆلان بۆرۆنۆف).

چەمکی فەزا لە میتۆدە رەخنەییە نوێکاندا بەرەوپێشچوونی ریشەیی بەخۆوە بینی، بە تایبەتی لە رەخنەی دیاردەگەراییدا، ئەمەش بە پشتبەستنی ئەم رەخنەیە بە شیکردنەوەی هۆشیاری لە کاتی ئەو لێکۆڵینەوانەیدا کار لەسەر ناوپۆشکردنی شتەکان (استبطان الأشیاء)و گۆڕانیان بۆ دیاردە دەکات، پەرەسەندنی ئەم رەخنەیەش دەگەڕێتەوە بۆ (گاستۆن باشلار) و (جان بیەر) و (گلبێر دۆران) لە رەخنەی فەرەنسیدا، کە هەر زوو لە رەخنەی ئەدەبیی نوێشدا بڵاو بوویەوە.

(گاستۆن باشلار) ساڵی ١٩٣٨ لە کتێبی (شیکردنەوەی دەروونیانەی ئاگر)دا تیۆرەکەی خستەڕوو، پاشان کتێبەکانی تری بڵاو کردەوە، لەوانەش کتێبی (شعریة الفضاء)، کە (غالب هلسا) ساڵی ١٩٨٠ لەژێر ناوی (جمالیات المکان)دا لە زمانی ئینگلیزییەوە وەری گێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی. (باشلار) لەم کتێبەیدا لە فەزای خانووی کۆنەوە دەست پێدەکات بەو سیفەتەی خانووی منداڵییە، ناوەندی گونجانی خەیاڵە، فەزایەکە چەند لێی دوور بکەوینەوە هەر یادی دەکەینەوە، زۆربەی ئەو هەستکردن بە جوانی و ئاساییشەی بۆی دابین دەکردین دایاندەبەزێنینە سەر دیاردەکانی ژیانە مادییەکە بەو پێیەی بوون چڕ دەکاتەوە لەناو سنورێکدا، کە پارێزگاری دەبەخشێت، بۆیە لە میانەی پلیکانەو سندوق و گەنجینەکانەوە ساتەکانی ماڵ دەژین، کە باشلار ناوی ناوە خانووی شتەکان. هەمان شتیش بەرامبەر بە هێلانە هەیە، هێلانەش هەستکردنمان بە ماڵ زیندوو دەکاتەوە، چونکە وامان لێ دەکات خۆمان بخەینە ئەسڵی سەرچاوەی متمانەکردن بە جیهان... چۆلەکە ئەگەر غەریزەی

متمانەکردن بە جیهانی نەبووایە، ئایا هێلانەی بنیات دەنا؟[1]، هەروەها (گاستۆن باشلار) لە میانەی نوسینی کتێبی (شیعرییەتی فەزا)وە لێکۆڵینەوەکەی چڕ کردووەتەوە لە بەها ڕەمزییەکانی پەیوەست بەو دیمەنانەی، کە بەردەستن بۆ بینینی وەگێڕ* یان بینینی کارەکتەرەکانی، جا چ شوێنی مانەوەو نیشتەجێبوون بن: وەک ماڵ و ژووری داخراو، ژێرزەمین و گەنجینەو زیندان و گۆڕ... شوێنی داخراو یاخود کراوە، شوێنی بەرتەسک یاخود فراوان، شوێنی بایەخدار یان شوێنی پەراوێزخراو، شوێنی زەمینی یان شوێنی ئاسمانی و هەوایی و زۆر لێکدژیی تریش کە وەک ڕێڕەوێک کار دەکەن و لە میانەیانەوە خەیاڵی وەگێڕ و کارەکتەرەکان دادەمەزرێت.

واتە (باشلار) باس لەو پەیوەندییە دەکات، کە لە نێوان فەزا خەیاڵییەکان و کارەکتەرە خەیاڵییەکاندا ڕوودەدات، باسی ئەو فەزایەی کردووە، کە کارەکتەرەکان بەرەو خەیاڵ دەبات "ئەو شوێنەی خەیاڵ بەرەو خۆی ڕادەکێشێت، ناکرێت وەک شوێنێکی بێ بایەخ بمێنێتەوە کە تەنها خاوەنی ڕەهەندی ئەندازەییە، ئەمە شوێنێکە مرۆڤ تیایدا ژیاوە، نەک تەنها بەشێوەیەکی بابەتی بەڵکو بە هەموو ئەو لایەنگری کردنەی لە خەیاڵدا هەیە، ئێمە بەرەو ئەو شوێنە ڕادەکێشرێین، چونکە بوون چڕ دەکاتەوە لە سنورێکدا کە پارێزگاریی تێدایە"[2]. هەر یەک لە جۆرج پۆلی (G.Poulet)و گیلبەر دۆران (G.Durand)یش لە لێکۆڵینەوەی ئەم دژانەدا بەهرەیان نواندووە، بەڵام لێکۆڵینەوەکەیان سەبارەت بە لێکدژییەکانی فەزا بەشێوەیەکی گشتی بووە، واتە لە شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییانەی کە ئەم لێکدژییانە لەگەڵ سیستەمی تۆبۆلۆجی (ئەندازەیی)ی دەق کۆدەکاتەوە، هەروەها لە شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییانەی ئەم لێکدژییانە لەگەڵ کۆی کێشەکانی تری ڕۆماندا کۆدەکاتەوە، نەداوە[3].

هەردوو توێژەر (جولیان گریماس) و (جۆزێف کۆرتیس) لە فەرهەنگی (سیمۆلۆژیا)کەیاندا بە چڕی لەبارەی فەزاوە دواون، زاراوەی فەزا لە سیمۆلۆژیادا یاخود لە کێڵگەی نیشانەییدا بە چەندین چەمکی زۆر فراوان و جیاواز بەکاردێت، بەڵام خاوەنی خاڵی هاوبەشیشە بە جۆرێک دەکرێ بوترێت فەزا بە بابەتێکی هەڵگری ڕەگەز یاخود پێکهاتە ناپەیوەستەکانەو پێویستی بە ئاگایی و پارێزی زۆرە.

---

(١) بڕوانە: غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة: غالب هلسا، ط٣، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٧، ص٩.

* ئەم وشەیە لە وشەی (ڤەگێڕە)وە هاتووە، کە لە کرمانجی سەروو و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەکاردێت و بە مانای (گێڕەرەوە) دێت، لەبەرئەوەی وشەیەکی سادەیە و گۆکردنی ئاسانترە، بۆیە پێمان باش بوو لە جیاتی گێڕەرەوە بەکاری بێنین.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٣١ .

(٣) بڕوانە: محمد السعيد عبدلي، البنية الموضوعاتية في عوالم نجمة لكاتب ياسين، أطروحة دكتوراه، جامعة الجزائر، كلية الآداب واللغات، قسم اللغة العربية وآدابها، الجزائر،٢٠٠٣، ص٤٧-٤٨.

دیاریکردنی فەزا پێویستی بە بەشداریی گشت هەستەکانی دەرککردنەو پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی هەموو بەها دەرکپێکراوەکانە، چ بەهاکانی بینین بن، یان دەستلێدان، بن یاخود ئەوانی تر بن، ئەم فەزایەش تەنها لەمیانەی تایبەتمەندییەکانییەوە یاخود لە ڕێگەی دەرکەوتنە بینین ئامێزەکانییەوە دیاری دەکرێت[1].

لای (گریماس و کورتیس) چەمکی فەزا لە شیکردنەوەی گوتاردا رەچاوی لایەنی دەروونی و فسیۆلۆژی و هەروەها لایەنی رۆشنبیریی کۆمەڵایەتی دەکات، هەردووکیان تێبینیی ئەوەیان کردووە ئەگەر "هەموو بەکارهێنانە خوازەییەکانی ئەم وشەیە وەربگرین، ئەوا بەکارهێنانی چەمکی فەزا پێویستی بە وریاییەکی زۆر هەیە لەلایەن سیمۆلۆژییەکانەوە، بۆ خستنەگەڕی ئەم وشەیە پێویستە تۆڕێکی زمانەوانیی دەوڵەمەندو وزەیەکی گەورەی سەرژمێری مەعریفی لە ئارادا بێت، کە لە مێژووەوە دەست پێ بکات تا دەگاتە هونەرەکانی شێوەکاری، ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی خاوەنی دەلالەتێکی فراوان و رەمزیەتێکی ئیحائی و شیعرییەتێکی ئیستاتیکییە."[2]

لە میانەی میتۆدی نیشانەگەریی سیمۆلۆژیداو لەناو ئەو رەخنەگرو لێکۆڵەرانەی هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ دۆزینەوەی دەلالەتی فەزا زانای روسی یۆری لۆتمان (Youri Lotman) دەبینین، کە ساڵی ١٩٧٣ لە کتێبی (بونیادی دەقی هونەریدا) لە شوێن و دەلالەتی شوێنی کۆڵیوەتەوە، (لۆتمان) لە شیکردنەوەکەیدا بۆ شوێنی هونەری لە "گوتەزایەکی سەرەکییەوە دەست پێدەکات، کە پوختەکەی ئەوەیە: زمان سستەمێکی سەرەتایی گۆڕینی جیهانە بۆ داڕشتەی سستەماتیکی، بەو پێیەی زمان لەسەر کۆمەڵێک پەیوەندیی ملکەچ بۆ یاساو دەستوور دامەزراوە نەک لەسەر ناونان"[3]. هەروەها زمان رۆشنبیریی مرۆیی و سستەم و پێکهاتەی زۆر ئاڵۆزتری داهێناوە، هەندێکیان زمانی سروشتی دەکەنە مادەی خۆیان، وەک ئەدەب و ئاین و فەلسەفە، هەندێکی تریشیان مادەی تر بەکار دەهێنن وەک وێنە، بەڵام ئەمیش پشت بە سستەمی زمانی و رێگەکانی پێکهاتنی دەبەستێت. هونەریش بەو پێیەی سستەمێکی بەنموونەکراوە پێکهاتەی دەلالی دەخوڵقێنێت و لەکاتی بەکارهێنان و مەزراندنی شوێنی هونەریدا ڕوانینێکی تایبەتی هەیە بەو پێیەی کاری هونەری شوێنێکە رووبەرێکی دیاریکراوی هەیە (لەوحەی هونەری یان پەیکەر یان شیعر یان ڕۆمان)، ئەگەر شوێن (فەزا) لە گەردوونی فراواندا دیاریکراو بێت، ئەوا لە کارە هونەری و ئەدەبییەکاندا ئەم شوێنە سنوری پشتەوە، یان

---

(١) بڕوانە: د.إبراهيم جنداري، الفضاء الروائي في أدب جبرا إبراهيم جبرا، ط١، دار تموز للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا، ٢٠١٣، ص٢٦.

(٢) الطاهر روainية، سرديات الخطاب الروائي المغاربي الجديد، مقاربة نصية نظرية تطبيقية في آليات المحكي الروائي، أطروحة دكتوراه دولة، معهد اللغة العربية وآدابها، جامعة الجزائر، ٢٠٠٠، ص٢٣٠.

(٣) يوري لوتمان وآخرون، جماليات المكان، الدار البيضاء، ط٢، ١٩٨٨، ص٦٤.

شوێنێکی فراوانترو گشتگیرتر دەنوێنێت، کە بریتییە لە جیهانی بێکۆتایی، ئەمەش سروشتە جەوهەرییەکەیەتی، بۆ نمونە "دەبینین یاسا بینراوەکانی وێنە وادەکات هونەرمەند بتوانێت لەسەر قوماشێکی دوو ڕەهەندی جیهانێکی هەستپێکراوی سێ ڕەهەندی بنوێنێت"[1].

(لۆتمان) لە کتێبی (بونیاتی دەقی هونەری)یەکەیدا هەوڵی دامەزراندنی تیۆریکی تەواو دەدات بۆ جەمسەرگیرییە شوێنییەکان، کە لە شێوەی دوانەیی بەرامبەردا مەزراندوونی و ڕەگەزی لێکدژ کۆدەکەنەوە، گوزارشت لەو پەیوەندییە باوانە و لەو بەدوای یەکدا هاتنانە دەکەن، کە لە کاتی لکان بە شوێنی ڕووداوەکانەوە دێنە دی و ڕوودەدەن، ئەمەش لەو گریمانەوە دەست پێدەکات، کە دەڵێت: فەزا کۆمەڵێک شێوەی گۆڕاوە یان کۆمەڵێک شتی تەباو پێکەوە گونجاوە، کە پەیوەندیی شوێنی ئاشناو ئاسایی لە نێوانیاندا دروست دەبێت، هاوشێوەی پەیوەندییە شوێنیە ئاساییەکانی (وەک درێژبوونەوەو ماوە) تەنانەت پەیوەندییە شوێنییەکان دەبنە هۆکارە سەرەکییەکانی ناسینی واقیع، بۆ نمونە چەمکەکانی وەک سەرەوە/خوارەوە، نزیک/دوور، کراوە/ داخراو، سنوردار/ بێسنوور، پچڕاو/ بەیەکەوەبەستراو، ڕاست/ چەپ، ڕێک/ ناڕێک، خراپ/ چاک، دۆست/ بێگانە، هەموو ئەمانە دەبنە ئامڕازی بنیاتنانی نمونەی ڕۆشنبیری بەبێ ئەوەی هیچ سیفەتێکی شوێنیان پێوە دیار بێت.

(لۆتمان) کاتێک بە ئاشکرا جیاوازی دەکات لەنێوان پلە (باڵاکان) و پلە (نزمەکان)دا، یـان لە نێوان پیشە (نزمەکان) و پیشە (بەرزەکان)دا، وای دەبینێت نمونە کۆمەڵایەتی و ئاینی و رامیاری و ڕەوشتییەکان لە شێوە گشتییەکەیاندا بەشێوەی جیاواز سیفەتی شوێن لەخۆ دەگرن، جارێک لە شێوەی بەرامبەریی ئاسمان/زەمین و جارێکیش لــە شێوەی جۆرە پلەبەندییەک (تراتبیة)ی رامیاری و کۆمەڵایەتیدا[2]. کەواتە (لۆتمان) چەمکی فەزا دەبەستێتەوە بە چەمکی کاری هونەرییەوە، بەو جۆرەش دیاریی کردووە کە "کۆمەڵێک شتی گونجاو و پێکەوەبەستراوە لە دیاردە و بارودۆخ و ئەرک و شێوە یاخو ڕووەکان و دەلالەتە گۆڕاوەکان... هتد، پەیوەندییەکی هاوشێوەی پـەیوەندییە ئاساییەکانی فـەزا یاخود پەیوەندییە ناسراوەکانی وەک بەردەوامی و دووری و... هتد بەیەکەوەیان دەبەستێت"[3]. ئەگەر وای دابنێین ئەم شتە باسکراوانە فەزا دەنوێنن، ئەوا دەبێت جگە لەو خاسیەتەی کە پەیوەندییەکانی خاوەن ڕواڵەتێکی فەزایین و بەهەند وەردەگیرێت، لە هەموو خاسیەتەکانی تر دایانبڕین، بەمە چەمکی فەزا لای (لۆتمان) پنتی هاوئاهەنگی و ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان چوارچێوەی شوێن و ڕووداووکارەکتەرەکانە، کە دەتوانێت چێژ بە دەق ببەخشێت.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥ .

(٢) بڕوانە: يوري لوتمان وآخرون، جماليات المكان، ص٦٥.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.

ئەوەی رەخنەی نویّ لە فەڕەنسا لە بارەی ڕۆمان و زمانەوە پێشکەشی کردووە مایەی بایەخ پێدانە، چونکە گرنگیی فەزا لە ڕۆماندا روون دەکاتەوە، ئەوەتە (میشال بۆتۆر) لە وتارێکیدا بەناوی (ڕەهەندەکانی ڕۆمان) دەڵیت: "گرنگیدانی ڕۆمان بەوەی بۆ فەزا گرنگە، کەمتر نییە لە پەیوەندییە پتەوەکەی بەو هونەرانەی ڕۆمان کەشفیان دەکات، بە تایبەتی وێنەکێشان"[1]. کەواتە (میشال بۆتۆر) بە تەواوی جەخت لەوە دەکاتەوە فەزا بناغەی ڕۆمانە و جیهانی ڕۆمانیش دەچوێنێت بە جیهانی وێنەکێشان، فەزا لە تابلۆی وێنەکێشەکەدا بە تەواوی روون و دیارە، بەڵام لـــە ڕۆماندا بەرجەستەکردنەکەی بــە وشەیە، وشەکان ئەو فەزایە بەرجەستە دەکەن، کە لە زەینی خوێنەردا پێک دێت.

هەروەها لە فەزای ڕۆماندا سەرنجی ئەوەی داوە چەندە چێوەگیرکردن و روانگە وێنەکێش خەریک دەکەن، ئەوەندەش ڕۆماننوس خەریک دەکەن، ئەمەش بە تەواوی ئەوە دەسەلمێنێت فەزا یەکێکە لەو پایە سەرەکییانەی ڕۆمانی لەسەر بنیاتدەنرێت و گرنگییەکەشی بە رادەیەکە، کە قورسایی ڕۆمانەکە هەڵدەگرێت و ڕۆمان بەبیّ فەزا نابێت. فەزا دەمانخاتە ناوکەشی ڕۆمان، رامان دەکێشێت و وامان لێدەکات بە تامەزرۆییەوە دوای ڕووداوەکان بکەوین و هەست بە جوانیی گێڕانەوەکە بکەین، دیلمان دەکات لەرێگەی ئەو پێشکەشکراوانەی رێگە خۆشدەکەن بۆ ڕووداوەکانی ڕۆمان و سروشت و میزاجی کارەکتەرەکانی ڕۆمان شیدەکاتەوەو وامان لیّ دەکات هاوسۆز بین لەگەڵ چارەنوسیاندا و پێشبینیی کۆتاییەکان بکەین، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین یەکێک لە ئەرکەکانی فەزا بریتییە لە کاریگەری و ڕاکێشان. کەواتە فەزا هۆکاری سەرەکیی هـەموو هەڵچوونەکانی خوێنەرە، هەر کاتێک فەزا گۆڕا ڕووداوەکان و دەلالەتەکانیش جۆراوجۆر دەبن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پەیوەندیی پتەوی نێوان فەزاو سەرجەم ڕەگەزەکانی تری گێڕانەوەو ناتوانرێت چەمکێکی دیاریکراو جیا بکرێتەوە لەسەرجەم پایەکانی تری ڕۆمان، چونکە ئەو چەمکە سەر بە گشتێکە، کە لە رێگەی پەیوەندی و تێکەڵبوونی لەگەڵ پێکهاتەکانی تری دەقی ڕۆماندا لێی تیّ دەگەین.

جگە لەمانە گرنگی بە فەزای دەقی یاخود فەزای شێوەیی بەرهەمی ڕۆمان داوە، دەیبینین وا باسی کتێب دەکات، کە بابەتێکە جەختیش لەوە دەکاتەوە کتێب بەوەی لە خۆیدا تابلۆیەکی دوانەییە نمونە چاپی و فەزاییەکەی وەک بەشێک لە کەینونەکەی دەقۆزرێنەوەو بەکاردەهێنرێن[2]. لە زۆر وتاری تریشیدا ئاماژە بە ڕەگەزەکانی فەزا دەکات لە ڕۆماندا، رای دەگەیەنێت کە رێکخستنی هێڵی (بەدوای یەکدا هاتن) رۆڵێکی گەورەی نییە لە ڕووداوەکاندا، تەنانەت لەگەڵ سستەمی وشەو

(١) میشال بوتور، بحوث في الرواية الجديدة، ترجمة: فريد أنطونيوس، منشورات عويدات، بيروت، ١٩٧١، ص٤١.

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨-١٠٩.

رستەشدا ڕۆڵی نییە، کات لە ڕۆماندا سێ بەدوای یەکداهاتووی ئاڵۆزە، بریتین لە: چیرۆک، نوسین، خوێندنەوە، لێرەوە نوسەر بەشێوەیەکی تایبەت دەبێتە هونەرمەندێکی تەلارسازی[1].

ئەگەر ئاوڕ لەوە بدەینەوە کە فۆرمالیستە روسەکان پێشکەشیان کردووەو (تزیڤیتان تۆدۆرۆف)یش لە ڕێگەی کتێبی (تیۆری ئەدەب)ەوە کۆی کردووەتەوەو پێشکەشی کردووین، دەبینین لێکۆڵەرە فۆرمالیستەکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا لە لێکۆڵینەوەکانیاندا سەبارەت بە زمان و گێڕانەوە ، گرنگییەکی زۆریان بە فەزا داوە، چونکە ئەرکی گێڕانەوەیی یەکێکە لە ئەرکەکانی فەزا، کە تێیدا بەشداری پرۆسەی گێڕانەوە دەکات، هەندێک جار نوسەر بێدەنگ دەبێت و بواری قسەکردن لەبارەی بارودۆخی ناو دەقەکە دەدات، ئەمەش واتای ئەوەیە فەزا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زۆر شت دەڵێت و ڕێگە خۆش دەکات بۆ ڕوودانی ڕووداوێکی دیاریکراو، یان بەردەوامییەکەی دەبڕێت، یان لەوانەیە ئامادەی بکات بۆ هاتنی کۆتاییەکان، ڕووداویش تەنها لە چوارچێوەی فەزایەکی دیاریکراودا بەرجەستە دەبێت، بەمەش فەزا گێڕانەوە دەتەقێنێتەوە، بەمەش هەر بەشێکی سەر بە فەزا مۆرکێکی گێڕانەوەیی پێک دەهێنێت لە دەقدا.

هەروەها ئەگەر فەزا نەبووایە ڕووداویش نەدەبوو، هەر بۆیە بەبێ چوارچێوەیەکی فەزایی ناتوانین وێنای ڕووداوی ناو ڕۆمان بکەین، چونکە "زۆربەی جار یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕۆمان بواردانە بە ڕووداو بۆ ئەوەی رووبدات"[2]، جگە لەوەش پەرەسەندنی ڕووداو تەنها لە فەزایەکی دیاریکراودا دەبێت، گرێش تەنها لە ناو فەزایەکی دیاریکراودا گەشە دەکات، بۆیە ئەگەر گەشت هۆکاری دابڕانی دوو کەسی لەیەک نزیک بێت، لەهەمان کاتدا لەوانەیە هۆکاری بەیەکگەیشتنەوەشیان بێت، هەروەها هەڵبژاردنی شوێنیکی دیاریکراو بۆ ڕووداوەکان بە ڕێکەوت نییە، بەڵکو پاساوی خۆی هەیە، چونکە فەزا لە پێش دەقەکەو لە کاتی دەقەکەو لە دوای دەقەکەش دەسەڵاتی بەسەر دەقی ڕۆماندا هەیە، بۆیە فەزا دەبێتە ئامرازێکی گرنگی گێڕانەوە، هەر بۆیە یەکێک لە ئەرکەکانی تری ڕۆمان گێڕانەوە دەبێت.

(شکلۆفسکی) باسی گرنگیی هــاوتەریبی (التوازي)و خاوکردنەوەی گێڕانـەوەو چێوەبـەندکردن و کەڵەکەکردن دەکات بۆ بنیاتنانی گێڕانەوەکان[3]، هەروەها لە بزاوتی رەخنەی هاوچەرخدا ئاسۆیەکی نوێمان بۆ دەردەکەوێت سەبارەت بە چەمکی فەزای ڕۆمان، ئەویش ئەوەیە کە

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١١١-١١٢.

(٢) جيرار جنيت وآخرون، الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالرحيم حزل، أفريقيا الشرق، بيروت، لبنان،٢٠٠٢، ص٣٦.

(٣) بڕوانە: ف. شكلوفسكى، بناء القصة القصيرة والرواية، نظرية النمهج الشكلي (نصوص الشكلانيين الروس)، ترجمة: إبراهيم الخطيب، ط١، الشركة المغربية للناشرين المتحدين، دار المثلث، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، لبنان، ١٩٨٢، ص١٣٢-١٤٩.

فەزا بەدی نایەت ئەگەر وەرگر یاخود (بۆ نێرراو)ێک نەبێت، واتە فەزای ڕۆمان پێک نایەت ئەگەر بێت و وەرگرێک نەبێت، کەشفی بکات و ببێتە پایەیەک لە پایەکانی بەدیهاتنی فەزاکە. بۆ ئەمەش پرۆسەی خەیاڵکردن رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە گەیاندنی وێنە بە وەرگر، وەرگریش کاتێک دەتوانێت لە وێنەکان تێبگات و وەریانبگرێت، کە خاوەنی پلەیەکی بەرزی خەیاڵکردن بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو هاوکێشەیە بەدی بهێنێت، "کە پێویستی بە هەبوونی داهێنەرێک و وەرگرێک (خوێنەرێک)ە"[1]. لەبەرئەوەی جیهانی ڕۆمان جیهانێکە هاوشێوەی ژیانەو گونجاوترین بواریشە بۆ چارەسەرکردنی بیرۆکەی فەزاو وێنەکێشانی و پێشکەشکردنی بە خوێنەر، بۆیە جیهانی ڕۆمان فەزایەکی ڕۆمانی پێک دەهێنێت کە نوسەر و خوێنەر پێکەوە تیایدا دەژین، بۆ ئەوەی بگەنە خاڵی تێربوونی هزری و دەروونی و چێژوەرگرتن. پاشان لە خوێندنەوەی فەزای ڕۆماندا زمان بنەمایە، ئەگەر بێت و لەبارەی فەزای ڕۆمانەوە قسە بکەین پێویستە گۆشەنیگای وەگێڕ دیاری بکەین، فەزاش تەنها لەلایەن وەگێڕەوە بەرهەم ناهێنرێت، بەڵکو ئێمەی خوێنەریش بەشداری لەمەدا دەکەین و بەمەش پرۆسەی پەیوەندی بە واتا فراوانەکەی لەنێوان داهێنەرو وەرگر (خوێنەر)دا روو دەدات، لەبەرئەوەی زۆر جار مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی بەرهەمە ئەدەبیەکان دەبەسترێتەوە بەو بەکارهێنانە تایبەتیەی زمان بۆیە دەبینین زۆربەی ئەو لێکۆڵەرانەی زمانیان بە بواری لێکۆڵینەوە داناوە، فەزاشیان داوەتە پاڵ زمان و نەیانداوەتە پاڵ شتێکی تر، کە لە دەرەوەی زماندا بێت.

تیۆرەکانی خوێندنەوەو وەرگرتن یارمەتیدەرێکی باشی دەرکەوتنی رۆڵی خوێنەر بوون بۆ دۆزینەوەی تێڕوانینی نوێ لە هەموو ئاڕاستەکاندا، هەروەها بۆ دووبارە بڵاوکردنەوەی چەمکی نوێ بە تێڕوانینی جیاوازەوە بۆ ڕەگەزەکانی نوسینی ئەدەبی، هەر ئەمەش بەتەواوی بەسەر چەمکی فەزای ڕۆماندا هاتووە، چونکە خوێنەری هاوچەرخ لە رێگەی هاوێنە گەورەکەرەکەیەوە تێبڕوانیوەو کۆمەڵە چەمکێکی نوێی پێ بەخشیوە، کە زیاتر لەخۆگر و سەراپایی و قەناعەت پێکەرن. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لێکۆڵینەوەی ورد لە فەزا بکرێت، بۆ ئەوەی گرنگییەکی وای پێ بدرێت، هاوشانی ئەو گرنگییە بێت کە لە سەردەمەکانی پێشوودا بە کات دراوە . ئەمەش بەوە بەدی دێت کاتێک لێکۆڵەری بواری رەخنەی ڕۆمان زۆر بە رژدی و بە قووڵی بەرەو پیری بابەتەکە بچێت بۆ ئەوەی هەست بە تامەزرۆیی خوێندنەوەو پشکنین و گرنگیپێدان و چێژ وەرگرتن لە نوسینێکی دیاریکراو یاخود ئەزموونێکی تایبەت بکات، تاوەکو وای لێ دێت خۆشیی خوێندنەوەکە ڕەنگدانەوەی خۆشیی نوسینەکە دەبێت و ئیتر خوێنەر شوێن پێی نوسەر هەڵدەگرێت وەک ئەوەی سێبەری ئەو بێت و بەدوایەوە بێت.

هەروەها ئەو تێڕوانینە تەقلیدییەی بۆ شوێن هەبوو، بەوەی چوارچێوەیەکی گشتییە بۆ ڕووداوەکان، ئەمە گۆڕاوەو بە جۆرێک لە باڵاییەوە سەیری شوێن دەکرێت، کە ڕەگەزێکی فۆڕمی و

(١) رولان بارت، س\ز، ترجمة: محمد بن الرافه البكري، ط١، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، لبنان، ٢٠١٦، ص٣٦.

شێوەکارییە لە ڕەگەزەکانی کاری هونەری، لەیەکچوون و هاوشێوەیی شوێنەکانیش لە ڕۆماندا بووەتە هۆی هاتنە ئارای رەهەندێکی ئیستاتیکیی تر. ئەوەی رۆڵی هەیە لە دەستبەرکردنی ئەمەشدا بریتییە لە گۆڕینی شێوازی نوسینی ڕۆمان لە خودی خۆیدا، هەروەها گرنگیدانی نوسەر بە فەزای ڕۆمان و چۆنیەتی شێوەکارییەکەی لە دەقی ڕۆماندا، بۆ ئەوەی لە گوتاری ڕۆماندا رۆڵێکی گرنگی پێ بدات، هەندیک جاریش گرنگیدانی بە وردەکارییەکان ئەوە ناگەیەنێت نوسەرێکی واقیعییە، بەڵکو زیاتر ئەوەمان پێدەڵێت خاوەنی هەستێکی خەیاڵییەو دەتوانێت فەزا وا پێشکەش بکات، کە دڵی وەرگر ببات و وای لێ بکات لەناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا بژی.

(ئەمبێرتۆ ئیکۆ)ش گوزارشتی لە شتێکی هاوشێوەی ئەم خاڵە کردووە کاتێک دەڵێت: "دانی پیا دەنێم من لە پێناو نوسینی ئەم بەشەدا، خودی خۆم لە شەودا هەمان رۆیشتنم ئەنجام داوەو ئامێرێکی تۆمارکردنم پێ بووەو هەموو سەرنجەکانی خۆم تۆمارکردووە تیایدا، تەنانەت لەمەش زیاترم ئەنجام داوە، زۆر گرنگیم بەوە داوە ئایا لەو شەوەدا مانگ بە ئاسمانەوە دیار بووەو لە سەعاتە یەک لە دوای یەکەکانی شەودا لە چ جێگەیەکدا دەبێت، بۆیە پەنام بردە بەر کۆمپیوتەرەکەم، کە بەرنامەیەکی تێدایە دەتوانێت وێنەی روناکیی ئاسمان بگرێت لە هەموو کاتەکانی ساڵ و لە هەر سەعاتێکدا لەناو هێڵی پانی و درێژیدا"[1]. (ئەمبێرتۆ ئیکۆ) راشکاوانە دان بەوەدا دەنێت لەو شوێن و کاتانەدا پیاسەی کردووە، کە وەک چوارچێوەیەک بۆ ڕۆمانەکەی هەڵی بژاردووە، هەستی بە هەموو ڕەنگدانەوەو پەرچەکردارەکانی خۆی کردووە بەرامبەر هەر دیمەن و دەنگ و رەنگێک، باسی سەرنجەکانی خۆیمان بۆ دەکات بەرانبەر هەموو گۆڕانکارییەکان، ئەمەش واتای ئەوە نییە خاوەنی تێڕامانێکی توند و واقیعی بووە لە کارەکەیدا، بە ئەندازەی ئەوەی واتای ئەوەیە داهێنەر بووە لە دروستکردنی فەزاکانی ڕۆماندا بەو شێوەیەی خۆی بە گونجاوی زانیوە بۆی. خودی خۆی لە بەرهەمەکەیدا دەتواندەوە بۆ ئەوەی بچێتە ئاستی کارەکتەرەکانی ناو بەرهەمەکەی، بۆیە دەڵێت : "وامەزانن لەپێناو ئامانجی واقیعی بووندا ئەوەم کردووە، من زۆلا نیم، من ئەوەم کردووە لەبەر ئەوەی من کاتێک دەگێڕمەوە حەز دەکەم فەزاکان وام لی بکەن لەناو چیرۆکەکەدا بژیم و یارمەتیم بدەن بۆ یەکبوون لەگەڵ کارەکتەرەکانمدا"[2]. (ئەمبێرتۆ ئیکۆ) لە کارەکەیدا تەرکیز دەکاتە سەر ئەو تەوەرەیەی کە تەواوی ڕۆمانەکەی هەڵگرتووە، ئەو بە فەزا دیاریی دەکات، بەبێ دیاریکردنێکی وردی بەشەکانی، ئەو فەزا بە هەموو ئەوە دادەنێت کە دەوری پرۆسەی گێڕانەوەی داوەو تەنانەت گێڕانەوەش دەکات بە یەکێک لە پێکهێنەرەکانی، چونکە تەرکیز دەکاتە سەر کارەکتەرەکانی ڕۆمان،

(١) أمبرتو إيكو، ٦ نزهات في غابة السرد، ترجمة: سعيد بنكراد، ط١، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٥، ص١٢٦.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

وەک ئەوەی بزوێنەری سەرەکی بن لە ڕۆماندا. ئەم قسەیەی وەستاوەتە سەر دینامیکییەتی فەزای بونیاتنراو لەسەر جوڵەی کات و وەستاویی شوێن و گۆڕان و جیاوازیی دوانەکانی وەک: (روناکی/ تاریکی) و (جوڵە/ وەستان) لە بارەی شوێن و ئەوەی تیایدایە، هەموو ئەمەی ناو ناوە فەزا. ئەگەرچی مەبەستی (ئەمبێرتۆ ئیکۆ) لەمە فەزای نوسینە، واتە مەبەستی ئەو بارودۆخانەیە، کە پێش دەستپێکردنی پرۆسەی نوسینی ڕۆمان دەکەون، بەڵام ئەمە ـ بە جۆریک لە جۆرەکان ـ بیرۆکەیەکمان دەداتێ سەبارەت بە تێڕوانینی ئەو بۆ فەزا، ئەگەر ئەمە تێروانینی ئەو بێت بۆ فەزای واقیعی بەو بارۆدۆخەی تێدا دەژی پێش دەستکردنی بە نوسینی هەر دەقیکی ڕۆمان، ئەوا بەدڵنیاییەوە هاوشێوەی چەمکە ڕەخنەییەکەیەتی بۆ فەزای ڕۆمان بە گشتی. لێرەدا ئاڕاستەی تێڕوانین دەگۆڕێت بۆ شانۆ، کە گرنگتر و فراوانتر و زیاتر ئەم چەمکانە لە خۆ دەگرێت، ئەویش "فەزا"یە، نەک "شوێن"، چونکە ئەگەر شوێن جەستەی ڕۆمان بێت، ئەوا فەزا گیانی ڕۆمانە.

## چەمکی فەزا لە ڕۆماندا:

فەزای ڕۆمان پێکهاتەیەکی گێڕانەوەیی هەیە، لە ڕێگەی زمانەوە دروست دەکرێ و ئەو هەست و وێناکردنە شوێنی و کاتییانەی تێدایە، کە زمان گوزارشتیان لێ دەکات. پاشان بۆ خوێندنەوەی فەزای ڕۆمان بەردەوام زمان بنەمایە.... تەنها وەگێڕیش فەزا بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو لەمەدا خوێنەریش هاوبەشییەتی، لەکاتی ڕوودانی پرۆسەی پەیوەندیشدا ئەو ئاسۆیە بەرهەم دێت کە پێی دەڵێین فەزا. ئامڕازی نوسەریش بۆ وێناکردن و وێنەکێشانی فەزا بریتییە لە زمان، دەقی ڕۆمان وشە وشە و ڕستە ڕستە و وێنە وێنە پێک دێت... بە ڕیزبوون و پێکەوە گونجانی ئەمانە وەرگر دەرک بە ناسنامەی فەزا دەکات چێژ لە کاریگەرییەکانی ڕۆمان وەردەگرێت و بۆ ماوەیەکی کەم تیایدا دەژی، بەڵام لەبەر ئەوەی وشەکان بەهۆی مۆرکی سنورداریيانەوە ناتوانن فەزایەکی تایبەتی خۆیان دروست بکەن، ئەمە وا لە وەگێڕ دەکات، کۆمەڵێک ئاماژەو نیشانەی وەستان لەناو دەقە چاپکراوەکەدا دابنێت، تاوەکو گێڕانەوەکە بەهێز بکات. بەم جۆرە فەزای ڕۆمان لە بەیەکگەشتنی فەزای وشەکان لەگەڵ فەزای هێما چاپییەکان پێک دێت، ئەمەش دیمەنی خەیاڵی یاخود گێڕانەوەییە و بەستراوە بە کاتی چیرۆکەکە و ڕووداوی ڕۆمان و کارەکتەرە خەیاڵییەکانەوە، شوێن بەوە دروست دەبێت پاڵەوانەکان دەچنە ناوی، هیچ شوێنێکیش نییە پێشتر دیاریکرا بێت، بەڵکو شێوەگیربوونی شوێنەکان لە ڕێگەی ئەو ڕووداوانەوەیە، کە پاڵەوانەکان ئەنجامیان دەدەن، ئەم پەیوەندییەش لە نێوان فەزای ڕۆمان و ڕووداودا یەکگرتوویی و پتەوی بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت[١].

(١) بڕوانە: محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، ص٧٣-٧٤.

به لای لێکۆڵەرە رۆژئاواییەکانەوە، لەوانە چارلس گریڤل (Charles Grivel) فەزای ڕۆمان تەنها ئەو شوێنە ناگرێتەوە کە روداوەکانی تیایدا روو دەدەن، بەڵکو کاتیشی بۆ زیاد دەکرێت وەک ڕەگەزێکی کاریگەر لە خودی سەرکێشییە گێڕانەوەییەکەدا، "ڕووداوی ڕۆمان بە هەموو رایەڵە شوێنی و کاتییەکانییەوە پێشکەش دەکرێت، ئەگەر نا ئەستەمە پرۆسەی گێرانەوە بتوانێت پەیامەکەی بگەیەنێت"[1]، واتە فەزای ڕۆمان کۆمەڵێک پەیوەندییە لە نێوان شوێن و کات و ناوەند و دیکۆرەکەدا، کە ڕووداوەکان تیایدا روودەدەن و ئەو کارەکتەرانەشی تێدایە کە ڕووداوەکان پێویستیانن.

زۆربەی لێکۆڵەران سەرەڕای دانانیان بە بوونی فەزای دەقدا وەک سپێتی و خشتەو پەراوێزەکان، بەڵام جەخت لەوە دەکەنەوە پێویستە تەرکیز بکرێتە سەر لێکۆڵینەوەی فەزای ڕۆمان، کە دیمەنێکی خەیاڵی یان گێڕانەوەییە، مەبەستیشیان ئەو شوێن و کاتەیە کە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە یاخود ڕۆمانەکە تیایاندا روو دەدەن، بیانووشیان بۆ ئەمە ئەوەیە "لێکۆڵینەوەی فەزای دەق و فەزای چاپکراو توێژەر دەکەن بە دانەری خشتەو نەخشەی تۆبۆگرافی، ئەم کارەش نوسینی وشەیی گوتارە رەخنەییەکە دەگۆڕێت بۆ زمانی خشتەیی نەخشە تۆبۆگرافییەکە، چونکە ڕۆمان لە بنەمادا لەسەر لاسایی دامەزراوە، ئەمەش پێویستی بە رووداوێکە، ڕووداویش پێویستی بە کات و شوێنە."[2] (باشلار)یش لە دوو کتێبەکەیدا (جماليات المكان، جدلية الزمن) جەخت لە بابەتی پێکەوەهاتنی کات و شوێن دەکاتەوە لە ڕۆماندا، کاتێک باسی تەوافوقێکی سست دەکات لە نێوان شتەکان و کاتەکاندا، لەنێوان کردەی شوێن لە کاتداو پەرچەکرداری کات بەرامبەر بە شوێن، واتە شوێن لەڕێگەی گۆڕانەکانییەوە دەلالەت لە شێوازی کات دەکات.

هەرچی (گۆڵدنشتاین)ە لە دیاریکردنی فەزادا زۆر پشت بە زمان و شێواز و لایەنی فۆڕم دەبەستێت، کە لە زماندا دەنوێنرێت، بۆیە دەبینین بەپێی دوانەی (خەیاڵی و پاشخان) فەزا دەکات بە دوو بەشەوە، کە بریتین لە: فەزای خەیاڵکرد (دەقی) و فەزای مەرجەعی، پەیوەندیی نێوانیان سنوری نواندنی سادە تێدەپەڕێنێت، چونکە فەزای دەق سیستەمێکی گوتاریی دیاریکراو بەدی دێنێت، کە ئەمیش دەبێتە هۆی دامەزراندنی سیستەمێکی مەرجەعی، چونکە بەلای ئەوەوە فەزای ڕۆمان زۆر زیاترە لەوەی ئاماژەکردنێکی سادە بێت بە شوێنێک، ئەو سیستەمێکە لەناو دەقەکەدا، ئەرکەکەشی لەوەدا کورت نابێتەوە نواندنێکی ڕاستەقینەی دەرەوەی دەق بێت، پاشان پێویستە توانای ئەوەمان

(١) جيرار جنيت وآخرون، الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالرحيم حزل، ص٧١.

(٢) حسن بحراوي، بنية الشكل الروائي (الفضاء- الزمن- الشخصية)، ط١، المركز الثقافي العربي، بيروت،١٩٩٠، ص٢٨.

هەبێت بوونێک ببەخشین بە فەزای دەق تەواو جیاواز بێت لە فەزای مەرجەعی، کە سەرەتا وا دەردەکەوێت تەنها گواستنەوەیەکی سادەیە[١].

نابێت لێکۆڵەر گرنگی بە پرۆسەی ڕەنگدانەوەی میکانیکییانەی واقیع بدات لەنێوان فەزای مەرجەعی و فەزای خەیاڵی (دەق)دا ، بەڵکو پێویستە گرنگی بە چەند شتێک بدات، لەوانە: رووداوەکە لە کوێدا روو دەدات؟ فەزا چۆن پێشکەش کراوە؟ بۆچی هەڵبژارنی (فەزا) لەلایەن نوسەرەوە بەو جۆرە بووە؟[٢]. ئەگەر لێکۆڵەر وەڵامی ئەو سێ پرسیارەی دایەوە، ئەوا بە ڕای (گۆڵدنشتاین) ئەو لێکۆڵەرە بە قوڵی لە فەزای کۆڵیوەتەوە لە ڕۆماندا. (گۆڵدنشتاین) وەڵامی ئەو سێ پرسیارەی داوەتەوەو بەم جۆرە روونی کردووەتەوە: فەزاسازی لە ڕۆماندا پلەی کرانەوەی جیاواز (فەزای سنوردار، فەزای داخراو) پێشکەش دەکات، فەزای داخراو خنکێنەر دەبێت کاتێک کارەکتەرەکان و ڕووداوەکان ناتوانن سنوری فەزای دیاریکراوی ڕۆمانەکە ببەزێنن، بەڵام زۆر ڕۆمانیش هەن پشتیان بەستووە بە فەزای کراوەو ئازادییەکی تەواو دەدەن بە هاتن و وچوون و گواستنەوەی کارەکتەرەکان، بەمەش فەزایەکی پەرت دروست دەبێت، وەک "دەریاوانەکان" کە هیچ سنورێک دانانێن بۆ ئارەزووە بێکۆتاییەکەیان لە سەرکێشی کردندا[٣]. هەروەها فەزای داخراو دەرچەیەک (فتحة)یەکی هەیە، کە لە فـەزای خەیاڵیدا دەنوێنرێت و ئازادییەک دەدات بە کارەکتەرەکانی ڕۆمان، بە دوانەی (ئێرەو ئەوێ) بۆمان دەنوێنێت. (ئێرە) وا دەناسێنێت بریتییە لەو شوێنە دیاریکراوەی، کە نوسەر کارەکتەرەکەی تیا دەهێڵێتەوە، بەڵام هەر بەوەندە ناوەستێت فیزیاییانە تێکەڵ (إندماج)ی واقیعی فەزای ڕۆمانەکە ببێت، چونکە بوونەکەی وەک بوونەوەرێکی کاغەزییە، بەڵکو خەو بە ئاسۆی جیاوازەوە دەبینێت، بۆیە بە خەیاڵ خۆی لە بارودۆخی تردا دەبینێتەوە، لەدوای ئەمە پاشکۆیەک دروست دەبێت کە بریتییە "لەوێ"[٤]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە (گۆڵدنشتاین) باسی فەزایەکی خەیاڵیی کردووە، کە جیاوازە لە فەزای مەرجەعی (واقیعی).

(گۆڵدنشتاین) ئاماژە بەوەش دەکات فەزا تەنها بەرهەمی پرۆسەی وەسف نییە، هەروەها ئەرکەکەشی لەوەدا کورت نابێتەوە وەک دیکۆرێک بۆ ڕووداوەکان دەقی ڕۆمانەکە لەخۆ دەگرێت[٥]، بەڵکو لێکۆڵەر ئەمە تێدەپەڕێنێت بۆ گەڕان بەدوای هۆکاری هەڵبژاردنی چۆنیەتییەکی دیاریکراو لە پێشکەشکردنی ئەو فەزایەدا، واتە لەسەر لێکۆڵەری فەزای ڕۆمان پێویستە ئەو سیستەمە بدۆزێتەوە،

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.
(٢) جيرار جنيت وآخرون، الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالرحيم حزل، ص٢١.
(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢-٢٣.
(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.
(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧-٣٨.

که لە ڕۆمانەکەدا فەزای لەسەر بنیاتنراوەو دەبێتە هۆی جیاوازیی ئەو دەقە لە دەقەکانی تر، بۆیە چۆنیەتیی هەڵبژاردنی فەزایەکی دیاریکراو پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە بەرهەمهێنانی دەق و کارکردنەکەیەوە.

## تەکنیکی کات و شوێن لەگەڵ تەکنیکی فەزای ڕۆمان.

### ـ هاوسەنگی نێوان کات و فەزا:

بۆ دەرخستنی پەیوەندی هاوسەنگی نێوان کات و فەزا و ئاماژەدان بە وابەستەیی نێوانیان، راوبۆچونی زۆربەی ئـەو لێکۆڵەرو رەخنەگرانە وەردەگرین، کە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لە پەیوەندیی نێوان کات و فەزا دواون. سەرەتا رای (ئەفلاتۆن) وەردەگرین، کە پێی وایە "کاتی ڕەها ئەو کاتەیە، کە نەگۆڕەو پەیوەندی بە جوڵانەوە نییەو بەستراوە بە جیهانی نموونەکانەوە، کەچی کاتی دووەم (جیهانی هەستی) دەگۆڕێ و جوڵانەوە کاری تێ دەکاو ئەزەلی نییە"[١]، بەڵام (ئەرستۆ) پێی وایە شوێن و کات لە پارچەی بێکۆتایی پێکهاتوون، لە هەمان کاتیشدا بەیەکەوەبەستراو و کۆتادارن و شایەنی دابەشبوونن بۆ پارچەی بێکۆتایی، چونکە لەیەک کاتدا ژمارەی پارچەکانی شوێن و کات هەم کۆتادارن و هەم بێکۆتایین[٢]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەردوو ڕەگەزی کات و شوێن بەیەکەوە بەستراون و لەیەک دابڕاو نین، چونکە هیچ ڕووبەرێکی شوێن نییە ساتەکانی کاتی بەسەردا تێنەپەڕێت و هیچ پانتاییەکی کاتیش نییە لە ڕووبەرێکی شوێن دەرنەکەوێت، کەواتە بە لای ئەرستۆوە شوێن و کات لە ڕووی پەیوەندیی و لە ڕووی سروشتیشیانەوە بە یەکەوە بەستراون، بۆیە ناتوانین لە یەکیان جیا بکەینەوە. تەنانەت یەکێکی وەکو (سامۆیل ئەلیکسەندەر) کاتێک باس لە جۆرەکانی کات (رابردوو و ئێستاو داهاتوو) دەکات، دەیانبەستێتەوە بە شوێنەوەو دەڵێت: "ئەو کاتانە لە شوێندا یەک دەگرنەوە، چونکە سەرچاوەی بەیەکەوە بەستنیان لە شوێندایە"[٣]. هەروەها (ئەرستۆ) کاتی بە جووڵانەوە بەستووەتەوەو ئەوەی دەرخستووە، کات بێکۆتاییە، چونکە جووڵانەوە کۆتایی نایەت، بۆیە بە بۆچوونی ئەو "کات لە هەموو جووڵانەوەیەکدا هەیە، چونکە هەرجووڵانەوەیەک ماوەی تایبەتی خۆی هەیە"[٤]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کات لای (ئەرستۆ) سەرەتاو کۆتایی نییە،

---

(١) د. سيد محمد غنيم، مفهوم الزمن عند الطفل، مجلة عالم الفكر، المجلد الثامن، العدد الثاني، ١٩٧٧، ص٧٠.

(٢) بڕوانە: مصطفى غالب، أرسطو، ص٦٩.

(٣) د.يحيى هويدي، دراسات في الفلسفة الحديثة والمعاصرة، دارالثقافة للطباعةوالنشر، القاهرة،١٩٨١، ص١٦١.

(٤) أميل برهييه، تاريخ الفلسفة، الفلسفة اليونانية، ترجمة: جورج طرابيشي ج١، ط١، دارالطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٢، ص٢٧٥.

لەبەرئەوەی جوڵانەوە کۆتایی نییە، هەر لەبەر ئەمەش ناتوانین بە دابڕان لە جووڵانەوە، بیر لە بوونی بکەینەوە.

(ئەرستۆ) گرنگییەکی زۆری داوە بە کات بە تایبەت کاتی سەرەتا، چونکە پێیوایە کە سەرەتای کاتی ئایندەو کۆتایی کاتی رابردوو لە کاتی ئێستادا کۆدەبنەوە، هەروەها هەندێک پاشکۆ دەخاتە ڕوو، کە بەستراون بە جوڵەوە لە زەینی جەماوەردا، کە بریتین لە: ناکۆتایی، شوێن، بەتاڵایی و کات[١]. بەمەش بەشێکی گرنگی کات و پێویستیی وجودی کاتی داوە بە شوێن و پاشکۆکانی، کەچی (ئەفلاتۆن) بە پێچەوانەی ئەرستۆوە کات لە گۆڕان و جوڵانەوە دادەبڕێت، وەک لە سەرەتا ئاماژەمان پێیدا، کەواتە لای (ئەفلاتۆن) کاتی جیهانی نموونەکان ئەزەلی و نەگۆڕە، بەڵام کاتی دووەم کاتێکە کۆتایی هەیە، چونکە خاسیەتی گۆڕان و جوڵانەوەی هەیە.

بەبێ ئەم دووانەش کات گرنگترین خاسیەتی بوونی خۆی لەدەست دەدات، بە تایبەتی گۆڕان، چونکە وەکو (هیراکلیتس) لە ووتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: "تۆ ناتوانیت دوو جار لە ئاوێکدا مەلە بکەیت، چونکە ئاوێکی نوێ بە ڕووبارەکەدا تێدەپەڕێت"[٢]، کەواتە بەلای هیراکلیتسەوە گۆڕان بناغەی هەقیقەتە. هەروەها لە روانگەی (ئەفلاتۆن)ەوە فەزا پێش ڕێکخستنی گەردوون هەڵگری دۆخ گۆڕییەکانی چوار رەگەزەکە (ئاو، ئاگر، گڵ و هەوا) بووە، ئەمەش بە پێچەوانەی کاتەوە کە لەگەڵ سەرهەڵدانی گەردووندا هاتۆتە ئاراوە . سەرەتاش ئـەم رەگەزانە، کـە فەزا لەناو خۆیدا هەڵی گرتبوون، بـە ناڕێکخراوی و شێواوی دەگۆڕان و فەزا ئەوانی دەبزواند، بەڵام (گۆدمان) سەلماندوویەتی رابردوو و ئێستاو داهاتوو و کاتی بەسەرچوو وشەی زۆر ناڕوونن بە رادەیەک، کە گوتەزای ساختەن، بە لایەنی کەمەوە لە ڕووی دیاریکردنیان بە گۆکراوی زمانی و ســەرەنجام دەگاتە ئەوەی، کە بڵێت "شتێکی سەیرە لە کۆتاییدا ئەوە بسەلمێنرێت، کە کات نەک هەر زۆر لە فەزا رەوانرەو (انسیابی)تر نییە، بەڵکو راستر ئەوەیە کە زۆر هێواشترە"[٣].

(ئیمێل بۆریل) لە کتێبی (فەزا و کات)دا وای دادەنێت بیرۆکەی هۆیەتی و کات حەقیقەتێکن زیاتر لەسەر فەزا دامەزراون بەو پێیەی بەستراوە بە مەسافەو وەکیەکیی لەگەڵ دەستەیەکی دیاریکراو لە سەرنجدەران[٤]، هەروەها (هانس راشیناخ)یش لە کتێبی "فەلسەفەی فەزا و کات "دا ئـاماژەی بەوە کردووە هەر یەک لە فەزاو کات ملکەچی ماقوڵییەت و شەفافیەتن و رەهاو ئازادن لە

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

(3) Nelson Goodman, The structure of appearance, third edition, D. Reidel publishing Company, Dordrecht – Holland, Boston, U.S.A., 1977, P. 267.

(٤) بڕوانە:

Emil Borel, Space and Time, Dover Publications, INC,New York, 926, p.163-164.

پاشخانە خودییەکان[1]. (ئەدۆڵف گرۆنبۆم)یش رایگەیاندووە ڕووداوەکان لە سنوری خۆیاندا هیچ قاڵبێکی کاتییان نییە، لەمەشدا شوێن بۆچوونی (مۆریتز شلایک) کەوتووە، کە وتوویەتی: "بونیادی رابردوو لە رێکخستنی فەزاییانەی شتەکان هەڵدەهێنجرێت"[2]. لەم وتەوە ئەوە هەڵدەهێنجین، کە دەقی ڕۆمان بەو پێیەی رابردووە ئیحای ئەوە دەدات خوێنەر زیاتر فەزاییانە رووبەڕووی دەقەکە دەبێتەوە نەک کاتییانە، کەواتە ئەوەی لە خەیاڵی خوێنەردا شێوەگیر دەبێت بە فەزایی دادەنرێت نەک کاتی، چونکە ئەو ڕووداوانەی ڕۆمان تۆماریان دەکات بەشێوەیەکی گەورەتر و وردتر دەدرێنە پاڵ فەزا، نەک کات، ئەمەش کەمکردنەوە نییە لە پایەی کات، بەڵکو کات بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی دەقی ڕۆمان دەهێڵێتەوە.

ئەمە لە کاتێکدا، کە فەزا بەبێ دەستەبەربوونی ڕەگەزی کات لە خۆیدا شێوەگیر نابێت، کاتێکیش لێکۆڵەرەکان جیاوازی دەکەن لەنێوان هەردوو زاراوەی فەزاو کاتدا، ئەمە تەنها لەپێناو لێکۆڵینەوەدایە، چونکە ناچێتە عەقڵەوە فەزا لە کات دابپڕێنرێت، بەبێ کاتیش هیچ چەمکێک بوونی نییە، لەبەرئەوەی لە نەریتی فەلسەفیدا هەردەم پێش ئەوەی پرسیار لەبارەی فەزا بکرێت پرسیار لە (کات) دەکرێت، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەموو ڕووداوەکان لە کاتێکدا روودەدەن. ئەوەتە (قەشە ئۆگەستین) کۆمەڵێ بۆچوونی جیاوازی لە بارەی کاتەوە دەربڕیووەو گوزارشت لە گرنگیی کات و رادەی ئەستەمیی دەرکپێکردنی دەکات و دەڵێت: "پاشان کات چییە؟ ئەگەر یەکێک ئەمەم لێ بپرسێت، دەزانم (چییە)، ئەگەریش بمەوێت روونی بکەمەوە بۆ ئەو کەسەی پرسیاری لێکردووم، ئەوا نازانم (چۆن) بۆی روون بکەمەوە"[3]. هەروەها (ئۆگەستین) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی لە روانگەی خودیەوە سەیری کات دەکەن و پێیوایە جیهان ڕەنگدانەوەی هەستەکانی مرۆڤە و لە رێگای هەستەکانەوە پەی بەو جیهانە دەبرێت، ئەگەر نا ئەو جیهانە بوونی نییە، هەر بۆیە کات بە ماوە دانانێت، بەڵکو بە هەستێکی دادەنێت کە لە ساتە وەختێکدا هەستی پێدەکات. بەمەش ئۆگەستین سوور بوو لەسەر ئەو رایەی خۆی، کە کاتی بە شتێکی زەینی دادەناو دەیگوت: "من لە زەینمدا کات دەپێوم"[4]. هەر ئەم چەمکەش بووە هۆی پەرەسەندنی چەمکی

(١) بڕوانە:
Hans Reichenbach,The Philosophy of Space and Time,Translated by: Maria Reichenbach and John Freund, New YORK, 1958, P. 274-286.
(2) Adolf Grubaum, Philosophical problems of Space and Time, second edition, D. Reidel publishing Company, Dordrecht – Holland, Boston, U.S.A., 1973, p. 403.
(٣) القديس أغستينوس، أعترافات، ترجمة: إبراهيم الغربي، المجمع التونسي للعلوم وآلاداب والفنون "بيت الحكمة"، تونس، ٢٠١٢، ص٣٧٥.
(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٣.

سایکۆلۆجیانەی کات و ئەوە دەرکەوت کە بە کاتی خودیی یاخود دەروونی ناودەبرێت، ئەمەش بووە بناغەیەک بۆ تیۆرەکانی (برگسۆن) لە کتێبی "کات و ئازادی"دا ساڵی ١٨٨٩[١].

(هنری برگسۆن) لە "دەروازەیەک بۆ میتافیزیکا"دا ساڵی ١٩٠٧ سەرنجی خستە سەر سروشتی ڕێژەیی فەزا لە ڕێگەی خەیاڵەوە، لەمەوە سروشتی بەردەوامی (الدیمومة) و یادگە (الذاکرة)ی دۆزییەوە، بۆ شیکردنەوەی چەمکی کات، بەردەوامی کاتی کردووە بە بناغەی بۆچوونەکانی، یادگەش لای ئەو گرنگی و بایەخێکی زۆری پێدراوە، چونکە لە ڕێگەی یادگەوە دەتوانرێت "رابردوو بە ئێستا و ئێستاش بە ئایندەوە ببەسترێتەوەو بەردەوامییی پێ بدرێت"[٢]، برگسۆن جگە لە بەردەوامی و یادگە لەو ڕۆمانوسانەش دواوە، کە لە ڕۆمانەکانیاندا وا مامەڵە لەگەڵ فەزا دەکەن، کە ڕێژەییە[٣]. هەر ئەمەش بوو وای لە (هانس مایەرهۆف) کرد کات بکاتە خاوەنی دوو رەهەند، کە بریتین لە: رەهەندی کرۆنۆلۆجی (بابەت) و رەهەندی سایکۆلۆجی و خودی، کە پشت دەبەستێت بە یادگەو چاوەڕوانیەکان و هۆشیارییەکی تەواو پەرەسەندووترە لە چەمکەکانی داهاتوو و رابردوو[٤]. هەروەها بۆچوونەکانی (برگسۆن) کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر بۆچوونەکانی (گاستۆن باشلار)، بەتایبەت ئەو بۆچوونانەی باس لە بەردەوامی و چەمکە خودیەکان دەکەن، لای (باشلار) کاتی ئێستا ئـەوکاتەیە کە کاتەکانی تری لێوە لەدایک دەبن، بەتایبەتی کاتی ئایندە، بەمەش کات لای ئەو بەردەوام و نەپچڕاوە "بە هەموو هێزێکمانەوە راستەوخۆ بەرەو ئایندە هەوڵ دەدەین، هەر ئەو هێزە پاڵنەرەشە کە بەردەوامیەتی ئێستامان پێک دەهێنێت"[٥]. راستە بۆچوونەکانی (برگسۆن) کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لەسەر بۆچوونەکانی (گاستۆن باشلار)، بەتایبەت ئەو بۆچوونەی کە پەیوەندی بە بەردەوامیی کاتەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە مەسەلەی پێوانی کات و پەیوەندی بە چەمکی شوێنەوە هاوڕانین، چونکە (برگسۆن) پێی وایە بۆ پێوان و دیاریکردنی کات پێویست ناکات سوود لە مەوداکانی شوێن وەربگیرێت، کەچی (باشلار) بەپێچەوانەوە ئەمە بە پەسند دەزانێت و جەخت لەوە دەکاتەوە، کە کات بە چڕی لە شوێندا دەردەکەوێت[٦]، واتە بە لای ئەمەوە دیاریکردنی پێوانی کات پەیوەندی بە شتە نەگۆڕەکانی ناو شوێنەوە هەیە.

---

(١) بڕوانە: سعيدي عبدالفتاح، مفهوم الزمان بين برغسون واينشتاين، رسالة ماجستير، جامعة الإخوة منتوري كلية العلوم الإنسانية والعلوم الاجتماعية، قسم الفلسفة، قسنطينية، ٢٠٠٧، ص٦٨ .

(٢) د.عاطف جودة نصر، الخيال (مفهوماته و وظائفه)، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة،١٩٨٤،ص٥٥-٥٦.

(٣) بڕوانە: هنري برغسون، الاعمال الفلسفية الكاملة، ترجمة: سامي الدروبي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٧، ص٧٦.

(٤) بڕوانە: هانز مايرهوف، الزمن في الآدب، ترجمة: د. أسعد عبدالرزاق، ط١، مؤسسة سجل العرب، القاهرة،١٩٧٢، ص١١.

(٥) غاستون باشلار، حدس اللحظة، ترجمة: رضا عزوز و عبدالعزيز زمزم، دار التونسية للنشر، تونس، ١٩٨٦، ص٢٩.

(٦) بڕوانە: غاستون باشلار، جماليات المكان، ص٤٦ .

(باشلار)ی رەخنەگر و فەیلەسوفیش جگە لەمە لە کاتی باسکردنی پەیوەندیی نێوان کات و شوێندا ئاماژەی بەمە کردووەو دەڵێت: "شوێن لە ژورۆچکە داخراوەکەیدا کە لە ژماردن نایەت بە چڕی کاتی لەخۆی گرتووە، هەر ئەمەش ئەرکی شوێنە؟ فەزا چەند گرنگ و بەهادار بێت، ناتوانێت دوور لە کات ئەرکەکەی بەجێ بهێنێت"[١]. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە بوونی مرۆڤ پێویستی بە بوونی فەزایە، هەموو ئەمەش پێویستی بە کاتێکە، کە ڕووداوەکان تیایدا روو دەدەن، لەسەر ئەم بنەمایەش پەیوەندیی فەزا بە کاتەوە پەیوەندییەکی بەتینە و ناتوانرێت لەیەک جیا بکرێنەوە.

(ئەی. ئەی. مەندەلاو)یش لە کتێبی (کات و ڕۆمان)دا پێی وایە، کە ئەگەر سیفەتی کرۆکیی هونەری فەزا، هاوکاتیی ئێستایی بێت، ئەوا سیفەتی کرۆکیی هونەری کات، بەدوای یەکداهاتنە، هەروەها هونەری فەزا پێچەوانەییە کەچی هونەری کات لە کرۆکیدا پێچەوانەیی نییە، بەم جۆرە ئەدەب و سینەماو سەماو مۆسیقا هونەری کاتین، ئـەمانە لە بنەمادا بـەدوای یەکدا هاتوون و پێچەوانەیی نین، بـەڵام هەڵکۆڵین و تەلارسازی دوو هونەری فەزایی هاوکاتیی ئێستایین و لە کرۆکیاندا پێچەوانەیین[٢]. ئەمەش واتای ئەوەیە دەکرێ ڕۆمان لە کۆتایی ڕووداوەکانەوە دەست پێ بکات، واتە باری هەڵگەڕاوە، لە کاتێکدا هونەرەکانی تر، بۆ نمونە وێنەکێشان (الرسم) ناتوانرێت ملکەچی سەرەتای هەڵگەڕاوە بکرێت، چونکە ملکەچی بینینی هەمەکیی سەراپاییە[٣].

کارکردنی لێکۆڵەرەکان لە بواری ئەدەبی نوێدا بەرەو فۆڕمی فەزا دەچێت و هەوڵی تێگەیشتنی بەرهەمە ڕۆمانییەکان دەدەن لەسەر ئەو بنەمایەی بەرەو دوای ئێستایین، واتە لە فۆڕمە فەزاییەکەیدا نەک بەو پێیەی وا دابنرێت تەنها بەدوای یەکداهاتووی ئێستاییە. "کات لە هونەرە فەزاییەکاندا ئیهامێکی لاوەکی پێکدەهێنێت، لە کاتێکدا فەزا لە هونەرە کاتییەکاندا ئیهامێکی ئیستاتیکیی لاوەکی دەگەیەنێت، پاشان ئیهامی لاوەکیی ڕۆمان هۆکارێکی فەزاییە لە هونەری کاتیی ڕۆماندا، کە لە ڕێگەیەوە بەدیهاتنی تەواوی فۆڕم بەرهەم دێت"[٤]. لەوانەیە ئەمە بووبێتە هۆی لە جیاتی گرنگیدان بە فەزای ڕۆمان، گرنگی بە کاتی ڕۆمان بدرێت و هەوڵی لێکدانەوەی فەزای ڕۆمان بدرێت، کە فەزای زمانیی (نوسراوی کاتیی زمانە)و هیچ شتێکی تر نییە، کراویشە بە ڕەگەزێکی لاوەکی، کە بناغەکەی کاتە، بەڵام لەم قسەیەدا ئاڕاستەیەکی تر دەبینین، ئەویش ئەوەیە ناتوانین وا تێبگەین فەزا لە ڕۆماندا ڕەگەزێکی لاوەکییە، بە ئەندازەی ئەوەی ڕەگەزێکی شێوەکارییەو هاورەوتی

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

(٢) بڕوانە: أ.أمندلاو، الزمن والرواية، ترجمة: بكر عباس، دار صادر، بيروت، ١٩٩٧، ص٢٩ .

(٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

(٤) جوزيف إ. كيسنر، شعرية الفضاء الروائي، ترجمة: لحسن احمامة، إفريقيا الشرق، الدارالبيضاء، بيروت، ٢٠٠٣، ص٢٦.

ڕەگەزی کاتە، بەڵکو هەندێک جار ئەو کاتە لە خۆی دەگرێت و دەبێتە یەکێک لە پێکهێنەرەکانی، واتە مانای فەزا فروانتر و گشتگیرتر دەبێت لە چەمکە کۆنەکە، کە تەنها بەستراوە بە شوێنەوە.

لەوەی پێشتر باسکرا دەگەینە ئەوەی، ئەگەر فەزا هاوواتای شوێن بێت، ئەمە واتای ئەوەیە دەبێتە هۆکاریکی لاوەکی سەبارەت بە هونەرە کاتییەکانی وەک ڕۆمان و شیعر، ئەوەی ئەم قسەیەش دەسەلمێنێت ئەوەیە، کە (جۆزیف فرانک) لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەناوی (شێوەی فەزایی لە ئەدەبی نوێدا) لەو وتەیەیدا بۆی چووە، کە دەڵێت: "بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەوەی بۆ نمونە وێنەو پێکهاتە قسەییەکان لە واتاکانیاندا لەسەر پەیوەندییە کاتییەکان نەوەستاون، بەڵکو ڕاستتر لەسەر گەڕانەوەو بەدوای یەکداهاتنی ئێستایی وەستاون، نەک لـەسەر گونجان لەگەڵ یاساکانی زماندا"[1]. وەک ئەوەیە هەموو ئەوەی لە جیهانی ڕۆماندا ئەنجام دراوەو بەستراوە بە کاتەوە، هۆکاریکە لە پێکهاتنی کاتی ڕۆماندا و لە ئەسڵدا لە فەزای ڕۆمانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام فەزای ڕۆمان بە تەنیا دەرناکەوێت، بەڵکو لە بەرگی کاتدا خۆی شاردووەتەوە، کە چووەتە پێگەی تاوانکردن بەرامبەر بە فەزا. کەواتە فەزا وەک پێکهێنەرێکی سەرەکیی ڕۆمان کارتێکەرێکی بەهێزە لە کاتدا، ڕۆڵەکەشی لەو خاڵانەدا دەردەکەوێت، کە کات دەستەوسانە لەوەی یارییان تیادا بکات، بەم جۆرە نوسەر گەمەی کات بە فەزا دەبەخشێت بۆ ئەوەی لە دوا شێوەیدا دەری بهێنێت. تەنانەت ئەگەر فەزا بە ئیهامێکی لاوەکیش دابنێین سەبارەت بە ڕۆمان بەو پێیەی هونەرێکی کاتییە، ئەوا ئیهامێکە هەر دەبێت هەبێت و ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت، چونکە گرنگیی خۆی هەیەو ئەم گرنگییە دەیکاتە پەیکەرێکی سەرەکی لە ڕۆماندا، (ئەی. ئەی. مەندەلاو) جەختی لەم بیرۆکەیە کردووەتەوە، وشەی لاوەکیش تەنها بۆ جیاکردنەوەی هونەرە، چ فەزایی بێت یان کاتی، ئەمە ناوێکە لەناو سیاقدا و هەڵسەنگاندن نییە.

فەزا ڕەگەزێکە کۆمەڵێک ئەرکی ڕێکخەر دەبینێت لە ڕۆماندا، ڕەگەزە فەزاییەکان لە ڕۆماندا بریتیین لە هەموو پێکهێنەرەکانی ڕۆمان، گرنگترینیان چەمکی شوێنی پەیوەست بە گۆشەنیگایە، ئەمەش چەمکێکی فەزایی هونەرییە دەچێتە ناو هونەری کاتییەوە، (ڕۆلان بارت) ئەمەی دەربڕیوەو وای داناوە زمان زیاتر ستونییە یان بە فەزاکراوە، نەک ئاسۆیی یان بەدوای یەکداهاتوو، لەمەدا هاوڕای جیرار جینێت نییە، کە وای داناوە فەزای ئەدەبی تەنها لە زماندا بەرجەستە دەبێت، واتە ئەوە ئێستایی زمانە فەزایەکی ئەدەبی دروست دەکات[2]. ئەم ڕایە دوورمان دەخاتەوە لەو هێڵگەرییە پەتییەی زمانەوانەکان باسیان کردووە، بۆ ئەوەی لێکۆڵەرەکان ئاگاداری کایەی خەیاڵکردی نوسینی ئەدەبی بن، واتە پێویستە توێژەر تەنها لەسەر پەیوەندییە ئاسۆییەکانی تەنیشت یەک نەوەستێت،

(1) Joseph Frank, The Idea of Spatial Form, Rutgers university Press, New Brunswick and London, 1991, p.11.

(٢) بڕوانە: رولان بارت و جيرار جنيت، من البنيوية إلى الشعرية، ترجمة: د. غسان السيد، ط١، دار النينوى للدراسات والنشر والتوزيع، سوريا، ٢٠٠١، ص٢٠- ٣٢ ؛ جيرار جنيت وآخرون، الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالرحيم حزل، ص١٢-١٤.

بەڵكو پێویستە تێیانپەڕێنێت و بچێتە سەر پەیوەندییە ستونییەکان، کە هێزی مەودا (دووری)مان بۆ دەنوێنن و هەموو بەهایەکی بابەتیی ناو دەقی ڕۆمان چارەسەری دەکات لەسەر ئاستی پەیوەندیی شوێنەکان، لەکوێش خودی پرۆسەی دەرککردن خۆی سەپاند، بەو دەرککردنەکە، کە بەرهەمی تێڕامانە، هۆشیاریی فەزایی بەدەست دەهێنین. لەمەوە روون دەبێتەوە، کە هۆشیاریی فەزایی لە ئەنجامی توانەوەی پێکهێنەرەکانی دەقی ڕۆمانەوە دێت، ئەمەش بە چوونە ناو خەیاڵی ڕۆمان بەدی دێت، لە ڕێگەی تێڕامانیشەوە دەگەینە فەزای ڕۆمانەکە، کە بەو ئەندازەیەی شتێکی ناوەکییە ڕواڵەتییانەش دەردەکەوێت.

لەوەی پێشتر باسکرا چەمکێکی تر بۆ فەزای ڕۆمان دێتە کایەوە، چونکە هەموو هونەرێکی فەزا تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکان بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت، هونەرە فەزاییەکانی وێنەکێشان و هەڵکۆڵین و تەلارسازیش لە ڕێگەی تایبەتمەندییە فەزاییە جیاکەرەوەکانیانەوە مادەیەکی خاو بە هونەری ڕۆمان دەبەخشن، چونکە نوسەری ڕۆمان لە دروستکردنی کارەکتەرەکاندا پشت دەبەستێت بە ڕەگەزەکانی هەڵکۆڵین لەسەر زەمینەو پانتایی شوێن لە ڕۆمانەکەدا.

لـەم بوارەدا نوسەرانی ڕۆمان زۆر سوودیان بینیوە لـە بیرۆکەی (تەختی و بەرینی) و (بازنەیی) بۆ وەسفکردنی کارەکتەرەکان، هەروەها هونەری ڕۆمان لە شێوەگیرکردنی پەیکەری ڕۆماندا زۆر سودی لە هونەری تەلارسازی بینوە، کە لە: (خوازەی رەوانبێژی، ڕەگەزەکانی وشە و رستەو پەرەگراف، سستەمی بەشەکان)دا خۆی دەنوینێت، هەموو ئەم ڕەگەزانە ئەوە دەگەیەنن ڕۆمان گەشە دەکات و بەرەو شورابەندییەکی فەزایی دەچێت. ئەگەر کات بازنەیی بێت و جوڵەی نەبێت، واتە فەزایی و بێ جوڵە بێت، ئەوا هۆکارگەریش فەزاییە نەک کاتی، بەم پێیەش خودی زمان زیاتر فەزاییە وەک لەوەی کاتی بێت، بەم جۆرە فەزا لە جیهانی ڕۆماندا بەرجەستە دەبێت.

چەمکی فەزا بەستراوە بە لایەنێکی ترەوە، ئەویش لێکۆڵەری هونەری ڕۆمان یاخود رەخنەگرە لە خۆیدا، پرۆسەی رەخنەیی چەمکی بازنەیی یاخود هەمەکێتی دەسەپێنێت بۆ تێگەیشتنێکی راستەقینە. رەخنەگر پشت بە راڤەکردن دەبەستێت، راڤەکردنیش لە خۆیدا بابەتێکی فەزاییە، واتە فۆرمێکی فەزاییانەی هەیە، رەخنەگر ناتوانێت لە کارەکەیدا ڕەگەزە فەزاییەکانی ڕۆمانەکە پشتگوێ بخات، کە ئامانجی رامانەکەی و خستنەڕووی هزرەکانیەتی لەبارەیەوە. خودی (گریماس)یش ئەو کاتگەرایییەی رەتکردووەتەوە کە لە دەرەوەدا تەحەکوم بە گوتارەوە دەکات، ئەو بەڕووی فەزاگەریی ناوەکی گوتاردا کراوەتەوە، کە لەسەر ناوەڕۆکە ناوەکییەکەی وەستاوە لەوەی کە پەیوەستە بە ناوەڕۆکەکانەوە، چونکە ئەو لەناو گوتاردا جۆرە کاتێکی تر دەدۆزێتەوە کە پارێزگاری لە داخرانی دەق

دەكات[1]. هەروەها كاتێک باس لە پەیوەندی نێوان شوێن و فەزا دەكرێت ئەوا ئەركی فەزا لەم رووەوە ئیهامێكی لاوەكی كاریگەر دەبێت لە دەقدا، ئەمەش لەم بۆچوونەی (شارل كریفل)ەوە دەردەكەوێت كاتێک لە بارەی شوێن لە دەقی ڕۆماندا دەدوێت و پێیوایە ئەو شوێنە وا لە دەق دەكات و وا دەردەكەوێت وەک ئەوەی راستەقینەیە، یان مەزەندەی حەقیقەت دەدات، چونكە وادیارە گێڕانەوە بەو كات و شوێنەی تیایدایە وەک لاساییكردنەوەی تەواوی جیهان وایەو مۆركی ئێستایی وەردەگرێت، لەبەرئەوەی ئەوە دەگێڕێتەوە كە لە واقیعی ئێستادا روو دەدات، بەڵام ناونانی شوێن و دیاریكردنی دەق دوو كارن ئیحای واقیع دەگەینن[2].

هەر سەبارەت بە پەیوەندی نێوان كات و فەزا (حسن بحراوي) دەڵێت: "هەموو چیرۆكێک پێویستی بە خاڵێكی دەستپێكردنە بۆ كات و خاڵێكی تێكەڵبوونیش (إدماج) بۆ شوێن"[3]، ئەمەش واتای ئەوەیە هەر بەرهەمێكی ڕۆمان هـەمیشە پێویستی بـە پێكەوە هاتنی هەردوو ڕەگەزی كات و فەزایە، لە شوێنێكی تردا دەڵێت: "روداوی ڕۆمان بە سەرجەم كایە كاتی و شوێنییەكان پێش دەكەوێت، بەبێ ئەم تەوەرانە ئەستەمە گێڕانەوە بتوانێت پەیامی گێڕانەوەكەی بگەیەنێت"[4]. ئەمەش واتای ئەوەیە لە هەر ڕۆمانێكدا ڕووداو پێویستییەكی زۆر بەكات و شوێنە بۆ ئەوەی ئامانجەكەی بەدی بهێنێت. (محمد مرشد)یش لە قسەكردنیدا لە بارەی كاتەوە ئاماژە بەوە دەكات، كە "شوێن و كات دوو هاوبەشن و لە یەک جیا نابنەوە، كات بە جۆرێک لە جۆرەكان لەبەر هۆكارێكی سادە، كە جوڵەیە، تێكەڵ بە شوین دەبێت"[5]، واتە هەر یەكە لە كات و فەزا سەرەڕای جیاوازییەكەیان لەڕووی ئەركەوە، بەڵام لە سیفەتی جوڵەو بەردەوامیدا هاوبەشن.

لە كاتێكدا دەبینین (سیزا قاسم) كاتێک باسی ڕۆمان دەكات، لە پەیوەندیی نێوان فەزا و كات دەدوێت و دەڵێت: "ئەگەر كات ئەو هێڵە بنوێنێت كە ڕووداوەكان لەسەری دەڕۆن، ئەوا شوێن لەسەر ئەو هێڵە دەردەكەوێت و لەگەڵیدایەو لەخۆی دەگرێت"[6]، ئەمەش واتای ئەوەیە هەر یەک لە كات و فەزا بەشێكی دانەبڕاون لە یەكتری، واتە كات و فەزا گوزارشتن لە "دوانەیەک كە لە یەكتر جیا

(١) بڕوانە: عبدالواحد المرابط، السيمياء العامة وسيمياء الأدب (من أجل ترجمة صور شامل)، ط١، الدار العربية للعلوم ناشرون- منشورات الاختلاف، دار الأمان، لبنان – الجزائر، الرباط، ٢٠١٠، ص١٤٣.

(٢) بڕوانە: جيرار جنيت وآخرون، الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالرحيم حزل، ص٧٢-٧٧.

(٣) حسن بحراوي، بنية الشكل الروائي، ص٢٩ .

(٤) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی پێشوو .

(٥) احمد مرشد، البنية والدلالة في روايات ابراهيم نصرالله، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، لبنان، دار الفارس للنشروالتوزيع، عمان، ٢٠٠٥، ص٢٣٣.

(٦) سيزا أحمد قاسم، بناء الرواية "دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ"، ط١، دار التنوير، بيروت، ١٩٧٥، ص١٠٢.

نابنەوە"[1]، وەک پەڕەیەکی دوو ڕوون، کە ناتوانرێت رووی یەکەمی لە ڕووی دووەمی جیا بکرێتەوە. هەروەها دکتۆر (عبدالكريم الجبوري)یش ئاماژە بە هەمان بیرۆکە دەکات کاتێک دەڵێت: "کات جمکی شوێن و هاوڕێیەتی، شوێن بەبێ کات نابێت و پێچەوانەکەشی راستە، کات سەداو ئاوازی خۆی هەیە. لێرەوە کات ئیلهامبەخش و کاریگەر و هاندەرە، یادەوەری دەکاتەوەو لەگەڵ رۆحدا کارلێک دەکات، چۆن خەیاڵی زەوییەک دەکەین لەبارەی جێگەیەکەوە دەنوسین لە شوینێکدا بەبێ کات"[2]، ئەمەش واتای ئەوەیە هەردووکیان رۆڵی سەرەکیی و کردەییان هەیە لە ڕۆماندا، بەڵام رەخنەگری روسی (میخائیل باختین) (١٨٨٥ـ ١٩٧٥) لە هەردوو وشەی کات و شوێن زاراوەیەکی نوێی داڕشت، کە بریتییە لە شوێنکات (الزمكانية)، بۆ دەلالەتکردن لە پەیوەندیی بەهێزی نێوانیان، هـەبوونی کاتیش پێویستە بـۆ هەستکردن بە بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکان و کات .

ئـــــەم زاراوە لێکدراوەش (شوێنکات)، کات لە شویندا بەرجەستە دەکات و شوێنیش لە کاتدا بەرجەستە دەکات بەبێ ئەوەی هەوڵی ئەوە بدات یەکێکیان بەسەر ئەویتریاندا پەسەند بکات، چونکە (باختین) وای ناساندووە، کـە "پێکەوە بەسترانی ناوەکییانەی هونەریی پەیوەندییەکانی کـات و شوێنە کە لە ئەدەبدا گوزارشتیان لێ دەکرێت"[3]. لە شوینێکی تریشدا دەیناسێنێت و دەڵێت: مەبەستمان لە شوێنکاتی هونەریی ئەدەبی توانەوەی پەیوەندییەکانی کاتە لە شوێندا، هەروەها توانەوەی پەیوەندییەکانی شوێنە لە کاتدا، بەجۆرێک کات چڕ دەبێتەوەو دەچێتەوە یەک تا دەبێتە شتێکی هونەریی بینراو، هەروەها شوێنیش چڕ دەبێتەوەو تێکەڵ بە جوڵەی کات دەبێت، ئەم یەکتربڕین و تێکەڵبوونەش کاتی هونەری دیاری دەکەن[4]، ئەمەش واتای ئەوەیە هەردوو ڕەگەزی کات و شوێن تەواوکەری یەکترن.

هەروەها باختین زاراوەیەکی تر بۆ پەیوەندیی کات بە شوێنەوە دادەنێت، کە بریتییە لە کرۆنۆتۆپ (Chronotope)، مەبەستیشی لەمە "ئامادەیی کاتە بە خەزنکراوی لەناو شوێندا"[5]، ئەمەش بە وەرچەرخانێک دادەنرێت لە پەرەدان بە چەمکی کاتدا و قورسیشە لە کاتی پڕاکتیکدا

---

(١) سيزا أحمد قاسم، القارىء والنص (العلامة والدلالة)، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٢، ص٦٧.

(٢) عبدالكريم الجبوري، الابداع في الكتابة الروائية، ط١، دار الطليعة الجديدة، سوريا، ٢٠٠١، ص٤٥.

(٣) ميجان الرويلي و سعد البازع ، دليل الناقد الادبي، ط٤، المركز الثقافي العربي، بيروت، لبنان، الدار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٥، ص١٧٠.

(٤) بڕوانە: اسماء شاهين، جماليات المكان في روايات جبرا ابراهيم جبرا، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر،بيروت، لبنان، دار القارىء للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠١، ص١٢٥-١٢٦.

(٥) عمر عاشور، البنية السردية عند الطيب الصالح "البنية الزمنية والمكانية في موسم الهجرة الى الشمال"، دار هومة للنشر والطباعة والتوزيع، الجزائر،٢٠١٠ ، ص٣١ .

لەسەر ڕۆمان لە ڕێگەی ئەمەوە کات و شوێن لە یەک جیا بکەینەوە[1].کەواتە هەبوونی کات واتای بوونی شوێنە، لەگەڵ هەر شوێنێکیشدا یادگە چالاکی و زیندوویەتییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، چونکە سیمای شوێن لە ڕێگەی کاتەوە دەگۆڕێت، ئەمەش لە میانەی پێشکەشکردنی شوێنەکان لەلایەن نوسەرەوە لەپێناو ڕوونکردنەوەی هەندێک لە گۆشەکانییەوەو دەرککردن بە سروشتی فەزاکانی، هەروەها لە لایەن خوێنەریشەوە لە ڕێگەی پشتبەستن بەکاتی ڕابردوو وەک تەکنیکێکی پیادەکراو[2]. لەم بۆچوونانەوە، کە هەندێک جار لێک نزیکن، ئەوە ڕوون دەبێتەوە واتای فەزا وەستاو نییە، بەڵکو هەمەکییە، لێرەدا ئەو بیرۆکەیە دەخەینەڕوو، کە فەزا بە شتێکی مادی دادەنێت و تەنها تەرکیزی لەسەر شوێنە، بەڵام بیرۆکەی ئیهامی لاوەکیی فەزا، کە ملکەچی شاراوەییە، ڕاستەوخۆ بۆ ڕەخنەگر دەرناکەوێت و لەناو دەقی ڕۆماندا دەشارێتەوە، لەسەر لێکۆڵەریش پێویستە لە ڕێگەی مەزەندەکانەوە ئامادەییەکەی کەشف بکات، ئەمەش وای لێ دەکات فەزا جیابکاتەوە و پاشان قسەی لەسەر بکات.

لەوەی پێشتر باس کرا دەگەینە ئەوەی فەزا لە ڕۆماندا لەڕێگەی چەند لایەنێکەوە دیاری دەکرێت، لەوانە فەزا لەو ڕووەوە دیاری دەکرێت کە ئیهامیکی لاوەکیی کاریگەرە لە دەقدا، ئەگەرچی دیار نییە، بەڵام کاریگەرییەکی بەهێز و چالاکی هەیە و هۆکارێکە لە ڕێگەیەوە فەزاگەری لە هونەری کاتی (ڕۆمان)دا بەدی دێت. هەروەها فەزا یەکێکە لە شێوەکانی بوون، کە لە ڕێگەیەوە بوونی کات دەسەلمێنین، کە کاتیش لای خۆیەوە شوێنەوارەکەی دەرناکەوێت و واتاکەی کامڵ نابێت و کردەکەی بەدی نایەت، تەنها لە ڕێگەی بوونی فەزایەکەوە نەبێت، کە تیایدا بڕوات. جگە لەمانەیش دەقی ڕۆمان پارچەی ئەندازەیی وەک خاڵ و هێڵ و ئاست و مەودا...هتد لە خۆ دەگرێت، کە کۆی ئەمانەش لە چواچێوەی فەزادا جێگەیان دەبێتەوە. لە کۆتاییدا فەزاگەری لە ڕێگەی دەقی ڕۆمانەوە کار دەکاتە سەر کردەی ڕاڤەگەریی تایبەت بە خوێنەر لەو ڕووەوەی دەق کێڵگەیەکی بەرهەمهێن دەخوڵقێنێت، ئەمەش بەوەی دەقەکە  تێکەڵ (ادماج)ی خوێنەر دەبێت لە پەیوەندییەکی دینامیکیدا لەگەڵ دەق، چونکە فەزای ڕۆمان تەنها بە بوونی خوێنەرێک بۆ دەقی ڕۆمانەکە پێک دێت و هەر بەمەش فەزای ڕۆمان شێوەگیر دەبێت.

فەزا بەشێوەیەکی پێویست بەستراوە بە کاتەوە، تەنانەت بەبێ بوونی کات و ڕەوتەکەی ناتوانین دەرک بە فەزا بکەین، "هێڵی پەرەسەندوی کات شتێکی پێویستە بۆ تێگەیشتن لە فەزای

---

(١) بڕوانە: عبدالله ابو هيف، جماليات المكان في النقد العربي المعاصر، مجلة جامعة تشرين للدراسات والبحوث العلمية، سلسلة آلاداب والعلوم الانسانية، مجلد٢٧، عدد١، ٢٠٠٥، ص١٢٣ .

(٢) بڕوانە: صالح ابراهيم ، الفضاء ولعبة السرد في روايات عبدالرحمان منيف، ط١، المركز الثقافي العربي، بيروت، لبنان، الدار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٣، ص١٠ .

ڕۆمان"[1]، بەمەش سەرنج لە سروشتی پەیوەندیی نێوان دوو پێکهاتە دەدەین، کە هیچکامیان بەبێ ئەویتریان نابێت، لە کاتی تێپەڕبوونی کاتدا فەزا شێوەگیر دەبێت و سیماکانی دیاری دەکرێن، هەر کاتێکیش شێوەی بەکارهێنانی کات گۆڕا، بەدوایدا گۆڕان لە سروشتی فەزاشدا ڕوو دەدات، بۆ نموونە ئەگەر لە ڕۆماندا جیاوازییەکی گێڕانەوەیی ـ وەک گەڕانەوە (الاسترجاع)ـ مان بینی، ئەوا فەزاکەش بە گۆڕانی کاتەکە دەگۆڕێت، ئەگەر ڕووداوەکان لە کاتی ئێستادا لە فەزایەکی دیاریکراودا ڕوو بدەن، ئەو بە گەڕانەوەکە دەگۆڕێت بۆ فەزایەکی دیکەی جیاواز، کە وەگێڕ یاخود یەکێک لە کارەکتەرەکان لە یادگەوە دەیهێنێتەوە، بەمەش فەزا دەبەسترێت بە شێوەی کاتە بەکارهاتووەکە لە گێڕانەوەکەدا، کاتەکە بەرەو هەر کوێیەک چوو فەزاکەش لەگەڵیدا دەجوڵێت و بەپێی پێویستیی کاتە نوێکە پێکهاتە و دیکۆرە گشتییەکەی دەگۆڕێت.

بەم پێیە فەزا ئەو کۆڵەکە سەرەکییەیە، کە کات پشتی پێ دەبەستێت، لەبەر ئەمە فەزا بە ڕەگەزێکی گرنگ و زیندووی کات دادەنرێت، چونکە کایەی ماددییە بۆ ڕوودانی ئەو ڕووداو و ململانێ و وەرچەخانانەی، کە بەبێ بەستنەوەیان بە کاتەوە مۆرکی سەلماوی و ڕاستگۆیی وەرناگرن[2]. کەواتە لە ڕاستیدا جیاکردنەوەی کات و شوێن تەنها پیادەکارییەکە لێکۆڵەرەکان دەیگرنە بەر لە پێناو لێکۆڵینەوەو ئاسانکاری بۆ ئەوەی وەرگر تێبگات، ڕۆمان لە بنەمادا هونەرێکی شوێنکاتییە، چونکە "کات و شوێن لە ڕۆماندا یەکەیەکی ئۆرگانی دەنوێنن کە لەیەک دانابڕێن، پاشان جوڵە دوای ئەمە دێت بۆ ئەوەی ئەم یەکێتییەکە کامڵ بکات و ژیانی پێ ببەخشێت"[3]، تێگەیشتنیش لە کات لە ڕێگەی ڕۆشتن و جوڵانی کەسەکانەوە دەبێت لە فەزایەکەوە بۆ فەزایەکی تر، کەواتە دەرکەوتنی کات لە ڕێگەی جوڵەو پەرەسەندنی ڕووداوەکانەوەیەوە، کە لە فەزاکاندا ڕوو دەدات بە هۆی ئامادەیی کارەکتەرەوە، نائامادەیی یەکێکیشیان کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەرکی ئەوەی تر، نائامادەیی فەزای هەستپێکراو واتای نەمانی کاتە، حاڵەتی لەدەستدانی هەستکردن بە فەزاو زەمەن دەگەڕێتەوە بۆ ناجێگریی هزرەکان و زۆر جاریش قەناعەت نەکردن بەوەی کارەکتەرەکان دەیکەن.

لە هەموو ئەوانەی باسکرا تێبینیی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییە دەکەین، کە لەنێوان فەزاو کاتدایەو هەردووکیان لەناو گێڕانەوەدا دوو ڕوون و لەیەک جیا ناکرێنەوە، بەپێی ئاڕاستەی وەگێڕ و کارەکتەرەکانیش هەر یەکەیان کار لەوی تریان دەکات.

---

(١) حميد لحمداني، بنية النص السردي "من منظور النقد الأدبي"، ط٣، المركز الثقافي، العربي، الدار البيضاء، بيروت، ٢٠٠٦، ص٦٤.

(٢) بڕوانە: احمد مرشد، البنية والدلالة، ص١٢٧ .

(٣) شاكر النابلسي، مداد الصحراء "دراسة في ادب عبدالرحمان منيف"، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، لبنان، ١٩٩١، ص٢٣٢ .

## ـ جیاکاری لەنێوان فەزا و شوێن و پانتاییدا:

زاراوەی فەزا لەلایەن رەخنەگرانەوە بە گەرموگورییەوە گرنگییەکی زۆری پێ دراوە، گواستنەوەی ئەم زاراوەیەش بۆ ناو ژینگەی رەخنەی ئەدەبی وای کردووە چەندین وەرگێڕانی بۆ بکرێت، هەندێک رەخنەگر وای دەبینن ئەو وەرگێڕانە زۆر و جیاوازانە بێ دوودڵی بەشدارن لە دەرکەوتنی کێشەی زاراوەدا، کە رەخنەی عەرەبیی نوێ بە دەستییەوە دەناڵێنێت، کەچی هەندێکی تر وای دەبینن پێویستە چارەسەرێک بدۆزرێتەوە بۆ کێشەی زاراوە لە رەخنەی نوێی عەرەبیدا، ئەمەش لە رێگەی گفتوگۆی گشتگیرو وردەوە. بۆیە مایەی سەرسوڕمان نییە، کە لێکۆڵینەوە رەخنەییەکان ئاڵۆزییان بەخۆیانەو بینیوە، چونکە کاتێک لە لێکۆڵینەوەکانیاندا چەمکی فەزا دادەمەزرێنن سنورێکی روون و دیاریان بۆ کارەکەیان نەدۆزیوەتەوە، بەڵکو تێکەڵەیەکی جیاوازییان لە نێوان سەرجەم ئاڕاستە رەخنەییە رۆژئاواییەکاندا بینیوە، ئەم کێشەیە هەر تەنها تایبەت نییە بە ڕەخنەی رۆژئاوایی، چونکە هەمان شت بەسەر ڕەخنەی عەرەبیشدا جێبەجێ دەبێت، لەوانەیە کێشەکەش تێکەڵکردنی چەمکی فەزاو شوێن بێت کە ئاڵۆزترینەو لە چەمکی فەزادا رووبەڕووی لێکۆڵەر دەبێتەوە، چونکە هەموو رەخنەگرەکان لەسەری رێکنەکەوتوون و زاراوەی تری وەک شوێن (المكان) و پانتایی (الحيز)یش دەبینین کە تەنگی پێ هەڵدەچنن، هەمان ئەو وشانەش ئاماژە بە شوێن دەکەن، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی بڵاویی زاراوەکانی شوێن، فەزا، پانتایی، بۆشایی و بەکارهێنانیان لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا وەک هاوواتای یەکتر. بۆیە لێرەدا دەکرێ بوترێت شوێن و فەزا دوو چەمکن هەندێک کات تێکەڵ بەیەک بوون و هەندێک کاتیش دژی یەکبوون، بۆیە پێویستە لێرەدا بوەستین بۆ ئەوەی لە میانەی ئەوەی فەیلەسوف و تیۆریستەکان خستوویانەتە روو و بەپێی سەردەمە مێژووییە جیاوازەکان ئاماژەیان پێبکەین.

لە سەردەمە کۆنەکاندا ئەفلاتۆن لە بەرهەمەکانیدا ئەوەی روون کردووەتەوە کە فەزا دەرکی پێ دەکرێت، بەڵام نابینرێت، بە ڕەگەزێکی تەواوی داناوە کە خاوەنی بوونێکی رەهایەو سستەمێکی سێ رەهەندی دەنوێنێت و شوێن بۆ هەموو ئەو شتانە دەستەبەر دەکات کە لە بووندا دەردەکەون و فەزا پێش دروستبوونی شتەکان کەوتووەو تەنانەت ئەو کاتەش، کە گەردوون کۆتایی دێت فەزا هەر بەردەوام دەبێت و دەمێنێت، بەڵام شوێن پێگەی سەربەخۆی شتەکانە لە فەزایەکی دیاریکراودا.(١)

لە سەردەمی ئیسلامدا (ابن سينا) یەکەم کەسە، کە جیاوازیی کردووە لەنێوان فەزا و شوێندا، لای ئەو شوێن دوو جۆرە:

---

(١) محمد مرتضى الزبيدي، تاج العروس في جواهر القاموس، مج١، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، ب.ت، ص٣.

١-   شوێنی تایبەت بۆ هەر تەنێک.
٢-   شوێنی گشتی، کە شوێنە تایبەتەکانی تەنەکان دەگرێتەوە.

فەزاش لای ئەو یەکسانە بە بەتاڵایی (الخلاء) و یەکەم کەسە لە فەلسەفەی عەرەبیدا پێناسەی بەتاڵایی کردووە، بەو پێیەی سێ ڕەهەند لە خۆی دەگرێت، کە لە باریدایە تەنێک لەخۆبگرێت یاخود تەنێک پڕی بکاتەوە و بەتاڵیش بکرێت لێی، لە ڕێگەی بوونی تەنێکەوە یان جیابوونەوەی تەنەکەوە لێی دەرکێ پێ دەکرێت و دەشتوانرێت بسڕێتەوە یان بە ئەندازەیەکی دیاریکراو شی بکرێتەوە و بە شوێنی پەتی دادەنرێت[١]. بەڵام لە سەردەمی بوژانەوەدا کاسی(Casey) جەخت لە تێڕوانینی قوتابخانەی گەورەی سەردەمە کۆنەکان دەکاتەوەو لەگەڵ ئەفلاتوندا هاوڕایە، کە فەزا پێش دروستبوونی شتەکانەو تەنانەت دوای ئەوەی گەردوون لەناو دەچێت فەزا هەر دەمێنێت، شوێنیش تەنها فەزایەکی بەتاڵەو ئەوە تەنەکانن، کە لە فەزادا شوێن دەگۆڕن، واتە فەزا بە چەسپاوی و نەجوڵاوی دەمێنێتەوە[٢].

لە سەردەمی نوێشدا دەبینین (کانت) چەمکێکی نوێ بە فەزا دەدات و لەگەڵ شوێندا باسی دەکات، و دەڵێت: "پێگەکان پەیوەندییان هەیە بە بەشەکانی تەن یاخود فەزاوە، ڕۆیشتن بۆ شوێنێک، ڕۆیشتنە بۆ ئەو شوێنە لەگەڵ جەستە جوڵاوەکەمدا، کە ئاڕاستەیەکی تایبەتی خۆی هەیە بەجۆرێک وادەردەکەوێت فەزاش ئاڕاستەی خۆی هەیەو هەموو شوێنێکی ئاڕاستەییش پشت بە جەستەی مرۆیی دەبەستێت، بە هەمان شێوە شوێنی بە بەشێکی جیا نەبووەوە لە فەزا دادەنا "[٣]، بەڵام (هایدگەر) ئەوەی ڕوون کردووەتەوە پەیوەندیی نێوان فەزاو شوێن دوو لایەنە نییە، واتە تەنها فەزا شوێن دەهێنێتە بوون و ڕێگەکە بەیەک ئاڕاستەدایە، بۆیە دەڵێت: "فەزا بەشێک نییە لە شوێن، بەڵکو شوێن بەشێکە لە فەزا"[٤]. ئەوەش مانای ئەوەیە ئەگەر فەزا نەبووایە ئەوا شوێنیش نەدەبوو، کەواتە بەلای (هایدگەر)ەوە فەزا جیاوازە لە شوێن، چونکە سەرجەم شوێنەکان لەخۆی دەگرێت و دەوریان دەدات، هەروەها دەڵێت: ئەو فەزایانەی دەچینە ناویان و لە ڕاست و چەپ و سەرەوەو خوارەوەماندا دەوریان داوین، ئەگەر لەو شوێنانەدا جێگیر نەبن ئەوا بە بەتاڵ دادەنرێن، ئەو شوێنانە بەهاو گرنگی بە فەزا دەدەن، بە جۆرێک شوێنەکە بە باڵەخانەو شەقام و فرۆشگە و قاوەخانەو.... دیاری دەکرێت، کە بونیادە بچوکەکەیە.

---

(١) بڕوانە: حسن مجيد الربيعي، نظرية المكان في فلسفة ابن سينا، ط١، دار الشؤون الثقافية، بغداد،١٩٨٧، ص٥٩.

(٢) بڕوانە:

Edward S. Casey, The Fate of  Place, University of California Press,U.S.A , 1997, p.77-78.

(٣) عما نوئيل كنط، نقد العقل المحض، ص٤٧.

(4) M. Heidegger, Being and Time, translated by: John Macqyarrie and Edward Robinson, First English edition, Blackwell, Publishers Ltd, UK, 1962, p.146.

(هایدگەر) هەوڵ دەدات جیاوازی بکات لە نێوان هەردوو زاراوەی فەزا و شوێندا، بۆیە لای ئەو جەستە شوێنەو وەک شتێکە، کە فەزایەک دروست دەکات، فەزایەک، کە زەوی و ئاسمانی تێدایە، ئەو فەزایانەی رۆژانە دەیانبڕین بەهۆی شوێنەکانەوە ئامادەکراون و لەسەر شتانێکی لە بابەتی باڵەخانەکان دامەزراون، باسی جیاوازی نێوان فەزا و شوێن دەکات و وای دەبینێت ئەفزەلیەت لەرێگەی شوێنەکانەوە ئامادەکراوە، کە ئەویش لەسەر شتانێکی وەک باڵەخانەکان دامەزراوە، ئەگەر پرد شوێن بێت، ئەوا وەک شتێکە کە فەزایەک دروست دەکات و تیایدا ئاسمان و زەوی بەیەک دەگەن، بۆیە شوێنەکان وەک چوارچێوەیەکی دیاریکراون و سیماکانیان دیارەو فەزایەکی هەمەلایەن بەدەوریاندا کشاوە.

(هایدگەر) دەیەوێت دوو زاراوە لە یەک جیا بکاتەوە، بۆیە دەڵێت: پرد شوێنە، وەک شتێکە فەزا دروست دەکات، فەزایەک تیایدا ئاسمان و زەوی لەدوای یەک دێن، ئەو فەزایانەی رۆژانە ئەو پردە دەبڕن بەهۆی شوێنەوە ئامادەکراون، کە بوونەکەی لەسەر کۆمەڵێک شتی وەک باڵەخانەکان دامەزراوە [1]. کەواتە لێرەدا فەزا جیاوازە لە شوێن، هەموو شوێنەکان لەخۆ دەگرێت، تەنانەت هایدگەر ئەو فەزایانەی لە ناویاندایین، ئەوانەی دەیانبینین لە راست و چەپ و سەرەوە و خوارەوەو پشتمانەوە دەوریان داوین، ئەگەر ئەم شوێنانە تیایاندا جێگیر نەبن ئەوا بۆش و بەتاڵن، وەک ئەوەیە ئەو شوێنانە بەهاو گرنگی بەو فەزایە بدەن. جۆرج پۆلی (G. Poulet) لەو کەسانەیە هەر زوو سروشتی پەیوەندیی شوێنی بە فەزاوە دەرخست کاتێک وتی: "شوێن گوزارشتە لە دوورگەی جوڵاو لەناو فەزادا، کە هەر یەکەیان گەردوونێکی بچووکە."[2] هەروەها دەبینین (میتران)یش جەخت لەوە دەکاتەوە کە شوێن فەزا بونیات دەنێت، بەم واتایە کە "شوێن وەک پارچە قوماشێک نییە سەبارەت بە تابلۆیەک، بەڵکو ئەو فەزایەیە کە تابلۆکە دروستی دەکات."[3]

زاراوەی فەزا (Space) لە کایەی لێکۆڵینەوەی رەخنەیی نوێدا زۆر بەکاردەهێنرێت و گرنگییەکی زۆری پێدراوە، بەو پێیەی زاراوەیەکی بڵاوە لەناو زۆربەی رەخنەگرە هاوچەرخەکانی عەرەبداو لە بەکارهێنانی رەخنەی عەرەبیی هاوچەرخیشدا شتێکی تازەیە. تێکەڵییەکیش هەیە لەنێوان ئەو زاراوە رەخنەییانەی دەلالەت لە فەزا دەکەن، زۆربەی جار ئەو تێکەڵییە لەنێوان دوو زاراوەدایە، ئەوانیش بریتین لە (فەزا، شوێن)، ئەم تێکەڵییە بە رادەیەکە هەندێک لێکۆڵەر جیاوازی ناکەن لەنێوانیاندا، ئەمەش لەبەر ئەو پەیوەندییە بەهێزەیە، کە لەنێوانیاندا هەیە.

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی پێشوو.

(2) Georges Poulet, Proustian Space, translated by: Elliott Coleman, John Hopkinns University press, 1977, p51.

(٣) أحمد زياد محبك، جماليات المكان في الرواية، مجلة الفيصل الثقافية، الرياض، العدد (٢٨٦)، يوليو/أغسطس ٢٠٠٠، ص٥٨.

(حەسەن نەجمی)یش وای دەبینێت شوێن یاخود پەیوەندیی نێوان چەند شوێنێکی دیاریکراو، یەکێکە لە بنەماکانی ئەم فەزاسازییە پەتییە، بەڵام لە کاتی دیاریکردنی فەزادا ئەمە هەموو شتێک نییە، چونکە ئەو وردەکارییە تۆبۆگرافییانەی ناو و پەیوەندیی شوێنەکان، دیمەنە جوگرافی و شارستانی و سروشتییەکانی دیکۆر تەنها رۆڵی لاوەکی دەبینن لەناو بونیادی فەزادا، چەمکی فەزا زۆر لەم جۆرە دیاریکردنە تەسکانە فراوانترە، ئەگەرنا سەبارەت بە فەزای خەوبینین، مردن، یادگە، ناسنامە...هتد چی بڵێین[1]. لێرەدا مەبەستی دەرکەوتە زەینی و دەروونییەکانی فەزایە، بەڵام (گۆڕەپان و شەقام و خانوو...) فەزای مەرجەعی دەنوێنن، کە دەگەڕێنەوە بۆ زانینێکی سستەماتیکی، یاخود دەگەڕێنەوە بۆ سەر شتانێکی مادی، کە دەلالەتی روونیان لای ئێمە هەیە.

لەم روانگە فراوانەی (حەسەن نەجمی)یەوە فەزا بەدرێژایی هێڵی گێڕانەوەکە ئامادەیی هەیە، چونکە تەنانەت ئەگەر ڕۆمانەکە شوێنیشی تێدا نەبێت، ئەوا فەزا هەر ئاوا نابێت، چونکە لەناو ئێستای زماندا ئامادەیە، بە هەموو ناوچەکانی دەقی ڕۆمانەکەدا پەرش بووەو ناشکرێت لە دیمەنێکی وسفییانەی تەقلیدیی وەک شوێندا کورت بکرێتەوە. هەروەها فەزا هیچ شوێنێکی نییە و لە هیچ شوێنێکدا نییە، چونکە هەموو شوێنەکان کۆدەکاتەوەو تەنها بوونێکی رەمزیی هەیە، هەر لەبەر ئەمەیە (گۆتفرید لایبینتز) وای داناوە فەزا "بەرهەمی کۆکردنەوەی هەموو شوێنەکانە"[2]. زاراوەی فەزا لای رەخنەگرە رۆژئاواییەکان دەدرەوشێتەوە، کتێب و وتارەکانیانی پێ دەوڵەمەند دەکەن، بەڵام زاراوەی (شوێن) زۆر بە کەمی بۆ ئەداکردنی کۆمەڵێک ئامانج بەکاردێت، کە خاوەنەکانی پێی رازی بن، بەڵام عەرەبەکان لە کتێبە رەخنەییەکانیاندا بە تایبەتی (عبدالملک المرتاض) لە کتێبی "نظرية الرواية "دا زاراوەی فەزا بەکار ناهێنن، بەڵکو زاراوەی "شوێن" لای ئەوان شوێنێکی گەورەی داگیرکردوە لە چاپکراوەکانیاندا[3].

بەپێی تێڕوانینی (عبدالملک المرتاض)و کەسانی تریش زاراوەی فەزا بەرامبەر زاراوەی (Distance)ی ئینگلیزییە، کە مەبەست لێی دووری یان ماوە یان مەسافەیە، چونکە (جۆرج پۆلی) دەڵێت: ناکرێت زاراوەی دووری (ماوە ـ Distance) "وەک هاوتای فەزا (space) وەربگیرێت، بەڵام لە راستیدا فەزا جگە لە بۆشایی هیچ شتێکی تر نییە، دووری یان (ماوە) فەزان، بەڵام فەزایەکی بەدەرن لە هەموو ئەرێنییەک، فەزایەکی بێ قورسایی و بێ کاریگەریین، فەزایەکە ناتوانێت بگات بەوەی رەهاو تەواوە.

---

(١) حسن نجمي، شعرية الفضاء، ص٤٤-٤٥.

(٢) جوزيف إ. كيسنر، شعرية الفضاء الروائي، ترجمة: لحسن احمامة، ص٢٠.

(٣) عبدالملك مرتاض، في نظرية الرواية، ص١٤١-١٤٢.

(حەسەن نەجمی)یش لە کتێبەکەیدا (شعرية الفضاء) ئاماژە بەم تێکەڵکارییە دەکات و وای دەبینێت پێویستە سنوری نێوانیان جیا بکرێتەوە، بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە بەتەواوی روون نابێتەوە، بۆیە خاوەنی کتێبەکە دەگاتە ئەوەی پێداگری لەسەر ئەم جیاکردنەوەیە نەکرێت و دەڵێت: "ئەگەر جیاکردنەوەی فەزاو شوێن پێویست بێت و ئەوە بخوازێت هەموو خوێندنەوەیەکی رەخنەیی پتەو ئەنجامی بدات، ئەوا بەهەمان شێوە زۆر پێداگریی لەسەر ناکەین، بەڵکو باشترە بەوەندە بەس بکەین بە درێژایی لێکۆڵینەوەکە فەزا بخەینە کار و لەو شوێنانەدا نەبێت کە پێویستن ناوی شوێن نەهێنین"[1]. لەم بۆچوونەدا بەشێوەیەکی شاراوە ئاماژە هەیە بەوەی جیاکردنەوەیان قورسەو نوسەر دەگاتە ئەوەی رەخنە لە وەرگێڕانی کتێبەکەی (گاستۆن باشلار) بە (جماليات المكان) بگرێت، چونکە وای دەبینێت تێکەڵکاری لەنێوان زاراوەی فەزاو شوێندا کراوە، ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە، کە "(غالب هلسا) هەڵەیەکی گەورەی کردووە کاتێک ناونیشانی کتێبی (شعرية الفضاء)ی (گاستۆن باشلار)ی بە (جماليات المكان) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، ئەمە یەکەم تاوانە، کە تایبەتمەندیی ئەم دوو زاراوەیەی شێواندووەو سێبەری خۆی بەسەر لێکۆڵینەوەکانی دواتردا بەجێ هێشتووە. جگە لەوەش زۆر کەس دانانی ئەم ناونیشانەیان بەلاوە سەیرە، چونکە لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەر زاراوەی ( The space) زاراوەی (الفضاء) هەیە، هەروەها بەرامبەرە عەرەبییەکەی وشەی (place) بریتییە لە (المكان).

هەموو ئەو سەرنجانەی نوسەر لە هەوڵدانی بۆ جیاکاری لەنێوان شوێن و فەزادا دەری بڕیون، جەخت لەوە دەکەنەوە رێژەی بەناویەکداچوونیان بە جۆرێکە قورسە لە لێکۆڵینەوەی پراکتیکیدا لەیەک جیا بکرێنەوە. لێرەوە بەکارهێنانی یەکێکیان یاخود هەردووکیان پێکەوە ملکەچی پێداویستیی سیاقەکەیە، (حەسەن نەجم)یش ئەمەی ئەنجامداوە لە لێکۆڵینەوە پراکتیکییەکەیدا، کە دوای پێشەکییە تیۆرییەکە هاتووە، بۆیە زاراوەی فەزای بۆ ئەوە بەکارهێناوە، کە پەیوەندیی بە بوونێکی خەیاڵکردەوە هەیە، واتە گۆڕانی شوێن لە دەقە ئەدەبییەکەدا بۆ خەیاڵکردێک کە وێنەکە دەینوێنێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت سەرەڕای ئەو تێکەڵکارییەی باسکرا، لای ئەو فەزا شوێن نییە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەیبەستێتەوە بە شوێنەوە.

بۆیە کاتێک دەچێتە سەر لێکۆڵینەوە پراکتیکییەکە دەیبینین باس لە خودی شوێن دەکات، یان هەردوو زاراوەکە تێکەڵ دەکات کاتێک دەڵێت: "فەزا لە بنەمادا شوێنێ رەوتێکە، هەر رِەگەزێکیش تیایدا شوێنێک بگرێت بزاوتێک پیشان دەدات، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ناوەکییە"[2]. لە کۆڕبەندی (الرواية العربية)، کە لەساڵی ١٩٧٩ لە شاری (فاس) ئەنجام درا، مەسەلەی فەزا وروژێنرا، ئەمەش

---

(١) حسن نجمي، شعرية الفضاء، ص٤١ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ص٦٦.

کاتێک (غالب هلسا) له‌ لێکۆڵینه‌وه‌که‌یدا به‌ناوی (المكان في الرواية العربية) شوێنی دابه‌شی سێ جۆر کرد، که‌ بریتین له‌: شوینی خوازه‌یی، شوێنی ئه‌ندازه‌یی، شوێن وه‌ک ئه‌زموونێکی تیاژیاو[1]. (منصور دلێمی)ش یه‌کێکی تره‌ له‌و نووسه‌رانه‌ی باسیان له‌ فه‌زاو شوێن کردووه‌و پێی وایه‌: "فه‌زا به‌شێوه‌یه‌کی ناوه‌کی له‌گه‌ڵ شوێندا به‌ناو یه‌کدا ده‌چن و له‌خۆی ده‌گرێت و تیایدا رۆده‌چێت"[2].

(سعيد يقطين)یش جیاکاری ده‌کات له‌نێوان شوێن و فه‌زادا کاتێک ده‌ڵێت: "فه‌زا له‌ شوێن گرنگتره‌، چونکه‌ ئاماژه‌ ده‌کات به‌وه‌ی دوورترو قووڵتره‌ له‌ سنوردارکردنێکی جوگرافی، ئه‌گه‌ر چی له‌ بنه‌مادا ئه‌مه‌ بوارمان ده‌دات به‌دوای ئه‌و فه‌زایانه‌دا بگه‌ڕێین که‌ سنوردارو به‌رجه‌سته‌ تێده‌په‌ڕێنن بۆ باوه‌شکردن به‌ خه‌یاڵی و زه‌ینی و هه‌موو ئه‌و وێنانه‌ی له‌ وشه‌ی فه‌زادا جێیان ده‌بێته‌وه‌"[3]. (یه‌قتین) فه‌زا ده‌کاته‌ تیشکۆیه‌کی فراوان، که‌ جومگه‌کانی شوێن له‌خۆ ده‌گرێت، جومگه‌ش ئاماژه‌یه‌ به‌ پانتاییه‌کی ته‌سک و سنوردار، شوێنیش به‌ یه‌کێک له‌ پایه‌ سه‌ره‌کییه‌کانی شێوه‌گیربوونی فه‌زا داده‌نێت. له‌ هه‌مان بواردا (عائشة الحكمي) ده‌ڵێت: "فره‌یی شوێنه‌کان و کـــۆی ئه‌و شوێنانه‌ له‌ رووی لۆژیکییه‌وه‌ ئه‌وه‌ ده‌خوازێت ناوی بنێین فه‌زا"[4]، واته‌ کۆی شوێنه‌ جیاوازو جۆراو جۆره‌کان ده‌بێت به‌ فه‌زا، نه‌ک هه‌ر تاکه‌ شوێنێک بۆ خۆی فه‌زا بێت.

نابێت کتێبی (بنية النص السردي)ی (حميد لحمداني) له‌ یاد بکه‌ین، که‌ ئه‌گه‌رچی به‌ درێژی باسی بابه‌تی فه‌زای نه‌کردووه‌، به‌ڵام ئاماژه‌ی به‌و بۆچوونه‌ جیاوازانه‌ کردووه‌، که‌ له‌ لێکۆڵینه‌وه‌ رۆژئاواییه‌کاندا له‌باره‌یه‌وه‌ هه‌ن، هه‌روه‌ک چۆن ناونیشانێکی ته‌واوی تایبه‌ت کردووه‌ پێی و ناوی ناوه‌ (به‌ره‌و جیاکردنه‌وه‌یه‌کی رێژه‌یی له‌نێوان فه‌زاو شوێندا)، وای داناوه‌ ئه‌مه‌ ته‌نها هه‌وڵدانێکه‌ له‌لایه‌ن ئه‌وه‌وه‌. له‌م باره‌یه‌وه‌ ده‌ڵێت: "زۆربه‌ی هزره‌کانی ناو ئه‌م ناونیشانه‌ به‌ تێڕامانی که‌سی داده‌نرێن له‌باره‌ی سروشتی گێڕانه‌وه‌وه‌، که‌ ده‌کرێت به‌ هه‌وڵێکی تایبه‌ت دابنرێن له‌ چوارچێوه‌ی گه‌ڕان به‌دوای چه‌مکی فه‌زاو په‌یوه‌ندیی به‌ چه‌مکی کاته‌وه‌"[5].

(حميد لحمدانی) وای ده‌بینێت زاراوه‌ی شوێن/ فه‌زا یه‌کێکه‌ له‌ پێکهێنه‌ره‌کانی گوتاری ڕۆمان، له‌کاتی پێناسه‌کردنی فه‌زاش له‌ گێڕانه‌وه‌دا بۆ ئه‌وه‌ ده‌چێت، که‌ لێکۆڵینه‌وه‌کان یه‌ک چه‌مکیان نه‌خستووته‌ ڕوو بۆ فه‌زا، بۆیه‌ ئه‌مه‌ گوزارشته‌ له‌ کۆمه‌ڵێک بۆچوونی جیاواز، که‌ له‌ چه‌ند خاڵێکی

---

(١) غالب هلسا، المكان في الرواية العربية، ط١، دار رشد للطباعة والنشر، لبنان، ١٩٨١، ص٢١٧-٢٢٥.

(٢) منصور نعمان نجم الدليمي، المكان في النص المسرحي، ط١، دارالكندي للنشروالتوزيع، الأردن، ١٩٩٩، ص١٥.

(٣) سعيد يقطين، قال الراوي "البنيات الحكائية....."، ط١، المركز الثقافي العربي، بيروت،١٩٩٧، ص٢٤٠.

(٤) عائشة بنت يحيى الحكمي، تعالق الرواية مع السيرة الذاتية "الإبداع السردي السعودي أنموذجا"، ط١، الدار الثقافية للنشر، القاهرة، ٢٠٠٦، ص٤٤٣.

(٥) حميد لحمداني، بنية النص السردي، ص٦٢.

سەرەکیدا چڕیان دەکاتەوە کە دابەش دەبن بەسەر فەزادا، وەک هاوتای شوێن و فەزای دەقی و فەزای دەلالی و فەزا وەک گۆشەنیگایەک، کاتێکیش دەگەڕێینەوە بۆ ڕەگەزی یەکەم دەبینین چڕی دەکاتەوە لە وێناکردنێکی تایبەت بە شوێندا بە جۆرێک "ئەو وێناکردنە وا لێک دەدرێتەوە کە پانتاییەکی شوێنییە و بەشێوەیەکی ئاسایی بە فەزای جوگرافی ناودەبرێت"[1]. بەم پێیە (لحمداني) پێیوایە فەزا شوێن نییە، مادام لێکۆڵینەوەکەش تەرکیز دەکاتە سەر بەرهەمی ڕۆمان ئەوا نوسەر لەبارەی شوێنەوە دەدوێت لە ڕۆمانداو تیایدا گریمانەی ئەوە دەکات بە گۆڕان و بەرەوپێش چوونی ڕووداوەکان لە ڕۆماندا ئەویش دەگۆڕێت، ئەمەش واتای ئەوەیە ناتوانرێ باسی یەک شوێن بکرێت لە ڕۆماندا، بەڵکو باسی کۆمەڵێک شوێن دەکرێت "کۆی ئەم شوێنانەش پێی دەوترێت فەزای ڕۆمان"[2]، هەروەها وای دەبینێت فەزا فراوانتر و گشتگیرترە لە واتای شوێن، رووی جیاوازیی نێوان ئەو دوو زاراوەیەش لەو رووبەرەدا کورت دەکاتەوە، کە هەر یەکەیان لە ڕۆماندا داگیری دەکەن، بەم وتەیەش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لەبەر ئەوەی هەموو شوێنەکانی ناو ڕۆمان بە زۆری فرەو جیاوازن، کەواتە فەزای ڕۆمان ئەوەیە کە هەموویان لەخۆ دەگرێت، ئەو جیهانە فراوانەیە، کە هەموو ڕووداوەکانی ڕۆمان دەگرێتەوە، قاوەخانەو ماڵ یان شەقام یان گۆڕەپان هەر یەکەیان بە شوێنێکی دیاریکراوە دادەنرێت، بەپێی ئەم دیاریکردنەش فەزا هەمەلایەنە، بەڵام شوێن تەنها پەیوەستە بە بوارێکی بەشەکیی لە بوارەکانی فەزا[3].

جیاکاری لەنێوان شوێن و فەزادا، کە (لحمدانی) وروژاندی پشت دەبەستێت بە سروشتی پێکهاتەکانی بەرهەمی ئەدەبی، بەمەش ئاماژە بە پێکهاتەو ڕەگەزەکانی ڕۆمان دەکات، هەموو ئەو ڕەگەزانەش فەزای ڕۆمان شێوەگیر دەکەن، کە "لە ئاستی فەزادا ڕەگەزەکانی گێڕانەوە یەک دەگرن، بەڵام شوێن بەشێکە لە کۆی پێکهاتەکانی ترو سەرەڕای ئەوەی بە یەکێک لە پێکهێنەرەکان دادەنرێت، بەڵام لای ئەو هەر پێکهێنەرێکی سەرەکیی فەزای ڕۆمانە"، چونکە ڕۆمان لە توانایدایە هەموو شوێنەکان بکاتە مادەی بونیادنانی فەزا تایبەتەکەی"[4]. بەڵام (حسن بحراوی) لە کتێبەکەیدا (بنية الشكل الروائي) لێکۆڵینەوە لە شوێن هەڵدەبژێرێت بەو پێیەی ڕەگەزێکی گێڕانەوەییە، هەروەها وای دەبینێت فەزاش پێکهێنەرێکی سەرەکییە، بەم جۆرە هەردوو زاراوەکە پێکەوە کۆدەکاتەوە بەبێ ئەوەی لە یەکتریان جیا بکاتەوە تەنها لە سنوری پێناسەو بەڵگەکاندا نەبێت کە هێناونی، چونکە لای ئەو شوێن بەستراوە بە فەزاوە بەو پێیەی هەموو شوێنێک فەزای خۆی هەیە، لە شیکردنەوەی ئەو فەزایانەشدا پشت بە بۆچوونەکانی (باشلار) و (لۆتمان) دەبەستێت.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

(٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی پێشوو .

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ص٧٢.

کاتێکیش باسی شوێنی مانەوەی ئارەزومەندانە دەکات، ئاماژە دەدات بە گرنگیی فەزای ماڵ بەو پێیەی سەرچاوەی واتاو بەهاکانە، هەروەها لە شوێنێکی تردا باسی شیعرییەتی شوێن و کاریگەریی لە پێکهاتنی فەزادا دەکات و "باوەڕی بەوەیە بوونی مرۆڤ کاریگەریی هەیە لەسەر پێکهاتنی فەزای ڕۆمان و بە تایبەتیش پێداگری دەکات لەسەر گرنگیی تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ئەو شوێنەی تیایدایە"[١]. نوسەر لە بەشە جیاوازەکانی کتێبەکەیدا بە جۆرێک پێداگری لەسەر پێکەوەبەستنی فەزاو شوێن دەکات، کە هەندێک جار چەمکەکان تێکەڵ دەبن و هەندێک جاریش جیا دەبنەوە لە یەک، هەر ئەمەش ئەو ئاماژەیەی ئەو روون دەکاتەوە کە پێیوایە لێکۆڵینەوەکان گرنگییان نەداوە بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی تەواو و سەربەخۆ لەسەر فەزا.

سەرەڕای ئەوەی هەردوو زاراوەکەی بەکارهێناوە، بەڵام ناتوانین پێناسەیەکی دیاریکراویان بۆ بدۆزینەوە، بەڵکو دەبینین هەندێک جار بە شوێن دەڵێت فەزاو بە پێچەوانەشەوە. هەروەها وای دادەنێت شێوەگیربوونی فەزای ڕۆمان لە بنەمادا لە ڕێگەی وشەکانەوەیە، ئەمەش وا دەکات هەموو ئەو هەست و وێناکردنانەی شوێن بگرێتەوە، کە زمان دەتوانێت دەریان ببڕێت. ئەو باسی فەزایەک دەکات، کە تەنها لە ڕێگەی وشەکانەوە هەیە، لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ناوی ناوە فەزای دەق، ئەمەش لە کاتی ئاماژەدانی بەوەی لێکۆڵینەوە نوێکانی شیعرییەتی شوێن بە لابردنی کۆمەڵێک ناڕوونی دەست پێ دەکەن، لە سەروو هەموویانەوە ناڕوونی پەیوەندیی نێوان فەزای دەق و فەزای گێڕانەوەو فەزای واقیعی[٢]. (زهیر الجبورة)یش لەمە دەدوێت و دەڵێت: "شوێن/فەزا ئەو شتەیە کە ڕەخنەی ڕۆژئاوایی گرنگیی پێداوە و ڕەخنەگرانی عەرەبیش وەریان گرتووە، ئەمەش فۆڕمێکی ڕەخنەییەو لە شوێن/ فەزا دەکۆڵێتەوە و وەسفی دەکات و بە کۆمەڵێک چەمکی ڕەخنەیی نوێ دیاریی دەکات."[٣] (یاسین النصیر) سنورێکی جیاکەرەوە لەنێوان شوێن و فەزادا دانانێت، (حمید لحمداني)یش هەمان بۆچوون دەردەبڕێت کاتێک دەڵێت: "لەناو ئەو لێکۆڵینەوانەی سەیرمان کردوون لێکۆڵینەوەیەکمان نەبینی بەشێوەیەکی ورد جیاوازی بکات لە نێوان فەزا و شویندا"[٤]، واتە هەردووکیان هاوڕان لەسەر بەناویەکداچوونی زاراوەی فەزا و شوێن .

(سمر روحي الفيصل)ی لێکۆڵەریش جیاوازی دەکات لەنێوان فەزای ڕۆمان و شوێنی ڕۆماندا، کاتێک دەڵێت: "فەزای ڕۆمان و شوێنی ڕۆمان دوو زاراوەن پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە

---

(١) حسن بحراوي، بنية الشكل الروائي، ص٤٥.

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥– ٢٧ .

(٣) زهيرالجبوري، ياسين النصير "المكانية في الفكر والفلسفة والنقد"، دار نينوى للدراسات والنشروالتوزيع، سوريا، ٢٠٠٨، ص٢٣.

(٤) حميد لحميداني، بنية النص السردي، ص٦٢.

ئەگەرچی چەمکەکانیان جیاوازە، شوێنی ڕۆمان کاتێک لە هەموو کۆتێک ئازاد دەکرێت دەلالەت لە شوێن دەکات لەناو ڕۆماندا جا چ یەک شوێن بێت یان چەند شوێنێک بێت، بەڵام کاتێک زاراوەی شوێن دەخەینە بەرامبەر فەزا بە مەبەستی جیاکاری لەنێوان چەمکەکانیاندا مەبەستمان لە شوێن، شوێنێکی تاکە لە ڕۆمانداو هیچ مەبەستێکی ترمان نییە، مەبەستیشمان لە فەزای ڕۆمان هەموو شوێنەکانە."[1]

(أوريدة عبود)یش پشتگیریی ئـــەم رایە دەکات کاتێک دەڵێت: "دەکرێت لە ڕووی لۆژیکییەوە کۆی ئەم شوێنانە ناوبنرێن فەزا، چونکە فەزا سەراپا و فراوانترە لە دەلالەتی چەسپاوی شوێن"[2]، بەڵام سیزا قاسم لە کتێبی (بناء الرواية)دا بەرەو جیاکاری چووە لەنێوان فەزا و شوێندا، هەرچەندە لە بەشی سێیەم و چوارەمی کتێبەکەیدا هەر زاراوەی شوێنی بەکار هێناوە. وای داناوە نهێنی جیاکاری لەنێوان شوێن و فەزادا لە فرەیی زاراوەکەدایە لە زمانەکانی (عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی)دا. "ڕەخنەگرە کلاسیکییەکانی ئەم سێ زمانە بەوەندە باسیان کردووە وشەی (مكان، Place، Lieu) بەکاربهێنن بۆ دەلالەتکردن لە هەموو جۆرەکانی شوێن، چونکە لەو کاتەدا هێشتا واتای بۆشایی (فەزا) بە چەمکە نوێکەی سەری هەڵنەدابوو. کاتێک فەرەنسییەکان لە سنووردارێتی وشەی (Lieu) بێزاربوون، دەستیان کرد بە بەکارهێنانی وشەی (Espace) (بۆشایی)، ڕەخنەگرە ئینگلیزەکانیش رازی نەبوون چەمکی وشەی (place - espace) (شوێن ـ فەزا) فراوان ببێت، بۆیە وشەی (location) (Localite)یان زیاد کرد، کە بە واتای جێ (جێگە) دێت بۆ گوزارشتکردن لە شوێنێکی دیاریکراوی ڕوودانی ڕوداوێک یان شتێکی تیایە"[3]. بۆ مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە، لەم خشتەیەی خوارەوەدا فرەیی زراوەکە لە چەند زمانێک دەخەینە ڕوو:

| کوردی | عەرەبی | ئینگلیزی | فەرەنسی |
|---|---|---|---|
| شوێن | المكان | Place | Place |
| بۆشایی | الفراغ | Space | Espace |
| جێگە | الموقع | Location | Lieu |

---

(١) سمر روحي الفيصل، الرواية العربية "البناء والرؤيا"، ط١، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، سوريا، ٢٠٠٣، ص٧٤.

(٢) أوريدة عبود، المكان في القصة القصيرة الجزائرية الثورية "دراسة بنيوية لنفوس ثائرة"، دار الأمل للطباعة والنشر والتوزيع، الجزائر، ٢٠٠٩، ص٤٠ .

(٣) سيزا أحمد قاسم، بناء الرواية، ص١٠١.

لەوەی باسکرا تێبینی دەکەین ئەوەی لە ژینگەی ڕۆشنبیریی عەرەبیدا بۆ ئەم زاراوانە باوە ئەوەیە بەرامبەر وشەکانی: (localite - lieu - Espace)ی فەڕەنسی و (location - place - Space)ی ئینگلیزی یەک زاراوە بەکار دەهێنن، ئەویش شوێن (المکان) یاخود جێگە (الموضع)ە، بەڵام دەکرێت زیاتر وردتر بینەوە لەمە کاتێک وای دادەنێین، کە هەردوو زاراوەی شوێن و جێگە لە عەرەبیدا بەکاردەهێنرێن بۆ دەلالەتکردن لە خودی واتای (lieu)ی فەڕەنسی، بەڵام زاراوەی بەتاڵایی (الفراغ) یان پانتایی (الحیز) بەکاردەهێنرێن بۆ دەلالەتکردن لە خودی واتای فەزا لە فەڕەنسیدا، وشەی جێگە (الموضع)یش بەرامبەر (localite)ی فەڕەنسی یاخود (location)ی ئینگلیزی بەکاردێت. ئەگەر لای عەرەبە پێشینەکانیش واتای شوێن بەسترابێت بە جێگە یاخود پێگەوە، ئەوا لای ڕۆژئاواییەکان جیاکردنەوەکە ڕوونە، چونکە بەتەواوی جیاوازییان کردووە لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی زاراوەکانی نزیک لە شوێن، ئەوان دەڵێن: جێ ـ الموضع (Location)، شوێن ـ المکان (Place)، فەزا (Space)، کەواتە لێرەدا دەبینین زاراوەی فەزا جیاوازە لە زاراوەی پانتایی (الحیز)، چونکە پێویستە واتای فەزا لەناو بەتاڵایی و بۆشاییدا بێت، بەڵام پانتایی بەکارهێنانەکەی بەرەو هەڵوساوی و کێش و قورسایی دەچێت، هەروەها زاراوەی شوێن جیاوازە لە پانتایی، چونکە شوێن بەستراوە بە دەلالەتە جوگرافیاییە تەسکەکەیەوە، بۆیە تەنها یەک دیمەن لە دیمەنەکانی دەرکەوتنی خۆی دەنوێنێت لە ڕۆماندا.

هەندێک لێکۆڵەر وای دەبینن فەزا فراوانتر و سەراپاییترە لە شوێن، شوێنیش خۆی کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە فەزا، کە یەکێکە لە زاراوە هەرە ئامادەکان، دەلالەت و ئیحا و ئەزمونیکی زۆری هەیەو ڕەهەندێکی قوڵتری هەیە لە هەموویان، چونکە بە ڕای ئەوان شوێنی ڕۆمان دەلالەت لە یەک شوێنی تاک دەکات، بەڵام فەزای ڕۆمان دەلالەت لە کۆی شوێنە زۆرەکان دەکات، چونکە "فەزای ڕۆمان فراوانتر و سەراپاییترە لە شوێن و کۆی شوێنەکانە"[1]، هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو چەمکی فەزا فراوان بووەو کۆی ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە، کە لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە لە شوێنەکاندا ڕەوتی ڕووداوەکان ڕێک دەخات "نوسەر چەندە پێگەی ڕۆمانەکە کەم بکاتەوە، بەڵام هەمیشە ڕێگە دەکاتەوە بۆ دروستکردنی شوێنی تر تەنانەت ئەگەر لە بواری هزریی پاڵەوانەکانیشدا بێت"[2]. بۆیە شوێن بەستراوە بە کایەیەکی بەشەکی لە کایەکانی فەزای ڕۆمانداو یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کۆی هەموو شوێنەکان پێی دەوترێت فەزا، چونکە فەزا فراوانترە لە چەمکی وشەی شوێن، شوێنیش بەم واتایە پێکهێنەری فەزایە، لەلایەکەوە دابڕاوە لە فەزاو لەلایەکی

---

(١) حمید لحمداني، بنية النص السردي، ص٦٤ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣ .

تریشەوە لە باری فەزادایە، واتە فەزا بەردەوام پێویستی بە شوێنە، چونکە لەرێگەی شوێنە جیاوازەکانەوە دیاری دەکرێت.

لەڕووی دیاریکردنی فەزا و دەرکەوتنی لە ڕۆمانیشدا، زۆر دوورە لەوەی تەنها زەخرەفەیەکی تەواوکەر بێت، وەک هەندێک جار لە شوێندا ئەمە دەبینین، کە دەبێتە دیکۆریکی دیاریکراو بەمەبەستی وێنەکێشانێکی رووکەش، بەڵام فەزا زۆر قووڵترە، چونکە پەیوەستە بە سەرجەم پێکهاتەکانی ڕۆمانەکەوە[١]، ئەمەش لە رێگەی تۆڕێک پەیوەندییەوە دەبێت، کە لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانی تردا بونیادی دەنێت و مۆرکی خۆی دەبەخشێت پێیان. هەروەها فەزا ئەو رۆڵە دەبینێت، کە وابزانین ڕووداوەکان واقیعین و بەشداری دەکات لە دروستکردنی دەلالەتێکی کارا، کە لە رێگەی پەیوەندیی دیالەکتیکی لەنێوان خۆی و بەرهەمەکە وەک گشتێک کاردەکات[٢]، بەمەش جیاوازییەکانی نێوان خۆی (فەزا) و شوێن دەردەکەون، کە ئەمەی دواییان لـەوە تێناپەڕێت، تەنها یەکێکە لـە ڕەگەزەکانی ڕۆمان و زۆربەی جار تەنها چوارچێوەو رووبەرێکە، کە ڕووداوەکان لەسەری روودەدەن. بۆیە فەزا زۆر فراوانترە لە شوێن "بەم واتایە پێکهێنەری فەزایە"[٣]، ئەگەرچی لە خوێندنەوەی هەندێک جۆری فەزادا لە شوێنەوە دەست پێدەکەین و پێش فەزایە، چونکە لەپێشبوونەکەی وا دەکات بەدی بێت. دەتوانین گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان فەزا و شوێن لەم خشتەیەدا کورت بکەینەوە:

---

(١) بڕوانە: جيرار جنيت وآخرون، الفضاء الروائي، ترجمة : عبدالرحيم حزل، ص٤١.

(٢) بڕوانە: عمر محمد عبدالواحد، شعرية السرد "تحليل الخطاب السردي في مقالات الحريري"، ط١، دارالهدى للنشر والتوزيع، مصر،٢٠٠٣، ص٨٤ .

(٣) صالح ولعة، المكان ودلالته في رواية مدن الملح لعبدالرحمان منيف، عالم الكتب الحديث للنشروالتوزيع، الأردن، ٢٠١٠، ص٥٠.

| جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی فەزا | جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی شوێن |
| --- | --- |
| فەزا فراوانترو گشتگیرترە لە واتای شوین، چونکە فەزای رۆمان دەلالەت لە کۆی شوێنە زۆرەکان دەکات، بۆیە دەکرێت کۆی ئەم شوێنانە ناوبنرێن فەزا، هەروەها ئەو جیهانە فراوانەیە، کە هەموو رووداوەکانی رۆمان دەگرێتەوە، کەواتە فەزا فراوانەو هەموو پێکهێنەرەکانی رۆمان دەگرێتەوە. | شوێن تەنها پەیوەستە بە بوارێکی بەشەکیی لە بوارەکانی فەزا، شوێنی رۆمان دەلالەت لە یەک شوێنی تاک دەکات، هەر بۆیە لەو خەلفیەتە تێناپەڕێت کە رووداوەکان لەسەری روودەدەن. |
| فەزا زۆر لەوە فراوانترە تەنها ئەو رووبەرە تەسکە یاخود دیاریکراوە لەخۆ بگرێت، کە دەمانەوێت بۆ شوینێکی جوگرافی بەکاری بهێنین، یان بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندیی بە شوێنی جوگرافییەوە هەیە، بەڵکو فەزا ئەو بۆشاییە فراوانەی گەردوونی دەرەوەیە کە دەوری ئێمەی داوە، ئەمەش خزمەتی رۆمانەکە دەکات، چونکە کرانەوەی تیادابێت بۆ ئەوەی هەموو ئەوە بگرێتەوە کە رۆمانوس دەیەوێت. | زاراوەی شوێن ئیحای دیاریکردن دەدات، چونکە شوێن بەستراوە بە دەلالەتە جوگرافیاییە تەسکەکەیەوە، بۆیە تەنها یەک دیمەن لە دیمەنەکانی دەرکەوتنی خۆی دەنوێنێت لە رۆماندا، ئەمەش دەیکاتە رەگەزێکی دیاریکراو لە رۆماندا، بۆیە هەموو رەگەزەکانی تر داناپۆشێت، بەڵکو لەسەری دەنەخشێنرێن. |
| فەزا پێش دروستبوونی شتەکان بوونی هەبووە تەنانەت دوای ئەوەی کەون لەناو دەچێت فەزا هەر دەمێنێت، واتە فەزا بە چەسپاوی و نەجوڵاوی دەمێنێتەوە. | شوێن تەنها فەزایەکی بەتاڵەو ئەوە تەنەکانن کە لە فەزادا شوێن دەگۆڕن، واتە شوێن بە چەسپاوی نامێنێتەوە بەڵکو دەگۆڕێت، هۆکاری گۆڕینەکەشی بۆ بەرەوپێش چوونی رووداوەکان لە رۆماندا دەگەڕێتەوە. |
| فەزا شتی خەیاڵیش دەگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر بە کۆمەڵە سیمایەکیش دیاری نەکرابن. | شوێن دیاریکردن دەسەپێنێت، بۆیە بەبێ کۆمەڵێک سیمای روون وێنا ناکرێت، چونکە بە پلەی یەکەم واقیعییە. |
| فەزاو دەرکەوتنی لە رۆماندا، زۆر دوورە لەوەی تەنها زەخرەفەیەکی تەواوکەر بێت، وەک هەندێک جار لە شوێندا ئەمە دەبینین کە دەبێتە دیکۆرێکی دیاریکراو، بەڵام فەزا زۆر قووڵترە، چونکە پەیوەستە بە سەرجەم پێکهاتەکانی رۆمانەکەوە. | یەکێکە لە رەگەزەکانی رۆمان و زۆربەی جار تەنها چوارچێوەو رووبەرێکە، کە رووداوەکان لەسەری روودەدەن. |
| لە بنەمادا بەستراوە بە کاتەوە، بۆیە ناتوانرێت سەربەخۆ و بێ کات وێنا بکرێت. | بەشێوەیەکی سەرەکی نەبەستراوە بە کاتەوە، بە تایبەتی لە حاڵەتی وەسفدا. |

ئەو لێکۆڵەرانەی باسمان کردن وای دەبینن شوێن دەلالەت لە یەک شوێنی تاک دەکات، بەڵام فەزا بریتییە لە کۆی شوێنە زۆرەکان، کەچی (عبدالملک مرتاض) لە گرنگترین ئەو لێکۆڵەرانەیە، کە بەکارهێنانی پانتایی (الحیز) بە باشتر دەزانێت لە فەزا، چونکە پێیوایە "واتای زاراوەی فەزا لە بەتاڵیی و بۆشاییدا پیادە دەکرێ، بەڵام پانتایی لە بەکارهێنانەکەیدا بەرەو  هەڵتۆقین (النتوء) و کێش و قورسایی و قەبارەو شێوە دەچێت، لە کاتێکدا پانتایی (الحیز)ەکی دیکەی تەنگ تایبەتە بە شوێن ئەویش بریتییە لە: پانتایی جوگرافی، بۆیە شوێن بە هەموو ئەوە دەوترێت کە جوگرافیاییە، پانتایی (الحیز)یش بەهەموو ئەوانە دەوترێت کە جوگرافی نین"[1]. بەمەش شوێن لای ئەو دەلالەت لە هەموو ئەوە دەکات، کە تەواو جوگرافییە، بەڵام پانتایی دەلالەت لەوە دەکات، کە جگە لەمەیە (واتە جوگرافی نییە)و لە رووی رووبەرەوە لە جوگرافیا گەورەترەو و رەهەندێکی فراوانتری هەیە.

(١) عبدالملك مرتاض، في نظرية الرواية، ص١٢١.

جگە لەوەش زاراوەی فەزا هاوتا دەکات بە پانتایی (الحیز)، بەمەش سیفەتێکی گشتگیرتر بەدەست دەهێنێت لەوەی فەزا بەدیی دەهێنێت، هەروەها زۆر نمونەشی بۆ هێناوەتەوە، کە هەموویان لە سیفەتی جوڵەدا هاوبەشن، بە بۆچوونی ئەو دەکرێت پانتایی لە هەر شتێکەوە سەر هەڵبدات کە بجوڵێتەوە، جا هەستی پێ دەکرێت یان دەستی لێ دەدرێت، ئەگەر تەنێکی مادی هەموو ئەوە بێت، کە پانتاییەکی هەوا داگیر دەکات، ئەوا گۆڕانی شوێنی پانتاییەکە ملکەچی جوڵەی تەنەکە دەبێت و ئیتر پانتاییەکە سیفەتی گواستنەوەو ناجێگیری بەدەست دێنێت، بەڵام لە تێروانینی ئەودا دەلالەتی فەزا زۆر لەوە فراوانترە تەنها ئەو رووبەرە تەسکە یاخود دیاریکراوە لەخۆ بگرێت، کە دەمانەوێت بۆ شوینێکی جوگرافی بە کاری بهێنین، یان بە جۆریک لە جۆرەکان پەیوەندیی بە شوێنی جوگرافییەوە هەیە، بەڵکو فەزا ئەو بۆشاییە فراوانەی گەردوونی دەرەوەیە، کە دەوری ئێمەی داوە، لە زەینی ئێمەدا فراوانترە لە واتای وشەی پانتایی، کە ئێمە بەپێی هاتنی دۆخەکانی و گۆڕانی بارەکانی لە دەقی ئەدەبیدا چ شیعر بێت یان گێڕانەوە هەڵسوکەوت دەکەین، ئەمە لەوێوەیە ئێمە هەر تەنێکی دروستکراو، چ دارێک بێت، یان کورسییەک، یان ئۆتۆمبێلێک یان رووبارێک یان شەقامێکی راست یاخود پێچاوپێچ بە پانتایی (الحیز) دادەنێین[١]. پاشان بەردەوام دەبێت و جیاوازی دەکات لە نێوان شوێن و پانتاییدا، وای دەبینێت شوێن دەلالەت لە هەموو ئەوە دەکات، کە تەواو جوگرافییە، بەڵام پانتایی دەلالەت لەوە دەکات، کە جگە لەمەیە (واتە جوگرافی نییە)و لە ڕووی رووبەرەوە لە جوگرافیا گەورەترەو رەهەندێکی فراوانتری هەیە، بریتییە لە درێژبوونەوەو بەرزی و نزمی، فڕینە، ئەستێرەکانە لە زەویدا، بەڵام جوگرافیا بە حوکمی سروشتەکەی بۆ وەسفی شوێنێکە، کە هەبێت، نەک شوێنێک کە نەبێت و دیار نەبێت، یان شوێنێك بێت کە ئاواتی بۆ دەخوازرێ و مرۆڤ خەو بە بینینیەوە دەبینێت لە دەرەوەی چوارچێوەی زەویدا[٢]، بەڵام دکتۆر (مراد عبدالرحمان) بە دواداچوون بۆ ئەمە دەکات و دەڵێت: "ئەم چەمکەش دەبێتە هۆی نەمانی خودی چەمکەکە، بەڵکو دەبێتە هۆی لێکدژی لەگەڵیدا، چونکە پانتایی (الحیز) لە ڕووی زمانەوە هەموو کۆیەکە، کە بە ڕێکوپێکی دراونەتە پاڵ یەکتر، واتە پانتایی ئەوەیە، کە بە سنورێکی دیاریکراو سنوربەند دەکرێت، چونکە پانتایی شتێک سنورەکەیەتی، پاشان راست نییە بڵێین پانتایی ئەوەیە، کە سنوربەند ناکرێت بە سنورێک و و کۆتایی نایەت بە کۆتایی، چونکە لەمەدا شتێک دەناسێنین لەرێگەی دژەکەیەوە ئەگەرچی واتاکە زاراوەییشە"[٣]، بەڵام بەردەوام پانتایی بەستراوە بە سنورێکی دیاریکراوەوە، ئەگەرچی بەزۆر رەها کراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازکردنی تواناکەی لە لەخۆگرتنی پێکهێنەرەکانی تری ڕۆماندا، کە

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١-١٢٢.

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

(٣) مراد عبدالرحمان مبروك، جيوبولوتيكا النص الأدبي"تضاريس الفضاء الروائي نموذجا"، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠١، ص٦٨.

دیاریکردنی مادییانەی هەستەکی تێدەپەڕێنن، وەک فەزای دەلالی، کە لە خوازە زمانییەکانەوە وەردەگیرێت و بەشێوەیەکی مەعنەوی دەردەکەوێت. بەمەش تێبینیی پوکانەوەی پانتایی دەکەین لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا کە تێی ناپەڕێنێت، بەو پێیەی پانتایی شتێک سنورەکەیەتی، بەپێچەوانەی فەزای فراوانەوە، بۆیە دروست نییە رەها بکرێت و وای لێ بکرێت کە بە سنورێک سنوربەند نەکرێت، ئەگەرچی لەپێناو ناساندنی شتێکیشدا بێت بە دژەکەی[1]. لێرەدا گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان فەزا و پانتایی لەم خشتەیەدا کورت دەکەینەوە:

| جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی فەزا | جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی پانتایی |
|---|---|
| فەزا زۆر لەوە فراوانترە تەنها ئەو رووبەرە تەسکە یاخود دیاریکراوە لەخۆ بگرێت، کە دەمانەوێت بۆ شوینێکی جوگرافی بەکاری بهێنین، یان بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندیی بە شوێنی جوگرافییەوە هەیە، بەڵکو فەزا ئەو بۆشاییە فراوانەی گەردوونی دەرەوەیە کە دەوری ئێمەی داوە، ئەمەش خزمەتی رۆمانەکە دەکات، چونکە کرانەوەی تیادابێت بۆ ئەوەی هەموو ئەوە بگرێتەوە کە رۆمانووس دەیەوێت. | پانتایی لە هەر شتێکەوە سەر هەڵبدات کە بجوڵێتەوە، جا هەستی پێ دەکرێت یان دەستی لێ دەدرێت، ئەگەر تەنێکی مادی هەموو ئەوە بێت، کە پانتاییەکی هەوا داگیر دەکات، ئەوا گۆڕانی شوێنی پانتاییەکە ملکەچی جوڵەی تەنەکە دەبێت و ئیتر پانتاییەکە سیفەتی گواستنەوەو ناجێگیری بەدەست دێنێت. |
| زاراوەی فەزا ئیحای فراوانی و بێسنوری دەدات، ئەمەش خزمەتی رۆمانەکە دەکات کە دەکرێتەوەو هەموو ئەوە دەگرێتەوە کە رۆمانووس دەیەوێت. | زاراوەی پانتایی ئیحای دیاریکردن دەدات، وەک بینیمان پانتایی شتێک سنورەکەیەتی. |
| فەزا شتی خەیاڵکردیش دەگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر بە کۆمەڵە سیمایەکیش دیاری نەکرابن. | لەبەر ئەوەی پانتایی بە سنورێک سنوربەند کراوە، بەو پێیەی پانتایی شتێک سنورەکەیەتی، ئەمەش ناچارمان دەکات سنور و سیمای هەر رەگەزێک بکێشین، بۆیە ئەو رەگەزانە ناگرێتەوە، کە شیاوی پێوانەکردنی هەستی نین و دەرباز دەبن لێی. |
| لە بنەمادا بەستراوە بە کاتەوە، بۆیە سەربەخۆ وێنا ناکرێت. | پەیوەندیی بە کاتەوە پەیوەندییەکی دوو لایەنەیەو دەتوانێت خۆی دابڕێت لە پەیوەندییەکە ، بە تایبەتی لە کاتی وەسفدا. |

پوختەی ئەوەی باس کرا ئەوەیە پانتایی بۆشاییەکی خەیاڵکردە چ فراوان بێت یان تەنگ، تەنێک داگیری دەکات، لای هەندێک لە فەیلەسوفانی عەرەبیش هاوواتای شوێنە، لەبەر ئەمە بەراورد بە وشەی فەزا کورت دەهێنێت، لای هەندێک فەیلەسوفیش فراوانترە لە شوێن، بەڵام بەستراوە بە پانتاییەکەوە، کە ناکرێت زیادو کەم بێت لێی لە رووی درێژبوونەوەوە، لێرەشدا کۆتکراوەو ئەو واتایە بەدی ناهێنێت، کە وشە یاخود زاراوەی فەزا بەدیی دەهێنێت، واتە ئەو شوێنە جیاوازانەی لە دەقی ئەدەبی ـ بە تایبەتی لە رۆماندا- هاتوون بە هەموویان فەزای دەق پێک دەهێنن، ئەمەش جارێکی تر دەمانباتەوە بۆ واتای فەزا لای هایدگەر ،کە پێشتر باسمان کرد.

(١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشو ، ل٦٨.

به پشت بەستن بە سەرجەم شیکردنەوەکانی پێشتر، لەبارەی زاراوەی فەزا دەگەینە ئەوەی بڵێین: فەزا (space) سەراپایی و هەمەکی و فراوانترە و شوێن (place) بەشەکییە و سنوردارترە، جێگە (الموضع ـ location)ش لە شوێن دیاریکراو و سنوردارترە و زیاتر بەشەکییە و زیاتر دیاریکراوە، وەک لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەیخەینە ڕوو:




لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین پانتایی ڕەگەزێکی ناوەندیی نێوەندگیرە لەنێوان شوێن و فەزادا، دەشێ پانتاییەکی جوگرافی بێت بە واتای شوێن ئەگەر سیفەتی جێگیریی وەرگرتبێت، دەشێ درێژ بێتەوەو سنوری نەبێت و کۆتایی نەیەت و چەمکی فەزا بدات، بە جۆرێک فەزاکە چوارچێوەیەکە ژینگەی سروشتی و دەستکردیش دەگرێتەوە بە هەموو جۆر و ئەرکەکانیەوەو شەقام و هەموو ئەو شوێنانەش دەگرێتەوە کە تیایاندا دەژین، شوێن لە ڕێگەی ئەو مرۆڤانەی تیایدا دەژین خاسیەت وەردەگرێت، مرۆڤەکانیش کورتکراوەی ئەو کاتەن کە تیایدا دەژین، کاتیش بەو خودانە دیاری دەکرێت.

لە هەموو ئەوانەی باس کران، دەگەینە ئەوەی، کە واتا فەرهەنگییەکانی فەزا لەنێوان دوو مەدلولدا دێن و دەچن، ئەوانیش بریتین لە:

1 - پانتایی (الحیز) : شوێنێکی سنوردار لە فەزا بەچەند نیشانەیەکی دیاریکراوەوە.
2 - شوێنێکی فراوان : گەورە، چ پڕبێت یان بەتاڵ بێت یان دەشتودەر بێت .

## بەشی دووەم

## فەزا وەک هاوتای شوێن، یان فەزای جوگرافی لە ڕۆمانی کوردیدا

### فەزا وەک هاوتای شوێن، یان فەزای جوگرافی:

زۆربەی لێکۆڵەرەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە فەزای جوگرافی بریتییە لە پانتایی (الحیز)ی شوێن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لای زۆربەی ڕۆماننوسەکان وەسفی فەزا لە ڕێگەی پێشکەشکردنی ئاماژەی جوگرافییەوەیە ئەگەرچی ئاماژەکە لاوازیش بێت، (لحمدانی) وا پێناسەی فەزا دەکات کە: "بریتییە لە پانتایی شوێن لە ڕۆمان یاخود حیکایەتدا بە شێوەیەکی گشتی"[1]، بەمەش فەزا یەکسان دەبێت بە شوێن و لێکۆڵینەوەی شوێن لەسەر ئەوە دامەزراوە "ئەو پارچانە (پارچە وەسفانە) دەربهێنێت و لە سروشت و داڕشتنەکەیان بکۆڵێتەوە"[2]. لێرەدا شوێن بەپێی سنوری سروشتەکەی بونیاد دەنرێت، هەر سەبارەت بەمە (مراد عبدالرحمن مبروك)ی لێکۆڵەر چەمکی جوگرافیامان لە لێکۆڵینەوە کۆنەکانی یۆناندا پێشکەش دەکات، کە بریتییە لە زانستی شوێن و وەسفی شوێن، کە گرنگی دەدات بە پێکهاتەو بەرزی و نزمییە جیاوازەکانی وەک شاخ و دەشت و...هتد، پاشان دووبارەی دەکاتەوە کە چەمکەکەی فراوان بووە بۆ ئەوەی جوگرافیای کەش و هەواو مرۆیی و رامیاری و ئابوریش بگرێتەوەو تەنانەت وای لێ هات چەمکەکە ناونرا جوگرافیای شوێنی دەقەکە "کە مەبەستمان لێی سنوری بەرزی و نزمییەکانی شوێنە لە دەقە گێڕراوەکەدا لە ڕووی پانتایی شوێنی جوگرافیی دەقەکەو پانتایی بەدوای یەکداهاتنی شوێن تیایدا"[3].

وا دیارە ئەم جۆرە لە فەزا لەوەوە دەست پێدەکات، کە لە واقیعدا هەیە، یان بە لایەنی کەمەوە شوێنەواری زانراوی هەیە لە واقیعدا، خوێنەریش لە ڕێگەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پانتایی و فەزا مێژووییانە، لەمەدا جۆلیا کریستیفای رەخنەگر ئاماژە بەوە دەکات دەستەواژەی "فەزای جوگرافی بۆ هەندێک بونیادی گوتاری بەکاردێت، کە لە میانەی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوی پەیوەست بە ئایدیۆلۆجیای سەردەمەوە دەردەکەوێت و ئەو قۆناغە جیا دەکاتەوە"[4]، لێرەدا (کریستیفا) ئەوە رادەگەیەنێت فەزای جوگرافی بەستراوە بە ناوەڕۆکەوەو لێی دانابڕێ .

---

(١) حميد لحميداني، بنية النص السردي، ص٥٣.

(٢) سيزا أحمد قاسم، بناء الرواية، ص٧٦.

(٣) مراد عبد الرحمن مبروك، جيوبوليتكا النص الأدبي، ص١٢٣.

(٤) حميد لحميداني، بنية النص السردي، ص٥٤.

(عبد الملك المرتاض)ی رەخنەگریش لە لایەکی ترەوە لە لێکۆڵینەوەیەکیدا لە بارەی ڕۆمانی (زقاق المدق)ەوە ناڕازیبوونی خۆی لە زاراوەی شوێنی جوگرافی رادەگەیەنێت، چونکە ئەوەی تیا دەبینێت کە ئاماژەکردنە بە شوێنی راستەقینەی وەک قاهیرە، بۆیە ئەم زاراوەیە لە تێڕوانینی ئەودا لەچاو زاراوەکانی وەک فەزا و پانتایی (الحیز)دا کورت دەهێنێت، پاشان وای دەبینێت ئەو جیاوازییە لەنێوان چەمکەکاندا هۆکاری ئەوەیە لە لێکۆڵینەوەی پێشووتریدا لە بارەی (زقاق المدق) پشتی نەبەستووە بە زاراوەی پانتایی (الحیز) بۆ دەلالەتکردن لەم جۆرە شوێنە، لەمەشەوە ئەوە روون دەبێتەوە رەخنەگر فەزای جوگرافی دەبەستێتەوە بە هەموو شوێنێکی واقیعی و راستەقینەوەو دەڵێت: "شوێن لای ئێمە ئەوەیە، کە پانتاییەکی جوگرافیی راستەقینە دەگەیەنێت"[١]، پاشان دەڵێت لەم رووەوە لە لێکۆڵینەوەکەیدا لە بارەی دەقی (زقاق المدق)ەوە شوێنی بەکارهێناوە بۆ دەلالەتکردن لەوەی جوگرافییە، بەڵام مەبەستی لە پانتایی (الحیز) هەموو ئەوانەیە کە جگە لەمەن.

گەر سەیری هەڵوێستی (محمد عزام) بکەین دەبینین بە پێچەوانەی (عبد الملك المرتاض)ەوە ئەو زاراوانە بەکار دەهێنێت و وا پێناسەی پانتایی (الحیز) دەکات، کە: "پاڵەوانەکان تیایدا دەجوڵێن، وەک شوێنی گواستنەوەی گشتی، گوند، شار، شاخ، دەشت..."[٢]، پاشان ئەمەش لە شوێنی راستەقینەی سنوردار دەرناچێت، لە کاتێکدا دەبینین (سعید یقطین)ی رەخنەگر چەمکێکی تر بۆ فەزا پێشکەش دەکات و وای دەبینێت فەزا هیچ نییە جگە لە نواندنێکی زەینی، کە لە فەزاوە وەرگیراوە، واتە فەزا بەبێ ئەوەی هاوتای فەزای جوگرافیی دەرەکی بێت. جەختیش لەوە دەکاتەوە زمان بنەمای بەرهەمی گێڕانەوەییە، ئەو فەزایەش چەند واقیعی بێت، بەڵام هەر بە نواندنێکی زەینییانەی فەزا دەمێنێتەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش بەکارهێنانی وشەی شوێن بۆ دەلالەتکردن لە فەزا رەت دەکاتەوە، چونکە لای ئەو شوێن سنورداری و چوارچێوەو دیکۆر دەگەیەنێت[٣]. لەوەی باس کرا بۆمان روون دەبێتەوە لێکۆڵینەوەکان لەم پێکهاتەیەی ڕۆمان، پشتیان بەستووە بە شوێنی سنوردار وەک دەرکەوتەیەک لە دەرکەوتەکانی فەزای جوگرافی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەوارانەی تایبەتن بە شوێن بەپێی کات، بۆیە هەندێک باوەڕیان وایە شوێنی جوگرافی ریشەیەکی کۆنی هەیەو رەگەکانی بە کارەکانی رابردوودا رۆچووە، پێویستیشە هەر کارێک بەشێوەیەک لە شێوەکان ببەسترێتەوە بە شوێنەوە "شوێنی جوگرافی لە ڕووی تۆبۆگرافی و ئیستاتیکییەوە لە کۆنەوە باس دەکرێت، دارستان و شاخ و بیابان... لە سەرەتای مێژووەوە لەناو چیرۆکی جیهانی و عەرەبیشدا

(١) عبدالملك مرتاض، تحليل الخطاب السردي "معالجة تفكيكية سيميائية مركبة لزقاق المدق"، ديوان المطبوعات الجامعيـة، الجزائر، ١٩٩٥، ص٢٤٥.

(٢) محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، ص٧٤.

(٣) بڕوانە: سعيد يقطين، قال الراوي، ص٢٤.

هەبوون"[1]. شوێنی ئەندازەیی، کە (هلسا) بە جۆرێکی دیکەی شوێنی دایناوە لە راستیدا وێنەیەکی تری شوێنی جوگرافییە، ئەمەش لە رێگەی ئەو چەمکەوە دەردەکەوێت، کە دەری بڕیوەو دەڵێت: "مەبەستم ئەو شوێنەیە کە ڕۆمان دەیخاتە روو لە رێگەی وەسفکردنی رەهەندە دەرەکییەکانییەوە بە وردی و بێلایەنی"[2]، پاشان مەبەست لەم جۆرە شوێنە شوێنی فیزیاییە، کە بە رەهەندەکانی درێژی، پانی، قووڵی دیاری دەکرێت، بە جۆرێک دەبێتە وێنەیەکی سەرەتایی کە فەزا تیایدا دەردەکەوێت، ئەو رەهەندانە بە هیچ جۆرێک لە کات دانابڕێن و بۆ دیاریکردنی هەموو دیاردەیەکی سروشتی پێویستن"[3].

ڕۆماننوس هەمیشە کار لەسەر ئەوە دەکات کۆمەڵێک ئاماژەی جوگرافی پێشکەش بکات بۆ جوڵاندنی خەیاڵی خوێنەر، یان بۆ بەدیهێنانی دۆزینەوەیەکی میتۆدییانەی شوێنەکان، لەسەر ئەم بنەمایە فەزای جوگرافی لە رێگەی خودی گێڕانەوەوە دێتە ئاراوە، ئەو شوێنەیە، کە ڕووداوەکان تیایدا روو دەدەن، یان ئەو رووبەرەیە کە کەسەکان تیایدا دەجوڵێنەوە، یان وا دادەنرێت تیایدا دەجوڵێنەوە، پانتاییەکی شوێنیی ناو ڕۆمان یاخود ناو گێڕانەوەیە بە گشتی[4]، کە دەکرێ لە رێگەیەوە بگەینە مەغزای هزری و ئایدیۆلۆجی و تەنانەت هێمایی دەقەکە، فەزا بەم چەمکە کۆتایی دەهێنێت بە رووبەری شوێن بە هەموو دەلالەتە ئیستاتیکی، یان بەهاییەکانی فەزای جوگرافی کە تیایدایەو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە تیایدا روویان داوە، هەروەها رێکخستنی جۆری ئەو کاریگەرییە شاراوانەی، کە دەکرێت دابەشکردنی ئەو شوێنانە لە شێوەگیربوونی ناوەکییانەی ناوەڕۆکی دەقەکەدا پیادەی بکات، واتە شوێنی جوگرافی لەناو دەقدا رەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و عەقیدەیی وەردەگرێت، "تەنانەت ئێمە لە کاتی گەڕاندنەوەی خودی شوێنەکەدا یان ئەوەی پەیوەستە پێوەی، ئەم سیاقانە دەگەڕێنینەوە"[5]. واتە فەزای جوگرافی و فەزای شوێنی لە خستنەڕووی ناوەڕۆک و وێنەکانیدا قەتیس نامێنێت، بەڵکو پێویستە وەک ئەزموونێک تیایدا بین، لە دەقە ئەدەبییەکەشدا کلیلێکە وا لە خوێنەر دەکات بگاتە جیهانی دەقەکەو رێگەی دەدات لە فەزا کراوەو فراوانەکەیدا بفڕێت.

---

(١) إبراهيم السعافين، تحولات السرد "دراسات في الرواية العربية"، ط١، دارالشرق، عمان، ١٩٩٦، ص١٦٥.

(٢) محمد برادة، الرواية العربية واقع وأفاق، دار ابن الرشد للطباعة والنشر، بيروت، لبنان، ١٩٨١، ص٢٢٠.

(٣) حنان محمد موسى حمودة، الزمكانية وبنية الشعر المعاصر، ط١، عالم الكتب الحديث، الأردن ، ٢٠٠٦، ص٢١.

(٤) بڕوانە: حميد لحمداني، بنية النص السردي، ص٥٣.

(٥) فتيحة كحلوش، بلاغة المكان، ط١، مؤسسة الانتشار العربي، لبنان، ٢٠٠٧، ص٢٤.

## فەزای گێڕانەوەیی لە نێوان دژەکاندا:

ئەگەر سەیری هەر ڕۆمانێک بکەین و لەبەردەمماندا واڵای بکەین و بەچاکی لە هەندێک پێکهاتەکانی بڕوانین، وەک کارەکتەر، یان بیرۆکەکەی یان مەسەلەیەکی ناوی و تابۆکانی، یان کات و شوێن، پاشان ئەوەی ماوەتەوە تێکەڵی بکەین و بە چاوی تێڕامان و سەرنجدان سەیری بکەین، دەبینین ئەوەی هەیە قەوارەیەکی جوان و رازاوەیە لە گێڕانەوە، گەر شتەکانی ناوی پوخت بکەینەوە، ئەوەی دەیبینین کۆمەڵیک رستەی ڕۆمانی پتەوە، کە لە بنەمادا لەسەر وشەی هەڵبژێردراو و بڕگەی ڕۆمانی چاک بنیاتنراون. هەروەها لەگەڵ چنینی ڕووداوەکان ڕووبەڕوو دەبینەوە، کە ئەویش بریتییە لە چنراوێکی دروست کراو لەو رستە ڕۆمانییە پتەوانە، کە لەلایەن دروستکەری ئەو گێڕانەوەیەوە بەشێوەیەکی تایبەت چنراوەو بەهەموو جۆرەکانی گفتوگۆ موتوربەکراوە، هەروەها لەناو چنینەکەدا هەندێک لەجوانییەکانی چنینەکەو سەرنجڕاکێشی دەبینین، کە لە خەیاڵی دانەرەکەدا سەرچاوەی گرتووە، بە هەموویان ئەو گێڕانەوەیە پێک دەهێنن.

فۆڕمالیستە روسەکان وای دەبینن گێڕانەوە "هۆکاری گەیاندنی چیرۆکە بە گوێگر یاخود بە خوێنەر، ئەمەش لە رێگەی نێوەندگیر (وسیط)ێک لە نێوان کارەکتەرەکان و وەرگر، کە بریتییە لە وەگێڕ"[1]، کەواتە بەلای ئەمانەوە گێڕانەوە گەیاندنی بیرۆکە دەگەیەنێت، ئەمەش پێویستی بە وەگێڕە بۆ ئەوەی بیرۆکەکە بگەیەنێت بە گوێگر. بەمەش وەگێڕ بریتی دەبێت لە خودێکی مرۆیی، بەو سیفەتە بەکار دەهێنرێت، کە "ئامرازێکە یاخود پاڵاوگەیەکە یان ئاوێنەیەکە یان یادگەیەکە مۆرکێکی مرۆیی بە ڕووداوەکە دەدات بۆ ئەوەی بتوانرێت دەرک بکرێت، بتوانرێت بچێژرێت و لێی تێبگەین، هەروەها هەستیشی پێ بکەین، هەروەها وەگێڕ مێژووش دەکات بە ئەزموونێکی مرۆیی، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەبگیرێت[2]. کەواتە وەگێڕ کەسێکی قسەکەرە، کەرەستەکانی بابەتەکەی پیت و دەنگ و وشەو رستەکانە، ئەو زمانەش کە وەگێڕ قسەی پێدەکات ژیان بەرهەمدار دەکات، ئەمەش بەرهەمی ڕۆمان لە ژیانی واقیعی جیا دەکاتەوە.

ئەگەر ڕۆمان لەسەر ململانێی دەنگەکان دامەزرابێت، ئەوا وەگێڕ ئەو دەنگانە رێکدەخات و رێکیان دەکات، تەنسیق و گونجان و خستنەپاڵ یەک و جێوەدارکردنیان بۆ ئەنجام دەدات، بۆ ئەوەی ئەو دەنگ و دیالێکتانە لە ناسازی و لەگەڵ یەک نەگونجان دوور بن و هاوئاواز و گونجاو بن. جگە لەمانەش چ بەرێگەیەکی راستەوخۆ بێت یاخود بە ناڕاستەوخۆ باسی قسەی هەریەکێک لە

(١) ميساء سليمان الإبراهيم، البنية السردية في كتاب الإمتاع والمؤانسة، ط١، منشورات الهيئة السورية للكتاب، دمشق، ٢٠١٢، ص١٣.

(٢) بڕوانە: عبدالرحيم الكردي، الراوي والنص القصصي، ط١، مكتبة الآداب، القاهرة، ٢٠٠٦، ص٢٥.

کارەکتەرەکان دەکات، هەڵیان دەسەنگێنێت و لەوانەیە لەگەڵیدا بێت یاخود بەرهەڵستیی بکات یان شیی بکاتەوە یاخود بە چەند دیمەنێکی تێرو تەسەل قسەکانی هەڵبوەشێنێتەوە.

یەکێک لەوانەی پێناسەی گێڕانەوەی کردووە (سعید یقطین)ەو وا دیاری دەکات، کە "دەرکەوتنێکی گوتارییە، جا ئەو گوتارە چ لەلایەن زمانەوە تەوزیف بکرێت، یان لەلایەن جگە لە زمانەوە. شێوەگیربوونی ئەم دەرکەوتنە گوتارییەش لە ئەنجامی بەدوای یەکدا هاتنی کۆمەڵێک ڕووداوی پەیوەست بە یەکەوە دەبێت، کە پەیوەندیی بەناو یەکداچوو لەنێوان سەرجەم پێکهاتەو ڕەگەزەکانیدا تەحەکومی پێوە دەکات."[1]. لەوەی پێشتر باسکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت پرۆسەی گێڕانەوە تەنها لەسەر زمان دانامەزرێت، بەڵکو دەکرێ لەسەر جوڵەو وێنەش دابمەزرێت، لەسەر ئەم بنەمایە پرۆسەی گێڕانەوە بەپێی چەند میکانزمێکی جیاواز دیاری دەکرێت، پێویستە خوێنەرێکی فرە ڕەهەند و بەتواناش هەبێت. لەم پێناسانەدا تا ڕاددەیەکی زۆر تێبینیی ئەوە دەکرێت، کە لەڕووی گەیاندنی واتاوە زۆر لە یەک نزیکن و دەلالەت لە یەک شت دەکەن، ئەویش ئەوەیە گێڕانەوە لەسەر یەک بنەما دادەمەزرێت، ئەویش ئارەزووی گەیاندنی بیرۆکەکەیە بە گوێگر یاخود خوێنەر، یاخود گێڕانەوە "کردەیەکە و ئەو وەگێڕە ئەنجامی دەدات کە چیرۆکەکە بەرهەم دەهێنێت، ئەمەش کردەیەکی ڕاستەقینە یاخود خەیاڵییەو بەرهەمەکەی گوتارە، هەروەها گێڕانەوە - گەر فراوانتری بکەین - هەموو ئەو بارودۆخە شوێنی و کاتی و واقیعی و خەیاڵییە دەگرێتەوە کە لە دەوریەتی، کـــەواتە گێڕانەوە پرۆسەی بەرهەمهێنانەو وەگێڕ ڕۆڵی بەرهەمهێن دەبینێت تیایدا، بۆگێڕراوەش ڕۆڵی بەرخۆر و گوتاریش ڕۆڵی کەرەستە (سلعة) بەرهەمهاتووەکە دەبینێت"[2].

(ئەرستۆ) یەکەم کەسە لە ڕێگەی هێنانە کایەی لێکۆڵینەوەی سستەماتیکیانەی گێڕانەوەوە، بەشێوەیەکی میتۆدی بناغەی زانستی گێڕانەوەی دامەزراندووە، هەروەها کۆمەڵێک لێکۆڵەری تریش بناغەی ئـەم دامەزراندنەیان داناوە، وەک: هێردەر و لیسینگ و شلیگل و نۆڤالیس وکۆڵریج و مالارمێ، "بە دەرکەوتنی فۆڕمالیزمە روسەکانیش شیکردنەوەی گێڕانەوە وەرچەرخانێکی نوێی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی دوای ئەوەی تۆماشفسکی لەناو بەرهەمی گێڕانەوەدا ناوەڕۆکی گێڕانەوەو بونیادی گێڕانەوەی لەیەک جیاکردەوە"[3]، جەختکردنەوەشی لە ناوەڕۆکی گێڕانەوە بووە بابەتی لێکۆڵینەوەی فۆڕمالیستە روسەکان. ناشبێت لێکۆڵینەوەکانی کومەڵەی پراگ و جەمسەرەکانی بونیادگەری و ڕەخنەی نوێ پشتگوێ بخەین، کە بڕبڕەی پشتی زانستی گێڕانەوەی هاوچەرخ پێک دەهێنن.

---

(١) سعيد يقطين، تحليل الخطاب الروائي "الزمن، السرد، التبئير"، ط٣، المركزالثقافي العربي، بيروت ،١٩٩٧، ص٤٦.

(٢) د.لطيف زيتوني، معجم المصطلحات نقد الرواية، ط١، مكتبة لبنان ناشرون، دار النهار للنشر، بيروت، لبنان، ٢٠٠٢، ص١٠٥.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

تۆدۆرۆفیش زاراوەی زانستی گێڕانەوە (السردیة)ی بەهەمان ئەو چەمکە بەکارهێناوە، کە فلادیمیر پرۆپ ساڵی (١٩٢٨) لە (مۆرفۆلۆجیای حیکایەت)دا بەکاری هێناوە، کە کتێبێکی ئاڵۆزی زانستی گێڕانەوەی سیمۆلۆژییە، مەبەستیشی لە مۆرفۆلۆجیا لێکۆڵینەوەی فۆرمی حیکایەت و یاسا رێکخەرەکانیەتی، لەسەر شێوەی مۆرفۆلۆجیای رووەکی ئەندامی[١].

زانستی گێڕانەوە بە چەندین قۆناغی پەرەسەندندا تێپەڕبووە، کە دەکرێت دابەشی بکەین بۆ سێ قۆناغ، ئەوانیش بریتین لە: قۆناغی کۆرپەلەیی، قۆناغی ژانگرتن و قۆناغی لە دایکبوون.

1 . قۆناغی کۆرپەلەیی (پێش زانستی گێڕانەوە): قۆناغی شێوەگیربوون یاخود قۆناغی کۆرپەلەیی زانستی گێڕانەوە لە هەوڵدانە تیۆرییەکانی فۆڕالیستە روسەکانەوە دەست پێدەکات، کە داوای ئەوەیان دەکرد پێویستە زانستێکی نوێ لە دایک ببێت، کە گرنگی بە (ئەدەبێتیی ئەدەب) بدات و ناویان نا "پۆیەتیکا"ی نوێ[٢]. کارەکانی فلادیمێر پرۆپ لە بارەی حیکایەتی فانتازییەوە، ساڵی ١٩٦٦ بووە هۆی دەرکەوتنی ئەوەی پێی دەوترا شیکردنەوەی بونیادگەرییانەی گێڕانەوە. گومانیشی تیا نییە مەبەست لە شیکردنەوەی گێڕانەوە لە ڕووی بونیادگەرییەوە، گەڕانە بەدوای پۆیەتیکای گێڕانەوەدا، واتە گەڕانە بەدوای شیعرییەتی گێڕانەوەدا.

2 . قۆناغی ژانگرتن: دیاریکردنی زاراوەی زانستی گێڕانەوە (السردیات) لە سەرەتادا بە شپرزەیی بوو، پێش ئەوەی بە تەواوی جێگیر ببێت ملکەچی چەندین جۆر بەکارهێنان بوو، هەندێک لەو بەکارهێنانانەش زۆر باو بوون، کە بەڵگە بوون لەسەر ناجێگیرییەکەی پێش جێگیر بوونی، وەک: تیۆری گێڕانەوە، شیکردنەوەی گێڕانەوەیی، شیکردنەوەی بونیادگەرانەی گێڕانەوە، پۆیەتیکای پەخشان، پۆیەتیکای گێڕانەوە، رەخنەی ڕۆمان، شیکردنەوەی زمانەوانیی ڕۆمان.... هتد. لە ساڵی ١٩٦٧ تۆدۆرۆف زاراوەی زانستی گێڕانەوە(Narratologie)[٣]ی پێشنیاز کرد، ئەم ناونانەش وەک ئەو ژانە بوو، کە لە دایکبوونی بەدوادا دێت.

3 . قۆناغی لەدایکبوون: سەرەتای حەفتاکان لەگەڵ دەرکەوتنی کتێبی (گوتاری حیکایەت)ی جیرار جینێت لە ساڵی ١٩٧٢دا لە دایکبوونی راستەقینەی زانستی گێڕانەوە دەستی پێ کرد، چونکە ناونیشانە لاوەکییەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە بریتی بوو لە (گوتار لەبارەی میتۆدەوە)، دەلالەت بوو. گەر پێکهاتەکانی ڕۆمان بریتی بن لە وەگێڕو گێڕراوەو بۆگێڕراوە، دەتوانرێت بوترێت بونیادی

---

(١) بڕوانە: عبدالله إبراهيم، المتخيل السردي، ص١٥٠؛ سعيد بنكراد، مدخل إلى السيميائيات السردية، ط١، دار تينمل، مراكش،١٩٩٤، ص٩.

(٢) بڕوانە: سعيد يقطين، السرديات والتحليل السردي "الشكل والدلالة"، ط١، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، ٢٠١٢، ص١٦٦.

(٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

گێڕانەوە بریتییە لە: پەیامێکی زمانی کە هەڵگری جیهانێکی خەیاڵییە لەو ڕووداوانەی، کە ساختمانی ڕۆمان شێوەگیر دەکەن و هەردوو جەمسەری گەیاندنی زمانی واتە وەگێڕ بۆ گێڕراوە کێشی دەکەن، بۆ ئەوەی بە سستەمێکی تەواوی پەیوەندی و بەیەکداچوونی ناوەکیی ڕێکبخرێت، کە ئەمیش میکانزمی بەگەڕخستنی سێ پێکهاتەکەی ڕۆمان لەگەڵ یەکدا ڕێکدەخات، سەرەتا لە وەگێڕو شێوازی ڕۆمانەکانیان و وەڵامەکانیان بۆ پرسیار بۆگێڕراوە: چی روویدا؟ چۆن روویدا؟ دەست پێدەکات و بە بڕگەکانی گێڕراوەدا، واتە ڕووداو و چۆنیەتی بنیاتنانەکەی و کارەکتەر و پەیوەندییەکانی لەناو ڕۆمانەکەداو کات و تەکنیکەکانی و شوێن و جۆرەکانیدا تێپەڕ دەبێت و بە پەیوەندییەکانی وەگێڕ و بۆگێڕراوە کۆتایی دێت.

لە روانگەی ئەو ئاماژانەی پێشووەوە دەتوانین بڵێین گێڕانەوە شتێکی دیاریکراو نییە، بۆیە وەک دیارە دەتوانین ئەوە ببینین و دیاری بکەین، کە چەند شێوەو و ئاڕاستەمان هەیە بۆ ئەو گێڕانەوەیە، هەر نوسەرێکیش لەڕووی خەیاڵ و گێڕانەوەی حیکایەت و گۆڕینی بۆ واقیعێکی زمانی، مۆرکی تایبەتیی خۆی هەیە.

گوتاری گێڕانەوەیی بەپێچەوانەی گوتاری شیعرییەوە دواکەوتنێکی پێوە دیارە لە بواری دیاریکردنی یاساو ڕێساو شێوازی بونیادەکەی و شێوەی کارکردنییەوە، یەکەمین کارەکان لەم بوارەدا لە سەرەتای سەدەی بیست، بە تایبەتیش لەگەڵ دەستپێشخەرییەکانی لێکۆڵەری روسی (فلادیمێر پرۆپ) دەرکەوتن، کە هەوڵی دەدا لێکۆڵینەوە لە دەقی گێڕانەوەیی بکات بە ملکەچکردنی حیکایەتی خورافی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی بونیادی فۆڕمییەوە بۆ دۆزینەوەی ئەو تایبەتمەندییە هونەرییانەی، گوتاری گێڕانەوەیی جیا دەکەنەوە لە گوتارەکانی تر، ئەمەشی لەو لێکۆڵینەوەیەدا بەرجەستە کردووە ناوی ناوە "مۆرفۆلۆجیای حیکایەتی خورافی"[(١)]. فلادیمێر پرۆپ ویستوویەتی لە ڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەوە ئەو ڕەگەزە هاوبەشانە بدۆزێتەوە کە ناوەڕۆکی حیکایەتە خورافییەکانی بواری لێکۆڵینەوەکەی ئەو پشتیان پێ بەستووە، بەمەش بەراوردی مێژوویی بەلاوە دەنێت، چونکە بەدوای ریشە مێژووییەکانی فۆڕمە فۆلکلۆرییەکاندا ناگەڕێت، هەروەها دوورکەوتووەتەوە لەو ریزبەندییانەی بەپێی بابەتەکان کراون، چونکە حیکایەت لە بابەتی تاک و تەرا نادوێت، لەوانەیە فۆڕمی ئەدەبیی تری وەک شیعر لە باسکردنی هەمان بابەتدا لەگەڵیدا هاوبەش بێت، بەڕای ئەو بوارانە نمونەیەکی زانستی شێوەگیر ناکەن، کە لێکۆڵەر بتوانێت لە ڕێگەیانەوە چییەتیی حیکایەت دیاری بکات، یان چییەتیی هەر قاڵبێکی گێڕانەوەیی بەشێوەیەکی گشتی دیاری بکات.

---

(١) فلاديمير بروب، مورفولوجيا الحكاية الخرافية، ت: أبوبكر أحمد باقادار و أحمد عبدالرحيم نصر، ط١، نادي الأدبي الثقافي، جدة، ١٩٨٩، ص٧.

لەسەر ئەم بنەمایە (فلادیمێر پرۆپ) لە روانگەیەکی بونیادگەرییەوە شیکردنەوەی بۆ حیکایەت کردووە، کە تیایدا خاسیەتە سەرەکییەکانی حیکایەتی خورافیی دیاری کردووە، لەمەشدا پشتی بە وەسفێکی سەراپاگیر و پرۆسەیەکی ئەزموونی بەستووە بە خستنەڕووی گریمانەکانی پێشتر لە گەڕانی بەدوای ڕەگەزە چەسپاو و گۆڕاوەکاندا لە حیکایەتی خورافیدا[1].

فەزا بە ڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێت، کە بونیادی دەقی ئەدەبی پێک دەهێنێت بە گشتی، یەکێکیشە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی زانستی گێڕانەوە بە تایبەتی، تەنانەت بەیەکێک لە گرنگترین ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دادەنرێت، لەناو بەرهەمەکەشدا لە ڕێگەی چەند شێوەیەکەوە دیاری دەکرێت و واتای جۆراو جۆر وەردەگرێت، تا ئەوەی هەندێک جار دەبێتە هۆکاری هەبوونەکەی. لەبەر ئەوەی فەزا گرنگترین ڕەگەزەکانی ڕۆمان پێکدەهێنێت، ئەوا یەکێک لە ئەرکەکانی گێڕانەوەی پێ دەسپێررێت، لێرەدا پێویستیی شەیدابوون بە شوێن دەردەکەوێت، کە دیکۆرێک یان شانۆیەک فـەراهەم دەکات و ڕووداوەکان تیایدا گـەشە دەکەن، تەنانەت کـار دەکاتە سەر رەوتی ڕووداوەکان و تەرکیزێکی فەزاییانەش بەدی دەهێنێت بۆ وشەو دەستەواژەکانی، بۆیە شوێن تەنها نابێتە نیشانەیەک، بەڵکو دەبێتە جێگەیەک بۆ ڕووداو، گێڕانەوەکەش تەنها بە جێگیربوونی لە فەزایەکی دیاریکراودا دادەمەزرێت هەموو وەگێڕێک پێویستی بە فەزایەک هەیە، کە کاریگەرییەکەی دەکشێت تاوەکو هەموو ئەو ڕەگەزانە دەگرێتەوە، کە بەشدارن لە دروستکردنی گێڕانەوەدا، هەروەها "هەموو ناوەڕۆکێک پەیوەندییەکی هەیە بە فەزاوە، تەنانەت کاتێک وەگێڕ واز لە وەسف دەهێنێت، ئەوا فەزا لەناو گێڕراوەکەدایە"[2].

بۆیە فەزا وەک شانۆیەکە، کە ڕووداوەکان تیایدا روو دەدەن، لە گۆڕەپانە گەورەو فراوانەکەیدا کارەکتەر و هزرەکان ململانی دەکەن، ژینگەیەکی گونجاوی پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی کاری تیا بکات و گوزارشت لە بۆچوونەکانی بکات، تێڕوانین و خەونی پاڵەوانەکانی هەڵدەگرێت و روانگەی نوسەر بەرجەستە دەکات، بەشداریش دەکات لە گەشەپێدانی بونیادی کارە گێڕانەوەییەکە، هەروەها چوارچێوەیەک پێکدەهێنێت، کە هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تر لـە خۆ دەگرێت و کارلێک دەکات لەگەڵیان و ژیانی مرۆڤ رووپۆش دەکات و لەگەڵی و لەناویدا دەژی، دەیپێچێتەوە، لە خۆی دەگرێت، هەست بە بوونی دەکات، بۆ هەر کوێ چوو لەگەڵیەتی، روو لە هەر کوێیەک بکات پەردەو سێبەری خۆی بەسەریدا دەدات، هیچ شتێک دەربازی نابێت لێی، هیچ بوونەوەرێکیش بەبێ ئەو نابێت.

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

(٢) جيرار جنيت وآخرون، الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالرحيم حزل، ص٦٣.

(جۆن ویسجێربێر) تاڕاددەیەک گرنگیی بە فەزا داوەو وەک ئەو فەزایانە سەیری کردووە، کە لە هونەرە فەزاییەکانی وەک وێنەکێشان و هەڵکۆڵیندا هەن، وایشی لێ کردووە دوو ئاست بگرێتەوە، کە پەیوەستن بەو خودەی تیایدایە (گیان و جەستەکەی)، ئەمەش پێویستی بەوەیە بە هەمان ئەو گرنگییەی لە هونەرە فەزاییەکاندا بە فەزا دەدرێت، لە فەزای ڕۆمانیش بکۆڵرێتەوە. هەمیشەش جەخت لەوە دەکاتەوە فەزای ڕۆمان وەک هەموو پێکهاتە گێڕانەوەییەکانی تر، لەسەر ئاستی زمان کەرت ناکرێت، چونکە بە دیارییکراوی فەزایەکی لەفزییە و "فەزای ڕۆمان لە رێگەی وشە چاپکراوەکانەوە ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی بابەتێک بۆ هزر پێک بهێنێت، جا لەبەر ئەوەی لە وشە پێک هاتووە، ئەوا سەرجەم ئەو هەست و چەمکانەی فەزا دەگرێتەوە، کە دەکرێت زمان گوزارشتیان لێ بکات"[١]. هەر بۆیە ئەو فەزا دەبەستێت بەو خودە بزوێنەرەی ناویەوە، کە تیایدا دەژی و لەوەوە گۆشەنیگاکەی خۆی دادەمەزرێنێت، تەنانەت هەندێک جار ئەم خودە بە بەرپرس دادەنێت لە دروستکردنی فەزای تایبەت بە خۆی هەروەها پێی وایە کە فەزا لە دەرەوە پێمان نادرێت، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەزموونێکی تاکە کەسییە و مرۆڤ خۆی بەرهەمی دەهێنێت، ئەویش لە حاڵەتی فەرامۆشکردنی خودی فەزای ڕاستەقینە و دروستکردنی فەزایەکی دیکە لە خەیاڵی کاراکتەردا.

(سعید يقطين)ی رەخنەگر فەزا دەکات بە چەقێکی سەرەکیی لەخۆگری وردەکارییەکانی شوێن، کە شوێنیش لای خۆیەوە ئاماژەیە بە پانتایی و جێگەیەکی تەسک و سنوردارو بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییە پێکهێنەرەکانی فەزا دادەنرێت، لە هەمان سیاقدا (عائشة الحكمي) دەڵێت: "فرەیی شوێن و کۆی شوێنەکان لە رووی لۆژیکییەوە ئەوە دەخوازێت ناوی بنێین (فەزا)"[٢]، لێرەوە شوێن بونیادێکی بچووکی سنوردارە، بەڵام فەزا بریتییە لە بونیادە گەورە فراوانە گشتگیرەکە، کە بە درێژایی دەقەکە هەموو شوێنە خەیاڵی و مەرجەعی و پەرشەکان لە خۆ دەگرێت[٣]. فەزای ڕۆمان وا دەکات ڕووداوەکان لە زۆر شوێنی ناو فەزای ڕۆمانەکەدا رێک بخرێن، بۆیە پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان فەزا و شوێندا وەک دوو ڕەگەز، کە ناتوانرێت لەیەک دابڕێنرێن. شوێن لە ڕۆماندا یەکەیەکی بچووکە"کۆمەڵێک شتی پێکەوە گونجاوە (لە دیاردەو حاڵەت و ئەرک و شێوە گۆڕاوەکان...هتد)، پەیوەندییەک لەنێوانیاندا هەیە، کە وەک پەیوەندییە شوێنییە ئاشنا ئاساییەکان وایە (وەک: پەیوەندی، ماوە ...هتد)"[٤]، لە هونەردا شوێن بە شتێکی ئیختیاری دادەنرێت، لێرەدا ئیختیار زمانێکە

---

(١) حسن البحراوي، بنية الشكل الراوئي، ص٢٧.

(٢) عائشة بنت يحيى الحكمي، تعالق الرواية مع السيرة الذاتية "الإبداع السردي السعودي أنموذجا، ص٤٤٣.

(٣) سلمان قاصد، عالم النص "دراسة بنوية في الأدب القصصي فؤاد التكرلي نموذجا"، ط١، دار الكندي للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٣، ص١٦٥.

(٤) صالح ولعة، المكان و دلالته في رواية "مدن الملح" لعبد الرحمن منيف، ص٤٠.

ڕۆماننوس لە ڕێگەیەوە بە وردی ئەو شوێنانە هەڵدەبژێرێت کە دەیەوێت لەڕێگەیانەوە بچێتە ناو قوڵایی وەرگر و کاری تێ بکات.

لە روانگەی پێگەی فەزای ڕۆمان و ڕۆڵی لە پرۆسەی گێڕانەوەدا، بۆمان روون دەبێتەوە هەر ڕۆمانووسێک ڕێگەی خۆی هەیە بۆ خستنەڕووی رووداوەکان و چۆنیەتی هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو بۆیان، بە تایبەتی لەسەر ئاستی فەزای ڕۆمانی نوێ. ئەمەش بووە هۆی بوونی رای جیاواز لەسەر گرنگی و سەنتەرگیرییەکەیدا بەو پێیەی پێکهاتەیەکی ڕۆمانە لە ڕووی بونیادی و دەلالییەوە، ڕۆمانی تەقلیدی تەنها گرنگیی بە شوێن دەدا بەو پێیەی لەخۆگری ڕووداوەکانی ڕۆمان و شانۆی رووداونیانە، بەڵام ڕۆمانی نوێ شوێن بە بەشدارێکی سەرەکیی دروستکردنی واتا دادەنێت، تەنانەت "لەوانەیە هەندێک کات شوێن ئامانجی سەرەکیی سەرجەم کارەکە بێت"[١]. بەمەش شوێن وەک پێکهاتەیەکی گێڕانەوەیی ڕۆمان لەناو ئەرکە ئیهامییەکەیدا، کە بریتییە لەوەی ئیهامی واقیع بدات بە وەرگر لە ڕێگەی ڕێکخستنی ڕووداوەکان بە پێی سستەمێکی قووڵتر، ئەمەش ڕەگەزو بونیاد و سروشت و ئاڕاستەی نوسینەکە دیاری دەکات، هەر ئەمەش ئەو شێوازەیە کە زۆربەی ڕۆمانوسەکان پەیڕەوی دەکەن، ئەمەش بە تەواوی دەچێتە ناو فەزای ڕۆمانەوە. کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە دەکرێت کە چۆن لەناو گوتاری ڕۆماندا شوێن دەبێتە فەزایەک بۆ لەخۆگرتنی ڕووداوەکانی ڕۆمان؟ لەم سیاقەشدا گرنگترین کردە بریتییە لەهەوڵی هەڵوەشاندنەوەی بونیادی گێڕانەوەو شیتەڵکردنی، بۆ بەدواداچوونی وردترین بەش و ڕەگەزەکانی، ئەمەش ئەوە بەسەر رەخنەگردا دەسەپێنێت بەشێوەیەکی تایبەت گوێ شل بکات بۆ دەقە ئەدەبییە پەخشانییەکان و ئەوە دەربخات کە وێنەی دیمەن و ژینگەکانی دەکێشێت لای خوێنەر، دەشکرێت ئەم پرۆسەی شیکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی بونیادی گێرانەوەییەو تێگەیشتن لەوەی لەناو ڕۆماندا رووودەدات و باسکردنی گرنگترین ئەو ڕەگەزە گێڕانەوەییانەی لەسەری دامەزراوە. سەبارەت بە بەکارهێنانی شوێن لە کارە گێڕانەوەییە داهێنەرانەکاندا، لە ڕۆمانێکەوە بۆ ڕۆمانێکی تر و لە ڕۆماننووسێکەوە بۆ ڕۆماننووسێکی تر جیاوازی هەبێت، چونکە دەبینین هەندێک جارڕۆمانوس تەرکیز دەکاتە سەر یەک شوێن یاخود سەر یەک فەزا کە رووداوەکان تیایدا ڕوودەدات، کە پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە، جا ئەمەش چ بە ڕووداوەکانەوە بێت یاخود بە کارەکتەرەکانی ناویەوە بێت لە هەندێکیاندا نیشتەجێ دەبێت و هەندێکیشیان بۆ مەبەستی جۆراو جۆر بەکاردەهێنێت، "خانوو ماڵێکە لە سروشت دەیپارێزێت، نەخۆشخانە شوێنێکە بۆ چارەسەر، زیندان کۆتێکە ئازادییەکەی لێ دەسێنێت، مزگەوت شوێنێکە بۆ ئەنجامدانی پەرستن"[٢].

---

(١) حسن البحراوي، بنية الشكل الراوئي، ص٣٣.

(٢) الشريف حبيلة، بنية الخطاب الروائي "دراسة في الروايات نجيب الكيلاني"، ط١، عالم الكتب، الأردن، ٢٠١٠، ص٢٠٤.

وەگێڕ لە ڕێگەی گێڕانەوە شوێن بونیاد دەنێت و دایدەمەزرێنێت، کەواتە ئەوە گێڕانەوەیە شوێن دروست دەکات و لە ڕێگەی خوێندنەوەوە دەیکات بە راستەقینەو خوێنەریش هەست بەم راستییە دەکات لە ڕێگەی تێکەڵکردنی بە ڕووداوەکان، بەڵام ئاماژەش بەوە دەکات "کە دوورترو قووڵترە لە دیاریکردنی جوگرافی ئەگەرچی ئەمە سەرەکیشە، بەڵام ڕێگەمان دەدات بەناو ئەو فەزایانەدا بگەڕێین کە دیاریکراو و بەرجەستە تێ دەپەڕێنن بۆ باوەشکردن بە خەیاڵی و زەینی و سەرجەم ئەو وێنە جیاوازانەی گوتەزای فەزا دەیانگرێتەوە"[١]. سەرەڕای ئەمە گوتەزای فەزا واتای چەندین دەلالەتی تایبەت بە رەوتی گێڕانەوە و ئاستی پێشوازیی خوێنەر دەگەیەنێت. بۆیە دەیبینین لە گونجانێکی تەواودایە چ لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا بێت یاخود لەگەڵ سەرجەم ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی گێڕانەوەدا بێت، کە وەک نەخشێک وایە بە پێکەوەگرێدانی هەموویان بەپێی یاساو بنەمای دیاریکراو تەواو دەبێت و پێکەوە گۆشەنیگاو تێڕوانینی تایبەتی نوسەر پێک دەهێنن، لێرەدا گرنگیی ڕەگەزی گێڕانەوە لەناو دەقدا دەردەکەوێت لەرێگەی کۆمەڵێک پەیوەندی و کارلێکی نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی ڕۆمان بە دەرکەوتنە جیاوازەکانیانەوەو بە لەبەرچاوگرتنی بوونی چەندین فەزای تایبەت تیایدا.

شوێن لە ڕۆماندا لە چەندین وێنەدا دەردەکەوێت، یان هەمووی خەیاڵییە، یان درێژکراوەی واقیعە، یاخود بە تەواوی واقیعییە، بەڵام بەزۆری بەشی هەرە زۆری ڕۆمانوسەکان بەرەو ئەوە دەچن ئەو ئیحایە بدەن کە شوێنەکە واقیعییە[٢]، ئەمەش بەو مەبەستەی قەناعەت بە خوێنەر بکەن کە ڕووداوەکان واقیعین. شوێن لەگەڵ سەرجەم پێکهاتە گێڕانەوەییەکانی تردا لە چەندین سیفەت و ئەرکدا هاوبەشن، کە بەرجەستەکەری پەیوەندییەکانی پشت ئەو پەیوەندییەیە کە دەیبەستێتەوە بە کارەکتەرەوەو بریتییە لە میزاج و مۆرک و تێڕوانینی ئەو کارەکتەرە بۆ ژیان، بۆیە وا دەردەکەوێت "وەک ئەوەی گەنجینەیەکی راستەقینەی هزر و هەست و سوسە (حدس)ەکان بێت، چونکە لەنێوان مرۆڤ و شوێندا پەیوەندییەکی دوو سەرە دروست دەبێت و هەریەکەیان کار لەوی تریان دەکات"[٣]، ئاشکرایە کاریگەریی دوو سەرەی نێوان کارەکتەر و شوێن وا دەکات هەریەکەیان ملکەچی ئەویتریان بێت، "چونکە پێویستە کاریگەرییەکی دوو لایەنە هەبێت لەنێوان کارەکتەر و ئەو شوێنەی تێیدا دەژی یاخود ئەو ژینگەیەی دەوری داوە، بۆ ئەوەی بونیادی فەزای ڕۆمان بتوانێت ئەو حاڵەتە هەستییەمان بۆ ئاشکرا بکات کە کەسەکە هەیەتی و تەنانەت رۆڵی هەیە لەو گۆڕانە ناوەکییانەی بەسەریدا دێن"[٤]،

---

(١) سعيد يقطين، قال الراوي "البنيات الحكائية في السيرة الشعبية"، ص٢٤٠.

(٢) عبدالمنعم زكريا القاضي، البنية السردية في الرواية، ط١، عين الدراسات والبحوث الإنسانية و الاجتماعية، القاهرة، مصر، ٢٠٠٩، ص١٤٠.

(٣) حسن بحراوي، بنية الشكل الروائي، ص٣١.

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

لەرێگەی پەیوەندیی بەهێزی نێوان فەزا و ئەو کردەو قسانەی کارەکتەرەکان ئەنجامیان دەدەن. کـەواتە شوێن بەهای نابێت، ئەگەر بێت و کارەکتەرەکان ئـەو واتا راستەقینەیەی پێ نەبەخشن و رۆڵیان نەبێت لە دەوڵەمەندکردنی بە دەلالەتەکان، بەهۆی فرەیی شوێنەکان بە پێی جوڵەو هاتوچۆی کارەکتەرەکان لە فەزای ڕۆماندا، کەواتە شوێن بریتییە لە کۆمەڵێک سنوری مادی، کە ئاماژەیە بە واتا دەروونییەکان و سەرجەم ئەو هەڵوێست و کارانەی مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەیدا ئەنجامیان دەدات.

لەبەرئەمە (لۆتمان) تیۆرێکی تەواوی داناوە بۆ جەمسەرە شوێنیەکان، ئەمەش لەو گریمانەوە سەری هەڵداوە کە فەزا بریتییە لە "کۆمەڵێک شتی چونیەک، کە پەیوەندییەکی هاوشێوەی پەیوەندییە ئاساییەکانی شوێن لەنێوانیاندا هەیە، زمانی پەیوەندییە شوێنییەکانیش دەبێتە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناسینەوەی واقیع، چەمکەکانی وەک: سەرەوە/خوارەوە، نزیک/دوور، کراوە/داخراو، پێکەوەبەستراو/دابڕاو... هەموویان دەبنە ئامڕاز بۆ بونیادنانی نمونە رۆشنبیرییەکان بەبێ ئەوەی هیچ سیفەتێکی شوێنییان پێوە دیار بێت"[١].

بنەمای کرانەوەو داخران یاخود هەر سیفەتێک، کە شوێن وەری دەگرێت، بابەتێکی ڕۆمانەو ڕۆماننوس دروستی دەکات و حەواڵەمان دەکات بۆ سروشتی زمان بەکارهاتوو، "بۆ ئەوەی دەرک بە شوێن بکەین پێویستە چەند نەسەقێک دروست بکەین، کە هەبووەکان جیا بکاتەوەو هەر یەک لەو جۆرانە بکاتە خاسیەت و تایبەتمەندی و رەهەندی خۆی"[٢]. بۆیە هەرچەندە شوێنەکان لەیەک بچن و لەیەک جیاواز بن، سروشتی ڕووداوەکە وای لێ دەکات بە چوونی بۆ ناو کارە هونەرییە گێڕانەوەییەکە رەهەندێکی نوێ وەربگرێت، چونکە ڕۆماننوس بەپێی ژیانێکی نوێ بە سەرجەم کایەکانییەوە جارێکی تر دایدەڕێژێتەوە. کەواتە مرۆڤ بە جیاوازیی ئاستە مەعریفییەکەیەوە، چ نوسەر بێت یاخود وەرگر بێت یان کەرەکتەرێکی ناو ڕۆمانەکە بێت، تاکە بڕیاردەرە لەوەی مۆرکێک یاخود بەرگێکی نوێ و دیاریکراو بە بەر شوێنەکەدا بکات بۆ ئەوەی فەزایەکی لێوە دروست بکات، چونکە ئەو حەقیقەت بە فەزا دەبەخشێت بەپێی وێنەیەکی دیاریکراو، کە هاوشانی هەڵوێستەکەیەتی لە ڕووداوەکە یاخود بابەتە گێڕانەوەییەکە بەشێوەیەکی گشتی.

ڕۆماننوس پشت بە چوارچێوەیەکی دیاریکراو دەبەستێت، کە مەیل و هەڵوێستەکانی بۆ ژیان دەخاتە سەر پێکهاتە گێڕانەوەییەکان، بەڵام ئەو رەهەندانە وەردەگرێت کە مەبەستییەتی، چونکە سەرجەم خەڵکیش بەپێی چەندین ئایدیۆلۆجیای چەسپاو بەشداری لەو ژیانەدا دەکەن. ڕۆماننوس دەیەوێت لەسەر ئاستی ڕووداوەکانی ڕۆمان خوێنەر بخاتە حاڵەتی چاوەڕوانییەکی هەمیشەییەوە،

---

(١) محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، ص٦٩.

(٢) طاهر عبدالمسلم، عبقرية الصورة والمكان "التعبير، التأويل، النقد"، ط١، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢، ص٣٠.

(ئەلبێریس)ی رەخنەگریش لە ڕۆمانی رۆژئاواییدا بە تەواوی ئەمە روون دەکاتەوە، کاتێک دەڵێت: "لـە شێوازی گێڕانەوەی تەقلیدیدا ڕۆمان بـە وەسفکردنی دیکۆری ئاشنا و ئاسایی دەست پێدەکات کە شتێک تیایدا روودەدات، وەسفێک کە دڵنیایی لای خوێنەر دروست دەکات بەبێ ئەوەی شۆکی بکات و ئەوەی بۆ دەردەخات کە سەرچڵیەکە ڕووداوێکی لاوەکی و ریزپەڕە و تاکە ئامانجی ئەوەیە لـە جیهانێکی تەواو رێکخراودا هـەندێک چێژ یاخود قەلەقی بـەبەردا بکات، بـە جۆرێک شیکی و هۆگری و ئاسانی وا لە نوسەر دەکەن شتێک لە وێنەکێشانی سەرنجڕاکێش دیاری بکات بۆ ئاستەکانی ڕۆمان"[1]، بەمەش دەتوانێت کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر دەروونی خوێنەر هەبێت.

هاتوچۆی کارەکتەرەکانیش لە فەزایەکی فرەدا، بە هۆی چەند هۆکارێکەوەیە گرنگترینیان لەخۆگرتنی گەرموگوڕی و سۆزە بۆ شوێنی لە دایکبوون، کە جۆرێک لە ئاشنایی دەبەخشێت بە جوڵەی ناوەکی، بۆیە "شوێن تەنها لە شێوەی چەند وێنەیەکدا ناژی ، بەڵکو لە مێشکماندا لە شێوەی کۆمەڵێک پەرچەکردار دەنوێنرێت، تەنانەت ئەگەر لە تاریکیشدا بۆی بگەڕێینەوە رێگەی خۆمان دەدۆزینەوە بۆ ناوی"[2]، هەروەها زۆرجارشوێن پەیوەستە بە حاڵەتی دەروونیی کارەکتەرەکان و تێڕوانین و ماوەی ژیان و کارلێککردنیان لە هەندێک باری تایبەتدا لە شوینێکدا، بەمەش چوارچێوە جوگرافییەکان ون دەبن، یان با بڵێین هیچ بەهایەکیان نامێنێت و کاریگەریی بارودۆخی شوێنەکە باڵادەست دەبێت و لەگەڵ کارەکتەرەکەدا کارلێک دەکات و گوزارشت دەکات لە ناوەوە و هەستەکانی کەسەکە بەرامبەر کاتی رابردوو و ئەو شوێنەی تیای بووە، یان کە تا ئێستاش تیایدا دەژی. ئەمەش لە کاتی قسەکردنی لە بارەی وێنەو کاریگەرییە زۆرەکەی لەسەر یادگە روون دەبێتەوە، لای باشلار (وێنە) بەتەواوی گوزارشت لە فەزای خەیاڵی دەکات، کە لە زەینی خودەکەی ناو ڕووداوی ڕۆمانەکە پێک دێت، ئەوەش کە ئەمە لای ئەو زەق دەکاتەوە ئەوەیە چەمکی وێنە لای ئەو لکاوە بە شوێنەوەو پێوەی بەستراوە، ئەوەتە دەڵێت: "ئەو وێنانەی دەمەوێت بیانپشکن، وێنەی سادەی شوێنی گونجاون، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ئەم لێکۆڵینەوەیە شایەنی ئەوەیە ناو بنرێت تۆپۆفیلیا (Topophilia) (ئارەزووی کێوماڵێکی سەراپایی)یەو بەدوای دیاریکردنی بەهای مرۆڤدا دەگەرێت بۆ ئەو جۆرانەی شوێن، کە دەتوانین بیانگرین، یاخود دەستمان پێیان بگات"[3].

ئەگەر دەستمان بـە شوێن گەیشت و توانیمان بیگرین لـەبەرئەوەی شتێکی هەستپێکراو و سنورداره، ئەوا بـە پێچەوانەوە نـاتوانین دەستمان بگات بـەوەی لـە شوێنەکەدایەو تیایدا روو دەدات و تەنانەت دەستمان ناگات بەو بەهایانەی تیایدا بەرهەم دێن، چونکە ئەمانە تایبەتن بەو فەزایەی، کە

(١) سیزا القاسم، بناء الرواية، ص٧٥.

(٢) عبدالعزيز شبيل، الفن الروائي عند غادة السمان، ط١، دار المعارف للطباعة والنشر، سوسة، تونس،١٩٧٨، ص٤٩.

(٣) غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة: غالب هلسا، ص٣١.

شوێنەکەی پڕ کردووەتەوە. بۆیە (باشلار) رووی کردە "لێکۆڵینەوەی ئەو بەها رەمزییانەی بەستراون بەو بوارانەی دەکەونە بەرچاوی وەگێڕ، یان دەکەونە بەر چاوی کەسەکانی، یان بەهاکانی بەستراو بە شوێنی پێشوازیکردنەکەیەوە، وەک ماڵ و ژووری داخراو و ژێر زەمین و زیندان و گۆڕ..."[1]، (باشلار) لە قسەکەی بەردەوام دەبێت و ئەوە روون دەکاتەوە، کە مەبەستی لە زاراوەی فەزا ئەو پاشماوانەیە کە لە شوێنەوە شێوەگیردەبن، چەمکی تەسکی فەزاش دەگۆڕێت بۆ چەمکێکی فراوانتر و بەها ئەندازەییەکەی تێدەپەڕێنێت بۆ بەهایەکی بابەتی و خودی و هەروەها خەیاڵیش، ئەوەتە دەڵێت: "شوێن، کە خەیاڵ بۆی دەچێت ناکرێت وەک شوێنێکی گوێپێنەدراو (لا مبالی) بمێنێتەوە، کە تەنها خاوەنی رەهەندی ئەندازەییە، چونکە ئەوە شوێنێکە مرۆڤ تەنها بەشێوەیەکی بابەتی تیایدا نەژیاوە، بەڵکو بە هەموو ئەوەوە تیایدا ژیاوە کە بە خەیاڵدا دێت، ئێمە بەرەو ئەو شوێنە رادەکێشرێین، چونکە بوون چڕ دەکاتەوە لەسنورێکدا، کە مۆرکی پارێزگاریکردنی هەیە"[2].

بەمەش لای (باشلار) مەبەست لە شوێن تەنها لایەنی ئەندازەیی نییە، بەڵکو مەبەست لەو شوێنەوارە دەروونییانەیە کە لەو شوێنەوە دروست دەبن، بۆیە باسی شتانێک دەکات کە پەیوەستن بە فەزای دەروونییەوە، وەک خەون و زیندە خەون، یادەوەری، گەڕانەوە بۆ رۆژانی منداڵی و...هتد، ئەوەندەمان بەسە ئەو لە ماڵدا ئەوە دەبینێت، کە ئامڕازیکە بۆ شیکردنەوەی دەروونی مرۆڤ و لە خانوو و کەل و پەلەکانی ناویەوە دەست پێدەکات بۆ ئەوەی بکەوێت بەسەر خودەکەدا، لەمەوە شێوەی بیرکردنەوەی و ئاڕاستەی بینینەکەی بۆ شوێن روون دەکاتەوەو دەڵێت: "ئێمە لە رێگەی وێنەی ماڵەوە دەبینە خاوەنی بنەمایەکی راستەقینەی سایکۆلۆجیای تێکەڵکردن، سایکۆلۆجیای وەسفی و سایکۆلۆجیای قووڵایی و فینۆمینۆلۆجیش کۆمەڵێک بنەما پێک دەهێنن کە ناوی لێنراوە روماڵی شیکاری(Topo - analysis)، وێنەی ماڵ وا دەردەکەوێت وەک ئەوەی تۆبۆگرافیای بوونمانە"[3]، بەمەش دەگەینە ئەوەی (باشلار) کاتێک لە شوێنی کۆڵیوەتەوە، بە مەبەستی دەرخستنی لێی نەکۆڵیوەتەوە، بەڵکو لێکۆڵینەوەی لەودیو شوێن کردووە بە دەرخستنی ئەو شوێنەوارە هزری و دەروونیانەی بەجێی دەهێڵێت و لە تێڕوانینی ئەو خودەدا رەنگ دەداتەوە، کە لەو شوێنەدایە.

چارلز کریڤل (Charles Crivel) باسی گرنگیی فەزا دەکات لە پرۆسەی گێڕانەوەدا، و لەم ڕووەوە رۆڵێکی سەرەکیی پێ بەخشیوە، کە مەرجە ئەو گێڕانەوەیە پێش دەستکردن بە پێشکەشکردنی ڕووداوەکان چوارچێوەی شوێن و کات دیاری بکات، ئەوەتە دەڵێت: "هەموو چیرۆکێک خاڵێکی

(١) جیرار جنیت وآخرون، الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالرحيم حزل، ص١٣٦.
(٢) غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة: غالب هلسا، ص٣١ .
(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢ .

دەستپێکردنی زەمەنی و خاڵێکی تێکەڵبوون بە فەزا دەسەپێنێت"[١]. (چارلز کریڤل) هەروەها باسی گێڕانەوەیی شوێن دەکات و جیاوازی دەکات لە نێوان گێڕانەوەی شوێن و گێڕانەوەییەکەیدا، ئەمەی کۆتایی دەکاتە بکەرێکی سەرەکی لە بیناى ڕۆماندا، چونکە ڕووداو پێویستی بە شوێن و بکەرو کاتە، شوێنەکەش وەهمی راستەقینەبوونی خەیاڵییەکە دەدات[٢]. ئەمەش بەتەواوی جیاوازە لەوەی (رۆلان بۆرنۆف) بۆی چووە، ئەو لە وەسفی تۆبۆگرافیای ڕووداوی کۆڵیوەتەوە، "بە پشکنینی دیمەنەکانی وەسف و لە پەیوەندییەکانیشیدا بە دەق و جێگەو کاتەوە ئەرکەکانیان دەستنیشان کردووە، پاشان چرپی فەزایان رووماڵ کردووەو بەها رەمزییەکان و ئەوەی پەیوەستە بە دەستنیشانکردنەکەیەوە باسیان کردووە، ئەم کارەشیان بە بنەمایەک دادەنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە گێڕانەوەی شوێن"[٣].

بەهەمان شێوە رایەکی (هێنری میتران)یش دەبینین لەبارەی گێڕانەوەیی فەزا، ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی (بەلزاک)، کە فەزا بووە بە پێکهاتەیەکی سەرەکی لە ئامڕازی گێڕانەوەدا، ئەمەش شیعرییەتی بە فەزای ڕۆمان بەخشی و لێکۆڵینەوە لە بەشەکانی ئەم فەزایەو کاریگەرییەکانی و هەروەها ئیستاتیکاکەشی دەکرێت[٤]. ئەو پێیوایە بۆ لێکۆڵینەوە لە فەزا پێویستە لەسەرمان ئەو تێڕوانینە تێپەڕێنین، کە فەزا لەوەدا قەتیس دەکات کە تەنها چوارچێوەیەکە بۆ ڕووداوەکە، بەڵکو "یەکێک لەو ڕەگەزە سەرەکییانەیە، کە ڕووداوی لەسەر دادەمەزرێت"[٥]، بۆیە پرۆسەی گێڕانەوە هیچ چارەیەکی نییە لە تێپەڕاندنی بواری فەزا وەک پایەیەکی سەرەکی و دانانی شێوەیەکی دیاریکراو بۆی، چونکە فەزا تەنها فەزای جوگرافی ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو شتانەش دەگرێتەوە کە لەگەڵین، وەک جوڵەو گۆڕان و گواستنەوەو بارودۆخی شتەکان، پێویستە هەموو ئەمانە بخەینە ناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەمان لە فەزا.

گریماس ( A. J. Greimas) هاوڕای (جیرار جینێت)ە، کە وای داناوە فەزا بونیادێکی دالییەو بە دالی فەزایی ناوی بردووە، کە دەمانبات بۆ بونیادی تر لە دەرەوەی دەقەکەدا (بونیادی قووڵ)، ئەمەش لای خۆیەوە دەمانبات بەرەو ئەو پەیوەندییەی لەنێوان دال (وەک رواڵەتێکی دەرەکی) و مەدلول (وەک جەوهەرێکی قووڵ)دا هەیە، لەبەرئەمە گریماس لە قسەکردنی لەبارەی فەزا ئەوە جیا دەکاتەوە، کە بونیادێکەو دەکرێ لەناو دەقدا دیاری بکرێت، ئەمەش لە رێگەی زمانە وەسفکەرەکەوە (بەو پێیەی کۆمەڵێک نیشانەی دەلالەت بەخشە)و لە رێگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەق و سیاقە

(١) جيرار جنيت وآخرون، الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالرحيم حزل، ص٧٣.

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی پێشوو.

(٤) بڕوانە: جيرار جنيت وآخرون، الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالرحيم حزل ، ص١٥٩.

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦.

دەرەکییەکانیدا[١]. بەمەش دەلالەتی فەزایی لە ڕێگەی دوانەی دال و مەدلوولەوە بەرهەم دێت، هەروەها ئەوەشی روون کردووەتەوە کە ئامانجی یەکەمی سیمۆلۆژیای فەزا ئەوەیە لە دیاریکردنی بارودۆخ و بونیادی شتە تۆپۆلۆجییەکاندا پشت بە دوو ڕەهەندی هاوتاو یەکسان دەبەستێت: دالی فەزایی و مەدلولی ڕۆشنبیری. ئەوەش زیاد دەکات کە دالی فەزایی سەربە جیهانی سروشتی یاخود جیهانی واتا هاوبەشەکانە، واتە دەتوانین بێکۆتا دەلالەت بخوێنینەوە کە لەسەر شێوەی وێنەکانی جیهانی واقیعی بەرجەستە دەبن[٢].

لە لێکۆڵینەوە سیمۆلۆژییەکانی فەزادا چاومان بە لایەنی فەزا دژبەیەکەکان دەکەوێت، وەک لای (گریماس) دەبینرێت، کاتێک لە فەزای تۆپۆلۆجیدا پشت بە بەرجەستەکردنی کۆمەڵێک پەیوەندیی دژیەک و جیابوونەوەی دوانەیی فەزا دەبەستێت، نمونەیەکیشمان لەبارەی ئەمەوە پێ دەدات، کە بریتییە لە دوانەیی ئێرەو ئەوێ، ئەمەش لە چوارچێوەی قسەکردنی لەبارەی جیابوونەوەی دوانەیی لە پاڵەواندا، کە پێی وایە ناکرێت (ئێرە) دیاری بکرێت بە بەراوردکردنی نەبێت بە (ئەوێ)، (ئێرە)ش بەپێی خودەکان دەگۆڕێت، جیابوونەوەش تەنها بە نەرێنی ڕوودەدات، کە لە کۆتاییدا بواری بەدیهاتنی ئارەزوویەکی دیاریکراو دەدات لای بکەر (خودەکە)، یان ڕێگری دەکات لە بەدیهاتنی[٣]، ئەمەش واتای ئەوەیە بکەر یان بابەت جێگەیەکی دیار داگیر دەکات، کە لە ڕێگەیەوە ڕۆڵێکی دیاریکراو ئەنجام دەدات، ئەو ڕۆڵەش لەوانەیە بچێتە ناو ئەو دوانەییە ناسراوانەی سیمۆلۆژیاوە کە بریتین لە: (نێرەر/بۆنێرراو) یان (هاریکار/بەرهەڵستکار) یان (خود/بابەت).

(جۆزیف کۆرتیس)یش لە کاتی قسەکردن لەسەر فەزا و ڕێکخستنی فەزادا زۆر پشتی بە (گریماس) بەستووەو وای دەبینێت ڕێکخستنی فەزا لە دەقدا ملکەچی دوو شێواز دەبێت: یەکەم بریتییە لە بواری ئەندازەیی (نەخۆشخانەی دەروونی، کڵێسا، زیندان، قوتابخانە،...)، دووەمیش بواری جێگەی شارستانەییە (ناوچەی نیشتەجێبوون، قەرەباڵغی، رووبەرە سەوزەکان،...)[٤]، لە لێکۆڵینەوەکەی (گاستۆن باشلار)یشدا دەربارەی دیالەکتیکی ناوەوەو دەرەوە، ئەمە دەبینین بەتایبەتی لە ڕێگەی دابەشکردنەکانی بۆ فەزای ڕۆمان بەپێی فرەیی شوێن و دژیەکبوونیان: ژێرخان/سەرخان، ماڵ/ناماڵ...[٥]. لێکۆڵینەوەی فەزاش لەروانگەی دژەکانەوە هەر بەوەندە ناوەستێت لە رووی

---

(١) محمد الناصر العجيمي، في الخطاب السردي "نظرية قريماس"، دار العربية للكتاب، تونس، ١٩٩١، ص٣٥-٣٦.

(٢) بڕوانە: عبدالمجيد نوسي، التحليل السيميائي للخطاب الروائي "البنيات الخطابة- التركيب- الدلالة"، ط١، شركة النصر والتوزيع والمدارس، الدار البيضاء، ٢٠٠٢، ص١٧٠-١٧١ .

(٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١-١٦٢ .

(٤) بڕوانە: جوزيف كورتيس، مدخل إلى السيميائية السردية والخطابية، ترجمة: د.جمال الحضري، ط١، منشورات الاختلاف، دار العربية للعلوم الناشرين، بيروت، لبنان، ٢٠٠٧، ص٥٦ .

(٥) بڕوانە: غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة: غالب هلسا، ص٣٥-٣٦.

تیۆرییەوە فەزای ڕۆمان بخاتە ڕوو، بەڵکو پشت دەبەستێت بە لێکۆڵینەوەی بونیادی دژیەکی ڕواڵەتییانەی شوێن وەک کەرەستەیەکی دەوڵەمەند بۆ شیکردنەوەو راڤەکردن و پاشان لێکۆڵەر دەچێتە سەر بونیادی قووڵی دەقەکەو مامەڵە لەگەڵ چۆنیەتی خستنەکاری ڕەگەزی شوێن دەکات لە دەقدا، دوای ئەمە لێکۆڵەر دەتوانێت بگاتە ئەنجامێک، کە واتایەک لە واتاکانی فەزای لە دەقدا بۆ بەرجەستە دەکات.

هەر لەم رووەوە باسی هەوڵێکی (جۆن ویسجێربێر) دەکەین، کە جیاوازیی کردووە لەنێوان دژیەکە ئەندازەییەکان (راست/چەپ، سەرەوە/خوارەوە)و دژیەک لە چەمکە فیزیاییەکانی دادەڕێژێت، وەک: ماوە، فراوانی، قەبارە، جوڵە، ئاڕاستە، بەردەوامی، ژمارە روونکەرەوەکان.....، لەمانەش باسی ئەم دژیەکانە دەکەین: (سنوردار/بێسنوور، کراوە/داخراو، نزیک/دوور، بچوک/گەورە، راست/چەماوە، فراوانبوون/هاتنەوەیەک، وەستاو/جوڵاو، دەرەوە/ناوەوە، فرەیی/تاک، رووناک/تاریک، رەش/سپی، بەردەوامی/پچڕان، ئاوەدان/چۆڵ...هتد)[1]، ئەم دژانەش لەنێوان خۆیاندا یەکتر تەواو دەکەن، ئەمەش یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی کارکردنی مادەی شوێنی لە دەقی ڕۆماندا. (ویجسێربێر) ئاماژەی بەوە کردووە فەزای ڕۆمان دوورە لەو سیفەتانەی تایبەتن بە فەزای ئەندازەیی، یاخود سیفەتی فیزیایی دوور دەخاتەوە لە شوێن و شتەکان و هەموو ئەوەی تیایانداو لێوەیان بەرهەم دێت لە فەزای ڕۆماندا، چونکە فەزای ڕۆمان پڕە لە رێگر و سروشتێکی زیندووی هەیە، دەنگ و بۆن و رەنگی تیایەو ئەمەش وای لێ دەکات زۆر دوور بێت لە چەمکی ئەندازەیی فەزاوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دژەکان چارەسەرن بۆ لێکۆڵینەوەی دابەشکردنی شوێن و فەزاکان بەپێی ئەرک و سیفەتە تۆپۆگرافییەکانیان[2].

(یۆری لۆتمان)یش لێکۆڵینەوەیەکی دیاری پێشکەشکردووە کە لە پێشەوەی گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەی دژەکاندایە، چونکە دوانە دژەکانی وەک (سەرەوە/ خوارەوە، کراوە/ داخراو، ناوەوە/ دەرەوە، پێشەوە/ دواوە)ی بەکارهێناوە... لێکۆڵینەوەی کردووە لە چڕبوونەوەی ئەم مادە شوێنییەو شێوازی کارکردنەکەی لەناو دەقی ڕۆماندا. لەم لێکۆڵینەوەیەیدا لەو باوەڕەیەوە دەستی پێکردووە کە بونیادە کۆمەڵایەتی و ئاینی و رامیاری و رەوشتییەکان بە رێژەیەکی جیاواز سیفەتی شوێنییە بەرانبەرو دژەکانیان تێدایە، وەک (ئاسمان/ زەوی) کە بونیادی ئاینییە، (چینە باڵاکان/ چینە نزمەکان) کە بونیادی کۆمەڵایەتییە، (راست/ چەپ)، کە بونیادێکی رامیارییە...[3]، (یۆری لۆتمان) جەخت دەکاتەوە ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگە ئامادەکردنی بۆچوونێکی تایبەتە لە بارەی چۆنیەتی بونیادنانی

(١) بڕوانە: حسن بحراوي، بنية الشكل الروائي، ص٣٥.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

(٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

فەزای جیهان لای هونەرمەند، چونکە شوێنەکان لە دەقدا ملکەچی سیستەمێکی دیاریکراو دەبن، هەر ئەو سیستەمەش چەمکەکانی فەزا دادەمەزێنێت.

(باشلار)یش فەزای پۆلێن کردووە بۆ چەندین شوێن، کە پەیوەندیی نێوانیان لەسەر دژیەکی دامەزراوە وەک داخراو و کراوە، فراوان و بەرتەسک، بەرزو نزم...و جۆرەکانی تری شوێن، ئەمانە بە ڕێبەر و ئاڕاستە دادەنرێن و هەوڵی کەشفکردنی خەیاڵی نوسەرو خوێنەر دەدەن[1]. ئەوەی (باشلار) پێشکەشی کردووە شتێکی زۆر جوان و چاکە، چونکە لە باسکردنی بابەتی فەزای ڕۆماندا چەندین ئاسۆی گەش دەکاتەوە، هەروەها (ئەندرێ جەید) باسی لە گرنگیی فەزای ڕۆمان کردووە لە لێکۆڵینەوەی دەروونی مرۆڤ لەم سەردەمەدا و دەڵێت: "(ئەم سەردەمە) تەنها پانتاییەکی بەرتەسکی بۆ مرۆڤ هێشتووەتەوە، ئەرکی ڕۆمانیش ئەوەیە بە هەردوو دیوەکەدا فەزای خەیاڵی بکاتەوە"[2]. (باشلار) لە قسەکانیدا تەرکیز دەخاتە سەر شوێن، بە دیاریکراویش باسی شیعرییەتی شوێن دەکات، بەمە جوڵەیەکی کاریگەر بە شوێن دەبەخشێت لە ڕێگەی باسکردنی پرۆسەی خەیاڵکردنەوە، کە نوسەر ئەنجامی دەدات و وا لە وەرگر دەکات لەگەڵیدا گەشت بکات بۆ ئەو شوێنانەو لە کۆمەڵێک فەزادا دەژی، کە تیایاندا ملکەچی ئەزموونی خەیاڵیی شوێنەکە دەبێت، ئەمەش هاوتای شیعریەتی شوێنە، کە (باشلار) لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە فینۆمینۆلۆجییەکانیدا لەبارەی وێنە و پرۆسەی وێنەکێشانی فەزای ئیسراحەت و پشوودان، چونکە لە شوێندا شیعرییەتێک هەیەو ئەو پرۆسەی خەیاڵکردنە ئەم شیعرییەتە دیاری دەکات، کە هاوتایەتی، واتە ئەو وا لە شوێن دەکات بەتەنها خۆی بە زمانێکی خەیاڵی لەگەڵ هەموو جیهاندا بدوێت. لەبەر ئەمە هەوڵ دەدەین پارێزگاری لە بنەمای بەشبوونی دوانەیی گێڕانەوەیی بیکەین، ئەمەش بە مەبەستی چەقگیری نا وەک ئامانجی یەکەم، بەڵکو لە پێناو گێڕانەوەی فەزادا، واتە بۆ پێشکەشکردنی چەند وێستگەیەکی فەزایی، کە ڕوداوەکانی ڕۆمان تیایاندا ڕوویان داوە، چونکە فەزا ڕۆڵێکی هەیە لە کاریگەری بۆ سەر ڕەوتی ڕوداوەکان.

(جیرار جینێت) بەشێوەیەکی کەمێک جیاواز لە فەزای تۆپۆلۆجی دەدوێت و ڕەتی دەکاتەوە فەزا تەنها پەیوەندیی بە چەمکە ئەندازەییەکەوە هەبێت، بەڵکو لەمەدا تەرکیز دەخاتە سەر ئەوەی خودی فەزا بە ڕێژەیی و نەگۆڕ دەمێنێتەوەو ناکرێت ببەسترێت بە هیچ شێوەیەک لە شێوە ئەندازەییەکانەوە، ئەوەتە دەڵێت:"لە ڕێگەی پێکهاتنی پلانەکان و دەستنیشانکردنەکانەوە، کە ئیحای فەزای جیۆمەتری دەدەن و بەمەش شتێک لە ئۆقرەیی و ئارامی دەبەخشن، هەروەها ئەو پێی وایە ئەم فەزایە هەمان ئەو پەناگەیە، کە شوێنی میوانداریيەکی ڕێژەیی و کاتییە، چونکە زانست و فەلسەفەی نوێ بە وردی هونەرکارییان کردووە لە ونکردنی ئەو نیشانانەی (معالم)، وەک زانستی

(١) بڕوانە: جيرار جنيت وآخرون، الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالرحيم حزل، ص١٣٦.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

ئەندازەن لەو ڕووە راستەوەیە، کە دەمان بات بەرەو تۆپۆلۆجیایەکی چاوەڕان نەکراو (فەزا/زەمەن) (فەزا/هێڵی چەماوە/لار، رەهەندی چوارەم) واتە رووتەکی نائەندازەیی فەزا، کە ئەو فەزا سوڕاوە ترسناکە پێک دەهێنێت، لە کوێ هەندێک هونەرمەند یاخود نوسەری ئەمڕۆ رزگاربوونی خۆیان بنیات ناوە"[1].

وەک ئەوەی (گریماس) دیاریی کردووە ئێمەش لە تێروانینێکی تۆپۆلۆجییەوە لە فەزا دەڕوانین و هەوڵدەدەین شێوە راڤەیەک پێشکەش بکەین، کە لەگەڵ سروشتی ڕۆماندا بگونجێت، چونکە سیمۆلۆژیای تۆپۆلۆجی پشت دەبەستێت بە بونیادی قووڵی فەزا، کە تەنها لە رێگەی مەدلولی رۆشنبیرییەوە دەردەکەوێت، ئەمەو (گریماس) وای دادەنێت بونیادی پێکهاتەیی گوتار شایەنی گۆڕانە، بەهۆی بەکارهێنانی تاکەکەسییانەی زمانەوە، کە پشت بە تواناو رۆشنبیرییە تایبەتەکەی تاکەکەسی دەبەستێت لە بونیادنانی گوتاردا، واتە سەیری فەزا دەکەین وەک هۆکارێکی پەیوەست بە هۆکارە دەقییەکانی تری کاریگەر بە فەزاو هەروەها کارتێکراو لەلایەن فەزاوە، چونکە (گریماس) جەخت لەوە دەکاتەوە کە فەزا هیچ نییە جگە لە دالێک، کە ئەدای مەدلولێکی تر دەکات لە جیاتیی مرۆڤ، ئەمەش مەدلولی هەموو زمانەکانە، دەشکرێت لە زمانەوە پۆلێنکردنە ناوەکی و سادەکان لەبارەی جیهانەوە دیاری بکرێت، هەر بەشێکیش لەو زمانە سەر بە هەمان جیهانەو بە شوێنی کردەی پۆلێنکاری دەنوێنرێت و رێکخستنی جیهانی دەلالیی جێگەیی ئیستیغلال دەکات. بە واتایەکی تر، زمـــان بە هەموو جەمسەربەندییە دەلالییەکانییەوە گوزارشت لە بەرجەستەکردنی بابەتی فەزا دەکات لای وەرگر بەشێوەیەکی گشتی، بۆیە فەزا لای (گریماس) واتای جێگە یاخود پێگە دەگەیەنێت.

لێرەدا هەوڵ دەدەین فەزای گێڕانەوەیی لە نێوان کۆمەڵێک فەزای دژ بەیەک بە نموونەی ڕۆمانی کوردی بخەینە ڕوو، کە ئەم فەزا دژانە لە یەک جیا نابنەوە، بەڵکو بەستراون بە یەکەوە، وەکو پەیوەندی نێوان فەزای باوک وکوڕ، کە فەزای باوک فەزای بنەڕەتییە و فەزای کوڕیش بەرهەم هاتووە، بەڵام فەزای کوڕ هەندێک جار فەزایەکی لقدارە، ئەوەی لە فەزای بنەڕەتیش بەرهەم دێت بریتییە لە کۆمەڵێک فەزا[2]، لەوانە:

## ١. فەزای (وەستاو/جوڵاو):

فەزای وەستاو ئەو فەزایەیە، کە وەستاوەو لە شوێنی خۆیدایە و ناجوڵێت، بە پێچەوانەوە فەزای جوڵاو بەو فەزایە یان بەو شتانە دەوترێت، کە بەردەوام لە جوڵەدان. لەو کۆمەڵە ڕۆمانەی، کە هەڵمان بژاردوون فەزای وەستاو و جوڵاو بەشێوەی یەک لە دوای یەک بەرجەستە دەبن، چونکە

(1) Gerard Genette, Figure1, Edition du seuil, Paris, 1966, P101-102.

(٢) بڕوانە: الأزهر الزناد، نظريات لسانية عرفنية، الدار العربية للعلوم ناشروان، منشورات الاختلاف، بيروت، ٢٠١٠، ص٢١٠.

ڕۆماننووس لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت لە وێستگەیەکەوە دەچێت بۆ وێستگەیەکی تر، واتە سنوری شوێن تێدەپەڕێنێت و لەوە دەڕوانێت، کە وەستاوە و هەروەها ئەوەشیان، کە جوڵاوە، بەمەش دەمانگوازێتەوە بۆ دوو فەزای جیاوازی دوور لە یەک، کە مرۆڤ وادەزانێت ئەوەی دەیخوێنێتەوە ڕووداوەکانی یەک ڕۆمان نین، بەڵکو چەند ڕۆمانێکن، واتە ڕۆمانووس لـە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا لـە نێوان "ئێرە" و "ئەوێ"دا هاتووچۆ دەکات.

لە ڕۆمانی (ژن)ی (ڕێواس ئەحمەد)دا، (شیرین) یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی نـاو ڕۆمانەکە کـاتێک بڕیار دەدات بچێتەوە بـۆ ماڵەکەی خۆی ئـەوە دەچێتە فەزایەیەکی وەستاو و لە شوێنی خۆیدایەو ناجوڵێت ئەویش (ماڵ)ە، کە ئەو شوێنەیە مرۆڤ تێیدا نیشتەجێیە و تێیدا هەست بە ئارامی دەکات و لە هەموو ئەو شتانە دەیپارێزێت کە لە دەرەوە ڕوودەدەن، هەروەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "هانس گەیاندیە ماڵەوە و خۆشی ڕۆیشت. کە گەڕایەوە گڵۆپەکەی دانەگیرساند و بەردەوام سەیری خوارەوەی دەکرد، ئۆتۆمبیلە سوورەکەی نەبینی، هەرچەندە درەنگ بوو، کەچی هەر زوو زوو سەیرێکی خوارەوەی دەکرد"(1). (شیرین) لەگەڵ ئەوەی لە فەزایەکی وەستاو و جێگیردایە وەکو ئاماژەمان پێکرد، بەڵام لەهەمان کاتدا دژ بەم فەزا وەستاوە، فەزایەکی تر بەدی دەکەین، کە ئەویش فەزای جوڵاوە، چونکە (شیرین) لـەگەڵ ئەوەی لـە ماڵێکدایەو دەبێت هـەست بـە ئارامی و ئۆقرەیی بکات تێیدا، بەڵام دەبینین لە دۆخێکی دەروونی ناجێگیرو شڵەژاودایە، بێ ئۆقرەیەو بەردەوام سەیری خوارەوە دەکات، بۆ ئەوەی بزانێت ئوتومبێلە سوورەکەی لێیە، کە چەند ڕۆژێکە چاودێری ماڵەکەیان دەکات، ئەمەش بۆتە هۆی دروستکردنی فەزایەکی جوڵاو و ناجێگیر لەناو ماڵەکەدا، کە لە خۆیدا فەزایەکی جێگیری هەیە.

بە هەمان شێوە لە ڕۆمانی (ژن)ی (ڕێواس ئەحمەد)دا دوو فەزای دژ بەیەک دەبینین، کاتێک وەگێڕ دەڵێت: "بێ ئەوەی شارا خەبەری بێتەوە دەریام هێنایە هۆڵەکە، هەر کە منی بینی کەوتە گڕوگاڵ و شنەشن. چوومە مەتبەخەکە و مەمکە شووشەکەم پڕ لە شیر کرد و لەگەڵیدا کەوتمە قسەکردن، وەک ئەوەی لێم تێبگات جوان جوان گوێی بۆ دەگرتم و چرکەی لە خۆی بڕیبوو، تەنانەت هەندێ جاریش لە مژینی مەمەکەی دەوەستا و زۆر بە سەیرەوە تەماشای دەکردم، وا هەستم کرد لە قسەکانم دەگات، بۆیە بڕیارمدا نهێنییەکەی خۆمی بۆ باسبکەم. خۆ ئەو بشزانێ ناتوانێ بۆ کەسێکی تری بگێڕێتەوە"(2). لەم دەقەدا وێنەی ماڵێکی هێمن و ئارامان دەکەوێتە بەرچاو، لەگەڵ ئەوەشدا کە وەستاوە و ناجوڵێت، یەکێک لە کارەکتەرەکان، کە ناوی (شارا)یە لە دۆخ و فەزایەکی وەستاو و نەگۆڕدایە، بەوەی خەوتووەو ناجوڵێت، بەرامبەر بەمەش فەزایەکی ناجێگیر و جوڵاو دەبینین، کە

(1) ڕێواس ئەحمەد، ژن، چ1، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، 2005، ل 161.

(2) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل60.

خۆی لە هێنانە دەرەوەی منداڵێک دەبینێتەوە لە لایەن (شیرین)ەوە لە ژووری نووستن بۆ ئەوەی دایکی خەبەری نەبێتەوە، هەروەها چوونی بۆ چێشتخانە و پڕکردنی مەمکە شیرەکە لە شیر بۆ منداڵەکە و قسەکردن لەگەڵی، ئەو فەزا وەستاو و ئارامە بەرەو فەزایەکی جوڵاو و ناجێگیری دەبات.

هەروەها لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی (عەتا نەهایی)دا دیسان لە جیاتی ئەوەی ماڵ دەلالەت لە ئارامی و هێمنی و دڵنیایی و ئۆقرەیی و پاراستنی مرۆڤ لە شتە خراپ و کەسە خراپەکانی دەرەوە بکات، کەچی دەبێتە شوێنی شەڕو ئاژاوەو ناخۆشی و بێ ئۆقرەیی کارەکتەر، وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "شەڕی هەڵاڵەو شێرزاد بە بۆڵە بۆڵ دەستی پێدەکرد، پاشان تەشەر و توانج و..... ئەوەیان بە دەم هەڵسووڕان بە ناو ماڵەکەو ئەنجامدانی کارەکانیانەوە دەکرد........کە تەواو گەرم دەبوون شێرزاد کاغەزو کتێبەکانی هەڵاڵەی لەسەر مێزی کامپیۆتێرەکەی هەڵدەڕشتە خوار و، هەڵاڵە ڕەسمەکەی خۆی و شێرزادی لەسەر تەلەفزیۆنەکە فڕێدەدا. شێرزاد قەندانی سەر مێزەکەی بۆ دەهاویشت و، هەڵاڵە مۆمدانی سەر ڕەفەی ئاشپەزخانەکەی تێدەگرت"[1]. کەواتە لێرەدا ئەوان لە ماڵێکدا دەژین، کە وەستاو و بێ جوڵەیە، چونکە خانوو وەستاوەو لە شوێنی خۆی ناجوڵێت، بەڵام ئەوەی بۆتە هۆی ئەوەی، کە فەزایەکی جوڵاو ناجێگیر دروستبکات، شەڕ و بۆڵەی هەڵاڵە و شێرزادە، کە دۆخێکی نائارام و ناخۆش و ناجێگیری لە ماڵەکەدا دروستکردووە، بە شکاندن و خستنە خوارەوەی شتەکانی ناو ماڵەکەیان، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەلالەتە لەوە، کە ماڵەکەیان ئۆقرەیی و ئارامی و هێمنی و دڵنیایی ناگەیەنێت.

دەتوانین ئەم دیمەنی دژ ئاراستەییەی فەزای وەستاو/جوڵاو لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم)ی بەختیار عەلیشدا دیاری بکەین، لەکاتیکدا کە وەگێڕی ڕۆمان باس لە هاتنی میوانێک دەکات بۆ نێو ماڵەکەیان تا ئەو کاتە هەم وەگێڕ هەم جەمشید خان لە باری فەزایەکی تەواو چەسپاودان، لەڕووی جەستەییەوە، کە هەردووکیان لەباری دانیشتندان و لە ڕووی دەروونیشەوە لە ئارامی و ئۆقرەییدان، بەڵام هاتنی میوانەکە هەردوو بارە فەزاییەکە لە وەستاوییەوە بۆ جوڵاو دەگۆڕێت، وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ دەڵێت: "لە کاتێکدا من لە ساڵۆنەکەدا دانیشتبووم و لەزەتم لەوە دەبینی سەیری ئەو بکەم، یەکێک توند لە دەرگای دا و من بە هێمنی هەستام بیکەمەوە. میوانەکەمان پیاوێکی بە قەڵافەت بوو لە کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی ڕەشدا، بێئەوەی چاوەڕوانی فەرمووی من بکات یان لەناو نارێکی ماڵەکەدا سەری لێبشێوێت، ڕێک بەرەو لای جەمشید خان ڕۆیشت و مامی

---

(١) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە دوارۆژەکانی ژیانی باڵندەیەکی کۆچەر، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١١-١٢.

وەک پارچە جلێکی پیس لەسەر کورسییەکەی خۆی هەڵگرت و هێنایە ناوەڕاستی ژوورەکەوە"[1]. ساڵۆن شوێنی حەوانەوەو ئیسراحەتی مرۆڤەو وەستاوەو جێگیرەو ناجوڵێت، چونکە وەکو ئەو دەیگێڕێتەوە، کە لە ساڵۆنەکە دانیشتووەو لەزەت لە سەیرکردنی ئەو کەسە دەبینێت لە ساڵۆنەکە لەگەڵیدایە، بەمەش بۆخۆی لـە دۆخێکی ئارام و جێگیردایەو ناجوڵێت، بەڵام لێدانی دەرگاکە بە توندی، ئەم فەزا ئارام و جێگیرەی لێ تێک دەدات و دەیخاتە فەزایەکی دژ بەمە، کاتێک هەڵدەستێت دەرگاکە دەکاتەوەو پیاوێکی نەناسراو هێرش دەکاتە سـەر جەمشید خانی مامی و لەسەر کورسییەکە هەڵی دەگرێت و فڕێی دەداتە ناوەڕاستی ژوورەکە و ئارامی ماڵەکە دەشێوێنێت.

لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)ی (حسام بەرزنجی)شدا دیسان ماڵ بەتایبەتی ناندینی ماڵەکە یاخود چێشتخانەی ئێستا، کە شوێنێکە وەستاوە و ناجوڵێت، فەزایەکی دژ بەو فەزا وەستاویە دەبینیین، ئەویش لەو کاتە دروست دەبێت، کاتێک (پیرۆز)ی کارەکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکە لە بەیانیەکی زوو و هێمندا دەچێتە ناندینەکە، بۆ ئەوەی قاپێک بهێنێت و لۆبیا بکرێت، لە کاتی گەڕان بەدوای قاپەکەدا، فەزایەکی جوڵاو و ناجێگیر دروست دەکات ، وەک وەگێڕ لـــەم نموونەیەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "لەناو ناندینەکەدا، لە نزیک سێڵ و فەرشەو کوچکە ئاگرەکانەوە، لەناو سەبەتەی هیرباران، دەستی بۆ قاپێکی قووڵی لێو گڕنی گڕنی برد..... لەگەڵ دەرهێنانیا قاپوقاچاغەکانی تر هەموو کەوتنە خڕو هۆڕ..... دوایە بە پەلە ڕووی لە بەلووعە ئاوەکە کرد، کە بە پانتایی مەترێکی دووجا بەردەمەکەی، بەشێوەیەکی ناڕیک و چیمەنتۆ ڕێژکرابوو"[2]. لەم دیمەندا دەبینین بەهۆی کەوتنە خوارەوەی قاپ و قاچاغەکانەوە جۆرە ترسێکی شاراوە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بەسەر باری دەروونی کاراکتەرەکەدا دێت بۆ جوڵەیەکی ناپێویست ڕاپیچی لای بەلۆعەی ئاوەکەی دەکات وەک جۆرێک لەخۆ دوورخستنەوە لەو ترسەی هەستی پێدەکات و خودی فەزا جوڵاوەکەش هەر لەمەوە سەرچاوە دەگرێت.

هەڵەیە ئەگەر تەنها لە روانگەی کەلوپەل و دارودیوارەکەیەوە لە ماڵ بڕوانین، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ماڵ لەهەموو ئەو دەلالەت و مانا جوانانەیەوە دابتاشین، کە پەیوەستن بە ڕۆح و هەست نەستی مرۆڤەوە، چونکە مرۆڤ و ماڵ کاریگەری دوو سەرەیان هەیە لەسەر یەکتری، وەک وەگێڕ لە رۆمانی (گۆڕە درەوشاوکان)دا دەڵێت: "دایکیشم لەولاوە هەر خەریکی هەڵبژاردنی نـاوماڵ بوو، دوای ئـەوەی هەموو پەلە شووشەکانی کۆکردەوە، گەسک و تەنەکەی لە دەرەوە دانا، ئیتر کەوتە تاوتەیی ئامادەکردنی خواردنی بەیانی، تەباغە نەوتییە دوو چاوەکەی هەڵگیرساندبوو، لـە

---

(١) بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، چ١، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٣٠.

(٢) حسام بەرزنجی، گۆڕە درەوشاوەکان، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥٠.

زوویەکەوە مەنجەڵێکی گەورەی پڕ گۆشتی وەسەر نابوو لە هەموو لایەکەوە هەڵمی لێ هەڵدەستا و ئەو ناوەی پڕ کردبوو لە بۆنی چەلاو و گۆشتی کوڵاو"[١]. فەزا لەم دەقەدا لەگەڵ ئەوەی لە ماڵێکی وەستاو و نەجوڵاودایە، کە ماڵەکە لە شوێنی خۆیدایەو ناجولێت، بەڵام هاتوچۆو پاککردنەوەی ماڵەکەو لێنانی خواردن لەلایەن دایکیەوە جوڵەیەکی بە ماڵەکە بەخشیوە، بەمەش فەزاکە لە وەستاوەوە، بووە بە فەزایەکی جوڵاو.

لە ڕۆمانی (ساباتێک لە مێژەڵۆک)ی (محمد رشید فەتاح)یشدا، ماڵ لێرەدا کۆشکێکی گەورەیە و خاتوونێک خاوەنییەتی و پڕە لە خزمەتکارو پاسەوان، کۆشکەکە فەزایەکی وەستاو و جێگیری هەیە، چونکە وەک ئاماژەمان پێیدا ماڵ وەستاوە و ناجولێت، تەنانەت لە ترسی خاتوونی کۆشکەکە هەموو خزمەتکارو پاسەوانەکانیش بێ جوڵەن، وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "خاتوون بە خاولییەکی پەمەیی نێو دۆڵابی کەنارەوە جەستەی تەڕی وشک دەکاتەوە، ئەمجا ڕۆبەکەی دەکاتەوە بەری ، بەرەو دوا دەبێتەوە، لە دەرگەی سەرەکییەوە دەچێتە ساڵۆنێکی دوورو درێژەوە، تاک تاکیش خزمەتکارو بەردەست دەستەونەزەر لە پەناو پاساردا بت ئاسا بێدەنگ و سەنگ سەرنجی لێدەدەن، بەر لە هەمووان شەرافەتی شەریف پێشوازی لێ دەکات، ئەویش جگە لە نیگایەکی تەوس ئامێز بە ڕوویدا دەم ناکاتەوە، لە پێچێکدا دەرگەی ژوورێکی داخراو دەترازێنێ، کە سەری دەباتە ژوورەوە، دوو کارمەندی ڕەش ئەسمەری بیانی بە زەردەخەنەی شیرینی سەر ڕوویانەو، بەرەو ڕووی دەبنەوە"[٢]. واتا هەم ماڵەکە فەزایەکی نەجوڵاوە، هەم پاسەوانەکانی نێو ماڵەکە فەزایەکی نەجوڵاو دەوری داون، هۆکاری سەرەکی ئەم فەزا وەستاوەش بەهۆی ترسەوەیە لە خاتوونی ماڵەکە، چونکە وادەردەکەوێت، کە بەهۆی نواندنی ترس بەسەر پاسەوان و خزمەتکارەکانەوە کەشێکی نائارام و فەزایەکی ئاوێتە بوو بەترسیان بۆ دروست بووبێت.

هەر لە ڕۆمانی (ساباتێک لە مێژەڵۆک)ی (محمد رشید فەتاح)دا، وەگێڕ لە نێوان دوو فەزای دژ بە یەکدا هاتووچۆ دەکات، کە فەزایەکیان وەستاو و بێ جوڵەیە، ئەویش لە ئەنجامی هەبوونی زیندانییەک لە بەندیخانەکەدا دروستبووە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەبێ دەنگی و بێ هیچ جوڵەیەک دانیشتووەو بیر لە ڕۆژی گرتنەکەی دەکاتەوە، ئەویتریشیان فەزا دژەکەیەتی، کە فەزایەکی جوڵاوە. وەک ئەوەی وەگێڕ لە یەکێک لە نموونەکاندا دەڵێت: "چیبکەم؟ لە دەسەڵاتی خەون و خەیاڵیشدا نییە (دیلکراوە)یەکی دی بێنمە وجود، تا بەدەست و خامەی بێهاوتای پۆرتریتێکی ئەم سەرو فەساڵەم، هاوشێوەی بەرجەستەکردنی ڕاستەقینەی مرۆڤ لە تابلۆی (لە تاریکی زیندان)دا بکێشێت. دەمەو ئێوارە بوو، خۆر لە ئاسۆگەی ئەرخەوانیدا مابووی تەواو داکەوێ، دوو کۆڵان سەروو

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

(٢) محمد رشید فەتاح، ساباتێک لە مێژەلۆک، چ١، چاپەمەنی سایە، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٤.

ماڵی خۆمان، مۆنیکایەکی جام ڕەش پێشی پێگرتم، دوو ئەفەنی سەرتاشراوی دەمانچە بەقەدی لێ دابەزین، بەرلەوەی بواری دەم کردنەوەم هەبێ، هەریەکەیان پەلێکی گرتم و خستمیانە نێو ئۆتۆمبیلەکەوە"[١]، بەمەش گێڕانەوەی ڕووداوەکە باس لە دوو کاتی جیاواز و دوو فەزای جیاوازی (ئێرە و ئەوێ) دەکات. مەبەست لە (ئێرە) کاتی ئێستایە، کە کارەکتەرەکە دەستبەسەرەو لە زینداندایەو بێ جوڵەیە، (ئەوێ)ش کاتی رابردووە، مەبەست لێی رۆژی دەستبەسەرکردنەکەیەتی، کە فەزاکەی تەواو جیاوازە، چونکە فەزایەکی پڕ لە جوڵەیە، واتە لە نێوان ئێرەو ئەوێدا دوو فەزای دژ بەیەک بوونیان هەیە.

زیندان دەلالەتە لـە شوێنێکی بچووک و تەسک، هەروەها دەلالـەتە لـە بێدەسەڵاتی و دوورە پەرێزی و نائارامی دەروونی و سەندنەوەی گشت ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، وەگێڕ لە ڕۆمانی (سنورداشێک لە بیابان)ی (سەدرەدین محێدین کەلهوڕی)دا وێنەی زیندانمان پیشان دەدات و دەڵێت: "شەو هات لە کاژێر (٩)ی تەواو، چاودێرەکە سۆندەیەکی بە دەسەوە بوو، دوو جار دایە سەر ڕانی و گوتی: تا سێ دەژمێرم، کە گەیشتە ژمارە سێ، کەس بە دانیشتنەوە نەما، تەنیا هەرسێکمان نەبێ، هەموو لەسەر تەنیشت پاڵکەوتبوون، خۆیان چەمانبووەوە لە شێوەی هێمای پرسیار، تەواو چووبوونە کۆشی یەکدییەوە، چونکە جێگە نەدەبووەوە، هاواری کرد بۆ ئەوانەی نزیکمان، کـە جێگەمان بکەنەوە"[٢]. لـەم نموونەیەدا کارەکتەرەکە لە زیندان دایە، کە شوێنێکی وەستاو و بێ جوڵەیە، بەڵام هاتنی چاودێرەکەو سۆندەکەی دەستی دۆخێکی نـائارام و ناجێگیر لای زیندانیەکان دروست دەکات و بـەمەش فەزا وەستاو و بێ جوڵەو ئارامەکە دەگۆڕێت بۆ فەزایەکی تەواو پێچەوانە.

هەر لە ڕۆمانی (سنورداشێک لە بیابان)ی (سەدرەدین محێدین کەڵوڕیی)دا، بەهەمان شێوە دوو فەزای دژبەیەکی وەستاو و جوڵاوی نێو زیندان دەبینین، وەگێڕ لەم نموونەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "بە کێبڵەکەی دەستی کەوتە لێدانی ژێر پێی بەندکراوەکە، هاواریدەکرد، تۆبە، جارێکی دی شەڕ ناکەم، دەگەڵ دەنگی شلێپەی لێدانی بە کێبڵەکە، چوارسەد کەسی هۆڵەکە ڕادەچڵەکین. بە دەم و دەسی، پەلاماری پۆستاڵی ئەفسەرەکەی دەدا ماچی بکا، تـا وازی لێ بێنن، بـەڵام تا خوێن لـە ژێر پێی فیچقەی نەکرد، فرمێسک و لیک و ئارەقی تێکەڵ نەبوو و ڕەنگی مردووی لێنەنیشت و بێهۆش نەکەوت، وازیان لێ نەهێنا"[٣]. لەم نموونەیەدا دڕندەیی پاسەوانەکانی زیندانمان بەرچاو دەکەوێت، کاتێک لە ژێر پێی یەکێک لە زیندانییەکان دەدرێت لەلایەن ئەفسەرێکی زیندانەکەوە، ئەمەش

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩-٣٠ .

(٢) سەدرەدین محێدین کەڵوڕیی، سنورداشێک لە بیابان، چ١، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشێ ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٧٤.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤.

فەزایەکی جوڵاو و ناجێگیری پڕ لەترس و نائارامی بۆ زیندانییە سزادراوەکەو تێکڕایی زیندانییەکانی دیکە دروست کردووە.

هەروەها وەگێڕ لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)ی (حسام بەرزنجی)دا بە هەمان شێوە باس لە دڕندەیی پاسەوانەکانی ناو زیندان دەکات و دەڵێت: "سیرەی دەرگا ژەنگاوییەکە دڵی ڕاچڵەکاند. پاسەوانەکە بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد: (دلێر) زووکە وەرە! بە دەستی کەلەپچە و قۆڵ لە قۆڵ هەڵکێشانەوە بردیانە دەرەوە، دوای سێ دەمژمێر، بە دەموچاوی بە خوێن و بە بن پێی پەنماوە، بە چوار دەستە بۆ ژوورەوە هێنابوویانەوە، لە دوای هاتنەوە سەرە خۆی و بە تەنگەوەهاتنی هاوڕێکانیەوە، کاغەزێکی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا"[1]. کارەکتەرەکە ناوی (دلێر)ەو لە زیندان دایە، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێیدا فەزای زیندان وەستاو و بێ جوڵە و جێگیرە، بەڵام بانگکردن و بردنە دەرەوەی زیندانییەکەو هێنانەوەی بە دەموچاوی خوێناویەوە دەلالەت لە گۆڕینی فەزاکە دەکات لـــە وەستاوەوە بۆ جوڵاو و گۆڕاو، کە لەئەنجامی سزادانی دلێرەوە دروست دەبێت.

چایخانە دەلالەتە لە شوێنێکی کۆمەڵایەتی، گشت چینەکانی کۆمەڵگا بە هەژارو دەوڵەمەند، بێ جیاوازی پیشە، یان جیاوازی تەمەن، یاخود جیاوازی ئاستی رۆشەنبیری لە خۆ دەگرێت. شوێنی کۆکردنەوەی نووسەرو ڕۆشەنبیرانە، جگە لەوەش ئەو شوێنەیە، کە هەندێک خەڵک بۆ بەسەر بردنی کاتە بەتاڵەکانیان رووی تێدەکەن، هەندێکیشیان بۆ گۆڕینەوەی بیروڕاکانیان لە بارەی ڕووداوەکانی رۆژ یاخود بابەتی تر رووی تێدەکەن. لە رووی شوێنەوە وەستاو و بێ جوڵەیە، چونکە ناتوانرێت بگوازرێتەوە، بەڵام لێرەدا مەبەستمان لە دەرخستنی شوێنەکە نییە، بەڵکو مەبەستمان دەرخستن یان لێکۆڵینەوەیە لەو دیوی شوێنەکە یان ئەو ڕووداوانەی لەو شوێنەدا روو دەدەن.

لە ڕۆمانی (ساباتێک لە مێژەلۆک)دا ئەم دیمەنە لە فەزای چایخانەدا بەڕوونی دەبینرێت، کاتێک وەگێڕ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "گەیشتە بەردەمی چایخانەکەو چاوێکی بە ژووردا گێڕا......میرزا لە گەرمەی خوێندنەوەی داستانێکدا بوو، بە ڕاست و چەپدا دەستەکانی دەبزواند بە حیرسیشەوە تۆنی دەنگی دەگۆڕی چەشنی کارەکتەرێکی درامایەکی خوێناویش ڕووخساری خۆی دەگۆڕی، تاوێکیش کە بەربینی دەگیرا، هانکەکی هانکە پێدەکەوت دەستە سڕە چڵکنەکەی لەبەر باخەڵی سەڵتەکەی دەردەهێناو، تــەوێڵی دێراو تێزاوی و دەمارە هەڵیساوەکانی لامله باریکەکەی دەسڕی، ئەمجا جامۆلکەیەک ئاوی بەردەمی دەنا بەسەریەوەو، چۆڕ بڕی دەکرد، کە جامەکەشی لە شوێنی خۆی دادەنایەوە، مەلا جوکی بەر لە هەمووان پێی دەگوت: نۆش"[2]. کەواتە جۆش و خرۆشی

(١) حسام بەرزنجی، گۆڕە درەوشاوەکان، ل٢١٦.

(٢) محمد رشید فەتاح، ساباتێک لە مێژەلۆک، ل١٢٨-١٢٩.

خەڵکەکە بۆ گوێگرتن لە داستانەکەو خوێندنەوەی داستانەکە بە تۆنی بەرزو نزم لە لایەن میرزاوە، ئەمانە هەمووی بوونەتە هۆی ئەوەی، کە فەزاکە پڕ جوڵە و گۆڕاو بێت، نەک خودی چایخانەکە.

مزگەوت، کە شوێنی نوێژ و خواپەرستی و عیبادەتە، فەزایەکی وەستاو و نەگۆڕی هەیە و ناجوڵێت، بەڵام لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم)ی (بەختیار عەلی)دا بە بینینی بەرزبوونەوەی جەمشید خان و فڕینی بۆ ئاسمان و هات و هاوارو زیکر و سەڵاواتی خەڵکەکەی ناو مزگەوتەکە لە پڕ فەزایەکە دەگۆڕێت بۆ فەزای جوڵاو "کە مەلای مزگەوتەکە چیرۆکی جەمشیدی بیست زۆر دڵی خۆش بوو، زۆر هانی مامی دا لە گۆڕەپانی گەورەی مزگەوتەکەدا ئەو توانا گەورەیەی خۆی کە خودا پێیبەخشیووە نیشان بدات تا ئەوانەی گومانیان لە قودرەتی ئیلاهییە، باوەڕبهێنن.......... ئەو ڕۆژە من و سمایل وەک هەمیشە لە ناوەڕاستی مەیدانی زیکرەکەدا پەتمان ڕاکێشاو لە ناو هاواری ئەڵاهوئەکبەر و سەڵاواتداندا جەمشیدمان بەرزکردەوە، هەر جەمشید لە زەوی ترازاو بەرزبووەوە، ئیمانداران کردیانە بانگهەڵدان و تەهلیلەکردن"[1].

هەروەها هەر لە هەمان ڕۆمان و هەر لەفەزای مزگەوتدا، کە فەزایەکی وەستاو و نـەجوڵاوی هەیە، فەزایەکی دژ بـەم فەزا وەستاو و نەجوڵاوە دەبینین، ئەویش فەزای جوڵاو و گۆڕاوە. ئەم فەزایەش لە ئەنجامی ئەو پۆلە دەروێشە دروست دەبێت، کە دەڕژێنە گۆڕەپانی مزگەوتەکەو دەیکەنە زیکرو تەهلیلە، بەمەش کەشێکی ئایینی پڕ لە جۆش و خرۆش دەخوڵقێنن، وەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا دەڵێت: "لە ماوەی مانگێکدا بە خۆمان و بەرماڵەکانمانەوە چەندین مزگەوتمان تاقیکردەوە، تا دواجار لە مزگەوتی"دوو گومەز" کە ڕۆژانی هەینی پۆلێک دەروێش دەڕژانە ناوەڕاستی گۆڕەپانە گەورەکەی و دایانکرد زیکر و تەهلیلەو زرک وەشاندن گیرساینەوە"[2].

ئەگەر لە ڕووی واتاوە لێکدانەوە بۆ گۆڕستان بکەین، ئەوا ئەو شوێنەیە، کاتێک مرۆڤ دەمرێت لەوێ دەنێژرێت و دەبێت بەدوا مەنزڵگەی، جگە لەمەش بە شوێنێکی ترسناکیش دادەنرێت. لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)ی (حسام بەرزنجی)دا گۆڕستان شوێنێکی وەستاو و نەگۆڕ و نەجوڵاوە، بەڵام ئەو ڕووداوانەی لەناو گۆڕستانەکە و لە دەوروبەریدا ڕوو دەدەن، فەزاکە دەگۆڕن بۆ فەزایەکی دژ، کە ئەویش فەزای جوڵاو و گۆڕاوە، وەک وەگێڕ لەم نموونەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "کە گەیشتینە ناو پەرژینەکەوە، دایکم و "دایە نەخشین"، خێرا خێرا بارکۆڵەی سەرشانیان داگرت و بە کڕی و بەڕێزو نوازشەوە چوون لەسەر گۆڕەکەی هەڵگیرسانەوە، دەستیان کرد بە فاتیحە خوێندن. کە "موژدە"یش گەیشتە لایان، بە هەمان شێوە، دەستەو نەزەر بۆی ڕاوەستا. "نەنێ" لە

(١) بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، ل٨٤-٨٥.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤ .

دوای هەموویانەوە بوو، هێشتا نەگەیشتبووە ناو پەرژینەکەوە، هەر لە دوورەوە بە لووژکە لووژکی گریانەوە دەستی کرد بە بە ئاە و نزا و گزارە کێشان، لە وێڕا کردی بە باران"[1]. کەواتە شوێنەکان، کە وەستاو و نەجوڵاون، تەنیا هۆکارێکن بۆ ڕوودانی هەموو ئەو ڕووداوانەی تیایاندا ڕوودەدەن لەگەڵ جوڵەی کارەکتەرەکان، هەر بۆیە مەبەستمان لە فەزا خودی شوێنەکە نەبووە، بەڵکو ئەو ڕووداوو شوێنەوارانە بووە، کە لەو شوێنەدا ڕوویان داوە.

لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)دا، فەزای (جوڵاو) بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە ڕۆمانەکەدا بوونی هەیە، چونکە ئەم ڕۆمانە جگە لەوەی ڕۆمانێکی کۆمەڵایەتی و مێژووییە، لە هەمان کاتیشدا ڕۆمانێکی سیاسییە. (پیرۆز)ی کارەکتەری سەرەکی لە رووە کۆمەڵایەتییەکەوە وەکو ژنێک خەریکی کاری ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵەکانیەتی، لە رووی مێژووییشەوە خەریکی نووسینی یاداشتەکانیەتی، هەروەها لە رووی سیاسیشەوە، دوای دەستگیرکردنی هاوسەرەکەی لەلایەن رژێمی بەعسەوە (بەبیانووی کارکردنی لە ناو ڕێکخراوێکی سیاسی) و لەسێدارەدانی، دەستەوەستان نابێت، بەڵکو هەر لەهەوڵ و بەدواداچوندا دەبێت، بۆ دەستکەوتنی زانیاری لەسەر چۆنیەتی گرتن و شەهیدکردنی هاوسەرەکەی، وەک لەم نموونەیەدا، ئەمە بە روونی دەبینرێت: "ڕۆژانە بە خشتەیەکی ڕێک و پێک و بە بێ دواکەوتن، بە هەموو ئەرک و کارەکانی خۆیەوە هەڵدەسا...! جل و بەرگ دوورین، برەودان و بەتەنگەوەهاتنی من و (ئاڵا) و (نەنە پەریێ) و نیگا داشتی کردنمان، ڕێژەو پێژەی نـاو ماڵ و پێداویستیەکانی تری بژێوی ڕۆژانە، گەڕان بە دوای چۆنیەتی گیران و بەندکردنی بـاوکم و چۆنیەتی کـۆتایی پێهاتنی ژیـانی و شەهیدبوونی، نووسینی یاد و یادەوەری ڕۆژانی بەیەکەوە بوونیان.....بەم پێیە هەروەک یاداشتەکانی خۆشی نوسیوویەتی، کە دوای ڕوودانی کارەساتەکەو دوای هاتنەوەی تەرمی باوکم هەر وازی نەهێناوەو، هەر بەدوایداچوەو لێی تۆژیوەتەوە، تا بە تەواوی و بە ورد و باریکی مەسەلەکەی بۆ ساغ بێتەوە، .......هەڵبەت بۆ وەدیهێنانی ئەم زانیارییانەوە، هەروەک خۆی دەڵێ، بێنرێژی و شەونخوونی و کاتێکی زۆری بۆ تەرخان کردووە، هەروەها پارەو پولێک زۆریشی بۆ ئەم مەبەستە خەرج کردووە. لەسەرینی ئەمەوە شەو و ڕۆژ هەر کاری کردووەو هەر جل و بەرگی دووریوە، تا داهاتی مانگانەی بەرزبکاتەوەو لەم پێناوەدا خەرجی بکا..!"[2]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە سەرتاپای ڕۆمانەکەدا فەزای جوڵاو رەنگی داوەتەوە، چونکە کارەکتەری سەرەکی هەر خەریکی جووڵە و چالاکی بووە، وەک ئاماژەمان پێیدا.

(١) حسام بەرزنجی، گۆڕە درەوشاوەکان، ل٢٤٩.

(٢) حسام بەرزنجی، گۆڕەدروەشاوەکان، ل١٩٩-٢٠٠.

### ٢. فەزای (باو/ نامۆ):

شوێنی باو بریتییە لەو شوێنانەی، کە بە زۆری تایبەتن بە ئینتیمای کەسەکان، لە کاتی نامۆبوونیش پێی، چ بەهۆی گواستنەوەی بێت بۆ شوێنی تر، یان بەهۆی نامۆبوون بێت پێی لە ڕووی دەروونییەوە، هەر بیری دەکەن و تامەزرۆی دەبن. (باشلار) تەرکیز دەکاتە سەر هۆگرترین شوێن بۆ نوسەر، ئەویش بریتییە لە ماڵ، کە جیهانی یەکەمی مرۆڤەو لەوێوە ژیانی دەست پێدەکات، چونکە تیایدا لە دایکبووەو گەورە بووەو تاوەکو مردنیش خەونەکانی هەر لەو شوێنەیە، هەروەها لە جەرگەی ماڵەکەدا گەرم و پارێزراوە، چونکە "کاتێک خەو دەبینین بەو ماڵەی تیایدا لە دایکبووین، کاتێک لە قوڵایی خەوداین لەوپەڕی حەسانەوەداین، بەناو ئەو گەرمییە ڕەسەنەی فیردەوسە مادییەکەماندا ڕۆدەچین، ئەمە ئەو کەشەیە کە مرۆڤی پارێزراو لە ناویدا دەژی"[١].

هەر بۆیە بەلای (باشلار)ەوە شوێنی باو بریتییە لە شوێنی ژیانی هاودەم بە گەرمی و هەستکردن بەوەی ئەو شوێنە پارێزگاریکردنێکی تێدایە لە دەرەوەی دژ و هەڕەشەکانی، ئەم شوێنە بوارێک دەرەخسێنێت بۆ خەون و بیرکردنەوە، هەر دەربارەی ماڵ (باشلار) دەڵێت: "ئەو ماڵەی تیایدا لە دایکبووین، خانوێکی ئاوەدانە، بەهاکانی هۆگری بەناویدا پەخش بوون، ڕاگرتنی هاوسەنگی تیایدا ئاسان نییە، چونکە ملکەچی مشتومڕە، ئەو خانووەی تیایدا لە دایکبووین بەشێوەیەکی ئاسایی لە ناوماندا نەخشی گرتووە، دەشبێت بە کۆمەڵێک نەریتی لەخۆوەیی و هەڕەمەکی"[٢].

نوسەریش گرنگی بەو وردەکارییە بچووکانە دەدات، کە تەنها بە زەینی ئەودا دێن، بۆ نموونە وێنەکانی ماڵەکە لەناو یادەوەرییدا دەگەڕێنێتەوە، جا ئەو شوێنە گرنگ نییە تەنگ بێت، یان فراوان، خۆش بێت یان ناخۆش. بەمەش پەیوەندیی کارەکتەرەکان بە ماڵەکانیانەوە ئاڵۆز دەبێت و بەپێی جۆراوجۆریی کاتە خودییەکانیش جۆراوجۆر دەبێت، بۆیە پەیوەندیی کارەکتەرەکان بە ماڵەکانیانەوە سیفەتی لەرزۆکی وەردەگرێت و لەنێوان کینەو خۆشەویستی و پەناگرتن پێی و ڕاکردن لێی دێت و دەچێت، لە ساتەکانی خۆشیدا کەسەکان هۆگری شوێنەکان دەبن، لە کاتی بێ چارەییشدا ناچار دەبن بەجێی بهێڵن و نکوڵیی لێ بکەن، ئەمەش واتای ئەوەیە ماڵ تاکە شوێنێکە، کە کەشێکی وا دەبەخشێت تا لەگەڵ سروشتی مرۆڤەکەدا بگونجێت، بوارێکیش دەکاتەوە بـۆ خەون و بیرکەوتنەوە،

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا زۆرجار مرۆڤ بە هەر هۆکارێک بێت لەو شوێنە ئارامە دادەبڕێت و بۆی دەبێت بە شوێنێکی نامۆ، چونکە کەشی ماڵەکە، یان ئەو شوێنە هۆکارە بۆ پەیوەست بوونی بەو شوێنەوە یاخود دوورکەوتنەوەی لێی. هەر بۆیە فەزای نامۆ بریتییە لەو فەزایەی "کارەکتەرەکە لە

---

(١) غاستون باشلار، جماليات المكان، ص٣٨.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

ڕووی هزری و دەروونییەوە لێی دادەبڕێت، پاشان نامۆبوونی جەستەییشی بەدوادا دێت بە ڕادەیەک بۆشایی نێوان کارەکتەرەکەو ئەو فەزایەی تێیدایە تـا بێت گەورە دەبێت، دواتریش تاوەکو دابڕانەکەی نێوانیان زیاتر بێت، لەسەر ئاستی واقیعی و حەقیقیدا بەدوای شوێنی تردا دەگەڕێت"[1]، ئەمەش ئەو چەمکەیە، کە خەریکە خۆی دەبێتە چەمکی مەنفا.

چەمکی مەنفاش بریتییە لە حاڵەتێکی زەینی و بڕیارێکی ناوەکی، کە لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و شوێنەوە دروست دەبێت، بەهۆی گۆڕانێکی ریشەییەوە لە ئەنجامی بارودۆخێکی تایبەتەوە، کە مرۆڤەکە تیایدا دەژی و لەوانەیە ئەو بارودۆخەش سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان ئابوری بێت، زۆرجاریش هەندێک لەو بارودۆخانە پێکەوە دەبن[2]، ئەمەش واتای ئەوەیە کارەکتەرەکان تەنانەت کە لە نیشتمانیشدا نیشتەجێن هەر وا هەست دەکەن، کە لە مەنفاو غوربەتدا دەژین، ئەمەش بەهۆی تێکشکانی پەیوەندیی بە نیشتمانەوە.

ئـەمەش بە ئاشکرا لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا دەبینرێت، کە لە ئەنجامی زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی ئێران، کارەکتەرەکان بە وڵاتەکەی خۆیان نامۆ و قاچاغن، ئەو وڵاتەی تێیدا لە دایک بوون و هەموو خۆشی و خەون و یادگارییەکانیان لەوێدایە، بەڵام ئێستا ئەوان بەو وڵاتە نامۆن و دابڕان لە ڕووی دەروونی و جەستەیی و هزرییەوە لە نێوانیاندا دروستبووە، هۆکاری ئەم دابڕانەش بارودۆخی سیاسی وڵاتەکەیانە. هەرچەندە لە سوید نیشتەجێن، کە وڵاتی خۆیان نییەو نائاشنان بە ژینگەو کەلتووری ئەو وڵاتە، بەڵام لـەگەڵ ئەوەشدا ئاسوودەن و ژیـانی ئاسایی خۆیانی تێدا بەسەر دەبەن و لە فەزایەکی ئارام و باودا دەژین، وەگێڕ لەم نموونەدا ئاماژە بەم جۆرە فەزایە دەکات و دەڵێت: "من لەو وڵاتە قاچاغم. هەموومان قاچاغین، هەموومان ئەگەر بڕۆینەوە بۆ نیشتیمانەکەمان دەگیرێن و..........ئێمە ئێستا لێرەین. لەم وڵاتە کە ناوی سویدە. کەسیشمان بە زۆر نەهێناوە.........هەموومان بە خواستی خۆمان هاتووین و، هەر کامەشمان لێرە ژیانێکی بچووکمان پێکەوە ناوەو خەریکی ژیانی خۆمانین، ئەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە لە نیشتیمانەکەی خۆمان دابڕابین"[3].

لێرەدا فەزاکە پێچەوانە بۆتەوە، ئاشنا بووە بە نامۆ و نامۆش بووە بە ئاشنا، چونکە مرۆڤ هەردەم شوێنی لەدایک بوون و گەورەبوون و یادگارەکانی لای ئاشنایەو تێیدا ئاسوودەیە، تەنانەت تاکو مردنیش خەون و خەیاڵەکانی هەر لەو شوێنەن، چونکە "ماڵ کە تێیدا لە دایک بووین زیاترە

(١) أوريدة عبود ، المكان في القصة القصيرة الجزائرية الثورية ، ص١٢٢.

(٢) بڕوانە: اعتدال عثمان، إضاءة النص، ط١، دار الحداثة للطباعةو النشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ١٩٨٨، ص٢٢.

(٣) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل٤٠.

لەوەی بەرجەستەکردنی پەناگەیەک بێت، بەڵکو بەرجەستەکردنی خەونەکانیشە"[١]. جا ئەو شوێنە ماڵ بێت یان نیشتیمان، بەڵام هۆکاری سیاسی، کە زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی ئێران و چەوساندنەوەیان وایان لێ دەکات، کە ئەو پەیوەندییە تۆڵەی لە نێوان نیشتیمان و کارەکتەرەکان هەبێت بگۆڕێت بۆ نائاشنا و نامۆ، بۆ خۆدەربازکردنیش لەم فەزا نامۆیە، ناچار بە دوای نیشتیمانێکی ترو فەزایەکی ئاشناو ئارامتردا دەگەڕان، بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی تێیدا بژین و بیکەن بە نیشتیمانی دووەم بۆ خۆیان، ئەویش وڵاتی سوید بوو.

لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا، (شێرزاد) هەرچەندە لە وڵاتی (سوید) ژیانێکی ئاسایی و دوور لە کێشەو ترس لە دوژمن بەسەر دەبات، بەڵام زوڵم و زۆر و دڕندەیی دوژمن پێ باشترە، وەک لەوەی لە وڵاتێکدا بژیت، کە کەلتورو داب ونەریتەکەی لەگەڵی نەگونجێت، سەبارەت بەم نەگونجان و نامۆ بوونە بە کەلتورو دابونەریت، وەگێڕ لەسەر زاری یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە دەیگێڕێتەوە دەڵێت: "لە وڵاتی خۆمان تۆ هەرگیز ڕێگەت بە خۆت نەدەدا کە لەبەرچاوی ژن و منداڵی مندا رووت ببیتەوە، منیش ئیجازەی ئەوەم پێ نەدەدای، لە وڵاتی خۆمان تۆ ئەگەر نەک زاوا، بەڵکو براشم بوویتایە، نەمدەهێشت بن باڵی ژنەکەم ببینی، بەڵام لێرە سەیرکە، تۆ و هەموومان بە رووتی لەبەر چاوی یەکتردا مەلە دەکەین و دادەنیشین"[٢].

هەروەها هەر سەبارەت بەمە وەگێڕ لە نموونەیەکی تردا دەڵێت: "گرفتی گەورەی ئێمە ئەوەیە کە خۆمان لێ گۆڕاوە، لە بیرمان چۆتەوە خەڵکی کوێین و، پشتمان لە وڵاتەکەمان و، ئەخلاق و رەفتاری خەڵکی وڵاتەکەمان کردووە"[٣]، ئەم یەکنەگرتنەوەی داب و نەریتە وا لە (شێرزاد) دەکات، هەردەم هەست بەبێ ئۆقرەیی و دڵەڕاوکێ و فەزایەکی نامۆ بکات، بۆ ئەمەش هەوڵ دەدات خۆی لەم فەزایە ڕزگار بکات و بگەڕێتەوە بۆ وڵات، پێی باشە ژێر دەستی و گرتن و دڕندەیی دوژمن قەبووڵ بکات، وەک لەوەی داب و نەریت و کەلتورێک قەبوڵ بکات، کە پێی نامۆیە.

هەر لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا، دیسان داب و نەریت و کەلتور هۆکار دەبێت بۆ دروستکردنی فەزایەکی نامۆ و ناخۆش بەتایبەتی لای دایکی (هەڵاڵە)دا، وەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا بە روونی ئاماژەی پێدەدات و دەڵێت: "تۆ چۆن ڕێگە بە خۆت دەدەیت گاڵتە بە حەیاو شەرەفی باوکت بکەیت؟! ئەو هەتیوانەی برات چۆن لێت قبووڵ دەکەن؟! مامە فەتاحت چۆن.......... ئەو پیرەمێردە عەجەمە سەگبابە ئەوەندە دەهێنێت حاشا لە مێردو منداڵەکەت بکەیت؟ ئەوەندە دەهێنێت رەدووی کەوی ....... هەڵاڵە گوتی: ئەو پیرەمێردە سەگبابە مامۆستامە......... ئەگەر ئەم هەواڵە بگاتە

---

(١) غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة: غالب هلسا، ص٥٢.

(٢) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل٧٦.

(٣) سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٠.

ئێرەو خەڵک بیبستێتەوە کە تۆ بۆ پیرەمێردێکی عەجەم حاشات لە مێردەکەت کردووە، باوکت دەبێ رووی خۆی رەش بکات و ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵێت"[1]، کەواتە هۆکاری دروستبوونی فەزاکە و نائۆقرەیی و نائارامی دایکی هەڵاڵە، بۆ نەریتێکی نامۆ و نائاشنا دەگەڕێتەوە، کە لەگەڵ نەریتەکەیان یەکناگرێتەوەو تەنانەت هۆکارێکە بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی باوکی هەڵاڵە.

لەمەوە بۆشایی و دووریی مرۆڤ لەگەڵ فەزا گەورە دەبێت، کاتێک دەگۆڕێت بۆ فەزایەکی مادیی رەهاو هەموو ئەوەی تێیدایە دژی رۆحە، واتە "دابڕانی مرۆڤ لە شوێنەکەی، ئیتر ئەو دابڕانە هەرچۆنێک بێت و دژایەتیکردنی ئەو نەریتە جیاوازانەی پێشتر هۆگریان بووە، دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگیی دەروونی و هەستکردن بە نامۆیی و شۆکێک لە پەیوەندیدا کە ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت"[2]، کەواتە بەهۆی ئەو ململانێیانەی لە دەرەوە، یاخود لە واقیعی ترسناک و ناوەوەدا دروست دەبن، پەیوەندیی فەزا بە کارەکتەرەوە دەبێتە پەیوەندییەکی دژ.

ئەم جۆرە فەزایە (فەزای نامۆ) زۆر بە روونی و بە ئاشکرا لە رۆمانی (جەمشید خانی مامم)ی (بەختیار عەلی)دا دەبینرێت، چونکە کارەکتەری سەرەکی (جەمشید خان) دوای ئەوەی لە سەردەمی بەعسدا دەستگیر دەکرێت و ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆری دەدرێت، کێشی لەشی بەشێوەیەکی یەکجار زۆر دادەبەزێت و لەشی توانای فڕین پەیدا دەکات، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا شتێکی نامۆیە، چۆن دەبێت کەسێک بەو شێوە کێشی دابەزێت و بفڕێت. ئەم فڕینەشەی وەکو موعجیزەیەکی خودایی پیشان دەدرێت، کاتێک وەک ئیماندارێک لە مزگەوتێکدا خۆی دەناسێنێت وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ئەو رۆژە من و سمایل وەک هەمیشە لە ناوەڕاستی مەیدانی زیکرەکەدا پەتمان ڕاکێشا و لەناو هاواری ئەڵاهوئەکبەر و سەڵاواتاندا جەمشیدمان بەرز کردەوە، هەر جەمشید لە زەوی ترازا و بەرز بوەووە، ئیمانداران کردیانە بانگهەڵدان و تەهلیلە کردن. جەمشید لەسەرەوە بە کورتی چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ حەشاماتە حەپەساوەکە گێڕایەوەو دواتر باسی ئەوەی کرد کە رۆژێک لە کەشکەشانی فەلەکدا خودای بینیووەو پێگوتووە خۆت بۆ موسڵمانان دەربخەو پێیانبڵێ کە خودا فەرمانی پێداویت خەڵک بۆ ئیمان بانگهێشت بکەیتەوە سەرسامی موسڵمانان و بڕوایان بە تواناو کەراماتی جەمشید بە ئەندازەیەک بەهێز بوو، هەندێکیان باوەڕیان بە هەموو قسەیەکی جەمشید دەهێنا و وەک وەلی و خوداناسێک سەیریاندەکرد کە لەم سەردەم و زەمانەدا بێوێنەبێت"[3].

---

(١) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل٢٦-٢٩.

(٢) قادة عقاق، دلالة المدينة في الخطاب الشعري المعاصر"دراسة في إشكالية التلقي الجمالي للمكان"، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١، ص٢٩٠.

(٣) بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، ل٨٤-٨٥.

ئەگەر لە رووی واتاوە لێکدانەوە بۆ شار بکەین، ئەوا دەلالەتە لە: شارستانی، سەرچاوەی ژیان، شوێنی نیشتەجێی خەڵکێکی زۆر، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی نزیکی لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵکو چارەنووس یاخود هۆکارێک بۆتە هۆی کۆکردنەوەیان لەو شوێنەدا، خەڵک رۆژانە بە شێوەیەکی ئاسایی و باو تێیدا دەژیی و کارەکانیان رادەپەڕێنن. لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا، شار لە کۆمەڵێک ماڵ و خانووی جوان پێک دێت، کۆمەڵە خەڵکێک تێیدا بە ئاسوودەیی و خۆبەختی ژیانی ئاسایی خۆیانی تێدا بەڕێ دەکەن، واتە لە چوارچێوەی فەزایەکی باو و ئاساییدا دەژین، بەڵام لە پڕ ئەو فەزایە دەگۆڕێت بۆ فەزایەکی نامۆ و نائاشنا، چونکە بە هۆی بارودۆخێکەوە هەم ژیانیان، هەم فەزای شارەکە دەگۆڕێت. لەم دەقەدا ئەمە بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت، کاتێک وەگێڕ دەڵێت: "شارێک بە کۆمەڵێک ماڵ و خانووی گەورەو بچووکەوە. خەڵکێکی میهرەبان لەو ماڵ و خانووانەدا دەژیان. خەڵکێکی ئاسوودەو بەختیار، ئەگەر دێوە نگریس و ناپاکەکان بیانهێشتایە. دێوەکان- دایە گەورە دەیگوت- چاوی بینینی ئاسوودەیی و بەختیاری خەڵکی هیچ شارو وڵاتێکیان نەبوو. ماوەیەک بوو لە کێوەکەی تەنیشتی شار دەستیان بەسەر تاقە کانی و سەرچاوەی شارەکەدا گرتبوو"[1]. کەواتە بە هۆی هاتنی دێوێکەوە، کە دەستی بەسەر سەرچاوەی ئاوەکەیانەوە گرتووە، ژیانی ئاسایی خەڵک تێک دەچێت و فەزایەکی نامۆ و نائاسایی دروست دەبێت، چونکە خەڵکی شارەکە پێشووتر ئەم حاڵەتەیان نەبینیبوو.

لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم)ی بەختیار عەلیدا، ئەم بارودۆخەی جێهێشتنی شار و نامۆبوون بەشار لە کارەکتەری (ئەرسەلان)یشدا ڕوودەدات، وەک وەگێڕ لەم نموونەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "ئەرسەلان کوڕێکی منداڵکاری دەستەوەسان بوو کە خوێندکارێکی زیرەکی مەکتەب بوو، بەڵام خراپی باوکی وایکردبوو لە شار هەڵبێت و لەم شاخانەدا خۆی قایمبکات"[2]، چونکە هیچ مرۆڤێک نییە شوێنی لەدایک بوون و گەورەبوونی خۆی بە بەجێبهێڵێت و لە ماڵەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە، ئەگەر هۆکارێک نەبێت بۆ ئەم دوورکەوتنەوەیە. کەواتە (ئەرسەلان) پێش ئەوەی باوکی مامەڵەی خراپی لەگەڵ بکات، لە شارەکەی خۆیدا بێ کێشە دەژیاو ژیانی ئاسایی خۆی بەڕێ دەکرد، واتە لە فەزایەکی باو و ئاساییدا دەژیا، بەڵام دوای خراپی مامەڵەی باوکی ئەم فەزا باو و ئاساییەی شارەکەی، بۆی دەبێتە بە فەزایەکی ناخۆش و نامۆ، بەمەش هانا بۆ شاخ دەبات و بۆ ئەوەی تێیدا بژی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خودی شارەکە نەبۆتە هۆکار بۆ ئەوەی شارەکەی بەجێ بهێڵێت، بەڵکو ئەو ڕووداوانە بوونەتە هۆکار، کە لەناو شارەکە بە گشتی و لە ماڵی (ئەرسەلان)دا بەتایبەتی ڕوویان داوە.

---

(١) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل٢٢.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

مرۆڤ بەهەر هۆکارێک بێت هەرچەندە لە ماڵەکەی دوور بکەوێتەوە، ئەوا هەر بیری دەکات، چونکە پەیوەندی مرۆڤ بە ماڵەکانیانەوە بریتییە لە پەیوەندی خۆشەویستی و هۆگری. ئەوەتە (جەمشید خان)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم) دوای زیاتر لە دوو ساڵ دوورکەوتنەوەی لە ماڵەکەی هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماڵەی، کە تێیدا لەدایک بووە، چونکە پێی ئاشنایەو هۆگریەتی، وەک وەگێڕ لەم نموونەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "دوای تێپەڕینی پتر لە دوو ساڵ جارێکی تر بە دەستی خۆم جەمشیدم هەڵگرت و خستمە ناو ماشێنێک و هێنامەوە بۆ ژوورەکەی خۆی لە قاتی سەرەوەی کۆشکە دێرینەکەی حیسام خان"[(١)]. لێرەدا پەیوەندیی کارەکتەر بە ماڵەوە بریتییە لە پەیوەندیی هۆگری و خۆشەویستی و ئاسودەیی و دڵنیایی، واتە "مرۆڤ هەمیشە باسی پێویستیی خۆی بە دانان بە بوونی و سەلماندنی کەینونەکەی دەکات لە ڕێگەی مانەوە لە شوێنێکی چەسپاودا و وێڵی ئارەزوویەکی ریشەییە بۆ جێگربوون و دەستخستنی ئارامیی خود"[(٢)]. ئەمەش واتای ئەوەیە شوێن، تەنها بریتییە لە شوێنێک بۆ حەوانەوەو جێگیربوون و بەرگری و بونیادنان و دەستپێوەگرتن، کاتێک تیایدا نیشتەجێ دەبیت و دەلالەت لە ئاسۆی ئەزموونەکانی ژیان دەکات، وەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ئەو دە ساڵەی لە جەمشید خان دوور بووم، لە ژوورەکەی ئەودا بردمە سەر، باپیرم و داپیرەم ژوورەکەی ئەویان دامێ و منیش بێئەوەی دەستکاری هیچ شتێک بکەم تیا ژیام. زۆربەی کات بە تەنها بووم..........ڕۆژانە دوو سەعات دەچوومە دەرێ، لە چایخانەیەکدا چایەکم دەخواردەوەو دەگەڕامەوە ماڵێ، زۆربەی کات تەنها سەیری ئاسمانم دەکرد و هیچی تر"[(٣)]. کارەکتەرەکە تەنها لە ماڵەکەیدا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکات و هۆگری ئەو شوێنەیە، هەر بۆیە فەزای دەرەوە بۆ ئەو نامۆ و نائاشنایە، هەر ئەمەش وای لە کارەکتەر کردووە زۆربەی کاتەکانی لە ماڵەوە بەسەر بەرێت.

(شیرین)ی کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمانی (ژن)ی (ڕێواس ئەحمەد)دا، تاکە شوێن سوکنایی بە دڵی بدات و هەست بە ئارامی بکات تێدا ماڵەکەیەتی، کە بە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانییەوە هەر ئارام بەخشە بۆی و هۆگرییەتی. ئەو بە دەرەوە نامۆیە، چونکە هەردەم لە دڵەراوکێ و ترسدا دەژیت، ئەو لەوە دەترسێت مێردەکەی بیدۆزێتەوەو وەکو جاران ئەشکەنجەی بدات و زیندانی بکات، هەرچەندە لە وڵاتی سوید دەژیت، کە وڵاتێکە دەلالەت لە جوانی و ئازادی ژن دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەو وڵاتە نامۆیە، هۆکاری نامۆبوونەکەشی ئەو ڕووداوە ناخۆشانەیە، کە لەو وڵاتەدا بەسەر هاتوون. وەگێڕ لەم نموونەیەدا بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "بەرەو ماڵ گەڕامەوە، بە

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.

(٢) حسن بحراوي، بنية الشكل الروائي، ص٥٣.

(٣) بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، ل١١٧.

هەزار حاڵ خۆمم ڕاگرت تا گەیشتمە ژوورەکەم. دامە پڕمەی گریان و لەسەر قەرەوێڵەکەم دانیشتم، هێندە گریام تا هێزم لێبڕا، ئیتر هەر بە جلەکانمەوە پاڵکەوتم و خەوم لێکەوت...........

هەموو چوونە دەرەوەیەکم دڵە لەرزێیەکەی گەورەی لە دوایە، گەرچی دەزانم مەحاڵە هزری ئەوە بکات من گەیشتبێتمە ئەم شارە، بەڵام هەست دەکەم وەک سێبەر بە دوامەوەیەو دەنگی لە گوێما دەزرنگێتەوە.......... لەگەڵ ئەوەی ڕەنگی چاوو قژم گۆڕیوە کەچی هێشتا هەر شکم هەیە کە بمبینێ بمناسێتەوە"[1]. کەواتە هەرچەندە کارەکتەر ڕەنگی قژ و چاویشی گۆڕیوە، بەڵام هێشتا ترسی لە مێردەکەی هەیە، ئەمەش ئەو هۆکارەیە، وای لە کارەکتەر کردووە، کە زیاتر هۆگری ماڵەکەی بێت چونکە تێیدا هەست بە ئارامی دەکات وەک لە دەرەوە.

مرۆڤ لە هەموو شوێنێک زیاتر هۆگری ماڵەکەی خۆیەتی، هەر بۆیە ماڵ بە بەهێزترین شوێنی باو و ئاشنا دادەنرێت، چونکە مرۆڤ هەر لە ماڵەکەیدا هەست بە ئارامی و دڵنەوایی و ئاسایش دەکات، ئەمانەش هۆکارن بۆئەوەی ماڵ فەزایەکی باو و ئاشنا بێت، بەڵام بە پێچەوانەی فەزای ماڵ، فەزایەکی تر بوونی هەیە، ئەویش فەزای دەرەوەی ماڵەکەیەتی، کە کارەکتەر تێیدا نائارامە و پێی نامۆیە، هۆکارەکەش ئەو ترسە زۆرەیەتی، کە بەرامبەر بە دەرەوە هەیەتی. ئەم ترسەش بە ڕوونی لە (شیرین)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی (ژن)دا دەبینرێت، هەروەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا دەڵێت: "ئێستا لە ماڵی خۆمدا دەژیم و کار دەکەم، نازانم تاکەی دەتوانم بەو شێوەیە بژیم، لە هەموو چوونە دەرەوەیەکدا ترس وەک مۆتەکە بەدوامەوەیە و دەستم لەسەر دڵمە، خۆ دەشزانم لێرەش ناژی، تارماییەکە و لەبەرچاوم ون نابێ"[2].

زۆر جار مرۆڤ بەهۆی ڕووداوێک یان کارەساتێکی ناخۆش شوێنە باوەکەی خۆی بەجێ دەهێڵێت و ڕوو لە شوێنێکی تر دەکات، کە پێی نامۆ و نائاشنایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شوێنەکە بۆی دەبێت بە ئاشنا، چونکە فەزای شوێنەکە هاندەر دەبێت بۆ ئاشان بوون بەم شوێنە. ئەمەش لە ڕۆمانی (ژن)ی (ڕێواس ئەحمەد)دا دەبینرێت، کاتێک (شارا) لەبەر خراپ مامەڵەکردنی هاوسەرو باوکیدا ناچار دەبێت، ماڵەکەی خۆی بەجێ دەهێڵێت و لەگەڵ کچەکەیدا دەچێت لای (شیرین)ی هاوڕێی ژیان بەسەر دەبات. هەرچەندە ماڵەکەی (شیرین) بۆ ئەو نامۆ و نائاشنایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێیدا هەست بە دڵنەوایی و ئاسایش دەکات، ئەمەش لەم دەقەدا بە ڕوونی دەبینرێت، کاتێک وەگێڕ دەڵێت: "گەر دەتەوێ و ئێرەت پێ باشە، دەتوانی بێیت بۆ لای من، وەرە ئێرە ماوەیەک دانیشە تا شوێنێکت بۆ دەدۆزنەوە، هیچ نەبێ لێرە هەست بە ئەمان دەکەیت، تۆ دەتوانی هەر لە ماڵەوە بیت و هەر

(١) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل٤-٥.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

پێویستیەکیشت هەبێ خۆم بۆتی جێبەجێ دەکەم"[1]، هۆکارەکەش خودی شوێنەکە نییە، بەڵکو ئەو ئارامی و سەربەستییە، کە لەوێدا هەیەتی.

خراپ مامەڵەی باوک و خێزانەکەی، (شارا) ناچار دەکەن ماڵەکەی خۆی، کە هۆگری بووەو گشت خەون و یادگارییەکانی لەوێدایە بەجێ بهێڵێت و ڕوو بکاتە شوێنێکی نامۆ، چونکە لە ماڵەکەی خۆیدا لە فەزایەکی ناخۆش و نامۆدا ژیان بەسەر دەبات، هەروەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "باوکی پیاوێکی سیاسی بوو لە ئینتەرڤیوشدا لای پۆلیس جەختی لەوە کردبوو کە ئەم بۆ داکۆکیکردن لە زمان و کولتورو ئازادی و ئیدنتێتێتی گەلەکەی پەڕاگەندەی ئێرە بووە، کەچی ڕێگایان بە کچەکەیان نەدەدا زمانی دایک بخوێنێت، چونکە ئەو دەرسە دەکەوتە پاش دەوامی ئاسایی و درەنگ دەگەیشتەوە ماڵێ. گەر یەک دەقە لە قوتابخانە دوابکەویت قاچت دەبڕم......لەمەودوا تەلەفۆن بۆ هیچ هاوڕێیەکەت ناکەیت و تەلەفۆنیش هەڵناگریت"[2].

ئـەگەر لە رووی واتاوە وشەی کارگە بکۆڵینەوە، ئەوا دەلالەت لە شوێنی بەرهەمهێنان و پەیداکردنی بژێویی ژیان دەکات، کە بەدەست و بازووی کۆمەڵێک کرێکاری خاوەن تواناو دڵسۆز بەرهەم دەهێنرێت، ئەو شوێنە بۆ هەموو کارمەندەکان شوێنێکی باو و ئاشنایە، چونکە هەموویان بە گیانی هاریکاری و تەباییەوە کارەکانیان ڕادەپەڕێنن و تێیدا هەست بە خۆشی دەکەن، ئەم گیانی هاریکاری و تەباییەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی بکەن، کەواتە خودی کارگەکە وەکو شوێن هۆکار نییە بۆ ئەوەی شوێنەکە ببێتە ئاشنا و هۆگر بۆ کارمەندەکان، بەڵکو گیانی تەبایی و دڵسۆزی و بەرهەمهێنانەکە هۆکارە بۆ دروستبوونی ئەم جۆرە فەزایە، بـەڵام کاتێک کارەکە بەم شێوەیە نابێت و ئەم دڵسۆزی و تەبایی و ئاستی بەرهەمهێنانە نابینرێت، بەڵکو لە جیاتی ئەمە کۆمەڵێک کارمەندی نابەرپرس و نادڵسۆز و گەندەڵ لەم جۆرە شوێنانەدا دەبینرێن، ئـەوا ئەو شوێنە دەبێتە نـامۆ و ناهۆگر بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بە دڵسۆزییەوە کار بکەن و بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن. ئەم جۆرە فەزایەش، کە بەهۆی بارودۆخێکی وەهاوە دروست دەبێت لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)دا دەبینرێت، کاتێک وەگێڕ لەم نموونەیەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "رسق و پێویستی ژیان ئێمەی لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە خستۆتە ناو یەک چاڵی چارەنووسەوە.......چونکە لەلایەک دەبێ پێویستی و بژێوی ژیانمان دابین بکەین و لەلایەکی تریشەوە دەبێ ئەو جۆرە کەسە بەناو ئادەمیزادانە لە خۆمان دوورخەینەوەو خۆمان لە گەندەڵیەکانیان بپارێزین"[3]. لێرەدا (پیرۆز)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە هەرچەندە زۆریش برسیەتی، بەڵام لەبەرئەوەی لە فەزایەکی ناخۆش و

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

(٣) حسام بەرزنجی، گۆڕە درەوشاوەکان، ل٤٥-٤٦.

نامۆدا دەژی، ئارەزووی نان خواردن ناکات، وەک وەگێڕ دەڵێت: "لـەسەر ئەو برسێتیەی خۆشما، هەرگیز بە بۆن و برینگی چێشت و خواردنە خۆشەکانی سەر مێزەکەوە، گەدەم بۆی نەدەخوسایەوە، بەڵکو ئەمن هەر بیرم لەوە دەکردەوەو لە دڵی خۆما دەمگۆت دەبێ چ مەبەست و نیازێکیان لەم خوان و بانگهێشتەوە هەبێ.....لە پێناو کەڵک و سوودە تایبەتییەکانی خۆیان هەموو جۆرە دەرکەوانی و خزمەتکارییەک قبووڵ دەکەن"[1]، بەمەش ئەوەی هۆکارە بۆ نائارامی کارەکتەری ناو ڕۆمانەکە خودی کارگە و کەرەستەکانی ناو کارگەکە نین، بەڵکو کەشی ناو کارگەکە وای لێدەکات کە لە بارێکی دەروونیی نائارامدا بژی.

هەر شتێک کاتێک لە باری ئاسایی خۆی یاخود لەو چوارچێوەیە دەردەچێت، کە بۆی دانراوە، ئەوا دەبێت بە نامۆ، بۆ نموونە ژیانی شار یان لادێ، شێوەیەکی ئاسایی و باوی وەرگرتووە، بەڵام کاتێک بەهۆی ڕووداوێکی گەورە یان بارودۆخێکەوە، ئەم ژیانە باوو ئاساییە گۆڕانی بەسەردادێت یان تێک دەچێت، ئەوا دەبێت بە نامۆ. کەچی لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)دا پێچەوانەی ئـەمە دەبینین، چونـکە ئەوەی ئاسایی و باو بوو، کاول کردن و وێرانکردنی ماڵی خەڵک و بە تاڵان فرۆشتنی مەڕو ماڵاتی خەڵک لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، ئەم کارەش ڕۆژانە دووبارە دەبوویەوە، وەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "ئەو دیمەنانەی کە لە ڕواڵەتدا ببوە شتێکی ئاسایی، هەموو ڕۆژێ دووبارە دەبوونەوە..! هەموو ڕۆژێ دیمەنێکی وا دەدیترا، دەتدی کتوپڕ کۆمەڵە ماڵاتێ هەرزانفرۆش دەکران، لە هیکرا دەتدی کۆمەڵە ماڵ و خێزانێ بێ جێ و ڕێ دەکران!"[2]، کەواتە ئەو شتانەی ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە، ئەگەر نایاساییش بن، ئەوا شتانێکی ئاسایین و نامۆبوونەکەیان نامێنێ، بەڵام هەر کاتێک ئەو شتە ئاساییانە گۆڕان، ئەوا بە نامۆ لە قەڵەم دەدرێن.

(نەنە پەرێ) لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)دا، ئەو ڕۆژە هەڵسوکەوتەکانی (پیرۆز)ی بووکی هیچ بەدڵ نەبوو، چونکە وەکو ڕۆژەکانی تر ئاسایی نەبوون، نەیدەزانی بووکەکەی بۆ وا دەکات، ئەم نامۆبوونەش لەم نموونەیەدا کە وەگێڕ دەیگێڕێتەوە بە ڕوونی دەبینرێت، کاتێک دەڵێت: "لەناوناندینەکەدا، هەر تەقەتەقی هیربارو خشەخشی گەسک و کوتەکوتی مڵاکی دارو کەوگیر بوو........بەڵام نەنە پەرێ سەری لەم هەموو کێشەو هەڵسوکەوتانە دەرنەدەچوو. هەرچەندی گوێی خۆی ڕادەداشت و هەستی ڕادەگرت، هیچی بە هیچ نەدەکرد، بەڵام ئەوەندەی دەزانی، کە ئەو بەیانییە وەک ڕۆژانی تر ئاسایی نییە"[3]. کەواتە هەڵسوکەوتەکانی (پیرۆز) هۆکار بوون بۆ

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

دروستکردنی ئەو فەزاو بارودۆخە نامۆ و نائاساییە لەم رۆژەدا، چونکە زۆرجار کە مرۆڤ لە ڕووی دەروونیەوە نائارام بوو، ئەوا ئەو بارودۆخە نائارامە لە هەڵسوکەوتەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە.

لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)دا، ئەو زیندانەی زیندانییەکانی تێیدا زیندانی کرابوون، وا باو و ئاسایی بوو شەوان ناوی ئەو کەسانەیان دەخوێندەوە، کە بۆ لە سێدارەدانیان دەبردن، بەڵام ئەو رۆژە بۆ ئەمان نامۆ و نائاسایی بوو، وەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "سەر لە بەیانییەک لە پڕ، لە پشت دەرگاکەوە ناویان خوێندرایەوە. هەموو هۆپەکیان لە خۆیان زانیبوو، چونکە بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لەوێ بوون، وا ڕاهاتبوون هەر بە شەو ئەوانەی کـە ناویان دەخوێندرێتەوە، قۆڵبەستیان بکەن و بۆ ژێر پەت و قەنارەکانەوە بیانبەن"[1]. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو شتیکی تری نامۆش لای زیندانییەکان دەبێتە نائاسایی و جێگای گومان، ئەویش ئەوە بوو، کە ماوەی چەند رۆژێک نە کەسیان لە زیندانییەکان بردبوو بۆ لە سێدارەدان، وە نە کەسی تریان بۆ زیاد کرابوو، ئەم گومان و بارە نائاساییەش لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت، کە وەگێڕ دەیگێڕێتەوە و تیایدا دەڵێت: "هەموو بەندییەکان (کەڕاڕ) لە هەموویان زیاتر، سەیریان پێ هات، چەند ڕۆژێ دەبێ کەسی تریان فڕێ نەداوەتە زیندانەکەی ئەوانەوە. چەند شەوێکیش دەبێ کەسیان لێ کەم نەبۆتەوە"[2].

منداڵ لە ئەوروپا لە تەمەنی هەژدەساڵیدا مافی ئەوەی هەیە، کە دایک و باوکی بەجێ بهێڵێت و بە تەنها بۆ خۆی بژی، ئەمەش یاسایەکی باوە لای ئەوروپییەکان و تەنانەت لای زۆربەی ئەوانەشی لە ئەوروپا دەژین، واتە ئەمە شتێکی ئاسایی و باوە، بەڵام لای (شێرزاد)ی پەناهەندەو هاوسەری (هەڵاڵە) لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا، شتێکی نامۆیە و ناکرێت بەسەر ئەودا جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەو بێبەرییە لەم جۆرە یاسایە، وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ دەڵێت: "شێرزاد دیسان ئاگری دەگرت، دیسان لچی بەردەدایەوەو دەیگوت: من لـە یاسای ئەو وڵاتە دەڕیم، ئـەو یاسایە من و ژن و منداڵی من ناگرێتەوە"[3].

(شێرزاد) یەکێکە لەو کارەکتەرانەی، کە نامۆیە بە فەزای وڵاتی سوید و دابونەریتەکەی، بۆیە بەردەوام دەیگوت: "من بڕیاری خۆم داوە، من دەگەڕێمەوە بۆ وڵات و کچەکەشم لەگەڵ خۆم دەبەمەوە"[4]، هەروەها هەردەم بە هەڵاڵەی هاوسەری دەگووت: "هەڵاڵە با لێرە بڕۆین. بیکە بە خاتری خودا با لێرە بڕۆین. ئێمە لە شوێنێکی تر بەختەوەر دەبین"[5].

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٣.

(٣) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل١٦.

(٤) سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٧.

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣.

(بیابان) دەلالەت لە دەشتێکی چۆڵی بێ ئاو و بێ ڕووەک و وشک دەکات، کە ترس و تۆقاندن و خـەم و خەفەت و دڵەڕاوکێ لە ناو دڵی مرۆڤدا دەچێنێت. تـاکی کورد یادەوەرییەکی تاڵ و ناخۆشی لەگەڵ بیاباندا هەیە، بەشێک لە فەزای ڕۆمانی (سنووورداشێک لە بیابان) باسکردنە لە فەزای بیابان. خودی وشەی بیابانیش بۆ تاکی کورد فەزایەکی نامۆیەو لەهزری هەر تاکێکی کورددا ئەم وشەیە بیرهێنەرەوەی تراژیدیای ئەنفالە، کە بە هەزاران کورد خرانە ژێر لمی بیابانەکانی باشووری عێراقەوە، بۆیە بە هیچ شێوەیەک لە یادەوەری تاکی کوردا بەگشتی و گەرمیانیەکان ناسڕێتەوە، نەک هەر ئەوەندە تەنانەت ئەو کاتانەی، کە لەوێدا بەسەری بردوون نە توانیویەتی خۆشی بوێ وە نە پێی ئاشنا بێت، ئەوێ بۆ ئەو فەزایەکی نامۆی هەبووە، چ وەک شوێن، چ وەک ئەو کارەساتە ناخۆشانەی بەسەریاندا هاتووە، هەر بۆیە ئەوانەشی ڕزگاریان بووە، نەیانتوانیوە تەنانەت بۆ ساتێکیش لە بیریان بچێتەوە. لەم روانگەوە لە ڕۆمانی (سنورداشێک لە بیابان)دا بە شێوەیەکی بەرچاو، بیابان وەک فەزایەکی نامۆ و ناهۆگر باس کراوە، ئەم ڕۆمانە باس لـە کۆمەڵێک کارەکتەر دەکات، کـە خەڵکی شاری کـەرکوکن، دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) لـەبەر زوڵم و زۆر و دڕندەیی ڕژێمی بەعس هەوڵدەدەن بەرەو وڵاتێکی عەرەبی وەکو سعودیە کۆچ بکەن، بۆیە بۆ گەیشتن بەم وڵاتە ڕێگای بیابان دەگرنە بەر، لەبەرئەوەی نامۆن بەم بیابانە، ئەستێرەیەکی گەش دەکەنە نیشانە، بە پەلە هەنگاو دەنێن، دەیانەوێت هەتا زووە بگەن بە ئاوەدانی، چونکە دەترسن سەربازەکانی ڕژێم بیانگرن و ئەنفال بکرێن و بخرێنە ژێر لمی بیابانەوە، وەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "دەڕۆیشتین و بە ئەسپایی تاریکی باڵی دەکێشایە بیابان. دوا سەرنجم دا، سەربازەکان لەسەر ساترەکە بوون، بە یەکڕیز وەستابوون، ئێمەش کەوتینە قوڵایی تاریکی بیابان و دوا جار ئەوانیش لە چاومان ونبوون، ئەستێرەیێ گەشمان کرد بە نیشان، وەک جاری پێشوو، کەوتینە بڕینی ڕێی هات و نەهات و بەیەک ریز و بە بێ دەنگ دەڕۆیشتین.......بە پەلە ڕێمان دەبڕی، تا زوو بگەینە ئاوەدانیی و ڕۆژمان بەسەر نەیە"(١).

وەک باسمانکرد کورد بە بیابان نامۆن و فەزایەکی ناخۆشی هەیە بۆیان و هەردەم بە ناوهێنانی ڕۆژی ئەنفالیان بیردەکەوێتەوە، بەڵام بۆ (گەلاوێژ)، ناخۆشترو نامۆترە، یان دەکرێت بڵێین کاریگەری ئەم فەزا نامۆیەی بیابان بۆ (گەلاوێژ) زۆر زیاترەو مەودایەکی فراوانتر وەردەگرێت. ئەویش لە دەستدانی دانای تاقە کوڕیەتی لەم بیابانە ناخۆش و نامۆیەدا، وەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا باسی دەکات و دەڵێت: "گەلاوێژ دەگریا، هاواری دەکردو دەیگوت: قوربانتان بم!! لەم خاکی غەریبییە،

---

(١) سەدرەدین محێدین کەڵوڕیی، سنورداشێک لە بیابان، ل٩٤.

له نێو ئەم لمی بیابانە مەینێژن، من دەمێنمەوە، با دەگەڵ (دانا)ی کوڕم سەر بنێمەوە، پاش کوڕەکەم دونیام بۆ چییە!!......نایەڵم لەم خاکە وشک و برینگە بینێژن!! "[1].

زۆرجار داب و نەریتێکی باو لای میلەتێک و نامۆ بوون و نائاشنا بوون لای میلەتێکی تر، دەبێتە هۆی دروستبوونی فەزایەکی ناخۆش و نامۆ، وەک لە دەقێکی ڕۆمانی (سنورداشێک لە بیابان)دا بە روونی دەبینرێت، کاتێک وەگێڕ دەگێرێتەوەو دەڵێت: "دەیزانی بۆچی هاتووین، بەڵام نەیدەگوت کە بۆچی هاتوون، چونکە (داب و نەریتی) بە دوو وابوو، پاش سێ رۆژ پشوودانی میوان، ئەنجا پرسیار دەکا،..........گونییەکی سپی هێنا و ڕایخست، چوار بەردی لە سووچەکانی دانا..........فەرمووی لێکردین، بەڵام بۆ خۆی دانەنیشت و بە پێوە وەستا، زۆر هەوڵماندا دانیشێ، سوودی نەبوو........پەنجەی لە لوتی دەرهێنا و گوتی: بۆ دەسهەڵەگری، خۆ هیچت نەخوارد. گوتم: نانخواردنم هەر ئەوەنەیە......هەرسێ قاپەکەی نزیککردەوە، بەرماوەکانی لە نێو قاپێکا کۆکردەوە، هەر بەدەسە پیسەکەی کەوتە نانخواردن،.......بەم شێوەیە تا لە نانخواردن دەسی هەڵگرت، مووەکانی لەشم هەمووی هەستا بوون"[2]، کەواتە هۆکاری ئەو فەزا ناخۆش و نامۆیە لای کارەکتەر، بۆ نائاشنابوون بە داب و نەریتی نانخواردن لای عەرەب بە گشتی و بەدووەکان بەتایبەتی دەگەڕێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە تاکی کورد نەک هەر نامۆیە بە شوێنێکی وەک بیابان، بەڵکو بە کەلتور و دابونەریتەکەشی نامۆیە.

لە دوو شاری جیاوازدا دوو فەزای جیاواز و دژ بەیەک دەبینین، هەرچەندە یەکێکیان (سامان)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی (سنووورداشێک لە بیابان) تێیدا لەدایک بووەو گەورەبووەو ژیاوە، هەروەها هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانی لەوێدا بەسەر بردووە، بەڵام وا هەست دەکات نامۆیە بە فەزای شارەکە، بۆیە پەلەیەتی تا زووە خۆی لێ دەرباز بکات، چونکە پیاوەکانی بەعس بەدوای ئەون، تاوەکو بیگرن. هەر بۆیە بۆ خۆدەربازکردن لەم فەزا ناخۆش و نامۆیەدا، بڕیار دەدات شار بەجێ بهێڵێت و ڕوو لە شاری هەولێر بکات، کە ئازاد کراوەو بەدەست دەسەڵاتی کوردوەیە، هەرچەندیشە نامۆیە بەم شارە، بەڵام لەبەرئەوەی لەوێ ئازادی هەیە، ترس و گرتن نییە، بۆیە ئەوێ هەڵدەبژێرێت بۆ ژیان، کاتێک بەیانییەکی زوو بڕیاری بە جێیشتنی شار دەدات و لەگەڵ برا گەورەکەی دەچێتە ناو بازاڕ، بۆ ئەوەی ئوتۆمبیلێکی دەستکەوێت و لەگەڵیدا بڕوات بۆ شاری هەولێر، براکەی پێی دەڵێت: "بە پەلە با بڕۆین، تا نێو بازاڕ، قەرەباڵغ نەبووە. هەر کە گەیشتینە سەرشەقام، وا ڕێکەوت، هاوڕێیەکی کاکم کە بۆ هەولێر دەچوو، وەستا. سواربووم و بە هۆی هاوڕێکەی کاکمەوە بە سانایی لە زاڵگەی رژێم

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

(٢) سەدرەدین کەلۆریی، سنورداشێک لە بیابان، ل٣٣-٣٤.

ڕزگاربووم، گەیشتمە بازگەی خۆمان، لە پایتەختی کوردستان، بە هەوای ئازادیی، دڵ و دەروونم کەمێ هێور بووەوەو ترسی ڕژیم و جەللادەکان، بە تەواوی لە دڵم دەرچوون"[١].

لە ڕۆمانی (ساباتێک لە مێژەڵۆک)دا ئاغای عەزرەتی، کە مێردی (شەبەنگ خاتوون)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی (ساباتێک لە میژەڵۆک)ەو یەکێکە لە پیاوە باوەڕپێکراوەکانی، هەر کاتێک دەچووە دەرەوەی کۆشک، بە ئۆتۆمبیلی جام ڕەش و پاسەوانەوە دەڕۆیشتە دەرەوە، بەڵام ئێستا لەبەرئەوەی لای (شەبەنگ خاتوون) جێی باوەڕ نییە، بەبێ ئۆتۆمبیل و بێ پاسەوان بۆ ئیشی کۆشک دەچێتە دەرەوە، بۆیە چوونە دەرەوەی ئەمڕۆی بەلایەوە نامۆیە، هەروەک وەگێڕ بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "بۆیە ڕواڵەتی پەشۆکاوی غەرقی تەمێکی خەست و خۆڵی گوماناوییە، حەیران و سەراسیمەش دەستەکانی لە نێو گیرفانی ناوەو بێبەرنامە بەناو شاردا گوزەر دەکات"[٢]، ئەمەش وای لێکردووە، کە لە فەزایەکی ناخۆش و نامۆدا بژی، وا هەست دەکات، کە خەڵک هەمووی بە لاکەوتوویەکی بەردەمی مزگەوتی گەورە یان قاچاخچیەکی قوماربازی دەبینن.

لە نموونەیەکی تردا لە ڕۆمانی (ساباتێک لە مێژەڵۆک)دا، نامۆبونێکی جیاوازتر لەوانەی پێشوو دەبینین، ئەویش نامۆبوونی مرۆڤە بەو شتانەی، کە هەرگیز بەکاری نەهێناون و نەیبینیون، وەک وەگێڕ دەڵێت: "ئێرە حەمامی ئەوروپییە و یەکەمجاریشە کەسێکی وەک من پێ بنێتە نێوی، چۆن کرێکاری نێو مەیدانی شار لە بەردەمی بەکارهێنانی ئامێری نوێدا دەپەشۆکێ منیش لەبەردەم کەرەستەو تفاقی تازە بابەتدا تاوێک پەشۆکاوم، من چەندە بە ئازادی نامۆم، هێندەش بە بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە نامۆم، من تەنیا لە کونی ئەو دەرزییەوە بە ئازادی شاد دەبم، کە موسا دوو کەلیمەی لەتەک خوادا گوتووە، دەنا من بە جۆرە ئازادییەک ڕانەهاتووم، کە ساتەوەختێک لە باوەشی دڵنیایدا بڵێم: ئۆخەی"[٣]، زۆر جار مرۆڤ بە کۆمەڵێک شت نامۆ دەبێت و نازانێت بەرامبەریان چی بکات و چۆن بەکاریان بهێنێت، بەمەش لە فەزایەکی نامۆدا دەژی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی شوێنەکەش ببێتە نامۆ بۆی.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.

(٢) محمد رشید فەتاح، ساباتێک لە مێژەلۆک، ل١٨.

(٣) سەرچاوەی پێشوو ، ل١٥٢.

### ٣. فەزای (کراوە/ داخراو):

شوێنی کراوە بریتییە لە "پانتاییەکی شوێنیی دەرەکی، کە سنورێکی تەسکی نییە، فەزایەکی فراوان پێک دەهێنێت و بەزۆری وەک لەوحەیەکی سروشتییە لە کەشێکی کراوەدا"[1]، ئەمەش واتای ئەوەیە شوێنی کراوە تایبەت نییە بە کەسێک یان چەند کەسێک، بەڵکو هەموو کەسێک دەتوانێت بەکاری بهێنێت و بە ئارەزووی خۆیان تیایاندا بێن و بچن، وەک: شەقام، کۆڵان، گەڕەک، بازاڕ، چایخانە، نەخۆشخانە، مزگەوت، واتە شێوەیەکی گشتیان لە ناو ڕۆماندا هەیە. لێردا مەبەست لە کرانەوە، بێسنووری و دانەخراوییە، ئەمەش لە ڕێگەی نەمانی چێوەکانەوە بەرجەستە دەبێت، چ چێوەی پانتایی بێت، کە کرۆکی مادیی شوێنەکە دروستی دەکات، یان چێوەی تێڕامانیی بێت، کە لە جۆری بینین و خستنەسەری ئاڕاستەکراو بۆ شوێنەکەوە سەرهەڵدەدات و لە خوێندنەوەی ئێمەدا دەبێتە فەزایەکی کراوە، ئەم "فەزایە کە بونیادی دەقی بەرهەمی دەهێنێت و سروشتی وەڵامدانەوەی ئێمەش وەک خوێنەرێکی تاک، بەڵام لەوانەیە خوێنەرێک بێت کە گوزارشت لە کۆمەڵێکی راقەیی دیاریکراو بکات"[2].

هــەروەها ئەم شوێنە وا لە کارەکتەرەکە دەکات وەڵامدانەوەی هەبێت بۆی و بە دەمییەوە بچێت، چــەند رەفتارێکی جیاوازی دەبێت، کـە گوزارشت لـە ئەزموونەکانی دەکەن و دەرک بە خودی خۆی دەکات و بەوپەری متمانەوە خواستەکانی دەردەبڕێت و چاوی لەوەیە بەبێ هیچ دوودڵی و ترسێکی بەردەمی لەو شوێنەدا ئاوات و ئامانجەکانی بەدی بێن، هەروەها مەبەستمان لە شوێنی کراوە ئەو پانتاییە شوێنیەیە، کە چەندین جۆر مرۆڤی جیاواز و چەندین جۆر ڕووداوی جیاوازی ناو ڕۆمان لە خۆدەگرێت، بـەزۆریش دەلالەتی شوێنی کراوە پەیوەستە بـە بەختەوەری و ئازادی و دڵخۆشی و حاڵەتیکی دەروووونی جێگیرەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا مەرج نییە هەموو شوێنێکی کراوە فەزایەکی کراوەو خۆشی هەبێت، بۆ نموونە (نەخۆشخانە) هەرچەندە شوێنێکی گشتی و کراوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو کەسانەی بە مەبەستی چارەسەرکردن سەردانی دەکەن، یان ئەوانەی تووشی ڕووداوی هـاتوچۆ، یاخود سووتاوی و ڕووداوی تر بوون، فەزایەکی ناخۆش و داخراویان بۆ دروست دەبێت بە هۆی ئەو بارودۆخەی، کە بەسەریاندا هاتووە.

کەچی شوێنی داخراو، بەو شوێنانە دەوترێت کە لەڕووی بەکارهێنانیەوە تایبەتە بە کەسێک، یان چەند کەسێک، بۆیە هەڵسوکەوتکردن تێیدا بۆ کەسەکان سنووردارە، هەروەها لە بەردەم هەموو کەسێکدا کراوە نییەو داخراوە، وەک: ماڵ، ژوور، زیندان،.....هتد. کەواتە شوێنی داخراو بریتییە

---

(١) أوريدة عبود، المكان في القصة القصيرة الجزائرية الثورية، ص٥١.

(٢) حسن نجمي، شعرية الفضاء، ص٨٣ .

لەوەی "سنورێکی شوێنی لە جیهانی دەرەوە دایدەبڕێت و لەچاو شوێنی کراوەدا رووبەرەکەی زۆر بەرتەسکترە"[(١)]، کەواتە لە شوێنی داخراودا کارەکتەرەکە خۆی دەبینێتەوە بەوەی، کە کۆت کراوەو ناتوانێت خۆی بناسێت، بـەجۆرێک دەکەوێتە ناو پشێوی و پەستانەوە، کە تەنگی پێ هەڵدەچنێت و دواتر تەنانەت ئینتیما و ناسنامەی خۆی لەدەست دەدات، لەبەرئەوەی لە راستیدا ئەو شوێنە لە کارەکتەرەکەدا رەنگ دەداتەوەو تەنانەت دەبێتە رێگرێک لەبەردەم ئاوات و ئامانجەکانیدا، ئەمەش واتای ئەوەیە ئەو شوێنە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە لـەخۆگرتنی جۆرێکی دیـاریکراوی پەیوەندییە مرۆییەکان، هـەروەها شوێنی داخراو بە زۆری پەیوەستە بە خەم و خەفەت و چەوساندنەوەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا مەرج نییە ئەم شوێنە بۆ هەموو مرۆڤێک بەم شێوە بێت، چونکە مەرج نییە هەموو شوێنێکی داخراو فەزایەکی داخراوی هەبێت، بەڵکو کەشوهەوای ئەو شوێنە بڕیار لەسەر داخراوی یان کرانەوەیی شوێنەکە دەدات. کەواتە فەزای کراوە بەو فراوانی و پاناییەی دەیگەیەنێت و داخراویش بەو تەنگییەی دەیگەیەنێت هەموو ئەمانە شتێکی رێژەیین و بەپێی گۆشەنیگاکە دیاری دەکرێن، چونکە ئەوەی من بە شوێنێکی داخراو دەیبینم بۆ نموونە (ماڵ، زیندان...) کەسانی تر بـە شوێنێکی کـراوە دەیـبینن، بـەمـەش زۆرجار شـوێنی نـامـۆ دەبێتە هۆگر و باو و خۆشەویست و بە پێچەوانەوەشەوە.

لێرەدا باسی ئەو نمونانە دەکەین، کە (گاستۆن باشلار) بە ناوی (ناوەوەو دەرەوە) هێناونی و دەڵێت: "هێنری میشۆ لەناو ئێمەدا ترسی چاندووە لە فەزای داخراو و فەزای کراوەش، بەمەش هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ناوەوەو دەرەوەی ترسێنەر کردووە."[(٢)] کەواتە لەگەڵ ئەوەی "لە هونەردا جیاوازی نییە لە نێوان شوێنی داخراو و شوێنی کراوەدا، تاکە جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە لەو رووەوەیە ناوی دوو شوێنن لە سروشتدا، بەڵام لای هونەرمەند شوێنی داخراو، سەرەڕای سنورداریی ڕووبەرەکەی بەهایەکی هونەری ئیستاتیکیی هەیە، لەوانەشە لای نوسەرێک، کە توانای خەیاڵکردنی لاواز بێت، زۆر بەرتەسکتر بێت"[(٣)]، بۆیە فراوانی و بەرتەسکیی فەزا و کرانەوەیی و داخراوییەکەی بەستراون بە فراوانی و بەرتەسکیی هەستیاریی ڕۆماننوس و کراوەیی و داخراوییەکەیەوە، نەک کراوەیی و داخراویی شوێنەکە.

ماڵ ئەو شوێنە داخراوەیە، کە "تێیدا دەژین و جیهانمانی پێکهێناوەو جەوهەری بوونمانە، خەونەکانمان تێیدا دێتە دی هەر لە ماڵ هەست بە ئارامی و هێمنی دەکەین کە لە ڕێیەوە یادی

(١) أوريدة عبود، المكان في القصة القصيرة الجزائرية الثورية، ص٥٩.

(٢) غاستون باشلار، جماليات المكان، ص١٩٧.

(٣) ياسين النصير، الرواية والمكان، دراسة في فن الرواية العراقية، الموسوعة الصغيرة ٥٧، منشورات وزارة الثقافة والأعلام، دار العربية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠، ص٦٥

ڕابردوو دەکەینەوەو پلان بۆ داهاتوو دادەنێین"[1]. (شارا) لە ڕۆمانی (ژن)دا هەست بە ئارامی و هێمنی ناکات لە ماڵەکەیدا، چونکە وەکو زیندان وایە بۆی، هەرچەندە لە وڵاتێکی ئەوروپی وەک سوید دەژیت "کەچی ڕێگایان بە کچەکەیان نەدەدا زمانی دایک بخوێنێت، چونکە ئەو دەرسە دەکەوتە پاش دەوامی ئاسایی و درەنگ دەگەیشتەوە ماڵێ. گەر یەک دەقە لە قوتابخانە دوابکەویت قاچت دەبڕم........ لەمەودوا تەلەفۆن بۆ هیچ هاوڕێیەکەت ناکەیت و تەلەفۆنیش هەڵناگریت"[2]، کەواتە ئەوەی هۆکارە بۆ نائۆقرەیی و نائارامی شارا لە ماڵەکەیدا، ئەو یاساو ڕێسایانە بوو، کە خێزانەکەی بۆیان دانابوو، نەک خودی ماڵەکە.

(شارا) لە ڕۆمانی (ژن)دا ڕاستە لە ماڵێک دەژی، کە شوێنێکی داخراوە، بەڵام شوێنەکە نەبۆتە هۆی ئەوەی فەزایەکی داخراو بۆ ئەو دروست بکات، بەڵکو ئەو یاسایانەی لە ماڵەکەدا بۆ ئەویان داناوە بوونەتە هۆکار بۆ ئەم جۆرە فەزایە، چونکە هەرچەندە باوکی پیاوێکی سیاسی بوو، هەردەم جەختی لەسەر داکۆکیکردن لە زمان و کەلتوورو ئازادی کردۆتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئازادی لە کچەکەی قەدەغە دەکات، وەک لەم نموونەیەدا ئەم زەوتکردنی ئازادی و فەزا داخراوە دەبینرێت "کاتێک دێنە سوید سیانزدە ساڵان دەبێ و یەکسەر دەست بە خوێندنی سویدی دەکات.......دایک و باوک و براکانی دەرحەقی توند دەبن و ڕێگەی نادەن تێکەڵ بە کۆمەڵگە ببێ، تەنانەت نەیان هێشتووە لەگەڵ کچە سویدییەکانی هاوڕێشیدا بچێتە دەرەوە.... .هەموو ڕۆژ دەبووایە پاش قوتابخانە یەکسەر بگەڕێتەوە ماڵێ، ڕێگەی ئەوەشیان نەدەدا بچێت بۆ مەلەوانی یان هەر شوێنێک کە پۆلەکەی بۆی دەچوو، بە زۆریش بردیانەوە بۆ وڵات و بۆ ئامۆزاکەی نیشانەیان کرد"[3].

لە کۆمەڵگای کوردیدا بە هۆی پابەند بوون بە داب و نەریت و کەلتوور، هەروەها لای هەندێک کەس عەقڵیەتی دواکەوتوو و دەسەڵاتی باوک سالاری کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵەکان دروست کردووە، بەتایبەتی کچ، کە هەردەم قوربانی یەکەمن. تەنانەت کاتێک کۆچیش دەکەن بەرەو هەندەران، ئەم عەقڵیەتە زیاتر لایان تۆخ دەبێتەوە، بە جۆرێک نایەڵن کچەکانیان تێکەڵ بە کۆمەڵگای ئەوێ ببێت، نەک هەر ئەوە بەڵکو لە زۆربەی ماف و پێداویستیەکانیان بێبەشیان دەکەن. لە ڕۆمانی (ژن)دا (شارا) قوربانیی ئەم عەقڵیەتەیە، لە زۆربەی ئەو شتانە بێبەشیان کردووە، کە کچەکانی هاوتەمەنی ئەو هەیانە و دەیکەن، نەک هەر ئەوانە، بەڵکو لە خوێندنگەش دەریان هێناوەو بە زۆر بردویانەتەوە بۆ وڵات و لە ئامۆزاکەی مارەیان کردووە، واتە هەقی ئەوەشی پێنەدراوە، کە شوو بە یەکێک بکات خۆی

---

(١) منیب محمد البوریمي، الفضاء الروائي "في الغربة"الأطار والدلالة، دار الشؤون الثقافية العامة، دار النشر المغربية، بغداد، ب.ت، ص٦١.

(٢) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل٥٣ .

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

دەیەوێت و لەگەڵی ئاسوودە دەبێت. دوورخستنەوەی شارا لە هاوڕێکانی و دەرهێنانی لە خوێندنگە و بە زۆر بەشوودانی، فەزایەکی یەکجار داخراویان بۆ شارا دروست کردووە، هۆکاری ئەم فەزا داخراوەش هەموو ئەو ڕووداوە ناخۆشانەیە، کە (شارا) بەسەری هاتوون. نەک هەر ئەمانە بگرە دوای هاوسەرگیری و هاتنەوەشی بۆ سوید، بە بڕیاری باوکی، کە مامی مێردەکەیەتی لە ماڵەکەی خۆیدا چوونە دەرەوەی لێ قەدەغە دەکرێت، چونکە مێردەکەی دەکرێت بە پاسەوان بەسەریەوە و ڕێگەی چونە دەرەوەی لێدەگرێت و لە ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەر دەکرێت، لەم نموونەیەدا ئەمە بە ڕوونی دەبینرێت، کاتێک وەگێڕ دەڵێت: "شاراو مێردەکەی تا دوو مانگێ لە ماڵی باوکیدا مانەوە، پاشان خانوویەکی بچووکی یەک ژوورییان بۆ پەیداکردن. داوای یارمەتی سۆسیال کراو ئیتر بەم شێوەیە ژیان بەسەربرا تا منداڵەکەی بوو. بە بڕیاری باوکی، مێردەکەی کرابووە حەرەسی شاراو ڕێگەی پێنەدەدا یەک هەنگاو لە ماڵ دوور کەوێتەوە"[١]، کەواتە مەرج نییە مرۆڤ تەنها لە زینداندا زیندانی بکرێت، بەڵکو زۆرجار ماڵیش دەبێتە زیندان و مرۆڤ بە ناچاری ژیانی تێدا بەسەر دەبات.

(شیرین) و (شارا) لە ڕۆمانی (ژن)دا دوای ئەوەی بڕیار دەدەن بەیەکەوە بژین، شیرین لە نەخۆشخانەیەکدا کار دەکات بۆ ئەوەی مێردەکەی نەیناسێتەوە ڕەنگی قژو چاوی دەگۆڕێت، هەموو چوونە دەرەوەیەکی بە ترس و لەرزە، نەوەکا مێردەکەی بیناسێتەوەو هەمدیس بیباتەوە بۆ ماڵەوەو زیندانی بکات. (شارا)ش پێشووتر لە ڕێکخراوێکی ژنان دەژێت و داڵدەی دەدەن، بەڵام لەبەرئەوەی ماڵی باوکی و مێردەکەی، کە ئامۆزای خۆیەتی بە شوێنەکەی دەزانن، بۆیە ناچار پەنا دەبات بۆ ماڵی (شیرین) و لەگەڵ کچە تاقانەکەی لەوێ دەژین، چونکە چوونە دەرەوەی (شارا) زۆر زۆر سنووردارە، بۆیە وەکو ئەوە وایە، کە لە زینداندا بێت.

ڕاستە (شیرین) و (شارا)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی (ژن) لە ماڵێکدا دەژین، کە شوێنێکی داخراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی ئەم شوێنە بە ویست و ئارەزووی خۆیان نییە، بۆیە ئەمە کار دەکاتە سەر باری دەروونی هەردووکیان و هەردەم لە دڵەڕاوکێ و ترسدا دەژین، وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ دەڵێت: "من و تۆ پێبزانین یا نەزانین زیندانی کراوین، بۆ ئێمە چیمان لەوانەی زیندانی کراون زیاترە، ئەوان لە ژوورێکان و خواردن دەخۆن و سەیری تەلەفزیۆن دەکەن و دەخەون. هەر هیچ نەبێ ئەوان ناترسن، ئێمە هەردەم پیاوەکانمان وەک مۆتەکە بە دوامانەوەن، فەرموو تۆ ناوی خۆتت گۆڕیوە، ڕەنگی قژو چاوت گۆڕیوە کەچی دەبینی هەر بە دواتەوەیەو تووشی دەبی، چۆن گەیشتە ئێرە، یان کەس و کاری من چۆن زانییان لە سەنتەری ژنانی ئەو شارە خۆم شاردۆتەوە"[٢]. کەواتە ئەوەی هۆکارە بۆ دروستبوونی ئەم فەزا داخراوە ماڵەکە نییە، وەکو شوێنێکی داخراو، بەڵکو باری دەروونی

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.

کەسەکانە بۆ دروستبوونی ئەم فەزا داخراوە، چونکە ماڵ تەنها چواچێوەیەکەو خەڵک تێدا دەژین و دەیانپارێزێت لە سەرمای زستان و گەرمای هاوین، هەروەها دەیانپارێزێت لە هەر ڕووداوێکی ناخۆش، کە لە دەرەوە ڕوو دەدات، بەڵام بۆ (شیرن) و (شارا) تەنها داڵدەو شوێنێکی خۆشاردنەوەیە، چونکە لە ڕووی دەروونییەوە هەردەم نائارامن و لە دڵەڕاوکێ دان.

وەگێڕ لە نموونەیەکی تردا، ئاماژە بە بێزاربوونی کارەکتەرەکان دەکات، لە فەزا داخراوەکەدا، ئارەزووی چوونە دەرەوەو فەزایەکی کراوە دەکەن، دەڵێت: "بێدەنگ بووم و بەرەو چێشتخانەکە ڕۆیشتم، دەریا بە گاگۆڵکێ بە دواما هات.

- شارا دیارە کچەکەت برسیەتی، لەوانەیە بیرت نەبووبێ نانی بدەیتێ..........
- جا بۆ شتی واتکرد، ناترسی لێرەش بتدۆزنەوە.
- کچی دەبا بمدۆزنەوە و بمکوژن، جا بۆ ئەم ژیانەی من مانایەکی تێدا ماوەتەوە.........
- گوێ مەدەرێ ئێستا نان دەخۆین و دەچینە دەرەوە، چ دەبێ با ببێ، دەچینە ناو شار تێر تێر دەگەڕێین، بە کەسیش ناڵێین. ئەزانی چی دەڕۆین لە دەرەوەش نان دەخۆین. من شوێنێک شارەزام کە بێگانەی بۆ ناچێ تا ترسی ئەوەمان هەبێ کەسێک بمانبینێ"[1]. کەواتە (شیرین) و (شارا) بێزارن لە فەزای ماڵەوە، کە فەزایەکی داخراوی هەیە، بۆیە هەوڵ دەدەن فەزایەکی دژ بەم فەزا داخراوە، کە فەزایەکی کراوەیە بۆ خۆیان دروست بکەن، ئەمەش وایان لێدەکات سەرباری ترس و ناسینەوەیان لەلایەن مێردو کەس و کاریانەوە، بڕیاری چوونە دەرەوە بدەن.

گوند شوێنێکی کراوەیە، تەنانەت بە هۆی دڵگیری و ئاوهەوا فێنکەکەی و سروشتە جوانەکەیەوە فەزایەکی کراوەو خۆشی هەیە، بەڵام کاتێک مرۆڤ دوور لە ویست و ئارەزوو ئیرادەی خۆی لە شوێنێکدا ژیا، هەروەها تەنانەت کارەکەشی، کە لەو شوێنەدا دەبێت بیکات، ئەویش بە ویست و ئیرادەو حەزو ئارەزووی خۆی نەبێت، بەڵکو بۆی دیاری کرابێت، بێگومان ئەو فەزایەی تێیدا دەژی داخراو دەبێت، چونکە بۆ ئەو وەکو ئەوە وایە، کە لە زینداندا بێت. ئەوەتا (سالار خان) لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم)دا، هەرچەندە باوکی بڕیاردەدات بینێرێت بۆ گوندی بارانۆک، کە فەزایەکی کراوەو دڵگیری هەیە، هەروەها سروشتێکی خۆش و دڵڕفێن و جوانی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی بە ویست و ئیرادەی خۆی نییەو کارەکەشی بریتییە لە پاسەوانیکردنی (جەمشید خانی مام)ی، ئەمە بۆ ئەم فەزایەکی داخراو دروستدەکات، هەروەک لەم نموونەیەدا ئەم فەزا داخراوە بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت، کاتێک وەگێڕ دەڵێت: "باوکم منی خستە پێشی پیکابەکەی خۆی و گووتی (دەڕۆین بۆ بارانۆک)، لە ڕێگا بە منی گووت لەمڕۆ بەدواوە تۆ لەگەڵ سمایلی مامە ئەدیبدا دەبنە پاسەوانی

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤.

جەمشید خانی مامت، کە لە زیندان هەڵهاتووە..... جەمشیدی مامت هەمیشە و لەهەر شوێنێک بێت پێویستی بە ئێوەیە، نابێت هیچ کەمتەرخەمییەک لە خزمەتکردن و هاوکاریدا بنوێنن، چونکە ئەو بۆتە پیاوێکی لاواز کە با هەمیشە لەگەڵ خۆیدا دەیبات"(١). کەواتە دوورکەوتنەوەی (سالار خان) لە شار، کە فەزایەکی کراوەو خۆشی هەیە، ڕۆیشتنی بۆ بارانۆک، کە هەرچەندە فەزایەکی کراوەی هەیە، بەڵام بەهۆی کارەکەیەوە، ئەوا فەزایەکی داخراو و ناخۆشی بۆ دروستدەکات، بەمەش فەزای بارانۆک وەکو گوند هۆکار نابێت بۆ دروستکردنی ئەو فەزا داخراوە، بەڵکو هۆکارەکە پەیوەست دەبێت بەو ڕووداوانەی، کە لەوێ ڕوودەدەن. کەواتە بارانۆک بۆ (سالار خان) فەزایەکی داخراوی هەیە، چونکە بە ویست و حەزی خۆی ئەم شوێنە کراوەی هەڵنەبژاردووە، بەڵکو بە ناچاری هەڵی بژاردووە، بەمەش ئەگەر بارانۆک وەک گوند فەزایەکی کراوەو خۆشی هەبێت، بۆ ئەوانەی بە ویست و حەزی خۆیان تێیدا دەژین، ئەوە بۆ سالار خان فەزایەکی داخراوی هەیە.

ئاشکرایە بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا ڕووبەڕووی کورد بۆتەوە، لە زۆربەی چیرۆک و ڕۆمانەکاندا باسی زیندان کراوە، کە دەلالەتە لە شوێنێکی بچووک و تەسک، هەروەها دەلالەتە لە بێدەسەڵاتی و دووره پەرێزی و نائارامی دەروونی و سەندنەوەی گشت ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ. لە ڕۆمانی (ساباتێک لە مێژەڵۆک)دا، دوو فەزای دژ بەیەک لە زینداندا دەبینین، کە فەزای داخراوو فەزای کراوەن، هەرچەندە لەم ڕۆمانەدا (کۆیاد)ی کارەکتەر لە زینداندایە و دەستبەسەرە، تەنانەت ناشزانێت لەکەیەوە گیراوە، ئەمەش وای لێکردووە، کە فەزایەکی داخراوی لە ژوورێکی داخراو هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نائومێد نییەو بە خەیاڵی خۆی پەنجەرەیەکی لە زینداندا کێشاوەو دەیەوێت لەو پەنجەرەوەیەوە بە دەرەوەو کەسەکانی دەرەوە شاد بێت، واتە فەزایەکی کراوەی بۆ خۆی دروستکردووە، ئەویش بەهۆی گەشبینی و ئومێدی خۆیەوە، ئەمەش لەم دەقەدا بە ڕوونی دەبینرێت، کاتێک وەگێر بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: "من بێ ئاگام لەوەی لەکەیەوە لێرە زیندانیم، هەست بە تێپەڕبوونی کات ناکەم، ڕۆژم هەر تاریکەو، شەوگاریشم شەوی دەیجوورە. ناوە ناوە بە خەیاڵ پەنجەرەیەکی بچووک لە دیوارە کۆنکرێتەکەی بەرانبەرەوە دەنەخشێنم، لەو چوار چێوەیەوە بە دنیای دەرەوە شاد دەبم"(٢).

بەهەمان شێوە (کۆیاد) لە نموونەیەکی تردا هەست بە ئازادی دەکات و نائومێد نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هیوایەکی زۆری بەوە هەیە، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە دنیای دەرەوە شاد دەبێتەوە، وەک وەگێڕ دەڵێت: "کۆیاد نەکەی، ساڵ و مانگت لە نێو ئەم زیندانە تاریکەدا بە خۆڕاگری خۆتەوە بەسەر بردووە، تا ئەم ساتە وەختە بە بەڵێن و گفت و لفتی شیرینی ئەو جۆرە کەسانە فریوت نە خواردووە،

(١) بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، ل٨.

(٢) محمد رشید فەتاح، ساباتێک لە مێژەڵۆک، ل٨٤.

دڵنیابە ڕۆژێک بەڕێوەیە لە پەنجەرە خەیاڵیەکەی خۆتەوە ئازادییەکی گەش گەش لە بەرەبەیانێکدا دەبینیت"[1]، کەواتە تەنها ئەو پەنجەرەیەی کارەکتەر لە خەیاڵی خۆیدا دروستی کردووە، هۆکارە بۆ ئەوەی هەست بە ئازادی و فەزایەکی کراوە بکات.

لە ڕۆمانی (ساباتێک لە مێژەڵۆک)دا کارەکتەر زیندانی کراوەو هەموو مافێکی ژیانی لێ زەوت کراوەو لە فەزایەکی داخراودا دەژی، بەڵام لەپڕ داوای ئەوەی لێدەکرێت، بچێت لە حەمامی کۆشک خۆی بشوات و خۆی پۆشتە بکات، کە لە پەنجەرەیەکی بچووکی حەمامەکەوە هەست بە هەوای پاکی ئازادی و کرانەوەیەک دەکات، چونکە زیندانەکان لە وڵاتی ئێمەدا، لە شوێنێکی تاریکن و ڕووناکی ڕووی تێناکات، تەنها ئەو پەنجەرە بەرزانە نەبێت، کە هەوا و ڕووناکی لێوە دێتە ژوورەوە، بوونی ئەو پەنجەرەو ڕووناکی و هەوایەش دەبێتە هۆی گۆڕینی فەزاکەی لە کەشێکی داخراوەوە بۆ کەشێکی کراوە، ئەمەش بە ڕوونی لەم نموونەیەدا دەبینرێت، کاتێک وەگێڕ بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "لەوەتەی لێرە دەست بەسەرم جگە لە گەرماوی پاسەوانەکان ڕێگەیان پێنەداوم توخنی ئەم جۆرە گەرماوانە بکەوم، جلەکانیشم هەر خۆم دەمشتن.........وا ئێستە لەسەر داوای ئەوان دەبێ سەرتاپای جلکەکانم تووڕدەم و یەکپارچە خۆم هەڵگێڕمەوە........ئێرە ڕۆشنەو ڕووناکی بە چەپک خۆی بە ژووردا دەکات.......لە پەنجەرە بچووکەکەی بنمیچەکەشەوە تیشکی خۆر بەدی دەکەم و هەوای پاکیش ڕووم دەکاتەوە، پەنجەرە بچووکەکە هێندە بەرز نییە تا لەوێوە تاوێک لە دەرەوە بنۆڕم، ئەوە بۆ وانەکەم، بە لێوارەکەیەوە خۆم هەڵواسی، چاوم بە دەرەوە شاد بۆوە"[2]. هەرچەندە کارەکتەر لە زیندان دایە و هەم لە رووی شوێنەوە داخراوە، هەم فەزایەکی داخراویشی هەیە، بەڵام بوونی تەنها یەک پەنجەرەی بچووک و هاتنە ژوورەوەی تیشکی خۆر، بوونەتە هۆی ئارامی و دڵنیایی بە کارەکتەر، بەمەش لە رووی دەروونیەوە لە فەزایەکی داخراو بۆ فەزایەکی کراوە دەچێت.

مرۆڤ کاتێک لە مردنیش نزیک دەبێتەوە، هەر بیری ئەو خاک و هەوایە دەکات، کە تێیدا لەدایک بووەو ژیاوەو کۆمەڵێک یادگاری جوانی لەگەڵیدا هەیە، تەنانەت دەیەوێت هەر لەوێدا چاوی لێک نێت. (کەڕاڕ)ی شیعە مەزهەب لە ڕۆمانی (ساباتێک لە مێژەڵۆک)دا، لە فەزایەکی ناخۆش و داخراوی زینداندا ژیان بەسەر دەبات، چونکە بە ناهەق گرتویانە، جگە لەم ناهەقیانە تەنانەت بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانەش کۆتایی بە ژیانی دەهێنن، کاتێک دەبەی بەنزین دەکەنە دەمییەوە و دوایی گڕی تێبەردەدەن، بەمەش فەزایەکی یەکجار ناخۆش بۆ خودی (کەڕاڕ) و بۆ زیندانییەکانی دروست دەکەن لە فەزایەکی داخراودا، بەڵام لە کاتی سەرەمەرگدا، کارەکتەر لەم فەزا ناخۆش و داخراوەدا دەچێتە فەزایەکی کراوە، بەوەی حەز دەکات هەنگاو بنێت و بڕواتەوە بۆ شوێنی لەدایک

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤.

(٢) محمد رشید فەتاح، ساباتێک لە مێژەلۆک، ل١٥٣.

بوون و ژیانی، لەگەڵ شوێبەی دەزگیرانی بچن بۆ بەهەشت، وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "(کەراڕ)یش پەیتا پەیتا هێزی بەردەدا، لە جموجۆڵی خۆی دەکەوت، هێڵنجی دەهاتێ، ڕەنگی دەپەڕی! یەک دەبە بەنزین! ڕیخۆڵەو هەناوی وەکوڵ هێنابوو، ئاگری تێ بەردابوو. (بەتتار)دەبە بەنزینێکی تریشی هێنا، هەندێکی بەسەر دەمیەوە کرد، لەویشا چەند مژێکی لێدا، ئەوەی تریشی بەسەر و تەپۆڵاکی داڕژاند. بوو بە پێکەنین و هەرایان! ئا ئەلێرەدا، ئەم ڕەفتارانە، ئاهەنگ و بەزم و ڕەزمەکەی بە ڕەوشێکی تردا هەڵگێڕایەوە. بەندی و پاسەوانەکان بوونەوە بە بە دوو لایەنی دڕدۆنگ و لەیەک جیا، دووریانێکی لە یەکی دابڕاندن. ئەو زەماوەندە خۆش و دڵهەژێنە، تا دەهات واتاو شێوازێکی چەواشەی بەخۆوە دەدی! ئەوان وەک جاران بەرز پێدەکەنی و گۆرانییان دەوت، بەرزتر چەپڵەیان دەکوتا، بەڵام بەندەکان بوون بە ئاوری ئاو پێداکراو......گەرەکی بوو هەروا بەو سەرگەرمییەی خۆیەوە، هەر بڕواو هەر بڕوا، پێ هەڵێنێ، بفڕێ. تا لەناو مەرز و بووم و خانەزانەی قامیشەڵان و پووش و پەڵاش و چڕگەکاندا (شوێبە)ی لێ پەیدابێ........هەموو بەیەکەوە ڕێگای بەرەو مەڵبەندەکەیان بگرنەبەر، بەرەو ڕووناکی، بەرەو بەهەشت"[١].

جۆری فەزا لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مام)ی (بەختیار عەلی)دا فەزای کراوەیە، چونکە (جەمشید خان) کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە، دوای ئازادکردنی لە زیندان و کەم بوونەوەی کێشی، ئارەزووی فڕینی بۆ دروست دەبێت، ئەمەش بە ڕوونی لەم نموونەیەدا دەبینرێت: "ئەمجارە مامم زۆر لە زەوی بەرز بووەوە، پتر لە باڵی کۆشکێکی دوو نهۆم لەسەر سەرمان وەک کۆلارەیەک کەوتە مەلەکردن و وەک باڵندەیەک لە دەوری نێچیرێک بسوڕێتەوە بەو چەشنە لە هەوادا دەسوڕا و دەچوو.... ئەوە ئەو ساتە بوو کە باوەڕمهێنا کە جەمشید لەزەتێکی وەها زۆر لەو فڕینە دەبینێت ، هەرگیز دەستبەرداری نابێت"[٢]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کارەکتەر لەبەرئەوەی ئەوەندە لە فەزایەکی ناخۆش و داخراوی زینداندا ژیانی بەسەربردووەو ئازاری چەشتووە، بۆیە حەزی فڕین لای دروست دەبێت، چونکە دەیەوێت بۆ هەتا هەتایە ئازاد بێت و لە فەزایەکی کراوەو خۆشدا بژیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار کارەکتەر چێژ لە فڕینەکەی نابینێت و ئازاد نابێت، چونکە فڕینەکەی بە حەز و ئارەزووی خۆی نابێت، بەڵکو بە زۆر پێی دەکرێت و وەک لیبۆکێک پیشانی خەڵک دەدرێت، بۆیە لە ڕووی دەروونیەوە نائارام دەبێت و هەست بە سوکایەتی دەکات، وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ ئاماژەی پێ دەدات و دەڵێت: "گووتی تازە ئەو وەک لیبۆکێک، وەک مەخلوقێکی گاڵتەجاڕ، وەک مویموونێک ناسراوە و هەرگیز ناو و کەرامەتی ناچێتەوە جێگای خۆی. گووتی هەموو منداڵانی ئەم وڵاتە منیان لەو قەفەسی سەگەدا بینیوە، کوڕو کچی سیاسیەکان کە سبەینێ شوێنی باوکیان

(١) حسام بەرزنجی، گۆڕە درەوشاوەکان، ل٢٣٣-٢٣٤.

(٢) بەختیارعەلی، جەمشید خانی مامم، ل١٧.

دەگرنەوە و ئەم مەملەکەتەیان بە وەرەسە بۆ دەمێنێتەوە، ئەم خانە لاوا و بێجورم و سووکەیان بینیوە، کاتێک دەموچاوی وەک دەموچاوی گاڵتەجارەکان بۆیەکردووەو فڕیوە"[1]، لێرەدا هەرچەندە کارەکتەر ئازادە و لە ئاسماندا دەفڕێت، کە شوێنێکی کراوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەزایەکی ناخۆش و داخراوی دەبێت، چونکە لە ڕووی دەرونیەوە نائارامە بە فڕینەکەی و ئازاد نییە.

وەگێڕ لە ڕۆمانی (گۆڕە درەشاوەکان)دا تیشک دەخاتە سەر مامەڵەی نامرۆڤانە و دڕندانەی پیاوانی بەعس، ئەمەش وا لە زیندانییەکان دەکات لە فەزایەکی داخراودا کەشێکی ناخۆشیان بۆ بخوڵقێنێت، کاتێک دایکێک بەبەرچاوی خۆیەوە منداڵەکەی دەکوژن و دەیدەنە سەگەکانی زیندانەکە، کە دوورە لە هەموو یاسا و داب و نەریتێک. تەنانەت ناتوانێت بیگرێتە باوەشی خۆشیەوە، بۆ ئەوەی لەو کەشە ناخۆشە ڕزگاری ببێت، تەنها دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، کە هیوای زوو ڕزگاربوون و مردنی بۆ بخوازێت. ئەم فەزا داخراو و ناخۆشە، لەم نموونەیەدا ئەمە بە ڕوونی دەبینرێت، کاتێک وەگێڕ دەڵێت: "تووڕەو تەنگاو لێی وەرسوڕایەوە، لە پشتەوەڕا قۆڵی قرچاندەوە، بـۆ لای دیوارەکەوە بە کێشی کرد. هەردوو دەستی بـە فەلاقەکەوە گرێ دا، پێیەکانی جووت کردن و شەتەکی دا، بەڵام ئەو هەتا لە توانایدا هەبوو داکۆکی لە خۆی کرد بە دەستی، بە قاچی، بە تف و جنێودان! دیمەنی ئەو ئافرەتە پێشمەرگەیە........ .بە داخ و حەسرەتەوە سەیریان دەکرد. ئەویش جار جار لای لـــە کۆرپەکەی خۆی دەکردەوە: هیوادارم تۆ پێش من ڕزگار بیت، دەزانم تۆ بەرگەی ئەو ژیانە سەختە ناگری، هیوادارم هەتا زووە ببیت بە پەپولەی بەهەشت"[2].

لەباسکردنی (کۆیاد)ی کاراکتەری ڕۆمانی (ساباتێک لە مێژەلۆک)دا، لەو دەقەدا وەگێڕ دوو فەزای دژ بەیەکمان پیشان دەدات، ئەویش فەزای داخراو و فەزای کراوەیە، (کۆیاد) لە زیندانێکی تاریکدا ژیان بەسەر دەبات و لە فەزایەکی داخراودا دەژی، بەڵام هەلێکی بۆ دەڕەخسێت و لە زیندان ڕزگاری دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بە دونیای دەرەوە شاد بێتەوە و فەزاکەی لە داخراوەوە دەگۆڕێت بۆ کراوە و هەوای ئازادی هەڵدەمژێت، بۆ ئەمەش وەگێڕ دەڵێت: "ڕووخساری خەواڵوویان نیشانەی ئەوەبوو بە نیازن لە قووڵایی ئاسماندا سەرخەوێک بشکێنن. ئەو زێتر لە خۆی خەمی دەربازبوونی منی بوو، ناوە ناوە ئێستێکی دەکردو بە لەسەر خۆی پێمی دەگووت: کۆیاد ئەوە بەر لێبوردن کەوتی، جارێکی تر ناگەڕێیتەوە نێو ژێر زەمینەکە. لەسەرخۆ هەنگاو بنێ، با تەلەزمە بەردێک، بنەدەوەنێک نووچت پێنەدەن، بگەینە یاڵەکەی ئەو بەرمانەوە لە خەم دەڕەخسێین"[3].

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦-١٤٧.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١.

(٣) محمد رشید فەتاح، ساباتێک لە مێژەلۆک، ل٢٨٤.

مەرج نییە شوێنی کراوە فەزاکەشی کراوە و خۆش بێت، یاخود شوێنی داخراو فەزایەکی ناخۆش و داخراوی هەبێت، کە مرۆڤ وا هەست بکات تیایدا دەخنکێت، چونکە دواجار باری دەروونی و هەستکردن بە ئارامی لەو شوێنەدا کراوەیی یان داخراوەیی شوێنەکە دەردەخات، ئـەوەتە (شیرین) لە ڕۆمانی (ژن)دا هەرچەندە ماڵ شوێنێکی داخراوە و شەقام و دەرەوەش شوێنێکی کراوەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ماڵەکەی خۆی هەست بە ئارامیی و ئاسوودەیی دەکات وەک لە دەرەوە، هۆکارەکەش بۆ ترسە زۆرەکەیەتی لە مێردەکەی، کە بە هۆی خراپ مامەڵەکردن و توندوتیأییەکەی جێی هێشتووەو خۆی لێ شاردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوە دەترسێت بیدۆزێتەوە، وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "بەرەو ماڵ گەڕامەوە، بە هەزار حاڵ خۆمم ڕاگرت تا گەیشتمە ژوورەکەم. دامە پرمەی گریان و لەسەر قەرەوێڵەکەم دانیشتم، هێندە گریام تا هێزم لێبڕا، ئیتر هەر بە جلەکانمەوە پاڵکەوتم و خەوم لێکەوت..........هەموو چوونە دەرەوەیەکم دڵە لەرزێیەکەی گەورەی لە دوایە، گەرچی دەزانم مەحاڵە هزری ئەوە بکات من گەیشتبێتمە ئەم شارە، بەڵام هەست دەکەم وەک سێبەر بە دوامەوەیەو دەنگی لە گوێما دەزرنگێتەوە..........لەگەڵ ئەوەی ڕەنگی چاوو قژم گۆڕیوە کەچی هێشتا هەر شکم هەیە کە بمبینێ بمناسێتەوە"[١].

شاری کەرکوک هەرچەندە وەکو شار بە شوێنێکی کراوە دادەنرێت، بەڵام لە سایەی دەسەڵاتی داگیرکەردا بۆ خەڵکی شارەکە بە گشتی و کورد بە تایبەتی، فەزایەکی داخراو و ناخۆشی دەبێت، چونکە لە ئازادی و هەلی کارکردن بێبەش دەکرێن و زۆربەشیان لە رووی داراییەوە هەژاربوون، ئەم فەزا ناخۆشەش وای لە لە بەشێکی زۆری کوردەکانی ئەو شارە دەکات، بیر لە کۆچ کردن بەرەو هەندەران بکەنەوە، بۆ ئەوەی لەم بارودۆخە ناخۆش و داخراوە رزگاریان ببێت. وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ باس لە جێهێشتنی شاری کەرکوک دەکات لەلایەن دوو کاراکتەری نێو ڕۆمانەکەو دەڵێت: "دوو فڕم لە چاکەداو ووریا پارەکەیداو چووینە دەرەوەی چایخانەکە. ملی ئەو ڕێیەمان گرت کە چەندین جار دەگەڵ (ووریا) بە دەمەتەقێوە بەرەو ماڵ دەگەڕاینەوە، لە کاتی هەرزەکاری باسی کچان، خوێندن، ماوەێ باسی دڵسۆزی و خەبات لە پێناوی نیشتیمان بوو، بەڵام ئەمجارەیان باسی جێهێشتنی نیشتیمان و کەسوکارە، کە بەهۆی هەژاری و نەداری، دەمانەوێ رزگار بین و باوەشی گەرمی نیشتیمانی دایک جێهێڵین"[٢]. کەواتە هۆکاری کۆچ کردنەکەیان خودی شاری کەرکوک نەبوو وەکو شار، بەلکو هۆکارەکە بۆ ئەو فەزا ناخۆشە دەگەڕێتەوە، کە خەڵکی شارەکە لە ئەنجامی بێ کارو کاسبی هەیانبوو، چونکە دەسەڵاتی بەعس لە هەلی کارکردن بێبەشی کردبوون.

---

(١) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل٤-٥.

(٢) سەدرەدین محێدین کەڵوپیی، سنورداشێک لە بیابان، ل١٣-١٤.

(جەمشید خان) کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم)، کاتێک لەناو قەفەزدایەو زیندانی دەکەن لە کەش و فەزایەکی داخراودایە و لە ڕووی دەروونییەوە نائارامە، بەڵام بە دەرهێنانی لە قەفەزەکەو فڕینی بۆ ئاسمان دەچێتە فەزایەکی کراوەوە، چونکە ئاسمان شوێنێکی کراوەیە، هەرچەندە فڕینەکەی بۆ دڵخۆشکردنی کوڕو کچی توێژی سیاسیەکانە، تا ببینن چۆن مرۆڤێک لەبەر سووکی کێشەکەی دەتوانێت بفڕێت، وەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا دەڵێت: "بێ هیچ هەلومەرجێکی باشی ژیان دیل دەکرا و شەوانی کەیف و ئاهەنگ کاتێک بەگی هیجری و سیاسییەکانی دی کۆدەبوونەوە، بەگ فەرمانیدەدا و مامميان لە قەفەزەکەیدا دەهێناو پەتیان لە کەمەری دەبەست و بە هەوادا هەڵیاندەدا. سیاسییەکان ژن و منداڵیان کەیفێکی زۆریان بە بینینی مامم لە هەوادا دەکرد. فڕینەکانی جەمشید خان لەناو توێژی سیاسییەکان، کوڕو کچە بچوکەکانیان بە تایبەت داوەتدەکران بۆ سەیری جەمشید خان و گرتنی پەتەکەی و ڕاتەکاندنی وەک ڕاتەکانی کۆلارەیەکی کاغەز"[1].

هەر شوێنێک هەرچەندە کراوەو خۆش بێت، بەڵام کاتێک مرۆڤ لە ڕووی دەروونییەوە تیایدا ئاسوودە نەبوو، ئەوا وەکو ئەوە وایە لە زینداندا بێت و بەمەش فەزایەکی داخراوی دەبێت، ئەمەش بە ڕوونی لای (شیرین) کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی (ژن)دا دەبینرێت، چونکە هەرچەندە (شیرین) لە وڵاتی سوید دەژی و شوێنێکی کراوەیە، بەڵام لەبەرئەوەی لە ڕووی دەروونییەوە ئاسوودە نییە و کارەکەشی بە ویستی خۆی هەڵنەبژاردووە، کە لە نەخۆشخانە وەک پاککەرەوە کار دەکات، جگە لەمە هەردەم ترسی ئەوەی هەیە مێردەکەی بیدۆزێتەوە، ئەم هۆکارانە هەموویان وای لێدەکەن، هەردەم لە کەش و فەزایەکی داخراودا بژی، بۆیە لە نێوان فەزای ئێرە (سوید)و ئەوێدا (کوردستان) دوو فەزای دژ بەیەک دەبینین، کە یەکەمیان وەک وتمان بە هۆی بارودۆخەکەوەیە نەک بە هۆی شوێنەکەوە، کە داخراوە، ئەوەی تریشیان فەزایەکی کراوەی هەیە و دڵخۆش و ئارامە، چونکە ئەو ڕۆژەی بیر دەکەوێتەوە، کە براکەی هەواڵی وەرگیرانی لە کۆلیژی پزیشکی پێ ڕادەگەیەنێت و ئەم لە خۆشیدا ڕادەکاتە کۆڵان، وەک وەگێڕ دەڵێت: "ڕۆژانە دوو نهۆمی نەخۆشخانەکە پاک دەکەمەوە، یەکە یەکە ژوورەکان گسک دەدەم و زبڵەکان دەڕێژم و دوایش زەوییەکە دەسڕمەوەو توالێتەکان پاک دەکەمەوە. هەر نهۆمێک بیست ژووری تێدایە. گەر بزانێ ئەم کارە دەکەم ڕەنگە دڵی بوەستێ، چونکە ئەو دەزانێ چەند ڕەنجم داوەو"ئەمڕۆ لە وڵاتی بەفرو سەوزایی، وڵاتێک تەنانەت خەویشم پێوە نەبینیوە، بە خەیاڵیشمدا نەهاتووە ڕۆژێک لە ڕۆژان تێیدا بگیرسێمەوە، لە نەخۆشخانەیەکدا کار دەکەم. دایکم نازانێت لێرە کچەکەی وەکو فەڕاشێک دامەزراوە.......... ئەو ڕۆژەم لە یادە کە دلێری برام هاتەوەو

---

(١) بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، ل١٣٨.

هاواری کرد: مژدە، مژدە لە کۆلیژی پزیشکی وەرگیرایت، مزگێنیم دەوێ. نەمزانی چی بڵێم ، قیژاندم و بە پێی پەتی ڕامکردە کۆڵان"[١].

بەشێکی نائاسوودەیی (شیرین) بەهۆی هەڕەشەکانی ژنەکەی دکتۆر هانسییەوەیە، ئەمەش وای لێکردووە تەنانەت لە ماڵەکەی خۆشیدا بێ ئۆقرە بێت و لە کەش و فەزایەکی داخراو و ناخۆشدا بژیت، بەڵام لە پڕ لەم فەزا داخراوە رزگاری دەبێت و دەچێت بۆ فەزایەکی تر، کە فەزای کراوەیە، ئەمیش بە هۆی ئەو سەفەرەوە دەبێت کە لەگەڵ هانس دەیکات، گۆڕانی فەزاکەش لە داخراوەوە بۆ فەزایەکی کراوە، لەم نموونەیەدا دەبینرێت، کە وەگێڕ بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "لەو کاتەدا شیرین بیری لەوە نەدەکردەوە کە دوای چەند سەعاتێکی تر دەبێت سارا ببینێت و دوا بڕیاری خۆی پێڕابگەیەنێ. پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بۆ وڵاتێکی دوور سەفەریان کرد......... شیرینیش هەر پێدەکەنی و دەیزانی کە تازە ناتوانێ سارا ببینێ، بۆیە بڕیاری دا بیر لە هەڕەشەکانی نەکاتەوە. کە سواری فڕۆکە بوون هەرچی خەم هەبوو کۆچیان کرد"[٢].

ماڵ شوێنێکی داخراوە، بەڵام کەشی ماڵەکە بڕیار لەسەر جۆری فەزاکە دەدات، لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا (هەڵاڵە) بەهۆی کێشەکانییەوە لە ماڵەکەی (شێرزاد) ئاسوودە نابێت، بۆیە کاتێک دەچنە دەرەوەی ماڵەکە بۆ پیاسەکردن ئاسوودەترە، بەمەش فەزاکەی لە داخراوەوە دەبێت بەکراوە، وەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "هەڵاڵە لەسەر یەکێک لەو سێ مۆبلە پارچەییەی هۆڵە بچووکەکە دانیشت، گوتی: من پێموانییە وا زوو پێویستت بە ماڵی لێرە گەورەتر بێت، تۆ بە تەنیا دەژی.........درێژەی پێنەدا، تا ئەو کاتە کە بۆ گەڕان و پیاسەکردن بەناو گەڕەکەکەدا لە ماڵ چوونە دەر ، هیچی لەو بارەوە نەگوت. لە دەرەوە بوون ...... لەوەتی لە ماڵ هاتبوونە دەرەوە ئاسوودەتر بوو، هەڵاڵەش ئاسوودەتر بوو"[٣].

کەواتە هەندێکجار مرۆڤ بۆ ئەوەی ئاسوودە بێت و لە فەزایەکی خۆشدا بژی، پێویستی بە گۆڕینی شوێنەکەیەتی، وەکو وتمان مرۆڤ بۆ هەر کوێ بچێت، هەر بیری ماڵەکەی خۆی دەکات، چونکە تێیدا ئارام و ئاسوودەیە، کەچی (هەڵاڵە)و (شێرزاد) هەرچەندە لە ماڵەوەن و ئاسوودەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیر لە گەشت و گەڕانەکانی ڕابردوویان دەکەنەوە، هۆکاری ئەم یادەوەرییە و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، ئەو فەزا و بارودۆخە کراوە و خۆشە بووە، کە لەوێ بەسەریان بردووە. وەک وەگێر لەم نموونەیەدا دەڵێت: "یەکیان لەمسەرو یەکیان لەوسەری رادەکشان، نەدەخەوتن، چاویان لێک دەناو بیریان دەکردەوە....... بیریان لە سەفەرەکانیان دەکردەوە......جارێکیش چووبوونە دەرەوەی

---

(١) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل٣-٤.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.

(٣) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل٢٦٥-٢٦٦.

سوید، بیریان لە گەشت و گەڕانەکانیان دەکردەوە....... دەیبردە دەر، بۆ ناو شار بۆ دەرەوەی شار، بۆ جەنگەڵ بۆ قەراغ دەریا. چەند شەویش لە قەراغ دەریا لە گوێی ئاگرێکی خۆش، کە وەستا بوون لە کردنەوەی دانیشتبوون و لەناو خێوەتێکی بچووکدا ڕاکشابوون"[1].

وەگێڕ لە ڕۆمانی (ژن)دا، باس لە دوو شوێنی داخراو دەکات، کە هەمان کەس لە دوو کاتی جیاوازدا تیایاندا زیندانی کراوە، یەکێکیان زیندانی کردنی (شیرین)ە لە ناوماڵەکەی خۆیدا، بەڵام لەبەرئەوەی دەستی نەبەستراوەتەوە، ئەوا فەزایەکی کراوەی هەیە، کەچی لەشوێنەکەی تردا لە ژوورێکی بێ پەنجەرەدایە، بەڵام دەستی بەستراونەتەوە، لێرەدا هەرچەندە هەردوو شوێنەکە داخراون، بەڵام ئەو ڕووداوانەی، کە لە هەردوو شوێنەکەدا بەسەر (شیرین)دا هاتوون، بوونەتە هۆکار بۆ جیاوازیی هەردوو فەزاکە، وەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "لە ماوەی دە ڕۆژێکدا هەموو ژیانی گۆڕا. جاری پێشوو کۆنە مێردەکەی لە ژوورێکی بێ تەلەفۆندا زیندانی کرد، بەڵام دەستی نەبەستەوە، هەر هیچ نەبێ لە ماڵەکەدا هات و چۆی دەکردو خۆی دەشت و خواردنی ئامادە دەکرد، کەچی ئەمجارە لە ژوورێکی بێ پەنجەرەدا زیندانی کراو دەستەکانی بەسترابوونەوە"[2]، واتە فەزای یەکەم ئەگەرچی فەزایەکی داخراوە، بەڵام بەبەراورد بەفەزای دووەم جۆرە فەزایەکی کراوەی خوڵقاندووە، چونکە لەفەزای یەکەمدا بەهۆی جووڵەکردنیەوە نیمچە ئازادییەکی جەستەیی هەیە، بەڵام لە فەزای دووەمدا لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە لە فەزایەکی تەواو داخراودا دەژی.

### ٤. فەزای (دەنگدار/ بێ دەنگ):

لێرەدا باس لە دوو جۆرە فەزای دژ بەیەک دەکەین، کە یەکەمیان فەزای دەنگداری پێدەوترێت، ئەم جۆرەیان هەر بەناوەکەیەوە دەناسرێتەوە، کە فەزایەکی پڕ جووڵەو چالاکی و دەنگە دەنگە، بە پێچەوانەی فەزا دژەکەیەوە، کە بە فەزایەکی بێ دەنگ و خامۆش و هێمن و بێ جووڵە و ناچالاک دەناسرێتەوەو بۆیە پێی دەوترێت فەزای بێ دەنگ، بۆ زیاتر ناسین و شارەزابوونی ئەم دوو جۆرە فەزا دژ یەکەدا، چەند نموونەیەکی ئەو ڕۆمانانە دەهێنینەوە، کە بەڵگەن بۆ هەبوونی ئەم دوو جۆرە فەزایە.

منداڵ هەردەم حەزی لە ژینگەیەکی ئارام و دوور لە شەڕو ئاژاوەیە بۆ ئەوەی تێدا هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی بکات، تەنانەت بۆ پەروەردەکردنیشی بە هەمان شێوە پێویستی بە فەزایەکی

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢-٢٧٣.

(٢) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل١٨٨.

لەم جۆرەیە، هەردەم وتراوە قوربانی یەکەمی نێوان ناکۆکی و شەڕەکانی دایک و باوک منداڵە، ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا دەبینرێت، (هەڵاڵە)و (شێرزاد) وەک دوو کارەکتەری دیاری ناو ڕۆمانەکە، بە هۆی شەڕو ناکۆکییە بەردەوامەکانیانەوە، بەردەوام ماڵەکەیان فەزایەکی پڕ دەنگ و ژاوەژاوی هەیە. هەرچەندە ماڵ شوێنی حەوانەوی خێزانە، بەڵام بۆ ئەوان پێچەوانەیە، چونکە تەنها لە سەرەتای ژیانی هاوسەرێتیاندا تێیدا ئاسوودە بوون، دواتر وردە وردە دەستیان کرد بە شەڕو جنێودان و شت هەڵدان بۆ یەکتری. ئەمان لە فەزایەکی پڕ جووڵەو دەنگە دەنگدا دەژیان، بە هۆی ئەوەی لەگەڵ یەک نەدەسازان، کەواتە دەنگە دەنگ و فەزا پڕ جووڵەکەی ماڵەکەیان، بە هۆی ماڵ پاککردنەوەو ئیش و کاری ناوماڵەکەوە نەبووە، بەڵکو بەهۆی خراپی باری دەروونی هەردووکیانەوە بووە، ئەمەش لەم نموونەیەدا بە ڕوونی ڕەنگی داوەوتەوە، کاتێک وەگێڕ دەڵێت: "شەڕی هەڵاڵەو شێرزاد بە بۆڵە بۆڵ دەستی پێدەکرد، پاشان تەشەرو توانج و، وردە وردە ناوونوتکە و شەڕە جنێوو.....ئەوەیان بە دەم هەڵسووڕان بە ناو ماڵەکەو ئەنجامدانی کارەکانیانەوە دەکرد...... کە تەواو گەرم دەبوون شێرزاد کاغەزو کتێبەکانی هەڵاڵەی لەسەر مێزی کامپیۆتێرەکەی هەڵدەڕشتە خوارو، هەڵاڵە رەسمەکەی خۆی و شێرزادی لەسەر تەلەفزیۆنەکە فڕێدەدا. شێرزاد قەندانی سەر مێزەکەی بۆ دەهاویشت و، هەڵاڵە مۆمدانی سەر رەفەی ئاشپەزخانەکەی تێدەگرت"[1]، بەڵام ئەو کەسەی بە هۆی شەڕو ناکۆکیەکانیانەوە زۆر نیگەران و بێتاقەت دەبێت، (ئارەزوو)ی کچیانە، کە حەزی بەم جۆرە فەزا ناخۆش و دەنگە دەنگەی ماڵەوە نابێت، بەڵکو وەکو هەر منداڵێکی تر ئارەزووی لە فەزایەکی ئارام و خۆش و بێ شەڕە بۆ ئەوەی تێیدا بژی، بەڵام لە کاتی ڕوودانی شەڕی نێوان دایک و باوکیدا ناچار دەبێت پەنا بۆ شوێنێکی ئارام و دوور لە دەنگە دەنگ و شەڕ ببات، ئەو شوێنەش یان پشت مۆبلەکان، یان حەمام، یاخود بەردەرگای ئەسانسۆرەکەیە، وەک وەگێڕ دەڵێت: "کچەی کلۆڵ، تۆقاوو هەراسان بە گوێ دیواری هۆڵەکەدا، لە پشت مۆبلەکانەوە بەرەو مەبال، حەمام......لەوێ زیاتر کوێ بوو خۆی لێ بشارێتەوە؟.......یەک دوو جاریش کە دەرکەی هۆڵەکە کرابۆوە چووبوو لە ڕاڕەوی نهۆمەکە، لە پشت دەرکەی ماڵەکەیان خۆی شاردبووەوە. جارێک کەسێک کە پێدەچوو پیرێژنە فەنلاندییەکەی دراوسێیان بێت ئارەزووی لە ڕاڕەوەکەدا، لەبەر دەرکەی ئاسانسۆرەکە بینیبوو، دەنگی شەڕو هەراو هوریای دایک و باوکیشی لەناو ماڵەوە بیستبوو"[2].

دیسان هەر لەماڵەکەی (شێرزاد) و (هەڵاڵە) دەبێتە دەنگە دەنگ و هەرا، فەزای ماڵەکە تێکدەچێت، چونکە دوای ئەوەی بە فەرمی لە دادگا لەیەک جیادەبنەوە، ڕۆژێکیان (شێرزاد) دەچێت

---

(١) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل١١-١٢.

(٢) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل١٢.

بۆ ماڵەکەی (هەڵاڵە) بۆ بردنەوەی کەلوپەلەکانی، بەڵام ئەمجارە هەر بە شەڕکردن و دەنگە دەنگ ناوەستێت، بەڵکو بریندارکردنی هەڵاڵە بە خەنجەرو پاڵپێوەنانیشی لێ دەکەوێتەوە، بەمەش فەزای ماڵەکە تەواو دەچێت و ناخۆش دەبێت، کاتێک هەڵاڵە هاوار دەکات و دەیەوێت شێرزاد لە ماڵەکە بکاتە دەرەوەو دەڵێت: "بڕۆرە دەر شێرزاد، بڕۆ شتومەکەکانشت لەگەڵ خۆت ببەرە دەر......هەڵاڵە قیژاندی: "دەڵێم هەڵیانگرەو....."هەڵاڵە هەر دوو بەرە دەستی بە سنگییەوە گرتبوو، خوێن لە مابەینی پەنجەکانیدا دەڕژا....... پاڵێکی گەلێک بەهێزتر لەوەی کە لەشی بێ هێزی هەڵاڵە خۆی لەبەر ڕابگرێت . هەڵاڵە بە پشتدا کەوت، یەکەم شوێن سەری بوو کە بە پایەی چێوەی مۆبلەکەدا درا و زرمەی لێ هەستا. زرمەیەکی گەلێک بڵند، وەک زرمەی تەقینەوەیەک کە ساڵەها بوو نەیانبیستبو"[١].

هەڵاڵە دوای بریندارکردن و پاڵپێوەنانی لەلایەن شێرزادەوە، دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە، بەمەش فەزاکە لە فەزایەکی پڕ جوڵە و دەنگە دەنگەوە دەبێت بە فەزایەکی بێدەنگ و کشومات، وەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا وەسفێکی نەخۆشخانەو بارودۆخی (هەڵاڵە)مان لە نەخۆشخانە بۆ دەکات و دەڵێت: "هەڵاڵە هێشتا لە نەخۆشخانەیە، لە دیوێکی نەخۆشخانە کە دەڵێی ڕۆژ بە ڕۆژ بچووک و بچووکتر دەبێتەوە، چۆڵ و چۆڵتر، بێدەنگ و بێدەنگتر....دەنگی ئەو مانیتۆرە لە ترپەی کوترانی دڵی هەڵاڵە ناچێت، دڵی هەڵاڵە هێشتا لە سنگیدا دەکوترێت........ من نابیستم، تەنانەت کاتێک بە سەریشیدا دەنەومەوە، کاتێک گوێ بە سنگیشیەوە دەنووسێنم نایبیستم، دڵی هەڵاڵە ماندوو بووە. دەڵێی دەیەوێ لە لێدان بکەوێت، دەڵێی دەیەوێ تەسلیمی لێنەدان ببێت، تەسلیمی بێدەنگییەکی رەها"[٢].

هەروەها هەر لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا، فەزاکە لە فەزایەکی پڕ جووڵەو ئاوەدانەوە دەگۆڕێت بۆ فەزایەکی خامۆش و کپ، ئەویش گۆڕانی فەزای شارە، کە پەیوەندی بەو ڕووداوەوە هەیە، کە دووچاری شارەکە دەبێتەوە، کاتێک بەیانییەک هەواڵ بڵاو دەبێتەوە، کە حکومەت سوپایەکی گەورەی بەڕێ خستووەو بە مەبەستی گرتنەوەی شارەکە، ئەم هەواڵەش خەڵکی شارەکە دەتۆقێنێت، جا بۆ ئەوەی خەڵکی شارەکە خۆیان لەم مەترسییە بپارێزن، ناچار دەبن شار چۆڵ بکەن، وەگێڕ لەم نموونەیەدا باسی ئەو فەزا کپ و خامۆشەمان بۆ دەکات و دەڵێت: "دوو کوڕی گەنج بوون کە بە سواری ماتۆڕ بە کۆڵانەکانی گەڕەکدا دەگەڕان و پەیتا پەیتا هەواڵی نزیکبوونەوەی شەڕو سوپاکەیان بە خەڵک رادەگەیاند. چەکدار بوون؟.....ئەوەندەی لەبیر بوو کە خەڵک تەواو تۆقابوون.....لە ماڵەکانیان هاتبوونە دەر. هەریەکەیان بنۆڵەیەکیان بە کۆڵەوە بوو، یان تەلیسێکیان بە شاندا دابوو..... تاک و تەرا ئۆتومبێل دەهاتن و بنەماڵەکانیان سوار دەکرد، تەراکتۆرێکیش شەش حەوت بنەماڵەی هەڵگرت و بە نرکە نرک و ناڵەناڵ کۆڵانەکەی جێهێشت....... ئێوارە بوو کۆڵان و

(١) سەرچاوەی پێشوو، ٣٧٢-٣٧٤.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٦.

شەقامەکان چۆڵ بوون، بێجگە لە تاک و تەرا خەڵک و ئوتومبێل کە پڕ بوون لە چەکدار، کەسیتریان تیا نەبوو"(١).

وەگێڕ لە ڕۆمانی (سنورداشێک لە بیابان)دا وێنەی دایکێکمان بۆ دەخاتە ڕوو، کاتێک لە خاکی غەریبی و لـە بیاباندا کوڕە تاقانەکەی لـە دەست دەدات، هـەر لەوێش دەینێژن، تێیدا باس لە هەست و نەستی ئەو دایکە دەکات، کە لە کەشێکی چەندە ناخۆش و نالەباردا دەژی. لێرەدا دوو فەزای جیاواز و دژ بەیەک دەبینین، فەزایەکی پڕ لە دەنگە دەنگ لەکاتی ناشتنی تەرمی منداڵەکە لە بیاباندا، کە دایکەکە دروستی دەکات و داوایان لێ دەکات نەینێژن، فەزاکەی تریش، کە فەزایەکی بێ دەنگ و خامۆشە، دوای ناشتنی تەرمی کوڕەکەیان دروست دەبێت، کاتێک هەموویان بۆ لەدەستدانی منداڵێک لە خاکی غەریبی بیدەنگ و بێتاقەت دانیشتوون، بەتایبەت دایک و باوکەکە، وەک وەگێڕ دەڵێت: "گەلاوێژ بە تەواوی تێکچوو، کەوتە جنێودان بە هەمووان، بەتایبەت بە فایەق، دەیگوت: بێ ویژدان دانا وا هاوارم بۆ دەکات، دایکە گیان خنکام، ڕزگارم کە لە دەسیان.!! لە پاش بە خاکسپاردنی و داپۆشینی، ئەحمەد و گەلاوێژ، دوو لاشە بوون، بێهۆش کەوتبوون، دوو کاژێرێ لە نێو ئەو دەیمەنە دڵتەزێنە"(٢).

دیسان لە ڕۆمانی (سنورداشێک لـە بیابان)دا، دوو فەزای جیاواز و دژ بەیەک دەبینین، یەکەمیان فەزایەکی دەنـگدار و پڕ جوڵە و چالاکییە، فەزای دووەمیشیان، فەزایەکی کپ و خامۆش و بێ دەنگە. فەزای یەکەمیان لەو کاتە دروست دەبێت، کە لۆرییەکە دەوەستێت، لەگەڵ وەستانیشیدا فەزایەکی بێدەنگ دروست دەبێت، چونکە کاتێک لۆرییەکە دەوەستێت، هەموویان دەکەون بەسەریەکدا، بەلام فەزای دووەمیان لەو کاتەدا دروست دەبێت، کە (سامان)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە دوای سنوورداشکردنەوەیان لـە وڵاتی سعودیە، خـۆی و خێزانەکەی و هاوڕیکانیان دەگیرێن و دەیان بەنە لای دەواری ماڵە بەدوەکان، لە داخان هاوار دەکات و دەیکاتە دەنگە دەنگ بۆ ئەوەی ماڵە بەدوەکە رزگاریان بکەن لە دەستی سەربازەکان. وەک وەگێڕ بۆمانی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "کە لۆریەکە وەستا، هەموو بـەسەر یەکدیا کەوتین. زانیم لای دەوارەکەیە، هـەستامە سەر پێ و هاوارم بۆ پیریژنەکە کرد و گوتم: دایە.. دایە!! بەڵام چەکدارەکان بە قۆناغە تفەنگ دایانیشانمەوە، دیسان ژن و منداڵ هاواریان کرد.......

لە پشتەوە دەسیان بەستین، منداڵ تەواو بێدەنگ بوون و سەرسامبوون، کە باوکیـان دەبینـی چۆن بە دەسی ئەم چەکـدارانەوە شـێواو زەلـیلن!! پرسـیاری (سـۆز)ی کچـم کۆتـایی هـات، چاوەکـانی لێکنـا و

(١) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل١٠٤-١٠٦.

(٢) سەدرەدین محێدین کەلۆرپی، سنورداشێک لە بیابان، ل١٠٤-١٠٥.

سـەری خستە سەر رانم، بێ دەنـگ فرمێسـکی دەڕشـت، منـیش نەمـدەتوانی دەس بەسـەر و قژەکەیـا بێنم و دڵ و دەروونی هێورکەمەوە"[1].

بەهەمـان شـێوە هەر لە ڕۆمـانی (سنورداشـێک لە بیابـان)دا دوو فەزای تـری دژ بەیەک لە جـۆری ئاوەدان و خامۆش دەبینین، لە جۆری یەکەمیاندا هاتنی ئۆتۆمبیلێکی دوا مۆدێل بـۆ ئەو زینـدانەی، کە ئەوانـی لـێ گیرابـوو، لەگەڵ دابەزینـی نەقیبێـک لە ئۆتـۆمبیلەکە و سـڵاوی نیزامـی پاسـەوانەکانی زینـدانەکە فەزایەکـی ئـاوەدان و پـڕ لە دەنـگە دەنگـی لە زینـدانەکە دروسـت دەکـات، بەڵام بـۆ زینـدانییەکان فەزاکە پـێچەوانە دەبێـت، چـونکە تـرس بـاڵی دەکێشـێت بەسـەریاندا، ئەمەش وایـان لێدەکات هەموویان لە ترساندا بێ دەنگ و خامۆش بن، وەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا ئامـاژەی پێـدەکات و دەڵێت: "پاش چەن خولەکێ، قەمەرەیێ دوا مۆدێل رەش، لە نزیکەوە وەستا، پاسەوانە تایبەتیەکەی بە پەلە دەرگای دواوەی کردەوە ، چاکەتو پانتۆل لەبەرێ دابەزی، سەروسیما مامناوەند، نەقیب سـڵاوی نیزامی بۆ کردو پاشان تەوقەی دەگەڵ کرد، فەرمووی لێکرد بـۆ نێـو مەرکەزەکە و خۆیشـی چـووە لای چەپییەوە. زۆر ترساین، ئەو کەمە خۆشییەی لە دڵمان بوو، باری کردو نەمـا....... ترسـێ بـێ وێـنە بـاڵی کێشایە ژوورەکەمـان، بێـدەنگ ببـووین، لە نێـو ژوورەکە هاتوچۆمـان بـوو، جاروبـار لە پەنـجەرەکەوە سەیری دەرەوەمان دەکرد، کە کڵاوسوورەکانمان دەبینی، یەکجاری ئەژنۆمان شکابوو"[2].

(نەنە پەرێ)ی کـارەکتەری سـەرەکی ڕۆمـانی (گـۆڕە درەوشـاوەکان) بـاس لە سـەردەمێکی کـۆن دەکات و لە ڕێی گێڕانەوەیەکەوە دوو فەزای دژ بەیەکمـان پیشـان دەدات، فەزای یەکەم، کە دەنگدارو پڕ چالاکییە، کاتێک کۆمەڵێک منداڵ خەریکی کۆکردنەوەی ئەو کاغەزانەن، کە کۆپتەرێک بەسەر شاردا فڕێـی داوە، ئەمـان بە یـاریی تێـدەگەن. فەزای دووەمیشـیان، فەزایەکـی خـامۆش و بـێ دەنـگە، کە لە ئەنجامی چۆڵبوونی شار دوای ڕۆیشتنی کۆپتەرەکە دروست دەبێت، وەک وەگێڕ بۆمـان دەگێـڕێتەوەو دەڵێـت: "هەر جـارێ کـۆپتەر لەسـەر شـاری بگەڕابـوایە و قـاقەزی فڕەدابـوایە، دەبـووە جێـژنەی منـدالان......بە بیـرم دێ ئەو ڕۆژە، منـدالوتواڵ ڕمبەرمبیـان دەهـات، لەسـەربان و لە کـۆڵان و سەرجادە....هەر زرمەزلانێیان بوو....هەتا پەڕە قاقەزان بگرنەوە......هەر کە کۆپتەرەکە نەما، ئـەوجا بە موکەبیرە... وەک ڕەحەتییەکی گـەورەیە بە نـاو بـازاڕو بەنـاو گەڕەکەکانـدا دەڕۆیشـتن و بە خەڵکیـان دەگـۆت، کەس لەمـاڵی خـۆی نەیەتە دەرەو............شـار چـۆڵ و هـۆڵ بووبـوو، ڕێ و بـانی دەرێـی شاریشیان تۆق کردبو، ترومبێلەک، پەستەک، قەمەرەک، ترڕەک، پاسکلەک، عارەبـانەیەک.... هـیچ هـیچ نەدەهات، نە دەتبینی! نە دەهاتە شاری نە لێی دەچووە دەرێ"[3].

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.

(٣) حسام بەرزنجی، گۆڕە درەوشاوەکان، ل٧٧.

هەر لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)دا وەگێڕ لە دوو شوێنی جیاوازدا دوو فەزای جیاوازمان پیشان دەدات، شوێنی یەکەمیان گۆرستانە، کە دەلالەتە لە شوێنێکی داخراو و بێ جوڵە و ترسناک، مردووی تێدا دەنێژرێت. ئەم شوێنە فەزایەکی کپ و خامۆش و بێ دەنگی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا وەگێڕ فەزای شارمان پیشان دەدات، کە فەزایەکی ئاوەدان و پڕ جوڵە و دەنگە دەنگی هەیە، ئەمەش لەم نموونەیەدا بە ڕوونی دەبینرێت، کاتێک وەگێڕ دەڵێت: "لە دوورەوە کە ئەم جۆرە گۆڕستانانەت دەکەوێتە بەرچاو، هەر لە ئاوەدانییەکی زۆر قەرەباڵغ دەکا.............کە بە هەر کۆڵان و گەڕەکی ماڵێدا ڕابووریت، گوێت لە زۆر دەنگ و جوڵەی ئاسەوارەکانی مرۆڤ و دەوروبەرەکەی دەبێ...... قیژەیە لەوێ، نووزەی گریانێ لەملاوە.........بەڵام لەناو ئەم ئاکنجی بووە کڕ و بێدەنگانەدا، لەناو ئەم دانیشتوانە کپ و ماتەدا، بە هیچ بارێ گوێت لەم دەنگە دەرەکی و دروستکراوانە نابێ"[(١)].

زۆر جار جۆری گریانی مرۆڤ بۆ لەدەست دانی ئازیزانیان، فەزای جیاواز دروست دەکات، ژنێک بۆ لەدەستدانی هاوسەرەکەی بە کپی و بێ دەنگ دەگرییێت، کە کار لە ناخی مرۆڤ دەکات ، بە تایبەت منداڵەکانی، ئەمەش وا دەکات کە بارودۆخ و فەزایەکی کپ و بێ دەنگ باڵ بەسەریاندا بکێشێت، بەڵام لە هەمان کاتدا گریانی دایکێک بۆ لەدستدانی کوڕەکەی، کە زۆر جیاوازترە لە هی هاوسەرەکەی، ئەویش کاتێک بە دەنگێکی بەرز دەگرییێت، ئەمەشیان فەزایەکی دەنگدار دروستدەکات، کەواتە لەیەک کاتدا دوو فەزای دژ بەیەک دەبینین، کە زۆر لەیەکتر جیاوازن، وەک لەم نموونەیەدا دەبینرێت: "دایکم بە دەنگێکی کپ و بێ دەنگ دەگریا، فرمێسکە درشتەکانی ئەوەندە هەڵدەوەراندن، سەر کوڵم و یاخە و بەرۆکی هەموو تەڕ دەکرد، چاوەکانی سوور هەڵدەگەڕان.........(نەنە پەرێ) جیابوو گریانی ئەو وەک هی ئەوەی دایکم نەبوو، ئەو هەموو جار بە دەنگی بەرز دەگریا و بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە دەستی بۆ یاخە و بەرۆکی خۆی دەبردو ئاه و نزولەی لێ بەرز دەبووەوە......بەڵام گریانی دایکم جۆرێکی تر بوو گەلێ کاریان لێ دەکردم، نەمدەزانی بۆ وا دەگری"[(٢)].

هەر لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان) دا وەگێڕ وێنەیەکی ناوەوەی زیندانمان پیشان دەدات، لەگەڵ ئەو مامەڵە نامرۆڤانەو دوور لە هەموو داب و نەریت و یاسایەک لەلایەن کاربەدەستانی زیندانەکەوە، بەرامبەر بە زیندانییەکی شیعە مەزهەب، کە ناوی کەڕارە. فەزاکەش لەو کاتەدا دروست دەبێت، کاتێک یەکێک لە کاربەدەست و زاڵمەکانی بەعس بەنزین ئەدات بە کەڕاڕ بۆ ئەوەی بیخواتەوەو پاشان گڕ تیبەردان و هاوارو ناڵە ناڵی کەڕاڕو بانگکردنی دایکی، ئەم ڕووداوانە بەیەکەوە فەزایەکی پڕ دەنگ و جوڵە لە گۆڕەپانەکەدا دروست دەکەن، بەڵام دواتر فەزاکە دەگۆڕێت بۆ جۆرێکی تری دژ، کە فەزای بێدەنگ و خامۆشە، ئەمەش لەم نموونەیەدا دەبینرێت، کە وەگێڕ ئاماژەی پێدەکات

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.

(٢) حسام بەرزنجی، گۆڕە درەوشاوەکان، ل١٩٥.

و دەڵێت: "(حەجاج) بە بزەیەکەوە، چەند هەنگاوێ لێی نزیک کەوتەوە، شخاتەیەکی لەناو گیرفانی دەرهێنا، هەر لەناو دەستی خۆیدا هەڵگێڕو وەرگێڕی دەکرد، بە ئەسپایی دەنکە شخاتەیەکی بە ئاگر کردو بۆی هەڵدا! کەڕاڕ، کەڕاڕ!........هەر لە بنی پێی هەتا تەوقە سەری، بوو بە قەقنەسێکی گڕ گرتوو.......چەند هاوارێکی بەرزو هەڵقرچاوی لەدەم دەرچوو، بە هەنسک و بانگکردنی گۆڕ غەریب ئامێزەوە، چەند جارێ بانگی دایکی کرد.......... هەموو چاوەکان فرمێسکیان هەڵدەوەران، هەموو قورگێ پڕ بوو لە لەرزو گریان، ئەو دەست و پەنجانەی کە دەمێ لەوەو پێش چەپڵەیان دەکوتا و فیکەیان پێ ڕادەنا، هەموو سڕ هەڵگەڕان"[1]، کەواتە مردنی (کەڕاڕ) بە شیوەیەکی دڕندانە و ناخۆش و ناخهەژێن، هۆکار بوو بۆ دروستبوونی فەزا کپ و بێدەنگ و خامۆشەکە، نەک خودی شوێنەکە وەکو زیندان، چونکە شوێنەکە تەنها وەکو چوارچێوەیەکە بۆ دروستبوونی فەزاکە..

گفتوگۆکردن بە واتای قسەکردنی یەکێک لەگەڵ یەکێکی تر دێت، هەروەها دەنگە دەنگ و جوڵە و چالاکی، جگە لەمانەش واتای ئاوەدانیش دەگەیەنێت، بەڵام خەوتن بە واتای کپی و خامۆشی و بێ جوڵەیی و بێ دەنگی دێت. ئەم دووانەش دوو فەزای دژ بەیەکیان لە ماڵەکەی (شیرین)دا دروستکردووە، چونکە لەکاتی قسەکردنی (شیرین) و (شارا)دا ماڵەکە فەزایەکی دەنگدارو ئاوەدانی هەیە، لە کاتی خەوتنیشیاندا فەزایەکەیان دەگۆڕێت بۆ دژەکەی، کە خامۆش و بێ دەنگی دەگەیەنێت، وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ دەڵێت: "ئێ وایە لە هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەرمدا دێن پیاوەکان خەتاباری یەکەمن، بەڵام خۆشمان دەورمان هەیە. من بەش بە حاڵی خۆم خەتامی تێدابوو. بڵێ بۆ بە گوێی دایکم کرد و شووم کرد بە کابرایەک کە نەمدەناسی........سەیرێکی یەکترمان کردو بێ دەنگ بووین، لەسەر قەنەفەکە پاڵکەوتین و تەماشای گڵۆپە هەڵواسراوەکەمان کرد. بێدەنگی وەک ڕەشماڵێک خۆی دا بەسەر بیرکردنەوەماندا، وەنەوز دەیبردینەوە و خەومان لێکەوت"[2].

لە ڕۆمانی (ژن)دا، کاتێک (شیرین) دەگەڕێتەو بۆ ماڵەوەو دەبینێت نە (شارا) لە ماڵە نە کچەکەی، ماڵ شڵەژاوەو جلەکان بە ماڵەکەدا پەرش و بڵاوبوونەتەوە، زۆر لەوە دەترسێت کەس و کاری شارا هاتبن و ئەمانیان بردبێت و کوشتبێتیان، بۆیە دەچێتە ژووری نووستنەکەو لە ترسان گڵۆپەکە دەکوژێنێتەوە، بەڵام "یەکێک دەرگاکەی کردەوە، زۆر ترسام، شاراو دەریایان کوشتبێ و هێنابێتیانەوە بۆ ئێرە؟ خۆمم مت کرد، گوێم لە هیچ نەبوو، کەسێک چووە ژووری نووستنەکە. وتم تەواو خۆیانن هەر ئەوانن، چونکە دەریا هەرگیز بێدەنگ نابێ. دەرگاکە داخرایەوە. تەواو ئەوە تەرمەکانیان بەجێهێشت و ڕۆیشتن. بە کپی دەستم کرد بە گریان و وەک شەقشەقە دەلەرزیم. ماوەیەک وەستام، هیچ دەنگێ نەبوو، بڕیارم دا هێز بدەمە بەر خۆم و بچمە ژووری نووستنەکە، هەرچەندم دەکرد

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤-٢٣٥.

(٢) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل٥٨.

نەمدەتوانی، لەبەر خۆمەوە دەمووت دەی هیچ دەنگێ نایەت. لەبەر هەنەسەبڕکێی خۆشم گوێم لە هیچ فزەیەک نەبوو"[1]. لەم نموونەیەدا دوو فەزای دژ بەیەک لە ماڵەکەی شیریندا دەبینین، فەزای یەکەمیان، لە ئەنجامی دەرگا کردنەوەو هاتوچۆی کەسێک و دەرگا داخرانەوە دروست بووە، بەمەش فەزایەکی دەنگدارو پڕ جوڵەو ئاوەدانی دروستکردووە لە ماڵەکەدا، بە پێچەوانەوە بە کپی گریان و خۆمتکردن، فەزایەکی خامۆش و بێ دەنگ و بێ جوڵەیان دروستکردووە، کەواتە لەیەک شوێندا کە ژووری نووستنە دوو جۆر فەزای جیاواز دەبینرێت.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا، ناوی ڕۆمانەکان و جۆری فەزاکەی، کە بەشێوەیەکی گشتی باڵی کێشاوە بەسەر ڕۆمانەکەدا، لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

| ژ. | ناوی ڕۆمان | جۆری فەزا |
|---|---|---|
| ١. | ژن | فەزای داخراو |
| ٢. | گۆڕەدرەوشاوەکان | فەزای جوڵاو |
| ٣. | ساباتێک لە مێژەڵۆک | فەزای داخراو |
| ٤. | جەمشید خانی مامم | فەزای کراوە |
| ٥. | گرەوی بەختی هەڵاڵە | فەزای نامۆ |
| ٦. | سنورداشێک لە بیابان | فەزای نامۆ |

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢.

# بەشی سێیەم

## فەزای دەق لە ڕۆمانی کوردیدا

### - فەزای دەق:

لێکۆڵینەوە نوێکان ئەو ناڕوونییەیان نەهێشت، کە لەنێوان فەزای ڕۆمان و فەزای دەقدا هەبوو، بەو پێیەی فەزای ڕۆمان لە میانەی زمانەوە پێکهاتەیەکی گێڕانەوەیی هەیەو دەبێتە بابەتی ئەو هزرەی ڕۆمانوس دایدەهێنێت و ئەو هەستە شوێنیانەی تیایە، کە وشەکان گوزارشتیان لێ دەکەن، وشەکانیش ئەگەر نیشانەکانی ژمارەبەندییان بۆ دانەنرێت، ئەوا بەناویەکدا دەچن و واتاکانیان جیاواز دەبێت، بۆیە ڕۆمانوس گرنگی بە دانانی ئەو ژمارەبەندییانە دەدات. ئەو ژمارە بەندییانەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دەق لە ڕێگەی دەرکەوتنە نوسینییەکەیەوە تۆمار دەکرێت، واتە بریتییە لە بونیادە رووکەشییە نوسینییەکەی، یاخود ئەو ڕواڵەتە گرافییەیە کە لەسەر کاغەز تۆمار کراوە[1]. بەمەش فەزای دەق وێنەی بینراوی پاشکۆکانی دەقی نوسراوە، کە پەیوەستە بە: بەرگەکەی و ئەو وێنەو رەنگ و ناونیشانەی لەسەریەتی، قەبارەی کتێبەکە بە هەر سێ دووریيەکەیەوە (درێژی، پانی، ئەستووری)، هەروەها ژمارەی لاپەڕەکانی لەگەڵ شێوەکانی نوسین و چۆنیەتی نوسینی پیتەکان و دابەشکردنی سپێتی و رەشێتییەکەی و پاشکۆکانی تر دەبینێتەوە....، لەرێگەی ئەمەوە لە دەقی ڕۆماندا شتانێک جیا دەکەینەوە، کە دوای دانانی بۆی زیادکراون و کار دەکەنە سەر پڕۆسەی وەرگرتن. ئەو شتانەش بریتین لە: ناونیشان، پێشکەشکردن، پێشەکی، کە ئەمەیان لۆجیکی ڕۆمانووس دیاریی دەکات، واتە پەیوەستە بە گوتەی پێش دەقەکەوە، هەروەها ناونیشان بەستراوە بە "بونیادە پێکهێنەرەکانەوەو پەیوەستە بە یەکێک لەمانەوە: دەقئاوێزان، ئایدیۆلۆجیا، پاشخان، ئیستاتیکا و پاڵنەرەکان"[2]، هەروەها تابلۆی بەرگەکە، ئەمەش ملکەچی لۆجیکی خوێنەری یەکەم دەبێت، بەم جۆرە بەرگ یەکەم ئاستانەی دەق پێک دەهێنیت و بانگی هەست و خەیاڵی خوێنەر دەکات بۆ ئەوەی دەلالەت و لایەنە شاراوەکانی بدۆزنەوە.

فەزای دەق لە فەزای نوسین و فەزای چاپ پێک دێت، یەکەمیان (فەزای نوسین) بەرەو کایەی دابەشکردنی سپێتی و رەشێتی سەر لاپەڕە و جۆری نوسین "نوسینی ستونی و نوسینی ئاسۆیی"

---

(١) بڕوانە: سعيد يقطين، انفتاح النص الروائي "النص والسياق"، ط٣، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٦، ص١٣.

(٢) فلاديمير كريزنسكي و آخرون، طرائق تحليل السرد الأدبي، ترجمة: عبدالحميد عقار واخرون، ط١، منشورات اتحاد كتاب المغرب، الرباط، ١٩٩٢، ص٢٠٥.

دەچێت، دووەمیشیان (فەزای چاپ)، کە (شێوەی بەرگەکە، ناونیشان، ڕێکخستنی بەشەکان، پێشکەش و پێشەکی، ......) دەگرێتەوە، بە واتایەکی تر وردبوونەوە لە هەموو ئەوەی چاوی خوێنەر دەکەوێتە سەری، بەمەش فەزای دەق بریتییە لە فەزای نوسینی چاپکراو، کە چاوی خوێنەر تیایدا دەبزوێت، هیچ پەیوەندییەکی نییە بـــەو شوێنانەی پاڵەوانەکان تیایدا دەجولێن، بەڵکو یارمەتیی دەدات بۆ کەشفکردنی دەلالەتی ئیستاتیکی یاخود بەهای ئەو فەزایانەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە تیایاندا ڕوویان داوە.

ئەم فەزایە لەلایەن لێکۆڵەرەکانەوە گرنگییەکی زۆری پێدراوە بەهۆی ئەو سوودە گەورەیەی تیایدا بەدییان کردووە، سەرەڕای ئەوەی فەزایەکی شوێنییە، بەڵام لەو کارەی ئەنجامی دەدات بێوێنەیە، چونکە جگە لە نوسین هیچ شتێکی تر تێی ناپەڕێنێت. لەم ڕووەوە (محمد عزام)ی لێکۆڵەر ئەوە زیاد دەکات، کە فەزایەکی ڕۆمانیی نەنوسراو هەیە، ئەم فەزایە دەدرێتە پاڵ بیر و گرنگیدان بە زمان، لە کاتێکدا فەزای دەق: "ئەو پانتاییەیە، کە خودی نوسین داگیری دەکات بەو پێیەی پیتە چاپکراوەکانە لەسەر رووبەرە کاغەزییەکە"[(١)]، پاشان ئەوە روون دەکاتەوە، کە دەیگرێتەوە وەک: "دیزاینی بەرگ و دانانی پێشەکی و ڕووبەری کاغەزو ڕێکخستنی بەشەکان و دانانی ناونیشان و گۆڕینی پیتەکانی چاپکردن"[(٢)]. زۆر جار نوسەری ڕۆمان پەنا دەباتە بەر ئەو تەکنیکانە بۆ پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی دیاریکراو، چونکە ئـــەو تێڕوانینە ڕێک ناخرێت بە دانانی ئەو پێکهاتە جیاوازانە نەبێت بـۆ ئەوەی خوێنەر وەریبگرێت و دەلالەتە فەزاییەکانیان بدۆزێتەوە، بەمەش جێگیرکردنی نوسین لە ناو ڕووبەرێکی کاغەزیدا و دەرکەوتنی بە جۆریکی دیاریکراو وادەکات دەلالەتەکەی جیا و جیاواز بێت لەناو ئەو فەزای نوسینەدا، کە ئەویش لە خۆیدا بە یەکێک لە نیشانەکانی ئیستاتیکای فەزای ڕۆمان دەژمێردرێت.

(میشال بۆتۆر)یش گرنگییەکی تایبەت بەم فەزایە دەدات و پێناسەیەکی وردی کتێب دەکات، دوای ئەوەی باسی گرنگییەکەی دەکات لە دروستکردنی مەودای فراوان بۆ خوێنەرو دەستپاکیی لە گواستنەوەی پەیام و پەرەسەندنەکەیداو دەڵێت: "کتێب وەکو ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین دانانی گوتارە لە هەرسێ ڕەهەندی مەودا بە پێی پێوەرێکی دوو لایەنە: درێژیی دێڕ، بەرزیی لاپەڕە، ئەمەش بارێکە ئازادییەکی گەورە دەدات بە خوێنەر بۆ هاتوچۆ سەبارەت بە بەدوای یەکداهاتنی دەق و توانایەکی گەورەی جوڵەی دەداتێ"[(٣)]، پاشان بەشێکی تر دەخاتە ڕوو، کە دەکرێ بە هاوتای چەمکی فەزای دەق

(١) محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، ص٧٤.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی پێشوو.

(٣) میشال بوتور ، بحوث في الرواية الجديدة، ص١١٢.

دابنرێت، چونکە لە ڕووی چاپی دەقەوە گرنگییەکی زۆری هەیەو بریتییە لە: پەراوێزەکان، ناونیشان، لاپەڕەکان، وێنە و شێوەکان، تابلۆکانی نوسین، سەرچاوەکان[١].

(مالارمێ) سەبارەت بە فەزای دەق و پیتە چاپکراوەکان لەسەر ڕووبەری کاغەزدا ئاماژە بەوە دەکات، کە "چاپ لای ئەو لەسەر چوار بنەمای سەرەکی وەستاوە، لەناویاندا دەرخستنی جیاوازی لە هێزی وشەکاندا بەهۆی جیاوازیی قەبارەی پیتەکانەوە گوزارشتی لێ دەکرێت، ئەو وشانەی بەهێز دەردەبڕێن و دەچنە ناو ڕستە سەرەکییەکەوە بۆ پیتی گەورەتر چاپ دەکرێن"[٢]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە نوسینی دیار بە خەتێکی پان، جیاوازە لەو خەتەی سەرجەم ڕۆمانەکەی پێ نوسراوە، ئەم جۆرە خەتەش لە بەڵگەنامە یاخود دەقی وەرگیراو لە نامەو شتی ترەوە زۆر بەکاردێت، هەندێک جاریش بۆ هەندێک بڕگەی گوتاریی کارەکتەرەکان بەکار دێت تاوەکو دیار بێت بۆ ئەوەی خوێنەر لەسەر خاڵە گرنگەکانی بوەستێت. کەواتە فەزای دەق بریتییە لـە گشت پێکهاتەیەکی چاپی، کە ڕەشێتی و سپێیتی تیایدا تێکەڵ بوون، حاڵەتی جیابوونەوەو یەکگرتنەوەو بەناویەکداچوونی ڕەشێتییە لەگەڵ سپێتیداو ئەوەی لێوەی بەرهەم دێت لە پێکهاتەکان و جۆراوجۆرییەکاندا، لەسەر ئەو ئیقاعە نوێیانە ڕادەوەستێت، کە پێکهاتە بینراوەکان دەیبەخشن، بۆیە فەزای دەق بریتییە: "لەو سنورە جوگرافیەی، ئاستەکانی نوسینی دەق لە ڕۆماندا داگیری دەکەن،... بەڵام گرنگیش دەدات بەو شوێنەی نوسین لە دەقی ڕۆمانەکەدا داگیری دەکات، واتە گرنگی دەدات بە جوگرافیای نوسینی دەق بەو پێیەی نوسینێکی بەرجەستەیە لەسەر کاغەزەکە"[٣]. بەشێوەیەکی گشتی نوسین، بەو جیاوازی و وەکیەکیانەی تێیدایە، فەزای دەق دروست دەکات، چونکە وێنەیەکی بینراوی بگۆ پێک دەهێنێت، کە خوێنەر بە چۆنیەتیی جیاواز دەیدۆزێتەوە "نوسین دەرکەوتنی تەواوەتیی گوتارە"[٤]، نوسین فەزایەکی دەقیی نوسراو دروست دەکات، لە ڕێگەیەوە کۆمەڵە واتایەک دەردەکەون، کە زمانی زارەکی ناتوانێت بەو شێوەیە ناواخنەکانی دەربخات، چونکە نوسین وێنەی بینراو و شێوەی شوێنیی کۆدەکاتەوەو تێکەڵیان دەکات و وەک (تۆدۆرۆف) دەیناسێنێت، کە بریتییە لە "نەسەقێکی سیمۆلۆژیی بینراو و شوێنی......نەسەقێکی نوسراو (خطي) بۆ تۆمارکردنی زمان"[٥]. کەواتە دەکرێ بوترێت درەوشانەوەی فەزای دەق پەیوەستە بە جوانییەکانی هەموو پێکهاتەکان، لە جۆری دەرهێنان و نوسین و قەبارەکەی و وێنەکەی و فراوانی و تەنگەبەرییەکەی و ڕێکخستنی بەشەکان و پێکهێنانی

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢- ١٣٠ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥ .

(٣) عبدالرحمن مبروك، جيوبوليتكا النص الأدبي، ص١٢٣.

(٤) بول ريكور، نظرية التأويل، الخطاب وفائض المعنى، ترجمة: سعيد الغانمي، ط٢، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، ٢٠٠٦، ص٥.

(٥) تزفيطان تودوروف، مفاهيم سردية، ترجمة: عبدالرحمان مزيان،ط١، منشورات الاختلاف، الجزائر، ٢٠٠٥، ص١١.

ناونیشانەکان، ئەمەش لای لێکۆڵەری مەغریبی (محمد الماكري) دەردەکەوێت، کە لە کتێبی (الشكل والخطاب)دا گرنگیی داوە بە مەسەلەی فەزای چاپ (الفضاء الطبعي)و بەشی دووەمی ئەو کتێبەی تایبەت کردووە بۆ ئەم بابەتە لەژێر ناونیشانی (الخط والشكل الطباعي)، وای دادەنێت نواندنێکە لە ئاستی دووەمی پێدراوە زمانییەکاندایە. هەروەها (ماکری) ئاماژە بەوەش دەکات، کە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان بەڵگەی بینراویان پەراوێز خستووە، بۆیە پێیوایە پێویستە زانستی نوسین دابمەزرێت، بەشی سێیەمی کتێبەکەی تایبەت کردووە بە لێکۆڵینەوەی فەزای دەق و فەزای وێنەکێشان (التصويري)، لە یەکێک لە لێکۆڵینەکانەوە چەمکێک بۆ فەزا پێشکەش دەکات و دەڵێت: "فەزای دەق ئەو فەزایەیە، تیایدا بەڵگە هێڵی (خطي)ییەکە تۆمار دەکرێت"[(1)]، پاشان باسی گرنگترین ئەو بابەتانە دەکات، کە ئەم لایەنەیان داگیر کردووە، یان یەکێکن لە پێکهاتەکانی ئەم بەڵگە نوسراوە وەک: پیتەکان، سپێتییەکان و خاڵبەندی، دێڕ... هتد. لە کۆتاییدا دەگەینە ئەوەی، کە بڵێین فەزای دەق پێک دێت لە:

أ- **فەزای چاپ:** بەرگ، ناونیشان، ڕێکخستنی بەشەکان، پێشەکی و پێشکەش دەگرێتەوە.
ب- **فەزای نوسین:** دابەشکردنی سپێتی و ڕەشێتی سەر لاپەڕەکە، جۆری نوسین (ستوونی و ئاسۆیی) دەگرێتەوە.
لە خوارەوەدا بە دوورودرێژی لە هەریەکێک لەم فەزایانەدا دەدوێن، لەگەڵ هێنانەوەی نموونەی پێویست لەو ڕۆمانانەی، کە کارمان لەسەریان کردووە:

### أ. فەزای چاپ:

ئەو جۆرە فەزایەیە، کە لە ڕێگای کۆمەڵێک پێکهاتەوە فەزای دەق پێک دەهێنێت، لەوانە:

**-بەرگ:**

بەرگ ڕواڵەتی دەرەوەی ڕۆمان پێک دەهێنێت و بە پەنجەرەیەکی کراوە دادەنرێت بۆ هەر کارێکی داهێنەرانەی نوسراو، چونکە یەکەم ڕووکار یاخود لاپەڕەی کراوەیە، کە چاوی مرۆڤی دەکەوێتە سەر کاتێک ڕۆمانەکە دەگرێت بە دەستەوە، بەمەش پێش دەقەکە بەرگەکە لەڕێگەی ناونیشان و ڕەنگ و وێنەو شێوەکان و ناوی نوسەرەوە رامان دەکێشێت بۆ دەلالەت و راڤەکردن، هەر بۆیە گرنگیدان بە بەرگی دەرەوە پێویستییەکەی میتۆدییەو لێکۆڵەر دەستبەردای نابێت.

بەم جۆرە بەرگ یەکەم ئاستانەی دەق پێک دەهێنیت، ئەم ئاستانەیە بانگی هەست و خەیاڵی خوێنەر دەکات بۆ ئەوەی دەلالەت و لایەنە شاراوەکانی بدۆزێتەوە، بۆیە لەسەر خوێنەر پێویستە دوور بکەوێتەوە لە تێڕوانینی ڕووکەشانەو هەوڵ بدات بە مەبەستی تێگەیشتن بە قووڵاییدا ڕۆبچێت، کەواتە دەکرێت "ناونیشان و ناوی نوسەر و هەموو ئاماژەکانی تری سەر بەرگی پێشەوە بە

---

(١) محمد الماكري، الشكل والخطاب، ١، المركز الثقافي، العربي، بيروت، ١٩٩١، ص١٠٦.

پێکهێنەری رواڵەتی دەرەوەی ڕۆمان دابنرێن، هەروەها دەبێت رێکخستن و هەڵبژاردنی شوێنی ئەو ئاماژانە دەلالەتێکی ئیستاتیکی یاخود بەهایی هەبێت"[1]، چونکە ئەم پێکهاتە دەرەکییە دوو ئەرک بەجێ دەهێنێت: ئەرکێکی بڵاوکردنەوەیی پەیوەست بە بڵاوکەرەوەوە، ئەرکێکی راڤەکاریی پەیوەست بەو وەرگرەی پەیوەندییەکانی نواندنی دەلالی لەنێوان بەرگ و دەقەکەدا دەدۆزێتەوە. کەواتە بەرگ ملکەچی یەک لۆجیکی دوولایەنی دەبێت لەنێوان خاوەنی ڕۆمانەکەو خوێنەری یەکەمدا، هەر ئەوەندە ئەو هونەرمەندەی بەرگی کتێبی ڕۆمانەکە دروست دەکات لە دروستکردنی بەرگەکە ئاگادار کرا، ئەوا وێنای کۆمەڵێک نیشانە دەکات، کە گونجاو و تەبان لەگەڵ دەقی ڕۆمانەکەدا، لەوانەیە فۆڕمێک پێشکەش بکات، کە لە خودی دەقەکەوە وەری دەگرێت، یان بەپێ سروشتی دەقی ڕۆمانەکە رەنگێک یاخود چەند رەنگێک پێشکەش دەکات، رەنگیش تەنها تایبەت نییە بە بینین، بەڵکو دەچێتە ناو جیهانێکی قووڵتری بینینی رەنگەکان، چونکە دەتوانێت هەستێکی تایبەت لای خودە بینەرەکەی دروست بکات، ئەمەش واتای ئەوەیە رەنگ واتای نوێ و تایبەت بەخۆی هەیە[2]، بەمەش وێنەکێش دەتوانێت لە رێگەی دەربڕینەکانی نوسەرەوە تێڕوانینێک بۆ ڕۆمانەکە وەک گشتێک پێشکەش بکات، لە رێگەی دیمەنێکەوە، کە بەجوانی وردەکاری و بەشە گرنگەکانی خراونەتە ڕوو بۆ ئەوەی یەکەم پێشوازیی لێ بکرێت لەلایەن وەرگرەوە، پێش ئەوەی دەقی ڕۆمانەکە بخوێننەوە.

وێنەی ســەر بەرگیش شێوەگیربوونی شتەکان و رۆڵیان لە دەستەبەرکردنی پردی پەیوەندیی نێوان ناونیشان و دەق و خوێنەردا بەرجەستە دەکات، بــە وێنەکێشانی ئەو هێڵانەی ئیحای دەلالەتی بەرهەمهاتوو دەدەن و وەرگریش دەیخاتە ناو خەیاڵی خۆیەوەو پاڵپشتکردنی ئەمە بە هەموو ئەو شتانەی دەقی ڕۆمانەکەیان پێکهێناوە، کەواتە وێنەو میکانزمەکانی وێنە بەستراون بە ئەدەبەوەو ئەم پەیوەندییە لە ئەزەلەوە هەیە و نوسەر ناتوانێت بە نوسین دەری ببڕێت، بەڵام وێنەکێش دەتوانێت بە پەڕەمووچەکەی گوزارشتی لێ بکات، لەم سەردەمەی ئێستاشماندا بە دەرکەوتنی هونەری چاپکرنی نوێ (سینۆگرافیا) ئەم دوانە کامڵ بوون.

لێکۆڵینەوەکانی ئیستا گرنگییان داوە بە پێکهاتەی دەرەکیی بەرگ، زۆرجاریش ڕۆمان هەندێک دیمەنی خۆی لە تابلۆی هونەرمەندەکانەوە وەردەگرێت، هی واش هەیە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دەکات بە ناونیشانی ئەو تابلۆیانەی هونەرمەند لەسەر بەرگی ڕۆمانەکە دەیان کێشێت، بەمەش شێوەی دەرەوە دەبەسترێتەوە بە ناوەڕۆکی ناوەوە، (حميد لحمداني) لێکۆڵەریش ئاماژەی بەم بارە کردووەو دوو جۆر پێکهاتەی بەرگی ڕۆمانی باسکردووە :

---

(١) حميد لحمداني، بنية النص السردي، ١٩٩١، ص٦٠.

(٢) طاهر محمد هراع الزواهرة، اللون ودلالته في الشعر "الشعر الأردني أنموذجا"، ط١، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٨، ص١٥.

**أ-** پێکهاتەیەکی واقیعی: پێکهاتەیەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە دەدات، یاخود بەلایەنی کەمەوە ئاماژەیە بە دیمەنێکی بەرجەستە لە ڕووداوەکان، زۆر جاریش وێنەکێش هەڵوێستێکی سەرەکیی ڕەوتی چیرۆکەکە وەردەگرێت، کە سیمای بە ئەزمەکردنێکی درامیی ڕووداوەکەی هەیە.

**ب-** پێکهاتەیەکی پەتیکراو: لەم جۆرەدا پێویستە ئەزموونێکی هونەریی بەرزو پەرەسەندوو هەبێت لای وەرگر بۆ دەرککردن بە هەندێک لە دەلالەتەکانی و بەستنەوەی بە دەقەکەوە[1].

(میشال بۆتۆر)یش باس لە گرنگیی سوود وەرگرتنی نوسەر و رەخنەگر دەکات لە وێنەو دەڵێت: "وێنە دەتوانێت بێ من کاری خۆی بکات، بەڵام من ناتوانم بەبێ ئەو کارەکانی خۆم بکەم، ئەگەر هەندێک وێنەکێشیش نوسینەکانی من وا دەبینن کە چارەسەری هەندێک لە کێشە و بارگرانییەکانیان دەکات و وا هەست دەکەن من یارمەتییان دەدەم، ئەوا من ئەمە بە نیشانەیەکی هاندەر دەزانم و سوپاسیان دەکەم لەسەر ئەمە"[2]. بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە بلێین بەرگ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێکهێنانی هەردوو ڕەهەندی ئیستاتیکی و دەلالیدا، چونکە دیزاینی بەرگ "چیتر جوانکارییەکی سادە نییە بە ئەندازەی ئەوەی دەچێتە ناو پێکهێنانی تۆپۆگرافیاکانی دەقەکەوە، تەنانەت هەندێک جار دەبێتە ئاماژەدەرێکی دالی ڕەهەندە ئیحائییەکانی دەقەکە"[3]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بەرگ تابلۆیەکی بڵاوکردنەوەو تەکنیکییە، بۆیە "وێنەی بەرگ تەنانەت ئەگەر پێشمان وابێت، کە سەربەخۆیە لەو کارە داهێنەرانەیە، ئەوا خۆی بە تەنها کارێکی داهێنەرانە پێک دەهێنێت، بە دەربڕینێکی ڕوونتر داهێنەر لە حاڵەتێکی لەم جۆرەدا داهێنانەکەی دوو لایەنە (مزدوج)، لەلایەکەوە هونەرمەندێکی شێوەکارییە، لەلایەکی تریشەوە داهێنەری دەقە"[4]، لە کۆتاییدا دەڵێین وێنەی سەر بەرگ چیتر دیکۆرێک نییە بۆ ڕازاندنەوە، بەڵکو بە ڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێت لە بنیاتنانی دەلالی و ڕاڤەکردنی دەقەکەدا. هەروەها هەر لەسەر بەرگ ناوی نوسەر دەبینرێت، چونکە بەدەگمەن کتێبێک بەبێ بوونی ناوی نوسەر دەبینرێت، بۆیە ناوی نوسەریش بە یەکێک لەو ئاستانە گرنگە دادەنرێت، کە ناکرێت لە لایەن خوێنەرەوە پشتگوێ بخرێت، چونکە هەموو بەرهەمێک بە ناوی نوسەرەکەیەوە دەناسرێتەوە، هەروەها ناوبانگی هەندێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیش بۆ دانەرەکەی دەگەڕێتەوە نەک بۆ لایەنە ئەدەبییەکەی یان هونەرییەکەی، بەتایبەت ئەگەر نوسەرەکە ناسراو بوو یان ئامادەییەکی لە گۆڕەپانی ئەدەبیدا هەبێت. لەبەرئەوەی هەر نوسەرێکیش لە نوسیندا شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە شێوازی نوسەرێکی تر، ئەمەش وا دەکات، کە هەر کارێک شێوازێکی

---

(١) حميد لحمداني، بنية النص السردي، ص٥٩-٦٠.

(٢) ميشال بوتور، بحوث في الرواية الجديدة، ص١٥٠.

(٣) مراد عبدالرحمن مبروك، جيوبولتيكا النص الأدبي، ص١٢٤.

(٤) حسن بحراوي، بنية الشكل الروائي، ص٢٨.

تایبەت بە خۆی هەبێت، چونکە هەر نوسەرێک کۆمەڵێک بابەتی تایبەت بۆ خۆی هەیە، کە بۆ پێکهێنانی وێنە یاخود نوسینی بەرهەمەکانی پێویستیەتی، بۆیە رێژەو جۆری ئەو وێنانەی نوسەرێک بەکاری دەهێنێت، پەیوەندی بە ئەزمون و باکگراوندی رۆشەنبیری و ژینگە و نەریت و خوێندنەوەو گەلێ هۆکاری تری تایبەت بە نوسەرەکەوە هەیە، هەموو ئەمانەش وا دەکەن، کە فەزا و کەشی هەر بەرهەمێک لە بەرهەمەکەی تر جیا بێت. بێگومان هەبوونی ناوی نوسەریش چەند ئەرکێکی هەیە، لەوانە: ئەرکی(ناونان، خاوەندارێتی، بڵاوکراوەیی)[1]، کە یەکەمیان ئەرکەکەی بریتی دەبێت لە جێگیرکردنی ناوی نوسەر لەسەر کتێبەکە و جیاکردنەوەی لەگەڵ ناوی نوسەرێکی تر، ئەرکی خاوەندارێتیش پێدانی مافی خاوەندارێتیە بە نوسەرەکە لە ڕووی یاساییەوە، هەروەها ئەرکی سێیەمیشیان پەیوەستە بە کاری بڵاوکراوەیی، کە تێیدا هەبوونی ناوی نوسەرەکە کاریگەری دروستدەکات لەسەر فرۆشتنی کتێبەکە بە ڕێژەیەکی زۆر، بەتایبەتی ئەگەر نوسەرەکە ناسراو و بەناوبانگ بوو.

(ژن) ڕۆمانێکی (ڕێواس ئەحمەد)ە، قەبارەی کتێبەکە بە هەرسێ دووری (درێژی، پانی، ئەستوری) بریتییە لە (٩٢،٦٣،٥)ملم و لە (١٩١) لاپەڕە پێکهاتووەو لەلایەن (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی) لە ساڵی (٢٠٠٥) لە شاری هەولێر چاپکراوە، کە لە خوارەوەدا بەرگی کتێبەکە خراوەتە ڕوو:




وێنەی سەر بەرگی ئەم ڕۆمانە، بریتییە لە دەم و چاوی (مۆنالیزا)، بە ڕەنگی سپی وێنەی کێشراوە، کە واتای پاکی و بێگەردی دەگەیەنێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پاکی و بێگەردی ژن، هەروەها بەرگی ڕۆمانەکە ڕەنگی (مۆر)ە، ئەم ڕەنگە لە ئەنجامی تێکەڵکردنی (ڕەنگی سوور و ڕەنگی شین پێکدێت)[2]، کە لە ڕەنگە سوورەکە خۆشەویستی و ئازایەتی وەرگرتووە، چونکە لەلای زۆربەی وڵاتانی جیهان ڕەنگی سوور بە مانای شۆڕش دێت، لە ڕەنگی شینەکەش شەرەف و پاکی وەرگرتووە، لەبەرئەوەی

(١) بڕوانە: عبد الحق بلعابد، عتبات النص، ط١، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الجزائر- لبنان، ٢٠٠٨، ص٦٤-٦٥.

(٢) احمد مختار عمر، اللغة واللون، ط٢، عالم الكتب للنشر والتوزيع والطباعة، الرياض، ١٩٩٧، ص١٨٣.

شین بە مانای پاکی دێت، بەمەش ڕەنگی مۆر گوزارشتە لە پاکی و خۆشەویستی. ناوی (ڕێواس ئەحمەد)، کە نوسەری ڕۆمانەکەیە لەسەر بەرگدا بە ڕەنگی سپی و بە فۆنتێکی بچووکتر لە ناونیشانەکە نوسراوە، نوسینی ناوی نوسەریش بە ڕەنگی سپی دەلالەتە لە پاک و بێگەردی ژنان، هەروەها وەکو پەیامێکیشە بۆ پیاوان و کۆمەڵگە، بەوەی ژنان حەزیان لە ژیانێکی هێمنانە و ئاشتیانەیە، لێیان گەڕێن بەو شێوەیە بژین. بێگومان نوسینی ڕۆمانێکیش لەسەر ژن و خستنەڕووی نەهامەتی و ئازارەکانیان لە ئەوروپا لەلایەن ژنێکەوە، باشتر سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، چونکە زیاتر لە ئێش و ئازاریان تێدەگات و دەتوانێت باشتر وێنای ڕووداوەکان بکات.

(ساباتێک لە مێژەڵۆک) ڕۆمانێکی (محمد رشید فەتاح)ە، قەبارەی کتێبەکە بە هەرسێ دووری (درێژی، پانی، ئەستوری) بریتییە لە (٨٠، ٥٨، ٦,٥)ملم و لە (٢٩٨) لاپەڕە پێکهاتووەو لەلایەن (چاپەمەنی سایە) لە ساڵی (٢٠٠٩) لە شاری سلێمانی چاپکراوە، کە لە خوارەوەدا بەرگی کتێبەکە خراوەتە ڕوو:




وێنەی سەر بەرگی ڕۆمانەکە، پێکهاتووە، لە ئاو و ئاگر و ڕووناکی، ڕووناکیەکە هێمایە بۆ گەشبینی و هیوا، لەبەرئەوەی چەند شوێنێک ئەم ڕۆمانەدا ئاماژە بەو گەشبینییە دەکرێت لە ڕێگای پەنجەرەیەکی بچووکی زیندانەوە، کە یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە بەناوی (کۆیاد) تێیدا زیندانی کراوە، وەک لە دەقەکەدا هاتووە: "من بێ ئاگام لەوەی لە کەیەوە لێرە زیندانم، هەست بە تێپەڕبوونی کات ناکەم، ڕۆژم هەر تاریکە و شەوگاریشم شەوی دەیجوورە، ناوە ناوە بە خەیاڵ پەنجەرەیەکی بچووک لە دیوارە کۆنکرێتیەکەی بەرانبەرەوە دەنەخشێنم، لەو چوارچێوەیەوە بە دنیای دەرەوە شاد دەبم"[1]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کارەکتەر هەرچەندە لە زیندانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێ هیوا نییە و گەشبینە بەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئازاد دەبێت و بە دونیای دەرەوە شاد

(١) سەدرەدین محێدین کەڵهوڕیی، ساباتێک لە مێژەڵۆک، ل٢٨-٢٩.

دەبێتەوە. هەروەها لە نموونەیەکی تریشدا ئەم گەشبینی و هیوایە دەبینین، وەک وەگێڕ دەڵێت: " ئێرە ڕۆشنە و، ڕووناکی بە چەپک خۆی بە ژووردا دەکات. جگە لە دەنگ و سەدای خەڵکانی دەرەوە جریوەی چۆلەکە و ئاوازی مەلێکی کۆچەریش دەکەوێتە بەر گوێم لە پەنجەرە بچووکەکە بنمیچەکە شەوە تیشکی خۆر بەدی دەکەم و هەوای پاکیش ڕووم دەکاتەوە"[1].

ڕەنگە پرتەقاڵی و زەردەکەی ئاگرەکە، کە لەسەر شێوەی مرۆڤ دەرکەوتووە، هێمان بۆ دڕندەیی و بێبەزەیی مرۆڤ کاتێک دەسەڵاتی دەبێت و بەردەبێتە گیانی مرۆڤێکی تری بێدەسەڵات، هەروەها نوسینی ناوی ڕۆمانەکە بە ڕەنگی سوور، جگە لەوەی ڕەنگی خوێنە، بەڵام بە مانای شۆڕش و بەرخودان و شەهیدبوون و ژیانێکی خوێناوی دێت، وەک لەشوێنێکی ناو ڕۆمانەکەدا وەگێڕ دەڵێت: "خاتوون بە پەلە بەرزەپێ ڕاستبووەوە، لە گەڵیشیا دەست و پێوەند و پاسەوانەکانی دەوریاندا، ڕنگۆ و گەنجۆ و ڕامبۆ لە عیزەتی میعلاگەوە فەرمانیان وەرگرت، ئەوانیش بە پەلە چەکدارەکانی پەنا درەختەکانیان قورمیش کرد و دەستە دەستە ڕەوانەی مەیدانی شەڕییان کردن. لە تاو سوورە گڕی تاریکی ئاسماندا خەڵکەکە وروژان"[2]، ئەمەش پەیوەندیی ناونیشانەکە و ڕەنگە سوورەکەی بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دەردەخات، چونکە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا تووڕەیی ڕووت و برسیەکانی ناو مەملەکەت دەسەڵات و دەست و پێوەندەکانی ناو کۆشک دەکوژن و لە ناویان دەبەن.

(سنورداشێک لە بیابان) رۆمانێکی (سەدرەدین محێدین کەلۆرپی)ە، قەبارەی کتێبەکە بە هەرسێ دووری (درێژی، پانی، ئەستوری) بریتییە لە (٧٩، ٥٧، ٧) ملم و لە (٣١٤) لاپەڕە پێکهاتووە، لە (بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما)یەو لە ساڵی (٢٠٠٦) لە چاپخانەی گەنج لە شاری سلێمانی چاپکراوە، وەک لە خوارەوەدا بەرگی کتێبەکە خراوەتە روو:




(١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦-٢٧٧.

وێنەی سەر بەرگی ئەم ڕۆمانە، بریتییە لە پەتێکی سێدارە و گەنجێکی کورد لەبەردەم پەتەکە، کە ئاماژەن بۆ ئەوەی هەردەم ڕژێمی دڕندانەی حیزبی بەعس بە بێ هۆ تەنیا لەبەر کوردبوون گەنجی کوردی لە سێدارە دەدات، لەگەڵ هەبوونی وێنەی ئافرەتێکی ڕەشپۆش، کە دەستی بەرزکردۆتەوە بۆ ئاسمان و خەریکی نزا و پاڕانەوەیە لە خوای گەورە، هەروەها وێنەی منداڵێکی بچووک، کە لەسەر زەوی کەوتووەو مردووە، جگە لەمانە لە وێنەکەدا چەند لقوپۆپێکی وشکی دار دەبینرێت، کە ئاماژەن بۆ بیابان. هەموو ئەو وێنانەی لەسەر بەرگەکەدان، ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەن، چونکە ئەو خێزانانە، کە دەیانەوێت بە شێوەیەکی قاچاخ و نایاسایی کۆچ بکەن بەرەو وڵاتێکی ئیسلامی ئەوا لە ڕێگادا یەکێک لە خێزانەکان منداڵەکەیان لە ڕێگادا دەمرێت و لە بیابانەکەدا دەینێژن، هەرچەندە دایکەکەی زۆر هەوڵ دەدات و دەپاڕێتەوە تاوەکو لەو بیابانەدا نەینێژن، بەڵام هەر دەینێژن، چونکە ئەمان نازانن دوای سنورداشکردنەوەیان چەند ڕۆژی تر دەگەنە ئاوەدانی و چییان بەسەر دێت.

لەسەر بەرگی کتێبەکە چەند ڕەنگێک دەبینرێت: لەوانە ڕەنگی (سپی، ڕەش، پرتەقاڵی، شین)، کە هەر ڕەنگێکیان دەلالەت لە شتێک دەکەن. ناوی نوسەر و هەردوو وشەی (لە بیابان) بە پرتەقاڵی نووسراون، ڕەنگی پرتەقاڵیش ڕەنگێکی ناسەرەکییە و لە تێکەڵەی ڕەنگی سور و زەرد پێکدێت، کە ڕەنگە سوورەکە جگە لەوەی بە مانای خۆشەویستی دێت، لەهەمان کاتدا بە مانای مەترسیش دێت، چونکە خوێن ڕەنگی سوورە، هەروەها ڕەنگی زەردیش لەگەڵ ئەوەی با مانای دڵخۆشی و ژیان بەخشین دێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە مانای نەخۆشی و بێهێزیش دێت. لە ڕەنگە سورەکە مەترسی و لە ڕەنگە زەردەکەش نەخۆشی و بێهێزی وەرگرتووە، لەبەرئەوەی کورد تووشی زۆر مەترسی و نەخۆشی و نەهامەتی بووە لە بیاباندا، نوسینی هەردوو وشەی (لە بیابان) لەگەڵ ناوی نوسەرەکەش دەلالەت لە نەخۆشی و مەترسی دەکات. ڕەنگی سپی وەک لەسەر بەرگی کتێبەکەدا هاتووە، کە بەشی سەرەوەی ئەو منداڵەی داپۆشیووە، واتای پاکی و بێگەردی دەگەیەنێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پاکی و بێگەردی منداڵ، هەروەها نوسینی وشەی (سنورداشێک) لەگەڵ پانتۆلی منداڵەکە بە ڕەنگی شین، لەبەرئەوەی ڕەنگی شین دەلالات لە پاکی دەکات، بۆیە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پاکی منداڵەکە و ئەو کەسانەی بە ناهەق لە بیابانەکان زیندەبەچاڵکران و ئەنفال کران. نوسینی وشەی (ڕۆمان) بە ڕەنگی ڕەش، هەروەها ڕەشی پەتی سێدارەو جل ڕەشی ژنەکەش دەلالەت لە خەم و خەفەت و ناخۆشی و دڵتەنگی دەکەن، چونکە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەش پڕە لە خەم و خەفەت و ناخۆشی، جگە لەوەش جلی ڕەشی ژنەکەش بە هەمان شێوە ئاماژەیە بۆ دڵتەنگی ژنەکە، هەروەها ڕەشی پەتی سێدارەش بە هەمان شێوە ئاماژە بە ناخۆشی و نەهامەتی دەکات بۆ میللەتی کورد، لەبەرئەوەی ڕەنگی ڕەش ئاماژەیە بۆ دڵتەنگی و ناخۆشی و خەم و خەفەت.

(جەمشید خانی مامم) رۆمانێکی (بەختیار عەلی)یە، قەبارەی کتێبەکە بە هەرسێ دووری (درێژی، پانی، ئەستوری) بریتییە لە (٨٨، ٥٨، ٤،٦)ملم و لە (١٥١) لاپەڕە پێکهاتووەو لەلایەن (ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب) لە ساڵی (٢٠١٠) لە شاری سلێمانی چاپکراوە، کە لە خوارەوەدا بەرگی کتێبەکە خراوەتە روو:




وێنەی سەر بەرگی ئـەم رۆمانە، بریتییە لە دەم و چاوی گورگێک، کـە گورگ ئاماژەیە بۆ دڕندەیی و بێبەزەیی دەسەڵات، بەتایبەتی ڕژێمی بەعس، چونکە سەرەتای ئەم رۆمانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمڕانی ڕژێمی بەعس، لەو کاتەدا کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە، کە (جەمشید خان)ە دەستگیردەکرێت دواتر لە زینداندا ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر دەدرێت، ئەمەش وا دەکات، کە کێشی لەشی بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر دابەزێت. وەک وەگێڕ لە سەرەتای رۆمانەکەدا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا کە جەمشید خان بۆ یەکەمجار گیرا تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو، ئـەو کات بەعسیەکان لـە سەرتاسەری عێراقدا دەستیانکرد بـە راوەدوونان و گرتن و ئازارادانی کۆمۆنیستەکان کە تا ماوەیەکی کورت لەوەو بەر یەکێک لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی "شۆڕش و سەرۆکی فەرماندە" بوون..........وەک دەڵێن جەمشید بە خۆگرییەکی گەورەو پاڵەوانێتییەکی بێوێنەو بەرگەی ئەشکەنجەکەی زیندانەکانی گرتووە، ئازایەتی جەمشید و هیچ نەدرکاندنی وەها ئەفسانەیی بوون کارێکدەکەن جەلادەکان دەرهەقی هونەر بنوێنن و جار دوای جار شێوازی تازەتر و توندتر لە ئازاردانیدا بگرنە بەر، بەڵام بێئەوەی شتێکی ئەوتۆیان دەستبکەوێت"[1]، کەواتە گورگەکە هێمایە بۆ دڕندەیی ڕژێمی بەعس و دارودەستەکەی. نوسینی ناوی نوسەر و وشەی (رۆمان) بە ڕەنگی سپی وەکو جەختکردنەوەیەک بە کاردێت بۆ پیشاندانی پاکی و سپێتی دڵ و دەروونی مرۆڤ، نوسینی

---

(١) بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم، ل٣.

ناونیشانەکەش (جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد) بە ڕەنگی زەرد ئاماژەیە بۆ نەخۆشی و بیهێزی و بێتوانایی مرۆڤ، چونکە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە، کە جەمشید خانە کەسێکی لاواز و نەخۆش و بێهێزە، بەمەش ڕەنگەکە لەگەڵ ناونیشانەکە زۆر گونجاوە.

(گۆڕە درەوشاوەکان) ڕۆمانێکی (حسام بەرزنجی)یە، قەبارەی کتێبەکە بە هەرسێ دووری (درێژی، پانی، ئەستوری) بریتییە لە (٩٢، ٦٥، ٨)ملم و لە (٣١١) لاپەڕە پێکهاتووەو لەلایەن (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس) لەساڵی (٢٠٠٨) لە شاری هەولێر چاپکراوە، کە لە خوارەوەدا بەرگی کتێبەکە خراوەتە ڕوو:




وێنەی سەر بەرگی ئەم ڕۆمانە، بریتییە لە کۆمەڵێک تورەگەی سپی، کە ئێسک و پروسکی مرۆڤی تیایە، چونکە لە ئایینی ئیسلامدا کاتێک یەکێک دەمرێت بە خامێکی سپی کفن دەکرێت، وەکو هێمایەک بۆ بێتاوانی و پاکی مرۆڤ. هەبوونی چەند ڕەنگێک لەسەر بەرگی کتێبەکەدا دەلالەتە لە کۆمەڵێک شتی جیاواز، چونکە هەر ڕەنگێک دەلالەت لە شتێک دەکات، بۆ نموونە ڕەنگی سوور و ڕەش و خۆڵەمێشی زۆر دەبینرێت، کە ڕەنگە ڕەشەکە وەک لە پێشوو تریشدا ئاماژەمان پێیداوە، ئاماژەیە بۆ خەم و خەفەت و دڵتەنگی و ناخۆشی، ڕەنگی سوور و خۆڵەمێشیش لەم ڕۆمانەدا بە مانای قوربانی و بەرخودان و خۆڕاگری لە پێناوی خاک و نیشتیمان دێت[1]، چونکە ڕۆمانەکە باس لە خەبات و تێکۆشان و تێکۆشان و قوربانیدان دەکات.

(١) بڕوانە: مصطفی محمد کەریم زەنگەنە، ڕەنگی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠١، ل٦٠،٥٢.

(گرەوی بەختی هەڵاڵە) ڕۆمانێکی (عەتا نەهایی)ە، قەبارەی کتێبەکە بە هەرسێ دووری (درێژی، پانی، ئەستوری) بریتییە لە (٨٠، ٦٧، ٩)ملم لە (٣٧٨) لاپەڕە پێکهاتووەو لەلایەن (چاپخانەی ڕەنج) لە ساڵی (٢٠٠٧) لە شاری سلێمانی چاپکراوە، کە لە خوارەوەدا بەرگی کتێبەکە خراوەتە ڕوو:




لەسەر بەرگی ئەم ڕۆمانەدا وێنەی پیاوێک دەبینرێت، کە دەستی لە شێوەی خەنجەر دەچێت و پەتێکیشی بە دەستەوەیە، لەگەڵ کۆمەڵێک گوڵی بچووکی ورد، وێنەی پیاوەکە، کە دەستەکەی لە شێوەی خەنجەرێکە و پەتێکی لە دەست دایە، بە مانای هێز و دەسەڵاتی پیاو دێت لە کۆمەڵگای کوردیدا، چونکە پەتەکە ئاماژە بەوەدەکات، کە دەیەوێت لە ڕێگای پەتێکەوە جڵەوی ئەندامانی خێزانەکەی بە تایبەت ڕەگەزی مێیەنە بگرێت، بۆ ئەوەی حەیا شەرەفی نەچێت، چونکە لە کۆمەڵگای کوردیدا مێینە هێمایە بۆ حەیا و شەرەفی پیاو، خەنجەرەکەش بە مانای ئەوە دێت، هەر کاتێک ژن حەیا و شەرەفی برد، ئەوا بە خەنجەر پێویستە بکوژرێت، چونکە خەنجەر وەکو هێمای هێز و دەسەڵاتی پیاو لە کۆمەڵگای کوردی بەکاردێت، وەک لە شوێنێکی ئەم ڕۆمانەدا وەگێڕ دەڵێت: "بە پێی نەریتێکی ڕۆژهەڵاتی هەر باوکێک کچەکەی بە شوو بدات لە ڕۆژی زەماوەندەکەیدا چەقۆیەک لە شێوەی ئەم چەقۆیە بە دیاری دەدا بە زاواکەی، تا هەر کاتێک کچەکەی بە پێچەوانەی داب و نەریت جووڵایەوە، بەو چەقۆیە بیکوژێت"(1).

وێنەی سەر بەرگی ئەم ڕۆمانە ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکەکەیە، وەک وەگێڕ ئاماژای پێدەکات و دەڵێت: "دەم لەسەر پشت، لەبەر ئەو سێبەر و تاپۆ ڕەش و نەگریسە هەڵاتووی. لەبەر ئەو سێبەرو تاپۆ زل و زەبەلاحە کە بە شوێنتەوە بوو. ئێستاش بە شوێنتەوەیە هەڵاڵە، بە قاچی درێژ و شەقاوی بەرز و بڵندییەوە، بە دەستی گەورە و لێک بڵاویەوە. خۆت بووی کە دەتگوت دەستە گەورەکانی هەمیشە

---

(1) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل٣١٩.

لێک بڵاون، لە حاست سنگی، یان بە ژوور سەریەوە. چی بەدەستەوەیە هەڵاڵە؟ خەنجەر؟ شتێکی وەک خەنجەر؟ ئەو سێبەر و تاپۆیە سێبەرو تاپۆی پیاو نییە. سێبەر و تاپۆی مەرگە کە دەیهەوێ بتگاتێ و هەڵکوتێتە سەر جەستە و گیانت"[1]. هەروەها ئەو کۆمەڵە گوڵە زەردەی، کە لە سەر بەرگی کتێبەکەدا دەبینرێت، بە مانای بەختەوەری و ئاسوودەیی و خۆشبەختی دەگەیەنێت، کە ئاماژەن بۆ هیوا و ئاواتەکانی هەڵاڵەی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە.

لە رووی ڕەنگەوە، ڕەنگی پیرۆزەیی سەرتاپای بەرگی کتێبەکەی داپۆشیووە، کە ڕەنگێکی سەرەکی نییە، بەڵکو لە ئەنجامی تێکەڵکردنی هەردوو ڕەنگی سەوز و شین دێت، کە لە ڕەنگە سەوزەکە ئارامی بەخشین ودڵنیایی وەرگرتووە، لە ڕەنگی شینەکەش شەرەف و پاکی وەرگرتووە، لەبەرئەوەی شین بە مانای پاکی دێت، بەمەش ڕەنگی پیرۆزەیی گوزارشتە لە شەرەف و پاکی و ئارامی بەخشین. نوسینی ناوی ڕۆمانەکە و ناوی نوسەرەکە بە ڕەنگی ڕەش هێمان بۆ خەم و خەفەت و نەهامەتی و دڵتەنگی، چونکە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە گرەوکردنە لەسەر بەختی ژنێک لە کۆمەڵگای کوردیدا، هەروەها نوسینی ناونیشانە لاوەکییەکە (دوارۆژەکانی ژیانی باڵندەیەکی کۆچەر) بە ڕەنگی سپی ئاماژەیە بۆ پاکی ژن، چونکە وەک لە پێشووتر ئاماژەمان پێیدا ڕەنگی سپی واتای پاکی دەگەیەنێت.

## - ناونیشان:

ناونیشان خاڵی دەستپێکردنی سروشتیی دەقە، ئەو ناوکەیە، کە دەکرێت گوتارەکەی لێوە بەرهەم بێت، لە رێگەی پەیوەندییەکی ستونییەوە لەگەڵ دەقەکەدا دیاری دەکرێت و چڕکردنەوەی دەلالەتی دەقەکە دەنوێنێت، چونکە دەشێ وشەیەک، یان دەستەواژەیەک، یاخود رستەیەک بێت، کە هەڵگری کۆمەڵێک دەلالەتن، کەواتە لای خوێنەر شت لە ناونیشانەکەدا چەقی ڕووداوەکان دەگەیەنێت و سەرەتا بەخەیاڵ وێنای دەکات، یان شت لە ناونیشانەکەدا تەوەرێکە ڕووداوەکان لە دەوری دەخولێنەوە، لە کاتێکدا دەکرێت دوا وێستگە بێت، کە نوسەر تیایدا دەوەستێت تا گۆڕانکاریی تیا بکات یان شتی بۆ زیاد بکات یان شتی لێ لابات، بۆ ئەوەی لەگەڵ بابەتەکەیدا یاخود مەتنەکەیدا بگونجێت. زۆرجاریش ناونیشان دەمان بات بەرەو ئەوەی، کە نایزانین یاخود بەرەو کارێک، کە نەمان توانیوە لێی تێ بگەین، بەهۆیەوە داخراوەکانی دەق دەکرێنەوە، ئەمەش لەوێوەیە، کە تێرامانێکی سەرەتایی دەربارەی ناوەڕۆکەکە دەبەخشێت.

بەمەش ناونیشان بە سەرەکیترین و سەرەتاییترین کلیل دادەنرێت، کە لێکۆڵەر خەریکی خوێندنەوەو راڤەکردنی دەبێت، چونکە لە چەند وشەیەکی پەیوەست بە دەلالەتی دەقەکەوە هێزێکی

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٩.

زۆری کورتکردنەوەی ڕۆمانەکەی وەک گشتێک لەخۆ گرتووە، ئەمەش لەوێوەیە پێکهاتەیەکی دەقەو هیچی کەمتر نییە لە پێکهاتەکانی تری دەقەکە، بۆیە سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت و دەیوروژێنێت بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی دەقەکە بەدەست بهێنێت و کۆدەکانی بکاتەوەو لەسەر بارکراوە دەلالییەکانی رابوەستێت، ئەم پێکهاتەی دەق کەمتر نییە لە پێکهاتەکانی تری دەقەکە، ناونیشان هەر لەخۆوە لەسەر بەرگەکە دانانرێت، بەڵکو "ئەو نیشانەیەکی واتادار یاخود کۆدێکی ئاڕاستەکەری کارە داهێنەرانەکەیە"[1]. لەبەر ئەمە قورسە لە دەقەکە دابڕێنرێت، چونکە بەشێکی واتاداری دەقەکەیە، ناڕوونییەکەی کەشف دەکات و ڕەنگدانەوەی چنینە دەقییەکەیەتی و واتاکەی دەردەخات "ناونیشان ڕەگەزێک نییە لە دەرەوەی دەقەکە یاخود زەخرەفەیەکی لکاو نییە لە پەراوێزی ڕۆمانەکەدا، بەڵکو لە کرۆکی دەقەکەدایەو تیایدا هەڵکەنراوە، بەهۆیەوە کۆدو رەمزەکانی دەقەکە دەکەینەوەو هەر لە یەکەم بەیەک گەیشتنی خوێنەرو دەقەکەدا لە پرۆسەی راڤەکردندا بەکاری دەهێنیت"[2]، کەواتە ناونیشان بە گرنگترین بنەما دادەنرێت، کە بەرهەمی ئەدەبیی هاوچەرخ پشتی پێ دەبەستێت.

هەروەها ناونیشان بە یەکەم بەیەکگەیشتنی خوێنەر و نوسەر دادەنرێت، چونکە یەکەم شتە پێش دەستکردن بە خوێندنەوەی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی رامان دەگرێت، هەروەها نوسەر لە رێی ناونیشانەوە خوێنەر پەلکێش دەکات بۆ جیهانی دەقەکەی، کەواتە پەیوەندییەکە هەر یەک لە خوێنەرو دەق تیایدا بەشدارن و تەنها لەنێوان ناونیشان و دەقەکەدا نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە ناونیشان و دەق تێدەپەڕێنێت بەرەو خوێنەریش دەچێت. جگە لەوەش ئەو ڕەگەزە سەرەکییەیە، کە لە پێشەوەی رووپەڕی بەرگەکەدا هاتووە، تەنانەت دەتوانین بڵێین ناونیشان دواهەمین تابلۆی هونەرییە، کە نوسەر دەیکێشێت دوای ئەوەی لە کارە هونەرییەکەی دەبێتەوە، یاخود ئەو بەردی بناغەیەیە، کە وەک گشتێک دەقە ئەدەبییەکەی لەسەر بنیاد دەنرێت، لەوانەیە بەلامانەوە گرنگ نەبێت، کە ئەو پێش نوسینی ڕۆمانەکە دانراوە، یان ڕۆمانەکە پێش ئەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە بەلامانەوە ئەوەیە، کە ئەو ناونیشانی درێژکراوەی ڕۆمانەکەیە، نەبوونیشی وەک ئەوە وایە، کە کارێکی بێ ناونیشان بێت. کەواتە ناونیشان ئەو جەمسەرە دەنوێنێت، کە بەپێی ئەو هەموو وێناکردنە زەینییەکانی ئەندازەی بەرگ بونیاد دەنرێن، تیایدا ماهیەتی سەرجەم وێنەو شێوەو دەربڕینەکان دەبێت بە یەک و بەزۆریش ڕەنگدانەوەی ناونیشانن، بۆیە هەڵبژاردنی ناونیشانێکی دیاریکراو دەلالەت و گرەوی خۆی هەیە، چونکە "ناونیشانی کتێبەکە سیماو دیباجەکەیەتی، ناونیشانی هەموو شتێک

---

(١) ذويبي خثير الزبير، سيمولوجيا النص السردي، ط١، رابطة أهل القلم، سطيف، الجزائر، ٢٠٠٦، ص٢٠.

(٢) رشيد بلعيقة، أعمال الملتقى الوطني الثاني في الأدب الجزائري "بين خطاب الأزمة ووعي الكتابة"، يومي ١٦\١٧ مارس، ٢٠٠٩، ص٢٥١.

ئەوەیە، کە لە ڕواڵەتەوە ڕێگەت پیشان دەدات بۆ ناوەڕۆکەکەی، دەڵێن ئەوەی دیارە ناونیشانی ئەوەی ناوەوەیە ، واتە دەلیلیەتی"[1].

ناونیشان لەلایەن زۆر رەخنەگر و لێکۆڵەر و داهێنەرەوە گرنگیی پێ دراوە بە تایبەتی لەگەڵ دەرکەوتنی بونیادگەریدا، ئیتر بوارەکەی فراوان بووەوە بۆ ناو زمانەوانی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی، چونکە بەپێچەوانەی ئەوەی لە کۆندا لەبارەیەوە زانرابوو کۆمەڵە دەلالەتێکی رەمزیی هەیە، کە شایەنی راڤە و شیکردنەوەیە، ئـەم گرنگی پێدانەشی یارمەتیدەر بوو لە دروستبوونی زانستێکی تایبەت بە ناونیشان و ئیتر ناونیشان بووە ڕەگەزێکی ئەدەبیی سەربەخۆ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زۆر بەتوندی بەستراوە بە دەقەکەوە، بەرەو ئەوەش دەچێت ئاستانەیەکی سەرەکیی پێکدەهێنیت پێش چوونە ناو جیهانی دەقەکەوە. لە نێوان ناونیشان و دەق پەیوەندییەک هەیە، کە پەیوەندییەکی دیالەکتیکیی تەواوکارییە، ناونیشان دەمان بات بۆ دەقەکە، دەقەکەش دەمانبات بۆ ناونیشان، کە وەک ئاوێنەیەکە لەبەردەم ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا دانرابێت لە سەرەتاوە هەتا کۆتاییەکەی.

ئەم گرنگیدانە زۆرە بە ناونیشان وای لێ کردووە لە پێگەی لافیتەی ئاگاداریدا بێت و هەندێک جاریش ناسنامەی دەقەکەو مەبەستەکەی دیاری دەکات، لەوانەیشە ناونیشان ڕەنگدانەوەی بەشێکی دەقەکە بێت، یاخود بەستراوە بە یەکێک لە وێنەکانەوە، یان رەمزێکە لە رەمزەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکە، یان کورتکراوەی ڕووداوەکانییەتی، دەشکرێت ئەمە بگەڕێنرێتەوە بـۆ ئەوە، کـە "روانگەی بینین لە دەقەکەدا چـەسپاوە یاخود گۆڕاوە یاخود زۆر و هەمەجۆرە، یان دەکرێت ناوەکی بێ یاخود دەرەکی بێت، واتە بەدرێژایی کات بەستراوە بە کارەکتەرەوە، یاخود لەنێوان کۆمەڵێک کارەکتەردا دێت و دەچێت، یان لە هەموویان دادەبڕێت لێیان بۆ ئەوەی وێنەیەکی پانۆرامابیانەمان پێشکەش بکات، یاخود هاوکاتکردنی کۆمەڵێک شت و ڕووداوە، کە لە یەک کاتدا لە چەندین شوێنی جیاوازدا ڕوودەدەن"[2]. یەکێک لەو لێکۆڵەرانەی گرنگی بە ناونیشان داوە (سعید علوش)ە، کە لە (فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییە هاوچەرخەکان)دا پێناسەی ناونیشان دەکات و دەڵێت: "بڕگەیەکی زمانی لە رستە کەمترەو نوێنەری دەقێک یاخود کارێکی هونەرییە، دەشکرێت لە هەردوو گۆشەی سیاق و ناونیشانی سیاقییەوە سەیری ناونیشان بکرێ، کە لەسەر ئاستی سیمۆلۆژی لەگەڵ بەرهەمەکەدا یەکێتییەک پێک دەهێنن و ئەرکێکی هاوواتای راڤەکردنی هەیە"[3]. ئەمەش گرنگی ناونیشان لای لێکۆڵەران، بەتایبەتی

---

(١) المنجد في اللغة والأعلام، دار المشرق، بيروت، ط٤٠، ٢٠٠٣، ص٥٣٤ .

(٢) صبري حافظ، قراءة في رواية حديثة، مجلة فصول، ج٢، مجلد٤، عدد٤، ١٩٨٤، ص١٧٦-١٧٧.

(٣) سعيد علوش، معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، ط١، دار الكتاب اللبناني، شوسبريس، لبنان- الدار البيضاء، ١٩٨٥، ص٨٩ .

لێکۆڵەری سیمۆڵۆژی دەردەخات، کە بەهۆی گرنگییەکەیەوە لێکۆڵەر ناچارە لەگەڵ ناونیشاندا کارلێک بکات، دەشبێت تێڕوانینی ئەم لە تێروانینی خوێنەرێکی ئاسایی جیا بێت، ئەمەش وای لە سیمۆلۆژیا کردووە گرنگییەکی زۆر بە ناونیشان بدات.

هەروەها رەخنەگر و لێکۆڵەر (بسام قطوس) هەرچەندە وای دەبینێت، کە قورسە "بە وردی ئەرکی ناونیشان لە کاری داهێنەرانەدا دیاری بکەین، ئەگەر داهێنان تێپەڕاندنی ئەوە بێت، کە ئاشنایەو لادانێک بێت، کە یاخی بێت لە بەنمونەکردن و تەنانەت نەتوانرێت دەرک بە سەرجەم مەبەست و رەهەندەکانی بکرێت، هەروەها لەو کاتەشدا ئێمە لە ناونیشاندا ئەوە دەدۆزینەوە، کە دەمان بات بەرەو پاشخانێکی مەعریفی یان ئاینی یان کۆمەڵایەتی یان رامیاری و تەنانەت دەقیش، ئەوا لە ناونیشاندا رەهەندێکی رەمزیی واتادار یاخود مەغزایەک دەدۆزینەوە"[1]، بەڵام سەرەڕای ئەوەش (جیرار جنیت) ئەرکەکانی ناونیشان دیاری دەکات، کە بریتین لە:

**1**. ئەرکی ناونیشان دانان: ئەم ئەرکە جیاکاری دەکات لەنێوان بەرهەمە ئەدەبییەکاندا، ئەمەش لەڕێگەی ناسینی کارەکە بە وردبینیکردنی بۆ خۆلادان لە شیمانەی گومان و ناڕوونی تیایدا.
**2**. ئەرکی وەسفی: ئەم ئەرکە ئەوە دەگەیەنێت ناونیشان لە ناوەڕۆکی دەقەکە دەدوێت و روونی دەکاتەوەو لە رێگەی وەسف و شیکردنەوەو لێکدانەوەو راڤەکردنەوە بەها و واتای پێ دەبەخشێت.
**3**. ئەرکی سەرنجڕاکێشان: ئەوەی سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت و بەرەو دەقەکە دەیبات ناونیشانە دیارەکەیە، کە ئاگاداری دەکات و هانی دەدات وەک ئەوەی بانگی خوێنەر بکات بۆ کڕینی کتێبەکەو خوێندنەوەی دەقەکەو پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی دەقەکە بزانێت[2].

جگە لەو ئەرکانەی رەخنەگر و لێکۆڵەران دیاریان کردووە، ناکرێت ئەرکی شیکەرەوەیی لە بیر بکەین، چونکە وەک پێشتر ئاماژەمان پێیدا ناونیشان کلیلی کردنەوەی کۆد و نهێنییەکانی دەقەکەیە، بۆ ئەوەی خوێنەری زیرەک بتوانێت دەقەکە بخوێنێتەوەو کۆدەکانی بکاتەوە، پێویستی بە شیکردنەوەی دەقەکە هەیە.

(شارل گریفل)یش ئەرکەکانی ناونیشان دیاری دەکات، کە بریتین لە:

١. ناونانی دەقەکە.
٢. دیاریکردنی ناوەڕۆکی دەقەکە.
٣. لەبەرچاو گرتنی دەقەکە.[3]

(١) بسام قطوس، سیمیاء العنوان، ط١، وزارة الثقافة، عمان، الأردن، ٢٠٠١، ص١٤٧.
(٢) بڕوانە: عبد الحق بلعابد، عتبات النص، ص٨٦-٨٨.
(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

لەبەرئەوەی ناونیشان یەکەم سەرنجمان دەداتێ بۆ چوونە ناو بەرهەمە هونەرییەکەو تیشک دەخاتە سەری، بۆیە ناونیشان لە ڕۆمانی هونەریی نوێدا چەندین خاسیەتی وەرگرتووە، کە بریتین لە :

١. دەستنیشانکردنی خود و واقیع و پاشخانی مێژوویی و رەمزی.
٢. کورتکردنەوەو روونی.
٣. وردی ناونیشان و کاریگەرییەکەی.
٤. پەیوەستبوونی راستەوخۆی ناونیشان بە دەقەکەوە.
٥. کۆکردنەوەی پێکهاتەکان و دەلالەت و مەبەستەکانی بەرهەمەکە.
٦. چڕکردنەوەی واتا لە چەند وشەیەکی کەمدا.
٧. دانانی ناونیشانی لاوەکیی سەرنجراکێش لەدوای ناونیشانە سەرەکییەکە.
٨. کورتکردنەوەو پێشخەری.
٩. ئیحاگەریی مەجازی و رەمزی.
١٠. سوودبینین لە تەکنیکەکانی گرافیک و رەنگ لە پانتایی شوێندا.
١١. وروژاندن و راکێشانی سەرنجی خوێنەر لەرێگەی ناونیشاندانان بۆ بەش و پارچەکانی دەقەکە[1].

کەواتە ناونیشان بەشێک لە فەزای دەق پێک دەهێنێت و کلیلی کردنەوەی دەرگای کتێبە، کە خوێنەر دەتوانێت لێوەی بچێتە ناو جیهانی دەقەوە، بۆیە دەبێتە چێژێک لەناو هەر خوێنەرێکدا و ئازادی و فزولــە مەعریفییەکەی دەوروژێنێت بۆ ئەوەی کتێبەکە بخوێنێتەوەو لاپەڕەکانی هەڵبداتەوە بۆ کەشفکردن و بە قسەهێنانی دەقەکە، بەمەش ناونیشان ڕۆڵی نێوەندگیر دەبینێت لەنێوان خوێنەر و دەقدا.

ناونیشانی ڕۆمانی (ژن) بە فۆنتێکی گەورە و ڕەنگی سەوز بە چوارچێوەیەکی ڕەش لەسەر بەرگی کتێبەکە نوسراوە، نوسینی ناونیشانەکەش بە گەورەیی لەسەر بەرگدا سووربوون و پێداگریی نوسەر لەسەر ناونیشانەکە دەکاتەوە، هەروەها نوسینیشی بە ڕەنگی سەوز دەلالەتە لەوەی، کـە ژن سەرچاوەی ژیان و ئارامی بەخشن، چونکە ڕەنگی سـەوز واتای ژیان و ئارامی بەخشین و دڵنیایی دەگەیەنێت، بەڵام چوارچێوە ڕەشەکەی بـە واتای ناخۆشی و تاریکی و زەبرو زەنگ دێت، چـونکە ڕەنگی ڕەش بە واتای ناخۆشی و دڵتەنگی و مەینەتی دێت. ئەگەر لە ناونیشانی ڕۆمانی (ژن) بڕوانین پێش ئەوەی ڕۆمانەکە بخوێنینەوە، لەوانەیە بڵێین ناونیشانێکی سادەو ساکارە و ڕۆمانەکە باسی (ژن) دەکات، بەڵام تاوەکو ڕۆمانەکە هەمووی نەخوێنیتەوە لەوە تێناگەیت، کە ئەم ڕۆمانە باس لە چ

---

(١) جمیل حمداوي. سيميوطيقا العنوان، ط١، ٢٠١٥، ص٤٥-٤٦.

لایەنێکی ژن دەکات، چونکە هەرچەندە ناونیشانەکە وەکو وشە لە ڕووکەشەوە وشەیەکی سادەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا کۆمەڵێک دەلالەتی قووڵ لە خۆ دەگرێت، چونکە باس لە ئازار و مەینەتی و چەوساندنەوەی ژن دەکات، بەتایبەتی ژنانی کورد لە ئەوروپا، کە بەدەست مێردەکانیەوە ڕۆژانە رووبەڕووی چەندەها سووکایەتی و ئازاردانی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە، بەمەش ناونیشانەکە پەیوەندییەکی پتەوی بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەوە هەیە، وەک لە یەکێک لە نموونەکانی ڕۆمانەکەدا وەگێڕ دەڵێت: "ژیان بۆ من بووەتە سەحرایەک لە خەڵووز، ئێستا ڕۆژە، تیشکی هەتاو پانتایی زەوی و ئاسمانی تەنیوە. لە شەقامەکانی شاردا هەزاران کەس دێن و دەچن و لەو باوەڕەدا نین کەسانێکی وەک من و شارا هەن کە مافی چوونە دەرەوەمان نییە، نەک هەر هێندە، بەڵکو مافی ژیانێکی ئاساییشمان نییە. ئەوەی لە سکی دایکماندا وەک کچ دروستکراوین بۆتە سەرچاوەی بەدبەختییەکانمان، ئەگەر بمزانیبا دەکەومە ئەم دۆزەخەوە، براکانیشم لە برسانا بمردنایە ئەم شووەم نەدەکرد، باشە ئەوە من نەزان بووم ئەم کابرایەم نەدەناسی، ئەی ئەوانی تر بۆ وایان بەسەر هاتووە، ئەی خۆ لەسەنتەری ژنان ژنە سویدیشی لێبوو، جیاوازییەکەمان تەنیا هەر ئەوە بوو ئەوان زۆر چاوەڕوان ناکەن و جیادەبنەوە، هەر زوو پەتەکە دەپچڕن."[١]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە (شیرین)ی کارەکتەر پاڵنەرێکی بۆ شوکردنەکەی هەبووە، ئەویش هەژارییە، وەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا زیاتر روونی دەکاتەوەو دەڵێت: "دایکم گریاو تکای لێکردم کە شوو بەم کابرایە بکەم، تەنیا بۆ ئەوەی لەو ژیانە پڕ دەردەسەرییە نەجاتمان بێت. من شووم بە پارە کرد بۆ نەجاتدانی دایک و دوو کوڕە سەقەتەکەی"[٢]، بەڵام لەسەر دەستی مێردەکەی ڕووبەڕووی چــەندەها سووکایەتی و لێدان و زیندانکردن و ناخۆشی دەبێتەوە، وەک (شیرین) دەڵێت: "وابزانم کەستان وەک من تووشی ئازارو چەرمەسەری نەبوون، هەر هیچ نەبێ هەریەکە لە ئێوە کەسێکتان هەبووە لێرە یان فریا کەوتوون فێری زمان ببن، بەڵام من هەر پاش چەند مانگێ خرامە زیندانەوە، نەمدەتوانی پەیوەندی بە کەسەوە بکەم نەشمدەزانی چی بکەم.

- ئەی چۆن ڕزگارت بوو.

- ئەوەش چیرۆکی خۆی هەیە، ئەو شەوەی کە ویستم ڕابکەم پێی زانیم و زۆری لێدام. منیش ئەوەندەی لە توانامدا بوو قیژاندم و هاوارم کرد، یەکسەر دەمی بەستم و بۆ ئەوەی دەنگم نەڕوات. ئیتر تا بەیانی نووزەم دەهات، بـەیانی خۆی هەستاو چوو بۆ سەرکار. گوێم لێبوو، کەسێک لە دەرگای دا بە هێواشی چووم و لە چاوی دەرگاکەوە تەماشا بکەم. سەیرم کرد ژنێکی پیر بوو..........

- من سویدی تێناگەم، ئینگلیزی دەزانی؟

(١) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل٧٧.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

- ئـــا دەزانم. دوێنێ شەو گوێم لێبوو دەگریای لەوەی دەکرد مێردەکەت لێتبدات. ئەوە چەند جارێکە گوێم لە دەنگە دەنگ دەبێت"[١].

(شارا) کارەکتەرێکی تری نـــاو ڕۆمانەکەیە، بـەهەمان شێوە ڕووبـەڕووی ئازار و ئەشکەنجە و لێدان و سوکایەتی دەبێتەوە لەلایەن مێردەکەی و باوک و براکەیەوە، چونکە ئەم هەرچەندە خۆی لە سوید لە دایک بووە، بەڵام باوکی زۆر پەیوەست دەبێت بە داب و نەریت و کلتوری کوردەوە بۆیە کچەکەی دەباتەوە بۆ کوردستان و دەیدات بە برازاکەی خۆی و پاشان دەیانهێنێتەوە بۆ سوید و دەیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، وەک لەم نموونەیەدا بە ڕوونی ئەمە دەبینرێت: "شارا و مێردەکەی تا دوو مانگێ لە ماڵی باوکیدا مانەوە، پاشان خانوویەکی بچووکی یەک ژوورییان بۆ پەیدا کردن. داوای سۆسیال کراو ئیتر ژیان بەسەر برا تا منداڵەکەی بوو. بە بڕیاری باوکی، مێردەکەی کرابووە حەرەسی شارا و ڕێگەی پێنەدەدا یەک هەنگاو لە ماڵ دوور کەوێتەوە. هاوڕێکانی شارا هەموو ئامادەییان تەواو کردبوو. شاراش هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ قوتابخانەدا نەمابوو لەبەرئەوەی تا ئەمان لە وڵات هاتنەوە، ماڵی باوکی لە ناوچەیەکی تر خانوویان کڕیبوو........باوکی شارا چەند سەعاتێک کاری ڕەشی بۆ زاواکەی دۆزییەوە، ئەویش پاش کۆرسی زمان دەچووە کار. باوکی یان براکەی بە ئۆتۆمبیل دەهاتن بەدوای شارادا، تا مێردەکەی لە کار دەهاتەوە، لە ماڵی باوکی دەمایەوە"[٢]. ئەم دەقانە و چەندان دەقی تر، کە لە ڕۆمانەکەدا بوونیان هەیە دەرخەری ئەو ڕاستیەن، کە ناونیشانەکە پەیوەندییەکی پتەوی بە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەوە هەیە و ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکەکەیەتی، بەمەش خوێنەر پێویستی بە ماندوو بوونێکی زۆر نییە، بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکەکەی تێبگات. کەواتە هەڵبژاردنی ناونیشانەکەش لەلایەن نوسەرەوە، بۆ خستنەڕووی هەموو ئەو نەهامەتیانەیە، کە بەسەر ژندا هاتوون، بەتایبەتی ژنانی کورد لە هەندەران، لەگەڵ ئەو فەزا داخراو و ناخۆشانەی تێیدا دەژین.

لەبەرئەوەی یەکێک لە ئەرکەکانی ناونیشان بریتییە لە سەرنج ڕاکێشان، بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر رابکێشێت و بەرەو دەقەکە بیبات، بۆیە ڕۆمانی (سنورداشیک لە بیابان) یەکێکە لەو ڕۆمانانەی، کە ناونیشانەکەی سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و بەرەو خۆی دەیبات، لەبەرئەوەی هەردەم بۆ کورد وشەی (بیابان) بە واتای نەهامەتی و دەردەسەریی و ئەنفال و قڕکردن و کوشتن و بڕین دێت، واتە زۆر ڕووداوی ناخۆشی بیردەخاتەوە. وشەی (سنورداش)یش بە مانای ئاودیوکردنەوە لە سەر سنور دێت، بە تایبەت کاتێک مرۆڤ دەیەوێت بە قاچاخ سنوری وڵاتێکی تر ببڕێت، بەڵام لێرەدا لە بیابان سنورداشکراوەتەوە، هەر بۆیە ئەمـە وا لە خوێنەر دەکات ڕۆمانەکە بخوێنێتەوەو تا

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

(٢) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل٥٤.

کۆتاییەکەی بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی لێی تێبگات و هیچ شتێک بە شاراوەیی لای نەمێنێتەوە. ناونیشانەکەش پەیوەندییەکی پتەوی بە ناوەڕۆکەکەیەوە هەیە، بەشێوەیەک سەرتاپای ڕۆمانەکە لە ناونیشانەکەدا لای نەداوە، چونکە باس لە چەند ماڵێکی هەژاریی شاری کەرکوک دەکات، کە دەیانەوێت لە رێگای بیابانەوە بەرەو وڵاتێکی ئیسلامی کۆچ بکەن، وەک وەگێڕ ئاماژەی پێدەکات: "مانگ بە سەرمانەوە زۆر نزیک دیاربوو، ڕووناکی دابووە رووی تەختی بیابان، کە تەماشام کردن، ئەو دیمەنە وەک خەونێ دەهاتە پێش چاو، لە بیابانێ، نۆزدە کەس لە پیاو، ژن و منداڵ جێهێڵراوین و تەنیا ئەستێرە و مانگ کەسمانە و رووناکیمانە.........قاچاخچیمان دەگەڵ نەماوە، دەبێ ورە بەرنەدەین، پشت بەخۆمان ببەستین، بڕوامان بە خۆمانبێ، شوێنەکە دیارە و پێویست ناکا خۆمان بترسێنین، گەیشتین بەو رووناکییەی ئەو دیو سنوور، لە هەژاریی و ناخۆشی ژیان رزگارمان دەکا"[(١)].

هەروەها لە نموونەیەکی تردا وەگێڕ بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "لە ناکاو یەکێ لە سەربازەکان هاواری کرد، دیار بوو چەن ڕۆژێ بوو، ئەو هاوارە لە دەروون و ویژدان و مێشکی پەنگی خواردبووەوە، گوتی "چۆن دەبێ ئەمانە بە زۆر بنێرنەوە، ئەمانە پەنایان بۆ هێناوین، نەخوازەڵا ژن و منداڵ و نەخۆشیان دەگەڵدایە، چ ویژدانێ دەتوانێ ئەمانە بگەڕێنێتەوە؟!! ئێمە موسڵمانمان پێدەڵێن، وڵاتی کەعبەی پیرۆزین، دای لە کوڵپەی گریان، بە خوڕ فرمێسکی دەڕژان، دەسی بۆ لای ئێمەوە درێژ کرد و گوتی: ئێستە ئەمانە دەدەنە دەسی سەدامی خوێنڕێژ؟!! ئەو سەدامەی شەوان بە دووربین سەیرمان دەکرد، چۆن بە دەمی شۆفەڵ، چاڵی لەم بیابانە هەڵدەکەن، (ژن، منداڵ، پیر و لاو)ی گەلەکەی تێدا زیندە بە چاڵ دەکرد، ءیمەش هیچ دەسەڵاتمان نەبوو، تەنیا لە دوورەوە ئەشکمان بۆ هەڵدەڕشتن.!!"[(٢)]، جگە لەم دوو نموونەیە لە زۆربەی زۆری ڕۆمانەکەدا ئەم پەیوەندییە بە هێزەی نێوان ناوەڕۆک و ناونیشانەکە دەبینرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ناونیشانی ڕۆمانەکە ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەیە.

(گرەوی بەختی هەڵاڵە) ناونیشانی ڕۆمانێکی ترە، جگە لەم ناونیشانە ناونیشانێکی لاوەکیشی لەگەڵدایە ئەویش بریتییە لە (دواڕۆژەکانی ژیانی باڵندەیەکی کۆچەر). ناونیشانە سەرەکییەکە ڕاستەوخۆ لە ڕۆمانەکەدا چەندین جار بەکار هاتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پەیوەندییەکی پتەوی بە ناوەڕۆکەکەیەوە هەیە، چونکە لە چەند شوێنێکی ڕۆمانەکەدا ڕۆماننوس ئاماژە بەم گرەوە دەکات لەسەر بەختی هەڵاڵەی کارەکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکە، وەک لە یەکێک لە نموونەکاندا هاتووە "ئامادەم گرەوت لەگەڵ ببەستم ئێستا شووی پێ بکەیت، دوای مانگێک پیلەت پێدەگرێت و،

---

(١) سەدرەدین محێدین کەڵهوڕیی، سنورداشێک لە بیابان، ل٦٩.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

داوات لێ دەکات لەگەڵیدا بچیتەوە بۆ شار و خۆتان تەسلیم بکەنەوە"[1]، لەم نموونەیەدا باوکی گرەو لەگەڵ هەلاڵە دەکات، ئەگەر شوو بە برایمی خۆشەویستی بکات، ئەوا ئەوەندەی پێناچێت و خۆی تەسلیمی دەسەڵات دەکاتەوە. جگە لەوەش بۆ چـــەندین شتی تر هەلاڵە گرەو لەگەڵ باوکی دەکات، هـــــەروەها بەهەمان شێوە لە چەند شوێنێکی تری ڕۆمانەکەدا ئەم پەیوەندییە دەبینرێت، بە تایبەتی لە لاپەڕەکانی (٢٣٥، ٢٣٦، ٢٣٩، ٢٨٧،.....هتد)، بەڵام ناونیشانە لاوەکییەکە (دواڕۆژەکانی ژیانی باڵندەیەکی کۆچەر)، ئەگەر بە شێوەیەکی سادەو ساکار بێ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، بڕیار ی لەسەر بدەین، ئەوا وەکو ناونیشانێکی سادە سەیردەکرێت، چونکە لـە چوار وشەی سادە پێک دێت، ئەوانیش بریتین لە (دواڕۆژ، ژیان، باڵندە، کۆچەر)، کە هیچ تەمومژ و ئاڵۆزییەکەی تێدا نابینرێت، لەبەرئەوەی باس لە دواڕۆژاەکانی باڵندەیەکی کۆچەر دەکات، بەڵام دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەک، ئینجا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە مەبەست لە دواڕۆژەکانی باڵندەیەکی کۆچەر نییە، بەڵکو مەبەستی ڕۆماننوس دواڕۆژەکانی کچێکی پەناهەندەیە، کە لەسەر دەستی مێردەکەی دەکوژرێت، بەمەش ناونیشانەکە لە کۆمەڵێک ڕەمز پێکهاتووە، کە پێویستی بە ڕاڤەو لێکدانەوە هەیە، ئەم لێکدانەوەیەش دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بەدەستی دەهێنێت.

لە ڕۆمانی (گۆڕە درەشاوەکان)دا ڕۆماننوس لادانێکی واتایی کردووە، چونکە (گۆڕ) هەرگیز درەوشاوە نییە، بە پێچەوانەوە شوێنێکی تاریکەو هیچ ڕووناکی و درەوشانەوەیەکی تێدا بەدی ناکرێت، بەڵکو ڕۆماننوس مەبەستی لە درەوشانەوەی ئەو هەزاران شەهیدەیە، کە بە ناهەق گیراون و دواتر شەهید کراون، کەواتە مەبەستی ڕۆماننوس درەوشانەوەی گۆڕەکان نییە، بەڵکو مەبەستی لە درەوشانەوەی کەسەکانی ناو گۆڕەکەیە. تەنانەت ئەگەر لە وێنەی سەر بەرگەکەشی بڕوانیت، ئەوا وا هەست دەکەیت ڕۆماننوس باس لە گۆڕی ئەنفالەکان دەکات، بەڵام دوای خوێندنەوەی تەواوی ڕۆمانەکە خوێنەر بڕیار و شیکردنەوەکەی گۆڕانی بەسەر دادێت، چونکە ڕۆمانەکە باس لە گۆڕی ئەو شەهیدانە دەکات، کە بە ناهەق دەگیرێن و شەهید دەکرێن، تەنانەت هەندێکیان هەر گۆڕیشیان نییە، چونکە یان پارچە پارچە کراون خراونەتە بەردەمی سەگ، یاخود زیندەبەچاڵکراوان و کەس شوێنی گۆڕەکەیان پێنازانێت، یانیش بە بەنزین سوتێندراون و لاشەکەیان هیچی لێ نەماوەتەوە.

لەم بارەیەوە وەگێڕ دەڵێ: "لە ناو ئەم گۆڕستانەدا، بۆ هەر لایە بینای سەرنجت ڕانابوایە، هەر گۆڕی هەڵنراو و قەفەزی ئاسن و نیکلی سەر بە گومگومە بوو، لەهەر کێلێک رامابووی، کورتە مێژوویەکی خاوەن گۆڕ و ڕۆژی شەهید بوون و جوانەمەرگبوونی، یان مردنی للەسەر نووسرابوو....... پێشتر هەروام دەزانی ئەم گۆڕانەش هەموو وەک باوکم شەهید بوون، وەک باوکم کتوپڕ تەرمەکەیان هێنراوەتەوە، بەڵام کـە فێری خوێندنەوەو مانای بەردە نووسراوەکان بووم، ئەوساکە توانیم واتای

(١) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەلاڵە، ل٢٣٥.

(شەهید) و (جوانەمەرگ) و (مردنی ئاسایی) لەیەک جویّ بکەمەوە. ئەو کاتە تێگەیشتم ئەو کەسەی شەهید بیّ مانای چییە؟"[1]، هەروەها لە لاپەڕەکانی (١٩٢، ١٩٣، ١٩٥، ١٩٦، .....) لاپەڕەکانی دواتریش ئەم پەیوەندییەی ناونیشان بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بە روونی دەبینرێت، کە لێرەدا بە پێویستمان نەزانی هەموویان بنووسین و ئاماژەیان پێبدەین.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەمانەی پێشوو، لە ڕۆمانی (ساباتێک لە مێژەڵۆک)دا، ئەم پەیوەندییەی نێوان ناوەڕۆک و ناونیشانەکە بە ئاسانی نابینرێت و هەستی پیّ ناکرێت، چونکە تاوەکو خوێنەر تەواوی ڕۆمانەکە نەخوێنێتەوە لە ناونیشانەکەی تێناگات، چونکە ناونیشانەکە لە سیّ وشە پێک هاتووە، کە بریتین (سابات، لە، مێژەڵۆک)، وشەی (سابات) بە واتای کەپر دێت، وشەی (مێژەڵۆک)یش بە واتای لق و پەلی مێو دێت، بەڵام لە هیچ شوێنێکی ڕۆمانەکەدا باس لە کەپر یان سابات نەکراوە، کە بە لقو پەلی مێو دروست کرابێت، بەڵکو ڕۆمانەکە باس لە دەسەڵاتی ئافرەتێک دەکات بە ناوی (شەبەنگ خاتوون)، کە حوکمی کۆشکێک دەکات، کە کەس ناتوانێت بە بیّ ئیزن و فەرمانی ئەو بجوولێتەوە، بۆیە خەڵکەکەی ناو کۆشک و دەرەوەی کۆشک هەمیشە بە ترسەوە لەگەڵی دەجوولێنەوە، ئەمەش وا لە خەڵکەکە دەکات، کە ڕۆژێک لێی ڕاپەڕن و کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی بهێنن، بۆیە لێرەدا ڕۆماننوس دەسەڵاتی شەبەنگ خاتوون و ڕووخانەکەی، بە ڕووخانی کەپرێک دەچووێنێت، کە لقو پەلی مێو دروستکرابێت و بەرگەی ڕەشەبا نەگرێت.

لەم نموونەیەدا ڕۆماننوس باس لە دەسەڵاتی شەبەنگ خاتوون دەکات بەرامبەر بە هاوسەرەکەی، کە تیایدا هاتووە: "عەزرەتی تۆ بەناو مێردە گولەی من بوویت، لەوەش حاڵیت من (توران)ی جاری جاران نیم ئەمڕۆ من حوکمی کۆشک سەرایەک دەکەم، خۆ بەوە نییە لە تەلاری بەرزدا ژیان دەگوزەرێنی و ئامێری ئەلکترۆنی بەکاردێنیت، خاوەنی ئەم جۆرە کەلوپەلە تازە مۆدیلانەشی کە خەڵکی ئەم مەملەکەتە خەونی پێوە دەبینن، ئەی سەروەت و سامانە لە بنەهاتووەکەت، بەڵام بەداخەوە هێندی تۆزقاڵێک تێفکرینت بە دەوروبەرەکەت گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە"[2]. کەواتە ناونیشان لە کۆمەڵێک دەلالەتی ڕەمزیی پێک دێت، کە پێویستی بە شیکردنەوەو لێکدانەوە هەیە، ئەم ڕەمزانەش ناتوانرێت بشکێنرێت یان ڕاڤەو لێکدانەوەی بۆ بکرێت، تاوەکو لە ناوەڕۆک و مەبەستەکەی تێنەگەیت.

(جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد) ناونیشانی ڕۆمانێکی (بەختیار عەلی)یە، کە پێک دێت لە ناونیشانێکی سەرەکی و ناونیشانێکی لاوەکی. ناونیشانە سەرەکییەکە ناوی کەسێکە بە ناوی چەمشید خان، کە مامی کەسێکە، بۆیە ناونیشانە سەرەکییەکە ناونیشانێکی

---

(١) حسام بەرزنجی، گۆڕە درەشاوەکان، ل١٩١.

(٢) محمد رشید فەتاح، ساباتێک لە مێژەڵۆک، ل٢٢.

سادەیەو خوێنەر لەوە تێدەگات باسی کەسێک دەکات بەو ناوە، بەڵام ناونیشانە لاوەکییەکە جێگای سەرسوڕمان و سەرنجدان و تێڕامانە، چونکە چۆن دەبێت مرۆڤ هەمیشە با، کە هەڵی کرد لەگەڵ خۆی بیبات، بۆیە ناونیشانە لاوەکییەکە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشیت و وای لێدەکات ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە وەربگرێت، کە ئایا مرۆڤ دەتوانێت بفڕێت؟ یان نا؟ بەڵام خوێنەر هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا وەڵامی پرسیارەکەی دەست دەکەوێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا حەز دەکات بەردەوام بێت تا دەگاتە کۆتایی ڕووداوەکان.

ناونیشانەکە لە بەشێکی زۆری ڕۆمانەکەدا دووبارە بۆتەوەو دەبینرێت، بە شێوەیەک هیچ بەشێک نییە باس لە ڕووداوی فڕینی جەمشید خان نەکات، وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ باس لە فڕینی جەمشید خان دەکات و دەڵێت: "لەسەر سنوور هەموو نەفەرەکان لە ترسا دەلەرزین و منیش دەلەرزیم، بەڵام جەمشید خان کە جووڵەی بای زۆر بە دڵ بوو بە هەموومانی گووت دەبێت ترسمان نەبێت، چونکە ئەمە مسۆگەرترین سەفەرێکە لە ژیانماندا کردبێتمان. جەمشید وای گووت و لە ماشێنەکە پەتمان دەرهێنا و بە بەرچاوی نەفەرەکانەوە کە زاریان لە سەرسامیدا داچەقیبوو سەرکەوت بۆ ئاسمان"(1)، لێرەدا کارەکتەر دوای ئەوەی پەتەکە لە خۆی دەبەستێت بەبەرچاوی هەموو ئەوانەی لەوێن بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان.

## - دابەشکردن و ڕێکخستنی بەشەکان:

یەکێکی ترە لەو پێکهاتانەی، کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە فەزای دەقدا، ئەویش دابەشکردنی ڕۆمانەکەیە بۆ چەند بەشێک و ڕێکخستنی بەشەکان و گونجانیان لەگەڵ یەکتر، بێگومان هەر نوسەرێکیش شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە لە ڕێکخستنی بەشەکان و گونجاندنیان لەگەڵ یەکتردا، لە خوارەوەدا دابەشکردن و ڕێکخستنی بەشەکانی یەکە بە یەکەی ئەو ڕۆمانانە دەخەینە ڕوو، کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٥- ٢٠١٠) وەکو نموونە وەرمانگرتوون.

سەرەتا بە ڕۆمانی (ژن) دەستپێدەکەین، ئەم ڕۆمانە لە (١٨) بەش پێک دێت، نوسەر بۆ هەر بەشێک ژمارەیەکی داناوە، کە بە ژمارە (١) دەست پێدەکات و بە ژمارە (١٨) کۆتایی دێت. نوسەر لەم ڕۆمانەدا سیستمێکی تایبەتی پەیڕەوکردووە بۆ دابەشکردن و ڕێکخستنی بەشەکان، بەشێوەیەک بۆ هەر بەشێک پێش دەستکردن بە نوسین (٩) نۆ دێڕ بە سپێتی بەجێدەهێڵێت ئینجا دەست دەکات بە نوسین، ئەمەش بۆ جیاکردنەوەی بەشەکانە لەگەڵ یەکتری، ئەم سیستمەی لە سەرجەم بەشەکاندا

(١) بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم، ل١٠٥.

پەیڕەو کردووە، هەروەها لە کۆتایی هەر بەشێکیشدا بەهەمان شێوە (٣-١٢) دێڕ بە سپێتی بەجێدەهێڵێت و بەمەش کۆتایی بە بەشەکە دەهێنێت. هەروەها بۆ گێڕانەوەی ڕوداوەکانیش سیستمێکی تایبەتی پەیڕەوکردووە، کە لە بنیاتی ڕووداودا پێیدەڵێن بنیاتی تێکچڕژاو یان چووە ناویەک ، چونکە لە بەشی یەکەمدا باس لە یەکەم ڕۆژی کارکردنی (شیرین)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە دەکات لە نەخۆشخانەیەکی سوید، کە بە پیشەی پاککەرەوە دامەزراوە، پاشان بە فلاش باگ دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، باس لەو ڕۆژە دەکات، کە (دلێر)ی برای هەواڵی وەرگیرانی لە کۆلیژی پزیشکی پێدەدات، پاشان دووبارە لە بەشی دواتردا لە کوردستان دادەبرێت و دەگەڕێتەوە بۆ سوید، واتە لێرەدا ڕۆمانئوس لە نێوان دوو کاتی جیاواز و دوو شوێنی جیاواز و تەنانەت دوو فەزای جیاوازدا دێت و دەچێت، کە ئەوانیش سوید (ئێرە) و کوردستان (ئەوێ)ن.

لە بەشی دووەم و سێیەمیش پەیڕەوی هەمان سیستمی بەشی یەکەمی کردووە، ئەویش گێڕانەی ڕووداوەکان لە نێوان (سوید و کوردستان)، تەنها کات گۆڕانکاریی بەسەردادێت، ئەویش لە بەشی دووەمدا باس لە دوای نزیکەی مانگێک کارکردنی دەکات لە نەخۆشخانەکە، لە بەشی سێیەمیشدا دوای دوو مانگ کارکردنی لە نەخۆشخانەکە، بەمەش سێ بەشی یەکەمی بە سیستەمێکی جیاواز ڕێکخستووە لە چاو بەشەکانی تر، بەڵام لە بەشی چوارەمەوە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ڕێکخستنی بەشەکان گۆڕانکارییان بەسەر دێت، چونکە بنیاتی ڕووداوەکە دەبێتە بنیاتی هاوتەریب (نۆبەتی)، بەجۆرێک (بەشی چوارەم و شەشەم و هەشتەم و دەیەم و دوازدەهەم و چواردەهەم و شازدەهەم)، شوێنی ڕووداوەکان بۆ ماڵی (دکتۆر هانس) دەگۆڕێت، کە یەکێکە لەو دکتۆرانەی لەو نەخۆشخانەیە کاردەکات، کە (شیرین)ی کارەکتەری لێیە و دواتر پەیوەندی خۆشەویستی بەیەکەوە دەبەستن، لە بەشەکانی (پێنجەم و حەوتەم و نۆیەم و یازدەهەم و سێزدەهەم و پازدەهەم و حەڤدەهەم)یشدا، ڕۆمانووس ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە، کە لە ماڵەکەی شیرین لە سوید ڕوودەدەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕۆمانئوس پەیڕەوی سیستمێکی تایبەتی کردووە، بۆ ئەوەی ئازادییەکی زیاتری هەبێت و خوێنەر هیلاک نەبێت لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، هەروەها بتوانێت فەزایەکی دەقی جیاواز پێشکەش بکات، جگە لەمانەش ژمارەی لاپەڕەی بەشەکانی کەمترینی لە (٦) لاپەڕە و زۆرترینیشی لە (١٦) لاپەڕە پێک دێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕێکخستن و دابەشکردنی بەشەکان، لەم خشتەیەی خوارەوەدا بەشەکان و ژمارەی لاپەڕەکانی هەر بەشێک دەخەینە ڕوو:

| بەشەکان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| بەشی ١ | ٦ لاپەڕە |
| بەشی ٢ | ٦ لاپەڕە |
| بەشی ٣ | ١١ لاپەڕە |
| بەشی ٤ | ٦ لاپەڕە |
| بەشی ٥ | ١١ لاپەڕە |
| بەشی ٦ | ٩ لاپەڕە |
| بەشی ٧ | ١١ لاپەڕە |
| بەشی ٨ | ١٢ لاپەڕە |
| بەشی ٩ | ١٥ لاپەڕە |
| بەشی ١٠ | ٨ لاپەڕە |
| بەشی ١١ | ١١ لاپەڕە |
| بەشی ١٢ | ٦ لاپەڕە |
| بەشی ١٣ | ٩ لاپەڕە |
| بەشی ١٤ | ١٤ لاپەڕە |
| بەشی ١٥ | ١٦ لاپەڕە |
| بەشی ١٦ | ١١ لاپەڕە |
| بەشی ١٧ | ١٢ لاپەڕە |
| بەشی ١٨ | ١٥ لاپەڕە |

ڕۆمانی (ساباتێک لە مێژەڵۆک)یش لە (٢٨) بەش پێک دێت، ڕۆماننوس بەشەکانی بەشێوازێکی جیاواز بەش بەش کردووە، وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا روون کراوەتەوە:

| بەشەکان | ژمارەی لاپەڕەکان | ناوی بەشەکە |
|---|---|---|
| ١ | ٧-١٦ | |
| ٢ | ١٧ - ٢٧ | |
| ٣ | ٢٨ - ٣٩ | |
| یەک | ٤٠ - ٤٥ | یادەوەرییەکانی خاتوونی شەبەنگ |
| ٤ | ٤٦ - ٥٦ | |
| ٥ | ٥٧ - ٦٩ | |
| دوو | ٧٠ - ٧٣ | یادەوەرییەکانی خاتوونی شەبەنگ |
| ٦ | ٧٤ - ٨٣ | |
| ٧ | ٨٤ - ٩٣ | |
| سێیەم | ٩٤ - ٩٧ | یادەوەرییەکانی خاتوونی شەبەنگ |
| ٨ | ٩٨ - ١٠٨ | |
| ٩ | ١٠٩ - ١٢٢ | |
| چوارەم | ١٢٣ - ١٢٦ | یادەوەرییەکانی خاتوونی شەبەنگ |
| ١٠ | ١٢٧ - ١٤١ | |
| ١١ | ١٤٢ - ١٥٦ | |
| پێنجەم | ١٥٧ - ١٦٠ | یادەوەرییەکانی خاتوونی شەبەنگ |
| ١٢ | ١٦١ - ١٧٥ | |
| ١٣ | ١٧٦ - ١٨٤ | |
| شەشەم | ١٨٥ - ١٨٨ | یادەوەرییەکانی خاتوونی شەبەنگ |
| ١٤ | ١٨٩ - ٢٠٢ | |
| ١٥ | ٢٠٣ - ٢١٢ | |
| ١٦ | ٢١٣ - ٢٣٢ | |
| حەوتەم | ٢٣٣ - ٢٣٦ | یادەوەرییەکانی خاتوونی شەبەنگ |
| ١٧ | ٢٣٧ - ٢٤٨ | |
| ١٨ | ٢٤٩ - ٢٥٧ | |
| هەشتەم | ٢٥٨ -٢٦١ | یادەوەرییەکانی خاتوونی شەبەنگ |
| ١٩ | ٢٦٢ -٢٧٣ | |
| ٢٠ | ٢٧٤ -٢٩٤ | |

ڕۆماننوس لەم ڕۆمانەدا شێوازێکی تایبەتی پەیڕەوکردووە بۆ دابەشکردن و ڕێکخستنی بەشەکان، تێیدا ڕۆمانەکەی بەسەر (٢٨) بەش دابەشکردووە، بەم شێوەیەی لە خشتەکەدا دیارە، دوای سێ بەشی یەکەم، کە بە ژمارە نووسراون، ئینجا لە جیاتی بەشی چوارەم بە ژمارە بەشی یەک بە نووسین هاتووە، دواتر دوای دوو بەشی تر بە ژمارە، بەشی دوو بە نووسین دێت، بەمەش دوای هەر دوو بەش بە ژمارە بەشێک بە نووسین دێت، بەڵام کاتێک دەگاتە بەشی چوارەدم بە ژمارە دوای سێ بەش بە ژمارە بەشێکی تر، کە بەشی حەوتەمە بە نووسین دێت، دواتریش سیستەمەکەی پێشوو دوبارە دەبێتەوە، کە دوای هەر دوو بەش بە ژمارە بەشێک بە نووسین دێت، بەمەش دابەشکردنی بەشەکان کۆتایی دێت.

ڕۆماننوس لە بەشی (١)دا باس لە کۆشکەکەی خاتوون و ژیانی ناو کۆشک دەکات، لە بەشەکانی (٢، ٤، ٦، ٨، ١٠، ١٢، ١٤، ١٦، ١٧، ١٩)دا بابەت دەگۆڕێت و ئەم بەشانە بۆ ڕووداوی تر تەرخان دەکرێن، کە کارەکتەری سەرەکی ناو ئەم ڕووداوانە (ئاغای عەزرەتی) هاوسەری خاتوون شەبەنگن. بەشەکانی (٣، ٥، ٧، ١١، ١٣، ١٥، ١٨، ٢٠)یش وەگێڕ ڕووداوی تر دەگێڕێتەوە، کە کارەکتەری سەرەکی ڕووداوەکان ناوی (کۆیاد)ەو لە کۆشکەکەی خاتوون شەبەنگ دەستبەسەرە، لەبەرئەوەی هەردەم دژی گەندەڵی و

دەسەڵاتی کۆشک ڕەخنە دەگرێت، ڕووداوەکان باس لە کاتی گرتنی دەکەن، تا ئەو ڕۆژەی هەلی بۆ دەڕەخسێت و ئازاد دەبێت، هەروەها هەموو ئەو بەشانەی، کە بەنووسین نوسراون، وەک بەشەکانی (یەک، دوو، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم و هەشتەم) ناوی (یادەوەرییەکانی خاتوون شەبەنگ)ی لێ نراوەو باس لە ژیانی ڕابردووی شەبەنگ خاتوون دەکەن، بەمەش بنیاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکە بنیاتی تێکچرژاوە، چونکە روداوەکانی ئەم ڕۆمانە باس لە دوو کاتی جیاواز دەکات، ئەوانیش کاتی ئێستا و رابردووە، جگە لەمانەش لەسەرەتای هەر بەشێکیشدا چەند دێڕێکی بە سپێتی بەجێ هێشتووە، کە دێڕەکان لە نێوان (٣- ١٣) دێڕ دەبێت.

لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)دا، ڕۆماننوس ڕۆمانەکەی هەمووی بەسەر یەکەوە نووسیوەو بەش بەشی نەکردووە، چونکە وەگێڕ ڕووداوەکان یەک لە دوای یەک دەگێڕێتەوە، کە هەموویان دەربارەی ئەو نەهامەتی و چەرمەسەرییانەیە، کە (پیرۆز)ی کارەکتەری سەرەکی ڕووداوەکان تووشیان دەبێت. هەروەها لە ڕووی دابەشکردن و ڕێکخستنی بەشەکاندا، لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم)دا، شێوازێکی جیاوازتر لەوانی تر دەبینین، چونکە ڕۆماننوس دوای (٢٣)یەمین لاپەڕە، دێت ڕۆمانەکەی دەکاتە چەند بەشێک، بۆ هەر بەشێکیش ناوێکی لێدەنێت، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

| ناوی بەش | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| لەگەڵ جەمشید خان لە مەیدانەکانی جەنگدا | ٢٣-٤٧ |
| حەشارەکانی بارانۆک | ٤٧-٦٠ |
| گەڕانەوە بۆ شار | ٦٠-٧٨ |
| جەمشید خان و خودا | ٧٨-٩٢ |
| سەفەرەکانی جەمشید خان | ٩٢-١١٦ |
| ئاژانسەکەی جەمشید خان | ١١٦-١٣٣ |
| کۆتاییەکانی جەمشید خان | ١٣٣-١٥١ |

ڕۆماننوس هەر بەشێکی تەرخانکردووە بۆ ڕووداوێک، کە بەسەر کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەدا هاتووەو لە نوسینی یاد و یادوەرەی و ژیاننامە دەچێت. هەروەها ڕووداوەکانی یەک لە دوای یەک بە پێی کات باسکردووە، واتە هیچ ڕووداوێکی پێش ئەوی تر نەخستووەو وەکو زنجیرە بەدوای یەکدا دێن، هەر بۆیە بنیاتی ڕووداوەکە زنجیرەیی پێدەوترێت، بۆ نموونە لە سەرەتادا بە (لەگەڵ جەمشید خان لە مەیدانەکانی جەنگدا) وەگێڕ ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە، کە لە مەیدانەکانی جەنگی نێوان عێراق و ئێران بەسەریان هاتوون، دوای ئەوە دێتە سەر بە بەشێکی تر بە ناوی (حەشارەکانی بارانۆک)، کە لە ناونیشانەکەدا دیارە، کارەکتەر دوای پچڕانی پەتەکەی لەم جەنگەدا با بە خێراییەکی زۆرەوە سەدان کیلۆمەتر دوور لە شوێنی جەنگ هەڵی دەداتە باغێکی میوە لە نزیک شاری ئەسفەهانی ئێران،

بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ خاکی عێراق لە ترسی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس خۆی لە گوندەکەی خۆیان لە بارانۆک دەشارێتەوە، بەشەکانی تریش یەک لە دوای یەک ڕووداوەکانی تری وێستگەی ژیانی کارەکتەر دەگێڕنەوە. جگە لەمانەش هەموو بەشەکانی بەسەریەکەوە نووسیووە بەبێ ئەوەی چەند دێڕێک بە جێبهێڵێت، ئینجا دەست بە نووسینی بەشەکەی تر بکات، واتە بەشەکان تەنها بە پێی ناونیشانەکەی لەیەکتر جیاکراونەتەوە.

لە ڕووی دابەشکردن و ڕێکخستنی بەشەکانەوە، ڕەنگە لەیەک نزیکیەک هەبێت لە نێوان ڕۆمانەکاندا، بەڵام هەرگیز هیچیان لەوەی تریان ناچێت، بۆ نموونە ئەگەر باس لە دابەشکردن و ڕێکخستنی بەشەکانی ڕۆمانی (سنورداشێک لە بیابان)ی (سەدرەدین محێدین کەلهوڕی) بکەین، ئەوا ڕۆمانێکی (٣١٤) لاپەڕەییە و کراوەتە (٤٥) بەش، ڕۆماننوس بەزۆری پێش دەستپێکردنی بەشەکان (١-٢) دێڕی بە سپێتی بەجێهێشتووە و لە کۆتایی هەر بەشێکیشدا چەند دێڕیکی بە سپێتی بە جێهێشتووە، جگە لەمانەش ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەی هەمووی یەک لە دوای یەک و بەبێ پچڕان نوسیوەتەوەو هیچ ڕووداوێکی پێش ڕووداوەکەی تر نەخستووە، تەنانەت هەموو روداوەکان باس لە ساتی ڕوودانی ڕووداوەکان دەکات، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ رابردوو، بنیاتی ڕووداوەکەش بازنەییە، چونکە بە ڕووداوێک دەست پێدەکات، کۆتاییەکەش هەر بە هەمان ڕووداو کۆتایی دێت. لەم خشتەیەی خوارەوەدا، بەشەکان و ژمارەی لاپەڕەکان دەخەینە روو:

| بەشەکان | ژ. لاپەڕە | بەشەکان | ژ. لاپەڕە | بەشەکان | ژ. لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٠-٧ | ١٦ | ١٣٨-١١٦ | ٣١ | ٢٥٤ |
| ٢ | ٢٥-١١ | ١٧ | ١٤٥-١٣٩ | ٣٢ | ٢٥٨-٢٥٥ |
| ٣ | ٢٩-٢٦ | ١٨ | ١٥٢-١٤٦ | ٣٣ | ٢٦٩-٢٥٩ |
| ٤ | ٤٠-٣٠ | ١٩ | ١٦٠-١٥٣ | ٣٤ | ٢٧٥-٢٧٠ |
| ٥ | ٤٦-٤١ | ٢٠ | ١٦٩-١٦١ | ٣٥ | ٢٧٨-٢٧٦ |
| ٦ | ٤٩-٤٧ | ٢١ | ١٨٦-١٧٠ | ٣٦ | ٢٨٠-٢٧٩ |
| ٧ | ٥١-٥٠ | ٢٢ | ١٩١-١٨٧ | ٣٧ | ٢٨٢-٢٨١ |
| ٨ | ٥٥-٥٢ | ٢٣ | ٢٠٧-١٩٢ | ٣٨ | ٢٨٤-٢٨٣ |
| ٩ | ٦١-٥٩ | ٢٤ | ٢١٦-٢٠٨ | ٣٩ | ٢٩٣-٢٨٥ |
| ١٠ | ٦٨-٦٢ | ٢٥ | ٢٢١-٢١٧ | ٤٠ | ٢٩٦-٢٩٤ |
| ١١ | ٧٥-٦٩ | ٢٦ | ٢٢٦-٢٢٢ | ٤١ | ٣٠٠-٢٩٧ |
| ١٢ | ٨٤-٧٦ | ٢٧ | ٢٣٠-٢٢٧ | ٤٢ | ٣٠٢-٣٠١ |
| ١٣ | ٩٢-٨٥ | ٢٨ | ٢٤٦-٢٣١ | ٤٣ | ٣٠٦-٣٠٣ |
| ١٤ | ١٠٦-٩٣ | ٢٩ | ٢٥١-٢٤٧ | ٤٤ | ٣١٠-٣٠٧ |
| ١٥ | ١١٥-١٠٧ | ٣٠ | ٢٥٣-٢٥٢ | ٤٥ | ٣١٤-٣١١ |

ئەگەر بە وردی سەیرێکی خشتەکە بکەین، دەبینین ژمارەی لاپەڕەکانی بەشەکان لە هەندێک بەشدا تەنها یەک لاپەڕەیە یان کەمێک زیاتر، کەواتە ڕۆماننوس دەیتوانی بەشەکان کەم بکاتەوە و ژمارەی لاپەڕەی بەشەکان زیاد بکات، بەڵام بەمەبەستی هیلاک نەکردنی خوێنەر لە کاتی ڕۆمانەکەدا بەم شێوەیە بەشەکانی دابەشکردووەو ڕێکی خستوون، بەمەش ڕەچاوی خوێنەری کردووەو پشتگوێی نەخستووە.

بەڵام لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی عەتا نەهاییدا دابەشکردنێکی تری بەشەکان دەبینین، کە جیایە لە دابەشکردنی بەشەکانی ڕۆمانی پێشوو، چونکە هەرچەندە ڕۆمانەکە (٣٧٨) لاپەڕەیە و ژمارەی لاپەڕەکانی لە ڕۆمانەکەی پێشوو زیاترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننوس ڕۆمانەکەی دابەش کردۆتە سەر (٩) بەش، بەشێوەیەک هەر بەشێک لە (٤٠) لاپەڕە زیاترە، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر بێت تا دەگاتە بەشێکی تر یاخود وەستانێک، جگە لە ژمارەی زۆری لاپەڕەکان کاتی ڕوودانی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بە پێی سیستەم ڕێک نەخراوە، بەڵکو بەردەوام کات لە نێوان ڕابردوو و داهاتوودا دێت و دەچێت، واتە ڕۆمانەکە لە کاتی داهاتوودا بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە و بە پێچەوانەشەوە، بەمەش خوێنەر پێویستی بە کاتێکی زیاتر دەبێت بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە، بۆیە باشتر وابوو ڕۆماننوس ژمارەی لاپەڕەی بەشەکانی کەمبکردایەتەوەو ژمارەی بەشەکانی زیاد بکردایە، جگە لەمانەش لە هەموو بەشەکاندا پەیڕەوی سیستەمێکی تایبەتی بە خۆی کردووە، ئەویش بەجێهێشتنی (١٣) دێڕە بە سپێتی پێش دەستکردن بە نوسینی بەشەکە. لەم خشتەیەی خوارەوەدا بەشەکان و ژمارەی لاپەڕەی هەر بەشێک خراوەتە ڕوو:

| بەشەکان | ژ. لاپەڕە |
|---|---|
| ١ | ٧-٤٢ |
| ٢ | ٤٣-٨٤ |
| ٣ | ٨٥-١٢٠ |
| ٤ | ١٢١-١٥٩ |
| ٥ | ١٦٠-٢٠٣ |
| ٦ | ٢٠٤-٢٤٨ |
| ٧ | ٢٤٩-٢٨٣ |
| ٨ | ٢٨٤-٣٢٢ |
| ٩ | ٣٢٣-٣٧٨ |

## - پێشەکی:

پێشەکی بریتییە لە چەند دێڕێک یان لاپەڕەیەک، لە لاپەڕەکانی سەرەتای کتێبدا دەنوسرێت و لە وتارێکی کورت دەچێت، کە نوسەر تێیدا بیرۆکەی بەرهەمەکەی بە شێوەیەکی کورت دەخاتە ڕوو، لەگەڵ خستنە ڕووی ئەو هۆکارە خودیی و بابەتیانە، کە پاڵنەر بوون بۆ نوسینی بەرهەمەکەی، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست بکات و بیخاتە ناو فەزاکەیەوە. لەبەرئەوەی لە ڕۆماندا زۆر بەکەمی نوسەر پێشەکی دەنوسێت، هەر بۆیە لەو شەش ڕۆمانەی، کە کارمان لەسەر کردوون تەنیا ڕۆمانی (سنورداشێک لە بیابان)ی (سەدرەدین محێدین کەڵوڕیی) پێشەکی بۆ نوسراوە، کە نوسەر لە پێشەکییەکی دوو لاپەڕەییدا بە ناوی (سەرەتا) بەم شێوەیە دەست پێدەکات و دەڵێت: "گەر ئاوڕێ لە مێژووی نەتەوەکانی جیهان بدەیەنەوە، زۆربەیان بە دەس داگیرگەران و دوژمنانی مرۆڤایەتیی چەوسێنراونەتەوە...... گرنگترین چەکێ کە بەکاریان هێنا، لاوازکردنی باری ئابوورییە، واتە کێشانی باڵی هەژاریی بەسەر ئەو گەلە چەوساوانەدا. جا گەر ئاوڕێ لە مێژووی گەلی کوردمان لە عێراق بدەینەوە، ......... کە (کوەیت)ی داگیرکرد و دەیویست ببێتە هیتلەرێ دیکەی جیهان، بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان گەمارۆی ئابورییان بەسەردا سەپان. ئەویش بووە مایەی هەژاربوونی وڵات، خەڵکی ناچار کرد باوەشی گەرمیی نیشتیمانی دایک جێبێڵن، لە دەردی هەژاریی خۆیان رزگار بکەن و کۆچ بکەن بەرەو وڵاتانی جیهان. زۆربەی کۆچبەران بە شێوەی نایاسایی ڕەویان دەکرد، لە ڕێ تووشی زۆر کارەساتی دڵتەزێن، گرفت، زیندانی و سنووورداشکردن دەهاتن "[١].

نوسەر لە ڕێگای پێشەکییەکەوە بیرۆکەی ڕۆمانەکەی دەخاتە ڕوو، کە باس لە دیاردەی کۆچکردن بە شێوەی نایاسایی دەکات، هۆکاری کۆچکردنەکەش دەخاتە روو، کە بە هۆی نەداری و هەژارییەوەیە. دواتر نوسەر لە پێشەکیەکەیدا ڕووی دەمی دەکاتە خوێنەر و دەڵێت: "ئەم ڕۆمانە باسی چەند خێزانێکی زۆر هەژار دەکات، کە لەبەر دەردی هەژاریی، لەڕێی بیابانەوە بە شێوەی نایاسایی ڕەو دەکەن و ڕێی هات و نەهات دەگرنە بەر. بەڵام ئایا چۆن دەگەنە هەندەران، تووشی چی دەبن؟!! ئەو وەڵامە لە پاش خوێندنەوەی ڕۆمانەکە لای بەڕێزت روون دەبێتەوە"[٢]، بەمەش نوسەر لە ڕێگای پێشەکیەکەوە بیرۆکەی سەرەکی ڕۆمانەکە دەخاتە روو، کە باس لە چەند خێزانێکی هەژار دەکات، لەبەر هەژارییەوە ناچارن ڕێگای بیابان بگرنە بەر بۆ گەیشتن بە هەندەران. نوسەر لە پێشەکیەکەدا چەند پرسیارێک ئاڕاستەی خوێنەر دەکات و دەیەوێت لە ڕێگای ئەم پرسیارانەوە کاریگەری لەسەر خوێنەر دروستبکات و بیانخاتە ناو فەزای ڕۆمانەکەوە، چونکە تاوەکو ڕۆمانەکە بە تەواوی

---

(١) سەدرەدین محێدین کەڵوڕیی، سنووورداشێک لە بیابان، ل ٥-٦.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

نەخوێنێتەوە ناتوانێت وەڵامی پرسیارەکان بزانێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە یەکێک لە ئەرکەکانی پێشەکی ناساندنی ناوەڕۆکی بابەتەکەیە بە خوێنەر، بەڵام بەشێوەیەکی کورت و پوخت لە کۆتاییشدا نوسەر سوپاسی هەموو هاوڕێکانی دەکات، کە هاندەر و هاوکاری بوون.

## - پێشکەش:

دەستەواژەیەکە لەناو بەرهەمەی نوسەراندا دەبینرێت، کە تێیدا بەرهەمەکەی پێشکەش بە یەکێک یان شوێنێک دەکات، کە یارمەتیدەری بوون لە چاپکردنی بەرهەمەکەیدا. (جیرار جینیت) ئاماژە بە دوو جۆر پێشکەشکردن دەکات، ئەوانیش بریتین لە:

أ- **پێشکەشی تایبەت:** لەم جۆرەیاندا ئاڕاستەی کەسە نزیکەکانی دەکات، کە یارمەتی ماددییان پێشکەشکردووە.
ب- **پێشکەشی گشتی:** ئاڕاستەی کەسە مەعنەوییەکان دەکات، وەک: دەزگاکان، دەستەکان، ڕێکخراوەکان، و ڕەمزەکانی (ئازادی، ئاشتی، و دادپەروەری،.....)[(١)].

کەواتە پێشکەشکردن بە دوو جۆر دەبێت، یان بە شێوەی چاپکراو، کە ئەمەیان لەناو کتێبەکەدا بوونی هەیەو نوسەر کتێبەکەی پێشکەش بە کەسێکی تایبەت دەکات، یاخود بە شێوەی نوسراو، ئەمەشیان لەو کاتەدا دەبێت کاتێک نوسەرێک دانەیەک لە کتێبەکەی بە دەستوخەتی خۆی ئیمزای دەکات و پێشکەشی یەکێکی دەکات[(٢)]، بەڵام پێویستە ئەوە بوترێت، کە ئەم دوو جۆرە پێشکەشکردنە لە یەکتر جیاوازن، چونکە لە جۆری یەکەمیان (شێوەی چاپکراو)دا، نوسەر کتێبەکەی پێشکەش بە یەکێک دەکات و لەناو کتێبەکەدا لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان دەکات، کە ئەم لاپەڕەیە بە زۆری دوای لاپەڕەی ناونیشانی کتێبەکە دێت، هەرچەندە نوسەر دەتوانێت لە شوێنێکی تر لە کتێبەکەیدا دایبنێت، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو کتێبەکە لە چەند بەشێک یان چەند بەرگێگ پێکهاتبوو، ئەوا نوسەر دەتوانێت هەر بەشێک یان بەرگێگ پێشکەش بە کەسێکی تایبەت بکات، یان تەنها بەشێک یان بەرگێکی کتێبەکەی، بەڵام لە جۆری دووەمیان (شێوەی دەستوخەت)دا نوسەر تەنها دانەیەک لە کتێبەکەی وەکو دیاری پێشکەش بە کەسێک دەکات.

جۆری پێشکەشکردن لە ڕۆمانەکانی (سنورداشێک لە بیابان، گۆڕە درەوشاوەکان، گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا بە شێوەی چاپکراوە، کە لەناو کتێبەکەدا لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان کراوەو دوای لاپەڕەی ناونیشان دێت، تێیدا نوسەر ڕۆمانەکەی پێشکەش بە چەند کەسێک دەکات، هەندێک لەو کەسانە

(١) عبد الحق بلعابد، عتبات جيرار جنينيت من النص إلى المناص، ص٩٣.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی پێشوو.

بەشێوەیەکی تایبەتی ناویان دەهێنێت، هەندێکیشیان بە شێوەیەکی گشتی، واتە جۆری پێشکەشەکە هەم تایبەتیە و هەمیش گشتیی، بۆ نموونە پێشکەشکردن لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)ی (حسام بەرزنجی)دا هەم تایبەتە و هەم گشتیشە، چونکە ڕۆمانوس ڕۆمانەکەی پێشکەشکردووە بە شەهید (عەبدولسەمەد)ی برازای و شەهید (مورسەل)ی ئامۆزای، کە بە دەستی بەعسیەکان شەهید بوون[1]، ئەمەش پێشکەشکردنی تایبەتی پێدەوترێت، هەروەها لە گشتیشدا پێشکەشی کردووە بە گشت ئەنفال و شەهیدەکان و ...، وەک لە پێشەکییەکەدا هاتووە:

* سەرقافلەی جوانەمەرگان، شەهیدی ئەفسەر (عەبدولسەمەد سەید عەزیز گرد عازەبانی).
* ئەستێرەی گەشی وەرزشوانی، یاریزانی ناوخۆ و نێودەوڵەتی، شەهید (مورسەل سەید حوسێن گردعازەبانی) .
* بە هەموو پیر و منداڵی ئەنفالکراو و پێشمەرگە و خەباتگێڕانی شەهید و جوانەمەرگان.

لەم ڕۆمانەدا فەزای پێشکەشکردنەکە لەگەڵ فەزای ڕۆمانەکە زۆر گونجاوە، چونکە هەم پێشکەشکردنە تایبەتەکە، هەم پێشکەشکردنە گشتییەکە پەیوەندییەکی پتەویان بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە هەیە.

هەروەها لە ڕۆمانی (سنورداشێک لە بیابان)دا ڕۆمانوس ڕۆمانەکەی پێشکەش کردووە بە:

* ئەو کەسانەی کە بەدەردی هەژاریی گیانی پاکیان سپارد.
* هەژارانیی جیهان.
* ئەو کەسانەی رۆژێ لە رۆژان هەژاریی بووبێتە میوانیماڵەکانیان.
* گیانی پاکی قوربانیانی ئەنفال و کوسوکاری ئەنفالکراوان.
* هاوسەرەکەم.

لێرەدا دوو جۆر پێشکەش دەبینین، کە یەکێکیان تایبەتەو نوسەر بەرهەمەکەی پێشەکەش دەکات بە هاوسەرەکەی وەک دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی بۆی، دوومیشیان گشتیەو پێشکەشی دەکات بە هەژاران و ئەنفالکراوان بە گشتی، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە فەزای پێشکەشکردنەکەش پەیوەندییەکەی پتەوی بە فەزای ناو ڕۆمانەکە هەیە.

لە ڕۆمانەکانی (ژن، جەمشید خانی مامم)دا هیچ جۆرە پێشکەشکردنێک نابینرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە مەرج نییە هەردەم نوسەر کتێبەکەی پێشکەش بە کەسێکی تایبەت، یان لایەنێکی تایبەت بکات، بەڵکو زۆرجار نوسەر کتێبەکەی پێشکەش بە هیچ کەسێک یان لایەنێکی دیاریکراو

(١) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ڕۆمانوس (حسام بەرزنجی) ڕۆژی سێشەم لە ٢٠٢٠/٨/١١ کاتژمێر (١)ی دوای نیوەڕۆ.

ناکات، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت، کە هەر کتێبێک پێشکەشکردنی تیا نەبێت لە گرنگی و بەهای کەم نابێتەوە، بەڵکو ناوەڕۆکی کتێبەکە بەها و گرنگی کتێبەکە دیاری دەکات.

### ب. فەزای نوسین:

ئەگەر فەزای ڕۆمان گرنگییەکی زۆری هەبێت لە ڕێگەی ئەندازەی شوێنەکان و جێگیربوونی کارەکتەرەکان تیایاندا و ڕەنگدانەوەی کارەکان لەناویاندا، ئەوا فەزای کاغەزیی، رووبەرێکی بەتاڵ بۆ ئەو پێکهاتانە دەڕەخسێنێت تاوەکو فەزای خۆیانی تیادا بونیاد بنێن و دواتر ئیستاتیکای ئەو شوێنەی بەبەردا دەکات و بەپێی ئەو ئەندازەکەی بونیاد دەنێت، چونکە "چیرۆک تەنها بە ناوەڕۆکەکەی دیاری ناکرێت، بەڵکو بەو شێوە یاخود بەو ڕێگەیەش دیاری دەکرێت کە ئەو ناوەڕۆکەی پێشکەش دەکرێت"[١]. هەر بۆیە کاغەز ئەو شوێنەیە، کە بەرهەمە زمانییەکانی تیادا دەخرێتە ڕوو، لاپەڕەش پانتاییەکە ملکەچی هەردوو رەهەندی پانی و درێژییە، لە ئەنجامی یەکگرتنی ئەم دوانەشدا (کاغەز و لاپەڕە) فەزای نوسین پێک دێت، کەواتە فەزای نوسین "ئەو سنورەیە، کە نوسینە چاپکراوەکە لە رووبەری لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەدا داگیری دەکات، هەروەها مەبەست رەهەند و جۆرەکانی نوسینە بەکارهاتووەکەیە لە ڕووی ئاسۆیی و ستونی و چێوەو رووبەرە سپی و رەشەکان لە لاپەڕەکەدا"[٢]، بەمەش فەزای نوسین جۆری نوسین و دابەشکردنی سپێتی و ڕەشێتی سەر لاپەڕە دەگرێتەوە.

#### 1 - جۆری نوسین (ستوونی و ئاسۆیی):

- نوسینی ستوونی:

نوسین پێش ئەوەی شێوەیەکی هێڵی (خەتی) بێت، بە رەهەندێکی ئیستاتیکی و رەمزی دادەنرێت، کە لەلایەن نوسەرانەوە پەیڕەوی دەکرێت، بۆ ئەوەی شێوازێکی جیاوازی هەبێت لە چاو نوسەرێکی تر، چونکە زۆرجار جۆری نوسین شێوازی نوسەر دیاری دەکات و جیای دەکاتەوە لە نوسەرێکی تر، کەواتە نوسینی ستونی بە یەکێک لەو شێوازانە دادەنرێت، کە نوسەر لە کاتی نوسیندا پەیڕەوی دەکات و "بریتییە لەوەی لاپەڕەکە بە شێوەیەکی بەشەکی بەکار بهێنرێت، وەک ئەوەی نوسینەکە لەلای ڕاست یاخود لە ناوەڕاستدا یان لای چەپ دابنرێت و دێڕەکان کورتن، لە ڕووی درێژییەوە لە یەک جیاوازن و بەزۆی بۆ تێهەڵکێشکردنی دەقێک لە ڕۆمانەکدا دادەنرێت، یاخود بۆ دانانی شیعرێکە، گفتوگۆی خێراش لە چەند رستەیەکی کورتدا پێشکەش دەکرێت و بەمانە نوسینی ستوونی دروست

(١) حمید لحمداني، بنية النص السردي، ص٤٦.

(٢) مراد عبدالرحمن مبروك، جيوبولتيكا النص الأدبي، ص١٥٥.

دەکرێت"[١]. هەرچەندە زۆربەی نوسەران پەیڕەوی ئەم جۆرە نوسینە دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆری نوسین لە ڕۆمانێک بۆ ڕۆمانێکی تر، هەروەها لای نوسەرێک بۆ نوسەرێکی تر جیاوازە. هەروەها لەم جۆرەیاندا نوسین بە شێوەی ستونی دەردەکەوێت، کە "نوسەر لە لەلاپەڕەکەدا بە شێوەی ستونێک یان دوان یاخود زیاتر دەینوسێت، کە  وەک ڕێگای نوسینی شیعری ستونی و ئازاد وایە"[٢]، بە واتایەکی تر نوسینی ستونی هاوشێوەی نوسینی شیعری ستونییە، کە بە شیوەی دوو ستوونی وەک یەک دەنوسرێت. ئەم جۆرە نوسینەش لە ڕۆماندا، بەتایبەتی لە کاتی گفتوگۆی نێوان دوو کارەکتەر، یان گوتنی ڕستەیەکی کورت، یاخود لەکاتی تێهەڵکێشکردنی دێڕە شیعرێک، یان پەندێک یاخود لە کاتی گوتنەوەی گۆرانییەک یان لەلایەن وەگێڕەوە پەیڕەو دەکرێت.

جۆری نوسین لە ڕۆمانی (ژن)دا زیاتر ستونییە، چونکە لە کۆی (١٩١) لاپەڕە نزیکەی (١٥٠) لاپەڕەی بە شێوەی ستونی نوسراوە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار زۆرە، هۆکاری ئەم ڕێژە زۆرەش دەگەڕێتەوە، بۆ هەبوونی کۆمەڵێک کارەکتەر لە ڕۆمانەکەدا، کە لە هەندەران دەژین و دوورن لە کەس و کاریان، لە ژێر دەستی مێردەکانیان تووشی کۆمەڵێک ئازارو نەهامەتی و کێشە و گیروگرفت و ئازاری جەستەیی بوون، ئەمەش وای لێکردوون، کە هەردەم خەم و ئازارەکانیان بۆ یەکتر باس بکەن. وەک لە گفتوگۆی نێوان (شیرین)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە و بەرپرسی کارەکەی لە نەخۆشخانەدا، جۆری نوسینەکە روونتر دەردەکەوێت :

"ڕۆژێ چووم تا کارەکەم نیشانبدەن، ژنە لێپرسراوەکە کەوتە پرسیار کردن.

- پێشتر کاری واتکردووە؟
- بەڵێ.
- لە کوێ....؟
- لە ماڵەوە، پاکردنەوەی ماڵ لەسەر من بوو.
- مەبەستم لە دەرەوەی ماڵەوە کاری واتکردووە؟
- نەخێر. ئەمە یەکەمین جارمە.
- ئەی لێرە هیچت خوێندوە؟
- تەنیا زمانم خوێندوە، ئێستاش ئێواران بەردەوامم لە خوێندن.
- کەمێک زانیاریمان سەبارەت بە تۆ پێگەیشتووە، هەوڵدەدەین یارمەتیت بدەین."[٣]

---

(١) حمید لحمداني، بنية النص السردي، ص٥٦-٥٧.

(٢) مراد عبدالرحمان مبروک، جیبولیتیکا النص الأدبي، ص١٥٥.

(٣) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل٤.

لەم گفتوگۆیەدا، لاپەڕەکە بە شێوەیەکی بەشەکی بەکارهاتووە، نوسینەکە لەلای ڕاست دانراوەو دێڕەکان لە ڕووی درێژییەوە لەیەک جیاوازن. هەروەها ئەم جۆری نوسینە بە شێوەی گفتوگۆی ستونی لە نێوان کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەدا دەبینرێت، وەک لەم گفتوگۆیەی نێوان (شیرین) و باوکیدا، زیاتر دەردەکەوێت:

" - بۆ منیان بگێڕەوە کچم.

- بابە گیان! دەزانی وەختە بمرم، گەر دایکم و براکانم نەبونایە هەر زوو خۆم دەکوشت، ئێستا هانسیشی هاتۆتە سەر.
- مردن و کوشتنی چی؟ ژیان تازە لای تۆ دەست پێدەکات. تۆ و هانس یەکترتان خۆشدەوێت، بە هیچ شێوەیەک دەست لەو خۆشەویستیە هەڵمەگرە. تۆ بۆ باشترکردنی ژیانی دایکت و براکانت قوربانیت زۆر دا، ئیتر بەسە، ژیانی خۆت بژی و گوێ بۆ کەس ڕامەگرە.
- بابە گیان سارا هات بۆ لام، نەمزانی چۆن منی دۆزییەوە.
- لە هەموو شوێنێ ئەوەی ئەتەوێ لە ڕێگەی پارەوە دەکرێ.
- نازانم زۆر هەڕەشەی لێکردم. نەک تەنیا لە خۆم بەڵکو لە هانسیش.
- تۆ هیچ خەتایەکت نەبووە، بڕواش بە هەڕەشەکانی مەکە. ئەوان خۆیان بە تەنگ پەیوەندییەکەیانەوە نەهاتوون، هەستیان بۆ یەکدی نەمابوو، جا ئێستا سارا تازە بیر لەوە دەکاتەوە کە پەیوەندییەکەیان ڕزگار بکات.
- ئەی چیبکەم؟"[1]. لەم نموونەیەدا (شیرین)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە بێتاقەتە و دڵی پڕە، بۆیە لەگەڵ باوکیدا دەکەوێتە قسە، هەرچەندە باوکی مردووە، بەڵام لەو کاتانەی شیرین پێویستی بە باوکیەتی ئەوا ڕۆحەکەی لەگەڵی دەکەوێتە قسە و ئارامی دەکاتەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە زۆربەی گفتوگۆکانی ناو ڕۆمانەکە بە شێوەی ستونی نوسراون، مەبەستیش لەمە لەلایەک دەرخستنی گفتوگۆکانە لە سیاقی دەقەکەدا، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی خوێنەر دەلالەتە ئاماژەیی و ڕەمزییەکانی دەقەکە وەربگرێت و لێیان تێبگات، هەر بۆیە جۆری نوسین تەنها بۆ ڕازاندنەوەی فەزای ڕۆمانەکە نییە، بەڵکو بۆ تێگەیشتنیشە لە واتاو دەلالەتەکانی. وەک ئاماژەمان پێیدا ئەم جۆری نوسینە بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لەم ڕۆمانەدا بوونی هەیە، لەوانە لە گفتوگۆی نێوان (شیرین و دایکی، شیرین و شارا، شیرین و ڕێزان، شیرین و هانس، شیرین و باوکی، شیرین و کچەکەی شارا، شیرین و سارای ژنی هانس، شیرین و بەرپرسی کارەکەی، هەروەها هانس و سارای ژنی، هانس و منداڵەکانی، منداڵەکانی هانس بەیەکەوە، سارا و منداڵەکانی،

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤.

ساراو دایکی، شاراو دایکی،......هتد)دا، تەنانەت زۆرجار گفتوگۆکان ئەوەندە دوورودرێژن، چەند لاپەڕەیەکی داگیرکردووە [1]. ئەمەش لە ئەنجامی تەکنیکی فرە دەنگییەوە هاتووە، کە ڕۆماننوس دەرفەت و دەسەڵاتی قسەکردنی زۆری داوە بە کارەکتەرەکاب تا گوزارشت لە خەمەکانی خۆیان بکەن، چونکە فرە دەنگی بە هۆی تەکنیکی دایەلۆگ و مەنەلۆگەوە دەبێت.

جۆرێکی تر لە نوسینی ستونی لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا دەبینرێت، ئەویش لە ڕێگای تێهەڵکێشکردنی کۆپلەیەک هۆنراوەیە، کە تێیدا وەگێڕ دەڵێت:

"کە شەرم دەرکە لە گوتنم دادەخا
تۆ بۆ لە زمانی نیگام ناگەیت؟
لە رازی ئەو گوڵە سوورە
کە هەموو بەیانیەک لەسەر ڕێگەت دەڕوێ"[2].

هەر لەم ڕۆمانەدا بەشێوەیەکی بەرچاو جۆری نوسینی ستونی دەبینرێت، هۆکارەکەش بۆ هەبوونی گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان دەگەڕێتەوە، کە تێیدا لاپەڕەکان بە شێوەیەکی بەشەکی بەکارهاتوون، نوسینەکان لەلای ڕاست دانراون و دێڕەکان لە ڕووی درێژییەوە لەیەک جیاوازن[3].

هەروەها لە ڕۆمانی (سنورداشێک لە بیابان)دا، جگە لە هەبوونی گفتوگۆ لە نێوان کارەکتەرەکاندا، کە بەشێوەیەکی ستونی نوسراون، لەگەڵ ئەمەشدا لەچەند شوێنێکی ڕۆمانەکەدا، بە تایبەت لە بەشی (٤٣)دا ڕۆماننوس چەند پارچە هەڵبەستێکی تێکەڵ بە ڕۆمانەکە کردووە، وەک هەڵبەستی (ئەنفال، ئەنفال، چیی کردا!، بە کارەساتی ئەنفال) وەک لەیەکێک لە هەڵبەستەکاندا هاتووە:

منداڵی پاک و بێگەرد لە باوەش دایکی، خستیانە پێش دەم گورگێکی
برسی
هیوای ژنی دووگیان بۆ منداڵێ، خستیانە نێو گۆڕێ تەنگی لماوی
بە کارەساتی ئەنفال
سۆزی بۆ باوکێ بۆ کچی، ناچارکرا بکوژێ کچی، تا نەکەوێتە دەستی
جەللادێکی فێڵاوی[4].

---

(١) بۆنموونە سەیری لاپەڕەکانی (٦٣، ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٧، ٦٨، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٧٢، ٧٣، ٧٤، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٩، ٩٠+)و لاپەڕەکانی دواتر بکە.

(٢) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل١٧٣-١٧٤.

(٣) بۆ نموونە سەیری لاپەڕەکانی (١١، ١٣، ١٦، ١٩،٢٥،٢٦، ٢٨، ٥٢، ٥٣، ٦٣، ٦٧،......١٤٥، ١٥١،........٢٧٦، ٢٧٨، ....) و لاپەڕەکانی دواتر بکە.

(٤) سەدرەدین محێدین کەڵهوڕیی، سنورداشێک لە بیابان، ل٣٠٥.

له ڕۆمانی (ساباتێک له مێژەڵۆک)یشدا به هەمان شێوە، جگە لە هەبوونی گفتوگۆ لە نێوان کارەکتەرەکاندا، لە پاڵ ئەمەشدا ڕۆماننوس سێ هەڵبەستی تێکەڵ بە ڕۆمانەکە کردووە، کە لە لاپەڕەکانی (٢٩، ٣٢، ١٦٧)دا دەبینرێت، ئەم هەڵبەستانەش بە شێوەی ستونی نوسراون، بۆ نموونە تێهەڵکێشکردنی هەڵبەستێکی (پیرمێرد)ی شاعیر، کە تیایدا هاتووەو دەڵێت:

ئەڵێن ساڵێکیان کێوێک ئاوس بوو

ژان گرتی مشکێکی لێبوو

ئێمەش هیوامان بە هەندێ کەس بوو

ئەوانەی کەوا شتیان بەدەست بوو

کەچی لە فشە و کۆشک و خۆبادان

هیچمان نەبینی کە بێتە مەیدان[1].

لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)یشدا، زۆر بەکەمی جۆری نوسینی ستونی دەبینرێت، هۆکارەکەش بۆ کەمی گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان و قەرەباڵغیی هزر و بیـری ڕۆماننوس دەگەڕێتەوە، کە دەیەوێت ئەو شتەی لە ناو مێشکیەتی بە بێ پچڕان و پشوودان دەری ببڕێت و بۆ خوێنەری بخاتە ڕوو، بەڵام لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم)دا ئەم جۆری نوسینە زۆر زۆر بەکەمی دەبینرێت، بە تایبەتی لە دێڕی کۆتایی هەر پەرە گرافێکدا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وەگێر بە زۆری خۆی قسە دەکات، بە جۆرێک زۆر بە کەمی دەرفەت بە کارەکتەرەکان دەدات لە خۆیان و کێشەکانیان بدوێن. ئەمەش بۆ لاوازی تەکنیکی فرە دەنگی دەگەڕێتەوە، کە وەگێڕ تێیدا باڵا دەستی گێڕانەوەکەیە و زۆر بە کەمی دەرفەت بە کارەکتەرەکان دەدات تا بێنە قسەکردن و گرێی دڵی خۆیان بکەنەوە.

**- نوسینی ئاسۆیی:**

ڕێگایەکی باو و ئاساییە، زۆربەی نوسەران لە کاتی نوسینی بەرهەمەکانیان بەتایبەتی ئەوانەی بە پەخشان دەنوسرێن نەک شیعر، پەیڕەوی بەکارهێنانی نوسینی ئاسۆیی دەکەن، کە "بریتییە لە بەکارهێنانی لاپەڕەکە بەشێوەیەکی ئاسایی و ئەمەش بەهۆی نوسینێکی ئاسۆییەوە دەبێت، کە لەوپەڕی لای ڕاستەوە دەست پێدەکات بۆ ئەوپەڕی لای چەپ ئەگەرچی ئەم نوسینە دیاریش نەبێت، ئەم شێوەیەی نوسین ئەوە دروست دەکات، کە زەینی پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە پڕە لە ڕووداو

(١) محمد رشید فەتاح، ساباتێک لە مێژەڵۆک، ل١٦٧.

یاخود هزرەکان"[1]، ئەم جۆرە نوسینەش بـــە ڕێگایەکی قەرەباڵغ ناسراوە، چونکە دێڕەکان کورت و درێژ نین، بەڵکو بە زۆری دێڕەکان درێژن و سپێتی لاپەڕەکە زۆر بەکەمی دەبینرێت.

لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم)دا ئەم جۆری نوسینە بەشی هەرە زۆری ڕۆمانەکەی داگیر کردووە، بەشێوەک قەرەباڵغییەکی زۆر لە لاپەڕەکاندا دەبینرێت، ئەمەش بێگومان بۆ قەرەباڵغیی مێشکی وەگێڕ دەگەڕێتەوە، کە دەیەوێت ڕووداوەکان بـەبێ پچڕان بـۆ خوێنەر بگێڕێتەوەو لە ورد و درشتی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە ئاگادار بێت، بۆ ئەوەی هیچ شتێک بە شاراوەیی لای نەمێنێتەوە. هەروەها لەم ڕۆمانەدا وەگێڕ زیاتر خۆی قسە دەکات، بەشێوەیەک کەمترین دەرفەت بە کارەکتەرەکان دەدات تاوەکو لە خودی خۆیان بدوێن، یان باس لە کێشە و گیروگرفتەکانیان و ناخ و دەروونیان بکەن، ئەمەش بێگومان کاریگەری لەسەر جۆری نوسینەکە دروست دەکات، بە شێوەیەک ڕۆماننوس ناچار دەکات، کە هەموو دێڕەکان بە بێ وەستان بەسەریەکەوە بنوسێت. وەک وەگێڕ لە لاپەڕە (١٣٥)ی ڕۆمانەکەدا ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە تاوەکو لاپەڕە (١٤١)لە گێڕانەوەی ڕووداوەکە بە بێ پچڕان بەردەوام دەبێت، کە لەم وێنەیەدا ئەمە زیاد روون دەبێتەوە:


137

136

(١) حمید لحمداني، بنية النص السردي، ص٥٥.



سەبارەت بە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)یش جۆری نوسین تیایدا بە زۆری ئاسۆییە و دێڕەکان لە ڕووی کورت و درێژییەوە، لە زۆربەی لاپەڕەکاندا، درێژی دێڕەکان وەکو یەکن، بە جۆرێک زۆر بەکەمی دێڕی کورتی تیا دەبینرێت، تەنانەت جاری وا هەیە ڕۆماننوس چەند لاپەڕەیەک بەردەوامدەبێت بەبێ ئەوەی بوەستێت و پشوو بدات. بێگومان زۆربوونی ئەم جۆرە نوسینەش بۆ کەمی گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان دەگەڕێتەوە و گێرانەوەی ڕووداوەکان لەلایەن یەک وەگێڕەوە هۆکارن دەگەڕێتەوە، لەگەڵ هەبوونی جووڵە و چالاکییەکی زۆر لای ڕۆماننوس، کە ئەمەش بە مانای ئەوە دێت، کە وەگێڕ ئازادییەکی تەواوی پێدراوە بۆ دەربڕینی ئەوەی لەناو ناخ و دەروونییەتی، بە بێ هیچ سانسۆرێک. بۆ نموونە لە کاتی باسکردنی یەکێک لە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا، ڕۆماننوس دوای چوار لاپەڕە نوسین بێ پچڕان، ئینجا دەوەستێت بۆ ئەوەی پشوویەک بدات، وەک لەم وێنەیەدا زیاتر روون دەبێتەوە:





ئەگەر چی لە ڕۆمانی (ژن)دا ڕێژەیەکی زۆر لە جۆری نوسینی ستونی دەبینرێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت، کە ڕۆماننوس جۆری نوسینی ئاسۆیی بەکارنەهێناوەو فەرامۆشی کردووە، بەڵکو ئەم جۆرە نوسینەش لە ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەوێت و بوونی هەیە، وەک وەگێڕ لەم دەقەدا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "ئەوە چوار مانگە کاردەکات، هیچ ڕۆژێ دوانەکەوتووەو هەموو ئەو کارانەشی کە پێی دەسپێدرێن بە باشترین شێوە ئەنجامیان دەدا. کارمەندانی ئەو دوو بەشە زۆریان خۆشدەویست، کەسی بێزارنەدەکرد، هەر کاتێک دەچووە ژوورێکەوە ئیزنی وەردەگرت، دکتۆرەکانیش هەستیان بە ڕێکوپێکی کارەکانی کردبوو. سەرۆکی بەشەکە "هانس" دەیوت............ لەو باوەڕەدابوو کە خێزان دروستبکەن و منداڵیان بێت و واز لەم تەمەڵیەی بێنێ. هانس هەر لە سەرەتاوە زیرەک بوو، باشترین نمرەی وەردەگرت و حەزیشی لێبوو کۆلێژی پزیشکی بخوێنێ. ساراش حەزی لە چوونە دەرەوەو خۆڕازاندنەوە بوو"[1].

لەم نموونەیەدا جۆری نوسینەکە ئاسۆییە، تێیدا دێڕەکان بە زۆری وەکو یەک درێژن، نوسەر لەلای ڕاستی لاپەڕەکە دەست دەکات بۆ لای چەپ، هۆکاری ئەم قەرەباڵغیەش بۆ زەینی وەگێڕ دەگەڕێتەوە، کە پڕە لە ڕووداو و هزر، دەیەوێت یەکە بە یەکە بە شێوەی زنجیر بە بێ پچڕان دەریان ببڕێت، بێگومان ئەم جۆرە دەربڕینەش پێویستی بە جۆری نوسینی ئاسۆیی هەیە.

هەر لە نموونەیەکی تری ڕۆمانی (ژن)دا وەگێڕ بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "دایکم بەو ئاواتەوە بوو کە دلێری برام گەورە بێ و دوکانەکەی بۆ بکاتەوە. هەر کە براکەم گەورە بوو دوکانەکەی کڕییەوە کە

(١) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل٢٦.

دەمێک بوو پارەی بۆ کۆدەکردەوە، دلێری لەسەر داناو خۆشی یارمەتی دەداو هەر لەوێش قوماشی دەهێناو دەیدووری..........بۆیە کە براکەم ویستی بچێتە دەرەوە دوای کەوتم و وتم دلێر گیان مەچۆرە دەرەوەو جێمان مەهێڵە، یـان ئەوەتا منیش لەگەڵ خۆتدا بەرە. دەستی گرتم و ماچێکی کردم "برۆ لای دایە من هەر ئێستا دێمەوە، خەمت نەبێ من دەبێ چەند برادەرێک ببینم"[١]. لەم نموونەیەدا بەهەمان شێوە جۆری نووسینەکە ئاسۆییەو تێیدا دێڕەکان وەکو یەکن، نوسەر لەلای ڕاست دەستی پێکردووە بۆ لای چەپ.

هەروەها بەهەمان شێوە لە نموونەیەکی تری ڕۆمانی (ژن)دا، کە پێک دێت لە (٢٤) دێڕ ئەم جۆری نووسینە دەبینرێت، کە تێیدا کارەکتەر باسی بەسەرهاتەکانی ژیانی و ئێش و ئازارەکانی بە بێ پچڕان و وەستان دەکات و دەڵێت: "دەریا گیان دەزانی چی، لە ڕاستیدا ناوم شیرین نییە ناوی ڕاستیم "هەتاو"ە من لە دەست مێردەکەم هەڵاتووم و لە ترسی ئەو ناوی خۆمم گۆڕیوە، ڕەنگی چاوم دەبینی سەوزە، بەڵام کە دەچمە دەرەوەو لینزی ڕەش لە چاو دەکەم بۆ ئەوەی کـەس نەمناسێتەوە. هەروا کەوتومەتە داوی خۆشەویستی دکتۆرێکی سویدی کە ژن و منداڵی هەیە، جاران قسەم بەو کچانە دەوت...............تەنیا بۆ ئەوەی لەو ژیانە پڕ دەردەسەرییە نەجاتمان بێت. مـن شووم بە پارە کرد بـۆ نەجاتدانی دایک و دوو کوڕە سەقەتەکەی. ئەی تۆ دەڵێی چی دەریا خۆ تۆش وا شوو ناکەی"[٢]، کەواتە وەگێڕ دڵ و دەروونی پڕە لە ئێش و ئازارو نەهامەتی، بۆیە بەبێ پچڕان قسە دەکات و دەیەوێت خاڵیان بکاتەوە.

بەڵام لە ڕۆمانەکانی (گرەی بەختی هەڵاڵە و سنورداشێک لە بیابان)دا ئەم جۆری نوسینە کەمتر دەبینرێت، هۆکاریش بۆ زۆری گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان و زۆری ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە، کە هەریەکەیان لە شوێنی جیاوازدا ڕوودەدەن، ئەمەش وا دەکات ڕۆمانوس جۆری نوسینی ستونی زیاتر پەیڕەو بکات وەک لە نوسینی ئاسۆیی، بۆ ئەوەی بتوانێت پشوو بدات کاتێک لە شوێنێکەوە دەچێت بۆ شوێنێکی تر.

## 2 - دابەشکردنی سپێتی و ڕەشێتی سەر لاپەڕەکە:

ئەرکی سپێتی لە ڕۆماندا بریتییە لە بارکردنی بونیادە زمانییەکە بە چەندین ئیحای جیاواز، کە خوێنەر لە پاشخانەکانی خۆیەوە دەیانوێنێت و پاشان دەقەکە بەسەر چەندین خوێندنەوەی جیاوازدا دەکرێتەوە، کەواتە سپێتی مایەی وروژاندنە بۆ بەرهەمهێنانی واتای جیاواز. بەمەش ئەو

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢-٢٣.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠-٦١.

ئەرکەی رووبەرە رەشەکان ئەنجامی دەدەن، ئەرکێکی پێچەوانەی ئەوەیە، کە رووبەرە سپییەکان هەڵی دەگرن، چونکە ڕەشێتی بریتییە لە نوسین یاخود فەزایەکی نوسراو، کە " هەر ئەوەندەی ئازادیی هەڵبژاردن بدەین بەو کەسەی دەینوسێت، ئەوا رووبەرێکی دیاری کراو و فەزایەکی هەڵبژێردراو و دال دەگەیەنێت"[1]. بەمەش رەشێتی لە ڕۆماندا هەبوونی چالاکی و هەڵچوون دەگەیەنێت لەناو بونیادی دەقەکەدا، کە ئەمەش پێویستی بە بوونی زیندوویەتییە لەناو ڕووداوەکەدا. ئەوەی پێشتر تێبینیمان کرد ئەوەیە نوسەر لە کاتی دابەشکردنی سپێتی و رەشێتیدا رێژەیەک ئازادیی هەیە لە دابەشکردنی لاپەڕەکەدا، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چۆنیەتیی دانانی ئەو رەشێتییە یاخود فەزای نوسینەکە لەناو لاپەڕەکەدا زۆر شت دەبینین، تیایاندا نوسەر بۆ ئەوە چووە کە رێککەوتن هەیە لەسەری و زۆربەی جار نوسەر ڕێزی دەگرێت.

(محمد الماكري) خاوەنی کتێبی (الشكل والخطاب) سەبارەت بە دابەشکردنی رووبەری ڕەشێتی و سپێتی سەر لاپەڕە دەڵێت: "رووبەرە رەشە ئاسۆییەکان بە ناوچەی چالاکی دادەنرێن، کە تیایاندا شێوەکان دروست دەکرێن، چونکە لە جوڵە دیارە تۆمارکراوەکە پێک هاتووە، بەڵام رووبەرە سپییە ستوونییەکان بە رووبەری خامۆش دادەنرێن، چونکە ناوچەی کراوە پێشکەش دەکەن، کە هیچ پڕۆسەیەکی بونیادنان بەخۆیەوە نابینێت، ئەمەش واتای ئەوەیە دابڕاوەکە لـە بنەمایەکی خامۆشییەوەیە لە کاتێکدا پێکەوەبەستراو و بەردەوامەکە لە بنەمایەکی دینامیکییەوەیە"[2]، بەمەش لای (ماکری) ڕۆمان لـە نێوان ئـەم دوالیزمە خامۆش و جوڵەییەدا دێت و دەچێت، چونکە بەپێی قەبارەی ئەو دوو رووبەرە تەسک دەبێتەوەو فراوان دەبێت.

هەر سەبارەت بە دابەشکردنی سپێتی و ڕەشێتی سەرلاپەڕە (لحمداني) ئاماژە بەوە دەکات، کە سپێتی ئاماژەیە بە کۆتایی بەشێک یاخود خاڵێکی دیاریکراوی کات و شوێنە، لەوانەیشە گرتەکان بە ئاماژەیەک لەیەک جیا بکرێنەوە، کە دەلالەتە بۆ پچڕانی ڕووداوەکە یاخود کاتەکە، وەک ئەوەی لە سپێتییەکی جیاکەرەوەدا سێ ئەستێرە دابنرێت بەم جۆرە (***)، هەروەها دەکرێت سپێتی بخرێتە ناو خودی نوسینەکەوە بۆ گوزارشتکردن لە شتی قرتێنراو یاخود نەگوتراو لەناو دێڕەکاندا، لەم بارەشدا سپێتی نێوان وشەو رستەکان بە خاڵی بەدوای یەکدا هاتوو پڕ دەکرێتەوە، کە دوو خاڵ یان سێ خاڵ یاخود زیاتر دادەنرێت[3]، چونکە "رێکخستن و دابەشکردنی ئەو بۆشاییە بۆ ناوچەی رەشی جیاواز، کە دابڕاو بن لەیەک یاخود پێکەوە بن بۆ ئەوەی بەیەکدا بدەن یاخود هاوئاهەنگ بن، ئەوا

(١) محمد الماكري، الشكل والخطاب، ص١٠٣.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

(٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

ئەمە بونیادێکە نزیک دەبێتەوە لە چەمکی دیزاینکردنی باڵەخانە لە تەلارسازیدا"[1]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەوەی لە فەزا کاغەزەییەکەدا دێتە بەرچاومان رووبەرە سپی و رەشەکانە، سپێتییەکە بە بۆشایی دادەنێین و رەشێتییەکەش بە پڕکردنەوەو نوسین دادەنێین.

(رێواس ئەحمەد) لە ڕۆمانی (ژن)دا، پێش دەستکردن بە نوسینی هەر بەشێک (٩) نۆ دێڕ بە سپێتی بەجێدەهێڵێت ئینجا دەست دەکات بە نوسین، ئەمەش بە مەبەستی جیاکردنەوەی بەشەکان لەیەکتری، بە جۆرێک ئەم سیستمەی لە سەرجەم بەشەکاندا پەیڕەو کردووە، جگە لەمەش لە کۆتایی هەر بەشێکیشدا بەهەمان شێوە (٣-١٢) دێڕ بە سپێتی بەجێدەهێڵێت و بەمەش کۆتایی بە بەشەکە دەهێنێت، هەروەها پێش دەستپێکردنی بەشی (٦)ەمیش، لاپەڕەیەکی بە تەواوی بە سپێتی بە جێهێشتووە، وەک لەم وێنانەی لای خوارەوەدا دەردەکەوێت:


6

43


153

(١) سیزا أحمد قاسم، بناء الرواية، ص٧٧ .

جگە لە ڕۆمانی (ژن) ئەم بەجێهێشتنەی چەند دێڕێک بە سپێتیی پێش دەستکرن بە نوسینی هەر بەشێک، یان لە کۆتایی بەشەکەدا لە زۆربەی ئەو ڕۆمانانەی وەکو نموونە وەرمانگرتوون دەبینرێن، لەوانە لە ڕۆمانەکانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە، جەمشید خانی مامم، ساباتێک لە مێژەڵۆک و سنورداشێک لە بیابان)دا، هەبوونی سپێتیش بەم شێوەیە لەو ڕۆمانانەی ئاماژەمان پێیاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم ڕۆمانانە بۆ چەند بەشێک دابەشکراون، جا بۆ ئەوەی هەر بەشێک لە بەشەکەی تر جیا بکاتەوە، ڕۆماننوس لە کۆتایی بەشەکە و پێش دەستپێکردن بە نوسینی بەشەکەی دواتر چەند دێڕێک بەجێ دەهێڵێت. بۆ نموونە لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دادەبینرێت، کە ڕۆماننوس دوای بە جێهێشتنی (١٠) دێڕ ئینجا دەستی کردووە بە نوسینی بەشەکە، ئەمەش لە سەرتاپای ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەمەش سپێتییەکی زۆری لە ڕۆمانەکەدا دەبینرێت، وەک لەم وێنەیەی خوارەوەدا زیتر روون دەبێتەوە:


١٦٠ / گرەوی بەختی هەلالە

٥

هەلالە دەیگوت: « ئەو قسەیە، ئەو مەزنشە سادە و ئاسایییەی
سەرنجی منی بۆ لایەنێك لە كەسایەتی خۆم راكێشا كە سەڵەها بوو پشت
خستبوو. بە تایبەت لەو كاتەوە كە شارمان بەجێهێشتبوو،
گەڕابوومەوە بۆ ئاوایییەكەی ئەو دۆڵە. لەوێ زۆر زیاتر لە شار، هەستی
و پیاوانەم بوو. ئەوەك هەر هەست، رەفتاری كوڕانەو پیاوانەشم بوو.
چونكە لەوێ زیاتر لە شار پێویستیم بەو هەست و رەفتارە بوو. پێویستیم
بوو كە كوڕ بم، وەك كوڕان بیر بكەمەوە، وەك كوڕان بدوێم و، وەك كوڕان
ناو ئەو ئاوایییەدا، بە ناو ئەو شاخ و دۆڵ و دەربەندەدا، هەڵسووڕێم. »
هەلالە كاتێك ئەوەی دەگوت كە ساڵەها لەو رۆژانە تێپەڕیبوو كە بە
كورت و جلوبەرگی كوڕانە و پیاوانەوە، بەناو كووچە و كۆڵانەكانی

کەچی پێچەوانەی ئەمە لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)دا دەبینرێت، لەبەرئەوەی ئەم ڕۆمانە دابەش نەکراوە بۆ بەش بەش، ئەوە ئەم سپێتییەی تیادا بەدی ناکرێت، بەڵکو زۆربەی لاپەڕەکانی ئەم ڕۆمانە بە نوسین پڕکراوەتەوەو رووبەرێکی زۆری ڕەشیان پێکهێناوە، ئەم ڕەشێتییەش بۆ چالاکی و پڕ جووڵەیی ڕۆماننوس دەگەڕێتەوە، چونکە هەبوونی چالاکی و جووڵەو هەڵچوون لەناو بونیادی دەقەکەدا، پێویستی بە بوونی زیندوویەتییە لەناو ڕووداوەکەدا.

جیا لەمانەی باسمانکردن رووبەری سپێتی لە جۆری نوسینی ستونیشدا دەردەکەوێت، بەتایبەتی لەکاتی گفتوگۆکردنی نێوان دوو کارەکتەری ناو ڕۆمانەکەدا، وەک لە گفتوگۆی نێوان (شیرین و هانس) لە ڕۆمانی (ژن)دا دەردەکەوێت:

"- ئەی بۆ لەگەڵی باست نەکردووە؟

- نه ئەو باسی کردووە نە من. ئەوەش تاوانی من نییە.
- با تاوانی هەردووکتانە. لەوانەیە تاوانی منیشی تێدا بێت.
- نا ئەمەپەیوەندی بە تۆوە نییە، من کە تۆم خۆشویست هەستم کرد ئەوەی ئەم ساڵانە لە نێوان من و سارادا هەبووە، خۆشەویستی و عیشق نەبووە.
- ئەی چی بووە؟"[١].

هەروەها رووبەری سپێتی زۆرجار لەناو دێڕەکانیشدا بە شێوەی (...)دا دەبینرێت، ئەمەش بۆ گوزارشتکردن لە شتێکی نەگوتراو، یاخود سڕاوە دەبێت، بۆ نموونە وەک لەم دەقەدا دەبینرێت: "چاوەکانی کردەوە... شڵەزاو نەیزانی چیبکات. کەسیان نەجوڵان... فزەیان لێوە نەهات. تەنیا تەماشای یەکتریان دەکرد، گوێیان لە ترپەی دڵی یەکتر بوو. تەماشای چاوە پڕ نزاکانی کرد ئەویش وەک ئەم فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتنە خوارێ . لە پڕێکدا هەردووکیان خەبەریان بوەوە.
- تۆ کێیت؟
- من شیرینم، بە منیان وت کە تۆ چویتە ماڵێ منیش تەواو ماندوو بووم بەسەر کورسیەکەتەوە... ببورە، داوای لێبوردنت لێ دەکەم دکتۆر.
- نا... ئاساییە من هەر شتێک بیر چووە، دانیشە وا دەڕۆم"[٢].

لەم نموونەیەدا شیرین و د. هانس بۆ یەکەم جار یەکتر دەبینین و عاشقی یەکتر دەبن، بۆیە هەردوکیان بە بینینی یەکتر دەشڵەژێن و قسەیان بۆ ناوترێت، ئەو سێ خاڵەش (...) ئاماژەن بۆ ئەو وشانەی، کە نەیان توانیوە دەری ببڕن، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لەناو خودی دێڕەکەدا نوسەر روبەری سپێتی بەجێ بهێڵێت. یان بوونی سپێتی پەیوەندی بە تێهەڵکێشکردنی هەڵبەستێکەوە هەیە لای ڕۆمانئوس وەک لە نموونەکانی پێشدا لە جۆری نوسینی ستونیدا بینیمان و ئاماژەمان پێداو پێویست ناکات لێرەدا دووبارەیان بکەینەوە، کەواتە هەبوونی رووبەری سپێتی لەسەر لاپەڕەدا، هۆکارێکە بۆ بەخشینی رەهەندێکی جوانی بە ناوەرۆکی دەقەکەو هیلاک نەکردنی خوێنەر و پشوو وەرگرتن لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا، نوسەریش ئەم روبەری سپێتیە لە ڕۆمانەکەدا، بەمەبەست دەیکات، جا ئەو مەبەستە یان بۆ گۆڕینی شوێنی ڕووداوەکانە، وەک لە سەرەتای هەموو بەشەکانی ئەم ڕۆمانەدا دەبینرێت، چونکە لە هەر بەشێکدا شوێنی ڕووداوەکان دەگۆڕێت، یاخود دەلالەت لە تێپەڕبوونی کات یان ڕووداوێک دەکات، یان ئەوەتە لە جۆری نوسینی ستونیدا دەبینرێت، ئەمیش بەهۆی ئەوەی لەو جۆرە نوسینەدا دێڕەکان وەکو یەک نین، بەڵکو کورت و درێژن، ئەمەش وادەکات رووبەری سپێتی لەسەر لاپەڕەکەدا بوونی هەبێت، یانیش لەناو دێڕێکدا نوسەر سێ خاڵ (....)دادەنێت، ئەمەش وەک

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.
(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

ئاماژەیەک بۆ نەوترانی هەندێک وشە، کە جوان نین بوترێن، یاخود ڕۆماننوس نایەوێت دەریان ببڕێت.

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە بڵێین، ڕەشێتی و نوسینی ئاسۆیی دوانەیەکی لێک دانەبڕاون، چونکە نوسینی ئاسۆیی ڕێژەی ڕەشێتی لە دەقدا دیاری دەکات، بە هەمان شێوە سپێتیش لەگەڵ نوسین ستونی دوانەیەکی پەیوەست و لێدانەبڕاون، چونکە نوسینی ستونی هۆکارێکە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی زۆر و کەمی سپێتی لە دەقدا. لەم هاوکێشەیەدا ئەمە زیاتر روون دەکەینەوە:

سپێتی ← نوسینی ستونی

ڕەشێتی ← نوسینی ئاسۆیی

# بەشی چوارەم
# فەزای بینین لە ڕۆمانی کوردیدا

**- فەزای بینین.**

ئەم چەمکە فەزاییەیە، (جولیا کریستیڤا) لێی دواوەو وای دەبینێت، کە "فەزا بەهۆی گۆشەنیگای تاکانەی نوسەرەوە چاودێری دەکرێت، ئەم گۆشەنیگایە بەجۆرێک بەسەر گوتارەکەدا باڵادەستە، کە نوسەرەکە لە یەک خاڵدا کۆدەبێتەوە، هەموو هێڵەکانیش لەو خاڵەدا کۆدەبنەوە، کە نوسەری لێیە، ئەو هێڵانەش لەو پاڵەوانە کارایانەدا دەنوێنرین، کە گۆکراوەکان بەهۆی ئەوانەوە دیمەنی ڕۆمانەکە دەچنن"[1]، واتە لای (کریستیڤا) ئەم جۆرە فەزایە پەیوەندییەکی پتەوی بە نوسەر یان وەگێڕەوە هەیە، چونکە ئەم هێڵە گشتیەکانی ڕۆمانەکە دەکێشێت. هەروەها (جولیا کریستیڤا) "ڕۆمان دەچوێنێت بە روکاری شانۆ، جیهانی ڕۆمانیش بەو کارەکتەر و شتانەی لەناویدان و وا دەردەکەوێت بەستراوە بە کۆمەڵێک بزوێنەری سووکەوە، کە نوسەر بەپێی هێڵێکی کێشراو بەڕێوەی دەبات، ئەمەش وەک ئەوەیە، کە بە ڕۆمانی بینینی وەگێڕ یاخود گۆشەنیگای ڕۆماننوس ناودەبرێت"[2]، بۆیە بە لای ئەوەوە فەزای ڕۆمان بریتییە لە فەزای بینینی وەگێڕ، کە دەتوانێت ڕۆڵەکان بەسەر کارەکتەرەکاندا دابەش بکات.

هەڵبژاردنی دەستەواژەی شانۆ و نواندن بۆ ئەمە، بەڵگەیە لەسەر ئەو بێ کۆت و بەندی و ئەو ئازادییەی دراوە بە کارەکتەرەکە، (کریستیفا)ش لە جیاتی کارەکتەر بە ئەکتەر دەری بڕیوە، بۆ ئەوەی تێڕوانینی نوسەر لە فەزادا بەسەر گێڕانەوەکەدا باڵادەست نەبێت، هەر لەبەر ئەمەشە ئەم جۆرە فەزایە دەچێتە ناو بەشەکانی گۆشەی بینین لای وەگێڕ، چونکە بەستراوە بە وێنەی وەگێڕەوە و ئاماژە بەو ڕێگەیە دەکات، کە وەگێڕ دەتوانێت بەهۆیەوە بەسەر جیهانی گێڕانەوەکەیدا باڵادەست ببێت بەو کارەکتەرانەشەوە، کە تیایدان و لەسەر روکارەکە دەجوڵێنەوە، بەجۆرێک کارەکتەر یاخود ئەکتەر ئەو نێوەندگیرەیە، کە نوسەر دەتوانێت لە ڕێگەیەوە پەیامەکەی بگەیەنێتە وەرگر و پێچەوانەکەش رووەدات، چونکە وەرگریش دەتوانێت لە ڕێگەی ئەو ئەکتەرەوە پەیامەکە بناسێتەوە، کە سەرجەم بینینە کۆمەڵایەتی، رامیاری، رۆشنبیری، ئایدیۆلۆجییەکانی دەوری بونیاتی ڕۆمانەکە دەگوێزێتەوە بۆ ئەوەی فەزایەکی بینینی تەواو لە خۆبگرێ، کەواتە (کریستیڤا) پێیوایە بینینی نوسەر دەست دەگرێت بەسەر فەزای ڕۆمانەکە بە شوێن و کارەکتەر و پەیوەندیی نێوان کارەکتەرەکان و هەروەها

---

(١) حمید لحمداني، بنية النص السردي، ص٦١.

(٢) محمد عزام ، شعرية الخطاب السردي، ص٧٥.

پەیوەندیی نێوان شوێن و کارەکتەرەکانیشەوە، واتە فەزا و شتەکانی ناوی پارێزگاری لە هەمان ئەو واتایانەیان ناکەن، کە پێش ئەوەی ببن بە پێکهاتەیەکی گێڕانەوەیی هەیان بووە، بەڵکو بەپێی روانینی نوسەرەکە رەنگرێژ دەکرێن.

لەمەشەوە توانای فەزای بینین بۆ خاوەنداری و خستنەڕوو دەدرەوشێتەوە، تاوەکو بتوانێت بە ئازادی کارەکتەرەکانی بجوڵێنێت، کە تیایدا ڕۆمانەکە بونیادیکی تەواو پیشان دەدات لە میانەی گۆشەی هەر بینینێکی هەر یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە، لێرەوە گونجان و رێکوپێکی روودەدات، هەر ئەمەش وای لە (کریستیفا) کردووە بیچوێنێت بە روکاری شانۆ، کە وەگێڕ پشتی پێ دەبەستێت بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکانی بە وەرگرەکان و دەیخاتە ناو چەمکەکانی فەزای دەقەوە. فۆرمالیستە رووسەکانیش بە تایبەتی (تۆماشفسکی) کاتێک باس لە گێڕانەوەی بابەتی و خودی دەکات، لە گۆشەی بینین لای وەگێڕ دواوە [1]، هەروەها (جۆن بویۆن)یش جۆرەکانی بینینی گێڕانەوەیی و تایبەتمەندییەکانی لە یەکتر جیاکردۆتەوە، کە بەشێک لە ڕەخنەگرە فەرەنسیەکانی وەک (تۆدۆرۆف و جینیت) و ئەوانی تریش سودیان لەم دابەشکردنەی (بۆیۆن) بینیوەو گەشەیان پێیداوە، کە لە دواییدا کەمێک درێژتر باسیان دەکەین.

## - پەیوەندی نێوان وەگێڕ و بینین:

وەگێڕ ئەو کەسەیە، کە حیکایەتەکە دەگێڕێتەوە، جا ئەو حیکایەتە راستەقینە بێت یاخود خەیاڵی، تێیدا "باسی ڕووداوەکان دەکات و وسفی شوێنەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی و کارەکتەرەکان نمایش دەکات و قسەکانیان دەگوازێتەوە، کە گوزارشت لە بیر و بۆچوون و هەستەکانیان دەکات"[2]. ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەدا بە دەنگی خۆی قسە ناکات، بەڵکو وەگێڕێک بۆ ئەم کارە رادەسپێرێت، لەوانەیە ئەو وەگێڕە یەکێک بێت لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە، مەرجیش نییە وەگێڕ ناوێکی دیاریکراوی هەبێت، لەوانەیە لە پشت جێناوێکەوە خۆی دەشارێتەوە، یان بە پیتێک ئاماژەی پێ دەکرێت.

وەگێڕیش جۆری هەیە، وەک وەگێڕی ئاگادار لەهەموو شتێکی ناو ڕۆمانەکە، کە رێگا نادات خوێنەر هیچ شتێک بزانێت، جگە لەو شتانەی خۆی پیشانیانی دەدات و بە پێی بینینی خۆی بۆیان دەگێڕێتەوە. جۆرێکی تر لە وەگێر وەگێڕی هەمان شتزانە، واتە هەمان زانیاری کارەکتەرەکە دەزانێت

(١) توماشفسکی و آخرون، نظرية المنهج الشكلي "نصوص الشكلانيين الروس"، ترجمة: إبراهيم الخطيب، ط١، الشركة المغربية للناشرين المتحدين، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، لبنان، ١٩٨٢، ص١٨٩.

(٢) عبدالله إبراهيم، المتخيل السردي "مقاربات النقدية في التناص والرؤى والدلالة"، ص٦١.

و لە ڕۆمانەکەدا سنوری کارەکتەرەکان تێ ناپەڕێنێت، جۆرێکی تریشیان وەگێڕی کەم شتزانە، ئەمەش ئەو وەگێڕەیە کە زانیارییەکانی لە زانیاریی کارەکتەرەکان کەمترە، جا چ خۆی یەکێک بێت لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە، یان بینەر بێت، یاخود بێ لایەن بێت [1]. لێرەدا گرنگە جیاکاری لەنێوان (ڕۆماننووس) و (وەگێڕ)دا بکرێت، چونکە ڕۆماننووس نوسەر و خوڵقێنەری جیهانە خەیاڵییەکەیە، ئەو ڕووداو و کارەکتەر و سەرەتا و کۆتاییەکەی ڕۆمانەکەی هەڵدەبژێرێت، هەر ئەویش وەگێڕەکە هەڵدەبژێرێت، بەڵام لە دەقی ڕۆمانەکەدا راستەوخۆ دەرناکەوێت، کەچی وەگێڕ بریتییە لە شێوازی پێشکەشکردنی بابەتی ڕۆمانەکە، یەکێکە لەو ماسکە زۆرانەی ڕۆماننووس لە کاتی پێشکەشکردنی بەرهەمەکەیدا لە پشتییەوە خۆی دەشارێتەوە، کەواتە ئەگەر وەگێڕ ئەو کەسە بێت، کە حیکایەتەکە دەگێڕێتەوە، ئەوا (بینین) ئەو ڕێگەیەیە، کە وەگێڕی ڕووداوەکان بەهۆیەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و دەست دەگرێت بەسەر مەسەلەی باری وەگێڕ لە ڕۆمانەکەدا، واتە گوزارشتە لە بینینی ئەو کەسەی دەرک بە شتەکان دەکات، چونکە چۆن شتەکە دەبینێت بەو جۆرە دەیگێڕێتەوە، بۆیە لێرەدا ئەم دوو زاراوەیە پێکەوە دێن و بەناو یەکدا دەچن، بەمەش "نە بینین بێ وەگێڕ دەبێت و نە وەگێڕیش بێ بینین دەبێت"[2]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پەیوەندییەکی پتەو بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

چەمکی بینین یان گۆشەنیگا بە دوو قۆناغ گەشەی کردووە: قۆناغی یەکەم لەگەڵ ڕەخنەی ئەنگلۆ ئەمەریکی و لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردووە تا کۆتایی شەستەکان، قۆناغی دووەمیش لە سەرەتای حەفتاکانەوە لەگەڵ ئەو پەرەسەندنە دەست پی دەکات، کە ترۆپکەکەی دەرکەوتنی گێڕانەوە بوو وەک پسپۆڕییەکی تەواو، واتە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی زانستی گێڕانەوەدا دەست پێدەکات[3]. کەواتە بۆ ئەوەی زیاتر لە پەیوەندی نێوان وەگێڕ و بینین بگەین، لە ڕوانگەی چەند ڕەخنەگر و لێکۆڵەرێکەوە باس لە جۆرەکانی بینین بە پێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی دەکەین.

سەرەتا ئەم چەمکە لای (هێنری جیمس)دا دەرکەوتووە، پاشان (بێرسی لۆبۆک) جیاوازی لەنێوان خستنەڕوو (پیشاندان) و گێڕانەوەدا دەکات، لە خستنەڕوودا گێڕانەوەی چیرۆکەکە خۆی بەدی دەهێنێت، واتە چیرۆکەکە خۆی باسی خۆی دەکات، بەڵام لە گێڕانەوەدا وەگێڕێک هەیە، کە ئاگای لە هەموو شتێکە واتە هەموو شتزانە ئەم کارە دەکات[4].

---

(١) بروانە: جيرار جنيت و اخرون، نظرية السرد من وجهة النظر إلى التبئير، ترجمة: ناجي مصطفى، ط١، منشورات الحوار الأكاديمي والجامعي، ١٩٨٩، ص٧٢.

(٢) عبدالله إبراهيم، المتخيل السردي، ص١١٧.

(٣) بروانە: محمد عزام، تحليل الخطاب الادبي "على ضوء المناهج النقدية الحداثية"، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣، ص٣٦.

(٤) بيرسى لوبوک، صنعة الرواية، ترجمة: عبدالستار جواد، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١، ص٤٤.

پاشان رەخنەگری فەرەنسی (جان بۆیۆن) بە درێژی باسی بینین دەکات و جۆرەکانی دیاری دەکات، کە بریتین لە:

١. بینین لەگەڵ: تیایدا زانیاریی کارەکتەرەکەو زانیاریی وەگێڕ یەکسانن.
٢. بینین لە دواوە: تیایدا وەگێڕ هەموو شتێک دەزانێت و پەی بە ڕووداوەکان دەبات.
٣. بینین لە دەرەوە: تیایدا وەگێڕ لە کارەکتەرەکە کەمتر شت دەزانێت[١].

دواتر (تۆدۆرۆف )ی رەخنەگر چەند هەموارکردنەوەیەکی سادەی لە پۆلێنەکەی (بۆیۆن)دا کردو دوانەیەکی چڕکراوەی بۆ پۆلێنەکەی دانا، ئەو دوانەییەش بریتی بوون لە: بینینی دەرەکی و بینینی ناوەکی، ئەم دوو بینینەش بەرامبەر شێوازی گێڕانەوەی بابەتی و گێڕانەوەی خودین لای (تۆماشفسکی)، کە فۆرمالیستێکی رووسییە. بینینی دەرەکی بریتییە لە بینینی وەگێڕی هەموو شتزان، کە بە جێناوی نادیار دەگێڕێتەوەو لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بینینی ناوەکی بریتییە لە بینینی وەگێڕی کەم شتزان یان هاوبەش وەک لە بینین لای (جۆن بۆیۆن)دا هەیە، ئەمەش بینینێکە لە شێوازی گێڕانەوەی خودییەوە سەرچاوە دەگرێت، لەو ڕۆمانانەدا هەیە، کە بە جێناوی قسەکەر دەنوسرێن و ژیاننامەی خودیش دەگرێتەوە[٢].

دوای ئەمانە (جیرار جنێت) بە پشت بەستن بەوانەی پێش خۆی سێ جۆر بینین دیاری دەکات، کە بریتین لە:

١. **بە چەقکردنی سفر یان بەچەق نەکردن:** لەم جۆرەیاندا وەگێڕی هەموو شتزان باڵادەستە.
٢. **بە چەقکردنی ناوەکی:** ئەم جۆرەیان لەبەرئەوەی چەند شێوەیەکی هەیە، بۆیە وەگێڕیش جیاوازە، شێوەکانیش بریتین لە:
أ- جێگیر و نەگۆڕ: بینین و گێڕانەوەی ڕووداوەکە تەنیا یەک کەسایەتی ناو ڕۆمانەکە ئەنجامی دەدات.
ب- ناجێگیر و گۆڕاو: لێرەدا بینین و گێڕانەوەکە لە ڕێگەی چەند کەسایەتییەکی ناو ڕۆمانەکە دەبێت، واتە وەگێڕ دەگۆڕێت.
ت- جۆراوجۆر: بینین و گێڕانەوەی ڕووداوەکە جۆراو جۆرە، واتە چەند کەسایەتییەک یەک ڕووداو بە پێی بینینی خۆیان دەیگێڕنەوە.
٣. **بە چەقکردنی دەرەکی:** لەم جۆرەیاندا زانیاری وەگێڕ لە زانیاریی کارەکتەرەکان کەمترە، چونکە زانیاریی وەگێڕ لەوەدا کورت دەبێتەوە وەسفی کارەکانی کارەکتەرەکان و رواڵەتی دەرەوەیان و جوڵەو دەنگەکانیان دەکات، بەڵام ئاگای لە هزرەکانیان نییەو هەوڵیش نادات ئاشکرای بکات، کەواتە

(١) بڕوانە: جيرار جنيت و اخرون، نظرية السرد من وجهة النظر إلى التبئير، ص٥٩.
(٢) بڕوانە: امنة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، ط١، دار الحوار للنشر والتوزيع، سوريا، ١٩٩٧، ص٣٥.

لەم جۆرەدا خوێنەر بەردەوام ڕووبەڕووی کاری ناڕوون دەبێتەوە، کە پێویستی بە هەوڵ و ماندووبوونە بۆ ئەوەی لێی تێبگات[1].

له کۆتاییدا جگە لەمانە فۆرمالیستی روسی (تۆماشفسکی)، دوو جۆر بینین لە شێوازەکانی گێڕانەوەدا دیاری دەکات، کە ئەمانەن:

١. گێڕانەوەی بابەتی: جۆرێکی بەربڵاوە، ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ (داستان) دەگەڕێتەوە، لەم جۆرەیاندا وەگێڕ هەموو شتزانە و ڕووداوەکان بە هۆی جێناوی کەسی سێیەمەوە بە شێوازێکی بابەتیانە دەگێڕێتەوە، ئاگاداری هەموو شتەکان و کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەیە، تەنانەت ناخ و بیر و هەستە شاراوەکانیشیان، بەڵام بە بێ ئەوەی بهێڵێت کارەکتەرەکان لە خۆیان بدوێن.

٢. گێڕانەوەی خودی: لەم جۆرەدا وەگێڕ هەمان شتزانە، گێڕانەوەکە بە بینینێکی خودییانە دەگێڕێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی گێڕانەوەی بابەتییەوە کارەکتەرەکان بواریان پێدەدرێت لە خۆیان بدوێن، هەروەها باس لە بەسەرهات و شتە شاراوەکانی ناو ناخ و دەروونیان بکەن[2]، کەواتە لێرەدا پەیوەندییە پتەوەکەی نێوان وەگێڕ و بینینمان بۆ دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەی لە دابەشکردنەکاندا چەند جۆرێک لە بینینمان باسکرد لە ژێر چەند ناوێکی جیاوازدا، بەڵام ئەم دابەشکردن و جیاوازییە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکان نابێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە جۆری بینینی شتەکان و گێڕانەوەیانە لەلایەن وەگێڕەوە بۆ خوێنەر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە "بەپێی فرەیی تێڕوانینە گێڕانەوەییەکان گۆشەی بینینی شتەکانیش فرە دەبن، ئەمەش کار دەکاتە سەر شێوەی پێشکەشکردنەکەی و دەرک کردنی وەرگر بۆی" [3]، چونکە سروشتی شتەکانی ناو دەق تەواو جیاوازن لە شتەکانی ناو واقیع. هەر بۆیە ئەگەر ڕۆماننووس لەو دەقە ئەدەبییەدا، کە پێشکەشی دەکات لە واقیع و ژیانەوە دەستی پێ کرد بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی خەیاڵیی دیاریکراو، ئەوا لە کۆتایی دەقەکەیدا ناگەڕێتەوە بۆ واقیعەکە، چونکە جیهانێکی نوێی خەیاڵیی دروست کردووە کە جیاوازە لە جیهانەکانی تر.

## - جۆرەکانی فەزای بینین:

(١) بڕوانە: جيرار جنيت، خطاب الحكاية، ترجمة: محمد معتصم و اخرون، ط٢، المشروع القومة للترجمة، ٢٠٠٠، ص٢٠١-٢٠٢.

(٢) توماشفسکی و آخرون، نظرية المنهج الشكلي، ص١٨٩.

(٣) بڕوانە: محمد سالم سعدالله، أطياف النص "دراسات في النقد الإسلامي المعاصر"، ط١، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، إربد، الأردن، حدارا للكتاب العالمي للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٨، ص١٥١.

له نێوان مرۆڤ و شتەکاندا پەیوەندییەکی بەیەکەوە بەستراو و لێک دانەبڕاو هەیە، چونکە لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤایەتیدا شتەکان وردە وردە پەیدابوون، جگە لەوەش ژیانی مرۆڤیش بەستراوە بەو شتانەی لە دەوروپشتیدان و لێیان جیانابێتەوە. ئەگەر ئەو شتانە بۆ ساتێکی دیاریکراویش بۆشاییەکانی ژیانی پڕ بکەنەوە، ئەوا مرۆڤ هەڵیان دەگرێت و ئەوانیش ئەو هەڵدەگرن، هەروەها لەنێوانیاندا دەژی، دروستیان دەکات و بەکاریان دەهێنێت، تەنانەت هەندێک جار وازیان لێ دەهێنێت و هەندێک جاری تریش تا ڕادیەکی زۆر پەیوەست دەبێت پێیانەوەو نایەوێت لێیان جیاببێتەوە، تەنانەت شتەکان دوای مردنی مرۆڤیش وەک بەڵگەیەک لەسەر بوونی پێشتری ئەو دەمێننەوە و لەدوای مردنیشی دەبنە یادگارییەکی نەمری ئەو. جا ئەگەر ئەو شتانە یادەوەری خۆشمان لەگەڵیان هەبێت یان ناخۆش، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە شتەکان بە بنچینەی ئەو فەزایەی تیایدان دادەنرێن، هەرچەندە ئەگەر کاتیش تێپەڕێت و شوێنیش بگۆڕێت، تەنانەت لەوانەیە فەزاکەش لەناو بچێت، بەڵام هەندێک لەو شتانە دەمێننەوە، کە ئاماژە بە هەندێک لە سیماکانی فەزاکە دەکەن.

سەرەتای گرنگیدانیش بە شت بۆ لێکۆڵەری سویسری (فردیناند دی سۆسێر) دەگەڕێتەوە، کە لەگەڵ سەردەمی دەرکەوتنی زمانەوانیی نوێدا بووە، ئەمەش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانییەوە بوو لەبارەی زمانەوانییەوە وەک هەوڵێکی ئەو بۆ شیکردنەوەی دیاردەی بەخشینی واتا بە شتەکان لەلایەن خەڵکەوە. (میشال بۆتۆر) بەم جۆرە وەسفی شت دەکات و دەڵێت: "شتەکان تەرم و پاشماوەی زەمەنن"[(١)]، کەواتە بەلای ئەوەوە شوێن پاشماوەی زەمەنە نییە، بەڵکو بە شتەکانی ناوی ئاماژەی بە شوێن کردووە، ئەمەش لەبەر پەیوەندیی بەهێزی نێوان شت و شوێنە، چونکە شت دەبێتە نوێنەری شوێن. هەروەها (ئەمبێرتۆ ئیکۆ)ش وای دەبینێت، کە: "وشەکان ڕێک شتەکان نانوێنن، بەڵکو لاسایی ئەسڵەکە دەکەنەوە یان لاسایی ئەنجامی کارێک دەکەنەوە"[(٢)]، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە مەرج نییە هەموو شتێک واتا ڕاستەقینەکەی خۆی هەبێت، بەڵکو ئەو واتایەی هەیەتی لەوانەیە ڕێک شتەکە نەنوێنێت، (ڕۆلان بارت)یش پێی وایە هەروەک چۆن بەڵگە دوو ڕایەڵی هەیە، کە بریتین لە: (دال و مەدلول)، بە هەمان شێوە شتیش دوو ڕایەڵی هەیە، کە بریتین لە:

١. ڕایەڵی ڕەمزی (قووڵ) : شتەکە ئاماژەیە بە مەدلولێک کە باکگراوندێکی مەجازیی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر چرایەکی داگیرساومان بینی یەکسەر دەرک بەوە دەکەین کاتەکە ئێوارەیە، یان ئەگەر ڕەنگێکی دیاریکراومان بینی ئەوا بە ڕەنگەکانی ئاڵای وڵاتێکی دیاریکراو دەیخوێنینەوە، ئەمەیان لەسەر (دانانی هەموو شتێک بەوەی بەلایەنی کەمەوە دالێکە بۆ یەک مەدلول) دامەزراوە.

---

(١) ميشال بوتور، بحوث في الرواية الجديدة، ص٥٥ .

(٢) أمبرتو إيكو، ٦ نزهات في غابة السرد، ص٢٠٦.

٢. ڕایەڵی پۆلێنی (رووکەشی): مرۆڤ وا دەژی، کە بەبێ مەبەست  شتەکان لە زەینیدا پۆلێن دەکات، یان لەوانەیە کۆمەڵگە ئەو پۆلێنکردنە بەسەریدا بسەپێنن، پۆلێنکردنی شتەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و زانستیدا سوودێکی زۆری هەیە، چونکە پێویستە مرۆڤ هەموو پارچە پێکهێنەرەکانی ئامێرێکی دیاریکراو بزانێت، هەروەها مەوسوعەش لەسەر پۆلێنکردنی شتەکان دامەزراوە(١).

شتەکانیش بەو جۆرەی ئێمە دەیان بینین دیاری ناکرێن، بەڵکو بەپێی چەند ڕەهەندێکی نەبینراوی تر دیاری دەکرێن، لایەنە بینراوەکانی شتەکان کۆمەڵە پێوەرێکن، کە جیاوازن لە نەبینراوەکان، ئەم نەبینراوانە واتای راستەقینەی شتەکان تەواو دەکەن، بۆ نموونە (مێز) لە کۆمەڵێک پارچە تەختە پێک دێت، بەڵام واتاکەی لەڕووی بەکارهێنانەکەیەوە تەواو دەبێت، "شت واتای خۆی لەوانەوە وەردەگرێت کە دەوریان داوە، بەتەنها و دابڕاوی واتای نییە، بەڵکو مەدلولەکەی لەرێگەی هەبوونی لەگەڵ شتەکانی تردا بەدی دێت، هەر ئەمەش پێناسەیەکی تایبەتی پێ دەبەخشێت، کە جیایە لە شتەکانی تر. دەکرێت پێناسەی مێز بکرێت کە (لە کورسی بەرزترە)، یان (لەسەر زەوی دانراوە)، دەکرێت لەبەرامبەر پەنجەرە دابنرێت) و ... هتد" (٢)، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە ناکرێت کورسی تەنها بەو شێوەیە ببینین و وەسفی بکەین، کە چوار قاچی هەیە و لەسەری دادەنیشین، بەڵکو لایەنی نەبینراویشی هەیە، کە پێویستی بە بینین و دەرخستنە لەلایەن مرۆڤەوە، لەبەرئەوەی هەر مرۆڤێکیش خاوەن بینین و گۆشەنیگای تایبەت بە خۆیەتی، ئەمە وا دەکات، کە هەریەکێکیان بە شێوەیەکی جیاوازتر لەیەکتر شتەکان ببینن و وەسفی بکەن، بێگومان ئەم جیاوازی بینینەش کاریگەری لەسەر فەزای بینین دەبێت، هەر بۆیە بۆ هەر ڕووداوێک چەند شێوە و جۆری گێڕانەوە هەیە.

بە پشت بەستن بە هەموو ئەو دابەشکردنانەی پێشوو دەتوانین سێ جۆر فەزای بینین دیاری بکەین، کە بریتین لە: (فەزای بینینی هاوتای شتەکان، فەزای بینینی نزیک لە شتەکان، فەزای بینینی دوور لە شتەکان)، کە لە خوارەوەدا بە نموونەی ئەو ڕۆمانانەی کارمان لەسەرکردوون، لە هەریەکێک لەو جۆرانە دەدوێین:

١. **فەزای بینینی هاوتای شتەکان:** بریتییە لەو جۆرە فەزایەی، کە لە گۆشەنیگای وەگێڕ و کارەکتەرەوە دەبینرێت، چونکە هەردووکیان لە هەمان گۆشەنیگاوە دەڕواننە شتەکان، لەهەمان کاتدا هاوتان لەگەڵ بینینی شتەکان. کەواتە بینینێکە تیایدا زانیاریی وەگێڕ و کارەکتەر یەکسانە، چونکە پێکەوە شتەکان لەیەک کاتدا دەبینین و هەستی پێدەکەن. بەمەش وەگێڕ لەم جۆرەدا وەگێڕی هەمان

(١) بڕوانە: رولان بارت، المغامرة السيمولوجية، ترجمة: عبدالرحيم حزل، ط١، تينمل للطباعة والنشر، مراكش-المغرب، ١٩٩٣، ص٤٢-٤٣.

(٢) میشال بوتور، بحوث في الرواية الجديدة، ص٥٥.

شتزانە، یان ئەو وەگێڕەیە لە ڕۆمانەکەدا سنوری کارەکتەرەکان تێ ناپەڕێنێت "هەرچەندە ئەم جۆرە بینینە وەگێڕێک پێشکەشی دەکات، کە لە کارەکتەرەکانی دیکە زیاتر شت دەزانێت، خۆشی لە ڕووداوەکاندا بەشدارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێش ڕووداوەکان ناکەوێت، بەڵکو چاوەڕوانی کارەکتەرەکان دەکات تاوەکو ڕووداوەکان کۆتایی پێبێنن"[1]، واتە ئەگەر کارەکتەرەکە کارێکی کرد، یان سیفەتێکی وەرگرت، ئەوا وەگێڕ کارەکەی یاخود سیفەتەکەی پێشکەش دەکات.

ئەمەش بەو مانایە دێت، کە وەگێڕ یەکێک لە کارەکتەرەکان یان زیاتر دەکات بە ئاوێنەیەک، کە ڕووداوەکانی تیادا ڕەنگ دەداتەوە، بە تایبەت ئەو کارەکتەرانەی لەگەڵیان دایە، چونکە وەگێڕ ئەو کەسەیە، کە لە کاتی ئێستادا قسە لەبارەی کارەکتەرێک دەکات وەک ئەوەی وەگێڕەکەیە، کارەکانی لەسەردەمی رابردوودا روویان داوە، واتە ئەگەر وەگێڕ کارەکتەرەکە بێت ئەوا مەودایەکی زەمەنی هەیە لەنێوان رابردوو و ئێستادا، واتە لە نێوان کارەکتەرەکە لە سەردەمی رابردوو، لەگەڵ وەگێڕ لە سەردەمی ئێستادا، بۆیە چیتر وەگێڕ کارەکتەرێک نییە و ڕۆمانەکەش (ژیاننامەی خودی) نییە، بەڵکو گێڕانەوەیەکە و تەکنیکی وەگێڕ بە جێناوی (من) بەکار دەهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت گەمەیەکی هونەری پیادە بکات، کە بواری ئەوەی بدات ئامادەیی هەبێت.

لە رۆمانی (ژن)ی (رێواس ئەحمەد)دا، ئەم جۆرە بینینە بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە بەشەکانی (١، ٣، ٥، ٧، ٩، ١١، ١٣، ١٥، ١٧)دا بەرچاو دەکەوێت، کە تێیدا وەگێڕ هەمان شتزانە، بە جێناوی کەسی یەکەمی تاک (من) قسە دەکات و بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، وەک لەسەرەتای رۆمانەکەدا دەڵێت: "ئەمرۆ لە وڵاتی بەفر و سەوزایی، وڵاتێک تەنانەت خەونیشم پێوە نەبینیوە، بە خەیاڵیشمدا نەهاتووە ڕۆژێک لە ڕۆژان تێیدا بگیرسێمەوە، لە نەخۆشخانەیەکدا کاردەکەم، دایکم نازانێت لێرە کچەکەی وەک فەڕاشێک دامەزراوە..........گەر بزانێ ئەم کارە دەکەم ڕەنگە دڵی بوەستێ، چونکە ئەو دەزانێ چەند ڕەنجم داوەو چەند شەونخونیم بە دیار کتێبەکانمەوە کردووە بۆ ئەوەی نمرەیەکی باش بێنم و بچمە کۆلیژی پزیشکی"[2]. لەم نموونەیەدا فەزای بینین لە گۆشەنیگای وەگێڕ و کارەکتەرەوە دەبینرێت، چونکە هەردووکیان بینینیان هاوتایە لەگەڵ شتەکان و لە یەک کاتدا شتەکان دەبینن، کە تێیدا وەگێڕ باس لە ژیان و کارکردنی (شیرین)ی کارەکتەری دەکات، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی سوید، هەرچەندە لە جیاتی ئەوەی پزیشک بێت، فەڕاشە لە نەخۆشخانەیەک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابەدڵ نییە لە کارەکەی و بگرە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کارەکەی دەکات، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەتوانێت مانگانە بڕە پارەیەک بۆ دایکی بنێرێتەوە تا بتوانێت

(١) یوسف حطینی، مكونات السرد في الرواية الفسطينية، منشورات اتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٩، ص٢٢٦.
(٢) رێواس ئەحمەد، ژن، ل٣.

چارەسەری برا نەخۆش و پەککەوتەکانی پێبکات. کەواتە فەزای بینین لەم دەقەدا بریتییە لە هەوڵ و ماندووبوونی و تێکۆشانی کارەکتەر لە پێناو ڕزگارکردنی خێزانەکەی لە نەهامەتی و هەژاری، هەرچەندە کارەکەشی لەگەڵ حەز و ئارەزوو و ئاواتەکانیدا یەک ناگرێتەوە.

هەر لە ڕۆمانی (ژن)دا ئەم بینینی هاوتای شتەکان لە شوێنێکی ترد دەبینرێت، کە تیایدا وەگێڕ دەڵێت: "ئەوا دوو مانگ بەسەلامەتی تێپەڕی و لە کارەکەمدا سەرکەوتووم، ئەی قابیلە بۆ سەرکەوتوو نابم هەروەک ماڵ پاککردنەوە وایە، هەر لە منداڵییەوە فێر بووم هەموو کارێکی ناوماڵ بکەم. دایکم فێری هەموو کارێکی دەکردین. بەڵام لە سەرەتاوە تۆزێک ترسم لە دڵا بوو، گومانم لە هەموو کەس دەکرد و نەمدەوێرا قسە لەگەڵ کەس بکەم، ئێستاش دوو کچ بوونەتە هاوڕێم و هیچ نەبێ بۆ فێربوونی زمان باشە، لە جارانیش زیاتر دەخوێنم، وا خەریکە دەبووژێمەوەو تۆزێ دێمەوە سەر خۆم. ئەوەی زیاتر دڵخۆشی کردووم ئەم مانگە پارەیەکی باشم بۆ دایک و براکانم ناردووە"[1]. لێرەدا وەگێڕ و کارەکتەر (شیرین) بینینیان بۆ شتەکان وەکو یەکە، واتە هاوتان لەگەڵ شتەکاندا، چونکە هەردووکیان لەیەک گۆشەنیگاوە ڕووداوەکە دەبینن، بەمەش فەزای بینین لە گۆشەنیگای هەردووکیانەوە دەبینرێت. لەم دەقەدا فەزایەکی پڕ لە گەشبینی و هیوا و ئاواتمان پیشان دەدرێت، چونکە کارەکتەر بە گەشبینینیەکی زۆرەوە دەڕوانێتە شتەکان، هەرچەندە خەون و هیواو ئاواتی بوونە پزیشک بوو، نەک کارکردن وەکو فەڕاشێک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر خۆشحاڵە، چونکە هەم کارێکی دەستکەوتووە، کە بە هۆیەوە دەتوانێت یارمەتی دایک و براکانی بدات، هەم لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگای دوو کچی هاوڕێیەوە فێری زمانیش دەبێت، بەمەش کارەکتەر کۆڵ نادات، بەڵکو بە هیوای ئەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بگات بە ئاواتەکەی، کە بوونە بە پزیشک.

هەروەها لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)دا بەهەمان شێوە، ئەم جۆرە فەزایە دەبینرێت، بۆ نموونە وەگێڕ لە یەکێک لە دەقەکاندا باس لە ڕووداوێک دەکات و دەڵێت: "هەر ئەو ڕۆژی ژانە سەرێکی توندم پێوە نووسا... هەڵسام چوومە دەرەوە هەوایەکی تازەو سازگارم هەڵمژی. ئارەزووی چا خواردنەوە بۆ حانووتە گچکەکە هەنگاوی پێ هەڵێنامەوە. لەوێ ختۆخۆکاو "دلێر"م کەوتە بەرچاو، دڵم پێ گەشایەوە، دەتوت لە تۆقۆزۆڵانەی گومڕایی ڕەها کراوم، هەر لە دوورەوە بزەیەکی

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

بۆ کردم و بەخێرهاتنێکی گەرمی کردم، دوایەش هەر خۆی چایەکی خەست و خۆڵی دایە دەستم"[1].

وەگێڕ لەم نموونەیەدا کارەکتەرێک زیاتری کردووە بە ئاوێنەیەک، کە رووداوەکانی تیادا رەنگ دەداتەوەو بەشدارن لە رووداوەکەدا، ئەوانیش (پیرۆز) و(دلێر)ن. (پیرۆز) دوای ئەوەی بەڕێوەبەرەکەی بانگی دەکات و چەند پرسیارێکی لەبارەی ژمارەو کاتی هاتن و ڕۆیشتنی ئەو پاسەی لێدەکەن، کە هاتوچۆی پێدەکات، لەگەڵ ناونیشانی گەڕەک و کۆڵان و ناوی موختاری گەڕەکەکەیان و ناوی دراوسێکانیان و گەلێ شتی تریش. ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی، کە سەر بە توندی بێتە ئێش، چونکە ئەو پرسیارە قوڕسانە دڵیان پڕ دەکات لە گومان و نیگەرانی و دەزانێ بێ هۆ نییە، بۆ ئەوەی ئازاری سەری کەم بکاتەوە، دەچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی هەوایەکی پاک هەلمژێت و چایەک لە حانوتی فەرمانگەکەی بخواتەوە. لەوێدا (دلێر) دەبینێت و تۆزێ لە ئازارەکەی کەم دەبێتەوە، چونکە هەردەم هەر نهێنیەک و خەمێکی هەبێت لای ئەو دەریدەبڕێ، کەواتە لەسەرەتادا کارەکتەر لە فەزایەکی نیگەرانی و بێتاقەتی دەبێت، بەڵام دواتر بە چوونە دەرەوەی بۆ کافتریاکە و بینینی دلێری هاوڕێی لەم فەزا ناخۆش و بێتاقەتە دەردەچێت و فەزاکەی پێچەوانە دەبێتەوە، کەواتە لێرەدا وەگێڕ و کارەکتەرەکان هاوتان لە بینینی شتەکاندا، تەنها ئەوەندە هەیە، کە مەودایەکی زەمەنی هەیە لە نێوان رابردوو و ئێستادا، چونکە رووداوەکە لە ڕابردوودا ڕووی داوەو کارەکتەرەکان تێیدا بەشدار بوون، بەڵام ئەرکی وەگێڕ بریتییە لە گێڕانەوەی رووداوەکان لە کاتی ئێستادا، بەڵام لێرەدا لەبەرئەوەی وەگێڕ و کارەکتەر هەمان رووداو لە هەمان گۆشەنیگاوە دەبینینن، ئەمەش وا دەکات فەزای بینین لەم رووداوەدا هەر یەک فەزا بێت.

لە رۆمانی (ساباتێک لە میژەڵۆک)ی (محمد رشید فەتاح)یشدا، ئەم جۆری فەزای بینینە لە بەشێکی رۆمانەکەدا دەبینرێت، وەک وەگێڕ لەم نموونەیەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "لە ترسی گۆڕانە ناوەختەکەی لە جێگەی خۆم ڕەق دەبووم هێندەش بچووک دەبوومەوە، وامدەزانی تۆپێکی دەستی منداڵێکی لاسارم و، خوازیارە بە شەقێک تورم هەڵداتە دەری ژورەکە، جا هەر بە ڕاستی لە پێش دیدەمدا دەبوە دڕندەیەکی بێبەزەیی وا، کە خواستی بێت، پەلامارم بدات و تێکم بشکێنێ، ئەی ئەوە نییە لە نیگای شەڕەنگێزیدا جگە لە زراو و تۆقین و تروسکەی هیچ جۆرە هیوایەک بەدی ناکەم"[2].

---

(١) حسام بەرزنجی، گۆڕە دروشاوەکان، ل٤٢-٤٣.

(٢) محمد رشید فەتاح، ساباتێک لە مێژەڵۆک، ل٢٢.

لەم نموونەیەشدا هاوتایی لە نێوان وەگێڕ و کارەکتەر دەبینین بۆ شتەکان، چونکە هەردووکیان لەهەمان گۆشەنیگاوە دەڕواننە شتەکان، هەر بۆیە فەزای بینین لە گۆشەنیگای هەردووکیانەوە دەبینرێت. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سەرچاوەی بەدەستهێنانی زانیاری وەگێڕ، خودی کارەکتەرەی ناو رووداوەکە (ئاغای عەزرەتی) مێردی شەبەنگ خاتوونە، فەزای بینینەکە بریتییە لەو ترسەی، کە کارەکتەر بەرامبەر بە ژنەکەی هەیەتی، چونکە ئەو ئێستا دەبێت دان بەوەدا بنێت، کە ژنەکەی جاران نییە، بەڵکو ئەو ئێستا حاکمی کۆشکێک دەکات و کۆمەڵێک دار بەدەستی هەیە.

هەر سەبارەت بە بینینی هاوتای شتەکان، لە نموونەیەکی تردا لە رۆمانی (ژن)دا وەگێڕ دەڵێت: "تەواو ژیانم لێ تێکچووە، نازانم ڕاست و چەپم لە کوێوەیە، هەمووی خەتای خۆم بوو، نەدەبوو پەیوەندیم لەگەڵ هانس دا وا زوو پەرە بسێنێ، داوای لێکردم بگوازمەوە لای بێ یەک و دوو بە گوێم کرد، کە داوای لێکردم بۆ ماوەیەک لە کارەکەم ئیجازە وەرگرم، خێرا بە گوێم کرد"[1]. لەم نموونەیەدا وەگێڕ ئەو کەسەیە، کە لە کاتی ئێستادا قسە لەبارەی کارەکتەرێک دەکات وەک ئەوەی وەگێڕەکە خۆی بێت، بەڵام لە ڕاستیدا رووداوەکان لە رابردوودا ڕوویان داوە، کە کارەکتەر تێیدا بەشدار بووە و وەگێڕیش لە کاتی ئێستادا دەیگێڕێتەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە هەردووکیان لەهەمان گۆشەنیگاوە دەڕواننە ئەو شت و رووداوانەی لە ژیانی کارەکتەردا ڕوویان داوەو هاوتان لەگەڵیان، بەمەش فەزای بینین بریتییە لە فەزایەکی ناوەکی کارەکتەر، کە تێیدا لەگەڵ خودی خۆی دەدوێت و خۆی تاوانبار و سەرزەنشت دەکات، بەوەی ژیانی خۆی بە دەستی خۆی تێکداوە.

لە رۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی (عەتا نەهایی)شدا ئەم جۆرە فەزایە دەبینرێت، بۆ نموونە وەگێڕ دەڵێت: "من دەڵێم ئێمە ئێستا لێرەین. لەم وڵاتە کە ناوی سویدە. کەسیشمانیان بە زۆر نەهێناوە. کەسیش لێرە نامەی دڵداری لێ نەنووسیوین. هەموومان بە خواستی خۆمان هاتووینە، هەر کامەشمان لێرە ژیانێکی بچووکمان پێکەوە ناوەو خەریکی ژیانی خۆمانین. ئەڵبەت ئەمە مانای نییە کە لە نیشتمانەکەی خۆمان دابڕابین. هەموومان تاسەی دەکەین"[2]. لێرەدا بینینی وەگێڕ و کارەکتەر هاوتایە لەگەڵ شتەکان، چونکە ئەوان هەرچەندە تاسە و بیری نیشتیمان دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕازین بە ژیانی پەناهەندەیی، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بە خواستی

(١) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل١٣٨.

(٢) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل٤٠.

خۆیان پەناهەندەییان هەڵبژاردووە، کەس بەزۆر  بۆ ئەو شوێنەی نەبردوون، کەواتە فەزای بینین بریتییە لـەو وێنەیەی، کە وەگێڕ و کارەکتەرەکە لەهەمان گۆشەنیگاوە لێی دەڕوانن و دەیبینن.

لە رۆمانی (جەمشید خانی مامم)دا ئەم جۆرە بینینە بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە رۆمانەکەدا دەبینرێت، چونکە وەگێڕ کارەکتەری سەرەکی ناو رۆمانەکەیە بە ناوی (سالار خان)، کە برازای (جەمشید خان)ەو رووداوەکان لە گۆشەنیگای خۆیەوە دەگێڕێتەوە، لە یەکێک لە نموونەکاندا وەگێڕ دەڵێت: "دانیشتنی یەکەممان لەگەڵ جەمشید خان خۆیدا شتێکی ئەوتۆ نەبوو، من تەنیا فریای ئەوە کەوتم سەرسام سەیری تەنکی و لاوازییەکەی بکەم، جەمشید کەمێک باسی زیندانی بۆ کردین و گووتی لە کاتی ئەشکەنجەدا ئازاری زۆر بووە، بەڵام هیچ کەس لە دونیادا نییە بتوانێت بە زۆر شتێک لەو بستێنێت. ئێمە لە گەرمەی قسەکردندا بووین کە خەیاتێکی تایبەت هات تا بە پێی گەورەیی و تەنکی جلی تایبەتی بۆ بکات"[1]. وەگێڕ لەم نموونەیەدا وێنەی تەنکی و لاوازی (جەمشید خان)مان بۆ دەکێشێت و پیشانمان دەدات، بە جۆرێک ئەوندە تەنک و لاوازە، کە هیچ پۆشاکێک بۆی نابێت، بەڵکو پێویستی بە بەرگدرووی تایبەتە بۆ ئەوەی پۆشاکی تایبەتی بۆ بدروێت، بەمەش فەزای بینین لە گۆشەنیگای وەگێڕ و کارەکتەرەکەوە دەبینرێت، چونکە هەردوکیان لەهەمان گۆشەنیگاوە دەڕواننە شتەکان، واتە بینینی هەردوکیان بۆ شتەکان هاوتایە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وەگێڕ یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکیەکانی ناو رۆمانەکەی کردووە بە ئاوێنەیەک، کە رووداوەکانی تیادا ڕەنگ دەداتەوە.

لە رۆمانی (ژن)دا دیسان ئەو بینینە دەبینین، کە هاوتایە لەگەڵ شتەکان، وەک وەگێڕ ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "لە دوورەوە هەستم بە تیشکی چاوەکانی دەکرد، هەتا دەگەیشتە لام چاوی لێنەدەتروکاندم، هەستم دەکرد کە نزیک بکەومەوە، نیگای چاوەکانی دەمسوتێنێ، بۆیە بە پێی توانا هەوڵم دەدا تەماشای چاوەکانی نەکەم. ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە گەر هانس بەرامبەرم بێت چۆن بڕوانمە چاوەکانی، یان چۆن بتوانم نیگای چاوەکانم ئاوێتەی دەروونم نەبێ. بەهەر حاڵ دەبێ خۆم لە بینینی لادەم، کاتێ ژوورەکەی پاکبکەمەوە ئەوی لێ نەبێ، یان باشترە شوێنی کارەکەم بگۆڕم. خۆ هێندە گران نییە، لەگەڵ کەسێکی تردا کارەکەم دەگۆڕمەوە"[2]. لەم نموونەیەدا فەزای بینین هەمان

(١) بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم، ل١٢.

(٢) رێواس ئەحمەد، ژن، ل٣٤.

ئەو فەزایەیە، کە وەگێڕ و کارەکتەر دەیبینن، چونکە هەردووکیان لەیەک گۆشەنیگاوە دەڕواننە شتەکان، واتە بینینیان بۆ شتەکان یەکە، ئەویش بریتییە لە خۆشەویستی شیرین بۆ دکتۆر هانس و بە پێچەوانەشەوە، کەچی لەگەڵ ئەم خۆشەویستییەشدا، شیرین نایەوێت ژیانی لێ تێک بدات، چونکە دکتۆر هانس ژن و منداڵی هەیە، جگە لەوەش نایەوێت جارێکی تر لەگەڵ هیچ پیاوێکی تر خۆشەویستی بیان هاوسەرگیری بکات، چونکە لەلایەن هاوسەری پێشویەوە لێدان و ئازارێکی زۆری چەشتووە، ئەمەش وا لە شیرین دەکات، بیر لە خۆ ونکردن و گۆڕینی شوێنی کارەکەی بکاتەوە، تاوەکو لەبەر چاوی دکتۆر هانس ون بێت، بەمەش شیرین دەیەوێت قوربانی بە خۆشەویستییەکەی خۆی دەدات.

هەروەها لە رۆمانی (سنورداشیک لە بیابان)دا بەهەمان شێوە ئەم جۆری فەزای بینینە بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت، وەک لە یەکێک لە نموونەکاندا وەگێڕ دەڵێت: "سامان گیان، دەچین بەرەو وڵاتێکی ئیسلامی، لە خوارووی وڵاتمانەوە، قاچاغچی شارەزا دەمانگەیەنێ و پارەیێ زۆر کەمی دەوێ، وەک چوونە ئەوروپا نییە پارەیەکی زۆری بوێ. بە خێزانەکانمانەوە دەچین، چونکە بە مسۆگەری دەگەین"[1]. لەم نموونەیەدا وەگێڕ و کارەکتەرەکە هەمان زانیارییان هەیە سەبارەت بە سەفەرەکە، کە هەم پارەیەکەی کەمی تێدەچێت و هەمیش بە مسۆگەری دەگەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە وەگێڕ زانیاریی زیاتر دەزانێت سەبارەت بە ئەنجامی سەفەرەکە، کەچی نایەوێت پێش رووداوەکان بکەوێت، بەڵکو دەیەوێت کارەکتەرەکان خۆیان لەبارەی خۆیانەوە بدوێن و کۆتایی بە رووداوەکان بێنن . بەمەش فەزای بینین لەم دەقەدا لە گۆشەنیگای وەگێڕ و کارەکتەرەوە دەبینرێت بۆ رووداوەکە، کە ئەویش فەزایەکی خۆش و گەشبین و پڕ لە هیوا و ئاوات و کۆتایی هاتن بە هەژاری و نەهامەتی دەردەسەری.

لە شوێنێکی تری رۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا، ئەم هاوتاییە لەگەڵ شتەکان دەبینرێت، کاتێک وەگێڕ لە یەکێک لە نموونەکاندا دەڵێت: "هەڵاڵە دەیگوت: "کاتێک بۆ دواهەمجار لەگەڵ دایکم گەڕاینەوە بۆ گەڕەک و کۆڵانەکەی خۆمان و دوا ماڵاواییمان لە دەرو دراوسێکانمان کرد، زانیم ئەو کۆچەمان کۆچی هەموو خەڵکی شار نییە. ئەو کۆچە تەنیا کۆچی ئێمە بوو. تەنیا ئێمە بووین کە ماڵ و شارەکەمان بەجێدەهێشت." دایکی گوتبووی: "بۆ هەمیشە." گوتبووی: "کۆچی ئەمجارەمان

---

(١) سەدرەدین محێدین کەلوڕیی، سنورداشێک لە بیابان، ل١٤.

گەڕانەوەی نییە." هەڵاڵە خۆشحاڵ بوو. خۆشحاڵ لەوەی کە دەچوون بۆ لای باوکی"[1]. لەم نموونەیەدا هەرچەندە هەڵاڵە دواماڵئاوایی لە هاوڕێکانی و دەر و دراوسێکانی دەکات و شار بەجێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە شاخ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵخۆشە بەم سەفەرە، چونکە بۆ یەکجاری لای باوکی دەچێت، بەمەش فەزای بینین لەم دەقەدا فەزای ماڵئاوایی و دوورکەوتنەوەیە، هەرچەندە بە دوورکەوتنەوەو ماڵئاوایی مرۆڤ هەردەم خەمبار و بێتاقەت دەبێت، بەڵام لێرەدا بۆ هەڵاڵە فەزاکە تەواو پێچەوانەیە، کەواتە لەم دەقەشدا بەهەمان شێوە زانیاریی وەگێڕ و کارەکتەر وەکو یەکە، ئەمەش وا دەکات هەمان فەزا ببینرێت، چونکە هەردووکیان لە هەمان گۆشەنیگاوە دەڕواننە شتەکان و هاوتان لەگەڵ ئەو شتانەی ڕوودەدەن.

لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)ی (حسام بەرزنجی)دا، بینینی هاوتای شتەکان بە ڕێژەیەکی باش دەبینرێت و وەگێڕ تێیدا کارەکتەرێک یان زیاتر دەکاتە سەرچاوە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی، وەک لەم نموونەیەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "ئەی خوایە چەند حەز دەکەم تەرمەکەم بۆ "مەیموونە" ببەنەوە، لەوێوەش بە هۆسە و قەرەباڵغییەوە بمگەیننەوە "دیر الملالیح..." هەر دە کیلۆمەترێک لە "مەیموونە"وە دوورە، ئەگەر بە بەلەم و مەشحوف بمبەنەوە، ئەوەندەی پێ ناچێ و زوو دەگەنە گوندەکەم. چەند خۆشە لە مەڵبەندەکەی خۆما بە خاک بسپێردرێم، لەوێ کفن و دفنم کەن. ئەوسا لە گۆڕستانە گەورەکەی خاکی پیرۆز بنێاخم کەن"[2]. لەم نموونەیەشدا فەزای بینین بریتییە لە پەیوەست بوونی مرۆڤ بەو خاکەی، کە تێیدا لەدایک بووەو ژیاوە، ئەوەتە (کەڕاڕ)ی کارەکتەر خواستی ئەوەیە دوای لە سێدارەدانی تەرمەکەی بۆ مەڵبەندی لەدایک بوونی بەرنەوە، کە (دیر الملالیح)ە لەوێ بینێژن، هەرچەندە وەگێڕ دەزانێت ئەم خواستەی کارەکتەر بەدی نایێت، چونکە لە سێدارەی نادەن، بەڵکو بە زیندویێتی تەرمەکەی بە بەنزین دەسوتێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێت پێش ڕووداوەکان بکەوێت، بەڵکو دەرفەت بە کارەکتەرەکە دەدات، کە خۆی کۆتایی بە ڕووداوەکان بهێنێت، چونکە سەرچاوەی زانیاریی وەگێڕەکە خودی کارەکتەرەکەیە، نەک یەکێکی تر.

دیسان لە ڕۆمانی (ژن)ی (ڕێواس ئەحمەد)دا، هەمان ئەو بینینە هاوتایە دەبینین، کاتێک وەگێڕ لە یەکێک لە نموونەکاندا ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "- براکەم شوێنکەمی دۆزیوەتەوە.

---

(١) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل١٠٧.

(٢) حسام بەرزنجی، گۆڕە دروشاوەکان، ل٢١٠.

دوێنێ بەردەمی دەرگاکەی گرتبوو نەدەڕۆیشت، تا لێرەوە پۆلیسیان بۆ بانگ کرد. وازم لێناهێنن تا نەمکوژن، کە شووم کرد برا گەورەکەم هەڕەشەی لێکردم و وتی گەر ئامۆزاکەت جێنهێڵی یەک چەقۆ دەکەم بە سکتا.............

– ئەی ناتوانن شوێنکەت بگۆڕن، یان بتبەنە شارێکی تر.

– با ئەوان یەکسەر بیریان لەوە کردەوە کە جێگەکەم بگۆڕن، بەڵام لە هیچ کوێیەک شوێنی بەتاڵ نییە.

– گەر دەتەوێ و ئێرەت پێ باشە، دەتوانی بێیت بۆ لای من. وەرە ئێرە ماوەیەک دانیشە تا شوێنێکت بۆ دەدۆزنەوە، هیچ نەبێ لێرە هەست بە ئەمان دەکەیت. تۆ دەتوانی لە ماڵەوە بیت و هەر پێویستیەکیشت هەبێ خۆم بۆتی جێبەجێ دەکەم"[١]. لەم نموونەیەدا وەگێڕ زیاتر لە کارەکتەرێکی کردووە بە ئاوێنە، کە رووداوەکان تیایاندا رەنگ دەداتەوە، ئەوانیش (شیرین)و (شارا)ن، کە بینینیان لەگەڵ وەگێڕدا هاوتایە و لەیەک کاتدا لە شتەکان دەڕوانن، چونکە پێیانوایە، باشترین شوێن بۆ خۆ حەشاردانی شارا ماڵەکەی شیرینە، تاوەکو کەسوکارەکەی نەیدۆزنەوەو نەیکوژن، چونکە براکەی ئێستا بەوە دەزانێت، کە دوای ئەوەی شارا لە ماڵەوە ڕایکرد لە ڕێکخراوێکی ژنان دەژی، بەمەش خانووەکەی شیرین دەبێتە ئەو شوێنەی، کە شارا تێیدا هەست بە ئارامی و ئاسایش دەکات. کەواتە لێرەدا وەگێڕ دەیەوێت ئەو فەزا پڕ ترس و مەترسییەی، کە شارا تیایەتی بۆ فەزایەکی پڕ لە هێمنی و ئارامی و ئاسایش بیگۆڕێت.

هەر لە رۆمانی (جەمشید خانی مامم)دا، وەگێڕ لە نموونەیەکدا دەڵێت: "ئەم بایەی ئێستا هەڵدەکات هەلێکی باشە کە مەشقی تێدا بکەین، چونکە دەبێت من دوو شتی گرنگ فێر ببم، یەکێکیان ئەوەیە چۆن لە بادا بە ئاسماندا بفڕم، ئەوی دیکەش چۆن بە زەویدا بڕۆم.... ڕۆیشتنم بە ئاسایی لەسەر زەوی، بە هەمان ئەندازەی فڕینم بە ئاسماندا گرنگە"[٢]. لەم نموونەیەدا کارەکتەرەکە، کە (جەمشید خان)ە پێیوایە هەر حەزەکەی هۆکار نییە بۆ فڕین، بەڵکو دەیەوێت لە پاڵ حەزەکەشیدا بتوانێت لەکاتی هەڵکردنی بادا لە ئاسماندا بفڕێت. لێرەدا هاوتایی لە بینینی شتەکان لە نێوان وەگێڕ و کارەکتەردا دەبینرێت، چونکە زانیاریی وەگێڕ و کار وەکو یەکە، هەرچەندە وەگێڕەکە زانیاریی دەربارەی رووداو و شتەکان لە کارەکتەر زیاترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و توانای درکاندنی نییە، چونکە

(١) رێواس ئەحمەد، ژن، ل٣٦.

(٢) بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم، ل١٨.

نایەوێت پێش ڕووداوەکان ناکەوێت، بەڵکو چاوەڕوانی کارەکتەرەکانی ناو ڕووداوەکە دەکات تا بگەنە کۆتایی و ئەنجامی ڕووداوەکان.

هەروەها لە شوێنێکی تری ڕۆمانی (سنورداشێک لە بیابان)ی (سەدرەدین محێدین کەلۆڕیی)دا، دەرفەت بە کارەکتەرەکان دراوە باس لە خودی خۆیان بکەن، وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ دەڵێت: "حوسێن گوتی: تەنیا ئەم جارە دایکم ببینم، ئەوسا بمیانیش بردایە بۆ سێدارەدان، زۆر ئاسایی بوو، چونکە من خۆم بە تاوانبار دەزانم، کە دەسم لە دوو ئامۆزای خۆم چوو و کوشتم، گەر سێدارەم بۆ دەرنەچووایە، ڕۆژێ لە ڕۆژان ویژدانم دەیهەژاندم، خۆمم دەکوشت، چونکە تاوانی کوشتنی کەسێ زۆر گەورە و گرانە، نەخوازەڵا ئامۆزا!!!"[1]. فەزای بینین لەم نموونەیەدا، بریتییە لە دوا هیوا و ئارەزووی (حوسێن) بەر لە سێدارەدان، ئەویش ئارەزووی بینینی دایکیەتی بۆ دواجار، چونکە دەزانێت لە سێدارە دەرێت، ئەو حوکمەش بە شایستەی خۆی دەزانێت، لەبەرئەوەی پێی وایە ئەو تاوانانەی، کە کردوویەتی مایەی لێخۆشبوون نییە، بە تایبەتی تاوانی کوشتنی ئامۆزاکانی. لێرەدا هەرچەندە وەگێڕ دەزانێت ئەم هیوایەی کارەکتەر نایەتەدی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێش ڕووداوەکان ناکەوێت، بەڵکو دەیەوێت کارەکتەرەکان خۆیان باس لە کۆتایی ڕووداوەکان بکەن، چونکە سەرچاوەی زانیارییەکانی وەگێڕ خودی ئەو کارەکتەرانەن، کە بەشدارن لە ڕووداوەکاندا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زانیاریی کارەکتەر و وەگێڕ هەمان شتە، بەمەش هەردووکیان لەهەمان گۆشەنیگاوە دەڕواننە شتەکان، واتە بینینیان وەکو یەکە.

هەر لە ڕۆمانی (ساباتێک لە مێژەڵۆک)دا، وەگێڕ ڕووداوێکی ترمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "تەنیا دوو ڕۆژ مۆڵەتم بدەرێ، تا بە تەواوی قەناعەت بە خۆم دێنم، تۆ بڵێی بچمە ژێر باری وادەو بەڵێنی ئەوانەوە، هەروا بە ئاسان ببمە پیاوی ئەوان.؟ یاخود هەروا بە دیلی بمێنمەوە، ئەو پەیوەستە بە ئیرادەی خۆمەوە"[2]. لەم نموونەیەدا وەگێڕ وێنەی خۆڕاگری و ئازایەتی و ئیرادەی زیندانێکی ناو زیندانمان بۆ دەکێشێت و پیشانمان دەدات، ئەویش (کۆیاد)ی کارەکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکەیە، کە لە کۆشکەکەی شەبەنگ خاتوون دەستبەسەرە، بۆ ئەوەی ئازادی بکەن، داوای ئەوەی لێدەکەن ببێتە پیاوی ئەوان، ئەویش داوای دوو ڕۆژ مۆڵەتیان لێدەکات، بۆ ئەوەی بیر لە دەستپێشخەرییەکەیان بکاتەوە، بەڵام ئایا دەچێتە ژێر باری داواکەیان یان کەسێکی خاوەن ئیرادەیە و ناچێتە ژێر باری هیچ داوایەکەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە هەرچەندە وەگێر زانیاری لەبارەی ئەم ڕووداوە زیاترە، بەڵام

---

(١) سەدرەدین محێدین کەلوڕیی، سنورداشێک لە بیابان، ل٢٢٢.

(٢) محمد رشید فەتاح، ساباتێک لە مێژەڵۆک، ل١١٣.

لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێت پێش ڕووداوەکە بکەوێت و ئەنجامەکەی ڕابگەیەنێت، بەڵکو چاوەڕوانی کارەکتەرەکە دەکات، بۆ ئەوەی کۆتایی بە ڕووداوەکە بهێنێت.

٢. **فەزای بینینی نزیک لە شتەکان:** ئەو جۆرە فەزایەیە، کە تەنها لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، چونکە وەگێڕ پەیوەندییەکی گەرمی لەگەڵ شتەکاندا هەیە و لێیانەوە نزیکە، ئەوەش وامان لێ دەکات شتەکان بە جۆرێکی واقیعیتر ببینین، چونکە نزیکبوونەوەی وەگێڕ لە شتەکان وای لێ دەکات زیاتر دەرکیان پێ بکات و وەسفیان بکات. بەمەش بینینی وەگێڕ لە بینینی کارەکتەرەکان زیاترە و وەک ئەوە دەردەکەوێت، کە ڕۆماننوسەکەیە و بە جێناوی کەسی سێیەمی نادیار (ئەو) قسە دەکات، لەبەرئەوەی ئاگاداری هەموو شتەکانی ناو ڕۆمانەکەیە و دەتوانێت بزانێت چی لە مێشکی کارەکتەرەکاندا هەیە، جگە لەوانەش خاوەن سەربەستیەکی ئەوتۆیە، کە دەتوانێت بچێتە ناو دەروونی کارەکتەرەکانەوەو جیاوازی و پشێوییەکانی ناو هەست و سۆزیان شی بکاتەوەو لە مەبەست و ئامانجەکانیان تێبگات.

بەمەش وەگێڕ تێڕوانینێکی سەراپایی و ڕوون پێشکەش دەکات، کە وای لێدەکات پێویستی بە خستەگەڕی هزری خوێنەر و ماندووبوونی خوێنەر نەبێت، چونکە هەموو ڕووداوەکە بە خوێنەر دەگەیەنێت و ڕێگە نادات خوێنەر هیچ شتێک ببینێت جگە لەوەی خۆی پیشانی دەدات، بۆیە خوێنەر تەنها ئەو شتانە دەزانێت، کە ئەو دەیەوێت بیزانن، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە وەگێڕ دەکەوێتە نێوان خوێنەر و جیهانی ڕۆمانەکەوە. سەبارەت بە کارەکتەرەکانیش، ڕووداوەکان ئەنجام دەدەن بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەو چارەنووسە نادیارە بن، کە چاوەڕێیان دەکات، چونکە وەگێڕ ڕێگا بە کارەکتەرەکان نادات لە خۆیان بدوێن، بەڵکو کارەکتەرەکان تەنها ئەو شتانە دەبینن، کە لەبەر چاویدان.

لە ڕۆمانی (ژن)ی ڕێواس ئەحمەددا ئەم جۆرە بینینە بە ڕێژەیەکی زۆر دەبینرێت، بەتایبەتی لە بەشەکانی (٢، ٤، ٦، ٨، ١٠، ١٢، ١٤، ١٦، ١٨)دا، وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ دەڵێت: "نزیکەی مانگێکە لەم نەخۆشخانەیەدا کاردەکات، بێ گرفت و ڕێکوپێک کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات و هێمن و بێ دەنگە، لە سڵاوکردن بترازێ کەس ورتەیەکی لێوە نابیستێ. تەنانەت سەرنجی نەخۆشەکانیشی ڕاکێشاوە کە پرسیاری لێدەکەن هەوڵدەدا وەڵامەکانی کورت بن و نەچێتە بابەتی جدییەوە. زۆر جار خۆی بەوە دەپەڕێنێتەوە کە سویدی باش نازانێ"[1]. لێرەدا زانیاریی وەگێڕ لە زانیاریی کارەکتەرەکە زیاترە، تەنانەت زانیاریی لە کارەکتەرەکانی تری ناو ڕۆمانەکەش زیاترە و بگرە دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی ناخ و دەروونی کەسێتیەکان بخوێنێتەوە، وەک لەم دەقەدا، کە زۆر بە وردی باس لە هەموو

(١) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل٩.

هەڵسوکەوت و سیفەتەکانی شیرینی کارەکتەر دەکات لەو نەخۆشخانەیەی کاری تێدا دەکات، وەک (ئەنجامدانی کارەکانی بێ گرفت، هێمنی و بێدەنگی، کەم قسەکردنی، .....)، بەبێ ئەوەی کارەکتەر خۆی ئاگادار بێت و ڕێگەی پێبدرێ لەبارەی خۆیەوە بدوێت.

بەڵام ئەگەر هەمان ڕووداو لە گۆشەنیگای کارەکتەرەکەوە سەیری بکەین و ببینین، ئەوا فەزایەکی جیاوازتر لەوەی وەگێڕ دەبینین، بۆ نموونە وەگێڕ دەڵێت: "کە دەگەیشتمە نهۆمەکەی خۆم تۆزێ هەستم بە دڵنیایی دەکردو دەمووت: "لەگەڵ ئەوەی ڕەنگی چاو و قژم گۆڕیوە، کەچی هێشتا هەر شکم هەیە کە بمبینێ بمناسێتەوە ......باشبوو ئەمڕۆش بە سەلامەتی گەیشتمە سەرکار" بە ترسەوە دەرگاکەم دەکردەوە و جلەکانم دەگۆڕی، پاشان دەستم بەکاردەکرد، چ ڕۆژانێکی سەخت بوو، سەردەمانێک بوو خۆم ئامادە دەکرد وەک پزیشک کاربکەم کەچی ئەمڕۆ وەک پاککەرەوەیەک کاردەکەم. ئەمەشم هەر قەبووڵە بە مەرجێک ئیتر زیتر زەلیل نەکرێم"[1]، کەواتە هۆکاری ئەنجامدانی کارەکان بەبێ گرفت لەلایەن کارەکتەر و هێمنی و بێدەنگییەکەی و کەم قسەکردنەکەی بۆ ترس لە ئاشکرابوونی لەلایەن هاوسەرەکەی دەگەڕێتەوە، نەک بە نەزانینی زمانی سویدی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە وەگێڕ و کارەکتەر هەردوکیان لە هەمان گۆشەنیگاوە ناڕواننە شتەکان، بەڵکو هەریەکێکیان لە گۆشەنیگایەکەی جیاوازەوە دەڕوانێتە شتەکان، بەڵام فەزای بینین تەنها لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، چونکە دەتوانێت بەهۆیەوە بەسەر جیهانی گێڕانەوەکەیدا باڵادەست ببێت تەنانەت بەو کارەکتەرانەشەوە، کە لە ڕووداوەکەدا بەشدارن، جگە لەوەش هیچ کەسێک وەکو ئەو ناتوانێت بەم شێوەیە وەسفی ڕووداو و شتەکان بکات و بە وردی بۆمان بگێڕێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وەگێڕ پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ شتەکان هەیەو لێیانەوە نزیکە، کە ئەمە وا لە خوێنەر دەکات ئاگاداری هەموو ئەوە شتانە بێت، کە کارەکتەر دەیکات و بیری لێدەکاتەوە، واتە هیچ شتێکی شاراوەو نهێنی کارەکتەری بۆ نامێنێتەوە تاوەکو بەدواداچوونی بۆ بکات، بەڵکو وەگێر بە ئاسانی هەموو هەڵسوکەوت و نهێنیە شاراوەکانی کارەکتەر بۆ خوێنەر دەخاتە ڕوو.

بەهەمان شێوە وەگێڕ لە نموونەیەکی تری ڕۆمانی (ژن)دا، ئاماژە بە ڕووداوێک دەکات، بەڵام بە بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەی ئەو زانیارییە بکات، کە لێوەی وەرگرتووە، تێیدا دەڵێت: "چاوەکانی دەکزانەوەو ئەزیەتیان دەدا، بۆیە لێنزەکانی لە چاوی دەرهێناو خستنیە قوتووە بچووکەکەی خۆیانەوەو دەموچاوی شۆردو ترسی ئەوەشی هەبوو کە یەکێ خۆی بکا بە ژووردا و ئەم نهێنیەشی ئاشکرا بێت، بۆیە بە ئەسپایی سەیرێکی دەرەوەی کرد کەسێک لە ناوە دیار نەبوو تەنانەت

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

سکرتێرەکەی هانسیش لەو ناوە نەمابوو"[1]. لەم نموونەیەدا ئەگەر وەگێڕ ئاگاداری شتەکان نەبێت و نزیک نەبێت لێیان هەرگیز ناتوانێت بەم شێوەیە ئەم ڕووداوە بە وردی بگێڕێتەوەو وەسفی بکات، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە هەموو شت زانە، بۆیە ئاگاداری ئەوەیە، کە کارەکتەر لە ژوورەوە چاوەکانی دەکزێنەوە، بۆیە لێنزەکان لە چاوی دەردەهێنێت و دەیانخاتە قوتووە بچووکەکەی خۆیەوە، تەنانەت ئاگای لە ناوەوەی کارەکتەرەکەیە و دەزانێت ترسی لە ئاشکرابوونی نهێنی لێنزی چاوەکانیدا هەیە، ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستیەن، وەگێڕ ئاگاداری هەموو شتێکی کارەکتەرەیە تەنانەت نهێنیە شاراوەکانیشی، بەبێ ئەوەی کارەکتەرەکە لە خۆی و هەستە شاراوەکانی بدوێت، بەمەش فەزای بینین لەم نموونەیەدا لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت.

ئەم جۆرە بینینیە بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا دەبینرێت، وەک لە یەکێک لە نموونەیەدا وەگێڕ ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "ئێوارەیەک بوو لە ئێوارە هەرە دڵتەنگەکان. ئارەزوو خەوتبوو. لە هۆڵەکە، لەسەر مۆبلێک، بەدەم سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە خەوی لێکەوتبوو. تەلەفزیۆنەکە هێشتا هەڵکرابوو، بەرنامەی ساوایانی بڵاودەکردەوە، کارتۆنی پشیلەیەک کە تەنگەی بە مشکێک هەڵچنیبوو، کوناوکون شوێنی دەکەوت"[2]. لەم نموونەیەدا وەگێڕ ئەوەندە نزیکە لە شتەکان و ئاگاداریانە، بۆیە بە وردی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوەو وەسفی شتەکان دەکات، جگە لەمە ئاگای لە ناوەوەی کارەکتەرەکە هەیە، هەر بۆیە دەزانێت، کە ئەم ئێوارەیە (هەڵاڵە) زۆر دڵتەنگە، ئەمانەش دەرخەری ئەو ڕاستیەن، کە وەگێڕ ئاگاداری هەموو شتێکی کارەکتەرە تەنانەت نهێنیە شاراوەکانیشی، بەبێ ئەوەی کارەکتەرەکە ئاگاداری ئەو بارودۆخەی خۆی بێت، چونکە وەگێڕ خاوەن ئازادییەکی نیمچە ڕەهایە، کە لەبارەی کارەکتەرەکان و ناخ و دڵ و دەروونیان بدوێت، بە بێ ئەوەی ڕێگا بە کارەکتەرەکان بدات، کە لە خودی خۆیان و هەڵسوکەوتەکانیان بدوێن، کەواتە فەزای بینین لەم دەقەدا بریتییە لەو فەزا ناوەکییەی کارەکتەر تیایەتی، کە ئەم فەزایەش لە گۆشەنیگایەکی نزیک لە شتەکان لەلایەن وەگێڕەوە دەبینرێت.

بەڵام ئەگەر هەمان ڕووداو لە گۆشەنیگای دایکی هەڵاڵەوە ببینین، کە دوورە لە شتەکان ئەوا فەزایەکی تر دەبینین، وەک لەم نموونەیەدا دەڵێت: "شوکور بۆ خوا ئێوە لەم شاخ و داخە، لەم شەڕو شۆڕو نائەمینییە دوورن. لەم دۆزەخە دوورن. ئێوە لەوێ، لەو بەهەشتە لەگەڵ مێردو منداڵی خۆتان بە ئاسوودەیی دەژین"[3]، لێرەدا دایکی هەڵاڵە لە فەزای دەرەکییەوە دەڕوانێتە شتەکان، بۆیە ئاگای لەو ناخ و دڵ و دەروونی هەڵاڵە نییە و نازانێت لە چ فەزایەکی ناوەکی و ناخۆشدا دەژیت، هەر لەبەر

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

(٢) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل٢٠.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

ئەوەشە فەزای بینین لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، چونکە وەگێڕ باڵادەستە لە ڕۆمانەکەدا و دەتوانێت بچێتە ناو ناخ و دەروونیان و شتە نهێنیەکانیشیان کەشف بکات.

هەر سەبارەت بە نزیکی بینینی شتەکان وەگێڕ لە دەقێکی تردا لە ڕۆمانی (ژن)ی ڕێواس ئەحمەددا، بە وردی باس لە بەیانیەک دەکات، کە شیرین و هانس لە خۆشی ئەوەی لە دەوام یەکتر دەبینن تووشی چەند حاڵەتێکی ناخۆش دەبن، وەک (هەردووکیان نانیان بۆ ناخورێت، یەکێکیان کلیلی ئۆتۆمبیلی بیر دەچێت ئەوەی تریان جانتاکەی، شیرین سواری پاسێکی هەڵە دەبێت و هانسیش بە شەقامێکی هەڵەدا دەڕوات)، وەک وەگێڕ دەڵێت: "ئەو بەیانییە وەک بەیانییەکانی تر نەبوو. شیرین و هانس نانیان پێنەخورا. هانس کە چووە دەرەوە کلیلی ئۆتۆمبیلەکەی بیر کرد و شیرینیش جانتاکەی بیرچوو. دەبوایە سواری پاسی ژمارە ١٠ بێت خۆی کردبوو بە پاسی ژمارە ٤دا، هانسیش لە شەقامێکی هەڵەوە لای دایەوە. هەردووکیان بە ترسێکی سەیرەوە ڕێگای کاریان گرتە بەر. هانس نەیدەزانی کەی لە ژوورەکەیدا بێت تا شیرین ببینێ، شیرینیش نەیدەزانی کەی ژوورەکە پاکبکاتەوە تا ئەو ببینێ. ئەم دوو بیرۆکەیە مێشکیانی جەنجاڵ کردبوو"[1]. فەزای بینین لەم نموونەیەدا بریتییە لە پیشاندانی دیوی دەرەوەو ناوەوەی کارەکتەر و هەڵسوکەوتەکانیان لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە، چونکە ئاگاداری هەموو شتەکانی ناو ڕۆمانەکەیە و نزیکە لێیانەوە، تەنانەت دەتوانێت بزانێت چی لە مێشکی کارەکتەرەکاندا هەیە و بیر لە چی دەکەنەوە، جگە لەمانەش دەتوانێت بچێتە ناو دەروونی کارەکتەرەکان و جیاوازی و پشێوییەکانی ناو هەست و سۆزیان شی بکاتەوەو لە مەبەست و ئامانجەکانیان تێبگات، بەبێ ئەوەی ڕێگا بە کارەکتەرەکان بدات لە خۆیان بدوێن و ئاگاداری ئەو زانیاریانە بن، کە وەگێڕ پێشکەشیان دەکات. کەواتە وەگێڕ ئەوەندە نزیکە لە شتەکان، بە شێوەیەک دەتوانێت هەموو شتێک بە وردی وەسف بکات و وێنەکان یەکە بە یەکە و لە دوای یەکتر وێنا بکات بۆ خوێنەر، بە بێ ئەوەی خوێنەر پێویستی بە بەدواداچون و ماندووبوون بێت.

لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم)یشدا، فەزای نزیک لە شتەکان بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر بوونی هەیە، وەک وەگێڕ لە یەکێک لەنموونەکاندا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "کەس بە تەواوەتی نازانێت جەمشید لە چ ڕۆژێکدا با دەیبات. هێند هەیە یەکەمین فڕینی لە زیندانێکی تایبەت لە کەرکوکەوە دەست پێدەکات و کاتەکەشی شەوێکی ساردی زستان دەبێت. لەو شەوەدا پاسەوانێک ئەو دەداتە پێش خۆی تا بیباتە بەردەم ئەو پرسکارە ترسناکەکان کە چەندین مانگە جەمشید لە ژێر گوشار و لێدان هەڕەشەی بەردەوامیاندا دەژی، بەڵام بۆ ئەوەی لە زیندانەکەی خۆیەوە بگاتە ژووری ئەشکەنجە دەبایە گۆڕەپانێکی گەورە ببڕێت. لە کاتی ئەو گواستنەوەیەدا شتێک ڕوودەدات ....... بەڵام ئاشکرایە کە بایەکی لە ناکاو و زۆر بەهێز دێت، بۆ یەکەم جار ئەو بایە جەمشید خان لەسەر

(١) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل٦٣.

زەوی بەرز دەکاتەوە....ئەوەی لە یادی چەمشید ماوە ئەوەیە کە سەرەتا هەست بە گێژبوونێکی گەورە دەکات، ترسێکی گەورە دایدەگرێت، هەستەکانی وەک پووش بە خێرایی با دەیبات"[1]. لەم نموونەیەدا وەگێڕ باس لە یەکەم ڕووداوی فڕینی (جەمشید خان) لە زیندانێکی کەرکوک دەکات و دەیگێڕێتەوە، ئەوەندە بە وردی وەسفی رووداوەکە دەکات، وەک یەکێک لە گەواهیدەری ناو ڕووداوەکە، جگە لە باسکردنی ڕووداوەکە بە وردی تەنانەت ئاماژە بە نهێنیە شاراوەکان و هەست و نەستی کارەکتەرەکەش دەکات، کە چۆن لە کاتی بەرزبوونەوەدا هەستی بە گێژبوون و ترس کردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە وەگێڕ ئاگاداری وردو درشتی ڕووداوەکەیە، بە بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەی ئەو زانیاریانە بکات، کە زانیارییەکانی لێ دەستکەوتوون، یان بە بێ ئەوەی دەرفەتی بە کارەکتەر دابێت لە ڕووداوەکە و هەستەکانی بدوێت، کەواتە فەزای بینین لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، ئەویش ئەو فەزا ناخۆش و پڕ ترسیەیە، کاتێک بۆ یەکەمجار مرۆڤ شتێک تاقی دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی بزانێت تیایدا سەرکەوتوو دەبێت یاخود نا.

هەر لە ڕۆمانی (ژن)دا، وەگێڕ لە کامێرامانێک دەچێت، کە بە زوومی کامێراکەی ڕووداوێک تۆمار دەکات، تیایدا دەڵێت: "منداڵەکانی بردەوەو گەڕایەوە بۆماڵێ. بە وردی سەیری ماڵەکەی کرد، بەلایەوە سەیربوو، شیرین هیچ شتێکی لە ماڵەوە نەبردووە، تەنانەت شتە تایبەتییەکانی خۆشی، وێنەکەی باوکی هەر بە تەنیشت جێگاکەیەوە هەڵواسرابوو، نامەکانی دایکی، جل و بەرگ و کتێبەکانی. هانس لەوە گەیشت کە ئەم دەرچوونەی ناچاریی بووە، بە زۆر ماڵیان پێ جێهێڵاوە، ئەگینا بە ئارەزووی خۆی بڕۆیشتایە شتەکانی دەبرد، هەر هیچ نەبێ وێنەکەی باوکی"[2]. لەبەرئەوەی وەگێڕ پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ شتەکان هەیە و لێیانەوە نزیکە، بۆیە دەتوانێت زۆر بەوردی باس لە فەزای ناوەوەی ماڵەکەی (شیرین) و (دکتۆر هانس)، کە لەژێر هەڕەشەدا (شیرین) بە ناچاری جێی دەهێڵێت، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک تەنانەت شتی بەنرخیش لەگەڵ خۆی بەرێت. پیشاندانی وێنەی ناوەوەی ماڵەکەش لەلایەن وەگێڕەوە بەم وردییە وا لە خوێنەر دەکات ئاگاداری وردو درشتی شتەکانی ناو ماڵەکە بێت، تەنانەت ئاگاداری ئەو شتانەش بێت، کە لای کارەکتەر بە نرخن، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەن، کە هیچ شتێکی شاراوە و نهێنی کارەکتەری بۆ خوێنەر نامێنێتەوە تاوەکو بەدواداچوونی بۆ بکات، بەڵکو وەگێر بە ئاسانی هەموو هەڵسوکەوت و نهێنیە شاراوەکانی کارەکتەری بۆ دەرخستووە، بەبێ ئەوەی پێویستی بە هەوڵ و بەدواداچوون و ماندووبوون بێت.

لە ڕۆمانی (سنورداشیک لە بیابان)دا بینینی نزیک لە شتەکان دەبینرێت، وەک وەگێڕ لە یەکێک لە نموونەکاندا بەسەرهاتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە لە زینداندا و تیایدا دەڵێت: "نەیدەتوانی هەنگاو

---

(١) بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم، ل٤-٥.

(٢) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل١٨٤.

بنێ، ئەوانیش هێند بە توندی راپێچیان کرد، هەر دوو پێی گۆجببوو و دەخشا بەسەر کۆنکریتی گۆڕەپانەکە، دوا وشەی سەر زبانی، دایە دایە بوو. گەیاندیانە لای (ئیسعافەکە)، دەسیان لە کەلەپچەکە کردەوە، پۆلیسێ لەناو ئیسعافەکە، لە چاوەڕوانیی بوو، گرتی بە قۆڵی و ڕایکێشا نێو ئیسعافەکە، ئەم جارەیان بە کەلەپچەیێ تایبەت دەسیان بە شیشێکەوە بەست، کە تایبەت دروستکرابوو لە نێو ئیسعافەکە، بۆ ئەو کەسانەی سێدارەیان بۆ دەردەچێ"[(١)]. وەگێڕ لەم نموونەیەدا وێنەی (حوسێن)ی بەندکراومان بۆ دەکێشێت، لەو کاتەی پۆلیسەکان دێن و دەیبەن بۆ لە سێدارەدان، کە چۆن لە ترسا قاچەکانی گۆچ دەبێت و ناتوانێت هەنگاو بنێت، جگە لەوەش باس لەدوا وشەش دەکات، کە لەدوا ساتەکانی تەمەنیدا بەسەرزاریدا دێت، ئەویش وشەی دایەیە. دیارە ئەگەر وەگێڕ ئاگاداری شتەکان نەبێت و نزیک نەبێت لێیان هەرگیز ناتوانێت بەم شێوەیە ئەم ڕووداوە بە وردی بگێڕێتەوەو وەسفی بکات، جگە لەوەش ناتوانێت بزانێت چی لە مێشکی کارەکتەرەکەدا هەیە و بیر لە چی دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی کارەکتەرەکە لە خۆی و هەستە شاراوەکانی بدوێت، یان لەو بارودۆخەی تیایەتی بدوێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە وەگێڕ دەتوانێت بچێتە ناو دەروونی کارەکتەرەکان و جیاوازی و پشێوییەکانی ناو هەست و سۆزیان شی بکاتەوەو لە مەبەست و ئامانجەکانیان تێبگات، بێ ئەوەی خوێنەر پێویستی بە بەدواداچون و ماندووبوون بێت، چونکە وەگێڕ هەموو ڕووداوەکە بۆ خوێنەر دەخاتە ڕوو و کارئاسانی بۆ دەکات.

هەر لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا، وەگێڕ لە شوێنێکی تردا، باس لە ڕووداوێکی تر دەکات و دەڵێت: "سەعادەت و منداڵەکان کە لە سلێمانییەوە هاتبوون، بە پێچەوانەی جارانی پێشوو لە ئاوایی لایان نەدابوو. لە قەراغ ئاوایی لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزیبوون، لە پردەکە پەڕیبینەوەو بە هەورازی شاخەکەدا هەڵگەڕابوون. بەختیان بوو کە یەکەم کەسی ناسیاو تووشی میرزا حەسەن ببوون. میرزا حەسەن جگە لە هاوحیزبی، هاوڕێی کۆنی حەمە رەشید ئاغا بوو. ئەو دەستبەجێ لە هۆی هاتنەکەیان گەیشت"[(٢)]. لێرەدا فەزای بینین تەنیا لە گۆشەنیگای وەگێڕەوەیە، چونکە ئاگاداری هەموو شتەکانی ناو ڕۆمانەکەیە، لەوانە (هاتنی کارەکتەرەکان لە شاری سلێمانییەوە، لانەدانیان لە ئاوایی وەک جارانی پێشوو، هەروەها پەڕینەوەیان لە پردو هەڵگەڕان بە شاخەکەدا،......)، وەسفکردنی شتەکان ئەوەندە بە وردی و وێناکردنیان یەکە بە یەکە ئەوە دەردەخەن، کە وەگێڕ پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ شتەکاندا هەیە و نزیکە لێیانەوە، جگە لەوەش دەتوانێت بزانێت چی لە مێشکی کارەکتەرەکاندا هەیە و بیر لە چی دەکەنەوە، کەواتە دەتوانێت بچێتە ناو دەروونی کارەکتەرەکان و جیاوازی و پشێوییەکانی ناو هەست و سۆزیان شی بکاتەوەو لە مەبەست و ئامانجەکانیان تێبگات،

---

(١) سەدرەدین محێدین کەلوڕیی، سنورداشێک لە بیابان، ل٢٢٤.

(٢) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل١١٠.

بەمەش وەگێڕ هەموو ڕووداوەکە بەشێوەیەکی زۆر ورد  بۆ خوێنەر دەخاتە ڕوو،  بەبێ ئەوەی خوێنەر پێویستی بە بەدواداچون و ماندووبوون بێت.

لە ڕۆمانی (سنورداشێک لە بیابان)ی (سەدرەدین محێدین کەڵوڕپی)دا، وەگێر لە یەکێک لە نموونەکاندا زۆر بەوردی و لە نزیکەوە باس لە ساتی دەستگیرکردنی ئەو خێزانە کوردانە دەکات، کە دەیانویست لە ڕێگای بیابانەوە کۆچ بکەن بەرەو وڵاتی سعودیە، بەڵام سەفەرەکەیان سەرناگرێت و خێزانەکان لەسەر سنوری وڵاتی سعودیە سنورداش دەکرێنەوەو مافی پەنابەرێتیان پێنادرێت، ناچار بەرەو بیابانەکانی عێراق دەگەڕێنەوە، دواتر لە ماندوێتی و تینوێتی و برسێتیدا هانا بۆ ماڵە بەدوێک دەبەن تا بە ئۆتۆمبیلەکەیان هاوکاریان بکات و لەم بیابانە ناخۆشە دەربازیان بکات، بەڵام ماڵە بەدوەکە لە ترسی گیانی خۆیان ڕەتی دەکەنەوە و تەنها هەندێک خواردن و ئاویان پێدەدەن، کەچی دواتر لەگەڵ مەفرەزەکانی پاسەوانی سنوور ڕێک دەکەون و بەگرتنیان دەدەن. بۆیە کاتێک مەفرەزەی پاسەوانی سنور و چەکدارەکان دەبینن منداڵەکان باری دەروونیان تێک دەچێت، لە ترساندا خۆیان بە دایک و باوکیانەوەدەنووسێنن، وەگێڕ بەم شێوەیە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "منداڵەکان باری دەروونیان زۆر نالەبار بوو، خۆیان نوسانبوو بە دایک و باوکیانەوە، جاروبار بە ترسەوە و بە دزییەوە سەیریێ چەکدارەکانیان دەکرد، لە پڕ چاویان دەشاردەوە"[(١)]. فەزای بینین لەم نموونەیەدا بریتییە فەزای ترس و تۆقاندنی کۆمەڵێک منداڵ لە ترسی چەکدارەکانی ڕژێمی بەعس، چونکە ئەوەندە لەژێر دەستی ئەو ڕژێمەدا چەوسێنراوەتەوە، بۆیە بە بینینی ئەوان یەکسەر ترس باڵ دەکێشێ بەسەریانداو باری دەروونیان تێک دەچێت، ئەو فەزایەش لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە پیشان دەدرێت، لەبەرئەوەی وەگێڕێکی هەموو شتزانە و ئاگاداری هەموو شتەکانە بە ورد و درشتەوە، تەنانەت ئاگاداری دەرەوەو ناوەوەو نهێنییە شاراوەکانی کارەکتەرەکانیشە، بەبێ ئەوەی دەرفەتیان پێ بدات لە ناخ و خودی خۆیان بدوێن.

لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)ی (حسام بەرزنجی)یدا، بینینی نزیک لە شتەکان بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە ڕۆمانەکەدا دەبینرێت، چونکە ڕۆمانەکە لەسەر زاری یەکێک لە کارەکتەرە لاوەکییەکانی ناو ڕۆمانەکە دەگێڕدرێتەوە، کە یەکێک لە ڕووداوەکانمان بەم شێوەیە بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "دەوروبەری مەکینەکەی چۆڵ کرد، پەڕە کاغەزەکانی لە شوێن دانان، چەند وشەیەکی ناسک بە بیری داهات و تێکەڵ بە خەم و خەفەت و کەسەرە گورچکبڕەکانیەوە بوون: (ئاخ بیرکردنەوە، خەون و خەیاڵ، یاد و یادگاری، تێکەڵ بوون لەگەڵ ڕۆژانی ڕابردوو...شتی چەند خۆشن، جیهانی چەند گەورەوە پان و بەرینن. لە جیاتی گەلێ شت بەکار دێن، گەلێ جار تێنوێتیم دەشکێنن) دیسان لە وێنەکە وردبووەوە (چا نییە ئادەمیزاد ئەو بەهرەو توانایەی هەیە، ئاوا خۆی بخاتەوە ناو دەریای

(١) سەدرەدین محێدین کەلوڕپی، سنورداشێک لە بیابان، ل١٢٤.

خۆیەوە. ئەنگۆ بۆ ستەمدیدان تەسکینی دڵن. ئەگەر ئەنگۆ نەبوونایە لە مێژ بوو ئەمن مردبووم)"[1].
(پیرۆز)ی کارەکتەری سەرەکی دوای لە سێدارەدانی هاوسەرەکەی بۆ پەیداکردنی بژێوی منداڵەکان و دایکی هاوسەرەکەی خەریکی دوورینی جل دەبێت بۆ خەڵک، لەپاڵ ئەوەشدا خەریکی نووسینی ڕۆمانێکە لەسەر ژیان و خەبات و تێکۆشانی هاوسەرەکەی. لەم نموونەیەدا وەگێڕ زۆر بە وردی و لەنزیکەوە وێنەی کارەکتەرمان بۆ دەکێشێت، کاتێک دەچێتە ژوورەکەی و دەوروبەری مەکینەی دوورمانەکەی لە جلەکان چۆڵ دەکات و دەست دەکات بە نووسینی ڕۆمانەکەی. کەواتە وەگێڕ ئەوەندە نزیکە لە شتەکان و ئاگاداریانە. بۆیە زۆر بە وردی باس ڕووداوەکە و  وشە پڕ ئێش و ئازار و خەم و خەفەت و پڕ یاد و یادگارییەکانی کارەکتەر لەگەڵ هاوسەرەکەی دەکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە وەگێڕ ئاگاداری هەموو شتێکی کارەکتەرەکەیە، تەنانەت ناخ و دڵ و دەروونیشی، بەبێ ئەوەی کارەکتەرەکە ئاگاداری ئەو بارودۆخەی خۆی بێت. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وەگێڕ خاوەن ئازادییەکی نیمچە ڕەهایە، بۆ ئەوەی لەبارەی کارەکتەرەکان و ناخ و دڵ و دەروونیان بدوێت، بە بێ ئەوەی ڕێگا بە کارەکتەرەکان  بدات، لە خودی خۆیان و هەڵسوکەوتەکانیان بدوێن، کەواتە فەزای بینین لەم دەقەدا بریتییە لەو فەزا ناوەکییەی کارەکتەر تیایەتی، کە ئەم فەزایەش لە گۆشەنیگایەکی نزیک لە شتەکان لەلایەن وەگێڕەوە دەبینرێت.

بەڵام ئەگەر هەمان ڕووداو لە گۆشەنیگای یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە، کە خەسوی پیرۆزە ببینین، ئەوا فەزایەکی تر و جیاواز لەوەی وەگێڕ دەبینرێت، چونکە ئەم لە گۆشەنیگایەکی دوورلە شتەکان و ناخی کارەکتەرەکان، هەروەها بە پشت بەستن بە زانیاری کەسانی تر ڕووداوەکە دەبینێت و لێکدانەوەی بۆ دەکات، کاتێک دەربارەی ڕووداوەکە دەڵێت: "چەند ڕۆژە داری لەسەر بەردی دانەنایە، مادام وەهایە با مەکینەکەش بفرۆشێتەوە و ئەو یەک کۆشە پارەی پێدایە، لەبەر چ لە بەلاش لەوێ بکەوی، تەڕەشوعی بیرژێنێتەوە! ئەوی جلکی لە کن بەڕادان دایە، با هەموویان لە بۆ بنێریتەوە، ئەدی چییە، بۆ خەڵک سۆزک بکا، با بە هەموو مەعمیلەکانی خۆی بڵێ، ئەمن چیدیکە خەیاتیم پێ ناکرێ، ئیشی دیم هەیە، پەڕە قاقەزان دەنووسم، قەزاتە دەخینمەوە، فسکە فسک لەگەڵ زەلامی بێگانە و کەس نەناسان دەکەم! لە کێ پێڕادەگەم جلکتان لە بۆ بدوورم، وەڵا بابە باش، تەواومان کرد، خانم هەوی داوە، تەمەرخان ترێی هێنا، بیلامانێ ئەمەش بە خۆڵێ دەژین"[2]. لێرەدا خەسوەکەی پیرۆز لە فەزایەکی دەرەکیی و بە پشت بەستن بە قسەی کەسانی تر و لە دوورەوە دەڕوانێتە شتەکان،  بە هیچ شێوەیەک ئاگای لە ناخ و دڵ و دەروونی پیرۆزی بووکی نییە، بۆیە نازانێت، کە پیرۆز یاداشت و ژیاننامەی هاوسەرەکەی دەنووسێتەوەو  لە پاڵ ئەمەشدا بۆ پەیداکردنی

(١) حسام بەرزنجی، گۆڕە دروشاوەکان، ل٢٥-٢٦.
(٢) حسام بەرزنجی، گۆڕە دروشاوەکان، ل١٠٠.

بژێوی ژیانیان کاری دوورمانەکەی دەکات، کەواتە ئاگاداری ئەو فەزا ناخۆش و ناوەکییەی پیرۆز نییە، بۆیە بەم شێوەیە حوکمی خراپی بەسەردا دەدات.

لە ڕۆمانی (ساباتێک لە مێژەڵۆک)ی (محمد رشید فەتاح)دا، ئەم جۆرە فەزایە بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر دەبینرێت، لە یەکێک لە نموونەکاندا وەگێڕ ئاماژە بە ساتی کوشتنی (خاتوونی شەبەنگ) بە دەستی میرۆی دەزگیرانی دەکات، کە چۆن دەست دەخاتە بینا قاقای و هەناسەی لێدەبڕێت، تێیدا دەڵێت: "میرۆ وەک پەیکەرێکی بەردین دەهاتە بەرچاو، خاتوون نەک تەنیا خۆی بگرە دەوروبەریشی لەبیرکردبوو، لەناکاو میرۆ هەردوو دەستی نابینی، وردە وردە توندتر فشاری دەخستە سەر گەردنە بەرزەکەی ئەو، بەو خواستەوە دوا هەناسەی لێبڕێت، هەروا کەوتەوە، سەرەنجام گیانی لێسەند خاتوون بە دەم کراوەیی و چاو کراوەییەوە کەوتە سەر تەختەی شانۆکە"[١]. وەگێڕ لەم نموونەیەدا ئەوەندە نزیکە لە ڕووداوەکە و ناخی کەسەکان، بۆیە بەم شێوە وردە وێنەی ڕووداوەکە و خواستی میرۆ، کە کوشتنی خاتون شەبەنگی دەزگیرانیەتی دەخاتەڕوو، بەمەش فەزای کوشتنی کارەکتەر لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینین، لەبەرئەوەی وەگێڕێکی هەموو شتزانە و ئاگاداری هەموو شتەکانە بە ورد و درشتەوە، تەنانەت ئاگاداری دەرەوەو ناوەوەو نهێنییە شاراوەکانی کارەکتەرەکانیشە، بەبێ ئەوەی کارەکتەرەکان دەرفەتی ئەوەیان پێبدرێت لە ناخ و خودی خۆیان بدوێن.

هـــەروەها لە شوێنێکی تری ڕۆمانی (ساباتێک لە مێژەڵۆک)دا وەگێڕ ڕووداوێکی تر و فەزایەکی ترمان پیشان دەدات و دەڵێت: "خاتوون بە نێو ڕاڕەوی باخە ڕاکشاوەکەدا نەرم نەرم هەنگاو دەنێ پڕ بە سیەکانیشی هەوای شێداری بەیان هەڵدەمژێت، بەوەش دنیایەکی جەنجاڵی گرفتاوی لە دووی خۆی جێدێڵێت، ئەو کاتەی کە بەو جۆرە لە نێو باخەکەدا تەنیا باڵ گوزەر دەکات، ژیانێکی ئارامی وای بۆ دەڕەخسێت، کە پڕ بەدڵ تامەزرۆیەتی، ئەی بۆ نا؟. ئەو خاتوونی مەملەکەتێکە، بەرپرسیارێتی لە ئەستۆیە و، دەگمەنیش کاتی وا دەستەمۆ دەکات. بۆیە دەبێ تەواوی دەست و پێوەندەکانی ئەم تەنیاییەی لەم کاتە ناسکەدا نەشێوێنێت، سروشتی نێو خەڵوەتگەشی لێنەتۆرێنێ، دەنا تووڕەبوونی ئەو زەمین لەرزەیەکەو کەسی سەرکێشی کەر، ناوەخت بە ناخی زەوییەکەی ژێر پێیدا شۆڕدەبێتەوە"[٢]. فەزای بینین لەم نموونەیەدا بریتییە لە فەزای ترس و تۆقاندنی دەست و پێوەند و پاسەوانەکانی ناو کۆشک لەلایەن خاتوونی مەملەکەتەوە، چونکە خاتون لەم کاتەدا ئارەزووی تەنیایی دەکات و نایەوێت کەس ئەم تەنیاییەی لێ بشێوێنێت. کەواتە وەگێڕ لە ڕێگای ئەم دەقەدا دەیەوێت دیوی دەرەوەو ناوەوەی کارەکتەرو هەڵسوکەوتەکانیان بخاتە روو، هەروەها جیاوازی و پشێوییەکانی نـاو هەست و سۆزیان شی بکاتەوەو لـە مەبەست و ئامانجەکانیان تێبگات.

---

(١) محمد رشید فەتاح، ساباتێک لە مێژەڵۆک، ل٢٨٣.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٨-٩.

بەمەش وەگێڕ وەک کارەکتەرێک دەردەکەویت، کە لەو شوێنەدا دانیشتوەو سەیریان دەکات، چونکە زۆر بە وردی وەسفیان دەکات و هەڵسوکەوتەکانیان بەرجەستە دەکات، بەبێ ئەوەی ڕێگە بە کارەکتەرەکان بدات لەبارەی خۆیانەوە بدوێن یان گوزارشت لە ناخیان بکەن، یان ئاگادای ئەو زانیاریانە بن، کە وەگێڕ لە بارەیانەوە دەیانخاتەڕوو.

وەگێڕ لە دیمەنێکی تری ڕۆمانی (ژن)دا، بەهەمان شێوە وەک چۆن کامێرامانێک ڕووداوێک بە کامێراکەی تۆماردەکات، ئەویش بەهەمان شێوە ڕووداوەکە بە وردی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "هانس لەگەڵ منداڵەکاندا ئاسایی بووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمدا تەواو گۆڕا بوو، تەنانەت نزیکی نەدەکەوتەوە، جلی نووستنیشی دەپۆشی و ماچێکی ڕومەتی دەکرد و شەوباشی لێدەکردو ڕووی وەردەگێڕا دەخەوت. ساراش نەیدەویست لەم ڕووەوە قسەی لەگەڵ بکات، چونکە نەیدەزانی شتێ ڕوویداوە، هیچیشی لە خۆیدا شک نەدەبرد، ئەمەش بۆ سارا هەزم نەدەکرا چونکە پێشتر گرفتی وایان نەبووە"[(١)]. لێرەشدا فەزای بینین لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، چونکە وەگێڕێکی هەموو شتزانە، بەوەی ئاگاداری هەموو شت و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەیە، تەنانەت نهێنیە شاراوەکانی کارەکتەرەکانیش. وەک لەم نموونەیەدا دەبینرێت، کە چۆن وەگێڕ بە شێوەیەکی زۆر ورد یەکە یەکە شتەکان باس دەکات و وەسفیان دەکات، ئەویش فەزای ناو ماڵەکەی دکتۆر (هانس)ە، وەک ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی نێوان هانس و منداڵەکانی، وا دیارە وەگێڕ ئاگای لە کێشەکانی پێشووتریانە، یان ساردی پەیوەندی نێوان (سارا و هانس)و ...هتد. کەواتە لەم دەقەدا وەگێڕ وەک کارەکتەرێک دەردەکەویت، کە لەو شوێنەدا دانیشتوەو سەیریان دەکات، چونکە زۆر بە وردی وەسفیان دەکات هەڵسوکەوتەکانیان بەرجەستە دەکات، بەبێ ئەوەی ڕێگە بە کارەکتەرەکان بدات لەبارەی خۆیانەوە بدوێن یان گوزارشت لە ناخیان بکەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وەگێڕ ئازادییەکی نیمچە ڕەهای هەیە، بۆ ئەوەی لەبارەی کارەکتەرەکان و ناوەوەیان بدوێت.

سەفەرکردن واتە دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە جەنجاڵیەکانی ژیان و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ خێزانەکەی، بە تایبەتی کاتێک ئەندامانی هەموو خێزان بەیەکەوە سەفەر دەکەن، بەڵام لەم نموونەیەدا خێزانی هانس بە تایبەتی (سارا)ی هاوسەری لە جیاتی ئەوەی فەزایەکی خۆشی هەبێت، کەچی بە پێچەوانەوە بە هۆی گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتەکانی هاوسەرەکەیەوە، فەزایەکی یەکجار ناخۆشی هەیە، چونکە چەند پەرێشان و بێتاقەتە لە هەڵسوکەوتەکانی هاوسەرەکەی و نازانێت هۆکاری ئەو گۆڕانکارییانە چیین، کە ڕوویانداوە، هەروەها سەر دەهێنێت و دەبات هیچ هەڵەیەک لە خۆیدا بەدی ناکات، کە بەرامبەر بە مێردەکەی کردبێتی، بەمەش وەگێڕ وێنەی ئەو فەزایەمان بۆ دەکێشێت و پیشانمان دەدات، بەڵام ئەگەر لە گۆشەنیگای (ئیڤا)ی سکرتێری دکتۆر

(١) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل٥٠.

هانس ڕووداوەکە ببینین، ئەوا فەزایەکی جیاوازتر دەبینین، وەک لە یەکێک لە نموونەکاندا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "دەزانی سەفەر چەند پارەی تێدەچێ. ئێمەمانان لە ساڵێکدا هەر تاقە جارێک دەتوانین سەفەر بکەین. بۆ وا سەیرم دەکەی!! ئێ وایە من بە تەنیا کاردەکەم و دوو منداڵم هەیە و مێردێکی وەک هانسیشم نییە تا بتوانم لە ساڵێکدا چەند سەفەرێک بکەم"[1]، بەمەش ئەو فەزایەیەی لە گۆشەنیگای ئێڤاوە دەبینین تەواو جیاوازە، وەک لەو فەزایەی لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینین، چونکە ئێڤا دوورە لە ڕووداوەکان، جگە لەوەش ناتوانێت بچێتە ناو ناخ و دەروونی کارەکتەرەکان و لە ئێش و ئازارەکانیان تێبگات، بەڵکو ئەو تەنها بیر لە سەفەر و دەوڵەمەندی دەکاتەوە، هەر بۆیە فەزاکە تەنها لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت.

هەر لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)ی (حسام بەرزنجی)دا وەگێڕ لە گۆشەنیگای نزیک لە شتەکان فەزایەکی ترمان بۆ وێنە دەکێشێت، کە تێیدا دەڵێت: "ناو کۆڵان چۆڵ بووبوو، هەموو دەرگاکان داخرابوون، ئەوانی کە هێشتان لەناو نوێنابوون هەموویان خەویان لێ زڕابوو، ئەوانی تر بە هیچ جۆرێ نەدەهاتنە دەرەوە. دەرگاکانیان هەموو درزبڕ کردبوو..... وا ڕاهاتبوون.....کەس نەیدەویست خۆی لە گێچەڵی "فاتە دەلال" بئاڵێنێ...هەموو شارەزابوون، ئەزموونی دراوسێیەتیکەیان بۆیان دەرخستبوو، هیچ سوودێ لەخۆ هەڵقوتاندن و قسە لە قسەی ئەو ئافرەتەکردن نابینرێ. هەر ماڵێ وای کردبێ، زەرەرمەندی یەکەم و دوامین هەر خۆی بووە"[2]. لەم نموونەیەدا وەگێڕ وێنەی کۆڵانەکەی ماڵی پیرۆزمان بۆ پیشان دەدات، کە چۆڵە لە ترسی شەڕانگێزی و گێچەڵەکانی (فاتە دەلال) دوای سەرشکاندنی کچەکەی لەلایەن کوڕی یەک لە دراوسێکانیەوە، هۆکاری ئەم چۆڵیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە هەموو گەڕەک شارەزای هەڵسوکەوت و گێچەڵەکانیەتی، بۆیە نایەنەوێت لە ماڵ بێنە دەرەوەو خۆیان لە بابەتەکە هەڵقورتێنن. کەواتە وەگێڕ لەبەرئەوەی ئاگاداری هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکەیە، بۆیە دەتوانێت بەم شێوە وردە وەسفی بکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە وەگێڕ دەتوانێت بچێتە ناو دەروونی کارەکتەرەکان و جیاوازی و پشێوییەکانی ناو هەست و سۆزیان شی بکاتەوەو لە مەبەست و ئامانجەکانیان تێبگات، بێ ئەوەی خوێنەر پێویستی بە بەدواداچون و ماندووبوون بێت، چونکە وەگێڕ هەموو ڕووداوەکە بۆ خوێنەر دەخاتە ڕوو و کارئاسانی بۆ دەکات.

لە نموونەیەکی تری ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم)دا، وەگێڕ ڕووداوێکی ترمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بەسەر کارەکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانە هاتووە، کە تیایدا دەڵێت: "مەجید ژیران ماوەیەکی زۆر مامی لەبەر هەتاو و باران و سەرمای شەودا جێهێشت بێئەوەی ئەزیەتی ئەوە بداتە بەر خۆی شوێنێکی

---

(١) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل٢٨.

(٢) حسام بەرزنجی، گۆڕە دروشاوەکان، ل١٥٢.

لایەق بە مرۆڤی بداتێ. نزیکی مانگێک جەمشید خان لە تاریکی ناو قەفەزەکەیدا دەژیا، بێئەوەی کەس دەسبەرێت و چادرەکەی هەڵبداتەوە، ڕۆژانە یەکێک لە خزمەتکارەکان هەندێک نان و ئاوی کەمی دەدایە و بەوە لە مردن دەگوزەرا و دەربازی دەبوو"[1]. لەم نموونەیەشدا وەگێڕ لە گۆشەنیگایەکی نزیک لە شتەکان، باس لەو حاڵەتە دەروونیە ناخۆشە دەکات، کە جەمشید خان تیایەتی، بە هۆی بەندکردنی لەلایەن مەجید ژیرانەوە لەناو قەفەزێکدا، کە بە چادرێک داپۆشراوە، ڕۆژانە کەمێک نان و ئاوی پێدەدرێت بۆ ئەوەی نەمرێت. کەواتە وەگێڕ ئەوەندە نزیکە لە شتەکان و ئاگاداریانە، بۆیە بە زۆر بە وردی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوەو وەسفی شتەکان دەکات، جگە لەمانە ئاگای لە ناوەوەی کارەکتەرەکە هەیە، چونکە مرۆڤ کاتێک بەند دەکرێت بێگومان لە ڕووی دەروونیەوە نائارام دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر لە شوێنێک بەند بکرێت، کە شایستەی مرۆڤ نەبێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە وەگێڕ ئاگاداری هەموو شتێکی کارەکتەرەیە تەنانەت هەست و سۆز و ناخ و دەروونیی، بە بێ ئەوەی ڕێگا بە کارەکتەرەکان بدات، کە لە خودی خۆیان و هەڵسوکەوتەکانیان و ئامانج و بیرکردنەوەیان بدوێت.

کەچی ئەگەر هەمان ڕووداوی بەندکردنی (جەمشید خان) لە گۆشەنیگای ژنەکەی مەجید ژیرانەوە ببینین، ئەوا فەزایەکی جیاوازتر لەچاو فەزاکەی وەگێڕدا دەبینین، وەک لەم نموونەیەدا ئەم جیاوازییە بە ڕوونی دەبینرێت: "من ئێستا چی لەم مەیمونە میز بەخواکەرەی تۆ بکەم کە دونیا لە تەماشای وەڕزبووە"[2]. کەواتە مەجید ژیران لەبەرئەوەی (جەمشید خان) بە مەیمون دەزانێت، کە تەنها ئەرکی بریتییە لە دڵخۆشکردنی خەڵک بە هۆی فڕینەکەیەوە، بۆیە خستویەتیە ناو قەفەزێکەوە، کە شایستەی مرۆڤ نییە، هەروەها لەبەرئەوەی هەست بە مرۆڤ بوونی ناکات و دووره لێیەوە، بۆیە ناتوانێت لە هەست و ناخی تێبگات، ئەمەش هۆکارە بۆ خولقاندنی ئەو فەزا ناخۆشە. کەواتە لەگەڵ هەبوونی گۆشەنیگای جیاوازیش بۆ ئەم ڕووداوە، بەڵام فەزاکە تەنها لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، چونکە ئەم نزیکە لە هەست و نەستی کارەکتەر و شتەکان، جگە لەمانەش دەستێکی باڵای هەیە، بەسەر کۆی ڕووداوەکان و دابەشکردنی ڕۆڵ بەسەر کارەکتەرەکان و خوێندنەوەی ناخ و دڵ و دەروونیان.

٣. **فەزای بینینی دوور لە شتەکان:** ئەو جۆرە فەزایەیە، کە لەگۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت هەرچەندیشە دوورە لە شتەکان، چونکە زانیاریی وەگێڕ لە زانیاریی کارەکتەرەکان کەمترە. واتە لەم جۆرەیاندا وەگێڕەکە کەم شتزانە، جا چ خۆی یەکێک بێت لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە، یان بینەر

---

(١) بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم، ل١٤٢.

(٢) بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم، ل١٤٢.

بێت، یان بێ لایەن بێت، بەمەش زانیاری وەگێڕ لەوەدا کورت دەبێتەوە وەسفی کارەکانی کارەکتەرەکان و رواڵەتی دەرەوەیان و جوڵەو دەنگەکانیان دەکات، بەڵام ئاگای لە هزرەکانیان نییەو هەوڵیش نادات ئاشکرای بکات[1]. کەواتە وەگێڕ ناتوانێت بچێتە ناخ و دڵ و دەروونی کارەکتەرەکان، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە خۆی دوور دەگرێت لە شیکردنەوەی دەرکەوتەکانی ئەو گوزارشتە دەروونییانەی هەندێک لە کارەکتەرەکان دەری دەبڕن، یاخود لەسەر روخسار و لە رەفتاریاندا دەردەکەوێت.

ئەو وەگێڕەی لە دەرەوە گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات، ئامادە نییە و هەموو شتزانیش نییە، بۆیە بەدوای هۆکارێکدا دەگەڕێت رێگەی پێ بدات بەبێ دەست تێوەردان شتەکە بگێڕێتەوە، لێرەدا وەگێڕ لە مەودایەکی دیاریکراوەوە شتەکە دەگێڕێتەوە، بۆیە لە دەرەوەی ئەوەدا دەمێنیتەوە، کە دەیگێڕێتەوە، چونکە ئەو ڕووداوانەی دەیانگێڕێتەوە لە ئامادەیی ئەودا روویان نەداوەو گەواهیدەر نییە لەسەر ئەوەی دەیگێڕێتەوە، بەڵکو ئەوە دەگێڕێتەوە، کە کەسانی تر دەیگێڕنەوەو بیستوویەتی لێیان، لەبەرئەوەی "چیرۆکگێڕەوە بە هۆی دیتن و بیستنەوە زانیاری دەست دەکەوێت، واتە سەرچاوەی پەیداکردنی زانیاری تەنها ئەم دوو هەستەیە"[2]، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە وەگێڕ زانیارییەکانی لە ڕێگای هەستی بیستن و بینینەوە وەردەگرێت و پشت بە قسەی کارەکتەرەکان دەبەستێت بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان.

ئەم جۆرە بینینە لە ڕۆمانی (ژن)دا، لە چاو دوو جۆرەکەی تر کەمتر دەبینرێت، وەک وەگێڕ لە یەکێک لە نموونەکاندا بە پشت بەستن بە هەستی بیستن دەڵێت:

" – هانس تا ئێستا دەستت لە ژنەکەت بەرز کردۆتەوە؟

– نا، بەڵام وا تێمەگەن کە پیاوانی سویدی لە ژنەکانیان نادەن. نەک تەنیا لە ژن دەدەن بەڵکو هەندێ جار لەبەر ئێرەیی ژنەکانیشیان دەکوژن، جیاوازییەکە ئەوەیە لای ئێمە ئەو تاوانانە بە ناوی شەرەفەوە ئەنجام نادرێن، بەڵکو هۆی تریان هەیە، بەشێک لە پیاوان لە ئەنجامی غیرەو گرفتی ئەلکهول کاری وا دەکەن، لە هەمان کاتدا ئەو پیاوانەی لای ئێمە دادگا حوکمیان دەدات و لێیان خۆشنابێ. گرفتی ژنان لە هەموو شوێنێک هەیە، بەڵام لەهەر کۆمەڵگە و کولتورێکدا بە چەشنێکە"[3]. لەم نموونەیەدا ئەم ڕووداوە لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە دەبینرێت، یەکێکیان بینینی وەگێڕە بۆ ڕووداوەکە لە

---

(١) بڕوانە: آمنة یوسف، تقنیات السرد في النظریة والتطبیق، ص٣٤.

(٢) پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٢٠.

(٣) رێواس ئەحمەد، ژن، ل١٦١.

دووره‌وه‌، كه‌ پێی وایه‌ له‌ ئه‌وروپا مافی ژن پارێزراوه‌و پیاوان نه‌ ده‌توانن له‌ ژنه‌كانیان بده‌ن، نه‌ بیانكوژن، به‌ڵام دووه‌میان بینینی كاره‌كته‌ره‌كه‌یه‌ بۆ ڕووداوه‌كه‌ له‌ نزیكه‌وه‌و ته‌واو جیاوازه‌ له‌ زانیاری وه‌گێڕ، به‌وه‌ی له‌ ئه‌وروپا پیاوان هه‌م له‌ ژنه‌كانیان ده‌ده‌ن و هه‌م ده‌یانكوژن، ئه‌مه‌ش ئه‌وه‌ ده‌گه‌یه‌نێت، كه‌ "دوو بینینی جیاواز بۆ یه‌ك ڕووداو وای لێ ده‌كه‌ن ببێت به‌ دوو ڕووداوی جیاواز، دیاریكردنی هه‌ر رواڵه‌تێكیش له‌ رواڵه‌ته‌كانی یه‌ك بابه‌ت به‌پێی ئه‌و بینینه‌ ده‌بێت، كه‌ ئه‌و بابه‌ته‌مان پێشكه‌ش ده‌كات"[1]. كه‌واته‌ لێره‌دا وه‌گێڕ خۆی گه‌واهیده‌ر نییه‌ له‌سه‌ر ڕووداوه‌كه‌، به‌ڵكو له‌ زمانی یه‌كێك له‌ كاره‌كته‌ره‌كانی ناو ڕۆمانه‌ ده‌یبیستێت و بۆمان ده‌گێڕێته‌وه‌، ئه‌مه‌ش وا ده‌كات، كه‌ خوێنه‌ر پێویستی به‌ هه‌وڵ و ماندووبوون بێت بۆ ئه‌وه‌ی تێبگات، چونكه‌ له‌م جۆره‌یاندا به‌رده‌وام رووبه‌ڕووی كاری ناڕوون ده‌بێته‌وه‌، وه‌ك له‌م ڕووداوه‌دا بینیمان، كه‌ زانیاری وه‌گێڕ زۆر له‌ زانیاری كاره‌كته‌ره‌كه‌ زیاتر بوو، ئه‌مه‌ش وا ده‌كات دوو فه‌زا بۆ یه‌ك ڕووداو ببینرێت.

وه‌گێڕ لێره‌دا وه‌ك بینه‌ری تابلۆیه‌كی كێشراو وایه‌، كه‌ ئه‌گه‌ر له‌ تابلۆكه‌ نزیك ببێته‌وه‌ ورده‌كارییه‌كانی ده‌بینێت، به‌ڵام ناتوانێت هێڵه‌ گشتییه‌كانی دیاری بكات، ئه‌گه‌ر مه‌ودایه‌كی دیاریكراویش لێی دوور كه‌وته‌وه‌، ئه‌وا ده‌توانێت تابلۆكه‌ له‌ چوارچێوه‌ گشتییه‌كه‌یدا ببینێت، به‌ڵام ورده‌كارییه‌كان به‌لایه‌وه‌ گرنگ نابن، به‌ڵكو ورده‌كارییه‌كان وا ده‌بینێت، كه‌ به‌ هه‌موویان پێكهێنه‌ری ئه‌و گشته‌ن، كه‌ له‌ تابلۆكه‌دا ده‌نوێنرێت. بێگومان باسكردنی ورده‌كارییه‌كان سودی زۆره‌ بۆ پێكهێنانی دیمه‌نه‌ بینراوه‌كان و ئه‌مه‌ش پاڵپشتی وێنه‌ی بونیادی ڕۆمان ده‌كات و شته‌كانیش به‌شێوه‌یه‌كی گونجاو دابه‌ش ده‌كات بۆ ئه‌وه‌ی وێنه‌ی دوا دیمه‌نه‌كه‌ پێشكه‌ش بكرێت "له‌ نوسینی ڕۆماندا وه‌ستان له‌سه‌ر ورده‌كارییه‌كان و وێنه‌گرتنیان یه‌ك له‌ دوای یه‌ك، ئامرازی سه‌ره‌كیی پێكهێنانی دیمه‌نه‌ بینراوه‌كان و ده‌ستگرتن به‌ كارایی ئیستاتیكی و شیعره‌ییه‌كانه‌وه‌یه‌"[2]، چونكه‌ وا ده‌كات خوێنه‌ر بتوانێت بۆ دیاریكردنی چێوه‌ گه‌وره‌كه‌ له‌ مه‌ودایه‌كی فراوانتره‌وه‌ سه‌یر بكات، به‌مه‌ش خوێنه‌ر به‌رده‌وام رووبه‌ڕووی كاری ناڕوون ده‌بێته‌وه‌، كه‌ پێویستی به‌ هه‌وڵ و ماندووبوونه‌ بۆ ئه‌وه‌ی لێی تێبگات، له‌به‌رئه‌وه‌ی وه‌گێڕ مه‌ودایه‌ك دروست ده‌كات، كه‌ خوێنه‌ر دوور ده‌خاته‌وه‌ له‌ شته‌كان و به‌شێوازێك دركیان پێده‌كات، كه‌ خاوه‌نی ئاسۆیه‌كی فراوانتره‌.

له‌ ڕۆمانی (ساباتێك له‌ مێژه‌ڵۆك)ی (محمد رشید فه‌تاح)دا، به‌هه‌مان شێوه‌ ئه‌م جۆره‌ بینینه‌ به‌ ڕێژه‌یه‌كی یه‌كجار كه‌م ده‌بینرێت، كه‌ له‌ یه‌كێك له‌ نموونه‌كاندا وه‌گێڕ ده‌ڵێت: "- دنیایه‌كی سه‌یر تێكه‌وتووین، له‌مه‌ تێناگه‌م له‌م شاره‌دا مرۆ چۆن بێسه‌ر و شوێن ده‌بێت؟ كه‌سه‌ نزیكه‌كانیشی به‌وه‌

---

(١) تزفيطان طودوروف، الشعرية، ترجمة: شكري المبخوت و رجاء بن سلامة، دار توبقال للنشر، دار البيضاء – المغرب، الطبعة الثانية، ١٩٩٠، ص٥٠.

(٢) حسن نجمي، شعرية الفضاء الروائي، ص١٤١.

نازانن سەری بە کوێوە ناوە؟ ....... جا کابرایەکی وا زل و زەلام چۆن لە پڕێکا گوم دەبێت؟ بە خوا سەیرە خۆ پۆلیس نەنوستووە، یاساش کەپرۆکەی بەسەرماندا هەڵداوە و قوش ناتوانێت لە ئاسمانیشەوە لە دەستی دەرباز بێت، خۆ ئەو کابرایەی باست دەکەن دەرزی و مورو نییە تا لە خاك و خۆڵ و قوڕلیتەدا بزربووبێت، کەسێکی وا لای ئێمە چی دەکات؟ کێ دەڵێت لە داخی دنیا سەری خۆی هەڵنەگرتووە؟"[1]. لێرەدا وەگێڕ بە پشت بەستن بە هەستی بیستن ڕووداوی ونبوون و دیارنەمانی (وەستا بەکر)مان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە وەگێڕ زانیاریی لەسەر ڕووداوەکە کەمە و تەنها پشت بەو زانیارییە کەمە وەردەگرێت، کە بیستویەتی، بەمەش لە گۆشەنیگایەکی دوور لە شتەکان ئەم ڕووداوەمان بۆ دەگێڕێتەوە.

کەچی بە پێچەوانەی وەگێڕەوە یەکێک لە کارەکتەرەکان، کە خۆی گەواهیدەر و شایەتحاڵە لەسەر ڕووداوەکە، هەواڵی مردنی (وەستا بەکر)مان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "- من شایەتی حاڵم ئەو سایەقەی کە بەلاندکرۆزەکەیەوە لە شەقامە سەرەکیەکەی سەروی شاردا وەستای شێلا پیاوی زیادە.

– بێئاگا ئەحمەد لەوی پرسی: بەڕاست وەستا بەکریان کوشت؟!.

– ئەی کاکە من باسی چیت بۆ دەکەم؟ .. دەڵێی هۆشت لای من نیە"[2]. کەواتە یەک ڕووداو بە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە دەبینرێت، یەکێکیان گۆشەنیگای دوور لە شتەکانە، کە وەگێڕ دەیبینێت، ئەوی تریشیان بینینی نزیک لە شتەکانە لەلایەن کارەکتەرەوە. یەکەمیان، کە وەگێڕە لەبەرئەوەی گەواهیدەر نییە و ئامادە نییە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی پشت بە یەکێک لە هەستەکانی بینین یان بیستن دەبەستێت، دووەمیشیان، کە کارەکتەرەی ناو ڕۆمانەکەیە، لەبەرئەوەی خۆی گەواهیدەرە لەسەر ڕووداوەکە و ئامادەیی هەیە، بۆیە نزیک لە شتەکان و وەکو خۆی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەم جۆرەی بینیندا لەبەرئەوەی ڕووداوەکە لە گۆشەنیگای دوو کەس دەبینرێت، خوێنەر پێویستی بەوە هەیە، کە بەدواداچوون بکات تا دەگات بە ڕاستی و دروستی ڕووداوەکە.

هەروەها ئەم جۆرە بینینە لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا بە ڕێژەیەکی کەم دەبینرێت، وەک لە یەکێک لە نموونەکاندا سەرچاوەی وەرگرتنی زانیارییەکە لای وەگێڕ ڕۆژنامەیەکە، کە تێیدا هاتووە: "چەند ڕۆژێک لەمەبەر لە ڕۆژنامەیەکدا وتارێکم خوێندەوە کە سەرنجی زۆر ڕاکێشام. لەو وتارەدا نووسرابوو کە زۆربەی زۆری بنەماڵە پەناهیندەکان لە سوید، بە تایبەت ئەو بنەماڵانە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاتوون، پاش ماوەیەک لەیەک هەڵدەوەشێن و ژن و مێردەکان لەیەکتر

(١) محمد رشید فەتاح، ساباتێک لە مێژەڵۆک، ل١٩٦-١٩٧.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠.

جیادەبنەوە. نووسیبووی ئەو جیابوونەوەیە لەسەر داوای ژنەکانە"[1]. واتە لێرەدا وەگێڕ خۆی گەواهیدەر نییە لەسەر ڕووداوەکە، بەڵکو ڕووداوەکە لە ڕۆژنامەیەکدا دەبینێت و بۆمان دەگێڕێتەوە، کەواتە سەرچاوەی زانیاری وەگێڕ هەستی بینینە، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات، کە پێویستی بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر دەبێت بۆ ئەوەی ڕاستی و دروستی روداوەکە بزانێت، بەمەش رووبەڕووی کاری ناڕوون دەبێتەوە، وەک لەم ڕووداوەدا دەردەکەوێت، چونکە مەرج نییە هەموو ئەو خێزانە پەناهەندانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کۆچ دەکەن بۆ سوید دوای ماوەیەک لێک جیاببنەوە، وەک یەکێک لە کارەکتەرەکان دەڵێت: "من ناڵێم زۆربە، بەڵام ڕێژەی جیابوومەوەی ژن و مێردی پەنابەر لێرە زیاترە لە وڵات"[2]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زانیاریی وەگێڕەکە کەمترە وەک لە زانیاریی کارەکتەرەکان.

بەهەمان شێوە بینینی دوور لە شتەکان لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم)دا بە شێوەیەکی یەکجار کەم دەبینرێت، چونکە "ئەم جۆرە بینینە بینینێکی دەرەکی و ڕواڵەتییە، کە تیایدا وەگێڕ کەمترین زانیاریی لەسەر ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە هەیە، لەبەرئەوەی وەگێر تەنها لە ڕێگای هەستەکانییەوە وێنەی دەرەوەی کارەکتەرەکان و هەڵسوکەوتەکانیان دەکێشێت، بە بێ ئەوەی بچێتە ناو ناخ و دەروونیانەوە، هەر بۆیە ئەم شێوازی گێڕانەوەیە لە ڕۆمانی نوێدا زۆر دەگمەنە"[3]، وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ دەڵێت: "ئەو چیرۆکەی خانمی سافیناز گێڕایەوە وابوو کە جەمشید لەو شەوە تووش و باجێناوییەدا خواستی هەبووە بفڕێت، هەرچەندە ئەو و ئیحسان بایەزید ویستویانە ڕێگری لێبکەن و پێیانگووتووە کە تۆف و سەرمایە، بەڵام ئەو گوێی بە تکا و هاواری ئەوان نەداوەو لەسەر فڕین سوور بووە، کاتێکیش گەیشتۆتە کەشکەشانی فەلەک پەتەکەی پچڕاوەو لە هەوادا بەربووەو با بردویەتی"[4]. وەگێڕ لەبەرئەوەی خۆی گەواهیدەر نییە لەسەر ڕووداوەکە، بۆیە لەسەر زاری یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەوە، کە (سافیناز)ە ونبوونی جەمشید خان لە شەوێکی تووش و باجێناوییدا دەبیستێت، بەمەش لە گۆشەنیگایەکی دوور لە شتەکان ڕوداوەکە دەگێڕێتەوە، بە پێچەوانەوە کارەکتەرەکە نزیکە لەشتەکان، بۆیە لە گۆشەنیگایەکی ترەوە شتەکان دەبینێت و ڕووداوەکە بەم جۆرە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "هەمان ئەو چیرۆکە بوو کە من چاوەڕوان بووم سافیناز دروستیبکات و دروستیشیکرد. لە شەوێکی باجێناوی و گەردەلوولدا سافیناز جەمشید خانی ناچارکردبوو بفڕێت و خۆی و عەشیقەکەی لە خوارەوە تا توانیبوویان بەرەو باڵا هەڵیاندابوو، بۆ جێگایەک کە با بتوانێت زۆر زۆر دوور هەڵیبگرێت و نەگەڕێتەوە.........لەو ساڵەدا بەو وەکالەتەی

(١) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل٧٢.

(٢) سەرچاوەپ پێشوو، هەممان لاپەڕە.

(٣) شريف الجيار، التداخل الثقافي في سرديات احسان عبدالقدوس، شركة الآنماء للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠٠٤، ص١٣٧.

(٤) بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم، ل٧٧.

پێشتر سافیناز بە مامی مۆرکردبوو، خانوویەکی بچووک نەبێت کە باپیرم مەرجی لەسەر دانابوو، زۆربەی موڵکەکانی مامی فرۆشت و لەگەڵ ئیحسان بایەزیددا بە پارەیەکی زۆرەوە بەرەو دەرەوەی وڵات هەڵهاتن"[1]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کارەکتەرەکە زانیاریی لەسەر ڕووداوەکە زیاترە وەک لە وەگێڕەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەزای بینین لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، چونکە فەزای بینین بەستراوە بە وێنەی وەگێڕەوە، کە دەتوانێت بەهۆیەوە بەسەر جیهانی گێڕانەوەکەیدا باڵادەست بێت.

لە ڕۆمانی (سنورداشیک لە بیابان)یشدا ئەم جۆرە بینینە بە شێوەیەکی یەکجار کەم دەبینرێت، وەک لەم نموونەیەدا وەگێڕ ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "ئەم میوانانەی پایتەخت بۆ هەواڵی ئێوە هاتبوون، چونکە هەواڵیان پێ گەیشتبوو کە ئێوە جاسوس و پیاوخراپن. حەز دەکەم هەموو بزانن، کێ ئەم هەواڵەی پێڕاگەیاندوون، ئەوانەی سێ ڕۆژ مۆڵەتم پێدان، لێرەوە ڕاستەوخۆ چووبوون بۆ پایتەخت، هەواڵەکەیان گەیاندبوو"[2]. لێرەدا وەگێڕ ڕووداوەکە لە ڕێگای هەستی بیستنەوە دەبیستێت و بۆمان دەگێڕێتەوە، کەواتە سەرچاوەی زانیاری وەرگرتنی وەگێڕ هەستی بیستنە، ئەویش گرتنی چەند سنورداشێکە لە بیابان، کە بەمەبەستی کۆچ کردن ڕێگای بیابانیان گرتبووە بەر، بەڵام دواتر لەلایەن پیاوانی بەعسەوە دەگیرێن و تۆمەتی جاسوسی و پیاو خراپیان دەخرێتە پاڵ. کەواتە وەگێڕ ئەو ڕووداوانەی دەیانگێڕێتەوە لە ئامادەیی ئەودا روویان نەداوەو گەواهیدەر نییە لەسەر ئەوەی دەیگێڕێتەوە، بەڵکو ئەوە دەگێڕێتەوە، کە کەسانی تر دەیگێڕنەوەو بیستوویەتی لێیان، بەمەش لە گۆشەنیگایەکی دوورەوە شتەکان دەبینێت، بەڵام کارەکتەرەکە لەبەرئەوەی خۆی لەناو ڕووداوەکەدا بوونی هەیە، بۆیە زانیاریی لە وەگێڕەکە زیاترە، هەر بۆیە دەڵێت: "منیش پێش ئەوەی دەگەڵتان لێکۆڵینەوە بکرێ، لێپرسراوەکەم تێگەیاند، کە ئەمانە لەبەر هەژاریی و شەڕی ناوخۆ، ملیان ناوەتە ئەو بیابانەوە، جگە لەوەش منداڵێکیان گیانی سپارد و دایکی منداڵەکەش باری دەروونی تێکچووە، گەر نەگەیشتنایە ئاوەدانی، زۆربەیان لە تینویەتیی و برسیەتیدا دەمردن، ئایا دەبێ ئەمانە سیخوڕی بکەن و پیاو خراپبن؟!!"[3]. لەم نموونەیەشدا لەبەرئەوەی کارەکتەرەکە ئاگاداری بەسەرهات و ژیانی نالەباری بەندکراوەکانە، بۆیە لێپرسراوەکەی تێدەگەیەنێت، کە ئەمانە جاسوس و پیاو خراپ نین، بەڵکو لەبەر هەژاریی و شەڕی ناوخۆ ملی بیابانیان گرتۆتە بەر، بەمەش وەگێڕەکە لە گۆشەنیگایەکی ترەوە، کە نزیکە لە شتەکان ڕووداوەکە دەگێڕێتەوەو جیایە لە گۆشەنیگای وەگێڕەکە.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧-٧٨.

(٢) سەدرەدین محێدین کەلوڕیی، سنورداشێک لە بیابان، ل١٤٣.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.

هەر سەبارەت بە بینینی دوور لە شتەکان و بە پشت بەستن بە هەستی بیستن، وەگێڕ لە نموونەیەکی تری ڕۆمانی (ژن)دا باس لە نەنە حەلاوی نەنکی شیرین دەکات، کاتێک دەچێتەوە بۆ لادێکەی خۆیان دەست دەکات بە نۆژەنکردنەوەی بەشێکی خانووەکە، پرسیاری ئەوەی لێدەکەن، کە چۆن ئەم کارەی بە تەنها کردووە، پێیان دەڵێت، کە کوڕەکەی یارمەتی داوە، هەرچەندە کوڕەکەشی مردووە. کاتێک وەگێڕ دەڵێت: " ئەو خانووەی کە جاران تێیدا ژیاون لا ژوورێکی بە پێوە مابوو، ئەو ژوورەی چاککردۆتەوەو موبەقێکی بچووکی دروستکردووەو ژوورێکیشی بۆ مەڕ و بزنەکانی بنیاتناوە. هەر خۆی بە تەنیا ئەم کارانەی ئەنجام دابوو، کە خەڵک لێیان دەپرسی نەنە حەلاو چۆن بە تەنیا ئەم هەموو کارانەت ئەنجام داوە، دەیوت کوڕەکەم یارمەتی داوم. ئیتر خەڵکەکە وایان دەزانی نەنە حەلاو شێت بووە"[1]. لێرەدا لەبەرئەوەی زانیارییەکان لە یەکێکی ترەوە وەرگیراون، بۆیە ئەمە وا لە خوێنەر دەکات، کە هەوڵ و ماندبوون و بەدواداچوونێکی زۆر بکات تا دەگات بە ئەنجام، چونکە وەگێڕ خۆی لە ناو ڕووداوەکە نەژیاوە تا ڕاست و دروستی ڕووداوەکە بزانێت، بەڵکو تەنها گەواهیدەرە و لەسەر زاری یەکێک گوێی لە ڕووداوەکە بووە، واتە لە دوورەوە شتەکان دەزانێت، بەمەش وەگێڕ و کارەکتەرەکە هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە لە شتەکان دەڕوانن، چونکە بەلای کارەکتەرەوە (شیرین) نە دەکرێت نەنکی بە تەنها ئەم هەموو کارە قورسەی کردبێت، وە نە دەشکرێت باوکی یارمەتی دابێت، لەبەرئەوەی چەند ساڵێکە مردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە وەگێڕ تەنها هەڵسوکەوت و ڕواڵەتی دەرەوەی کارەکتەرەکان دەبینێت، ناتوانێت شتە شاراوەکانی ناو ناخ و هزریان بخوێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا فەزای بینین لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، چونکە فەزای بینین بەستراوە بە وێنەی وەگێڕەوە لە ڕۆمانەکەدا، کە دەتوانێت بەهۆیەوە بەسەر جیهانی گێڕانەوەکەیدا باڵادەست بێت.

هەر سەبارەت بە بینینی دوور لە شتەکان وەگێڕ لە نموونەیەکی تری ڕۆمانی (ژن)دا ڕووداوێکی ترمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە ڕێگای هەستی بیستنەوە گوێی لێ بووەو دەڵێت: "هەتاو گیان ئەوە چۆن کاری واتکردووە، ئەزانی من تەواو دڵگران بووم، وا تێنەگەی کە حەزم نەکردووە شووبکەی، بەڵام ئەو کوڕە شیاوی تۆ نییە، لەدەرەوەش کەسێکتان نییە ئەم کابرایە بناسێ. من هاوڕێیەکم هەیە لە هەمان وڵات دەژیت کە ئەم کوڕەی لێیە. باوەڕت بێت دەڵێت کابرایەکی تەواو نییە، تا ئێستا لەگەڵ چەند کچە سویدییەکدا ژیاوەو لەگەڵ کەسیان نەیبردۆتە سەر، گەلێ گرفتی هەبووە تەنانەت لە یەکێ لەو کچانەی داوەو ئاکام چوار مانگ زیندانی کراوە. بۆیە خەمی تۆمە. ناشزانم تۆ چۆن بڕیارێکی وات داوە"[2]. لەم نموونەیەدا زانیاری کارەکتەر سەبارەت بەو پیاوەی (هەتاو) شووی پێدەکات زیاترە وەک

---

(١) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل٣٩.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

لەزانیارییەکانی وەگێڕ، چونکە وەگێڕ دووره لە شتەکان و هیچ زانیارییەکی لەسەر نییە، بەڵکو هەرئەوەندە دەزانێت، کە لە سوید دەژی و بەڵێنی بە هەتاو داوە، کە مانگانە بڕە پارەیەک بۆ دایکی بنێرێتەوە تاوەکو چارەسەری برا سەقەتەکانی پێبکات. کەچی (نەورۆز)ی کارەکتەر، کە هاوڕێی (هەتاو)ە زانیاریی لە وەگێڕەکە زیاترە، چونکە لە ڕێگای هاوڕێیەکییەوە زانیاری لەسەر دەزگیرانەکەی (هەتاو) کۆدەکاتەوە، داوا لە هەتاو دەکات، کە شووی پێنەکات، لەبەرئەوەی کەسێکی باش نییە، بەڵام لێرەدا هەتاو نازانێت ئاخۆ دەزگیرانەکەی کەسێکی خراپە، یاخود نەورۆزی هاوڕێی لەبەرئەوەی خۆشی دەوێت حەز ناکات شوو بەو پیاوە بکات، دیارە بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دروستی ئەمە خوێنەر پێویستی بە بەدواداچوون و خوێندنەوە هەیە تا دەگات ئەنجامی دروست.

لە شوێنێکی تری ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا وەگێڕ دیسان بە پشت بەستن بە هەستی بینین ڕووداوێکی ترمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "لە رۆژنامەکەدا نووسرابوو: بە پێی نەریتێکی رۆژهەڵاتی هەر باوکێک کە کچەکەی بە شوو بدات، لە رۆژی زەماوەندەکەیدا چەقۆیەک لە شێوەی ئـەم چەقۆیە بە دیاری دەدا بـە زاواکەی، تا هـەر کاتێک کچەکەی بـە پێچەوانەی داب و نەریت جووڵایەوە، بەو چەقۆیە بیکوژێت"[1]. لێرەدا وەگێڕ دوور لەشتەکان و لە ڕێگای هەستی بینینەوە، باس لە هەواڵێک دەکات، کە گوایە وەکو نەریتێک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کاتێک کچێکیان بە شوو دەدەن، باوکەکە چەقۆیەک دەدات بە زاواکە، بۆ ئەوەی کاتێک کچەکە بە پێچەوانەی داب و نەریتەکە جووڵایەوە بە چەقۆکە بکوژرێت. لێرەدا زانیاری وەگێڕ کەمترە لە چاو زانیاری کارەکتەرەکە، چونکە یەکێک لە کارەکتەرەکان، کە برای قوربانیەکەیە ئەم هەواڵە بەدرۆ دەخاتەوەو دەڵێت: "((هەمووی درۆ و هەڵبەستە.))

((کێ ئەو هەموو درۆیەی هەڵبەستووە؟))

((رەنگە شێرزاد.))

((بۆچی؟))

((بۆ ئەوەی پاکانە بۆ خۆی بکات. بۆ ئەوەی تاوانی جەنایەتەکە لە خۆی داماڵێت و، خۆی لە سزای جەنایەتەکە بشارێتەوە.))[2]"، کەواتە بۆ ئەوەی بکوژەکە تاوانەکەی نەکەوێتە ئەستۆ ئەم قسەیە هەڵدەبەستێت، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە کارەکتەرەکە لە وەگێڕەکە شتەکان زیاتر دەزانێت و باشتر ئاگاداری وردەکارییەکانی ڕووداوەکەیە، چونکە خۆی گەواهیدەرە لە سەر ڕووداوەکان و ئامادەیی هەیە، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا فەزای بینین تەنها لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، لەبەرئەوەی باڵادەستە لە ڕۆمانەکەدا.

---

(١) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل٣١٩.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٠.

لە نموونەیەکی تری ڕۆمانی (ژن)دا وەگێڕ لە ڕێگای هەستی بینینەوە شتەکان دەبینێت و دەڵێت: "ئێوارەیەکی سەیربوو، دوو سەعاتی تەواو تەلەفۆنی دەکرد وەڵام نەدەدرایەوە، ڕۆژنامەیەکی کڕی و ڕۆیشتەوە بۆماڵەوە.

(کچێکی بێگانەی بیست ساڵان خۆی دەخنکێنێ)

ئەم کچە لە مێردەکەی جیابووەوە ماوەیەک لە سەنتەری ژناندا دەژیا، پاشان بڕیار دەدات بگەڕێتەوە، پاش ماوەیەک لە گەڕانەوەی، لە ژوورەکەیدا بە ڕەفتەیەک، خۆی هەڵدەواسێت و خۆکوژیی دەکات. کچە منداڵەکەشی کە بە بست لە دایکی جیا نەدەبووەوە، ئەو ڕۆژە دایە گەورەی بە بیانووی پیاسەکردن بردویەتیە ناو شار"[1]. لەم نموونەیەدا وەگێڕ دوور لەشتەکان و لە ڕێگای هەستی بینینەوە، کە ڕۆژنامەیەکە هەواڵی خۆخنکاندنی شارای هاوڕێی شیرینمان پێ دەدات، بەڵام لەبەرئەوەی سەرچاوەی وەرگرتنی زانیارییەکەی وەگێڕ ڕۆژنامەیەکە، بۆیە ئاگاداری وردەکاری مردنەکەی نییە، بەمەش زانیاریی وەگێڕ کەمترە لە زانیاریی کارەکتەر، چونکە کارەکتەرەکە بەبیستنی هەواڵەکە ئازارێکی زۆر بە سکی دا تێدەپەڕێ و دەکەوێتە سەر زەوی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا "هەرچۆنێ بێت خۆی دەگەیەنێتە لای تەلەفۆنەکە و دەیەوێ پۆلیش ئاگادار بکاتەوە. باشە چییان پێ بڵێ؟ بڵێ ئەمە درۆیە مێردەکەی و باوکی کوشتویانە، هەر بۆیە لەو کاتەشدا دەریای کچیان بردۆتە دەرەوە"[2]. کەواتە کارەکتەر ناتوانێت قەناعەت بەوە بکات، کە خۆی خنکاندووە بە حوکمی ئەوەی بەیەکەوە لەیەک ماڵدا دەژیان، بۆیە دەزانێت لەلایەن کەسوکارەکەیەوە کوژراوە، کەواتە لێرەدا ڕووداوەکە لە دوو گۆشەنیگاوە دەبینرێت، یەکێکیان لە گۆشەنیگای وەگێڕەکەیە، کە دوورە لە شتەکان، ئەوی تریشیان کارەکتەرەکەیە، کە نزیکە لەشتەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەزای بینینەکە هەر لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، چونکە وەک ئاماژەمان پێیدا، کە فەزای بینین لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت.

---

(١) ڕێواس ئەحمەد، ژن، ل١٩٠.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.

# ئەنجامەکان

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

1 . واتا فەرهەنگییەکانی فەزا لە نێوان دوو مەدلولدا دێن و دەچن، کە بریتین لە: شوێن و پانتایی.

2 . هەردەم فاکتەرەکانی وەک: (ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژی، دەروونی، سیاسی،........هتد.)، هەروەها بارودۆخ و کەشی شوێنەکە هۆکارن بۆ روودانی ڕووداوەکان و دروستبوونی فەزا، نەک خودی شوێنەکان.

3 . بە زۆری کراوەیی یان داخراویی فەزا پەیوەندی بە باری دەروونی مرۆڤەوە هەیە، لەبەرئەوەی هەر کاتێک مرۆڤ لە ڕووی دەروونیەوە نائارام بێت، هەرچەندە لە شوێنێکی کراوەش بێت، ئەوا فەزایەکی داخراوی دەبێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر لە شوێنێکی داخراودا بێت و باری دەروونی ئارام بێت، ئەوا فەزاکەی کراوە دەبێت. بۆ نموونە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم) فەزایەکی کراوەی هەیە، چونکە کارەکتەر ئەوەندە لە فەزایەکی ناخۆش و داخراودا ژیاوە بە تایبەتی لە زینداندا، هەر بۆیە دوای ئازادبوونی لە زیندان حەز بە ئازادی و فڕین و کەشی کراوە دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە تاکی کورد لەبەرئەوەی لەلایەن رژێمە یەک لەدوای یەکەکانەوە چەوسێنراوەتەوە و زوڵمی لێکراوەو زیندانی کراوە، بۆیە هەردەم حەز بە ئازادی و فەزای کراوە دەکات.

4 . لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا، فەزای نامۆ لە زۆربەی زۆری ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا بوونی هەیە، هۆکارەکەش بۆ پەیوەستبوونی زۆربەی پیاوانی کورد بە داب و نەریت و کەلتور دەگەڕێتەوە، جا چ لە کورستان بێت یان لە هەندەران، بە تایبەتی (شێرزاد)ی کارەکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکە.

5 . ژنی کورد، بە زۆری فەزایەکی داخراوی چەشنی زیندانی بۆ دروستکراوە، هۆکارەکەش بۆ پیاوسالاری لە کۆمەڵگای کوردی و وابەستەبوونیان بە داب و نەریت و لایەنی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، ئەمەش لە ڕۆمانی (ژن)ی (ڕێواس ئەحمەد) بە زەقی رەنگی داوەتەوە.

6 . لەبەرئەوەی (بیابان) رۆژانی ناخۆش و ئەنفال بیری کورد دەخاتەوە، بۆیە ئەمە وای کردووە، کە هەردەم وەک فەزایەکی نامۆ سەیری بکرێت، ئەم فەزایەش لە ڕۆمانی (سنورداشیک لە بیابان)دا بە روونی ڕەنگی داوەتەوە.

7 . دەسەڵاتداران زۆربەی جار لە پێناو مانەوەی خۆیان و پێگەکانیان، جۆرەها ڕێگای وەک: (لێدان، کوشتن، زیندانیکردن، ترس و تۆقاندن،....هتد) دژ بە گەلەکەیان بەکاردەهێنن و ئەمەش هۆکارە بۆ دروستکردنی فەزایەکی ناخۆش و داخراو، ئەمەش بە ڕوونی لە ڕۆمانی (ساباتێک لە مێژەڵۆک)دا دەبینرێت.

8. فاکتەرە (کۆمەڵایەتی، سیاسی)یەکان، بە زۆری هۆکارن بۆ دروستکردنی فەزایەکی پڕ جووڵە و چالاکی، ئەمەش بە روونی لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)دا دەبینرێت، کاتێک کارەکتەری سەرەکی هاوسەرەکەی شەهید دەبێت، هەم وەکو دایک، هەم وەکو بەخێوکارێک، هەروەها هەم وەکو هاوسەرێک بەردەوام دەبێت و کۆڵ نادات لە ژیان، بێگومان ئەمەش نیشانەی ئازایەتی و کۆڵنەدانی ژنانی کورد دەسەلمێنێت.

9. لە ڕووی دابەشکردن و ڕێکخستنی بەشەکانی ڕۆمانەکاندا، زۆربەی ڕۆمانووسەکان ڕۆمانەکەیان دابەشکردووە، بەڵام ژمارەی بەشەکان لە ڕۆمانووسێکەوە بۆ ڕۆمانووسێکی تر جیاوازە، وەک لە ڕۆمانەکانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە، ژن، ساباتێک لە مێژەڵۆک، جەمشید خانی مامم و سنورداشێک لە بیابان)دا دەبینرێت، جگە لەوە زۆربەی ڕۆمانووسەکان پێش نوسینی هەر بەشێک چەند دێڕێکیان بە سپێتی بەجێهێشتووە، هەر بۆیە زۆری و کەمی بەجێهێشتنی دێڕەکان بە سپێتی لای هەر ڕۆماننووسێک جیاوازە.

10. لە ڕۆماندا زۆر بە کەمی پێشەکی بۆ ڕۆمان دەنوسرێت، لەو شەش ڕۆمانەی بە نموونە وەرمانگرتوون تەنها یەک ڕۆمان پێشەکی بۆ نوسراوە، ئەویش ڕۆمانی (سنورداشێک لە بیابان)ە، هەروەها لە ڕووی پێشکەشکردنیشەوە، بە زۆری ڕۆماننوس ڕۆمانەکەی پێشکەش بە کەسێکی تایبەتی خۆیان یان بە کۆمەڵە کەسێک وەک (شەهید، پێشمەرگە، ئەنفالەکان، هەژاران،.....هتد)دەکات، وەک لە ڕۆمانەکانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە، سنورداشێک لە بیابان، ساباتێک لە مێژەڵۆک و گۆڕە دروەشاوەکان)دا دەبینرێت، بەڵام مەرجیش نییە هەموو ڕۆمانێک پێشکەشی تیا بێت، واتە پێشکەش بە کەسێکی تایبەت یان لایەنێکی تایبەت کرابێت، وەک لە هەردوو ڕۆمانی (ژن و جەمشید خانی مامم)دا دەبینرێت.

11. زۆربەی جار وێنەی سەربەرگ و ڕەنگەکان و ناونیشان، ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەن، وەک لە زۆربەی ئەو ڕۆمانانەدا دەبینرێت، کە وەک نموونەی سەردەمەکە وەرمانگرتوون. هەروەها سەبارەت بە ڕەشێتی و سپێتی پەیوەندییەکی پتەوییان بە جۆری نوسینی ئاسۆیی و ستونییەوە هەیە، بە شێوەیەک ڕێژەی سپێتی بە شێوەیەکی زۆر لە ڕێگای جۆری نوسینی ستونییەوە دیاری دەکرێت، ڕەشێتیش لە ڕێگای نوسینی ئاسۆییەوە. بە شێوەیەک ئەگەر نوسینی ستونی لە ڕۆمانەکەدا زۆر بوو، ئەوا ڕێژەی سپێتی بەرز دەبێتەوە، وە ئەگەر نوسینی ئاسۆییش زۆر بوو، ئەوا بە هەمان شێوە ڕێژەی ڕەشێتی بەرز دەبێتەوە.

12. لە هەردوو ڕۆمانی (گۆڕە دروەشاوەکان و جەمشید خانی مامم)دا ڕێژەی ڕەشێتی و نوسینی ئاسۆیی تێیاندا زۆرە، دواتریش ڕۆمانەکانی تر هەریەکەیان بە ڕێژەی جیاواز و کەمتر لەوان، بەڵام لە ڕۆمانەکانی (ژن، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ساباتێک لە مێژەڵۆک و سنورداشێک لە بیابان)دا ڕێژەی

سپێتی زۆرە، هۆکارەکەش بۆ دابەشکردنی ڕۆمانەکە بۆ چەند بەشێک دەگەڕێتەوە، کە ڕۆماننوس تیایاندا لەسەرەتای هەر بەشێک و کۆتاییەکەی چەند دێڕێکی بە سپێتی بە جێهێشتووە، جگە لە هەبوونی گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان و تێهەڵکێشکردنی چەند هەڵبەستێک.

13. فەزای بینین لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت، نەک لە گۆشەنیگای کارەکتەرەوە، چونکە بەستراوە بە وێنەی وەگێڕەوە، کە دەتوانێت بەهۆیەوە بەسەر جیهانی گێڕانەوەکەیدا باڵادەست بێت.

14. لە فەزای بینینی هاوتای شتەکاندا، وەگێڕ و کارەکتەرەکە، لەبەرئەوەی لە هەمان گۆشەنیگاوە دەڕواننە شتەکان، بۆیە فەزای بینین لە گۆشەنیگای هەردوکیانەوە دەبینرێت، بەڵام لە هەردوو جۆرەکەی تردا، مەبەستمان لە (فەزای بینین نزیک لە شتەکان و فەزای بینین دوور لە شتەکان)ە، فەزای بینین تەنها لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت.

15. لە فەزای بینینی دوور لە شتەکاندا، خوێنەر پێویستی بە بەدواداچون و ماندووبوونێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی لە شتەکان تێبگات، بەڵام لە فەزای بینینی نزیک لە شتەکاندا وەگێڕ پێویستی بەو ماندووبوون و بەدواداچوونە نییە، چونکە وەگێڕ هەموو شتێک لە نزیکەوە پیشان دەدات، بە تایبەت ئەو شتانەی خۆی دەیەوێت خوێنەر بیان بینێت.

16. لە ڕۆمانی (ژن)دا، هەرسێ جۆری فەزای بینین(هاوتا، نزیک، دوور) بوونیان هەیە، بەڵام هەریەکەیان بەڕێژەی جیاواز، لەوانە (فەزای بینینی هاوتای شتەکان) بە ڕێژەیەکی زۆر لە بەشەکانی (١، ٣، ٥، ٧، ٩، ١١، ١٣،١٥، ١٧)دا بوونی هەیە، هەروەها دوای ئەم (فەزای بینینی نزیک لە شتەکان) زیاتر لە بەشەکانی (٢، ٤، ٦، ٨، ١٠، ١٢، ١٤، ١٦، ١٨)دا دەبینرێت، بەڵام لە هەردوو ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم و سنورداشێک لە بیابان)دا، لە جۆری فەزای بینینی هاوتای شتەکانن، تێیدا وەگێڕ و کارەکتەر لە هەمان گۆشەنیگاوە دەڕواننە شتەکان. هەروەها جۆری فەزای بینینی نزیک لە شتەکان، لە ڕۆمانەکانی (گۆڕە درەوشاوەکان، گرەوی بەختی هەڵاڵە و ساباتێک لە مێژەڵۆک)دا، بەشێوەیەکی یەکجار زۆر دەبینرێت و فەزای بینین تەنها لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە دەبینرێت. وە (فەزای بینینی دوور لە شتەکان)یش لە هەموو ڕۆمانەکاندا بە ڕێژەیەکی کەم دەبینرێت، چونکە وەگێڕ بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی پشت بە هەردوو هەستی بیستن و بینین دەبەستێت، ئەم دوو جۆرە هەستەش لە ڕۆمانەکاندا بە شێوەیەکی کەم زانیارییان لێوەرگیراوە.

## پاشکۆ

لیستی ئەو ڕۆمانانەی لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠١٠) چاپ کراون، کە لە خوارەوەدا بە پێی ساڵەکان ریزبەندی کراون، دەخەینە ڕوو:

- **ساڵی (٢٠٠٥)**

١. بەختیار عەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٢. ڕێواس، ئەحمەد، ژن، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٥.
٣. کامەران مەنتک، بێوار، چ١، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٥.

- **ساڵی (٢٠٠٦)**

٤. ئەحمەدی مەلا، پەناهەندە، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٥. جەبار جەمال غەریب، لەسەر باران دەنووسم، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٦. حسام بەرزنجی، نۆرینگ، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.
٧. حەسەن ئیبراهیم، شەڤێن سار، چ١، ژ وەشانێن ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد، دهۆک، ٢٠٠٦.
٨. خوسرەوە جاف، دەربار، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.
٩. ڕێواس ئەحمەد، پەرتەوی لێکترازان، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦.
١٠. عەبدوڵا سەڕاج، پەرتەوازەی ئێرەو ئەوێکان، چ١، کەرکوک، ٢٠٠٦.
١١. عەبدوڵا سەڕاج، ناوێ لەم تێکستە بنێ، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.
١٢. عەبدوڵا سەڕاج، ئەژدەر، چ١، هەولێر، ٢٠٠٦.
١٣. عەتا محەمەد، ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.
١٤. فازل قەرەداغی، یەکانەی پیرۆز، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٦.
١٥. نیگار نادر، شەڕ یا ئەودیوی دڵی من، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.
١٦. یوسف عیزەدین، دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

- **ساڵی (٢٠٠٧)**

١٧. تەحسین نافشکی، چاڤێ سیتاڤکێ، چ١، ژ وەشانێن ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد، دهۆک، ٢٠٠٧.
١٨. تەها ئەحمەد رەسوڵ، یادەوەری شەقامێک، چ١، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٩. دیدار مەسیفی، ئیلشا، چ١، چاپخانەی پاک، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢٠. زانا خەلیل، ئۆڵگا بۆڕۆدینۆڤا، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

٢١. زانا خەلیل، ئیرەم، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢٢. سەدرەدین محێدین کەڵوپیی، سنووورداشێک لە بیابان، چ١، خانەی چاپ و پەخشی نما، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢٣. عەتا محەمەد، گێلاسی خوێن، چ١، دەزگای چاپەمەنی یاد، سلێمانی،٢٠٠٧.
٢٤. عەتا نەهایی، باڵندەکانی دەم با (سەرجەم ڕۆمانەکان)، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢٥. عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢٦. فازل قەرەداغی، جادووگەری گوند، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢٧. فەرهاد پیربال، حەکایەتەکانی باوکم، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢٨. مەهاباد قەرەداغی، زەنگدانەوە، چ١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢٩. نەجات نوری، دەستنووسی فەقێکان، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٣٠. هیوا قادر، مناڵێک لەسەر مانگە، چ١، چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٧.

- **ساڵی (٢٠٠٨)**

٣١. ئازاد ئەرگوشی، جوانترین مردن، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.
٣٢. بەختیار عەلی، غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٣٣. حسام بەرزنجی، گۆڕە درەوشاوەکان، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
٣٤. حەمە کەریم هەورامی، بەرمیلی قۆپاو، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.
٣٥. سەڵاح عومەر، خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٣٦. عەتا محەمەد، تارژەنی ڕەنگ، چ١، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٣٧. کاروان عومەر کاکەسوور، مامزێر، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٣٨. یوسف عیزەدین، تەنها ڕۆژێکی سارد، چ١، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.

- **ساڵی (٢٠٠٩)**

٣٩. بەختیار عەلی، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٤٠. جەبار جەمال غەریب، پێنجەمین کتێب، چ١، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩.
٤١. دواڕۆژ کاروان و کاروان کاکەسوور، سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە، چ١، بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٤٢. ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی، کانەبییان، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩.
٤٣. عەبدولکەریم فەتاح، گەڕانەوە بۆ مەرگ، چ١، چاپخانەی نەوا، هەولێر، ٢٠٠٩.
٤٤. محەمەد ڕەشید فەتاح، ساباتێک لە مێژەڵۆک، چ١، چاپخانەی سایە، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٤٥. هیوا ئەحمەد محەمەد، فرۆشراوەکان، چ١، چاپخانەی سایە، ٢٠٠٩.
٤٦. یوسف عیزەدین، ماجەراکانی سەلمانی فارسی، چ١، لە بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٩.

- **ساڵی (٢٠١٠)**

٤٧. بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم، چ١، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٠.
٤٨. ڕێواس ئەحمەد، گوڵچیای ڕۆحەکان، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠.
٤٩. سەربەست خوسرەو عارف، پەیامی خواکان، کتێبی دووەم، چ١، ٢٠١٠.
٥٠. سەڵاح عومەر، وێنەیەک بەسەر ئاوەوە، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ، ٢٠١٠.
٥١. عەبدوڵا سەڕاج، ئەفسانەی ڕەنگستان یا ڕەنگستانی ئەفسانە، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١٠.
٥٢. عەبدولکەریم فەتاح، حیکمەتی پیران، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠.
٥٣. فەرهاد پیرباڵ، هوتێل ئەوروپا، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.
٥٤. نەجات نوری، سفرەی کاغەز یا گەمەی پیاوێک، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

# سەرچاوەکان

## ـ یەکەم: بە زمانی کوردی:

### - ڕۆمان:


١. بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، چ١، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، سلێمانی، ٢٠١٠.

٢. حسام بەرزنجی، گۆڕە درەوشاوەکان، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣. ڕێواس ئەحمەد، ژن، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٥.

٤. سەدرەدین محێدین کەڵوڕیی، سنورداشێک لە بیابان، چ١، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٥. عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە دوارۆژەکانی ژیانی باڵندەیەکی کۆچەر، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٦. محمد رشید فەتاح، ساباتێک لە مێژەڵۆک، چ١، چاپەمەنی سایە، سلێمانی، ٢٠٠٩.


### - کتێب:


٧. ئەفلاتوون، سەرجەم بەرهەمەکانی ئەفلاتوون، وەرگێڕانی: عیمران هاواری، ب١، چ١، بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،٢٠١١.

٨. پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.


## ـ دووەم: بە زمانی عەرەبی:

### - کتێب:


٩. أ. أ. مندلاو، الزمن والرواية، ترجمة: بكر عباس، دار صادر، بيروت، ١٩٩٧.

١٠. إبراهيم السعافين، تحولات السرد "دراسات في الرواية العربية"، ط١، دارالشرق، عمان ،١٩٩٦.

١١. إبراهيم جنداري(د.)، الفضاء الروائي في أدب جبرا إبراهيم جبرا، ط١، دار تموز للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا، ٢٠١٣.

١٢. ابن منظور، لسان عرب، ط١، دار صادر، بيروت،١٩٩٧.

١٣. أحمد أمين، زكي نجيب محمود، قصة الفلسفة اليونانية، ط٢، مطبعة دارالكتب المصرية، القاهرة، ١٩٣٥.
١٤. احمد بن فارس بن زكريا ابو الحسين، معجم مقاييس اللغة، تحقيق: د.عبدالسلام هارون، ط١، المجلد٤، دار الجيل، بيروت، ١٩٩١.
١٥. أحمد فؤاد الأهواني(د.)، فجرالفلسفة اليونانية قبل سقراط، ط١، دار إحياء الكتب العربية عيسى البابي الحلبي وشركاه، سوريا، ١٩٥٤.
١٦. احمد مختار عمر، اللغة واللون، ط٢، عالم الكتب للنشر والتوزيع والطباعة، الرياض، ١٩٩٧.
١٧. احمد مرشد، البنية والدلالة في روايات ابراهيم نصرالله، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، لبنان، دار الفارس للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٥.
١٨. الأزهر الزناد، نظريات لسانية عرفنية، الدار العربية للعلوم ناشروان، منشورات الاختلاف، بيروت، ٢٠١٠.
١٩. اسماء شاهين، جماليات المكان في روايات جبرا ابراهيم جبرا، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط١، بيروت، لبنان، دار القارىء للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠١.
٢٠. اعتدال عثمان، إضاءة النص، ط١، دار الحداثة، للطباعةو النشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ١٩٨٨.
٢١. القديس أغستينوس، أعترافات ، ترجمة: إبراهيم الغربي، المجمع التونسي للعلوم وآلاداب والفنون "بيت الحكمة"، تونس، ٢٠١٢.
٢٢. أفلاطون، طيماوس، ضمن مجموعة محاورات أفلاطون، ترجمة: شوقي تمراز، الأهلية للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٤.
٢٣. أمبرتو إيكو، ٦ نزهات في غابة السرد، ترجمة: سعيد بنكراد، ط١، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٥.
٢٤. امنة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، ط١، دار الحوار للنشر والتوزيع، سوريا، ١٩٩٧.
٢٥. أميل برهييه، تاريخ الفلسفة، الفلسفة اليونانية، ترجمة: جورج طرابيشي، ج١، ط١، دارالطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٢.
٢٦. أوريدة عبود، المكان في القصة القصيرة الجزائرية الثورية "دراسة بنيوية لنفوس ثائرة"، دار الأمل للطباعة والنشر والتوزيع، الجزائر، ٢٠٠٩.
٢٧. بسام قطوس، سيمياء العنوان، ط١، وزارة الثقافة، عمان، الأردن، ٢٠٠١.
٢٨. بن أبي بكر الرازي، مختار الصحاح، ضبط: مصطفى ديب، ط٤، دار الهدى، بيروت، ١٩٩٠.
٢٩. بول ريكور، نظرية التأويل، الخطاب وفائض المعنى، ترجمة: سعيد الغانمي، ط٢، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، ٢٠٠٦.
٣٠. بول كوديرك، النسبية، ترجمة: مصطفى الرقى، ط١، منشورات عويدات، بيروت- لبنان،١٩٧١.

٣١. بيرسى لوبوك، صنعة الرواية، ترجمة: عبدالستار جواد، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١.
٣٢. تزفيطان تودوروف، مفاهيم سردية، ترجمة: عبدالرحمان مزيان، ط١، منشورات الاختلاف، الجزائر، ٢٠٠٥.
٣٣. تزفيطان طودوروف، الشعرية، ترجمة: شكري المبخوت و رجاء بن سلامة، دار توبقال للنشر، دار البيضاء – المغرب، الطبعة الثانية، ١٩٩٠.
٣٤. توماشفسكى و آخرون، نظرية المنهج الشكلي "نصوص الشكلانيين الروس"، ترجمة: إبراهيم الخطيب، ط١، الشركة المغربية للناشرين المتحدين، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، لبنان، ١٩٨٢.
٣٥. جميل حمداوي،. سيميوطيقا العنوان، ط١، ٢٠١٥.
٣٦. جميل صليبا، المعجم الفلسفي، ط٣، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٧٣.
٣٧. جوزيف إ. كيسنر، شعرية الفضاء الروائي، ترجمة: لحسن احمامة، إفريقيا الشرق، الدارالبيضاء، بيروت، ٢٠٠٣.
٣٨. جوزيف كورتيس، مدخل إلى السيميائية السردية والخطابية، ترجمة: د.جمال الحضري، ط١، منشورات الاختلاف، دار العربية للعلوم الناشرين، بيروت، لبنان، ٢٠٠٧.
٣٩. جون لوك، من فلاسفة الانجليز في العصر الحديث، فاروق عبدالمعطي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت،١٩٩٣.
٤٠. جيرار جنيت و اخرون، نظرية السرد من وجهة النظر إلى التبئير، ترجمة: ناجي مصطفى، ط١، منشورات الحوار الأكاديمي والجامعي، ١٩٨٩.
٤١. جيرار جنيت وآخرون، الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالرحيم حزل، أفريقيا الشرق، بيروت، لبنان،٢٠٠٢.
٤٢. جيرار جنيت، خطاب الحكاية، ترجمة: محمد معتصم و اخرون، ط٢، المشروع القومة للترجمة، ٢٠٠٠.
٤٣. حسن بحراوي، بنية الشكل الروائي "الفضاء– الزمن– الشخصية"، ط١، المركز الثقافي العربي، بيروت،١٩٩٠.
٤٤. حسن مجيد الربيعي، نظرية المكان في فلسفة ابن سينا، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد،١٩٨٧.
٤٥. حسن نجمي، شعرية الفضاء "المتخيل والهوية في الرواية العربية"، ط١، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، بيروت،٢٠٠٠.
٤٦. حسين حرب، الفكر اليوناني قبل الافلاطون، سلسلة الفكر اليوناني، دار الفارابي، بيروت، ١٩٧٩.
٤٧. حميد لحمداني، بنية النص السردي "من منظور النقد الأدبي"، ط٣، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، بيروت، ٢٠٠٦.

٤٨. حنان محمد موسى حمودة، الزمكانية وبنية الشعر المعاصر، ط١، عالم الكتب الحديث، الأردن ، ٢٠٠٦.
٤٩. ذويبي خثير الزبير، سيمولوجيا النص السردي، ط١، رابطة أهل القلم، سطيف، الجزائر، ٢٠٠٦.
٥٠. رولان بارت و جيرار جنيت، من البنيوية إلى الشعرية، ترجمة: د. غسان السيد، ط١، دار النينوى للدراسات والنشر والتوزيع، سوريا، ٢٠٠١.
٥١. رولان بارت، المغامرة السيمولوجية، ترجمة: عبدالرحيم حزل، ط١، تينمل للطباعة والنشر، مراكش-المغرب، ١٩٩٣.
٥٢. رولان بارت، س\ز، ترجمة: محمد بن الرأفه البكري، ط١، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، لبنان، ٢٠١٦.
٥٣. رينيه ديكارت، التأملات في الفلسفة الأولى، ترجمة: د.عثمان أمين، المركز القومي للترجمة، القاهرة،٢٠٠٩.
٥٤. زهيرالجبوري، ياسين النصير"المكانية في الفكروالفلسفة والنقد"، دارنينوى للدراسات والنشر والتوزيع، سوريا، ٢٠٠٨.
٥٥. سعيد بنكراد، مدخل إلى السيميائيات السردية، ط١، دار تينمل، مراكش،١٩٩٤.
٥٦. سعيد علوش، معجم الصطلحات الأدبية المعاصرة، ط١، دار الكتاب اللبناني، شوسبريس، لبنان-الدار البيضاء، ١٩٨٥.
٥٧. سعيد يقطين، السرديات والتحليل السردي "الشكل والدلالة"، ط١، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، ٢٠١٢.
٥٨. سعيد يقطين، انفتاح النص الروائي "النص والسياق"، ط٣، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٦.
٥٩. سعيد يقطين، تحليل الخطاب الروائي "الزمن، السرد، التبئير"، ط٣، المركزالثقافي العربي، بيروت ،١٩٩٧.
٦٠. سعيد يقطين، قال الراوي "البنيات الحكائية في السيرة الشعبية"، ط١، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، بيروت، ١٩٩٧.
٦١. سلمان قاصد، عالم النص "دراسة بنوية في الأدب القصصي فؤاد التكرلي أنموذجا"، ط١، دار الكندي للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٣.
٦٢. سمر روحي الفيصل، الرواية العربية "البناء والرؤيا"، مقاربات النقدية، ط١، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، سوريا، ٢٠٠٣.
٦٣. سيزا أحمد قاسم، القارىء والنص (العلامة والدلالة)، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٢.

٦٤. سيزا أحمد قاسم، بناء الرواية "دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ"، ط١، دار التنوير، بيروت، ١٩٧٥.
٦٥. شاكر النابلسي، مداد الصحراء "دراسة في ادب عبدالرحمان منيف"، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، لبنان،١٩٩١.
٦٦. شريف الجيار، التداخل الثقافي في سرديات احسان عبدالقدوس، شركة الآنماء للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠٠٤.
٦٧. الشريف حبيلة، بنية الخطاب الروائي "دراسة في الروايات نجيب الكيلاني"، ط١، عالم الكتب، الأردن، ٢٠١٠.
٦٨. شكري السعدي(د.)، قضايا الحدث في اللسانيات وفلسفة اللغة، ط١، الدار التونسية للكتاب، تونس، ٢٠١٦.
٦٩. صالح ابراهيم، الفضاء ولعبة السرد في روايات عبدالرحمان منيف، ط١، المركز الثقافي العربي، بيروت، لبنان، الدار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٣.
٧٠. صالح ولعة، المكان ودلالته في رواية مدن الملح لعبدالرحمان منيف، عالم الكتب الحديث للنشروالتوزيع، الأردن، ٢٠١٠.
٧١. طالب ناهي الخفاجي(د.)، النسبية بين نيوتن وانشتاين، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٨.
٧٢. طاهر عبدالمسلم، عبقرية الصورة والمكان "التعبير، التأويل، النقد"، ط١، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢.
٧٣. طاهر محمد هراع الزواهرة، اللون ودلالته في الشعر "الشعر الأردني أنموذجا"، ط١، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٨.
٧٤. عاطف جودة نصر(د.)، الخيال (مفهوماته ووظائفه)، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة،١٩٨٤.
٧٥. عائشة بنت يحيى الحكمي، تعالق الرواية مع السيرة الذاتية "الإبداع السردي السعودي أنموذجا"، ط١، الدار الثقافية للنشر، القاهرة، ٢٠٠٦.
٧٦. عبد الحق بلعابد، عتبات النص، ط١، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الجزائر- لبنان، ٢٠٠٨.
٧٧. عبدالرحيم الكردي، الراوي والنص القصصي، ط١، مكتبة الآداب، القاهرة، ٢٠٠٦.
٧٨. عبدالعزيز شيبل، الفن الروائي عند غادة السمان، ط١، دار المعارف للطباعة والنشر، سوسة، تونس،١٩٧٨.
٧٩. عبدالكريم الجبوري، الابداع في الكتابة الروائية، ط١، دار الطليعة الجديدة، سوريا، ٢٠٠١.
٨٠. عبدالله إبراهيم، المتخيل السردي "مقاربات نقدية في التناص والرؤى والدلالة"، ط١، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، المغرب، ١٩٩١.

٨١. عبدالمجيد نوسي، التحليل السيميائي للخطاب الروائي "البنيات الخطابة- التركيب- الدلالة"، ط١، شركة النصر والتوزيع والمدارس، الدار البيضاء، ٢٠٠٢.
٨٢. عبدالملك مرتاض، تحليل الخطاب السردي "معالجة تفكيكية سيميائية مركبة لزقاق المدق"، ديوان المطبوعات الجامعيـة، الجزائـر، ١٩٩٥.
٨٣. عبدالملك مرتاض، في نظرية الرواية "بحث في تقنيات السرد"، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، ١٩٩٨.
٨٤. عبدالمنعم زكريا القاضي، البنية السردية في الرواية، ط١، عين الدراسات والبحوث الإنسانية والاجتماعية، القاهرة، مصر، ٢٠٠٩.
٨٥. عبدالواحد المرابط، السيمياء العامة وسيمياء الأدب (من أجل ترجمة صور شامل)، ط١، الدار العربية للعلوم ناشرون- منشورات الاختلاف، دار الأمان، ، لبنان – الجزائر، الرباط، ٢٠١٠.
٨٦. على سامي النشار وآخرون(د.)، هيراقليطس فيلسوف التغير وأثره في الفكر الفلسفي، ط١، دارالمعارف، القاهرة، ١٩٦٩.
٨٧. عما نوئيل كنط، نقد العقل المحض، ترجمة: موسى وهبة، مركز الانهاء القومي، لبنان، ١٩٨٨.
٨٨. عمر عاشور، البنية السردية عند الطيب الصالح "البنية الزمنية والمكانية في موسم الهجرة الى الشمال"، دار هومة للنشر والطباعة والتوزيع، الجزائر،٢٠١٠.
٨٩. عمر محمد عبدالواحد، شعرية السرد "تحليل الخطاب السردي في مقالات الحريري"، ط١، دارالهدى للنشر والتوزيع، مصر،٢٠٠٣.
٩٠. غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة: غالب هلسا، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٧.
٩١. غاستون باشلار، حدس اللحظة، ترجمة: رضا عزوز و عبدالعزيز زمزم، دار التونسية للنشر، تونس، ١٩٨٦.
٩٢. غالب هلسا، المكان في الرواية العربية، مجموعة من الباحثين، ط١، دار رشد للطباعة والنشر، لبنان،١٩٨١.
٩٣. غوتفريد فيلهلم ليبنتز، المونادولوجيا، ترجمة: ألبير نصري نادر، ط١، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠١٥.
٩٤. ف. شكلوفسكى، بناء القصة القصيرة والرواية، نظرية النمهج الشكلي (نصوص الشكلانيين الروس)، ترجمة: إبراهيم الخطيب، ط١، الشركة المغربية للناشرين المتحدين، دار المثلث، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، لبنان، ١٩٨٢.
٩٥. فلاديمير بروب، مورفولوجيا الحكاية الخرافية، ت: أبوبكر أحمد باقادار و أحمد عبدالرحيم نصر، ط١، نادي الأدبي الثقافي، جدة، ١٩٨٩.

٩٦. فلاديمير كريزنسكي و آخرون، طرائق تحليل السرد الأدبي، ترجمة: عبدالحميد عقار واخرون، ط١، منشورات اتحاد كتاب المغرب، الرباط، ١٩٩٢.
٩٧. الفيروز آبادي، القاموس المحيط، ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٧.
٩٨. قادة عقاق، دلالة المدينة في الخطاب الشعري المعاصر"دراسة في إشكالية التلقي الجمالي للمكان"، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١.
٩٩. لطيف زيتوني(د)، معجم المصطلحات نقد الرواية، ط١، مكتبة لبنان ناشرون، دار النهار للنشر، بيروت، لبنان، ٢٠٠٢.
١٠٠. مارتن هايدغر، نقد العقل الميتافيزيقي، ترجمة: د.علي الحبيب الفريوي، ط١، دارالفارابي، بيروت، لبنان، ٢٠٠٨.
١٠١. ماري إلياس، حنان قصاب حسين، المعجم المسرحي "مفاهيم ومصطلحات المسرح وفنون العرض"، ط١، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت، لبنان، ١٩٩٧.
١٠٢. محمد الماكري، الشكل والخطاب، ١، المركز الثقافي، العربي، بيروت، ١٩٩١.
١٠٣. محمد الناصر العجيمي، في الخطاب السردي "نظرية قريماس"، دار العربية للكتاب، تونس، ١٩٩١.
١٠٤. محمد برادة، الرواية العربية واقع وأفاق، دار ابن الرشد للطباعة والنشر، بيروت، لبنان، ١٩٨١.
١٠٥. محمد بن أبي بكر الرازي، مختار الصحاح، ضبط: مصطفى ديب، ط٤، دار الهدى، بيروت،١٩٩٠.
١٠٦. محمد سالم سعدالله، أطياف النص "دراسات في النقد الإسلامي المعاصر"، ط١، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، إربد، الأردن، حدارا للكتاب العالمي للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٨.
١٠٧. محمد عبدالرحمن مرحبا(د.)، اينشتين والنظرية النسبية، ط١، منشورات مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٨٢.
١٠٨. محمد عزام، تحليل الخطاب الادبي "على ضوء المناهج النقدية الحداثية"، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣.
١٠٩. محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥.
١١٠. محمد مرتضى الزبيدي، تاج العروس في جواهر القاموس، مج١، منشورات دارمكتبة الحياة، بيروت، ب.ت.
١١١. مراد عبدالرحمان مبروك، جيوبولوتيكا النص الأدبي "تضاريس الفضاء الروائي نموذجا"، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، الاسكندرية، ٢٠٠١.
١١٢. مصطفى غالب، أرسطو، دار مكتبة الهلال، بيروت، ١٩٨٨.
١١٣. المنجد في اللغة والأعلام، دار المشرق، بيروت، ط٤٠، ٢٠٠٣.
١١٤. منصور نعمان نجم الدليمي، المكان في النص المسرحي، ط١، دارالكندي للنشروالتوزيع، الأردن، ١٩٩٩.

١١٥. منيب محمد البوريمي، الفضاء الروائي "في الغربة" الأطار والدلالة، دار الشؤون الثقافية العامة، دار النشر المغربية، بغداد، ب.ت.

١١٦. ميجان الرويلي و سعد البازع ، دليل الناقد الادبي، المركز الثقافي العربي، ط٤، بيروت، لبنان، الدار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٥.

١١٧. ميساء سليمان الإبراهيم، البنية السردية في كتاب الإمتاع والمؤانسة، ط١، منشورات الهيئة السورية للكتاب، دمشق، ٢٠١٢.

١١٨. ميشال بوتور، بحوث في الرواية الجديدة، ترجمة: فريد أنطونيوس، منشورات عويدات، بيروت، ١٩٧١.

١١٩. ميشلين سوفاج، برميندس، ترجمة: د. بشارة صارجي، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، لبنان،١٩٨١.

١٢٠. هانز مايرهوف، الزمن في الآدب، ترجمة: د. أسعد عبدالرزاق، ط١، مؤسسة سجل العرب، القاهرة،١٩٧٢.

١٢١. هنري برغسون، الاعمال الفلسفية الكاملة، ترجمة: سامي الدروبي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٧.

١٢٢. ياسين النصير، الرواية والمكان، دراسة في فن الرواية العراقية، الموسوعة الصغيرة ٥٧، منشورات وزارة الثقافة والأعلام، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.

١٢٣. يحيى هويدي(د.)، دراسات في الفلسفة الحديثة والمعاصرة، دارالثقافة للطباعةوالنشر، القاهرة،١٩٨١.

١٢٤. يوري لوتمان وآخرون، جماليات المكان، ط٢، الدار البيضاء، ١٩٨٨.

١٢٥. يوسف حطينى، مكونات السرد في الرواية الفسطينية، منشورات اتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٩.

١٢٦. يوسف كرم، تاريخ الفلسفة اليونانية، ط١، دار القلم للطباعة والنشروالتوزيع، لبنان، ١٩٩٠.

**- گۆڤار:**

١٢٧. أحمد زياد محبك، جماليات المكان في الرواية، مجلة الفيصل الثقافية، الرياض، العدد (٢٨٦)، يوليو/أغسطس ٢٠٠٠.

١٢٨. عبدالله ابو هيف، جماليات المكان في النقد العربي المعاصر، مجلة جامعة تشرين للدراسات والبحوث العلمية، سلسلة آلاداب والعلوم الانسانية، مجلد٢٧، عدد١، ٢٠٠٥.

١٢٩. سيد محمد غنيم(د.)، مفهوم الزمن عند الطفل، مجلة عالم الفكر، المجلد الثامن، العدد الثاني، ١٩٧٧.

١٣٠. صبري حافظ، قراءة في رواية حديثة، مجلة فصول، ج٢، مجلد٤، عدد٤، ١٩٨٤.

- دیدار و کۆنفراس:

١٣١. رشيد بلعيقة، أعمال الملتقى الوطني الثاني في الأدب الجزائري "بين خطاب الأزمة ووعي الكتابة"، يومي ١٦\١٧ مارس، ٢٠٠٩.

- نامەی زانکۆیی:

- بە زمانی کوردی:

١٣٢. مصطفى محمد کەریم زەنگەنە، ڕەنگی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠١.

- بە زمانی عەرەبی:

١٣٣. محمد السعيد عبدلي، البنية الموضوعاتية في عوالم نجمة لكاتب ياسين، أطروحة دكتوراه، جامعة الجزائر، كلية الآداب واللغات، قسم اللغة العربية وآدابها، الجزائر،٢٠٠٣.

١٣٤. الطاهر روابنية، سرديات الخطاب الروائي المغاربي الجديد، مقاربة نصية نظرية تطبيقية في آليات المحكي الروائي، أطروحة دكتوراه دولة، معهد اللغة العربية وآدابها، جامعة الجزائر، ٢٠٠٠.

١٣٥. سعيدي عبدالفتاح، مفهوم الزمان بين برغسون واينشتاين، رسالة ماجستير،جامعة الإخوة منتوري كلية العلوم الإنسانية والعلوم الاجتماعية، قسم الفلسفة، قسنطينية، ٢٠٠٧.

- چاوپێکەوتن:

١٣٦. پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ڕۆماننوس (حسام بەرزنجی) ڕۆژی سێشەم لە ٢٠٢٠/٨/١١ کاتژمێر (١)ی دوای نیوەڕۆ.

- سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:

- کتێب:

137. Adolf Grubaum, Philosophical problems of Space and Time, second edition, D. Reidel publishing Company, Dordrecht – Holland, Boston, U.S.A., 1973.

138. Edward S. Casey, The Fate of Place, University of California Press,U.S.A., 1997.

139. Emil Borel ,Space and Time, Dover Publications, INC,New York, 1926.

140. Georges Poulet, Proustian Space, translated by: Elliott Coleman, John Hopkinns University press, 1977.

141. Hans Reichenbach,The Philosophy of Space and Time,Translated by: Maria Reichenbach and John Freund, New YORK, 1958.

142. Henri Lefebvre ,State, space,world: selected essays,Translated by: Gerald Moore, Minneapolis, University of Minnesota press, 2009.
143. Hermann Minkowski, Space and Time, Translated by: Fritz Lewertoff and Vesselin Petkov, Minkowski Institute Press, Canada, 2012.
144. John Andrew Simpson, The Oxford English dictionary, Clarendon press, edition 2, 2008.
145. Joseph Frank,The Idea of Spatial Form,Rutgers University press, New Brunswick and London, 1991.
146. M.Heidegger,Being and Time, translated by: John Macqyarrie and Edward Robinson, First English edition, Blackwell, Publishers Ltd, UK, 1962.
147. Max Jammer, concepts of space: the history of Theories of space in Physics, Cambridge, Mass: Harvard University Press, 1969.
148. Nelson Goodman, The structure of appearance, third edition, D. Reidel publishing Company, Dordrecht – Holland, Boston, U.S.A., 1977.

- چوارەم: بە زمانی فەرەنسی:

149. Gerard Genette, Figure1, Edition du seuil, Paris, 1966.
150. Larousse, VVE, France, 2001.

- سایتی ئەلیکترۆنی:

151. www.etymonline.com/EtymologyDictionary.
152. https://carlgibranarticles.blogspot.com/2018/08/blog-post_17.html.

## الملخص

يعد الفضاء أحد الأسس التي تقوم عليها الرواية، ويقع عليه الثقل الأكبر، لأن الفضاء يضعنا في جو الرواية ويجعلنا في لهفة نطلب معرفة الأحداث وطبيعة شخصيات الرواية ومزاجها، وماذا حل بهم، ونتطلع إلى الخواتيم، وأيضا نحس بجمالية الحكاية، ومع أن ظهور الفضاء يبدو حديثا في الدراسات الأدبية، و يرجع ذلك إلى أن النقد والأدب كانا مهتمين بالعناصر الروائية الأخرى مثل الأبعاد الأيديولوجية للنصوص الروائية، والزمن، والأثر، والحوار، والحدث، ...، ولذلك فان الأبحاث المتعلقة بالفضاء أبحاث جديدة لأسباب تتعلق بأهمية الموضوع، وقلة الدراسات في هذا المجال، ويعد أطروحتنا هذا الموسوم: **الفضاء في الرواية الكردية "الكرمانجية الجنوبية (٢٠٠٥- ٢٠١٠)"**،مخصصا لهذا الموضوع.

تتألف الأطروحة من أربعة الفصول: الفصل الأول وهو القسم النظري يحمل عنوان (مقدمة فيما يتعلق بفضاء الرواية)، تحدثنا فيه عن: لفظ الفضاء، مصطلح فلسفة الفضاء عند الميلنيين حتى القرن السادس عشر، وبعد ذلك مصطلح الفضاء في الرواية، ثم تحدثنا عن الموازنة بين الزمن والفضاء، وتحدثنا عن نقاط الاختلاف بين الفضاء والمكان والمساحة.

الفصل الثاني بعنوان (الفضاء مناظرا للمكان أو الفضاء الجغرافي في الرواية الكردية)، الذي هو الفصل العملي، بعدما تحدثنا عن الفضاء مناظرا للمكان أو الفضاء الجغرافي، تحدثنا فيه عن عدة أنواع من الفضاء الحكائي بين الأضداد، من نحو: الفضاء الثابت والمتحرك والفضاء المألوف والغريب، والفضاء المفتوح والمغلق، والفضاء المأهول والخالي على حسب الأمثلة في الروايات التي تم العمل عليها .

وتحدثنا في الفصل الثالث، الذي هو الفصل العملي أيضا، يحمل عنوان: (الفضاء النصي في الرواية الكردية)، تحدثنا في بداية هذا الفصل عن فضاء النص، ثم تحدثنا عن نوعي الفضاء اللذين يحددان فضاء النص وهما: فضاء الطباعة، وفضاء الكتابة، تحدثنا في فضاء الطباعة عن: الغلاف، العنوان، تنظيم الأقسام، المقدمة، الإهداء)، و تحدثنا في الفضاء المكتوب عن: (تقسيم مراحل الكتابة على الورقة، وفي فضاء الكتابة تحدثنا عن: (توزيع البياض والسواد على الورقة، نوع الكتابة). أما الفصل الرابع بعنوان (فضاء الرؤية في الرواية الكردية)، أيضا فصل العملي، تحدثنا فيه عن فضاء الرؤية والراوي ثم تحدثنا عن أنواع فضاء الرؤية والتي تتألف من فضاء الرؤية القريبة للأشياء وفضاء الرؤية البعيدة للأشياء، وفضاء الرؤية المتناظرة للأشياء على حسب الاستناد إلى الروايات التي تم العمل عليها.

وفي الخاتمة تم عرض أبرز النتائج التي توصل إليها البحث.

# Summary

Space is one of the major components which novels are built on. Its importance is to the extent that holds the value of the novel because it involves us in its atmosphere and makes us to follow the events, nature, mood of characters and their fate eagerly and expect the endings, feel the sense of nice narration, as well. Beside of this, its appearance in literary researches is new, thus, the researchers and critics focused on the importance and concentrated on other elements such as; ideological aspects of novel transcripts, time, characters, discussions and events, etc. Because of this, the researches that relate with space in novels are new. Due to the importance of the topic and limited number of researches in this field, this research holds the title "**Space in Kurdish novels in Southern dialect from (2005-2010)**".

This research consists of four parts. In the first section which is a theoretical part titles as "An introduction about space in novel" which investigates: the term of space, the philosophical terminology of space by Milliuns until 16th century and forward, space terminology in novel, then a balance between time and space has been argued. After that, a distinction has been done between space, location and area.

The second part which is a practical section, as well, entitled (Space as equivalent of location or geographical space in Kurdish novels). After discussing geographical space or space as equivalent of location, these topics narration space between antis, like space of fixed and moveable, space of common and strange, space of openness and closeness, lively space with quiet space as a sample of novels that has been worked on.

The third part is a practical one entitled of (space of quotes in Kurdish novels). From the very beginning an explanation has been done for space of quotes then discusses the two types of quotes that produces space of quotes, which are: space of printing and space of writing. In space of printing, these topics are clarified: (cover, address, organizing sections, introduction and dedication). In writing space, the discussed topics are dividing the white and dark side on the page, quantity of writing.

The fourth part entitled (space of visual in Kurdish novels) is a practical part, and space of visual and narrator are argued. Then, the researcher discussed types of space visual which includes: space of visual objects from far and near, space of visual the balance of objects that depends on the novels that the researcher explained here.

At the end, the most important findings as a result of this research are presented.